حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان / بەشی کوردی

# تێم لە کورتە چیرۆکی کوردیدا
# ساڵانی (١٩٩١ – ٢٠٠٠ ) ز

نامەیەکە

دڵان عثمان عبدالکریم

پێشکەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان / سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردییدا .

سەرپەرشت :

پ . د . محەمەد دلێر ئەمین

( ٢٧١٣ ) ی کوردی

( ٢٠١٤ ) ی زایینی

ئەم نامەیە ( تێم لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ( ١٩٩١ – ٢٠٠٠ ) ) بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانیی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی مـــاجستێر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ . د. محەمەد دلێر أمین محمد

ڕۆژ: / / ٢٠١٤

بە پێی ئەو پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

ڕۆژ: / / ٢٠١٤

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتووێژ و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێنکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە ، بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.**

**ناو: پ.ی.د.طاهر محمد علی**
**ئەندام**
**ڕۆژ:    /    / ٢٠١٤**

**ناو: پ .د. دڵشاد علی محمد**
**سەرۆکی لیژنە**
**ڕۆژ:    /    / ٢٠١٤**

**ناو: د. حمە نوری عمر کاکی**
**ئەندام**
**ڕۆژ:    /    /٢٠١٤**

**ناو: پ . د. محەمەد دلێر أمین محمد**
**ئەندام و سەرپەرشتیار**
**ڕۆژ:    /    / ٢٠١٤**

**لە لایەن ئەنجومەنی کۆلیژی زمانەوە پەسەندکرا.**

**ناو:**
**ڕاگری سکوڵی زمان**
**ڕۆژ:    /    / ٢٠١٤**

**ئەڤ نامە ئەگەر خراپە گەر قنج**
**کێشایە دگەل وێ مە دوسەد رەنج**

(ئەحمەدی خانی)

# پێشەکی

# پێشەکی

ژانرە ئەدەبییەکان بە هەموو ڕەنگ و شێوەکانیانەوە بە تایبەت ( چیرۆك ) زۆر لێکۆڵێنەوە لە بارەی بونیاد و پێکهاتەکانیانەوە کراوە ، ئێمەش لەم کارەی خۆماندا باس لە لایەنێکی بونیادی کورتە چیرۆك دەکەین کە جێی بایەخ و گرنگی پێدانە ئەوەش ( تێم )ە ، ئەمە جگە لەوەی کە تەواوی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کورتە چیرۆك پەیوەندییەکی توند و پتەویان لەگەڵ ( تێم )دا هەیە ، کاری ئەم لێکۆڵێنەوەیەش لە ساتی ڕۆشناییدا تیشکمان خستووەتە سەر ڕەگەزی تێم لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ، سنووری لێکۆڵێنەوەکەش باشووری کوردستان دەگرێتەوە لە قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕین ، کە لە دەمی بەرەبەیانی مێژوویەك جیاواز لـە پێش خۆی کە هەڵگـری تایبەتـمەندییە ، بە ناونیشانی ( تێم لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ( ١٩٩١ — ٢٠٠٠ ) ) بە سوود وەرگرتن و کارکردن لە کورتە چیرۆکەکانی هەردوو شێوەزاری ( کرمانجی خواروو ، کرمانجی ژووروو ) ، کە قۆناغ و سەردەمێکی نوێ یە لە مێژووی کورتە چیرۆکی کوردیدا ، کە چۆن ڕاپەڕینی جەماوەری ڕوویدا ، هەروەها ڕاپەڕینی (وشە)ش خەمی گەورەی چیرۆکنووسان بوو ، کە قۆناغ و سەردەمەکە دەیخواست ، توێژەریش هەموو ئەو کورتە چیرۆکانەی وەرنەگرتووە کە لە تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە ، بەڵکو تەنیا ئەوانە وەرگیراون کە گوزارشت لە سەردەمەکە دەکەن ، بەو هۆیەی نەمانویستووە کارەکەمان تەنیا ژماردنی کورتە چیرۆکەکان بێت ، واتە تەنیا نموونە دیارەکانی ئەو قۆناغە وەرگیراون ئەو نموونانەش کە بەکارهاتوون تیایاندا سیما و خەسڵەتی ئەو دەیەیەی تێدا نیشان دەدرێت ، کە ئازادی نووسین باڵی بەسەر چیرۆکنووساندا کێشابوو .

هۆی هەڵبژاردنی بابەتی نامەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەبەر دەستە کارێکی نوێ یە لە ئەدەبی کوردیدا ، بەوەی پێشتر کارێکی ئەکادیمی وا لە بارەی ( تێم ) ئەنجام نەدراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی زانستی کارکراوە ، هەروەك ئاشکرایە بەردەوام کار لەسەر ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی چیرۆك دەکرێت ، بەڵام هەرچەند کار بکرێت کەلێن هەر جێ دەمێنێت ، جا هەوڵی توێژەری ئەمرۆ ئەوەیە کە ئەو کەلێنانە لە ئەدەبی کوردیدا پڕبکاتەوە ، توێژەریش بەهەستکردن بەو لێپرسراوێتییە کە بووبووە هۆی سەرەکی و پاڵنەری بەهێز بۆ دەستخستنەسەر ئەو ڕەگەزە گرنگەی کورتە چیرۆك، بەو هۆیە توێژینەوەکەی ئەنجام داوە ، بە تایبەت ئەو قۆناغە کە لە ڕووی بارودۆخە سیاسییەکەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە هەروەها کاریگەری لەسەر ئەدەبیش هەبووە بە تایبەتیش کورتە چیرۆك و ویستوومانە بزانین ساڵانی دوای ڕاپەڕین چی گوزەراوە و چ نوێکارییەك بە تێم و بیرۆکەی چیرۆکنووسانەوە دەرکەوتووە ؟!

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە :

ڕووبەڕووبوونەوە و هەنگاونان بۆ کردنی کارێك بێ گرفت نییە بۆ هەموو توێژەرێك بە گشتی ، بەڵام ئارەزووکردن بۆ خۆ ماندووکردن گرنگە بۆ ئامانجێکی پیرۆز ، بەڵام گرفت تا گرفت بۆ هەر توێژەرێك جیاوازە . بە زەحمەت دەستخستنی سەرچاوەی پێویست بۆ یەکلایی کردنەوەی زاراوە و چەمکی ( تێم ) لەسەرەتاوە گرفتی بۆ دروست کردین بەوەی لە بەرامبەر (تێم) زاراوەیەك دانەنراوە کە مەبەستەکە بپێکێت، بەتایبەت لەوەرگێڕانی سەرچاوە عەرەبییەکاندا لەگەڵ ئەوانەشدا وا بە باش زانرا لەم لێکۆڵینەوەیەدا زاراوەکە وەك خۆی بەکاربهێنرێتەوە ، دیارە گرفتێکی دیکە ئەوەیە تا ئێستا وەك ڕەگەزێکی گرنگی کورتە چیرۆك کار لەسەر (تێم) نەکراوە ، هەربۆیە ئەم کارەی ئێمە سەرەتایە و هەمووکارێکیش لەسەرەتاوە بێ گرفت و کەموکوڕی نابێت و ماندووبوونی زۆری دەوێت بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست بە تایبەت بە زمانی نووسینی نامەکە .

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە میتۆدی مێژوویی و شیکاری تێدا پەیڕەو کراوە ، بە گەڕانەوەمان بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی کورتە چیرۆکەکان لە ڕابردوودا لە دەیەی دوای ڕاپەڕین ، هەروەها لە ناواخنی چیرۆکەکاندا بە میتۆدی شیکاری کارکراوە لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەوێدا نەوەستاوین ، بەڵکو بە گشتی کارمان لەسەر دەقی کورتە چیرۆکەکان کردووە .

## پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە :

لێکۆڵینەوەکەمان لە ( پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام ) پێکهاتووە ، بەشەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

بەشی یەکەم : لە دوو پار پێکهاتووە ، لە پاری یەکەمیدا هەوڵمانداوە لایەنی تیۆری (تێم) نیشان بدەین ، لەژێر ناونیشانی ( سەرەتایەك سەبارەت بە تێم ) وە لەوێوە چووینەتە نێو کرۆکی باسەکەوە و ئەو چەمك و زاراوانەمان خستووەتە ڕوو کە لەبەرامبەر وەرگێڕانی ( Theme )ی ئینگلیزی کراوە و دواتر پەیوەندی (تێم) نیشاندراوە بە زۆر بابەتی گرنگ لەوانە ( مۆتیڤ ، پلۆت ، ...) وە هەروەها ئاستەکان و جۆری (تێم) نیشاندراوە ، وە لە ڕێی وێنەیەکەوە توێژەر هەوڵی داوە سیفەتی (کاریگەر و کارتێکراو)ی تێم بخاتەڕوو.

پاری دووەمیش بە ناونیشانی ( بنەڕەتی مێژوویی زاراوەکە لە هونەری گێڕانەوە و کورتە چیرۆکدا ) گەڕاوینەتەوە بۆ باسکردن لە هەردوو فەیلەسوف( ئەفلاتون و ئەرستۆ) باسی زاراوەکەمان کردووە ، هەروەها باسمان لە تێمی کاری کورتە چیرۆك کردووە لە ئەدەبی ( ئەورووپی ،عەرەبی ، کوردی) دا .

بەشی دووهەم : لەم بەشەدا کاری لێکۆڵینەوەکە قوڵکراوەتەوە لەسەر لایەنی پراکتیکی بۆ دەقی کورتە چیرۆکەکان بە ناونیشانی ( پەیوەندی تێم بە شێواز و ڕەگەزەکانی کورتە چیرۆکی کوردی) ، تێیدا هەوڵدراوە (تێم) زەق بکرێتەوە لەسەر ڕەگەزەکانی دیکەی وەك ( ناونیشان ، دەستپێك ، کارەکتەر ، شوێن ، کات ) هەموو ئەوانەش بە وردەکاری تەواو و شرۆڤەکردنی ڕەگەزەکان بە پەیوەندییان لەگەڵ (تێم)دا .

بەشی سێهەم : ئەم بەشە بۆ دوو پار دابەشکراوە ، بە تایبەت لەلایەنی پراکتیکی کار کراوە بە ناونیشانی ( هونەری گێڕانەوە و جۆرەکانی تێم )ە ، پاری یەکەمی ئەم بەشە تێیدا پێگە و شوێنی گێڕەرەوە باسکراوە و ئاستەکانی گێڕانەوەش خراوەتەڕوو وە بە وردەکاری شێوازی هونەری گێڕانەوە هاتووە بە بەستنەوەی بە (تێم)ەوە .
پاری دووەمیشی شێوەکانی (تێم) و بابەت و تێمی کورتە چیرۆکی قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕین لەڕووی ناوەڕۆکەوە خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییانە .

لە کۆتایی هەر سێ بەشی نامەکەشدا ، بە چەند خاڵێك ئەنجامی باسەکە دیاریکراوە و دواتریش ئەو سەرچاوانە کە لە لێکۆڵینەوەکەدا سوودی لێوەرگیراوە خراوەتە ڕوو ، پاشان وەك لایەنێکی گرنگ پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو و لە کۆتاییشدا پاشکۆیەك بۆ چیرۆکەکان بە جیا ڕێکخراوە بە پێی ساڵی بڵاوکردنەوەیان لە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا .

بەهای لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکەم نامەی زانستییە بۆ تیشك خستنە سەر ( تێم )لە ئەدەبی کوردیدا لە کورتە چیرۆکی هەردوو شێوە دیالێکتی کرمانجی خواروو و کرمانجی ژووروو لە باشووری کوردستاندا ، کە بۆ نامەیەکی زانستی وەها هەوڵێکی گرنگە و جێی بایەخە لە ڕووی یەك زمانی و نەتەوەییەوە ، هەروەها دەکرێت توێژەرانی دیکە سوود لەم لێکۆڵینەوەیە وەربگرن ، وەك سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ بایەخ بە تایبەت لەلایەنی تیۆرییەوە ، کە پێشتر کاری لەم شێوەیە دەربارەی (تێم ) نەخراوەتە کتێبخانەی کوردییەوە ، هەروەها دەکرێت لەو لایەنەوە سوود لەم نامەیە وەربگیرێت کە ئاست و توانستی چیرۆکنووسانی کورد لە نووسینی ئەو بابەتانەی تێمی کارەکانیان نیشان دەدات ، کە چۆن توانیویانە گوزارشت بکەن لە سەردەم و قۆناغەکە .
هیوادارین لە دوای ئەم هەوڵەی ئێمە ، هەوڵی دیکە بەردەوامی توێژینەوەکەی ئێمە بێت ، تا بتوانین پێکەوە زیاتر خزمەتی دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کوردی بکەین .

# بەشی یەکەم

# سەرەتایەك سەبارەت بە تێم

## پاری یەکەم / زاراوە و چەمکی تێم

پێکهاتە وبونیادی چیرۆك بە گشتی گرنگە و جێی بایەخە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئەم بونیادەش (تێم)ە ، ئەم ڕەگەزە گرنگەی بونیاد لەهەموو چیرۆکێکدا دەردەکەوێت وبوونی دەبێتە هۆی هەڵوێستە لەسەرکردن . کورتە چیرۆك و ڕەوتی لەلایەنی مێژووی ئەدەبدا چەند ئاسۆیەکی فراوان بەڕووماندا دەکاتەوە کەبچینە نێو بابەتێك کە (تێم)ە ، کە بەهاکەی لە نێو چیرۆکدا بەدیار دەکەوێت .

ئەگەرچی زاراوەکە هەڵگری یەك دەلالەتی واتاییە ؛ بەڵام لای ڕەخنەگر و نووسەران چەندین زاراوەی لەبەرامبەردا بەکارهاتووە ، چەمکی تێم " بیری سەپێنراو ، یان بیری زاڵی کارێکی ئەدەبییە کەسەرلەبەری کورتە چیرۆك داگیردەکات ، بەڵام کت ومت ئەوبیرە گەلاڵە بووە سەرەتاییە نییە کە چیرۆکنووس لەساتێك لەساتەکانی ژیانیدا بەهزریدا تێپەڕیووە کە لەلای چیرۆکنووس دروست دەبێت بۆ بونیادنانی کارێك"، ئەوەش لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی کـە تیایدا دەژی یان بارێکی دەروونی ئاڵۆز کە لە ئەندێشەو خەیاڵیدا بەدەست دێت . بەگەڕانەوە بۆ لای ئەفلاتوون وئەرەستۆ کە قسەیان لەسەر هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی کردووە و بۆچوونەکانیان جێی بایەخە، هەرچەندە لای ئەوان باس لە تراژیدیایە، لە ئیشکالییەی ئەفلاتووندا بەم شێوەیە باسی تێم هاتووە (( بیرۆکەیەك دەردەکەوێت کە لەناو هزرتدا دەخولێتەوە لەسەرەتادا وروژێنەرە .یەك لە دوای یەك لەگەڵ وشەکان و بڕگەکان و لاپەڕەکان کۆئەبێتەوە و هیوا بڕان و نائومێدی دەست پێدەکات کە دێتە ناو خۆتەوە ، وەك ڕێگرییەك وردە وردە هەست بەوە دەکەیت کە بێ توانایت بۆ بەرجەستەکردنی ئەوەی لەهزرتدا دەخولێتەوە، لەسەرکاغەز دەینووسیت وە شتی ڕاستەقینەو واقیعی دەست پێدەکات وبەرەنگارت دەبێتەوە ، وا هەست دەکەیت لەپرۆژەکەت دورکەوتویتەوە .)) [١] ، ئەرەستۆش باس لەبەهاو تایبەتمەندی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تراژیدیا دەکات بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەر تەنها لای ڕەگەزی تراژیدیا بمێنینەوە ، بەڵکو کارەکانی ئەرەستۆ بە گشتی بۆ هونەر شوێن دەگرێت و گونجاوە ، وە لێرەدا لەگەڵ کورتە چیرۆکدا ڕەگەزەکانی تراژیدیا یەکدەخەین بە تایبەت تیشك دەخەینە سەر بیر و واتای سەرەکی ناوەڕۆکی ئەو ڕەگەزە ئەدەبییە دەبینین لای ئەرەستۆ ((هەر تراجیدییەك لەشەش ڕەگەز پێك دێ کە خەسیەت وبەهای تراجیدییەکە دیاری دەکەن . ڕەگەزەکانیش ئەمانەن : چنین ( Plot-Mythos) ، کەسێتی (Ethos ) ، دارشتن (Lexis )،هزر(Dianora)،دیمەن(Opsis)،گۆرانی( Melos ) هەمووە شانۆگەرینووسەکان ئەم ڕەگەزە درامییانەیان بە کردەوە پەیڕەو کردووە ، چونکە هەموو شانۆگەرییەك ، بەبێ جیاوازی ئەمانەی تیادایە: دیمەن،کەسێتی، چنین ، دارشتن ، گۆرانی ، هزر . )) [٢] لەو قسانەدا دەردەکەوێ کە بۆ سەلماندنی ڕاستی ، یان ناڕاستی شتێ ، یاخود بۆ دەربڕینی بیروڕایەکی گشتی دەگوترێت )) [٣]. کەواتە بیر، هزر، مەبەست (Thought) سێیەمە لە گرنگیدا، وە دۆزراوەتەوە "کاتێك شتێك بسەلمێنرێت کە ببێت یان نەبێت ،وە یان پەندێك بە شێوەیەکی گشتی بەڕوونی دەربببڕێت"((ئەرەستۆ کەم باسی هزری کردووە،ئەوەی کەزیاتر باسی لێوەکردووە

---

١- تقنيات الكتابة في فن القصة والرواية ،مجموعة من المؤلفين ، ترجمة/ رعد عبدالجليل جواد، ط٣ ، دارالحوار ، ٢٠١١ ، ص ١٥

٢- هونەری شیعر (شیعرناسی) ، ئە رە ستۆ ، و. لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی : عەزیز گەردی ، چاپ و پەخشی رینما ، چ٢ ، سلێمانی ،٢٠١١ ، ل٢٨-٢٩

٣- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١

پەیوەندی هەیە بەوەی کە چۆن قسەکان پێویستە کارەکتەرەکان ئاشکرا بکەن. هەرچەندە لەوانەیە وادابنێین کە ئەم بەشە ئەوەی تیا بێت کە پێی دەڵێین(تێم) لەشانۆدا .))[1] واتە لەگەڵ ئەوەی زۆر بە تایبەت باسی لە هزر نەکردووە ، بەڵام هەوڵی داوە ئەوە دەربخات کە هەموو ئاخاوتنەکان ، کەسایەتی کارەکتەر دەدەن لەو ڕێیەشەوە دەکرێت بگەینە (تێم) ی کارەکە وە ((هەرلەتراژیدیادا دەربارەی بیر ئەتوانین وا دابنێین کە چی پێ ئەوترێت لەزانستی ڕوانبێژیدا وە بابەتەکە بەزۆری وبەشێوەیەکی توندوبەتەواوی بۆچی ئەگەڕێتەوە. لەژێر بیردا(Under Thought) هەموو کاریگەرییەکی تیایە کەلەڕێگای قسەکردنەوە بەرهەم دەهێنرێت وە دابەشکردنەکەش بەم جۆرەیە سەلماندن وبەدرۆخستنەوە ؛ لە وروژێنەریی هەستەکان ،وەکو بەزەیی ، ترس ، تووڕەبوون ، حەز؛ لەپێشنیار و بایەخپێدان یاخود پێچەوانەکەی ))[2] لێرەدا ئەرە ستۆ پێی وایە((هزرDianora) ئەو ڕەگەزە یە ینیەیە کە لەهەڵس وکەوتنی ماقوڵدا خۆی دە نوێنێ وهەر بەهۆی هزرەوە کەسێتی قاڵبی هەستی دەرەوە وەردەگرێ ، واتە هزر لە شانۆگەریدا بریتییە لە گوفتار و ڕەفتاری کەسەکان ))[3] لە کورتە چیرۆکیشدا هزری ڕاستەقینەی نێو چیرۆك بریتییە لە مەبەست و ڕەفتاری نێو گوفتاری کەسەکان ،چونکە تاوەکو کەسەکان لەنێو چیرۆکدا نەبینین کە چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتردا دەکەن و کاردانەوەیان بۆیەکتر چۆنە، ئەوەش ( ( thema ) تیمة وشەکە دەربڕینێکی لاتینییە ( تایـما ) مەبەستی ئەو شتەیە کە دایدەنێن و وشەکە بۆخۆی مەبەستی بیرۆکەی بنەڕەتی یان پێکهاتەی سەرەکی یە بۆ ڕستەیەك یان دەقێك ، وە دەشکرێ ئاماژە بێت بۆ کۆمەڵە وشەیەك ئەگەڕێتەوە بۆ کێڵگەیەك بۆ پێدانی واتایەکی دیاریکراو ، بە نموونە دەقەکە ئاماژەیە بۆخەمێك و زاڵ ئەبێ بەسەر چیرۆك یان ڕۆمان یان چامە لە کەشێکی خەمناکدا وە ئەڵێین کە (تیمة) تێمی خەم وخەفەتە ،یاخود خۆشی و بێزارییە وە هەروەها ...

هەندێکیش پێیان وایە کە ئەگەر شتێك لە نێو چیرۆکدا سۆزت بجوڵێنێ ئەوە تێمی چیرۆکەکەیە وەك ڕایەکی لاواز، د.أمینە الجبرین دەڵێت:(( (الثیمة) جاربەجارێ دەنووسرێ (تیمة)و وەردەگێڕدرێ بۆ "موضـوعة "، بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەسۆزەوە نییە ...وشەکە مەبەستی بابەتێکە بەبێ گوێدان بەوەی لەناوەڕۆکەکەیدا سۆزی تیا هەبێت یان نا بەڵام لەخاڵێکدا دیاری دەکرێت کە دەقەکە بە دەوریدا دەخولێتەوە...وە توانایەکی هەیە بۆ کۆکردنەوەو بانگکردنی ژمارەیەکی بێ کۆتا ))[4] بەو واتایەی وەك ئەوەی چۆن موگناتیسێك ئەگەر کۆمەڵێك بزماری لەدەور بێت ,نزیکیان دەکاتەوە وکۆیان دەکاتەوە لە خۆی , یان وەك چۆن ناوك هەموو قورساییەکانی گەردیلەی تیا کۆئەبێتەوە(( Theme بەتەنها بابەتێکی سادەی ساکاری ئەدەبی نییە .بەڵکو ، تێم بە شێوەیەکی بەرچاو فکرەیەکی گەورەیە، کە واتای زۆری گەورەی کارەکە دەدات،کە هەر بیرێكو تێگەیشتنێکی تیایە دەربارەی ژیان یان خەڵك بەگشتی. تێمە سەرەکییە جیهانییە کان بەگشتی ئەمانەن{سەرکێشی و مەترسیە فیزیکییەکان | لەدایك بوون و منداڵی | مردن | بەدەست هێنان و لەدەست چوونی پارە | خۆشەویستی و دابڕان وجێهێشتن | پەیامێك لەمنداڵییەوە بۆ گەنجێتی| کار. ))[5]

---

١ - http://www٢.cnr.edu/home/bmcmanus/poetics.html

٢- http://classics.mit.edu/Aristotle/poetics.٢,٢html#٣٢١

٣- هونە ری شیعر (شیعرناسی) ، ئە رە ستۆ ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی وپێشەکی وپە راوێزی : عەزیز گەردی ، ل ١٥١

٤ - http://www.alfaseeh.com/vb/showthread.php?t=٥٥٥٣٣

٥- http://classiclit.about.com/od/Theme-Elements/g/Theme.htm

لەزمانی عەرەبیدا ئەو لێکۆڵینەوەو نووسینانەی کە بەرچاوکەوتوون (Theme) بە (الموضوع ،فکره، (المغزی ))[1] هاتووە و لە فەرهەنگە زمانەوانییەکانیشدا بە مانای((موضوع ، مبحث ، مقالة) ، (باس ، بابەت ، وتار ))[2] یاخود بەمانای (( بیروبۆچوون ، ڕای سەرەکی ))[3] ناوی تێم هاتووە .

لەفەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان دا لەبەرامبەر زاراوەی (Theme)ی ئینگلیزی لە زمانی فارسیشدا ((هسته پیام ، موضوع ، زمینه ، مایه ) هاتووە ، لەبەرامبەریشیدا بۆ زمانی کوردی ( پوختەی پەیام ، ناوکی پەیام ، بابەت ، واتای سەرەکی ، بوار ، تێم ) دانراوە ))[4]

سەرەڕای ئەوەی کە Theme ، subject لە یەکتری جودان لە ڕووی چەمك وئەرکەوە ، بەڵام زۆرجار دە بینین هـەمان زاراوەکانی (Theme) بۆ ( subject) دادەنرێت وەك لەفارسیدا ((ذهن ،موضوع ، آزموده ، اساس ، فاعل ، صورت ذهنی ، موضوع آزموده ) وە لە زمانی کوردیدا( زەین ، سۆبژە ، بابەت ، تاقیکراو ، بناغە ، بنەڕەت ، بکەر ، سیمای زەینی ، بابەتی تاقیکردنەوە ))[5] دادەنرێت .

لە((معجم المصطلحات الأدبیة))[6] دا هاتووەکە الموضوع (المادة ، الفکرة ، الذات ): ئەدەب بایەخ دەدات بە دوو واتای گەورە بەبێ ڕاوەستان لای مانایەکی ڕێزمانی "بکەری کارێك" بابەتەکە لەلایەکەوە ماددەی کتێبەکەیە ، وە ئەو کێشەیە کە چارەسەری ئەکات. وە ئەم واتایە فراوان ئەبێت ئەمانەش ئەگرێتەوە (گرێچن ، کەسایەتییەکان ،شوێنەکان ، کاتەکان ) بەهەندی هەڵگرەکانی لەوکتێبە ئەمانبات بۆ تێگەیشتنی واتاکان وژێدەرەکان ولێچوونەکان وە ئەو واتایانە کە خەڵك بەکاری دەهێنێت وە ئەو ڕەوشتە لەبارودۆخێکی تر جێبەجێکردنی دواکەوت لەئەدەبدا وکەمترە بۆ ڕاستەوخۆیی،ئەودەربڕینە دەگۆڕێ بۆ تاکێتی کەدەرئەکەوێ لە ئالییەتی داهێنان . ئەم دەربڕینە لەسەدەی پێشوودا دەرکەوت لەچوارچێوەی بیرکردنەوە کە تیایدا پرسیار دەکرا لەسەر بایەخ وگرنگی بابەتەکە .

لەگەڵ ئەوەشدا کە نووسین یاخود دەق دەبێت بناسرێت کە ( تێم )ەکان دەکەونە ئەو نێوەندە کارایە ئەوەش ، کە لە شێوەی بابەت لەنێو نووسینەکاندا دەردەکەون جا بۆیە باسکردن لە نووسین ئەوەیە کە : ئەم کردارە چەق بەستوو نەبوو لای ئەدیب و نووسەرەکان ، بەڵام بە تێپەڕبوون بە سوود وەرگرتن لەفەرهەنگی فەلسەفی بابەتێك وەردەگیرێ لە نێوان تیۆرییەك لە دەق کە سەرەڕای ئەوە ، وە دەرچوونێك لە تێگەیشتنی زمانەوانی بۆ بابەتەکە (بابەتێکی وتراو یان بابەتێك دەوترێت ) زانینێکی زۆری گێڕانەوەی بەڵگەیی لەسەر دیاریکردنی ، کە بگونجێت بۆ بابەتەکە بە هەندی ( " بکەرێکە " و " بەڵگەیەکە " ) بۆ پێشکەشکردنی دەنگێکی مەزن لەسەر شیکردنەوەی ئەدەبی .

---

١ - النقدالتطبیقي التحلیلي ، د.عدنان خالد عبدالله ، ط١ ، بغداد ، ١٩٨٦ ، ص ٩٢

٢ - فه رهەنگی مەورید(ئینگلیزی-کوردی )، دکتۆر محمد عمر، کتێبخانەی زانیاری ،چ١ ، سلێمانی ، ٢٠١٠ ، ل٥٥٥

٣-فەرهەنگی خنجیلەی جاف ، ئینگلیزی-کوردی، احسان علی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، چ٣ ، ٢٠٠٧ ، ل ٣٥٧

٤- فه رهه نگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتیەکان، ئینگلیزی-فارسی-کوردی، فەرشید شەریفی ، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم ، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل ٣٣٧

٥- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٢٦-٣٢٧

٦- معجم المصطلحات الأدبیة ، بول آرون- دینیس سان- جاك- آلان فیالا ، ترجمة : الدکتور محمد حمود ، ب. ت ، ص ١١٤٢

لەفەرهەنگی ئەدەبیدا هاتووە ، زۆر گرنگە بیرۆکە لەبابەت - Theme جیا بکرێتەوە ، بە لێکۆڵینەوەی ئیلیزابێت فرەنزێل- لەفەرهەنگی ناسراوی خۆی کە تایبەتە بە تێم(بابەت) و بیرۆکە . بەم شێوازەی خوارەوە باس لە جیاوازی وتایبەتمەندی بابەت و بیرۆکە دەکات : بابەت هەموو میلۆدی دەگرێتەوە ، بەڵام بیرۆکە تەنیا یەك نۆتە . بەڕای ئەو بیرۆکە دەبێ هەردەم ناکۆکییەکی هەڵگرتبێ.بارگرژییەکی هەڵگرتبێ، بیرۆکە دەشێ ببێتە خاڵێکی خۆدۆزینەوەونەخشە ڕێگا.)) [1] بەڵام دەکرا نووسەر وردتر بوایە ، چونکە مەبەستەکەی بە تەواوی شی نەکردووەتەوە ، و کەوتووەتە ئەو هەڵەی کە تێمی وەك بابەت ناساندووە ، بەوەی تێم تەنیا تەواو بابەت ناگرێتەوە .

وەك دیارە زاراوەکە بە زۆر مانا هاتووە((بیر ، بیری بنەڕەتی ، بابەت ، موضوع ، فكرة رئيسية ، جذر الكلمة ، مضمون ، جوهر ، اهميت مادة ، مقصود ، ريشه ، زمينه ، درونمايه )). [2] فەرهەنگی اصطلاحات ادبی ( Theme ) بەمانای ( درونمایە/ مضمون )لێکدەداتەوە وبەم شێوەیە پێناسەی دەکات : (( بیرێکی ڕەسەن (بنەچەیی ) زاڵە بەسەر بابەتەکەدا ، لەهەموو بیرۆکەیەك و کارێك دەردەکەوێت ، هێڵێکە یاخود زنجیرەیەکە ئەتوانین وەریبگرین وچڕی بکەینەوە لەسەر سەنتەر لەناو بابەتەکان لەچیرۆکدا.) ) [3] ، مەبەستیش لە هێڵ یان زنجیرە ئەو بیرە بنەڕەتییەیە کە مەبەستی چیرۆکەکە ئاشکرا دەکات لە نێو ئەو بابەتانەی کە چیرۆکەکە دەیانخاتەڕوو ، بابەتەکان بیرۆکەکان دەدەن بەدەستەوە کە مۆتیڤەکانن وە لەئەنجامدا یەکێك یان دووان لە بیرۆکەکان لەسەر ئەوانەی دیکە چڕدەبێتەوە ودەبێتە تێمی کورتەچیرۆکەکە ، بێگومان لەچیرۆکی درێژ و ڕۆماندا تێمی زیاتر بەدیدەکرێت .

کەواتە دەکرێت بڵێین((بەشێوەیەکی گشتی تێمی هەر کارێك تەنها بابەتێك نییە ، بەڵکو زیاترە لە چەق (سەنتەر)ێکی فیکری کەلەوانەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەردەبڕرێت یان باس دەکرێت .)) [4] زاراوەی تێم لە زۆربەی ڕەگەزە ئەدەبییە جۆربەجۆرەکاندا بەدیدەکرێت ، هەروەك چۆن باسمان لەوە کرد لەنێو تراژیدیاو شانۆگەریدا بەدیاردەکەوێت ، هەروا لە هونەری موزیکیش دورنییە ، بەڵکو شێوەیەکە ، کە نەك هەر (تێم) ، بەڵکو زۆر لە زاراوە ئەدەبییەکان لەنێو ڕەگەزە جۆربەجۆرەکاندا لەزاراوە یان چەمکە میوزیکیەکان هاتوونەتە ناوهونەری گێڕانەوەوە لەوانەش (( پۆلی فۆنی- POLY PHONY) ، یا (کانون - CANON) ، یا ( ڕۆندۆ- RONDO ) ، یا ( فیوگ- FUGUE) ... کە هەموو زاراوەی موزیکین وگوزارە لە چەمك و تەکنیکی دەربڕینی موزیکی دەکەن ،بەڵام لە هونەری(گێڕانەوە)شدا ،واتا لەدنیای ڕۆمان و چیرۆکیشدا بەکاردەهێنرێن ، با ناوەکانیشیان بگۆڕدرێن...

ڕۆندۆ= بەواتای بابەتێکی سەرەکی و،هەندێ بابەتی لاوەکی کە ئەو بابەتە سەرەکییە لەشێوەی شەپۆلانێکدا پێکەوەیان دەبەستێتەوە ، بەبێ ئەوەی سروشتی ئاوازە سەرەکییەکە بشێوێ .

گەورەترین کاری ڕۆندۆ...، ئەوەی کە سروشی (ئیحای )، بێکۆتاییبوونی دەق دەدا ، لە ڕێگە بۆ هێشتنەوەی دەق بە کراوەیی و ، تێهەڵچوونەوە و سەرەتای دەسپێکێکی تر خۆش دەکا . پتر لە لووتکەیەکی تێدا بەدی بکرێ ، نەك یەك

---

١- فە رهە نگی ئە دە بی ، د.موحسین ئە حمە د عومە ر ، لەبڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی ،٢٠١٢ ، ل٦٨

٢- http://translate.Google.iq

٣- فرهنگ اصطلاحات ادبی ، سیماداد ، چاپ چهارم ، انتشارات مروارید ، تهران ، ٢٠٠٨ ، ص ٢١٩

٤- A Dictionary of Literary Terms , J.A.Cuddon, published penguin Books,New York , ٢٠٠١ , p ٦٩٥

لووتکە وەك لە چیرۆك و ڕۆمانی کلاسیکیدا باوە .))[1] کاتێك لەم ئەرکەی ڕۆندۆ ورد دەبینەوە ، تەواو لە هونەری گێڕانەوە نزیکە ، بەوەی لە هونەری گێڕانەوەشدا دەبینین دەقی سەرکەوتوو ئەوەیە کە کۆتاییەکی کراوە جێدەهێڵێت ، تاوەکو دەقێکی زیندوو پێشکەش بکات و هەڵگری دەلالات و ڕاڤەی جیاواز بێت لە ڕێگای (بنەما) بەناوداچووەکەی بابەتەکان ، کە تێمیش هەربەهەمان شێوە سەرەکی و لاوەکی هەیە لە هونەری گێڕانەوەدا ، سەرەکییەکە لاوەکییەکان دەبەستێتە وە کە مۆتیڤەکانن ، وە ئەو مۆتیڤانە کە بچووکترن لەتێمەکان مانایەکی بەرز دەدەنە ناوەڕۆك و بابەتی چیرۆکەکە، وە نزیکییەکی زۆر لەنێوان تێمی سەرەکی موزیك و چیرۆکدا هەیە . تێمە سەرەکییەکە بیری باڵایە کە لەنێو چیرۆکەکەدا هەستی پێدەکرێت وە چیرۆکنووس چیرۆکەکەی خۆی لەسەر دادە ڕێژێ ،هەروەك ئەوەی موزیکوان دەیکات بۆکاری خۆی . ئەوەش شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە لەکاتی نووسینی چیرۆکەکەدا چەند مۆتیڤێك دێتە نێو چیرۆکەکەوە ، ئەم مۆتیڤانەش بۆجوانترکردن و ڕەنگکردن و دەوڵەمەندکردنی کرۆکی تێمە سەرەکییەکە دێت . واتە جگە لە تێمە سەرەکییەکە چەند وردە بابەتێك لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەکەدا (کورتە چیرۆك) دەکەدا بە دیاردەکەون بۆ بیرهێنانەوە و جێگیرکردن و پتەوکردنی تێمەی سەرەکییە بە نموونە : لە کورتە چیرۆکێکدا چەند جارێك ناپاکی لـەلای کارەکتەرەکان دووبارە دەبێتەوە ،بەڵام تەنها یەك لەو(ناپاکییانە)کە ڕووی داوە تێمی سەرەکی چیرۆکەکەیە ،ئەوانی دیکە بۆ جێگیری و چەسپاندن و هەبوونی ئەو بابەتەیە ،بەواتای ئەوەی ناپاکییەکانی دیکە کەلای کەسە لاوەکییەکانە خاڵی دۆزینەوە نین ، بەڵکو هۆی دۆزینەوەن . ئەوەش کە دەدۆزرێتەوە تێمە سەرەکییەکەیە ، تێمەکەش بیرێکـی باڵایە کە لـە لای چیرۆکنووسەوە دەگەیەنرێتە خوێنەر ئەوەش لە ئەنجامی بەناوداچوونی ( وەرگر و دەق) .

لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی سەرەکی لە هونەری گێڕانەوەدا جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئاوازی سەرەکی موزیکدا ، ئەویش ئەوەیە کەوا (( موزیکوان لە تەنویعەی موزیکدا سەرەتا ئاوازە سەرەکییەکە پێشکێش دەکا ئەوجا بە تەنویعە پەرەی پێدەدا ، بەڵام ڕۆماننووس بە پێچەوانەوە سەرەتا بیرۆکەی سەرەکی نادرکێنێ ، بگرە بە مەبەستی ورووژاندنی خوێنەر ( تەشویقکردن ) لەپێشدا هەندێکی (مۆتیفێك) ی لێ وەدەردەخا و ئەوجا لە هەر بەشێك و لەگەڵ هەر تەنویعەیەکدا دیویێکی تر ، لایەنێکی تری لە گۆشەنیگایەکی ترەوە ، لە هەلومەرجێکی تر و لەکات و شوێنێکی تردا لێ پێشکێش دەکا ، هەتا وێنە گشتییەکەلە زەینی خوێنەردا دەچێتەوە سەر یەكو شتەکان وەکو نووسەر گەرێکێتی،یا وەك خوێنەر لێکیانداوەتەوە و لێیان تێ دەگا ، یا وەك هەردوولا دەخوازن ، واتاو مەبەستێك پێك دێنن. ))[2]

هەر سەبارەت بە(تێم ) ڕەخنەگر د.عدنان خالد عبدالله پێی وایە کە(( چەند واتایەکی جیاجیا هەیە بۆ زاراوەی (Theme المغزی) لەوانە (( پەند )) یان (( ئامۆژگاری ئاکاری )) کە لە دوای خوێندنەوەمان لێی تێ دەگەین بۆ کارە چیرۆکییەکە ، یان بابەتێکی بنەڕەتییە کە ڕووداوەکانی چیرۆك چارەسەری دەکات وەکو بڵێین تێمی چیرۆکێکی فـلان بیرۆکەی ململانێ یە لە نێوان چاکە و خراپەدا ، لە ڕەخنەی شیکاری مانای زاراوەی((تێم )) فراوانترە و ئالۆزترە لـەو بەکارهێنانە گشتییە بۆی: مەبەستمان لەوەیە تایبەتەو دەستەبەرە، بیرۆکەی بنەڕەتییە یان ئەوەی کە ئەشێ و گونجاوە

---

١- کاروباری گێڕانەوە ، زاهیر ڕۆژبەیانی ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، چ١ ، هەولێر ، ٢٠١١ ، ل ١١١

٢- سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٤

– كە كاری چیرۆكی یەكگرتوو دەكات ودەسەلاتی هەبێ بەسەریا و خۆی بەسەریدا دەسەپێنێ. و واتای ئەمە كە تێم لەم بەكارهێنانە تەسكەی ئاماژە بۆ وتەیەك دەكات كە نووسەرەكە لە سەربابەتەكەی پێكی دەهێنێ و بە ڕوونیش لە نێوان كارلێكی ڕەگەزەكانی چیرۆكەكەیدا دەردەكەوێت. ئەم واتایەش بۆ تێم لەسەر ڕۆڵی خوێنەران جەخت دەكاتەوە بە زەقكردنەوەی ڕۆڵی چیرۆكنووس لەبایەخدانی بەگەیاندن و گواستنەوەی بیرۆكەكانی وكاریگەرییەكانی وفەلسەفەكەی لەسەر بابەتەكەی و كاتەكەی )) [1] ئەوەش بەواتای ناسینی شتەكان دێت.

زۆر لە لێكۆڵەرو ڕەخنەگران تێم بە بابەت* دادەنێن ، هەروەها نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد بە شێوەیەكی تر لـە كتێبی (ئەزموونی خوێندنەوە) ئەو چەمكەی جیاكردۆتەوە لە بابەت كە (( وەك زاراوەیەكی ڕەخنەیی ثیمە یان ثیم Theme لە لێكۆڵینەوە ئەدەبییەكانی تایبەت بە چیرۆك و ڕۆمان و شانۆنامە بەكاردەهێنرێ، هەندێ جاریش دەكرێ ثیمە لەشیعر دا - مەبەست شیعری نوێیە بەكاڵی دەربكەوێت ، كە بەمانای ( جەوهەری بابەت ) دێت و لەگەڵ (بابەت) دا جیاوازە ، دەتوانرێ لە ناوەڕۆكی چیرۆكێ یان ڕۆمانێ بابەتێك بگێڕێتەوە ، (ثیمە) ئەسڵی مەبەست و بنەمای مەقسەد و بنەڕەتی بابەتەكە دەردەخات . لەعەرەبیشدا ( الموضوع ) بـە مانای ( بابەت) و ( الموضوعیة =بابەتێتی ) و ( الموضوعة یاخود المواضیعیة = ثیمە ) وەرگێڕی كتێبی (مدخل لجامع النص)ی جیرار جینێت (المواضیعیة)ی بەرامبەر بە وشەی thematique ی فەڕەنسی داناوە، كەچی وەرگێڕی كتێبی (عصرالبنیویة) وشەی (Theme) ی ئینگلیزی بەمانای (عنصر موضوعي) داناوە بەم جۆرە پێناسەی دەكات ( ثیمە یەكەیەكی دەلالییە و لەناو بواری ئەدەب دەكەوێتە نێو دەقێك یان كۆمەڵە دەقێكە، بۆنموونە : ثیمە ی مردن، ثیمە ی خۆشەویستی...تاد)) [2]

((Theme – بابەت (موضوع ) وشەیەكی یۆنانییە ، بنەما دەگەیەنێ ، ئەوەی كە بنەڕەتییە ، ئەو ڕووداوانەی كە بنەمای بەرهەمی ئەدەبی پێكدێنن . بابەت- واقیع وبەها ئێستێتیكییەكەی پێكەوە گرێدەدا. لە ڕووی واقیعەوە، ئەوناوەڕۆكە یە كەلەبەرهەمەكەدا هەیە ، لەڕووی ئێستێتیكییەوە دەتوانین باس لەناوەوەی بابەتەكە ، واتە : تایبەتمەندیی هونەریی بەرهەمی نووسەرەكە— بكەین . )) [3] ، سەرەڕای ئەوەی تێم وەك بنەمایەكی چیرۆك لەنێو بایەخی چیرۆكدا دەردەكەوێت ، جێی هەڵوێستە لەسەر كردنە ، هەروەها میتۆدێكیش بۆ ئەو مەبەستە لە ئەدەبی جیهانیدا كاری پێدەكرێت كە ناسراوە بە میتۆدی (تێماتیك) كە (( لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ، بە جودا پێنـاسە دەكرێت بۆ واقیعی جیاوازیـش بانگهێشتمان دەكات . لەلای ژۆرژ پولێ بابەت بە كاتێگۆریی دركردنێكی مومەیەز وەسفی دەكرێت كەلایەنی زیهنی بەسەریدا زاڵە ، لەلای ریشاریش ، بە ئۆبژەكت دەیبینێت ، واتە بە مادە و بزوتنەوە لێكیدەداتەوە كە بێوچان ئاماژە بۆ كردەی هەستكردن دەكات ... بەڵام دەكرێت سەرجەم ئەو پێناسانەی كە بۆ ( بابەت )كراوە لە ژێر ئاوەڵناوی وەك (پەیوەندی تاك) و (وجوودی) و (ژیاو ) و ( شاراوە ) و (دووبارەبـوو) و (هەمەچەشن) كۆبكرێتەوە . لەم ڕووە میشێل- كۆلۆ ، سەرجەم ئەو پێناسانە سانتێزێك كۆدەكاتەوەو

---

١- النقدالتطبیقي التحلیلي ، د.عدنان خالد عبدالله ، ص ٩٢

*بروانە: ڕوانین لە دەق، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی، د.تاهیر محەمەد عەلی و د.قومری سەعید عەزیز،چاپی سلێمانی، ٢٠١١ ، ل١١٤

٢- ئە زموونی خوێندنەوە ،چەند لاپەڕەیەكی ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،چاپ و پەخشی سەردەم، چ١،سلێمانی ،٢٠٠٦ ، ل٦٩

٣-پرینسیپەكانی ئەدەبناسی بە راورد، و. لەروسییەوە: ئەنوەر قادر محەمەد،بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوكردنەوەی سلێمانی،٢٠١١، ل٩١

دەڵێت : (بابەت بە گوێرەی ڕەخنەی بابەتی واتەیەکی تاك و شاراوە و کۆنکرێتی هەیە .)) [1]

## تێم و مۆتیڤ :

تێم ، واتای سەرەکی Theme بۆبەکارهاتووە ئەگەرچی تێم هەندێ جار لەبری زاراوەی مۆتیڤ یان بنەمایە وبن واتا* بەکار ئەهێنرێ ، بەڵام تێم ئەتوانێ کۆی مۆتیڤەکانی یەك بەرهەم بێت. واتای سەرەکی بەرهەمێك ئەتوانێ کۆی بن-واتاکانی ئەو بەرهەمە بێت یان گەورەکراوەی بن واتایەکی بەرهەمەکە بێت . تێم ئەو چەمك و بیرۆکە یان فیکرە سەرەکی و ناوەندییەی بەرهەمەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ئاشکرا ئاڕاستەی خوێنەر ئەکات و بەیەکێك لە تایبەتمەندی و ئەرك یان تەنانەت مەبەستی بەدیهاتنی بەرهەمێکی ئەدەبی خەیاڵکرد دادەنرێ . بە واتایەکی ساکار تێم ئەو شتەیە کە بەرهەمی ئەدەبی بە خوێنەری ئەدا .)) [2]

بۆ ئەوەی لە (تێم) بگەین هەروا ئاسان نییە ، بە هۆی ئەوەی زاراوەی (Theme ) لە وەرگێڕاندا ئاریشەی زۆری لەسەرە لە ئەنجامی لێك جیا نەکردنەوە و تێکەڵکردنی چەند زاراوەیەك ئاستەنگی بەردەم چەمك و زاراوەکانە وارێکدەکەوێت ( تێم لەگەڵ مۆتیڤ ) بەیەك واتا لێکدەدرێتەوە هەرچەندە جیاوازییەکە زۆر دوور نییە ، بەڵکو مۆتیڤەکان واتە وێنە جۆراوجۆرەکانی نێو کورتە چیرۆکێك وا ئەکات کە هزری خوێنەر وێنەیەکی تاك و پڕ واتا لە مۆتیڤە جۆرا و جۆرەکان هەڵهێنجێ وبیکاتە خاڵی سەرەکی و بیرۆکەی باڵای چیرۆکەکەی (Theme) بەدەست بخات ، بێگومان لە ئەنجامی تێ-ڕوانین و لێ وردبوونەوە لە جەوهەری کارە ئەدەبییەکە ئەوەی دەیەوێت بەدەستی دێنێت یان ئەوەتا مۆتیڤێك کە زۆر بەباشی شوێنی خۆی کردۆتەوە و هەر بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە لەساتی ڕۆشنایی ، چیرۆکەکە خۆی دەدات بەدەستەوە ، بێگومان شوێنی مۆتیڤەکان لەنێو ڕووداوەکان و کاروکردەوەکانی کارەکتەرەکان بەدەردەکەون و ئاشکرا دەبن ،بەڵام (تێم)ەکان ئەوەندەش ڕوون نین کە هەر زوو پەنجەیان بخرێتەسەر و بە ڕووی خوێنەردا واڵا بن ، ئەوەش بە هۆی ئەوەی کە سیفەتی نائاشکراییان لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە و ئەتوانین بڵێین زۆر بەکەمی بە ئاشکرایی دەردەکەون .

---

١- میتۆدی تێماتیك، بابەتگەرا، ئەحمەدی مەلا،پاشکۆی ئەدەب وهونەر ،ژ٥٨٥٢ ،ساڵی بیست و یەکەم ، ٢٠١٢/٨/٩ ، ل٣

* بنەمایە، بن واتا، مۆتیڤ motif لەفەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی هاتووە کە بریتییە لەتوخمێکی بەرچاوی بەرهەمە ئەدەبییەکان کەلەڕواڵەتی ڕووداو، وێنەی خەیاڵکرد یان هەندێ بیرۆکەی تایبەت و وشە و یاخود دەستەواژە بەردەوام یان چەندجار دووپات ئەبێتەوە . ژمارەیەك لە مۆتیفەکان زۆربەی کات لە فۆلکلۆری هەر نەتەوە یەکدا دەکەونە بەرچاو . بۆ نموونە لە ئەدەبی ئینگلیزیدا ئەو ژنە ناشرین و پیرەی کەلەناکاو بەهۆی هەندێ هۆکاری ناسروشتییەوە ئەگۆڕدرێ و ئەبێ بە شازادەیەکی جوان و دڵڕفێن یان ئەو پیاوەی کە گیرۆدەی چاوی جادووکارەکانەو لە ئاکامدا هەر بەو هۆیەشەوە تیا ئەچێ ، بە نموونەگەلی بەرچاوی دوو مۆتیفی تایبەت بە فۆلکلۆر یان ئەفسانەی ئەو نەتەوەیە پێك دێنن. لەفۆلکلۆری کوردیشدا بابەتی حەزلێکردن لەنێوان کچ وکوڕێکدا کەزۆربەی کات کچەکە مێرد بە پیاوێکی پیر یا پیاوێکی نەویستوو ئەکات و ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە کوڕە دڵدارەکە وەلی دێوانە ئاسا ڕوو لەچیاو چۆڵەوانی بکاو هەوێنی ئەم ئەشقەش ببێتە دەستمایەی گۆرانی دڵدارانە و یاخود هۆنینەوەی شیعر و چەندەها نموونەی تری لەم جۆرە ... بەنموونە سەرەکییەکانی مۆتیف دادەنرێ . (فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی ، ئەدەب-رەخنەی ئەدەبی-تیۆری ئەدەبی ، بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی ، بەرگی١ ،بڵاوکراوەی ئاراس ، چ١ ، هەولێر ، ٢٠٠٤ ، ل ٦٢-٦٣ )

٢- فەرهەنگی شیکارانەی زاراوە ی ئەدە بی ، ئەدەب-رەخنە ی ئە دە بی-تیۆری ئە دە بی ، بەختیار سە جادی و محەمەد مەحموودی ، ل ١٥٤

ئاشکرایە کە ((مۆتیڤ –ئەمە ئەو (ساتانەیە ، نەبزانەیە) کە وا بەشێوەیەکی سنووردار لەچوارچێوەی بابەتدا مەرجی ڕوودانەکەیە وبابەت مەودایەکی زۆر فراوانی هەیە. لە ئەدەبی ڕووسیشدا ،« ڕێگا » لای گۆگۆل، « باخ» لای چیخۆف ، « زریان» لای پووشکین ... مۆتیڤن .)) [1] کەواتە مۆتیڤەکان ئەو هۆیانەن کە ڕووداو دەخەنەوە لەناو بابەت و بیری سەرەکی کورتە چیرۆکدا . کە هەموو کات هەوڵی ئاشکراکردن بۆ خوێنەر دەستەبەر دەکەن ، بەڵام جاری وا هەیە خوێنەر بایەخ بە مۆتیڤەکان نادات و تەنیا بە دوای تێمی چیرۆکەکەدا وێڵە. ((لە ئەدەبیشدا هەر بەرهەمە و خاوەن مۆتیفی تـایبەت بە خۆیەتی . یان ئەکرێ بوترێ مۆتیف بریتییە لەو بیـروڕا زاڵانە ی نێو بەرهەمێکی ئەدەبی کە هەندێ جـاریش لە ڕواڵەتی کەسایەتییەکی نێو بەرهەمەکەدا ڕەنگ ئەداتە وە . کۆی مۆتیفەکانی بەرهەمێك دەشێ تێم یان واتای سەرەکی ئەو بەرهەمە پێك بهێنن. بۆ نموونە هەندێ لە مۆتیفەکانی شانۆنامەی هاملێت بریتین لە ئەشق ، پرسە ، خەیانەت ، کوشتن ، شەڕ ، پاشایەتی و دەسەڵات. کەچی تێم یان واتای سەرەکی ئەم بەرهەمە تـۆڵەیە .)) [2]

بەو واتایەی مەبەستی چیرۆکەکە چییە لەوەی هاملێت هەموو ئەو مۆتیڤانە هەن بۆ گەیاندنی مەبەستێك کە ئەویش ( تۆڵەسەندنەوەیە) و پێویستە ڕووبدات . زۆرجاریش وا ڕێك دەکەوێت بە جیاوازی ڕەگەزە ئەدەبییەکان بوونی ( تێم ) لە ڕووی چەندایەتییەوە دەگۆڕرێ ، دەکرێت بڵێین لەکورتە چیرۆکدا پێویستە یەك تێمی سەرەکی دەربکەوێت ، بەڵام بۆ ڕۆمان یان چیرۆکی درێژ یان داستان پێویستە لەتێمێکی سەرەکی زیاتر ببینرێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی ڕۆمیۆ وجولێتی شکسپیردا سێ تێمی سەرەکی دەردەکەون وەك(کۆمەڵگەیەکی دژ بەتاك ، هێز لە خۆشەویستیدا ، قەدەرێك کە هەر ڕوودەدات واتە چارەنووسێکی نەخوازراو)لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لەخوێندنەوەی جیاوازدا یەکێك لەوانە وەك (تێم)ی ئەو ڕۆمانە دەربکەوێت و ئەوانی دیکە وەك (مۆتیڤ )هاتبێتنە نێو ڕۆمانەکەوە و تەنیا هۆکاربن لە گەیشتن بە (تێم)ەکەی ، بەمەش دەکرێت بڵێین تاڕادەیەك بەنێویەکداچوونێك لە (تێم)و (مۆتیڤ)دا دروست دەبێت و ڕەنگ بێت بە ئاسانی لێك جیانەکرێنەوە ، کە ئەمە زۆرجار لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی هونەری گێڕانەوەشدا دەبینرێت .

### پەیوەندی تێم بە هەقایەت و فۆلکلۆرەوە :

بابەتی کورتەچیرۆك ئەو هۆیەیە کە نووسەر بیری بنەڕەتی چیرۆکەکەی لەناویدا حەشارداوە واتە لەڕێی بابەتەوە تێم دەخرێتە ڕوو، بە واتای ئەوەی ((بیرۆکەی سەرەکی یان بابەت The Theme هەر نووسەرێك کەکارێکی ئەدەبی دەنووسێت، مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەیەو دەیەوێت لەو دیووی وشەکانییەوە لەچوارچێوەی بابەتێکدا دەری ببڕێت، جا هەر نووسەرە وبەجۆرێك بابەتەکەی هەڵدەبژێرێت بۆ دەربڕینی ئەو مەبەستە، لە هەقایەتدا بەگشتی بابەت دێرینەو باس لە ڕووداوێکی مێژوویی یان بەسەرهاتێکی وا دەکات کە دەمێك بێت ڕووی دابێت. ڕووداوەکانی هەقایەتیش لە دەوری ئەو بابەتەوە خوول دەخۆن وحیکایەتخوان یان حیکایەتنوس ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی کەوا ڕەنگە بووبنە فۆلکلۆر بۆخوێنەر یان گوێ گران دەگێڕێتەوە، بەڵام لەچیرۆکدا بەگشتی کێشەیەکی هاوچەرخ دەکرێتە بابەتی چیرۆك، جا گرینگ نییە ئەو ڕووداوە بەڕاستی ڕووی دابێت یان نەء لەگوینە ڕووداوی لەو بابەتانە پاشەرۆژ ڕووبدەن.)) [3] .

---

١- پرینسیپەکانی ئەدەبناسی بە راورد ، وەرگێڕانی لە روسییەوە : ئەنوە ر قادر محە مە د ، ل ٩٢

٢- فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی ، ئەدەب-رەخنەی ئە دەبی-تیۆری ئەدەبی، بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، ل ٦٣

٣- جیاوازی نێوان هەقایەت وچیرۆك ، ئازاد حەمە شە ریف ،گۆڤاری ڕامان ،ژ١٦ ، ساڵی دووەم تشرینی یەکەم ، ١٩٩٧، ل ٥

بەوشێوەیە ئەو سەردەم وقۆناغەی نووسەر تیایدا دەنووسێت ،ئەوە هۆکارە کە نووسەر بۆ خاتری مەبەستێك بنووسێت ، ئەوەش کەوتۆتە سەرشێوەو ستایلی نووسینی چیرۆکنووسەکە لە دەربڕینەکانیدا ، وە قۆناغەکان هۆکارن بۆ تێمەکە- کامانەن؟ ، ڕووداوەکان- چین؟ ، کارەکتەرەکان –کێن؟ ...،کە گۆڕانکاری لە جۆری تێمەکان ڕوودەن ،لەگەڵ ئەوەشدا مانای مردن بۆ تێمەکانی ڕابردوو تۆمار ناکەن بەڵکو گۆڕانی سەردەم و هێنانە ناوەوەی شتی نوێ بابەتی نوێ بەدوای خۆیدا دەهێنێ ، بـە نموونە : لەسەردەمانێك باسی کلاّوی سەخرەجن و بەرماڵی فڕین و کۆتری نامەبەر کراوە . ئەمانە بۆ ئێستا بابەتی بەرامبەر لەیەك نزیکی هەیە وەك (چوونە سەر مانگ ، مۆبایل و ئینتەرنێت ....) تەکنەلۆژیا بە گشتی،دەشێ و دەکرێ بڵێین هیچ نامۆییەك لەمانەدا نابینرێت نزیکییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە ، کەواتە بەشێوەیەکە تەنها هۆکارەکان جیاوازن لەسەردەمەکاندا ،بەلاّم ئامانجەکان وەك خۆیانن و بۆ یەك مەبەستن.

تێمەکان لەرێی مۆتیڤەکانەوە* لەجیهانی ئەفسانەو فۆلکلۆری گەلاندا دەرکەوتوون ، بۆ نموونە مۆتیڤی (( ئاوێنەی سیحراوی ،شەڕی باوكو کوڕ ، ئەژدیهای ئاوی کانی و سەرچاوەی شارگر ...هتد) هەمیشەش لە تان وپۆی داڕشتنی بەرهەمەکەدا بەدیدێت.)) [1] لەهەموو سەردەم وبارودۆخێکیشدا میللەتی کورد لەکلتوور و کەلەپووری خۆی دانەبڕاوەو هەمیشە لەهەوڵی زیندووڕاگرتنی  شتێکی گرنگن کە ڕابردوویانەو ئێستا وداهاتوویان ئەپارێزێ، هەربۆیە چیرۆکنووسانی کوردیش بۆ تێمەکانیان سوودیان لەو ئەدەبە دەوڵەمەندە وەرگرتووە لە فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و ئەفسانەکان ، بەلاّم نەیانخستۆتە قالّبێکی هونەری بەرز ، بەڵکو فۆلکلۆر و ئەدەبی میللیان هەروەك خۆی زۆر لە چیرۆکنووسەکان بەشێوەی حیکایەتی گواستوویانەتەوە ناو بەرهەمەکانیان ، و (( پێویستە ئەوە بڵێین کە چیرۆکنووسانی ئەوسای کورد هەرهەموویان لەڕووی بەکارهێنانەوە وەك داڕشتنی قالّبە هونەری یەکەی سەرنەکەوتوونەو ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی سادە وساکار ڕواڵەتی ئەو بابەتانەیان وەرگرتووە و نەیان توانیوە شۆڕببنەوە دیوی ناوەوە وهێماو مەبەستە پڕ لە مانا قووڵەکانی ئەو هێمایانە ،کە گیانی فۆلکلۆر پێك دەهێنن ، وەربگرن و بە شێوەیەکی هونەری سەرکەوتوو بەکاریان بێنن .)) [2]

لەبەر ئەوەی ئاگاداربوون و هۆشیاری لە وەرگرتنی کلتوور و کەلەپوری هەر میللەتێك لە داهاتوودا دەبێت گیانێکی دیکەی بە بەردا بکرێت ، ئەگەرهاتوو خرایە نێو قۆناغی هونەرێتی و گیانی سەردەمی بەبەردا کرا ، ئەوەش گرنگە کە بگووترێت هەرگیز بابەت ڕەگەزە ئەدەبییەکان دروست ناکات  وە ناتوانین بڵێین ئەم بابەتە بۆ چیرۆك گونجاوە وبابەتێکی دیکە بۆ شیعر و بابەتێکی دیکە بۆ ڕۆمان ....  بەڵکو جۆری دەربڕینەکان جیاوازی دەخەنە نێو ڕگەزە ئەدەبییەکان هەروەك ڕۆلان بارت بۆ ئەفسانە دەڵێت: ((جۆری دەربڕین شت دەکات بە ئەفسانە نەك بابەت .)) [3] بەو واتایەی بابەت ڕەگەزە ئەدەبییەکان دروست ناکات ، بەڵکو بابەت تێمی ڕەگەزێکی ئەدەبی دەردەخات .

---

* Motif, motiv هۆ-باس –بیرۆکە –وشەیەکی فەرەنسییە ، لەبەرهەمی ئەدەبیدا یەکەیەکی ساکاری گۆڕانی سوژێتە  ، بڕوانە پرینسیپەکانی ئەدەبناسی بە راورد ، وەرگێڕانی لە روسییەوە : ئەنوە ر قادر محە مە د ، ل ٩٢

١- پرینسیپەکانی ئەدەبناسی بە راورد ، وەرگێڕانی لە روسییەوە : ئەنوە ر قادر محە مە د ، ل ٩٢

٢- بینای هونەری چیرۆکی کوردی ، لە سەرەتاوە تا کۆتایی جە نگی دووەمی جیهانی ، پە رێز سابیر ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠١، ل ٩٨

٣- ڕۆمان لە گۆشە نیگای جیاوازە وە ، سە لاح عومە ر ، بلاّوکردنەوەی موکریانی ، چ١ ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل ١٩

## تێم و پلۆت :

سەرەڕای ئەوەی باسکرا کە زۆرجار تێم لەگەڵ مۆتیڤ لێك جیاناکرێنەوە ، ئەم چەمکە دیسان بەهۆی بوونی ڕای جیاوازی لێکۆڵەران و ڕەخنەگران لێڵییەك لە چەمکی تێم بەدیدەکرێت لەگەڵ پلۆتیش کە بە نائاگایی لەبری یەکتر دانراون. لێرەدا لە جێی ماناو مەبەستی (تێم)، (بابەت) شوێنی گرتووەتەوە ، کە ((گەلێك جار خەڵکی بابەت و گرێچن تێکەڵاو دەکەن ، بابەت ناوەڕۆکی ڕۆمانە یان کورتە چیرۆکە بۆ نموونە (یەکێتی ، تۆڵەسەندنەوە ، ناپاکی ، خۆدۆزینەوە ) کەلەوانەیە بۆ وشەیەك یان ڕستەیەك ئەنجام بدرێت. بەڵام گرێ (پلۆت)کاری چیرۆکە ، ئەمەش پێویستی بە زۆرە بۆ کورتکردنەوەی .))[1] پلۆتیش لەسەر ڕێکخستنی هۆو ئەنجام پەیوەستە ، هەروەها((Sujet سوژێت ،حبکە ، محور، مدار ، تەوەرە— وشەیەکی فەرەنسییە مانای وەسفکردنی بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان و پەیوەندییان بەیەکەوە دەکات وچۆن لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا گەشەدەسەنن، یان لە فیلمێکدا...سووژێتی بەرهەمەکە ، هۆو ئامێرێکی زۆر گرنگی ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆك بیری نووسەرەکەیە. سوژێت وەك فۆرم خۆی دەنوێنێ، بەشێوەیەکی مەرجدار تەوەرەکانی ناوەوە ڕێکدەخات. بابەت Theme زیاتر گیانێکی گشتگیرانەی هەیە تا کۆنکرێتی.))[2] بێگومان تێمیش بە ڕەهایی چەقی نەبەستووەو بە گشتی لە هەموو ڕەگەز و وشەکانی نێو کورتەچیرۆکدا بەدی دەکرێت ، وە بە شێوەیەکە هەوڵ دەدات ئەوەی لە نێو چیرۆکدا بە هێڵی گشتی هاتووە ڕێکی بخات . وە پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان (تێم) و (پلۆت) ، ئەوەش بەوەی کە(( ئەگەر هەندێ کات ئەوەمان لێ هەڵە بێت پلۆت لەگەڵ تێم ، ئەم دوو مادەیە جیابکەرەوە لە مێشکی خۆت وادابنێ تێم ئەوەیە کە چیرۆکەکە دەربارەی چی بێت،لەگەڵ پلۆتیش وەکو بارودۆخێك کە ئەیهێنێتە سەر ئەوەی تیشکی بخەیتەسەر. لەوانەیە تۆ وابیر بکەیتەوە کە تێم پەیامێکە لەسەر چیرۆکەکە یان وانەیەکە ئەبێت لێوەی فێر بیت (بۆ فێربوونە) ، پرسیارێکە کەکراوە یان نووسەر هەوڵدەدات چیمان پێ بڵێت دەربارەی ژیان یان باری کۆمەڵایەتی مرۆڤ. وە پلۆت کردارێکە کە بەهۆی ئەمەوە ڕاستییەکان دەخرێتەڕوو.))[3]

سەرەڕای جیاوازییان پلۆت هەیە لە هەندێ چیرۆکدا لە شوێنی تێم دادەنرێت ئەمەش لەڕاستیدا هەڵەیە، تێم پرسیارە لەوەی چیرۆکەکە دەربارەی چییە؟ (تۆڵە سەندنەوە ، ناپاکی ، جیابوونەوەی دوو خۆشەویست ...). بەڵام گرێچن plot ئەو کردارەیە کە لەنێو چیرۆکەکەدا ڕووی داوە و بەشێوەیەکی زنجیرەیی ڕووداو بەدوای ڕووداو ڕادەکێشێ ، کەواتە پلۆت پێویستی بەوەیە کێشەیەك ، ڕووداوێك لە ئارادا بێت ئەو کاتە ڕووداوەکە وەك بەنزینە و چیرۆکەکەش کارخەرە ئەم کارخەرە پێویستی بەوەیە جووڵەیەك هەبێ ، هەر بۆیە ڕووداو ئەو ئەرکە دەبینێ و پلۆت دەخاتە جووڵە لە پێناو بەردەوامی کورتە چیرۆکەکە،و تێم بەردەوام چاودێری هەمووئەمانە دەکات کە چۆن پێویستە نمایشێکی پەردەپۆشراوانە بەخۆی بدات، تاوەکو لەکۆتایدا تێمەکە دەربکەوێت. ئەمەش هەروا بەئاسانی خۆی دەرناخات و پێویستە بۆ زیاتر تێ ڕامان و لێوردبوونەوە لە بابەتی چیرۆکەکە ، هێواش هێواش بە دوای ڕووداوەکاندا بڕۆین تا بگەینە ئەنجامێك ، ئەم ڕووداوانەش لە ڕێی ((گرێچن( تەون) پرۆژەی ڕێکخستنی ڕووداوەکانە بەشێوەیەکی هونەری، واتە کاتێك چیرۆکنووس ،

---

١- ڕۆمان وپیشەی ڕۆمان نووسین ، داینادا و بتغایر، ئەژی گۆران، بغداد ، دەزگای ڕۆشنبیری ، ١٩٨٢ ، ل ٢٩

٢- پرینسیپەکانی ئەدەبناسی بە راورد ، وەرگێرانی لە روسییەوە : ئەنوە ر قادر محە مە د ، ل ٩٢-٩٣

٣- http://grammar.about.com/od/tz/g/themeterm.htm.

باس له ڕووداوەكان  دەكات لەچیرۆكەكەیدا ، دەبێ بەردەوامی و جموجۆڵیان پێ بدات  بەشێوەیەكی هونەریانە بیانچێنێت، بەمەش ڕووداوە -كان ، بەرە بەرە گەورە دەبن تاكو دەگەنە ترۆپك ، ئەمەش پێی دەڵێن گرێچن یان (پلۆت) . سەرچاوەی دروستبوونی هەر گرێچنێك لە چیرۆكێكدا ، بوونی كێشەیەكە ، یان گەورە بوون و پەرەسەندنی ڕووداوێكە ...، دەبنە هۆی لەدایك بوونی گرێچنێك (پلۆتێك) ، كە گرێچنیش دروست بوو ، پێویستی بەچارەسەركردن دەبێ .)) [1]  زۆری ڕووداوەكانیش گرێچنی ئاڵۆز دروست دەكات ، گرێچنی ئاڵۆزیش لە ئەنجامی زیاتر لە ڕووداوێكی سەرەكییە ئەمە بۆ بەهێزی و زیاتر بیركردنەوەیەكی چڕی خوێنەرە كە ڕووداوی جۆراوجۆر و سەرەكییە ، كەلە چیرۆكەكەدا دەبینرێت ، بەڵام لە چیرۆكی منداڵاندا ئەم جۆرە گرێچنە پێویست نییە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە ڕۆدەچنە نێو (تێمی) بابەتەكان و (تێم)یش ئەركی هەیە ،كە لە ئەركە سەرەكییەكانی تێم گەیاندنی مەبەستێكە ، مەبەستەكە گەر لە ئەدەبی منداڵاندا بێت پێویستی بە ڕوونی و ئاشكرایی هەیە ، چونكە تێم لە بەرهەمی منداڵاندا بەتایبەت چیرۆك زیاتر بۆ ئامۆژگارییە . وە مەبەست لە چیرۆكی گەوراندا نادیاری و گەڕان بەدوای تێم دا لە بایەخی بەرهەمە ئەدەبییەكە زیاد دەكات . هاوكات بایەخی كورتە چیرۆك لەسەر تێمەكەی لەنگەر دەگرێ ، ئەو نا ڕوونییەش بە دواگەڕان  بە دوای خۆی دێنێ كە خودی تێم ( بیرۆكەی ناوەندی  یان بەدواگەڕانی بیرۆكەكەیە لەكارێكی ئەدەبیدا((John Gardner)  ئەوەی داناوە كە : "مانای تێم مەبەستمان پەیام نییە ... وشەكە نووسەرە باشەكان ئارەزوویان لێ نییە بە ئاشكرا لەكارەكانیان دایبنێن ...بەڵام لەبابەتە گشتییەكاندا دەردەكەون ، وەكو گفتوگۆیەكی ئێوارەیی كەلەوانەیە بە ئەندازەی جیهان فراوان بێت ".)) [2] ئەم گفتوگۆیە كە تێمێكی هەیە ، پێویستی بە پلۆت هەیە ئەوەش ((تەنها پێكهاتووی ڕووداو نییە بەڵكو كاركردنی چیرۆكنووسە لەسەر دۆزینەوەودانانی باشترین مۆدێل بۆدانان و پەیوەستكردنەوەی ڕووداوەكانی ناوئەوبیرۆكەیەی هێشتا نەبۆتە چیرۆكو، لەڕێگای پێكەوە چنینی توخمە بونیادنەرەكان و هەڵبژاردنی ڕووداوەوە بونیاد دەنرێ . ئەمەش بەمانای داڕشتنی پلۆت دێت ، بەر لەنوسین .)) [3] چیرۆكنووس پێشوەخت لەسەر ڕووداوەكانی كار دەكات ،چ لە پەیوەستكردنی ڕووداوەكان بەیەكەوە و چ لە پەیوەستكردنی بە تێمی كارەكەی ،چونكە ئەو چنینەی كە بەكاری دەهێنێت نزیكییەك دروست دەكات بۆ بەستنی مۆتیڤەكانیش لەو ڕێیەوە (تێم) بە خۆی و دەلالەتەكانییەوە لە مۆتیڤەكان دەردەكەوێت .

دیارە((هەر چیرۆكێك ئامادە كراوە بۆ خوێندنەوە لەموڵكی نووسەرەوە بۆتە موڵكی خوێنەر، پێكهاتووی ڕووداو یان ڕووداو گەلێكە،كە ڕێكەوت و لەخۆوە نییەو ڕاستەوخۆ گواستنەوەی ڕووداو نییە بەشێوەی هەبوونی ناو واقیع یان ناو زەینی نووسەر،بەڵكو پێكهاتەیەكی تەواو ئامادەكراو ورێكخراوە،چیرۆكنوس پاش دانانی ڕووداوەكانو بیرلێكردنەوەیان لەسەر بنەمای مۆدێلێكی نمونەیی پەسەندی خۆی ڕووداوەكان بەئامادەگی بنەماكانی تری (كارەكتەر،شوێن وكات ،تێمە و...)لەپاڵ یەكدا ڕیزدەكات ،بەمەش ڕووداوە سەرەتاییەكەی زەینی وەك كەرەسەیەكی خاو خستۆتەگەر تا بەهونەركاری و جوانیناسی چیرۆكێكی لێ سازاندووە ، ئەم ڕیزكردن و چنینی ڕووداوانە پێیان دەوترێت پلۆت .)) [4]

---

١- دە روازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی كوردی ، د.هیمداد حوسین ، بڵاوكردنەوەی موكریانی ، چ٢ ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل١٤٧

٢- http://fictionwriting.about.com/od/glossary/g/theme.htm.

٣- پلۆت لە چیرۆكی كوردیدا ساڵی(١٩٩٥-٢٠٠٥)، بوشرا قادر كاكە محەمەد ، نامەی ماجستێر، زانكۆی سلێمانی، ٢٠١١، ل٢٠

٤- سەرچاوەی پێشوو  ، ل ١٢

پێویستە تێم و پلۆت لەنێو چیرۆکدا هەبن ، و هەریەکێکیان تەواوکەری ئەوی تریانە کە بە تەنها لەچیرۆکدا نا تەواو دەبێ هەردووکیشیان پێکەوە لەگەڵ توخمە بونیادنەرەکانی دیکە چیرۆکێکی هونەری دەخەنەوە . وە ئەو کێشانەی کە دەکەونە چیرۆکەوە گەڕان بە دوای چارەسەرییان بەشێکە لە چێژی چیرۆکەکە و کە ئەمە لە کورتە چیرۆکدا بەزۆری لە کۆتاییەکەیدا دەردەکەوێت لە ڕێی هۆ وئەنجامەکانەوە کە پلۆت لەوێدا بەکارایی کاردەکات لە پێناو خزمەتی تێمی چیرۆکەکەدا،وە((گرێچن پێویستە لەسەر مەبەستێکی ئاشکرا بنیات بنرێت ئەو کەسانەی کە دەکەونە هەڵوێستێکەوە پێویستی بەچارەسەرکردنێکی گورج و گۆڵ هەیە ئەم هەوڵ و تەقەلای چارەسەرکردنە چێژی چیرۆکەکە خۆشتر دەکات دیارە گرێچن جیاوازە وەك لە کورتیلە چیرۆکدا ڕووداوی لاوەکی و دەرەکی کەم تێدەکەوێت ئەگەر هەشبێت ، لەبابەتە سەرەکییەکە دەرناچێت .)) [1]

بەمەش پلۆت پەیوەندی هەیە بەو ناکۆکییانەی کە لەنێوان کارەکتەرەکان ڕوودەدات ، پلۆتیش(( کاروکردەی پێکدی بەستراوە کە زۆر بە وردی پلانی بۆ کێشراوە بە هۆی ململانێی هێزە ناکۆکەکانی بەرەو پێش دەچێت تا دەگاتە ترۆپك و کۆتایی هاتن . جا ئەو زنجیرە کاروکردانەش کۆمەڵێك ڕووداو دەرسکێنن و لەئەنجامی میکانیزمی هۆو ئەنجام بەرەو پێش دەچن ... ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە عەقڵو لۆژیك لەو دیوەوە بەسەر ڕووداوەکاندا زاڵن .)) [2] لێرەشەوە (تێم)ەکە هەڵگری نەمرییە بۆ چیرۆك و گیانی بابەتی کورتە چیرۆك و ڕەگەزە ئەدەبییەکانی دیکەیە، لەگەڵ پلۆت پێکەوە هاوشانن لە کاتێکدا کە گونجاندن و ڕێکخستنی بەشەکانی جەستەی چیرۆك تاوەکو بەرێکی جوولە بکات لە ئەستۆی پلۆتە . ڕاستە پلۆت لەسەر هۆو ئەنجام وەستاوە ، بەڵام ئەمە مانای ڕێکخستن بەپێی کاتی ڕووداوەکان نییە . ئەرەستۆش لەو بارەوە ڕایەکی هەیە کە((چنین لە کردەوە و بیرکردنەوەو هەست و نەستی کەسەکان دروست دەبێ، هەموو شانۆگەرییەك چنینی هەیە بەو مانایەی کە چنین ڕیزە ڕووداوێکە بە پەیوەندی هۆوئەنجام بەیەکەوە بەسراونەتەوە .) [3] ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە دەوترێت ( تراژیدی یۆنانی پلۆتێکی تەواوی نەبووە هەندێ لە تەماشاڤانان پێشوەختە خاڵە گرنگ و سەرەکییەکانی چیرۆکەکەیان دەزانی ، و زیاتر بۆ دینی ئەمە دەهاتن کە بزانن ئامادەکاری شانۆنامەکە چۆن بابەتەکەی بەرهەم هێناوە نەك بۆ دیتنی ئەنجامی چیرۆکەکە .)) [4]

واتە زیاتر بەدوای تێمی چیرۆکەکە گەڕاون،چونکە هەر خۆ ئامادە کردنێکی نوێی شانۆنووس یان چیرۆکنووس بۆبابەتی کارەکەی تێمەکە بەشێوەیەکی نوێ و زیندوو جیاواز دەخاتەوە . پلۆتیش دێت و زیاتر ئەرکی دەرخستن و گەیشتنە بە ئەنجامی چیرۆك ، چونکە هەموو نەخشەیەك پێشتر تاووتوێ کراوە تاوەکو بتگەیەنێتە خاڵی کۆتایی وئەنجام .وە زانینی ئامادەکاری بۆ یەکێ لە ڕەگەزە ئەدەبییەکان بۆ ئەوەی بزانرێ چۆن بابەتەکە بەرهەم هێنراوە ئەمە گرنگە ، چونکە هەر خۆ ئامادە کردنێکی جیاواز بۆ (تێم)ەیەك ، بەرهەمێکی ئەدەبی نوێ دەخولقێنێت .

((کاری چیرۆکی کۆمەڵە ڕووداوەکانە کەلەگرێچندا ئاڵۆز دەبێ،نووسەریش لە ڕووداوەکاندا دەیچنێ، ڕووداوەکانیش بەنێو یەکدا دەچن و تێمی چیرۆکەکەمان بۆ دروست دەکەن لەسەرەتا تا کۆتایی" پلۆتیش کاری چنینی ڕووداوەکانە لە

---

١-کورتیلەچیرۆکی کوردی لەباشووری کوردستاندا(١٩٧٠-١٩٧٩)،ئازاد محەمەد سەعید،نامەی ماجستێر،زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨ ،ل١٢

٢- جیاوازی نێوان هە قایە ت وچیرۆك ، ئازاد حەمە شە ریف ، ل ٦٠

٣- هونە ری شیعر (شیعرناسی) ، ئە رە ستۆ ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی وپێشەکی وپە راوێزی :عەزیز گەردی ، ل ١٥٠

٤ -مێژووی ئەدەبیاتی جیهان،ئەدەبیاتی کۆن وسەدەکانی ناڤین، بوکنەر ب.تراویك، و:حەمەکەریم عارف ،چ١،دهۆك،٢٠٠٨،ل٨٦

-بەرگێکی هونەریدا لەسەرەتای زەمینە خۆشکردن بۆ ڕووداوەکان دەردەکەوێت، چنین کێشەیەکە لەناو ڕووداوەکاندا لەکۆتاییی دا چارەسەری کێشەکە دەکات.)) [١] پەیوەندی هەیە بەبیناکردنی چیرۆکەوە لەگەڵ تێمەکەی.کە ناکرێ لەیەکتر دوربخرێنەوە ((هۆی هەڵبژاردنی هەر ڕووداوێکیش لای چیرۆکنووس گەیاندنی مەبەستێکی دیاری کراوە ئەومەبەستە تیم Themeی چیرۆك دەنوێنێت)) [٢] ، بۆچوونەکان جیاوازن و بیری نوێ دەخەنە بەر دەست ، هەروەك دکتۆر رشاد رشدی پێی وایەکە:((ئەوە هەڵەیە کە بڵێین چنینی چیرۆك جیایە لەبیناکردنی لەبەرئەوەی چنینو بیناکردنی یەك شتن، کورتەچیرۆك یەکەیەکی سەربەخۆیە وقەوارەیەکی خودی هەیە ناتوانین بەش بەشی بکەین بۆ بیناوچنین.)) [٣] ،هەندێك لە ڕەخنەگران گرنگیان بە (تێم) نەداوە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بەتایبەت لە چیرۆکدا ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پێیان وابووە تێمەکان سنووردارن هەرلەڕۆژگاری سەرەتای نووسینەوە تا ئەو کاتەی نووسین بەردەوامە هەر ئەو کۆمەڵە تێمانەن دووبارە دەبنەوە، بەلاّم وەلاّم بۆئەوان ئەوەیە کە هەڵەن لە دیدو تێڕوانینەکانیان. ڕاستە تێمەکان سنووردارن لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سنوورداربیە نرخ وبەهای تێم بەشکۆمەندی دەهێڵێتەوە؛ ئەوەش بەهۆی ئەوەی کاتێك هەر دەقێك دەنووسرێت، بیرێکی بنەڕەتی تێدایە(تێم) ، ئەوە تەنها دووبارەبوونەوەی تێمەکانی پێشتر نییە، بەڵکو دووبارە بەرهەم هێنانەوەی تێمی بابەتەکانە. لەمەوە تێدەگەین کە بابەتێکی میللی یان فۆلکلۆری کەلە ئێستادا بۆ دەقێك بەکاردێت ؛خۆبەخشینمان نییە بە ڕابردوو، دەکرێ بڵێین تەنیا ئەوەیە تێمی بابەتەکە بۆ ئەم سەردەمەی ئێستاش پڕاوپڕیەتی و شوێن دەگرێت و((ئەو بابەتەیش کە چیرۆکنووس هەڵیدەبژێرێ مەرج نییە نوێ بێ وهیچ چیرۆکنووسێکی دی بەکاری نەهێنابێ،یابەلایدا نەچووبێ. گرنگ بابەتەکە چۆن وەردەگیرێ، یا چۆن دەخرێتە ڕوو.ئایا لەمرۆڤ و دەردو مەینەتییەکانی، لەکێشە ئەزەلییەکان دەدوێ، یان نا. لە ئەدەبدا بابەتی کۆن و نوێ نییە، ئەوەی دەگۆڕێ بیروبۆچوون و دنیابینیەکانە، لەمرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێ وجیاوازی دەکەوێتە نێوانیان. بەپێی گەشەکردن وپێشکەوتنی کۆمەڵگاکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێ. ئەوەتا خۆشەویستی و ئەشق و مردن و ترس و دلەڕاوکێ و نیشتیمان پەروەری و رق وکینەو ئیرەیی ودەیان بابەتی دیکە تا ئێستا وەك خۆیان ماونەتەوەوکاریگەری خۆیان بەسەر مرۆڤەوە هەرماوە. بۆ نووسەرانی کورتەچیرۆك و ڕۆماننووس وشاعیروهونەرمەندان بوونەتە دەیان بەرهەمی دانسقەو بەپێز.)) [٤]

دەتوانین بڵێین بابەتەکە کەوتووەتە سەر ئەوەی چۆن دەردەبڕێت ، واتە چۆن بیرێك ئەو بابەتە نمایش دەکات ، وە بیری خوێنەریش چۆن ئەو بابەتە وەردەگرێت بەو پێیەی ناکرێ (بابەت و بیر) لەیەکتر جیابکەینەوە بەو پەیوەندییە نزیکییەی کە هەیانە بۆ ڕومالکردنی تێم لە کورتە چیرۆکێکدا؛ بابەت شتێك نییە بڵێین ئەم بابەتە (کۆن)ەو بۆ سەردەمی ئێستا نابێت، ڕەنگە لێرەدا پرسیاری ئەوە بکرێت ، بۆنموونە لە ئێستادا ناکرێ باسی بابەتێکی وەك شۆڕشی شاخ بکەین ، ڕاستە شۆڕشی شاخ نەماوە ، بەلاّم هەڵگری خاسییەت و تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی شاخ لە شێوە و ڕەنگی دیدا لێرەو لەوێ بەدیار دەکەوێت . ئەوەش ڕێگەپێدان لەسەر زاراوەی کۆن ونوێ ڕەت دەکاتەوە لە بەرامبەر -

---

١- منبر حر للثقافة والفكر والأدب /الرواية العربية نشأتها وتطورها
http://www.diwanalarab.com/spip.php?anicle٢٢١٤٤.

٢- بینای هونە ری چیرۆکی کوردی ، لە سە رە تاوە تا کۆتایی جە نگی دووەمی جیهانی ، پە رێز سابیر ، ل ٨٩

٣- فن القصة القصيرة ، دكتور رشاد رشدي ، ط٣ ، مكتبة الآنجلو المصرية القاهرة ، ١٩٧٠ ، ص ١٤٩

٤- رۆمان لە گۆشە نیگای جیاوازە وە ، سە لاح عومە ر ، ل ٨١-٨٢

(تێم)دا ؛ تێمی بابەتەکان نەمرن و وەك خۆیانن،ئەوە عەقڵیەتەکانن کە دەگۆڕێن لەگەڵ سەدە و سەردەمی نوێ و هەر هەمان تێم دەتوانرێ لە هەر سەردەمێك بەشێوەیەکی نوێ دەربڕێت و گوزارشتی لێبکرێت . ئەمەش نەك تەنها بەپێی سەردەم ،بەڵکو هەر نووسەرە و بەستایل و مۆدێلێك ؛ تەنانەت هەر هەمان نووسەر دەتوانێت لەچەند کارێکی ئەدەبیدا یەك ( تێم )بەکاربهێنێت و هەرجارە و بەستایلێك ،هەروەها تێپەڕاندنی بیر و مەبەستێك بە ئاوەزەکاندا جیاوازە ؛ بەنموونە گەرلە قورئانی پیرۆزدا تێرامان بکەین کە مەبەستەکانی دوای وشەکان بخوێنینەوە ،دەبینین گەر بەعەقڵێکی گەورە و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو گوزەربکات ئەوا تەفسیری دروستی بۆ دەکرێت و دەنرخێنرێت ؛وە گەر بە عەقڵێکی بچوکی بیرتەسکیشدا گوزەر بکات ئەوا هەمان تەفسیری نابێت .

تێگەیشتن وخوێندنەوە وامان لێ دەکات بەدوای مانای چیرۆکەکاندا بگەڕێین،ماناکانیش چیرۆکنووس دەیداتە خوێنەر بە ئاشکرایی یان بە لێڵی بەهۆی هێما و جەفەنگەوە کە تێمی کورتە چیرۆکێکە. (( Theme دەمانباتەوە بۆ(مانای- ئەدەبی) بەو چەمکەی ولیەم ڕای لەنێو ڕەخنەی نوێدا گفتوگۆی پڕ لەئەنجامگیری لەسەر دەکات. واتە(ثیمە) لە (مانا) ە وە لەدایك دەبێت، مانای ڕوون ثیمەی ڕوونمان دەداتێ ، بەڵام مانای نادیار یا شاراوە و ناڕۆشن ثیمەی لێڵ و نائاشکرا -مان دەداتێ، کەواتە لەم حاڵەتەی دواییاندا( خوێندنەوە ) بۆخۆی ( ثیمە ) دەردەهێنێت .)) [1] بەشێوەیەك هەرکاتێك بابەتێك دەخوێنیتەوە بەبێ چەند و چوون تێمێکت لەلا درووست دەبێت ؛ کە لەئەنجامی خوێندنەوەی هەر کەسێکە بە دنیابینی خۆی بۆ شتەکان ، چونکە مانایەك دەچێتە هزری خوێنەرەوە ، ((سەرچاوەی چیرۆك هەرچی یەك بێت دەربارەی بابەتێکی دیاری کراوە، ئەوبابەتە بیرێکی سەرەکی دیاری کراوی تێدایە مەبەستی چیرۆکنووس گەیاندنی ئەو بیرەیە کە هەموو مانا و مەبەستی چیرۆکەکەی لەسەر وەستاوە و تیمی چیرۆکەکە پێك دەهێنێت .)) [2] خودی خوێندنەوەش گەیشتنە بە مەبەستە ئاشکراو پەنهانەکان .

## بوونی (تێم) لە ڕووخسار و ناوەڕۆکدا

سەرەتا دەرکەوتنی تێم لە ناوەڕۆکدا هەستی پێدەکرێت ، سەرەڕای ئەوە پەیوەندیشی لەگەڵ ڕوخسار دوورە پەرێز نییە ، لەبەرئەوەی هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی بەهۆی ڕوخسار و نـاوەڕۆکەوە هونەرێتی خۆی دەپارێزێت ؛ نـاوەڕۆکیش (( هەرچەند بەهایەکی زۆری هەبێت ، ئەگەر نەخرێتە قاڵبێکی ئەدەبی وهونەری جوان ، ناتوانێت بەتەنیا نرخی ئێستاتیکا بەبەرهەمە ئەدەبییەکە ببەخشێت ، چونکی نووسەر بێژەرێکی نێو کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفیزۆن نییە هەواڵ بگەیەنێت ، بەڵکو کەسێکە ئەوەی کە دەیەوێت بیلێت بە شێوازێکی جوانی ئێستاتیکیانە دەخاتە نێو ڕوخسارێکی هونەری و ڕواڵەتێکی جوانی پێ دەبەخشێت. وە بەشێوەیەك بابەتەکە یان ناوەڕۆکەکە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری نێو چیرۆکەکە هاوتا بێت و هەماهەنگی پێك بهێنێت و ، لەکارێکی هونەری جواندا بخرێتەڕوو .)) [3]

کەرەسە پێکهێنەرەکانی چیرۆك و(ڕوخسارو ناوەڕۆك) پەیوەندییەکی بەناویەکداچوویان لەگەڵ یەکتر هەیەو هاوکێشە-کە پێکەوە تەواو دەکەن ، بەڵام ((هەڵبەت شێوە بە یارمەتیی کەرەستەکانەوەیە کە دێتەدی و لەواندا مسۆگەر دەبێ ،

---

[1] - ئە زموونی خوێندنە وە ، چەند لاپە ڕە یە کی ڕە خنە یی ، نە وزاد ئە حمە د ئە سوە د ، ل ٧٢

[2] - بینای هونە ری چیرۆکی کوردی ، لە سە رە تاوە تا کۆتایی جە نگی دووەمی جیهانی ، پە رێز سابیر ، ل ١٠٠

[3] - دە روازە یە ك بۆ ڕەخنەی ئە دە بی نوێی کوردی ، د.هیمداد حوسین ، ل ١٣٣ ، ١٣٥

بەڵام ماناکەی لەکەرەستەکان تێدەپەڕێ. ماناو واتای شێوە بۆ ناوەڕۆك دەگەڕێتەوە نەك بۆ کەرەستەکان.کەواتە دەکرێ بوترێ شێوەی پەیکەرەیەك لەڕاستیدا بیچمی بەردی مەڕمەڕ نییە و بەڵکو برێتییە لە بیچمی جەستەی مرۆڤ .)) [1]

تێم لەبەرئەوەی لەڕوخساردا بە (بابەت) دەردەکەوێت و لەناوەڕۆکدا (بیر) ێکە ، هەر بۆیە کارەکە دەبێتە سێ تەوەرە و ناونانی Theme بە (بابەت) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەبەر ئەوەیە کە خوێنەر چیرۆکێك دەخوێنێتەوە ئەوەی کەبەرچاوی دەکەوێت و بەدەستی دەگات (بابەت)ە ئیدی لە بابەتەوە هەنگاو دەنێ بۆ تێگەیشتن لە(تێم) ی چیرۆکەکە ، هەر لەبەر ئەمەشە کەهەندێك لە ڕەخنەگران لەکەم تێگەیشتنی خۆیانەوە بابەتیان لەبەرامبەرTheme ی ئینگلیزی دادەنێن یاخود بەو سیفەتەی کە چیرۆکنووس ئامانجی گەیاندنی (بیر)ێکە ، ئیدی بیر لەپاڵ Themeدادەنێن ؛ لە ڕاستیدا تێم لەنێوان ئەو دووەدایە و هەڵگری (واتای سەرەکییە) لەدەوری یەك ناوەڕۆك دەسوڕێتەوە لە کورتە چیرۆکێکدا و بەگۆڕانێکی کەم بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی دیکە .

لێرەدا بەوردی لەم هێڵکارییەدا دەیخەینەڕوو وە ئەوەی کە گرنگ بێت دوو هێڵە سەرەکییەکەن ئەوانەش (چیرۆکنووس و خوێنەر) ن :

هێڵکاری (١)چیرۆکنووس

بیری بنەڕەتی(تێم) ←بابەت ←*بیرۆکەی سەرەتایی

هێڵکاری (٢)خوێنەر

بیری بنەڕەتی(تێم) ←بیرۆکەی سەرەتایی ←بابەت

ئەوەی گرنگە ئەوەیەکە نووسەر(چیرۆکنووس) سەرەتا (بیرۆکە)یەکی بۆ دێت پاشان دەیکاتە (بابەتی) چیرۆکێك وپاشان واتای سەرەکی لای نووسەر ئاشکرا دەبێت ودەبێتە پەیامێك تا بیگەیەنێتە خوێنەر،بەڵام لەلای خوێنەر(توێژەر)کارەکە پێچەوانە دەبێتەوە ؛ بەو واتایەی کە خوێنەر سەرەتا لەخوێندنەوەی چیرۆکێکەوە لە(بابەت)ەوە دەست پێدەکات پاشان دەگاتە (بیرۆکە)یەك ، ڕەنگە هەر ئەوەی کە چیرۆکنووس بە هۆشیدا هاتووە ؛ یان لەوانەیە خوێنەر بیرێکی نوێی تیادا بدۆزێتەوە و ئاشکرای بکات کە پێویستە بگاتە(تێم)ەکە کەچیرۆکنووس مەبەستی بووە بیگەیەنێت .

چونکە (( هەموو دەقێکی ئەدەبی خاوەن پەیامێکەو ، هەموو پەیامێکیش زیاتر لە ڕێی بابەتی دەقەکەوە بەرجەستە دەبێت . هەر چیرۆکێکیش بە حوکمی ئەوەی حیکایەتێك دەگێڕێتەوە خاوەن بابەت و ناوەڕۆکی خۆیەتی ، بۆیە یەکێك ...لەخەسڵەتەکانی کورتە چیرۆك هەمە چەشنی بابەتەکانی. هەردوو لایەنی ناوەڕۆك و بابەت دەبنە دوو ڕووی ئاوێنەی چیرۆك بۆ ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی چیرۆکنووس لەبارەی کێشەو ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی کە هەرکۆمەڵێك خاوەن چەندین تەنگوچەڵەمەی خۆیەتی ، هەندێکی کۆنە و دووبارە دەبێتەوە و هەندێکی دیکەیان بەپێی ڕۆژگار تازەن.)) [2]

بۆ ئەمەش دەکرێ سوود لە میتۆدی تێماتیك وەربگیرێت ، کە (( هەوڵدانێکە بۆخستنە ڕووی سەرجەم ئەو بنەمایانە کەدەقی لێپێکهاتووە؛ لەڕێگای ئەم بنەمایانەوە لەبیرکردنەوە ودونیای هەستی خاوەنەکەی،واتە نووسەرەکەی تێدەگەین. دەتوانین پەی بەو هۆشیارییە بەرین کە ئەم بنەمایانەی ڕێکخستووە ، لە چۆنییەتی و ماهیەتیانەوە قسە-

---

١-سەودای وتووێژ، پێکەنین وئازادی، میخاییل باختین، و: د.بەختیار سەجادی ،بڵاوکردنەوەی موکریانی،چ١،دهۆك،٢٠٠٨، ل١٣٥

* توێژەر / دەکرێ لە جیاتی بیرۆکەی سەرەتایی بگوترێت (کەرە سەیەکی خاو) ، جا یا لەواقیع وەرگیراوە یان زادەی خەیاڵە .

٢- دە روازە یە ك بۆ ڕەخنەی ئە دە بی نوێی کوردی ، د.هیمداد حوسین ، ل ٢٠١

بکەین.ئەم خوێندنەوەیە بەیەك رچەدا تێناپەڕێت،واتە لەخوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دی دەگۆڕێت ، هەر وەك لە ڕەخنەگرێکەوە بۆ ڕەخنەگرێکی دیش دەگۆڕێت . ئەوەی گرینگە ئەم ئاڵوگۆڕەیە کە لە کاتی خوێندنەوە بەسەر هۆشیارییدا ، دێت ، هۆشیاری سەبارەت بە دەقێکی دیاریکراو .)) [١]

دیارە لە ڕێی تێمی دەقەوە دەردەکەوێت کە چیرۆکنووس بۆ بیناکردنی چیرۆکەکەی ئەو بنەمایانەی لە چیرۆکەکەیدا پشتی پێدەبەستێت کامانەن ،وە ئەو بنەمایانە هۆکارن لەئاشکراکردن یان ڕوونکردنەوەی تێمەی کورتەچیرۆکەکە، هەروەها لە توانا وسەلیقەی نووسەرەکە وئاستی چیرۆکنووسینی تێدەگەین وهەروەها لەوەش تێدەگەین کەچیرۆکنووس بنەمای چیرۆکەکەی لەسەرواقیع یان خەیاڵ مەزراندووە.(( گەر بابەت ڕاستەوخۆ بدرێتە خوێنەرکەواتە هیچمان نەکردووە،جوانی چیرۆك لەوەدایە کەخوێنەر بۆخۆی ورد بەشوێن بابەتەکە بگەڕێ . بابەت ئەکرێ لەدەقێکدا بە شێوەیەکی هونەریانە دەستەبەر بکرێ ، تا خوێنەر زیاتر پابەندی خوێندنەوەی دەقەکە ببێ ، خۆ ئەگەر هەر لەسەرەتای دێڕەوە بابەتەکەت دایە خوێنەر ئەوە نابێتە دەقی چیرۆك بۆچی خوێنەر ئیتر وشە وشەی چیرۆکەکە بخوێنێتەوە . )) [٢] هەروەها توێژەر یان ڕەخنەگر پێویستە پرۆسەی کارەکەی لەسەر چەند ئاستێك دابمەزرێنێ لەوانە ( ئاستی ناوەڕۆك ، ئاستی هزری ، ئاستی ڕووداوە هونەرییەکان ) ، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئاستی هزرییە ، و ((لەئاستی هزریدا : ڕەخنەگر هەوڵی ئاشکراکردنی هزری هونەرمەند دەدات تا ئاستی بونیاتی کارە هونەرییەکان لەسەر چ بیرۆکەیەك دامەزراوە . ئەمە ڕەگ و بناغەیە بۆ چونە ناو کەشفکردنی پەیوەندی هێما نمایشکراوەکان .)) [٣]

هەرچەندە ئێمە باس لە ناوەڕۆك دەکەین و لەوێ لەنگەری باسەکەمان ڕاگرتووە ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە ڕووخسارو فۆڕمی ئەدەبی دانەبڕاوین ؛ چونکە هەر کارێکی ئەدەبی گەر بمانەوێت بە پراکتیکی کاری لەسەر بکەین نابێ دابڕان هەبێت لە ناوەڕۆك و ڕوخساردا ؛چونکە هەردوکیان ڕووی یەك دراون بەتەنها کارکردن لە یەکێکیان هاوسەنگی کارەکە ڕاناگرێت ، و(( زاراوەی فۆرم ناوێکی دیکەی کاری هونەریەو گوزارشت کردنە لە هەست بە پێی بۆچونی کروتشە.کاری هونەری هەڵچونێکی تەواوی ناوەکی (ناخی مرۆڤە) نەك هەڵچونی دەرەکی کە بەکاری هونەری ئەژمارد ناکرێ. فۆرم ناوەرۆکە ، چونکە کاتێك هونەرێك نومایش دەکرێ بەواتای فۆرم و ناوەرۆك . پێشکەش دەکرێت بەو مەرجەی هەست بکەین کە ناوەڕۆك فۆرمێکە و ئەو فۆرمەش پڕدەبێت . هەست کردن ئاوێتەیەکە لەهەست و فۆرم ، فۆرمیش شێوازێکە لە هەست .)) [٤]

ناساندنی (تێم)یش پێویستە بۆ تێگەیشتن لە مانای کاری هونەری ؛ کە لە پێناسەکەوە، ئەم دوو مانایەی هەیە((واتایی ،مانای ریشەیی(بنەڕەتی) ) لەکارەکە. بۆ بڕیاردان سەبارەت بەکارێك کە بزانیت باشە یان خراپە وەکو هونەر، ئەبێت تێمەکەی بزانیت ، لەکاتێکدا هەڵسەنگاندنی لایەنی ئیستاتیکایی (جمالی) پشت ئەبەستێ بەوەی چۆن وردەکاری کارەکە پێکەوە ئەبەستی بۆ ئەوەی تێم دەربکەیت .)) [٥]

---

١- میتۆدی تێماتیك ، بابەتگەرا ، ئەحمەدی مە لا ، ل ٣

٢- ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەخۆم ناڵێم چیرۆکنووس ، ژیان نوری و نەجات نوری، پاشکۆی ئەدەب وهونەر، ژ٢٩٥، ٢٠٠٢/٨/١

٣- ئامالّی ڕەخنە و داهێنان، لێکۆڵینەوەی هونەری ، ڕزگار سەعید،چاپ و پەخشی سەردەم ، چ١، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، ل ١٧

٤- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٤

٥- http://www.forgottendelight.com/essay/Annotated٪٢٠Art/٠١ Oedipus sphinx.htm.

وەك دەردەكەوێت بۆ تێگەیشتنی زیاترلە تێمیش ؛ (( بەدواداچوونی پلۆت plot لە كورتە چیرۆكدا شتێكی باشە، بەلاّم وریایی خوێنەر ئەتوانێ (تێم)ی چیرۆكەكە بناسێت. وەك ئەوەی تێم پەیامێكە نووسەرەكە بەكاریدەهێنێت لەچیرۆكدا بۆ ئەوەی خوێنەرەكە بگات بە ژیان بەشێوەیەكی گشتی . تێگەیشتن لە تێم ئەوە بە خوێنەر دەدات كە ئاستێكی بەرزتر دابنێت بۆ بەرز نرخاندنی كورتە چیرۆكێك .))[1] ، واتە بەهۆی (تێم) كارێكی ئەدەبی باشتر دەنرخێنرێ و لەرێیەوە زیاتر دەتخاتەسەر كارەكە ، ئەم رەگەزە گرنگەی كورتە چیرۆك هاوشانە لەگەلّ پلۆت و كارەكتەر هەر لە سەرەتای رەوتی دەستپێكی كورتە چیرۆكێكەوە . (تێم)یش سەروسەودای لەگەلّ كارەكتەر و رێكخستنی رووداوەكان هەیە بەشێوە هونەرییەكەی كە گرێچنەكەیە ، تێم بەشێكی گرنگە بۆدروستكردنی نووسینی ئەدەبی ، نووسەر (چیرۆكنووس) هەموو هەولّ وتواناكانی لەدەوری چیدا دەسورێنەوە لە كاتێكدا گشتێنرابێت ، زۆرجار وا رێك دەكەوێت كە تێمێك دەبێتە هۆی هێنانە ناوەوەی چەندین مۆتیڤ بەدوای خۆیدا لەهەمان چیرۆكدا . ئەمەش مانای وایە مۆتیڤەكان بۆ بوونی تێم وەك زنجیرەیەكی نەپچراو و پێكەوە گرێدراو دەردەكەون ؛ كە دەركەوتن و هاتنی مۆتیڤی جۆراو جۆر دەبێتە هۆی دەرخستنی (تێمی سەرەكی) بەنموونە : مۆتیڤی (ناپاكی كردن) دواجار لەكورتە چیرۆكێكدا دەردەكەوێت (كوشتن)ی لێدەكەوێتەوە ، وەك ئەنجامێكی لێ دێت لەبەرامبەر هۆكارێك كە تێمەكەی (خۆشەویستی)یە.

كەواتە دەبێت چیرۆكنووس بۆ تێم بزانێت چی دەلّێت و چۆن دەیلّێت ، چونكە ئەمە كۆششێكی زۆری هزری پێویستە تاوەكو بتوانێت چیرۆكێكی هونەری بخاتە بەردەم خوێنەران، چونكە تێم هەرواو لەخۆوە نایەتە نێو كورتە چیرۆكێك واتە بەبێ ئاگاداری چیرۆكنووس نییە.بەلاّم لە رۆمان و چیرۆكی درێژدا جیاوازە كەزۆرجار هەندێك تێم هەرواو لەخۆوە دەچنە نێو رۆمانێكەوە ؛ كەدەگاتە ئەوەی لەبەر زۆری و قەبارەی نووسینی رۆمانەكە، رۆماننووس پەیوەندییەكی پتەوی لەگەلّ ( رووداو و كەسایەتی و شوێن كاتە)كانی سەرەتای نووسینی رۆمانەكە نامێنێت. هەر لەبەر ئەمەشە چەند تێمێك دێت رەنگە پێویست نەبن ، بەلاّم ئەمە لەناو كورتە چیرۆكدا زۆرتر گران دەبێت ، چیرۆكنووس پێویستە بزانێت (تێم)ی چیرۆكەكەی چۆن دەكاتە نێو بابەتی چیرۆكەكەیەوە . دەستنیشانكردنی تێمێكی بنەرەتی (واتایەكی سەرەكی) لەنێو كورتە چیرۆكدا رۆشنترە وەك لەناو چیرۆكێكی درێژ یان رۆمانێكدا كە زۆری تێمەكان وادەكەن تێمەكان تێكەلّ دەبن، بەشێوەیەك ناتوانین تێمێكی سەرەكی دەستنیشان بكەین ،كە دەبینین ((لەچیرۆك و رۆمانیشدا زۆرجار تیمە بە نێو دەقەكەدا پەرت وبلاّو دەبێتەوە و ئەو كۆكردنەوەیەش لە خوێنەرێكەوە بۆ یەكێكی دی دەگۆرێ و،هەیە ثیماتی جوانی لێ دەردەهێنێت وهەیشەناتوانێت هیچی لێ هەلّبهێنجێت و بێزار دەبێ لێی . ثیمەكان لەپێكهاتەی بونیادی گێرانەوەی مۆنۆلۆجی (یان رۆمانی تاكدەنگی)دا لە یەك خالّدا یەك دەگرنەوە،بەلاّم لە بونیادی گێرانەوەی پۆلیفۆنی(رۆمانی فرەدەنگی)دا ثیمەكان پەرت دەبن ولەیەكدی دووردەكەونەوە))[2] لەچیرۆكدا بیرۆكەیەكی ناوەندی یان تێگەیشتنێك لەنێو چیرۆكدا هەیە زۆرجار ئەبێتە ململانێیەك لەو چیرۆكە هەروەها لە هەندێ شوێندا ،وە ئەتوانێت بایەخ بدات بە بەیانی نامەیەك یان نووسینێكە لەلای نووسەرەوە ئەوەی دانراوە لەخالّێكدا بۆ هەولّدانی بەدەستهێنانی بەتێپەربوونی ئەو شتە؟ بەنموونە دەلّێن بەبینینی بەرگ بریار لەسەر ناوەرۆكی كتێب مەدە، یان پێش ئەوەی كەسێك ببینی بریاری لەسەر مەدە ،كەواتە تێم ئەو حەقیقەتەی ژیانە كە چیرۆك دەریدەخات .

---

١- http://www.eho.com/how_٢٠٦٣٧٤٦_identify-short-story-theme.html .

٢- ئە زموونی خوێندنە وە ، چەند لاپە رە یە كی رە خنە یی ، نە وزاد ئە حمە د ئە سوە د ، ل ٧١

تێمیش ((ئەو پەیامە سەرەکییەیە لەکاری ئەدەبیدا، کە دەتوانێت گوزارشت لەشتێك بکات بە وشەیەك یان بە دوو وشە: وەك (ئازایەتی ، مانەوە لەژیاندا ، جەنگ ، شانازی) هەروەها ئەو تێمەیە بیرۆکەی دانەرەکەیەتی؛ کە پێی خۆشە ئەوبابەتە دەربرِێت و ڕوونی بکاتەوە ، وە ڕوونی ئەکاتەوە کە ئەمە ڕستەیەکە یان بەیانێکی(بلاوکراوە)یەکی گشتییە لە ژیاندا ، یان سروشتییەکی مرۆڤایەتییە .))[١] ، لەگەڵ ئەوەی بە وشەیەك یان ڕستەیەك دەردەکەوێت ، لەسەرتاپاو لەناو هەموو دێڕ و وشەکانی چیرۆکەکەدا هەیە، گەر نەشبینرێت ؛ ئەوا بە شاراوەیی بوونی هەیە و باسی لێوە کراوە . چیرۆکنووس بە ئاگایی بێت یان نا ئاگایی گەیشتۆتە تێمە سەرەکییەکە ، خوێنەریش بەبێ زانینی ئەو مەبەستە پێی دەگات .

## ئاستەکانی ( تێم ) :

تێم لە ئاستی دروستکەردا دوو جۆری هەیە، کە ئاشکرا و شاراوەیە ئەمەش لەلای ( امجد نجم الزيدي )کە تێمی لەسەر دوو ئاست دیاریکردووە لە بیناکردنی دا کە بۆ هەموو هونەرەکانی گێڕانەوە دەگونجێت لەوانەش :

(( ١- ئاستی دیار (ظاهر) :- ئەم ئاستە بە ڕووداو و کەسایەتییەکانەوە بەستراوەتەوە ، زۆر لەوکاتانە پێکەوە بەستنەکە ڕاستەوخۆیە و هەندێ کاتیش پێکەوەبەستنێکی ناڕاستەوخۆ و جیایە ؛ ئەم ئاستە بۆ (تێم) چڕئەکرێتەوە بە یەکەیەکی دروستکەر (یەك بونیادی). و هەموو ڕەوتە بەرزەکانی ناو ڕۆمان و ( چیرۆك ) کۆدەکاتەوە لە پێش گێڕانەوە و دوای گێڕانەوە بە بەرجەستە کردنی ئاستێکی دواندنی گێڕانەوەیی یان لە دروستکردنی حیکایەتەکە بۆ دەقەکە ، ئەم ئاستی یەکەمە بۆ (تێم) هۆیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ دروستکردنی ڕووداو یان دروستکەرە بۆی .

٢. ئاستی دووەم ئاستێکی شاراوەیە (مضمر) :- ئەم ئاستە خۆی ون دەکات و خۆی دوورە پەرێز دەگرێت لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووداوی چیرۆکەکە ، ئەم ( تێم )ە شاراوە ( نادیار )ە لە بەڵگەکانی تێمی یەکەمی ڕاستەوخۆیە، بەڵام خۆی ون دەکات و بە شاراوەیی دەمێنێتەوە هەتاوەکو بوونە شاراوەکەی خۆی دەرنەخات، لەبەرئەوە کارەکە یان ڕووداوە چیرۆکییەکە لەو کاتە ڕاستەوخۆیەدا ڕزگار بکات. واتە بۆ ڕزگارکردنی کارەکە یان ڕووداوەچیرۆکی ـیەکە لەکاتێکی ڕاستەوخۆدا . ))[٢]

ئەم دوو ئاستە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بیناکردنی (تێم)دا و ئاستی شاراوە هەڵگری نهێنییە جۆراوجۆرەکانە و بە ئاسانی لە ڕووداو وکەسایەتییەکاندا دەرناکەوێت ؛ چونکە ڕاستەوخۆ بەو ڕەگەزانەوە نەبەستراوەتەوە، شاراوەییەکەشی لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە وخۆی هۆکارە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ دەرنەکەوێت لە ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە ، بەڵام لەبەڵگە ـییدا دەردەکەوێت بۆ ئاستی دیار لەوکاتەی پێویستە دەربکەوێت و ڕوون ببێتەوە، چونکە ڕووداوی چیرۆك بەهای خۆی لەدەست دەدات،ئەگەر هاتوو هەموو شتێکی تیا بوترێت، وە ئاستی دیاریش ئەرکی کۆکردنەوەی گێڕانەوەکانە یان ئەو

---

١- http://Wiki.answers.com/Q/what-is-the-theme-of-a-story.

٢- الأدب والفنون / الحوار المتمدن – العدد ٢٢٦٧ http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=١٣٢٩٦٢

دروستکردنە چیرۆکییەی کە دەبێت هەبێت لە پێش گێڕانەوەکە لە دەستپێکەوە ؛ وە لەدوای گێڕانەوەکە کۆتایی دێت و ئەم تێمە ڕووداوەکان دروست دەکات و هۆکاری سەرەکییە. دیارە((مانەوەی ئاستی یەکەم بۆ تێم ئەوەیە زنجیرەی ڕووداوەکان دروست دەکات ، ئاستی دووەم دوردەکەوێتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ ، بەڵام بەڕاستی یەکێکە لە بزوێنەرەکانی چیرۆك، کە گەشەدەکات و لق وپۆپی لێدەبێتەوە تەنها بەکاردانەوەی دروستبوونی تێمەی چیرۆك ، لەو شوێنەدا دنیابینی گێڕەرەوە بۆ چەند ئاڕاستەیەك ولق و پۆپێکە ، وە هەیە کە کۆدەبێتەوە لەگەڵ یەکەکانی گێڕانەوە بۆ بەهێزکردنی ماناو دروستکردنی مانای زیاتر ، ئەو تێمەی کەوا دروستکەرە بۆ ڕووداوەکە، کارەکە کۆدەبێتەوە لەگەڵ دروستبوونی شوێن و لەگەڵیدا گەشە دەکات، بە ئاڕاستەی بەهێز کردنی تێمەکە ، ئەم ئامادەبوونەی ئاستی یەکەم بۆ (تێم) ، ئەوەیە کە بەهایەکی بوونی پێ دەبەخشێت بۆ شوێن ، وە ئەوەش بەجوانی و بە ڕوونی دەردەکەوێت .))[1]

## جۆرەکانی تێم :

١. تێمی سەرەکی

٢. تێمی لاوەکی (بچووك)*

هەردوو جۆری (تێم)ەکە پەیوەندییەك لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت ؛جا پەیوەندییەکە ڕاستەوخۆ بێت، واتە بۆ نموونە تێمە بچووکەکانی ناو کورتە چیرۆکەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە تێمە سەرەکییەکەوە هەیەو بۆ تەواوکردنی ئەرکە دەلالی و مەعریفییەکەیەتی بە تێمی سەرەکییەوە ، هەروەها پەیوەندییە ناڕاستەوخۆکەشی ئەوەیە چەند جارێك بیرۆکەی لاوەکی دەردەکەوێت ڕەنگ بێت تەنها بۆ کارەکتەرێکی لاوەکی بێت بۆ ئەنجامدانی کارێك ؛دیارە کارەکتەری لاوەکیش بۆ زەق کردنەوەو تیشك خستنەسەری زیاتر وچڕکردنەوە بۆ بوونی کارەکتەری سەرەکییە لەکورتە چیرۆکدا. چونکە کورتەچیرۆك هەڵگری ژمارەیەکی کەم لەهەر ڕەگەزێکی پێکهێنەریەتی لە ( تێم ، کارەکتەر ، ڕووداو ، کات ، شوێن ، ...هتد)ە . جۆراوجۆری ئەو پێکهاتانەی ڕووداوەکەی لەسەر بونیاد دەنرێ هەر لەسەرەتاوە لەو پێکهاتە سەرەتاییانەی کەپێکهاتەی کورتە چیرۆکەکەیە ، بە کۆتایی هاتن و بەیەکگرتنی بونیادەکانی ڕوخساری کۆتاییمان چنگ دەکەوێت ئەگەر تەنها بەشێکیش بێت . دەبێت تێبینی ئەو جیاوازییەش بکرێت کە لە نێوان ڕووداو و تێمدا هەیە ، لەبەر ئەوەی هەندێك لە ڕەخنەگران و توێژەران باسیان لە تێم نەکردووە لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیاندا ئەوەی زیاتر باسیان لێوەکردووە ڕەگەزە —کانی چیرۆك بە گشتی کە (کارەکتەر، ڕووداو، شوێن، کات)ە، دەبینین (تێم) وەك ناویش بە زاراوەیەك ؛بەبایەخەوە لێیان نەڕوانیوە و بەهەڵە پێیان وابووە ئەوەی ڕووی داوە ئەوە هەموو شتێکە لە چیرۆکدا و ئیدی شتێك نەبووە کە تێم بێت وەك سیفەت و ئەرکی خودی تێم ؛ واتە شتێك کە تێم بێت وەك ڕووداو بینیویانە .

ڕاستییەکەشی لەوەدایە جیاوازییەك هەیە، کە ڕووداو ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی چیرۆك ، وە هەندێکی دی بە دروستی پێیان وایەکە تێم چۆن شوێنی خۆی دەکاتەوە لەنێو ڕووداوەکاندا. دەزانین کە تێمی چیرۆك کۆکراوەی ئەنجامی کۆمەڵێك لەم ڕەگەزانەیە بەتەواوی بیرە بنەڕەتییەکە هەموو ڕەگەزەکان لەپێناوخزمەتکردنی خۆیدا بەکاردەهێنێ بۆ گەیشتن بە –

---

١- سەرچاوەی پێشوو .

* تێمە بچووکەکان ، بەمۆتیڤەکانیش دەناسرێت .

مەبەستێك ، وە مەبەستیش وەك ڕەخنەگری ئەدەبی ئێرانی (یاسر حسینی) دەڵێت :(( ئەو بیرۆکەیەیە کە نووسەرەکە هەڵی دەگرێت و دەیگوێزێتەوە بۆ خوێنەر بە بەرجەستەکردنی لەناو ڕووداوەکاندا ، کارەکتەرەکان پێی هەڵدەستن لە ژینگەیەکی دیاریکراودا ، بەدانانی لەناو چیرۆکێکدا، بەو شێوەیە چیرۆکەکە هەمووی دروست بووە لەپێناوی گەیشتنی ئەو بیرۆکەیە بە خوێنەر ، بۆ لایەنی دڵخۆشکردن و چێژ وەرگرتنی .))[١]

ئەوەی دەمانگەیەنێتە مەبەستی چیرۆکەکە ، گەڕانە بە دوای (تێم) دا . چیرۆکنووس هەوڵی داوە مەبەستەکە بخاتە ڕوو لەکات و سەردەمێکی دیاریکراودا وە بێگومان تێم کە بیرە سەرەکییە زیندووەکەی کورتە چیرۆکەکەیە، ئێمەی خوێنەر لەکۆتاییی خوێندنەوەکەمان بە ئەنجام دەگەین. ئەوەش بە خوێندنەوەمان لە جارێك زیاتر بۆ کورتە چیرۆکەکە ، چونکە هەرجارێك کە دەیخوێنینەوە ئەنجام وتێگەیشتنی وردترمان لەلا دروست دەبێت، ئەو چەندجارخوێندنەوانە وەك نووسینێکی دیکەیە بۆ ئەو دەقەی لەبەردەستدایە کە ئەمەش لە سیفەتی دەقی کراوەیە ، وە ڕووداوی چیرۆکەکە دەتوانێ ئەوەی لە هەناوی چیرۆکەکەدا هەڵیگرتووە تروسکاییەکی لێ ئاشکرا بکات .

بیری نووسەر زۆر گرنگە کە لە کارێکی ئەدەبیدا بایەخی پێبدات، ئەوەش لەبەر ئەوەیەکە هەرخودێك لە دوو جیهاندا دەژی (جیهانی دەرەوە) و(جیهانی ناوەوە) ، هەروەك چۆن دیجلە و فورات دەڕژێنە (شط العرب)ەوە لەوێ هەموو شتێك بەبایەخ دەبێت ،ئاوەهاش بیرۆکەکان لە جیهانی(دەرەوە و ناوەوە)ی چیرۆکنووس دەڕژێنە نێو کورتە چیرۆکەکە و؛ بوونی ئەم دوو سەرچاوەیە زیاتر دەوڵەمەندی دەدات بە چیرۆکەکە . لەبەر ئەوەی چیرۆکنووس دەتوانێ کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و مێژوویەکان و کارەساتە سروشتییەکان بکاتە تێمی چیرۆك ، وە هەروەها دەتوانێ کار لەسەر کێشەکانی ناوەوەی خود بکات، کارکردن و چوونەوە ناو خود بۆ چیرۆکنووس پێویستە ، کە هەرگیز نابێت ئەو جیهانە پڕ لە نهێنییەی ناخی خۆی لەیاد بکات ، چونکە گومانی تیادا نییە کە زۆر لە ڕووداوەکانی دەرەوەی مرۆڤیش بەهۆی بیرکردنەوەو هەستە خراپەکانی ناوەوەی مرۆڤ ڕوودەدەن .

**جۆرەکانی بیر (هزر) لە دەقی گێڕانەوەییدا :**

١- بیری ئاسایی .

٢- بیری هونەری .

١- بیری ئاسایی : ئەوەیە کە ڕۆژانە هەموو مرۆڤەکان بیردەکەنەوە چ لەڕابردووی خۆیان وە چ لە ئێستا و داهاتووی خۆیان ، واتە ( بیرێکی گشتییە )، چیرۆکنووسیش مرۆڤە کەواتە دەکەوێتە نێو ئەو ( بیر )کردنەوانەوە ، بەشێك لە ژیان و ڕووداو و بەسەرهاتی خۆی و دەوروبەرەکەی دەخاتە نێو چیرۆکەکە کە پشکی زۆری بەردەکەوێت .

٢- بیری هونەری :ئەوەیە کە لە چیرۆکدا(هونەری گێڕانەوە)دا دروست دەبێت کە (تێم)ەکەیە، جیاوازییەکەی ئەوەیە کە هەرخوێنەرێك لە دیدی خۆیەوە ئەو بیرە بەشێوەیەك هەڵدەسەنگێنێت لەلای دەبێتە بابەتێك،واتە بیرێکی تایبەتییە .

بۆچوونی کاروان عومەر کاکەسوور دەخەینە بەرچاو کە پێی وایە( بابەت خۆی ئەو کەرەسە خاوەیە، کە لەسەر ئاستی کۆ ، لە خەیاڵی هەموومان‌دا هەیە و لە ڕێگای تێڕوانینەوە ، واتە لە ڕێگای زمان و بیرۆکەکانی خۆمانەوە ئەو بابەتە

---

١- الرواية العربية نشأتها وتطورها ، ياسر حسيني ، منبر حر للثقافة والفكر والأدب .
http://www.diwanalarab.com/spip.php?anicle٢٢١٤٤

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتییەوە دەخەینە سەر ئاستی خود . بە مانایەکی دیکە بابەت ، یاخود ناوەڕۆك ئەزموونێکی کۆمەڵایەتییە ، ئەوە (تێڕوانین و تەکنیك)ن تایبەتمەندیی پێدەبەخشن،بەڵام کاتێك بیرۆکە نییە، تێڕوانین نییە،ئەوا ئەرکی زمان تەنها دەبێتە گواستنەوەی ڕووداو لەدۆخی سەرزارەکییەوە بۆ دۆخی تۆمارکردن وتایبەتمەندی نایەتەکایەوە.بۆ نموونەکاتێك دەڵێین((شێخ مەحموودی حەفید) ، ئەوا خێرا بابەتێکی ئامادەمان دەکەوێتە بەردەست ، کە خۆی لە مێژوویێکی تراژیدیدا دەبینێتەوە .))[1]

بێگومان لە هەر قۆناغێکدا کەموکوڕییەکان و گرفتەکانن کە بە زەقی دەردەکەون و دەبنە جێگەی باس و خواس، هەر ئەمەشە کە چیرۆکنووس وەك بەشداربوویەکی خەمەکانی میللەتەکەی و کۆمەڵگەکەی و ڕۆشنبیری بارودۆخی ئەوکاتە ، دێت و کەموکوڕییەکان دەخاتە نێو ئەدەبەوە ؛هەر ئەوەشە وایکردووە ئەدەب ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەکەی خۆی بێت. یان کێشە خێزانییەکان لەزووەوە کێشەی بەزۆر کچ بە شوودان و هاوسەرگیری پێشوەخت ئەمانە بوونەتە (تێم)ی بابەتی چیرۆکەکان کە ئەو بابەتەی دێتە نێو چیرۆکێکەوە چیرۆکنووس یان لە واقیعەوە وەریدەگرێت یان بیری نووسەر خۆیەتی ، جا ئەم وەرگرتنەی دووەم نووسەر تیایدا زیاتر ئازادە لە هێنانی ڕووداو و کارەکتەرەکان و تەنانەت لە دروستکردنی شوێن و کاتەوە ؛ بەڵام وەرگرتنی بابەتی چیرۆکەکە لە واقیعەوە دەبێت چیرۆکنووس دەست ڕەنگینی خۆی نیشان بدات بەوەی وێنەی کتومت لە واقیع (کەتوار)چووەکان بگۆڕێت بۆ وێنەی هونەریی جۆراوجۆر بەو مانایەی چۆن لەواقیعدا هاتوون ؛ نابێت وەها دایانبنێتەوە لەبەر چێژ وەرگرتنی خوێنەر و لەبەر ئەوەش کە هونەر زیاتر باڵایی دەخوازێت .

ئەوەی لەواقیع وەردەگیرێت بە زۆری ڕووداوەکانن کە مەبەستێکی تیادایە چیرۆکنووس سوودی لێوەردەگرێت ( ڕووداو- مەبەست : ڕووداو هۆکارێکی سەرەکی یە بۆ ڕوودانی گێڕانەوە ؛ چونکە ئەگەر گێڕانەوە ڕوونەدات ژانرێك پەیدا نابێت بە ناوی(چیرۆك)لەلایەکی تریشەوە ڕۆژانە دەیەها ڕووداو دەبینرێتو ڕوودەدات و تێپەڕدەبێت ؛ کەچی نابن بە هەوێنی چیرۆکێك یان ڕۆمانێك، یان هەر بابەتێکی تری ئەدەبی !! ئەویش بۆ ئامادەبوون ونەبوونی بەهرە و توانایەکی کارامەی هەست ناسك دەگەڕێتەوە، کە بتوانێت کەڵك لەو ڕووداوانە وەربگرێت و بیان مەیەنێت...لێرەوەیە ئەو مەسەلەیە دێتە کایەوە : کە ئایا مەرجە ڕووداوی هەر چیرۆکێك ڕاستەقینە بێت ؟ کە لە خۆیدا پرسیارێکی لۆجیکی یانەیە .دەتوانرێت بگوترێت : ڕووداوی چیرۆك سەرچاوەکەی واقیعە و چیرۆکنووس ڕووتووشی دەکات بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە پلەی چیرۆك لە شێوەیەکی ئەدەبی داو،خوێنەر بخاتە حاڵەتی وەهم . ئەمەش بەهۆی ئەندێشە ناسك و تێبینی یە وردەکانی نووسەرەوە دەبێت . مەرجیش نی یە هەموو ڕووداوێکی ناو چیرۆك بە واقیعی ڕووی دابێت ، بەڵکو بە پێی دەستووری پێویستی و شیان - الضرورة والأحتمال ) ی ئەرستۆ بۆیە تاقیکردنەوەی ڕۆژانەی نووسەر و ووردبوونەوەی لە ( هۆوئەنجام )ەکان بۆ گەیشتن بە مەبەست ، گرێچنی ڕووداو بەرەو ئاڵۆزکردن و خاوکردنەوە دەبەن و کەوانەکانی دراما دەبنە دروستکەری چنراو (نسیج) ی بەرهەمە کە وەك یەکەیەکی یەکبوو دەری دەخات .))[2]

پێچەوانەی ئەوە ڕایەکی دیکە هەیە کە پێی وایە هیچ شتێك پێشتر لای نووسەر ئاشکرا نییە ، (ئالان ڕۆب گرێی) بۆ ئەوە دەڵێت : ((بۆ هونەرمەند هیچ شتێ لەسەرەتاوە ناسراو نیە ، لە پێش بەرهەم ودەقدا ، هیچ شتێك هەبوونی نیە : نە متمانەیەك هەیە ونە بیرۆکەیەك ونە هەواڵێك).ئەم بۆچوونە، کە چیرۆکنووس لەسەرەتاوە << بابەتێکی لەبۆ وتن >>

---

١- پەیڤەکان لەگەڵ نووسەر دەپەیڤن ، ئامادەکردنی: ڕابەر فاریق، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ،سلێمانی، ٢٠١٠ ، ل ١٧٨

٢ -لێکۆڵینەوەی کورتەچیرۆکی کوردی لەکوردستانی باشووردا(١٩٧٠-١٩٨٠)، ئیبراهیم قادر محەمەد، تێزی دکتۆرا، هەولێر،١٩٩٧، ل٢٤

هەیەو لە پاشان ئەم کێشەیەی بۆ سازدەبێ کە<< چۆنی دەربڕێ >>، بە گشتی و بەجارێك باتڵە . چوونکە ئەز قەزا هەر ئەم <<چۆن دەربڕینە>> و بە چ << چەشنێك >> بێ، بیچمی نووسەربوونی ئەو پێکدێنێ. ئەو بیچمە، لەهەر بیچمێکی دیکە تەمومژاویترەو، لەپاشان دەبێتە ناوەرۆکی نادیاری دەقەکەی. بەڵکوو لەئاکامدا هەر ئەم ناوەرۆکە نادیارەو ئەم بیچمە تەمومژاوییەی روخساروقەوارەی دەق، لەهەموو شتێك زیاتر بە کەڵکی رزگاربوون و ئازادی بخوات .)) [١]

ئەو وتەیەی (ئالان ڕۆب گرێی) دەتوانین بڵێین بۆ شیعر گونجاوە وەك ئەوەندەی بۆ چیرۆك ، چونکە ئەگەر چیرۆکنووس لە سەرەتاوە هیچ شتێکی لەلا ناسراو نەبێت و بابەتێکی پێ نەبێت بۆ ئەوەی بیکاتە چیرۆك و هەروەها نە هەواڵێك و نە بیرێك، ئەو کات چیرۆکنووس دەبێت پەنا بباتە بەر چاوەڕوانی بۆ هاتنی ئیلهامێك، یان خەیاڵێکی خەیاڵکراو، ئەمەش لە سیفەت و کاری چیرۆکنووس نییە و دوردەکەوێتەوە ؛ هەرنووسەرێك ئەوەی لەدەستیدایە پێش هەموو شتێك واقیعە کە ماددەی چیرۆکەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات. وە بەدڵنیایی دەتوانین بڵێین(تێم)ەکان هەموو بوونیان هەیە لەژیانی ڕۆژانەماندا، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو ڕووداوەکان وسەرقاڵییەکاندا دەژین و نوقم و سەرگەرمی ژیان کردنین ؛ هەر لەبەر ئەوەیە کەبەکەمی هەستیان پێدەکەین، لە کاتێکدا بەشەرابی ژیانکردن بێ هۆشین، کاتێك لەنێو چیرۆکێکدا ئەوبابەتانە لەڕێی ڕووداوەکانەوە کە چیرۆکنووس دروستی کردوون و نیشانمانی دەدات ئەو کات بەئاگا دێینەوە،چونکە چیرۆکنووس باشترین زەنگی ژیانی لە دەستە بۆ بە ئاگا هێنانەوەی مرۆڤایەتی .

لەکورتە چیرۆکدا بیری خوێنەر بەهەمان شێوەی بیری نووسەر لەسەر ڕووداوەکان زیاتر چڕدەبێتەوە وبەرەو قوڵایی ڕۆدەچێت، بەڵام تاڕادەیەك خوێنەر لەڕۆمان یان چیرۆکی درێژدا زنجیرەی بیری لەسەرخوێندنەوەکە ئەتۆرێ ، چونکە پێوەرێکی لۆژیکی لە نووسینی ڕۆمانەکەدا بەدی ناکات . ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆماننووس هەر لەسەرەتای کارەکەیەوە بە بیرێکی پەرش و بڵاوەوە دەستی پێکردووە ؛ جا ئەنجام دیار بێت یان دیار نەبێت . لە کورتە چیرۆکدا بیر ئەوەندە چڕ دەبێتەوە کە هەر لە خوێندنەوەی ناونیشان و دەستپێك تا کۆتایی هێواش هێواش هەستی پێدەکرێت .

هەروەها لە جۆری(تێم)ەکە ، ئیلتیزامی چیرۆکنووس دەردەکەوێت ، بەوەی پابەندبوون گرنگییەکی تایبەتی هەیە، کە چیرۆکنووسی وا هەیە تەواو خۆی بۆ بابەتی کورتە چیرۆکەکەی تەرخان دەکات و پێوەی پابەند دەبێت ؛ هەر ئەمەشە هەوڵی تەواوی بۆ دەدات تاوەکو ئەو ئەرکەی لەسەریەتی بیگەیەنێت ، کەواتە جۆری تێمی بابەتی چیرۆکێك وادەکات چیرۆکنووس پەلکێش بکات بۆ پابەندبوونی یان کەمتەرخەمی و پابەند نەبوونی، لەبابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر دەگۆڕێ بابەت هەیە پابەندت ئەکات بە خاك و مرۆڤایەتی و ئازادی ، هەشە تەنها بابەتێکە و دەنووسرێت و پابەندبوونی نییە بەشتێکەوە .

هەروەها چیرۆکیش تا چیرۆك جیاوازە ، هەندێکی تەنها لە چەند پەرەگرافێکدا بیرێك دەردەخات ، وە چیرۆکیش هەیە تەواو بارکراوی بیرە ، پێویستە ئەو بابەتەی لەکورتە چیرۆکێکدا ڕووبەڕووی دەبینەوە ؛ بەشێوەیەك بێت کە هاوسەنگی تێگەیشتن لـە نێوان (چیرۆکنووس و خوێنەر)دا هەبێت واتە لێك نزیکی هەبێت ، ڕاستە هەندێ نا ڕوونی لای خوێنەر دەبێت هەبێ کەئەمەش مانای تواناوزیرەکی وسەلیقەی چیرۆکنووسمان پێدەڵێت ئەوهاوسەنگییەش((توانای چیرۆکنووس لەسەر پاڵنان بە ناتەباکانەوە (ناڕێکییەکانەوە) و ئاگاداربوونە لەسەر هاوسەنگی لە نێوان دوولایەنی هاوکێشەکە لە-

---

١-چیرۆکی نوێ ،ئینسانی ڕێبازی نوێ(تیۆری ڕۆمان)، ئالان رۆب گرێی، و: حوسێن شێربەگی،چ١،هەولێر،موکریانی، ٢٠١١، ل٦٢

ئەنجامدا بۆ ڕووداوی بەهێز و قووڵ بە کاریگەری لەسەر گوێگر  وە داهێنانی جوانی دەقی چیرۆکی . ئەم یەکگرتنەش تەنها لە نێوان کەسایەتییەکان وە بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکان کارێکی هونەری پێکدێنێ کە ئەوەش چیرۆکنووس  بە ڕۆڵی خۆی بەرجەستەی دەکات ، کە پێی دەڵێین هاوسەنگی بابەتی بۆ چیرۆکنووس .)) [1]

هاوسەنگی بابەتیش بۆ (تێم) لە نێو چیرۆکدا لە کاتێکدا دەردەکەوێت کە هەردوو (چیرۆکنووس و خوێنەر) یەك ڕەوتی خوێندنەوە بگرنەبەر ، جا گرنگ نییە هەمان تێگەیشتن هەبێت ، بەڵکو تەنها ئەوەندە بەسە کە هاوسەنگی تێگەیشتن لەو نێوەندەدا بوونی هەبێت . شاعیرو ڕەخنەگری ئینگلیزی ( ت .س . ئیلیۆت، ١٨٨٨-١٩٦٥ ، دەڵێت : (( تاکە ڕێگایەك بۆ گوزارشتکردن لە سۆزەکان لە قاڵبێکی هونەریدا ڕێگایەکە ئەویش بوونی هاوسەنگی بابەتی یە ) لەمەوە ئەگەینە هاوکێشەیەك لە نێوان دوو لایەن یەکەمیان سۆزەکان  وە هەستەکان وە هزرەکان وەلایەنی دووەم (جەستەیەك یان شتێکی ماددی ) هەردوو قۆڵی هاوکێشەکەیە . لە ئەنجامی چڕی و توندی لە ڕەنگێك (لەشێوەیەك) لە سۆزەکان و هزرەکان کە زاڵ ئەبێت بەشێوەیەکی زەق ودیار وە لەکورتە چیرۆکدا چڕە، چیرۆکنووسیش هەڵدەستێ بەکاری گۆڕانکاری و خستنەڕووی ئەوەی کە تەنها بۆ ڕوخسارێکی بەرجەستەکراو کەژیانی تیا بێت .)) [2]

دەتوانین بڵێین ((لەناو زۆربەی بابەتەکانی شیعرو چیرۆك و ڕۆمانی سەدەکانی پێشوودا دەکرێ ثیمیەك یاچەند ثیمیەك دەربهێنرێ . بەڵام لە ئەدەبیاتی نوێدا دەرهاویشتنی ثیمە هەروا ئاسان نییە و کۆششێکی زەینی پتری دەوێ بێجگە لە شارەزایی لەتەکنیکە هونەرییەکانی ئەدەب وئامرازە مەعریفییکانی خوێندنەوە ، بۆ نموونە ڕۆمانەکانی میلان کۆندێرا و ئیتالۆ کالڤینۆ و ئالان ڕۆپ گرێ و تەنانەتی مارکیزیش ناتوانین یەك ثیمەی ئاشکرایان لێ دەربێنین ، یان راستتر لە دوای هەرخوێندنەوەیەك ثیمەی دیکەت بۆ قیت دەبێتەوە و ثیمەکان لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دی دەگۆڕێت ،بەم جۆرە ثیمەی جۆرا وجۆر و هەندێ جار دژیش دەردەکەوێت . وە لە شیعرە نوێیەکانی ئەم سەردەمەدا بەزەحمەت  ثیمات دەدۆزینەوە، یا هەندێ جار فەزای شیعرەکە کەشێکی خەیاڵی وات بۆ دەخوڵقێنێت کە بە چێژەوە گەشتی بەنێودا بکەی  بێ ئەوەی پێویستت بە ثیمە هەبێت یان ڕەنگە هەر لە بنەڕەتدا ثیمەی تێدا نەبێ ! )) [3] ئەوەش ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە شیعر بۆخۆی پارچەیەکە لە هەست و جا بایەخدان بە تێم یان بایەخ نەدانی شتێك لە شیعر کەم وزیاد ناکات ، ئەوەندەی مەبەستە کە چێژ بگەیەنێتە خوێنەرانی .

جاریش هەیە لە کورتە چیرۆکدا (تێم) بە ڕوونی دەرناکەوێت ، تا نەگەیتە کۆتایی خوێندنەوە واتە تێمەکە لە ئاستی شاراوە و نادیارە ،ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لە هیچ شوێنێکی کورتە چیرۆکەکەدا هەستی پێناکەین ، بەڵکو پێدەچێت تێمە بچووکەکان (مۆتیڤەکان) دەربکەون کە ئاماژەن بۆ تێمە سەرەکییەکە ، ئەوەش کە دەڵێین لەکۆتاییدا دەردەکەوێت مانای؛ ئەوەیە کە بابەتە جۆراوجۆرەکان دەبێ یەکلایی بکرێنەوە ، چونکە خاسییەتی نووسینی کورتە چیرۆك چڕییە ، واتە دەبێت لەنێو ئەو چڕی و وریاییەی چیرۆکنووسدا بە دوای بڕیارێکدا بگەڕێین . دواتر کە دەگەینە کۆتایی ئەو کات تێدەگەین تێمە سەرەکییەکە لەکوێدا ماڵی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیوەتەوە جا یا "ناونیشانە یان دەستپێکە یان لە ڕەگەزەکانی (کارەکتەر و شوێن و ڕووداو و کات و گێڕانەوە...) " لەیەکێك لەمانەدا یان لە نێوان -

---

١- التكنيك والموضوعات الدالة بين القصة النكليزية والعربية والكردية القصيرة، نيان نوشيروان فؤاد،رسالة ماجستير، ١٩٩٥، ص٣٤

٢- سەرچاوەی پێشوو ،ص ٣٣

٣- ئە زموونی خوێندنە وە ، چەند لاپە ڕە یە کی ڕە خنە یی ، نە وزاد ئە حمە د ئە سوە د ، ل ٧١


دوو ڕەگەز بوونی هەیە ، چونکە پێشتر نموونەیەك هەڵبژێردراوە بۆ بابەتی کورتە چیرۆکەکە. وە ((چیرۆکنووس بابەتەکەی زۆرجار بژار دەکات  وە هەموو ئەو شتانە لائەدات کە بایەخ نادات بە پێشکەوتنی بابەتی چیرۆکەکەی بۆ مەبەستەکەی ، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ڕووداوەکە یان کەسایەتییەکان بە گواستنەوە لە نێوان ڕووداوە زۆرەکان  وە کەسایەتییە زۆرەکان وە کاتە جیاوازەکان  وە شوێنە جۆربەجۆرەکان وە بە دواگەڕان بەدوای ئەوەی کە زۆر پێویستە و بەسوودە لەم شتانە ، لەوانە هەڵئەبژێرێ کە ناوەکی یەو ڕەنگدانەوەی دیدی بەرامبەر جیهان .))[١]

تێم لەچیرۆکدا دەبێت بەر هەموو ڕەگەزەکانی چیرۆکەکە بکەوێت و پەیوەندی لە نێوانیان هەبێت،کە لەکاتی گێڕانەوەدا ئەگەر ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی لاوازبوو ؛ ئەوا هۆکارەکەی بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی کە هەیەتی بە تێم  و ڕووداو و شوێن و کاتەوە. واتە دەبێت پێشبینی ئەوە بکەین لاوازی لە یەکێك لە ڕەگەزەکان لەگەڵ تێم لەوانی دیکەش هەستی پێدەکرێت  ئەوەش بەهۆی ئەو پەیوەندییە پتەوەی لە نێوانیاندایە .


تێم گیانی بابەتە لەکورتە چیرۆکدا وهەروەها بوونی گرنگە لە دروست بوونی ڕەگەزەکانی هونەری گێڕانەوەدا، بەوەی چیرۆکنووس بیرۆکەیەکی هەیە و دێت بۆ بیرۆکەکەی ( کارەکتەر و ڕووداو و شوێن و کات )  دەخوڵقێنێت و پاشان دەیگێڕێتەوە تاوەکو چیرۆکێکی هونەری لەدایك ببێت ، وە کاتێك هەر یەك لەم ڕەگەزانەش کاری خۆیان بە کارایی بە ئەنجام دەگەیەنن(تێم) لە نێوانیاندا دەبینرێتەوە، جالەوانەیە لەناو یەکێك یان دووان لەو ڕەگەزانەدا یان هەموویان بەرجەستە ببێت وەك لە وێنەی یەکەمدا بە دیاردەکەوێ . یان ئەوەتا ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکان لە واقیعدا یان خەیاڵی نووسەر بوونیان هەیە؛ چیرۆکنووس دێت دەیکاتە بابەتی چیرۆکەکەی هەر بۆنموونە(شێخ مەحموودی حەفید) وەك کەسایەتییەکی ئامادە ، چیرۆکنووس ئەم ناوە نەمرە دەهێنێت ، و دەکرێت بیکاتە بابەتی کورتە چیرۆکێك ، واتە لێرەدا کارەکتەر (تێم) بەرجەستە دەکات ؛هەربۆیە ئەو ناوە کە کارەکتەری چیرۆکەکەیە،(تێم)ی چیرۆکەکە پێکدەهێنێ ، یان ڕاگواستنی بە کۆمەڵی خەڵکی بێتاوان ئەوە دەکرێت ببێتە تێمی چیرۆکێك و چەندان نموونەی دیکە ؛ بەمانایەکی دی چیرۆکنووس دەتوانێت پێشوەختە تێمی چیرۆکەکەی دروست بکات ، وەك لە وێنەی دووەم بە دیاردەکەوێت .

مەبەستەکان بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی (تێم) لەم وێنانەدا دەیانخەینەڕوو※ :

**وێنەی (١)**




وێنەی (٢)




---

١-حركة نقد القصة القصيرة في العراق١٩٦٨-١٩٨٠، حمزة فاضل يوسف،جامعة صلاح الدين، رسالة ماجستير، ١٩٨٨ ، ص ١٧١

※ کاری توێژەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لە هەردوو مەبەستەکە .

هەروەها دەوترێت ((ئەركی نووسەر ئەوەیە كە گفتوگۆ بكات لەسەر شتی باو لەگەڵ خوێنەردا . لەوانەیە تایبەتمەندێتی بەسەرهاتنی ئەزموون و شارەزایی تۆ جیاواز بێت لە ڕوونكردنەوە و درێژەپێدانی چیرۆكەكە ، لەگەڵ ڕاستییە گشتییە-گەورەكان كە لە پشتی چیرۆكەكەوە هەیە ، لەوانەیە تەنها ئەوە ببێتە پەیوەندی كە تۆ و نووسەرەكە پێوەی سەرقاڵبوون یان پێكەوە تۆ و نووسەرەكە (بۆی گەڕاون) و هەوڵتان بۆداوە .))[١] وە هەموو ڕەگەزەكانی چیرۆك دەتوانن ڕۆڵێكی ئەوەندە گرنگ بگێڕن كەببنە هۆی دروست بوونی (تێم) بۆكورتە چیرۆكێك. ڕووداوەكان ئەوەندەی لەژیاندا پێویستە ڕوودەدەن ؛ ڕوودەدەن وەهەر ڕووداوێكیش لەلایەن كەسانێك دەگێڕدرێنەوە و بۆ ئەوەی ببێتە پەندێك بۆ ئەوانی دی ، لە ئەركەكانی (تێم) یش هۆشیاركردنە لە ڕێی ئەو بابەتەی كە پەخشی دەكات لە چیرۆكێكدا ، ئەو ئامانجەی لە تێمدا هەیە؛ ئەوەیە بگاتە خوێنەر . وا باشە هەموو ڕەگەزەكان لە یەكەیەكی ئۆرگانیدا یەك بگرن بەو سیفەتەی تێم پەیوەندییەكی پتەو و ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ( كارەكتەر ، ڕووداو ، گێڕانەوە ) بە پلەی یەكەم وە (شوێن ، كات ) بە پلەی دوای ئەوانە دێن. لەم ڕووەوە(دایانا داوبتفایر)سەبارەت بە تێم دەڵێت :((جاربەجارێ دروست بوونی تێم لەسەرەتای نووسیندا قورس دەبێت، بەڵام بەردەوامی لەكاتی نووسیندا وات لێدەكات ببیت بەخاوەن بیرۆكەیەكی گشتی لەو چیرۆكە كە دەیگێڕیتەوە، وە بە شێوەیەكی قووڵ هەستی پێدەكەیت ، (تێم)ەكە دەردەكەوێت لە كاتی تەواوبوونی ڕۆمانەكە یان چیرۆكەكە ، لەچەند حاڵەتێكی دیاریكراو لە پەلەپیتكە(كەمترین كات)ی ڕۆمانەكە یان چیرۆكەكە بە دیمەنێكی ساكار لە مێشكتدا . تێم ئەشێ شوێنێك(ماڵێك) ی نەبێت لە مێشكتدا ؛ كاتێك لە سەرەتاوە دەست پێدەكەیت لەهەست پێكردن بە بیرۆكەی چیرۆكەكەت ، وا هەست دەكەم لەكاتی پێشكەوتنی نووسینی ڕۆمانەكە یان چیرۆكەكەدا دروست دەبێت و گەشە دەكات .))[٢] ڕاستە لەسەرەتاوە بیرۆكەی چیرۆكەكەت هەیە،بەڵام وەك ئەوەی كە(دایانا داوبتفایر)دەڵێت دەشێ لەسەرەتاوە شوێنێكی نەبێت , دەڵێین دەشكرێ بوونی هەبێت و چیرۆكنووس هەر بۆخاتری گەیاندنی ئەو تێمەیە چیرۆكەكەی نووسیبێت ، واتە بەمەبەست بووە لەكاتێكدا دەستی داوەتە قەڵەمەكەی ؛ چونكە نابێت ئەوەمان بیر بچێت كە (تێم ماددەی بنەڕەتییە) بۆ هەر ڕەگەزێكی ئەدەبی ،(( لەكاتێكدا تۆ لە مێشكی خۆتدا ( تێم )ی بابەتێك لێكدەدەیتەوە، ئەوا تێم لەمێشكتدا وا گەشەدەسێنێت وەك ئەوەی خۆت نووسیبێتت ، ئەمەش نابێت هەتاوەكو قۆناغی نووسین كە تەنانەت هەتا ئەوكاتەی تۆ دەست دەكەیت بە ناسینەوەی تێمەكانت . بۆ ناسینەوەیان، تێمەكان یارمەتیت دەدەن بڕیاربدەیت كەچی لاببەیت لە چیرۆكەكەت یان ڕۆمانەكەت وەیان چ شتێك گرنگترین و باشترین بەشی بابەتێكە كە بیهێڵیتەوە .))[٣] ئەمە ئەگەر هاتوو بۆ نووسینی چیرۆكەكەت بە شێوەیەك تێم بەكاربهێنیت، كە هەر لەسەرەتاوە هەمووشتێك سەبارەت بە تێم بزانیت و لەم ڕێیەوە چیرۆكێكی هونەری دروست بكەیت . بۆ بایەخی چیرۆكێك تێم هۆكارە و ئەو تەكنیكەی لە تێمدا هەیە وادەكات بۆ چیرۆكەكەت زیاتر هۆشیاریت بخەیتەكار؛ وە وات لێدەكات كەبەدوای تێمی چیرۆكەكەتدا بچیت و زیاتر بەگرنگییەوە چیرۆكەكە بخوێنیتەوە. لەتەواو كارلێك و ئاوێتەبوونی خوێنەرو بابەتەكە پێگەی تێم دەردەكەوێت. واتە پەیوەندییەكەیان پەیوەندییەكی توندوتۆڵ بێت. خودی تێم لەناو خۆیدا هەڵگری تەكنیكە ، بەشێوەیەك جگە لەوەی كە باسكرا چەند جۆرێك تەكنیك بەكاردەهێنرێت .

---

١- http://www.learner.org/interactives/literature/read/theme١.html.

٢- صنعة كتابة الرواية / دايانا دا وبتفاير / الثيمة/ http://www.sulaimanalfahd.bravehost.com/٢٩.html

٣- http://fictionwriting.about.com/od/glossary/g/theme.htm

## تەكنیكەكانی تێم :

١- Leitwortstil : دەستەواژەی دووبارەبووەوە ( وشەی مەبەستدار )

(( دەستەواژەیەكی دووبارەیە ... یان دووبارەكردنەوەی شێوەیەكە ، لەزۆركاتدا لەگەڵ بابەتە ، لە گێڕانەوەدا بۆ جەخت كردنەوەیە ، بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر ڕابكێشێت . ))[١] یان ((ئەو وشانەیە كە مەبەستدارن، و لەبەشێكی ئەدەبییەوە وەردەگیرێت كە وەك ئەوەی باوە ئاسایی مۆتیڤی پێدەردەبرڕێت یان تێمی گرنگی ناو چیرۆك ، ئەمە زۆرجار بە زۆری ژمارە و ڕەنگ بەكاردەهێنێت . یەكێك لەوانە هەزار و یەك شەوە یە ، هەروەها كە بەشەوانی عەرەب ناسراوە ، كە چەندەها سەرگوزشتە بەیەكەوە دەبەستێتەوە لە بازنەی یەك چیرۆكدا. ئەوانەی سەرگوزشتەی چیرۆكەكان دەگێڕنەوە پشتیان بەستووە بەم تەكنیكە "بۆ دروستكردنی شێوەو پێكهاتەی بازنەی چیرۆكەكانیان لە پێكەوە گونجاندنیان بەیەكەوە ، ئەم تەكنیكە بەزۆری عیبرییەكان بەكاریان هێناوە لە چیرۆكەكانیان .

٢- Thematic Patterning : تێمی زەخرەفەیی (نەخشاندنی تێم)

لە شێوەی تێمەكاری " دابەشكردنی بیرۆكەی تێمەكارییە لەگەڵ مۆتیڤی ڕەوشتی لەناو جۆرەها چوارچێوەی چیرۆك و شێوازی تێمەكاری ، لەوانەیە ڕێكخرابێت بۆ جەختكردنەوە ویەك پێگرتنی گفتوگۆو بیرۆكە دیارو زەقەكە بۆجیاكردنەوەی ڕووداوەكان و چوارچێوەكان (كلێشەكان) كە بە شێوەیەكی باو هەیە، ئەم تەكنیكەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ هەزار و یەك شەوە .))[٢]

لە نێو جۆری یەكەمدا لە چیرۆكێكدا چەند چیرۆكێكی بچوك لەڕێی مۆتیڤەكانەوە دەخرێنەڕوو كە هەر یەكەیان لەڕێی مۆتیڤێكی دیكەوە تەواو دەكرێت و بەیەكەوە دەبەسترێنەوە كە وەك سندوقی چینییە ، ئەم بەیەكەوە بەستنەش بۆ چەندێتی چیرۆك نییە لە نێو یەك چیرۆكدا ، بەڵكو بۆ وێنەكردنی یەك دیمەنی سەرەكییە ، هەریەك لەو مۆتیڤانە ڕەنگ و شێوەیەك نیشان دەدات بۆ گەیاندنی تێمی سەرەكی كورتەچیرۆكێك ئەمە جۆرێكی تەكنیكە.تەكنیكێكی دیكە بیرۆكەسەرەكییەكە دابەش دەكات بە پێی مۆتیڤەكانی كە مەبەستێكیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، چوارچێوە یان كلێشەی چیرۆكەكە بەشێوەیەك دامەزراوە لە یەكگرتوویی گفتوگۆكان و بیرۆكە بەربڵاوەكان بۆ دەرخستنی بیری بنەڕەتی هەتاوەكو ڕووداوەكان بە وێنەی تاك تاك دەربكەون بۆ خزمەتكردنی بیری بنەڕەتی(سەرەكی)ی چیرۆكەكە. وە((لە هەندێ لەحاڵەتەكان تۆ پێویستت بەوە دەبێت كە تێم بزانیت بۆ ئەوەی تێبگەیت لە كاردانەوەی خۆت بۆ كارێكی هونەری . عادەتەن تۆ كاردانەوەت چییە بۆ تێم و هەتا ئەگەر نەتوانیت بە تەواوی و ڕوونی و ئاشكرایی دەریبهێنیت. بە كورتی، زانینی تێم لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەیە كە بتوانیت گفتوگۆی كارێك بكەیت بە وردەكاری. بەبێ تێم ،تۆ دوایی دەهێنیت بەو سەرقاڵ بوونەت بە پتەوكردنی وردەكارییەكان و پەیوەندییە سەربەخۆكەت.))[٣] لەبەرئەوەی بێگومانین كەهەمووكارێك كاردانەوەی هەیە، لەخوێندنەوەی چیرۆكێكیش كاتێك تێمەكەی ئاشكرا دەكەیت تێدەگەیت ، كە تۆ كاردانەوەت هەبووە بەرامبەر ئەوكارەی كە خوێندووتەتەوە . لە كاردانەوەت بۆ كارێكی ئەدەبی بۆ دەرخستنی تێمەكەیەتی .

---

١- http://en.wikipedia.org/wiki/Theme_(narrative)

٢- http://en.wikipedia.org/wiki/Theme_%٢٨literature%٢٩

٣- http://www.forgottendelight.com/essay/Annotated%٢٠Art/٠١_Oedipus_sphinx.htm

لایەنێکی دیکە کەبە (تێم) دەبەسترێتەوە ،ئەوەش لە لایەنی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی بەرهەمێکی ئەدەبییە ؛کە نابێ پشت ببەستین بە (تێم) بەهەندی ئەوەی کە تێم پێوەری یەکەم و کۆتاییە ، بۆ ئەوەش دوو جۆر تێم جیادەکەینەوە کە دەبەسترێتەوە بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی کاری ئەدەبی ، بەڵام لە ڕاستیدا بەو شێوە دیاریکردنە نییە ، ڕەخنەگر ( د.عدنان خالد عبدالله ) دوو جۆری تێمی دیاریکردووە وکە بە شێوەیەکی گونجاو لێکیداونەتەوە ئەوانەش :

١- تێمی بەرز(باش) : بە تەنیا وا ناکات لەکاری ئەدەبی کە جوان بێت .

٢- تێمی نزم (لاواز) : بە تەنیا وا ناکات لەکاری چیرۆك کە خراپ بێت .

سەرەڕای ئەوەی کە تێمی هەموو کارە ئەدەبییە نەمرەکان بەرز وگرنگن (جێی بایەخ)ن وە پێوانەی سەرکەوتوویی کاری چیرۆکەکە یان سەرنەکەوتنی نابێت تێمی کارە هونەرییەکە دەربخات وەکو ڕستەیەکی فەلسەفی پێوەنراو لە دەوروبەری چنینی چیرۆکەکە،بەڵکو تێم وەکو هەڵقولاوێك لەکارلێکی کارە جیاوازەکانی چیرۆکەکەو پێکهاتەکەیدا دەردەکەوێ.))[1]

بۆ لایەنی باشی و لاوازی تێم دەکرێ بڵێین پێوانەی سەرکەوتوویی چیرۆکەکە یان سەرنەکەوتنی تاڕادەیەك تێمی کارەکە دەردەخات ، وە تێمێك گەر لاوازبوو ئەوا بۆی هەیە بایەخی ڕەگەزەکانی دیکە لە کورتە چیرۆکەکە کەم بکاتەوە ، وە بە پێچەوانەشەوە ، هەروەها لەلایەنی جوانی و خراپی ڕاستە کە تێمێکی بەرز بەتەنیا ناتوانێت ، کارێکی ئەدەبی جوان بکات ، بەڵام هەرچۆنێك بێت کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر جێدەهێڵێت .

دەکرێت بۆ ئەوەی( تێم ) دەستنیشان بکەین ، کە نە تەنیا بابەتە و نە تەنیا بیرۆکەیە ، وەك هەندێ لە ڕەخنەگران پێیان وایە ، بەجودا باس لەو دوو ڕەگەزە گرنگەی چیرۆك بکەین کە :

١. بابەت : چیرۆك نڤێس بابەتێن خوە ژ ڤان خالان دهەلبژێریت :

أ .ئەزمونا نڤیسکاری، نڤیسکار دکاریت بابەتان لسەر دەرون ، رەوشت و خواستەکێن مرۆڤان دجڤاکێ دا هەڵبژیریت.

ب.ئەزمونێن کەسێن دن،کو نڤیسکار لسەر مژارێن جڤاکی راوەستیت و ئالیێن رەخنەو شرۆڤەکرنێ بەر بچاڤ بکەت.

ت . ژ دیروکێ ، دڤی واری دا نڤیسکار خەباتا گەلان ، بویەرێن نیشتمانی و سیاسی دناڤا مژارێن خوەدا هەمبێزبکەن.

ث . روشنبیری ، نڤیسکارێ روشنبیر مژارێن هزری و فەلسەفی بئافرینت .

ج . بەڵگەنامە .

٢. هزرا چیرۆکێ: ئەوژی دیتنێن چیرۆك نڤێسینە دەربارەی پرسگرێکێن ژیانێ،یێن خاندەڤان لداویێ بکورتاهی هزرەکێ ژ وی بابەتی وەردگریت ، ژ ئالیەك دنڤە نابیت چیروك نڤێس راستەوخۆ پرسگێرکان پێشکەش بکەت ، ژ بەرکو لداویێ دێ ژ ئالیێ جڤاکێ ڤە پرسگرێك ژێرا پەیدا بن . ))[2] ، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی لە نێوان بابەت و بیردا هەیە ئەوەیە((لەسەردەمی تازەی خوێندنەوە ئەدەبییەکاندا، تێم بەشێکی زۆر گرنگە لە بابەتێکی گشتی (Topic) ، بابەت ( Subject ) ، بیر و بۆچوون ( Concept ) کە نووسەر هەوڵدەدات بۆ دەرکەوتن و ئاشکرا کردنی خاڵی سەرەکی ، نە ئاڵۆزکێت لەگەڵ هەرچییەك لە پەیام ، پەند ، یان لێدووان کە بتوانێ ببینرێت یان ڕوونکردنەوە بدرێت لەهەمان کاتدا سەبارەت بە دەربڕینی بۆچوونەکە ( وەك سوپاسنامە لە پێشکەشکردنی نامەی ماستەردا ). لەکاتێکدا زاراوەی" تێم"

---

١- النقدالتطبيقي التحليلي ، د.عدنان خالد عبدالله ، ص ٩٢

٢- ڕێبازێن ئەدەبی، هیڤی بەرواری، ژ وەشانێن ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد،چ١ ،دهۆك ،٢٠١٠، ل ٣١٥ ،هەروەها بڕوانە منتديات جهينه نيت / تعريف القصة وأنواعها وعناصرها http://www.johina.net/Vb/showthread.php?t=٣٨٠٢٦

لە قۆناغێکی زۆر لەمەوبەر بەکارهاتووە بە سەرچاوەی "پەیام" یان "پەند" ، بەڵام ڕەخنەگرانی ئەدەبی ئێستا بە دەگمەن بەو مانایانە لەکاری نوێدا بەکاری دەهێنن ، واتە بەگوێرەی ئەو ئاڵۆزییانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە گەیاندنی ئەو شتە باوانەی لە ناو خەڵکدا هەیە {بابەتەکانی گوتار و گفتوگۆ ، لێکۆڵینەوە ، قسەکردن ، بیرکردنەوەیەکی قووڵ ، یان پێکهێنان ، بەشێك لە بابەتێکی گشتی }

یەکێك لـە ئارێشە مێژووییەکان لە کاتەکانی پێشوودا لە بەکارهێنانی تێمدا ، کە خوێنەر بەزۆری هاتۆتە بەردەمی "بابەت" لەگەڵ "تێم" پێیان وابووە هەمان شتن ، ئەمەش لەسەرلێشوانیان و چەواشە بوونیان وای کردووە کە زاراوە هونەرییە تازەکانیان جیا نەکردۆتەوە . بە پێی لێکۆڵینەوەی زانستی ئێستا وە هونەری پەروەردەو فێرکردن لەئێستادا تێمی چیرۆکیان پێناسە کردووە بۆ نموونە "مردن" بە شێوە سروشتییەکەی ئەو مانایە ناگەیەنێت کە لە زوودا بۆ " مردن " پێناسە کراوە ، پێکهاتەکان لەگەڵ بایەخی.هەمیشە گرنگی بەو شتانە دەدات کەواتاکانی شاردراونەتەوە زیاتر لەوانەی کە واتاکانی ڕوون و ئاشکران.))[1] ، هەندێك لە ئەدەبناسانی بەراوردیش لەبایەخی تێم کەم دەکەنەوە بەوەی تێمی بابەتەکان شتێکی وەها نین ، بەوەی (( بابەت تەنها (کەرەسەیەکی خاوە)...بایەخێکی ئەوتۆی نییە ، بابەتی جیاواز دەتوانن خزمەتی هەمان مەبەست بکەن.))[2] هەروەها دەوترێت کە ژمارەی " تێما " سنووردارە بۆیە لێکچوونی شتێکی بەڵگە نەویستە.))[3]

قسەکردن لەسەر ئەوەی کە(تێم) کەرەسەیەکی خاوە، وەلاّم بۆ ئەوە دەڵێین هەموو بوونەکان لەسەرەتاوە کەرەسەی خاون ؛ تەنانەت خودی مرۆڤیش. بەڵام دواجار هەر ئەو کەرەسە خاوەیە بە بەردەوامی بەرهەم دەدات ، بەهۆی داهێنان و توانای داهێنەرانەوە ، کە نووسەرانیش لەو نێوەندەدان . ئەوەش ڕاست نییە کە بابەتە جیاوازەکان خزمەتی هەمان مەبەست بکەن ، تەنانەت لە بابەتە لێکچووەکانیشدا هەمان ڕۆڵ نابینن لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکاندا ، ڕاستە کە تێمی بابەتەکان لە سەردەمێکی دیاریکراودا سەرهەڵدەدەن ؛ بەڵام هەر لە نێو یەك سەردەمدا بە قەتیسی نامێننەوە و بۆی هەیە هەموو سەردەمەکان ببڕێت . دەپرسین ئایا (پاڵتۆ)ی گۆگۆل هەر لەو سەردەمەدا مایەوە کەتیایدا نووسرا ؟وە ئایا هەر لەو وڵاتەدا مایەوە یان وڵاتانی دیکەشی بڕی ؟ لە ئێستاشدا تێمی بابەتی ( پاڵتۆ ) بە زیندوویی ماوەتەوە لەگەڵ سەردەمەکان دەژی کە تێمەکەی ( هەژاری)یە وە چەندین نموونەی دیکەش ...

مەرجیش نییە هەموو جۆرە بیرێکی نووسەرەکان هەمان بابەتی لێ بکەوێتەوە، بە نموونە دوو چیرۆکنووس هەمان بیر دەکەنەوە بۆنووسینی کارێکی ئەدەبی، بەڵام دوو بابەتی جیاواز دەنووسن یان بە پێچەوانەوە پێدەچێت دوو چیرۆکنووس هەریەك بە شێوەیەك بیر بکاتەوە ، واتە دوو بیرکردنەوەی جیاواز ؛بەڵام یەك (تێم)ی لێدەکەوێتەوە ، گرنگ ئەوەیە کە بیری سەرەکی چیرۆکەکانیان دەربخەن کە تێمەکەیەتی . واتە{بیری سەرەتایی یەکسان نییە بە تێمی سەرەکی} بەو واتایەی هەربابەتێك دەرئەنجامی هەمان بیرکردنەوە نییە.وە ئەوەش دروستە لەو لایەنەوەکەدەوترێت ژمارەی تێمەکان سنووردارن لەبەر ئەوە لەیەکترچوونیان بەڵگە نەویستە، بەڵام ئەمە تەنیا لێکچوونیان دەگرێتەوە نەوەك کتومت وەك یەکتر بن و هەمان مەبەست بگەیەنن ، هەروەك لە بەشی (دووەم و سێهەم )ی نامەکەدا خراوەتەڕوو .

---

١- http://en.wikipedia.org/wiki/Theme_٪٢٨literature٪٢٩

٢- پرینسیپەکانی ئەدەبناسی بە راورد ، وەرگێڕانی لە روسییەوە : ئەنوە ر قادر محە مە د ، ل ٨٨

٣- سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٨

## پاری دووەم

## بنەڕەتی مێژوویی زاراوەکە لەهونەری گێڕانەوە و کورتە چیرۆکدا

ئەگەر تەماشای هەموو ئەو چیرۆك و گێڕانەوە لە مێژیینەییانە بکەین، بە تایبەتی لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و ئەفسانە کۆنەکاندا ، ئەوا تێمی زۆربەی ئەو گێڕانەوانە لەسەر ململانێی هێزی نێوان خێر و شەڕدا بووە و هەمیشە هێزی خێر سەرکەوتوو بووە . ئەم تێمە پانتاییەکی زۆری لـە گێڕانەوەی ئەو حیکایەت و ئەفسانانانە داگیر کردووە ، هەرچەندە لـە چیرۆکی هونەریی ئێستادا زیاتر ئەوە پەسەندە کە لە کورتە چیرۆك و هونەری گێڕانەوە بە گشتی گرنگ چییەتی ئەو دەقە نییە؛ بەڵکو چۆنییەتی دەقەکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەو پرسیارەشمان لە بیر بچێت، ئایا ئەو کورتە چیرۆکە بە دەوری چیدا دەسوڕێتەوە ؟ کورتە چیرۆك بەهۆی ئەو سنووردارییەی کە هەیەتی لە ڕووداو و کارەکتەر و توخمەکانی دیکە. دەبێت مەبەست و تێمێکی لەناوخۆی لە مەغزاکەیدا هەڵگرتبێت. هەر بۆیە چیرۆکنووس (( ئەو دیمەن و ڕووداوانەی هەڵیان دەبژێرێ جێی بەدیهاتن بن و ببنە نوێنەری بینای هەموو ئەزموونەکە ، لە نێوان ئەم سنوورەشدا دەتوانێ هەندێ لایەن پتر ڕۆشن بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو مەبەستەی ئەو دەیەوێت بەهۆیانەوە دەربکەوێ .))[1] کەواتە بۆ دەربڕینی بابەتێك چەندە لایەنی تەکنیك پێویستە، ئەوەندەش گرنگی بەلایەنی تێمەی دەقەکە بدرێت .

بەهۆی ئەوەی تێمە گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە لە کورتە چیرۆکدا ، هەربۆیە تێم پێوەرێکی گرنگی سەرکەوتنی کورتە چیرۆکە . چونکە سنووری کورتە چیرۆك هێندە فراوان نییە ، بەڵکو لە هەموو توخمەکاندا ، ڕووداو ، کارەکتەر ، کات و شوێن ، زمان سنوورداره ، لە چوارچێوەی ئەم سنوورداریيەشدا ؛ چیرۆکنووس دەبێت تێمێکی گرنگمان نیشان بدات . هەروەها دەبێت هەوڵی ئەوە بدات بە شێوەیەکی هونەری (تێم)ەکەی دەربڕێت . بێگومان تێمیش لەسەر زاری کارەکتەرەکان لەکاتی مەنەلۆگ یان دیالۆگدا لە دەربڕینەکانیاندا بە دیار دەکەوێت.

تێمیش (( پوختە و کرۆکی بۆچوونی نووسەرە لەبارەی شتێکەوە ، یان هزری ناوەندی بەرهەمەکەیە .))[2] کەواتە تێم کۆکردنەوەی هەموو بۆچوونەکانی چیرۆکنووسە کە لە کاتی نووسینی چیرۆکەکەیدا هەمووی یەکخستووە لە نێو کورتە چیرۆکەکەدا . لەبەر ئەوە دەڵێین ئەگەر تێم ئەو گرنگی و بایەخەی هەبێت ، کەواتە دەتوانین بڵێین لە یەکەم هەنگاو و کاری گێڕانەوەدا (تێم) بوونی هەبووە .

ئەوەی گرنگە بوترێت ئەوەیە کە ( تێم) دیاردەیەك نییە سەری هەڵدابێت ، تاوەکو بڵێین لەو مێژووەدا سەری هەڵداوە ، یان بپرسین کەی سەریهەڵداوە ؟ چونکە هەر لەو کاتەی مرۆڤ هەیە و دوای ئەوەش کاتێك مرۆڤەکان لە شوێنێك جێگیر بوون ودواتر دەستیان کردووە بەگێڕانەوەی ئەو دیاردە سروشتی و ڕووداو وکارەساتە سروشتی و مرۆییانەی کە بینیویانە ، ئەمانە هەمووی وە هەموو دەقێکی تۆمارکراو و تۆمار نەکراو هەڵگری تێمی تایبەت بە خۆیانن . وە ئەگەر بێت و باس لە مێژووی بەکارهێنانی ( تێم ) لەناو دەقدا بکەین ؛ ئەوە هەر لەو کاتەی وێنەی دیواری ئەشکەوتەکان و ئەو — چیرۆکە ئەفسانەییانەی لەسەر قووڕ نووسراونەتەوە ، وەکو ئەو نووسراوانەی لە دەقە سۆمەرییەکانەوە بۆمان جێماوە کە

---

١- کورتەیەك لە بارەی لێکۆڵینەوەی چیرۆکەوە، لین ئۆلنبیرند- لیزلی لویس، و:سەلاح عومەر،سلێمانی ، ٢٠٠٣ ، ل ١٢٤

٢- بەرە و ئاستانە ی ڕۆمان و گۆشە نیگاکان ، عەبدوڵڵا سە راج ،دەزگای سەردەم ، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٧، ل ١٧

جێی بایەخە لەوانەش داستانی (گلگامش)، کە لە بابەتی ناوەڕۆکەکەیدا هەڵگری تێمە ئەوەش (گەڕان بەدوای نەمری) یە ، واتە ئەفسانەی گەڕان بەدوای نەمریدا ، هەروەها تاوەکو دەگاتە حیکایەتەکانی گوێ ئاگردان و فۆلکلۆر و میللی یەکان هەمووی هەڵگری تێمەی تایبەت بە خۆیانن ، چونکە هەموو ئەو گێڕانەوانە لە پێناو گەیاندنی مەبەستێك ، یا پەیامێك گوتراون ، بەڵام دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوتی گێڕانەوەکان و هونەرەکانی چیرۆك بە گشتی و کورتەچیرۆك ، تێمیش گۆڕانی بەسەردا هات .((هەڵگرانی باوەڕی هونەربۆهونەر وفۆرمالیستەکان بەوە تاوانباردەکرێن کەگوایا لەناو ژووره تاریکەکانی بیرکردنەوەیەکی بەرتەسکدادەژین...تەنیا بایەخ بەشێوازو فۆرم دەدەن،هەمووهەوڵێکیان بۆئەوەیە.. هونەرێکی ڕووت بەرهەم بێنن، پێیان وایە ئەو نووسەرانە دوورن لە ئێشوئازاری میللەت ،پشتیان لەمرۆڤی چەوساوە و مافخوراو وکۆمەڵگاکردووە ناوەڕۆك لەدەقەکانیاندا نییە.دابڕانێکی بنبڕکەریش لەنێوان ئەوان وکۆمەڵگادا هەیە. بەڵام من پرسیارێك ئاڕاستەی هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە دەکەم: تۆبڵێی ئەونموونانەی لەپێناوهونەربۆهونەر نوسراون ناوەڕۆکیان تێدا نەبێ،وەك ئەوەی نموونەی داماڵراوی دوورلەکێشەکانی کۆمەڵگاوسەردەم نووسرابن وئەوانەی نووسیوویانە تەنیا بۆ جوانکاری بایەخیان بەشێوەو فۆرم داوە ، لەپێناو هیچدا نووسراون .))[1]

هەروەها ناکرێت ئێمە کاتێك باس لە بەرهەمی سەردەمێك دەکەین ، وەکو بونیادگەرەکان دەق لە نووسەر و سەردەم دابڕێنین ، چونکە ( تێم )پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سەردەم و باری کۆمەڵایەتی و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەوە هەیە . چیرۆکنووس بۆ تێمی کورتە چیرۆکەکانی ناچارە بۆ کەرەستەی واقیع بگەڕێتەوە ، لەوێوە لەگەڵ خەیاڵ و فەنتازیا بە هاوکاری تەکنیك تێکەڵاوی دەکات و دەقەکەی بەرهەم دەهێنێت ، (( لەڕاستی دا کورتە چیرۆك یەکەیەکی یەکگرتووە و شیاوی پەرت کردن نی یە، یەکێتی ئینتیباع لەکورتە چیرۆك دا لەم یەکێتی یەی نێوان ڕەگەزەکانی یەوە پێك دێت و دەبێتە سیمایەکی جوێکەرەوەی ئەم ژانرە .)) [2] هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئەم یەکە یەکگرتووە خۆی لە چڕکردنەوە و سنووردارکردنی توخم و ڕەگەزەکان بە شێوەیەکی هونەری دەبینێتەوە . تێمیش دەبێت بابەتێکی چڕ بێت و پەرش و بڵاو نەبووبێتەوە بە نێو کورتە چیرۆکەکەدا ، وەکو ڕۆمان نییە بەهۆی فرەیی لە توخم و ڕەگەزەکاندا ، چەندین تێم لە ڕۆمانەکەدا باس بکرێت .

باسکردن لە تێم لە هەمان کاتدا باسکردنە لە خودی کورتە چیرۆك ، چونکە کورتە چیرۆك هەروەك بەلای (ئیمبرت)ەوە (( دەستەواژەیەکی پەخشانیی گێڕانەوەییە پشت بە خەیاڵی تاك و واقیع دەبەستێت . ئەو ڕووداوەی مرۆڤێك ، یاخود ئاژەڵێك ئەنجامی دەدات ، سیفەتی مرۆڤانە ، یان ئاژەڵییانەی پێوە دەلکێت ، ئەمانە لە زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراو لە پلۆتێکدا پێك دێن .))[3] واقیع و خەیاڵی چیرۆکنووس دوو کەرەسەن، بۆ دروستکردنی تێمی چیرۆك ، کەواتە زانیمان کە لەمێژووی بنەڕەتی وشەی(Theme) هەر لەیەکەم وێنەی سەر ئەشکەوتەکان و بەردە قوڕینەکان هەبووە ، بەڵام وەك هونەرێك لە چیرۆکدا ئەویش بە سەردەمەکەیەوە بەندە .

---

١- ڕۆمان لە گۆشە نیگای جیاوازە وە ، سە لاح عومە ر ، ل ٤٦

٢- لێکۆڵینەوە ی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا (١٩٧٠-١٩٨٠) ، ئیبراهیم قادر محە مە د ، ل ١٠٦

٣- القصة القصيرة، النظرية والتقنية، انريك اندرسون إمبرت ، ترجمة: علي ابراهيم منوفي ، مصر، ٢٠٠٠ ، ص ٥٢

## پاری دووەم / یەکەم /

## تێم لە کورتە چیرۆکی ئەوروپیدا :

بۆ زانینی مێژووی هەر چەمك و زاراوەیەك بە ناچاری دەبێت بۆ لای یۆنانییەکان بگەڕێینەوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەیە کە ئەوان خاوەن کلتوور و فەلسەفەیەکی دەوڵەمەند بوونە . کتێبی ( هونەری شیعر ) ی ئەرستۆ یەکێکە لەو سەرچاوانەی باسی زۆربەی توخم وڕەگەزەکانی ئەدەبی گێڕانەوە و شیعری کردووە. ئەفلاتون وئەرەستۆ خاوەنی تیۆری لاسایی کردنەوەن . لەم تیۆرەدا هەردوکیان لە بابەتی لاساییکردنەوە هاوڕان ، بەڵام جیاوازیان لە شێوەی لاساییکردنەوەیە ، ئەفلاتوون هەموو شتێکی سەرزەوی بە کۆپی نموونەی باڵا لەئاسمان دادەنێ، بەڵام ئەرستۆ بۆ سەر زەوی دەیگەڕێنێتەوە. ئەرستۆ بابەتەکانی لاساییکردنەوە لە شیعر و تراژیدیا و کۆمیدیا دیاری دەکات . ئەو پێیوایە هونەرمەندەکان لاسایی کردەوەکانی مرۆڤ دەکەنەوە ، (( مرۆڤیش چار نییە یان باشە ، یان خراپە .))[1] کەواتە تێم و بابەتی (لاساییکردنەوە) یا ئەوەتا کردەوەی باشی مرۆڤەکانە،یان کردەوە خراپەکانیانە .کەواتە تێمی دەقەکان ڕەنگدانەوەی کردەوەی مرۆڤەکانە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەرستۆ مەرج لەسەر نووسەر دادەنێت ، کە نابێ ئەو کارەکتەرانەی هەڵگری تێمەکەن ، بەهەمان شێوەی واقیع وێنابکرێن. ((بۆیە دەبێ ئەم مرۆڤانە یان بەشێوەیەکی لە ئێمە چاکتر بنوێنرێن ، یان بەشێوەیەکی خراپتر ویان وەکوو ئێمەمانان خۆمان .))[2] لەم بۆچوونەوە ئەرستۆ پێداگری لەسەر هونەریەتی تێم دەکاتەوە، بە واتایەکی دیکە ئەرستۆ پێمان دەڵێت ، ئێمە هەمیشە تێممان لەبەر دەستە ، ئەویش بە لاساییکردنەوەی کردەوەی مرۆڤ ، هەربۆیە لەنێو ڕەگەزەکانی تراژیدیدا کەمتر باسی کردووە و سێیەمە لە گرنگیدا، ڕەنگە لەبەر ئەوە کە دەبێت لە هەموو بابەتێکدا تێم هەبێت و بەبێ تێم کارێکی ناتەواومان دەبێت. کەواتە کردەوەی مرۆڤ (چ بە چاکە ، چ بە خراپە) لەلای ئەرستۆ تێمن. بەڵام گرنگ ئەوەیە نووسەر چۆن ئەوتێمە دەکاتە دەق ؟ ئەرستۆ سێ ڕێگای داناوە، یان ئەوەتا لاساییکردنەوەی تێمەکە دەبێ لە کردەوەی مرۆڤەکان باشتر وێنا بکرێت ، یان خراپتر ، یان وەکو خۆیان. ئەمەش بە پێی هەردوو ژانری تراژیدی و کۆمیدی دیاری دەکات و جیاوازییان بەدیار دەخات . کۆمیدی هەوڵدەدات تێمەکان لە واقیع خراپتر پیشان بدات ، چونکە باس لە خەڵکی ئاسایی دەکات ، بەڵام تراژیدی هەوڵدەدات تێمەکان لە واقیع چاکتر پیشان بدات ، چونکە باس لە خانەدان و بەگزادەکان دەکات .

بۆ مێژووی بنەڕەتی تێم پێویستە ئاوڕێك لە هەموو ئەو ڕەگەزە ئەدەبیيانە بدەینەوە کە پێش سەرهەڵدانی کورتەچیرۆك وەکو هونەرێکی گێڕانەوە هەبوون ، لەبەر ئەوەی کورتە چیرۆك ژانرێکی ئەدەبییە ، لە هەمان کاتدا شێوەی گێڕانەوەی دیکەش وەکو ئەفسانەکان ، نامە ، حیکایەت و چیرۆکە میللییەکان ...هتد هەن . ئەمانە پێش کورتەچیرۆك بوونیان هەبووە، لە هونەری کورتە چیرۆك نزیك دەبنەوە ولێکچوون لە نێوانیاندا هەیە. (ئەندرسون ئێمبرت) لەکتێبەکەی خۆیدا ( کورتە چیرۆك- تیۆر و تەکنیك ) هەشت جۆر لەو گێڕانەوانەی کە لە کورتە چیرۆك نزیکن ، یان گێڕانەوەیان تێدایە دیاری دەکات، بێگومان هەریەك لەمانە خاوەن تێمی خۆیانن بەپێی سەردەم. لێرەوە وا دەخوازێت کاتێك ئێمە باس لە بنەڕەتی مێژووی زاراوەکە دەکەین، وا باشە چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ باس لەمێژووی کورتە چیرۆکیش بکەین.

---

١ - هونە ری شیعر (شیعرناسی) ، ئە رە ستۆ ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی وپێشەکی و پە راوێزی :عەزیز گەردی ، ل ١٧

٢ - سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧

لەبەر ئەوەی بۆ هەموو ئەو تێمانە بۆ کورتە چیرۆکەکانی بە نموونە سەردەمە کۆنەکان ، یان لای چیرۆکنووسانی نویٚ ، پێویست بەوە دەکات باس لەکورتە چیرۆکەکانیان بکەین. تایبەتمەندی هەر ژانرێکیش بە پێی سەردەمەکەی دەگۆڕرێت، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مێژووەوە هەیە و بەرهەمیش یان بە پێی چێژی خوێنەران دەنووسرێت واتە((هەموو دەبیٚ ئەدەب و هونەری خۆی خەلق بکات .))[1] وە یان هەوڵی گۆڕینی چێژی خوێنەر دەدات چونکە (تێم) ئامانجی چیرۆکنووسە کە هەوڵدەدات لە چیرۆکەکەیدا بیپێکێت. هەر بۆیە خوێنەر دەبێت هەمیشە ئاگاداری پەیوەندی نێوان کارەکتەرو ڕووداوەکان بێت لێرەدا ئەگەر سەیری کورتەچیرۆك لای (ئادگار ئالان پۆ ١٨٠٩-١٨٤٩)ی ئەمریکی بکەین دەبینین کە تێمی زۆربەی کورتە چیرۆکەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو بیرکردنەوە و تێڕوانینانەن ، کە (پۆ) هەڵگرێتی ، تەنانەت سەرچاوەکان ئاماژە بە نائاسایی بوونی دەکەن . بۆیەش تێمی (فۆبیا و ترس) بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو کورتە چیرۆکەکانیدا ئامادەییان هەیە . کارەکتەرەکانی شیزۆفینیاو فێیان هەیە ؛ هەر لەبەر ئەمەشە کە (( لەو سەردەم (سەدەی نۆزدە) بەرهەمێکی دیکە بەو شێوە تێمە نادۆزینەوە .))[2]. هۆکارەکە بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە تێمی کورتە چیرۆك لە چیرۆکنووسێکەوە بۆ چیرۆکنووسێکی دیکە دەگۆڕرێت ، هەرچەندە ئەگەر بابەتەکانیشیان یەك بێت . (تێم)یش لای ئەم چیرۆکنووسە هەمیشە (مردن ، ڕەشبینی ، دوو دڵی) یە .

هەروەها گۆگۆل* یەکێکە لە داهێنەرانی هونەری کورتە چیرۆك ؛ ئەو ڕەوتی ڕۆمانسی لە کورتە چیرۆك تێپەڕاند، بە تایبەت لە زمان و تێمدا . بۆیە ئەگەر سەیری کورتە چیرۆکەکانی ( گۆگۆل ) بکەین . تێمەکانی تایبەتن بە کێشەی زەوی و زار و جوتیار و مرۆڤی ئاسایی تەنانەت زۆرجار تێمەکانی کورت دەکردەوە ، تاکو یەکێتی تێم دروست بێت . لەبەر ئەوە (( گێڕانەوەکانی لە زمانێکی ڕێکخراودا دەگێڕایەوە، کارەکتەری ئەفسانەیی وێنە دەکێشا کە بە زمانێکی ئاسان لە ساتێکی واقیعی ژیانی مرۆڤ کە بە درێژایی ڕۆژ ڕەنجیان دەدا ، دەدوا .)) [3] بە تێمە کردنی ژیانی واقیع ، (گۆگۆل) تەکانێکی گەورەی بە ڕەوتی کورتە چیرۆکدا ، بەتایبەت کاتێك لە ڕۆمانسییەت دوورکەوتەوە ، واتە گۆگۆل لەهەردوو قۆناغی ڕۆمانسییەت و ڕیالیزمدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە . کەواتە لە پێشەنگەکان بووە لە گواستنەوەی تێمی واقیع بۆ ناو هونەری کورتە چیرۆك ، کورتە چیرۆکی (پاڵتۆ) دیارترین و باڵاترین نموونەی ئەو جۆرە تێمەیە لەلای

---

١- الأدب عند رولان بارت، فانسان جوف ، ترجمة : عبدالرحمن بوعلي، دار الحوار، اللاذقية ،٢٠٠٤ ، ص ٢٥

٢- ادغار ألن بو وإشكالية الزمن ، ساجد محمد رضا / http://www.alnoor.se/article.asp?id=١٥١٢٣٦

* ناوی( نیکۆلای فاسیلیڤیچ گۆگۆل) ە ، لەساڵی ١٨٠٩ لە شاری سوروچنسی ، ویلایەتی پۆڵتاڤا لە بنەماڵەیەکی موڵکداری ئۆکرانی ،چاوی بە ژیان هەڵهێناوە . یەکەم کۆ چیرۆکی کتێبێك بوو بە ناوی (شەوانێك لە کێڵگەیەکی دیکانکا)١٨٣١ لەم بەرهەمەدا بەشێوەیەکی هونەریانە ڕەوشی ڕەوشت وداب ونەریتی میللی باوی ئۆکرانیای زێدو زالگەی خۆی نیشانداوە. ئەم بەرهەمە پێشوازییەکی زۆر گەرموگوڕی لێکراو ماوی گۆگۆلی وەکو چیرۆکنووسێکی گەورە خستە سەر زاران خاڵی وەچەرخان و دەستێکی تازە بوو لەئەدەبیاتدا و لە ساڵی ١٨٥٢ کۆچی دوایی کردووە .یەکێکە لە گەورە نووسەرانی بواری کورتە چیرۆك و ڕۆمان لە ئەدەبی ڕووسی وجیهانی ، کاریگەری هەبووە لەسەر داهێنانی کورتەچیرۆکی هونەری لە ڕووسیاو جیهان. ( گۆگۆل باوکی پەخشانی ڕووسی ، و: حەمەکەریم عارف ، سلێمانی ٢٠١١ ، چ١ ، چاپ و پەخشی سەردەم ) هەروەها بڕوانە نقولای – جوجول http://www.wikipedia.org/wiki

٣- فن كتابة القصة ، فؤاد قنديل ، دار المصرية اللبنانية ، ٢٠٠٨ ، ص ٨٠

- گۆگۆل. هەر بۆیە بەلای ئەوەوە کورتە چیرۆك دەبێ ئاوێنەی واقیع بێت ، لێرەوە ڕیالیزمی ڕەخنەیی هاتە ناو ئەدەب. ((تێمی گرنگ لەهەموو کورتە چیرۆکەکانی کێشانی وێنەی واقیعە وەکو ئەوەی هەیە، بەبێ ڕازاندنەوەو ڕێنمایی .))[١] ڕەنگدانەوەی ژیان و واقیع لە سەردەمی گۆگۆل بوو بە بناغەیەك بۆ تێمی کورتە چیرۆك ، تەنانەت لـە ڕۆمانەکانی ئەو سەردەم بەهەمان شێوە ڕەنگدانەوەی هەبوو لەوانە لە ڕۆمانی ( دایك ) ی ماکسیم گۆرکی ، ( برایانی کارامازۆف ) و (تاوان و سزا)* ی دیستۆفیسکی ، (جەنگ و ئاشتی) ی تۆلیستۆی .

تەنانەت ڕابەرێکی دیکەی کورتە چیرۆك ( چیخەف )ە ، ئەمیش بەهەمان شێوەی گۆگۆل هەوڵی بە تێماکردنی ژیان و واقیعی دەدا . زۆر لە توێژەران لەو بڕوایەدان کورتە چیرۆك لەنێو منداڵدانی کارەکانی گۆگۆل لەدایك بووە ، هەربۆیە تۆرگینێف هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە و دەیووت((هەموومان لەژێر پاڵتۆکەی گۆگۆل هاتووینەتە دەرێ) و دیستۆفیسکی-ش هەمان بۆچوونی ئەوی لەمەڕ گۆگۆل لەزۆر شوێندا دووبارە کردۆتەوە. فرانك ئۆکنر بەباوکی چیرۆکی کورتی ناو دەبات ))[٢] کە چیرۆکێکی ڕیالیستی مرۆییە . چیرۆکی پاڵتۆ باس لە مرۆڤێکی چەوساوە و هەژاردەکات لە ڕێی فەرمانبەرێکی ئاسایی ئەوەمان پیشان دەدات ژان و ئازاری هەژاری دواجار کارەسات و مردن لەدوای خۆی دێنێ گۆگۆل یەکەم چیرۆکنووسە کە چیرۆکی ڕیالیستی نووسیووە و تەوس ئامێز و ڕەخنەیی بووە لە دەسەڵاتداران .

ئەوەی کە گرنگە بیلێین ئەوەیە کە کورتە چیرۆك لەیەك کاتدا لەدوو وڵاتی جیاواز سەری هەڵدا ، لە ئەمریکا لەسەر دەستی (ئادگار ئالان پۆ) و لە ڕوسیا لەسەر دەستی (گۆگۆل) .

هەرچەندە پێشتر باسمان لە (ئادگار ئالان پۆ) کرد بە کورتی ، بەڵام لەبەرئەوەی هاوسەردەمی ( گۆگۆل ) بووە ، لێرەدا ئاماژە بە تێمی چیرۆکەکانی دەدەین . (پۆ) بەتەکنیك و شێوازێکی دیکە هەوڵی نووسینی کورتە چیرۆکی دا. تێیدا سەرکەوتوو بوو . بۆ تێمی کورتە چیرۆکەکانی سوودێکی زۆری لە خەیاڵ وەرگرت . هەر لێرەشەوە بوو شێوازی خۆی لە ( گۆگۆل ) جیاوازتر نووسی هەوڵی دەدا وەسفی ناخی مرۆڤ پیشان بدات . بە خوێنەری دەوت تۆ دەبێ لە دنیای عەقڵانی بچیتە دەرەوە بۆ دنیای شێتی و هەڵچوون و دوودڵی . تەنانەت ناونیشانی کورتە چیرۆکەکانیشی بە هەمان شێوە دنیای مردن و هەڵچوون لـەخۆ دەگرن . ئەو گۆشەنیگایەی بۆ ئەم شێوازە پاڵنەری بوو ئەوە بوو هەمیشە دەیوت : لە ڕاستیدا پەروەردە و فێرکردن و ئاکار ( ئەخلاق ) بە هیچ شێوەیەك لە داهێنانی هونەری جێیان نابێتەوە ))[٣] ، دیارە لەگەڵ هاتنی ( ئادگار ئالان پۆ )دا تێمی بابەتە گێڕانەوەییەکان گۆڕانیان بەسەرداهات ، لەجیاتی تێمی کۆمەڵ و واقیع زیاتر بۆ تێمی ( تاك ) دەگەڕایەوە. تاك بوو بووە سەنتەر لەلای (پۆ) ، کێشەکانی تاك، مردن، ڕەشبینی، دوو دڵی...هتد هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە خەیاڵ و دەروونی تاکەوە هەیە لەلای ئەم چیرۆکنووسە بووبووە تێم. لەهەمانکاتدا تەکنیك و شێوازی نوێی لە کورتەچیرۆکدا داهێنا، ((تەکنیکی کورتە چیرۆك ئاستێکی هونەری بەرزتری بەخۆوە گرتووە و ئاستی بنیادەمیش تادێ پێش دەکەوێ ، ڕەنگە هۆی پەیدابوونی-

---

١- حول القصة القصيرة ، موسى كردي ، مجلة الكلمة ،عدد الآول ، ١٩٦٧، ص ٢٧

* باختین (تاوان وسزای) دیستۆفیسکی وا لێکداوەتەوە کە تاوان لە کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێتەوە و سزاش چارەسەری ئەوانە دەکات ، کە ئەوانە خودی تێمی سەرەکی بوون لای دیستۆفیسکی .

٢- گۆگۆل باوکی پەخشانی ڕووسی ، و: حەمەکەریم عارف ، سلێمانی ، ٢٠١١ ، ل ٤٧

٣- نظرية الأدب ، أوستن وارين ، ترجمة :محي الدين صبحي ، المجلس الآعلى لرعاية الفنون والآدب ، دمشق، ١٩٧٢ ، ص ٨٢

ئەو شێوازەی نووسینی چیرۆکیش خۆ ڕزگارکردن بێت لەوەی کە جاران پێیان دەگووترا شاهێدی چەرخی خۆیان ، یان جۆرێك بێت لە بیٚ ئومێدی ئەو واقیعە تاڵەی ئەم سەردەمە جەنجاڵەی مرۆڤایەتی .))[١] ئیشکردن لەسەر ئەو جیهانە ئاڵۆزەی مرۆڤی مۆدێرن تێیدا دەژی ، لە ئەنجامی جەنجاڵی و سەرقاڵ بوونی بە ژیان ، کە هیچ ساتێك بۆ بیرکردنەوە ناهێڵێتەوە ، هەموو ئەو ئازارانە ، تێڕوانینانە ، لە نێو تێمی کورتە چیرۆکەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە .

دواتر(گی دی مۆباسان)* دەردەکەوێت لە فەرەنسا،کە ئەمیش ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی چیرۆك ئەویش کورتە چیرۆکە و یەکێکی دیکەیە لە بەناوبانگترین چیرۆکنووسان. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە ژیاوە، ئەو لەو بڕوا یەدابوو، کورتەچیرۆك گوزارشت لە ساتێك دەکات، ئەویش بۆخۆی وەکو ڕێسایەکە بۆ نووسینی کورتەچیرۆك. دەبینین لەسەردەمی خۆی دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، تێمی کورتەچیرۆك لای(مۆباسان) ئەوە بوو، بەرهەمەکانی گوزارشت لەواقیعێکی نویٚ بکات.((ئەمە خۆی لەخۆیدا دەرخستنی ڕاستییەکانە لەنێو شتە بچووك و وردەکاندا، ئەمە هۆکاری بلاوبوونەوەی کورتەچیرۆك بوو لە مۆباسانەوە تاکو ئێستا.))[٢]. بەو واتایەی مۆباسان بەداهێنانی واقیعێکی نویٚ،کات وشوێن، ڕووداو،کارەکتەری لەنێو کورتەچیرۆکدا دروست کرد. واتە لەوێوە توخمە بنەڕەتییەکانی کورتە چیرۆکی دیاریکرد.(مۆباسان) لەو باوەڕەدابوو ، ژیان و واقیع جیاوازن لەوەی لەچیرۆکدا وێنای دەکرێت. تێمەکانیشی هەمیشە لەو چوارچێوەیەدا دەسوڕایەوە ؛ وێنای ژیانێکی نویٚ ، واقیعێکی نوێی جیاواز لەو ژیان و واقیعەی تێدا دەژیا دەکرد . هەر بۆیە کاتێك کارەکتەر و ڕووداوی دەئافراند ، بەشێوەیەکی ئاسایی دەیئافراند نەك ئاڵۆزیان بکات .

(مۆباسان)، هەمیشە ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتییە ئاساییانەی دەکردە تێمی کورتە چیرۆکەکانی ، کە لەساتێك ڕوودەدەن ئەو ساتانەی پەسن دەکرد وهەڵوێستەی لەسەردەکرد. هەرچەند مۆباسان دژایەتی زۆری دەکرا، چونکە هەم تەکنیك و هەم تێمەکەی نویٚ و جیاواز بوو . ( د.رشاد رشدی ) لەم بارەیەوە دەڵێت : کاتێك چیرۆکەکانی (مۆباسان)دەرکەوتن ، جیاواز بوو لەوانەی پێشتر نووسرابوون ، تا هەندێك خەڵك ڕەتیان کردەوە دانی پێدا بنێن ، کە ئەمانە کورتە چیرۆکن بەڵام دواتر ئەو ڕایە گۆڕا ، تاکو یەکێك لە گەورە ڕەخنەگران بەچەند ساڵێکی کەم دوای مۆباسان وتی: کورتە چیرۆك مۆباسانە، مۆباسانیش کورتەچیرۆکە.))[٣] کەواتە دەتوانین بڵێین لەگەڵ هاتنی چیرۆکەکانی(مۆباسان) کورتە چیرۆك وەك هونەرێك سەریهەڵدا. لێرەوە تەکنیك و ستایلی کورتەچیرۆك بە شێوەیەکی هونەری پەیدابوو.هەروەك جیان موشنیك بۆ چیرۆکی پتەو دەڵێت : ((ئادگار ئالان پۆ دەڵیٚ :کورتەچیرۆك دەبیٚ زۆر کورت بیٚ وابێت لەیەك داڕشتندا تەواوی بکەیت ، بەڵام درێژیش بێت کە بەس بێت بۆ ئەو ڕووداوانەی کاریگەری هەیە لەسەر خوێنەر .)) [٤]

---

١- چیرۆکی کوردی ، سابیر ڕە شید ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل ٦٧

* گی.دی.موباسان : نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسێکی فەرەنسییە ، لەساڵی ١٨٥٠ لە فەرەنسا لەدایك بووە، باوکی پیاوێکی ئوروستۆکراتی بووە ، لەیاسا خوێندوویەتی و دواتر پەیوەندی کردووە بە سوپای فەرەنسییەوە ، لەساڵی ١٨٩١ بەهۆی ئاڵۆزی دەروونی شێت بووە ، بەناوبانگترین کورتەچیرۆکەکانی (گرێبەست و خاتوو ڤیڤی) یە . لەساڵی ١٨٩٣ کۆچی دوایی کردووە (غی — دو- موباسان http://www.wikipedia.org/wiki

٢- جماليات القصة القصيرة المعاصرة ، د.مجاهد عبدالمنعم مجاهد ،دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة ، ب ، ت ، ص ٥-٦

٣- الموسوعة العربية العالمية ، مجموعة مؤلفين،مؤسسة الآعمالالموسوعة للنشر والتوزيع ، ط٢ ، الرياض ،١٩٩٩ ، ص ٥٤٨-٥٤٩

٤- تقنيات الكتابة في فن القصة والرواية ، مجموعة من المؤلفين ، ترجمة / رعد عبدالجليل جواد ، ص ١٨١

هەروەها (ئەنتوان چیخەف)* یەکێکی ترە لەو چیرۆکنووسانەی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕەوتی چیرۆکی ڕووسی و جیهانییەوە هەبوو. ڕۆڵێکی مەزنی لە پێشخستنی کورتەچیرۆکدا هەبوو، هەروەها کاریگەری لەسەر زۆرێك لەو چیرۆك - نووسانەی دوای ئەو پەیدا بوون هەبووە. کورتە چیرۆکەکانی ڕەنگاو ڕەنگ بوون ، بابەت و تێمی چیرۆکەکانی لایەنە نەرێیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە دەسەڵاتداربوون پیشان دەدات.(( ئەوەی زۆر بەلاوە گرنگ بوو ، کە بچێتە قووڵایی ئەو ڕووداوە ئاساییانەی دەبوونە کەوتنی دەروونی مرۆڤەکان .))[١]

کارکردنی(چیخەف) ڕۆچوونە بە نێو ئازارەکانی مرۆڤی سەردەمی خۆی. تێمی چیرۆکەکانی گێڕانەوەی پێکهاتەی خێزان و ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکییە . وە هەروەها بایەخی داوە بە تەندروستی خەڵك و زیرەکی و ئازادی فیکر و ڕاستگۆیی و ئەوانەی ئارەزوویان لە فەلسەفە و زانست هەیە و ئەوانەی کاردەکەن و بە ڕەنجی شانی خۆیان نان پەیدادەکەن، هەروەها ڕقی لە چینی ئوروستۆکراتی دەبووەوە کەخاوەنی زەوی و زار بوون بەبێ ئەوەی هیچ کارێك بکەن، وە لەبەرئەوەی خۆی پزیشکێکی خۆبەخش بووە ، هەموو کات پاڵەوانەکانی کەسانی ڕاستەقینە بوون ، دووربوون لە کەسانی ئەفسانەیی و خەیاڵی ؛ چونکە ئەو بۆ واقیعی ژیان دەینووسی . وە کەش و هەوای خێزانداری زۆربەی کورتە چیرۆکەکانی گرتۆتەوە ، هەربۆیە هەمیشە سۆزو بەزەیی وەکو چۆن لەنێو ئەندامەکانی یەك خێزاندا هەیە، بەم شێوەیەش لەنێو کارەکتەرەکانیدا بەدی دەکرێت. کورتە چیرۆکەکانی بە شێوازی کاریگەری دەنووسی ، بە شێوەی سیمبولی ڕوونکردنەوەی دەدا ، هەروەك لە کورتە چیرۆکەکانیدا پشتی بە ((چڕکردنەوەی ڕووداو وکورتکردنەوەوهەڵاتن لە ڕووداوی درێژ، هەروەك کورتە چیرۆکەکانی لە گرێیەکی کاریگەر پێکدەهاتن ، ئەمەش ئەوی کرد بە ڕابەرێکی کورتە چیرۆکی نوێ لە جیهاندا .))[٢] زۆربەی کارەکتەرەکانیشی لە خێزانی لادێ نشینەکانن . تەنانەت تێمەکانیشی لەو ئازارانە دەدوێت کە خەڵك لە ژێر دەستی دەرەبەگ و برسێتی و هەژاریدا دەژین .

ئەگەر ئێمە بەردەوام بین لەسەر باسکردنی تێم لەلای چیرۆکنووسانی ئەوروپی ، ( کە تەنیا لەم ڕێیەوە دەتوانین مێژووی بەکاربردنی تێم بخەینە بەرباس).ئەوا چیرۆکنووسان هێندە زۆرن ، بۆیە ناتوانین لەلای یەکە بە یەکەیان بوەستین ، بەڵام تەنیا لەلای ئەوانەی بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییان لەسەر هونەری کورتە چیرۆك لە جیهاندا هەبووە هەڵوەستەمان لەسەر کردن . هەرچەندە چیرۆکنووسانێکی زۆری دیکەش هەن لەوانە ((تۆرگینێف ، تۆلستۆی ، ئەمیل زۆلا ، ئەناتول ، واشنتۆن ، هۆسۆرن ،لە ئینگلترە ( واڵتەر سکۆت) ،لە ئەڵمانیا(هۆفمان) ، بۆرخیس ،...هتد )ڕۆڵیان لە پێشخستنی کورتەچیرۆك هەبووە.هەریەك لەوانە ئەو کێشەوگرفتانەی کە میللەتەکەیان لەسەردەمی خۆیاندا پێیدا گوزەریان کردووە کردوویانە بەتێمەی چیرۆکەکانیان. لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدە، دوای ئەوەی لە ئینگلتەرا بۆ ماوەیەکی زۆر ڕەوتی کورتە چیرۆك بەرەو نەمان دەچوو ، چیرۆکنووسێك بە ناوی (ڕایدر کیبلنگ)، کە ناسراوە بە ئافراندنی کارەکتەری دوور لە واقیع و ژیان. تێمەی چیرۆکەکانی دووربوون لەهەموو وانەیەکی ئەخلاقی(ئاکاری)، بەڵکو زیاتر وێنەی داگیرکەرانی

---

* ناوی (ئەنتوان باڤلۆڤیچ چیخەفە) ، لەساڵی ١٨٦٠ لە ڕووسیا لە دایك بووە . پزیشك و نووسەر و چیرۆکنووسێکی گەورەی ڕووسە ، هەرلەو دەمەی لە کۆلێژی پزیشکی بووە ،کورتە چیرۆکی نووسیووە هەروەها شانۆی زۆری نووسیووە ، لە ساڵی ١٩٠٤ کۆچی دوایی کردووە . بڕوانە http://www.wikipedia.org/wiki

١- القصة القصيرة ، د.طاهر احمد المكي ، دراسة والمختارات ، دار المعارف ، ط٦ ،١٩٩٩ ، ص ٨٧

٢- سەرچاوەی پێشوو ، ص ٢١

نیشان دەدا. دوای کزبوونی ڕەوتی ڕۆمانسی لە ئەدەب لە ئینگلتەرا ، چیرۆکنووسان ( کاترین مانسفێلد)* و(کوبارد) ئەمانە(( وێنای ژیانیان لەنێو کورتەچیرۆکەکانیان لە واقیعدا چۆن بوو، بەوشێوەیە وێنایان دەکرد، بەبێ ڕازاندنەوە.))[1] کاریگەری ئەم دووانە چ لەلایەنی هونەری و تەکنیکی کورتە چیرۆکەوە، چ لەلایەنی تێم و بابەتەوە بەشێوەیەکی بەر-چاو لەوسەردەمە هەیبووە . وە چیرۆکیش((تەنیا فۆرم نییەو بەتەنیا پشت بە تەکنیك نابەستێ ، بەڵکو بابەت وناوەڕۆك و زمان و ڕووداو و شوێن کات و گشت ڕەگەزەکانی دیکە سەرکەوتنی دیاریدەکەن . ئەو چیرۆکەیش کە سەرکەوتووە پەیوەندی بە بەهرەی هونەری و پلەی رازی بوونی جەماوەرەوە نییە،بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کەتاچەند وەك چیرۆك و وەك هونەر سەیری دەکرێ .))[2] لەو ماوە کورتەشدا دەبێت لەم تەرزە چیرۆکەدا تێم و بابەتەکەی پێکرا بێت ، واتە لەو کورتییەدا بتوانێ مافی هونەرێتی بپارێزێت .

لەسەدەی بیستەدا بەهۆی بەرپابوونی دووجەنگی گەورەی جیهانی، تێمی کورتە چیرۆك تا نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیە ، هەوڵی پیشاندانی ئەو جۆرە چیرۆکانەی دەدا کە بە واقیع لە بەرەکانی جەنگدا ڕوویاندەدا ، تەنانەت ئەو دوو جەنگە کاریگەرییان هەبووە لـەسەر ئەدەبیاتی هەموو جیهان. دەیان و سەدان چیرۆك وکورتە چیرۆك و ڕۆمان لەو بارەیەوە نووسران. لە بەرئەوەی بابەت بە پێی سەردەم و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری و ئابووری هەر میللەت و کلتوورێك دەگۆڕێت و بەڵام تێمی بابەتەکان هەرجارە و بە ڕەنگێکی دی و نوێ دەردەکەوێت . ئەگەر نا (تێم) وەکو تەکنیك نییە ، بەپێی سەردەمەکان لەڕووی هونەرییەوە گەشە بکات . لەبەر ئەوەی دەکرێ هەر (جووڵەیەکی مرۆڤ ، دیمەنێك ، قسەیەك ، ڕوداوێك ،کردەوەیەك ...هتد) ببێت بە تێمی چیرۆکێك . بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن ؟ ئەمەش وەك باسمان کرد لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی دیکە گۆڕان لە دەربڕینەکانیدا دەردەکەوێت بە شێوەیەکی هونەری تازە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە هەر چیرۆکنووسێکی جیهانی لە وڵاتێك و سەردەمی خۆیدا وەرگیرا . تاکو بزانین لەو سەردەمەدا چ تێمێك باوبووە و چیرۆکنووس لەم ڕێیەوە چۆن هەوڵی گەیاندنی پەیامی خۆی داوە .

---

* (کاترین مانسفێلد پیتشامپ )، لە ساڵی ١٨٨٨ لە نیوزلندە لە دایك بووە ، لە تەمەنی چواردە ساڵی چووەتە لەندەن ، هەرلەوێ وەکو چیرۆکنووس و نووسەر ناسراوە . لە پێنج بەرگ کتێبەکانی چاپ کراون ، لە تەمەنی (٣٥) ساڵیدا لەساڵی ١٩٢٣ کۆچی دوایی کردووە . http://www.١٤october.com/news.aspx?newsno=١٤٠٩٨٣

١- القصة القصيرة ، د.طاهر احمد المكي ، دراسة والمختارات ، ص ٧٠ - ٧١

٢- ڕۆمان لە گۆشە نیگای جیاوازە وە ، سە لاح عومە ر ، ل ٨٧

## پاری دووەم /دووەم /

## تێم لە کورتە چیرۆکی عەرەبیدا :

هونەری کورتە چیرۆك لەلای عەرەبەکان مێژوویەکی دێرینی وەهای نییە. لەهەمانکاتدا دەکرێت بڵێین هەموو ئەو چیرۆکانە دەگرێتەوە چ بەشێوەی زارەکی یان نووسراو هەن و هەموو ئەو دەقانەی کە بنەمای گێڕانەوەیان تێدایە ودەچنە ئەوخانەیەوە، ئەمەش واتای ئەوە نییە، کە هەمان بنەمای هونەرییان هەبێت، کە لە چیرۆکی ئێستادا هەیە .

پێشتر گرنگییەکی زۆر بە مەقامە درابوو، کە زۆرجار لەگەڵ کورتە چیرۆك بەیەك شتیان داناوە و لێی جیانەکراوەتەوە ، هونەری مەقامەش سەرەتا لای (بديع الزمان الهمداني)داهێنراوە . کەدەوترێت (( هەمەدانی جۆرێکی نوێ لە نووسینی داهێنا کە بریتییە لە مەقامات ، ئەویش کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت بووە پاڵەوانەکەی کەسێك بووە لە سواڵکەران ناوی ئەبوفەتحی ئەسکەندەری بووە کەلە شوێنێکەوە ڕۆیشتووە بۆشوێنێکی ترو بەزمانپاراوی و ڕەوانکارییە نامۆکەی سواڵی لەخەڵك کردووە.هەمەدانی مەبەستی هونەری چیرۆك نەبووەلەمەقاماتەکانیدا،بەڵکو ویستوویەتی توانای خۆی دەربخات لە ڕازاندنەوەی قسە و بایەخدانی .))[1] ، بەڵام لەبەرئەوەی کە مەقامە زیاتر مەبەستەکەی پەندو ئامۆژگارییە هەروەها بە پلەی یەکەم خزمەتکردنی لایەنی زمانەوانییە، لەگەڵ گاڵتەوگەپ ، ئەم خاسیەتانەشی بۆمان ئاسان دەکات کە بڵێین مەقامە جیاوازە لە کورتە چیرۆك ، چونکە وەك مەبەستی سەرەکی لەکورتە چیرۆکدا خزمەتکردنی زمانەوانی نییە. لە ئەدەبی عەرەبیدا بۆ ئەوەی مێژوویەکی دێرین بۆ هونەری کورتەچیرۆکی عەرەبی دابنێن ، هەندێك دێن مەقامە بەسەرەتا دادەنێن لە هونەری گێڕانەوەییدا، بەتایبەت کورتە چیرۆك ، بەڵام کەسانێکی دیکە هەن پێچەوانەی ئەو ڕایانە دەخەنەڕوو ، لەوانە : محموود تیمور دەڵێت: ((مەقامە هیچ نرخێکی چیرۆکی نییە ، هەرچەندە خستوویانەتە قاڵبێکی چیرۆکی ، لەبەر ئەوەی خاڵی بووە لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆك وەك ڕووداو ، یان گرێ... وە هەروەها خاڵییە لە کەسایەتییە گێڕانەوە باشەکان وە شیکردنەوە دەروونییەکان و وانە ئاکارییەکان .))[2]

بەو واتایەی چیرۆك نییە بەڵام خراوەتە شێوەوڕوخساری چیرۆکەوە،هەر ئەمەشە کەسانێکی بەهەڵەدا بردووە لەڕەخنە-گرانی عەرەب بەوەی بە سەرەتای کورتە چیرۆکی عەرەبی دابنێن. هەندێکی دی دەڵێن سەرەتای کورتەچیرۆکی عەرەبی لاساییکردنەوەی ئەدەبی جیهانییە . جۆرج شامی ڕۆژنامەنووس و ئەدیبی لوبنانی لە پرسیاری (مجلة الجيب )دا کە ئایا ، لەو باوەڕەدایت چیرۆکی عەرەبی پەیامێك بێت،وە بنەماکانی چین؟ دەڵێت ئەگەر لاساییکردنەوە لەزۆربەی کاتەکاندا پێشەکی ئەو پەیامە بێت، ئەوە لاساییکردنەوەی هەردووئەدەبی یۆنانی ورۆمانی لە پێشەکی ئەو پەیامە ئەورووپییەدان لە سەدەی (١٦) هەمدا . پەیامی ڕاستەقینە ئەوەیە دائەمەزرێ لەسەر بیر ، ئیلهامیش نموونەیەکی بەرز دەبەخشێ ، وە دانانی چیرۆکێك کە لەسەر ئەم بنەمایانە دانەمەزرابێت(بیر) ئەوە لاساییکردنەوە لەخۆی دەگرێت .ئەو کاتە ناتوانین بڵێین پەیامە ، چونکە پەیام وا دێتە بوونەوە کاتێك کە چیرۆك سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت وە هەموو تواناکانی خۆی لە ژینگەوە وەربگرێت کە لە چواردەوری نووسەرەکەدا هەیە لە نەتەوەی نووسەر و بۆماوەیی.))[3]

---

١- ئەفسانەی ئەدەبی باڵا ، د.عەلی وەردی ، و. کامیل مەحموود ، چ٢ ، ٢٠١١ ، ل ٢٨٢

٢- فن القصص ، الأستاذ محمود تيمور ، مكتبة الآداب ، القاهرة ، ب ، ت ، ص ٤٢ - ٤٣

٣- مجلة الجيب ، للحقيقة.. والفن والحياة ، العدد الرابع ، ايلول-سبتمبر ، بيروت ، ١٩٦٨ ، ص ٢٩

بەو شێوەیە زۆر لەنووسەران و ڕەخنەگرانیش لەو باوەڕەدابوون کە کورتەچیرۆکی عەرەبی بەلاساییکردنەوەی جیهانی دەرەوەی خۆیان دەستیان پێکردووە، کورتەچیرۆك زۆر زیاتر لەهونەرە ئەدەبییەکانی دیکە بوار و هەلی پێشکەوتنی هەیە ، چونکە بە پێی پێویستی سەردەم دەگۆڕێت ، وە لەبەرئەوەی هونەرێکی تازەیە و جۆرێکە لە ئەدەبی نویٚ،کاتیٚ ئەدەبی عەرەبی پێی ئاشنابوو هەندێکیان سەرەتاوڕەگە یەکەمینەکانیان بۆهەندێك لەجۆرە هونەرە ئەدەبییە دێرینەکان دەگەڕاندەوە لە(چیرۆکە قورئانییەکان، ژیاننامەی پێغەمبەران، حیکایەت،...) لەبەرئەوەی بەهەر شێوەیەك بیٚ بەشدار ئەبیٚ لە هەندیٚ شێوە لەگەڵیدا ، بەڵام وەك مەرجە هونەرییەکان کە تێیدابێت ئەوە کورتەچیرۆك هونەرێکی تازەیە لەئەدەبی عەرەبیدا(چ بە وەرگێڕان و چ بە لاساییکردنەوەی ئەدەبی ڕۆژئاوا) وەریانگرتووە،بەڵام (محمدمفیدالشوباشی ڕایەکی پێچەوانەی ئەمەی هەیە وکەگوایە ئەدەبی ئەوروپی لەئەدەبی عەرەبی سوودیان وەرگرتووە وهونەرێکی تازەی ئەدەبیان بۆخۆیان تۆمارکردووە) * ،ئەم ڕایەی تەواو لەگیانێکی ڕەگەزپەرستانەی عەرەبییەوە هاتووە .

وەك باسمانکرد کە حیکایەت و مەقامە، ئەو لایەنە هونەرییانەی تیا نییە کە بۆ کورتە چیرۆك پێویستە، چونکە کورتە چیرۆك (( جۆرێکی گێڕانەوەیە ، پشت بە توخمێکی ناوەندی دەبەستێت ، بەشێوەیەك کورت دەکرێتەوە ، کە لەیەك - دانیشتندا بخوێنرێتەوە ، بە پلۆتێك دەست پێبکات لە ناوەڕاستەوە ، پارێزگاری لە یەك گۆشەنیگایی و یەك بابەتی و یەك نەبرەیی بکات .))[1] بێگومان کورتە چیرۆکی هونەری ئەوروپی کاریگەری بەرچاوی لەسەر هونەری کورتە چیرۆکی عەرەبی کردووە . ئەگەر سەیری ئەو دانراوە گێڕانەوەییانە بکەین ، کە لە شێوەی کورتە چیرۆکن لە ئەدەبی عەرەبی لە دوای هاتنی ئایینی ئیسلامەوە ، هەرچەندە نووسەرێکی وەکو( محەممەد زەغلوول سەلام ) پێی وایە عەرەب تا سەردەمی نویٚ کورتە چیرۆکی هونەری نەبووە ودەڵێت : (( لەلای ئێمە لە پێش سەردەمی نویٚ کورتە چیرۆکمان نەبووە ، بەڵکو ئەوە تەنها تێگەیشتنێکی تایبەت بووە لە چوارچێوەی پەیامێکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەوە ، ئەگەر ئێمە ئەو ژمارە زۆرەمان هەیە ، ئەوا کورتەچیرۆك کۆنترین شێوەی ئەدەبیی جیهانییە، لەبەر ئەوەی هەموو نەتەوەیەك لە بنەڕەتدا ئەو شێوانەی هەن ، بەڵام ئەمانە تەنها دەلالەتێکی میللییان هەیە ، هیچ نرخێکی هونەرییان نییە . ))[2] وە هەروەها نووسەرورەخنەگر(عبدالرحمن أبوعوف)پێی وایە کە(( دیارترین دەستکەوتی فیکری و جوانی بۆ (ڕۆڵ)ەکانی قوتابخانەی نویٚ لەکورتەچیرۆك وەکو هەموو هۆیەکانی گێڕانەوە کەدەرکەوت یاخی بوون لەسەر لاسایی کردنەوە و شتە غەیبییەکان و ئەفسانەییەکان ئەوەی نەوەکانی پێشووی ماندوو کردبوو وە ئابلۆقەی دابوون وە ڕزگاربوون لەسەر هزرە-

---

* نووسەر و ڕەخنەگر (محمد مفید الشوباشی) ، پێی وایە کە چیرۆکی ئەوروپی بە خێرایی ڕۆیشت بەرێگای پێشکەوتن ، پێشکەوتنێکی خێرای بەخۆیەوە بینی ، کە ئێستا ئەوە ئەبینین بەکاریگەری چیرۆکی عەرەبی ، ئاماژە بەهەندێك لە ئەدیبانی ئەوروپی بۆ ((بوکاشیو)) لە ئیتالیا ، ((و شوسر )) لە ئینگلتەرا ، (( و دون چوان)) ، خاوەنی کتێبی (( الدیوان )) لە ئیسپانیا ، ئەمانە نەك هەر تەنها کاریگەربوون بە ئەدەبی عەرەبی ، بەڵکو لە نووسینەکانیشیان اقتباس (دزی ئەدەبی یا دەقئاوێزانی ) یان کردووە ، وە ئەوانە کە چیرۆکەکانیان نووسی ئەوانە بوون کە تۆوی چیرۆکی ئەوروپی تازەیان چاند ، وای لێهات چیرۆکە عەرەبییە تازەکان ، کە ئەگەر کاریگەری چیرۆکی ئەوروپیشی لەسەر بێت ، هەر پەیوەندی هەیە بە چیرۆکە کۆنە عەرەبییەکان بە ڕێگای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ .
بڕوانە : القصة العربیة القدیمة ، محمد مفید الشوباشي ، دار القلم بالقاهرة ، أول ابریل ، ١٩٦٤ ، ص ٥

١- معجم مصطلحات نقد الروایة ، لطیف زیتوني ،مکتبة لبنان ناشرون ، ٢٠٠٢ ، ص ، ٢٦

٢- النقد الأدبي الحدیث أصوله واتجاهات روادة ، محمد زغلول سلام ،دار المعارف، الآسکندریة ، ب ، ت ، ص ٥٢٣

پێشینەکان،کە بایەخدانی بەتێگەیشتنی ئەدەبە و ڕۆڵە ڕوخسارییەکەی بە یاریکردن بە وشە و جناس وسەجع و هەموو پاشماوەکانی مەقامات لەلای حەریری و بدیع الزمان...هتد وە گۆڕییان بە شێوازێکی تر وبونیادنانی شێوەیەکی نوێ یاخیبوونی ئاشکرا جوانییە ڕاستەقینەکە دەردەخات لە ئەدەبی نوێدا.))[1]

کورتەچیرۆك وەکو هونەرێك لە ئەدەبی عەرەبی بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە زۆر لە توێژەران لەو باوەڕدان یەکەم کورتەچیرۆك، چیرۆکی(القطار)ی (محەممەد تەیموور)ە ،کە لەڕۆژنامەی (السفور) لەساڵی ۱۹۱۷بڵاوبووەتەوە . هەندێکی دیکە یەکەم کورتە چیرۆك بۆ (میخایل نعیمە) بە چیرۆکی (سنتها الجدیدة) کە لەساڵی ۱۹۱٤ بڵاویکردۆتەوە لە بیروت ، هەروەها لەسەر دەستی (محەممەد تەیموور) کورتە چیرۆك هەنگاوی بەرەو پێشەوەنا ، شێوازی ناوبراو سادە و لەسەرخۆ بوو ، بەڵام ورد بوو ، ئەمەیش بواری فراوانی پێدا بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانانی بێگانە.))[2]

پێشەنگەکانی کورتە چیرۆك لە میصر ( محمد تیمور ،مەحمود تیمور ، یوسف أدریس ، یوسف الشارونی ، طاهر لاشین ، ابراهیم المصری ، سعد المکاوی،... هتد )بوون،((تەنانەت زۆرلەوانەی کەداهێنەری ڕۆمانن لە نەوە یەك بەدوایەکەکان لەساڵانی شەستەکانەوە گەڕانەوە بۆ نووسینی کورتەچیرۆك بەنموونە بهاء طاهر و البساطی و خیری شلبی...کەسانی تر وە لەدایك بوونی شۆڕشی قوتابخانەی نوێ لە کورتە چیرۆکی میصری لە پێویستییە کۆمەڵایەتی وشارستانی و ڕامیارییەکان پێداگری دەکات بۆ دروست بوونی هونەر و ئەدەبی گەلی بە هەستێکی ڕاستگۆیانە لە جەوهەری کەسایەتی میصری ڕاپەڕیوی ئەدەبی واقیعی .))[3] یوسف أدریس یش لە کەسایەتییە پێشەنگەکانی چیرۆکی میصری کە کەسێکی خۆبەختکار و پێشبینیکاربووە ، لە چیرۆکەکانیدا تەواو خۆی بەستووەتەوە بەخەڵك و گەلەکەی، کە هەموو کات چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی گەلەکەی بەستووەتەوە ، کەلە گوزارشتێکی ئەدەبی جوانی نیشتمانی دا، وەها دەئاخڤێ : ((نووسەر گیانی هەڵواسراوە بەگیانی گەلەکەی لەیەك پەتی سێدارە یان لە چەپکێك لە ئازادی .))[4]

هەروەها نجیب محفوز[*] یەکێکی دیکەیە لە چیرۆکنووسانی میصر کەهەر لەسەرەتای نووسینەکانییەوە لەساڵانی ۱۹۳٦ بە کورتە چیرۆك دەستی پێکردووە و بەگشتی لە کورتەچیرۆك و ڕۆمانەکانیدا بایەخێکی زۆری بە نیشتیمان داوە وزۆری ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکان لەناوگەڕەکەکانی میصردایە و بایەخی بە ژیان وخۆشەویستی و بیروباوەڕی خۆی داوە دوای ئەوەش لەناوچەیەتی(گەڕەك)بەتایبەت ئەو گەڕەکەی لێی لەدایك بووە(حي الجمالية) بەرهەمەکانی گواستەوە بۆ جیهان کە بەشێوەیەك زۆرجار وتوویەتی نازانم بۆچی ئەنووسم ،ڕەنگە بۆخۆم بنووسم ،ئەوەش بەهۆی ئەوەی خۆی بەعاشقێکی ڕاستگۆی ئەدەب دەزانێ و هەروەها بوونی مرۆڤ شتێك بووە هەمیشە پێوەی ماندوو بووە . هەموو ئەمانەش تێمی چیرۆکەکانی محفوزی سەرتاپا داگیرکردووە. (( چیرۆکەکانی هەڵگری لایەنی فەلسەفی و دەروونی بووە بەتایبەت هەڵگری خەمەکانی مرۆڤی هاوچەرخ ، نەوەك هەر باسی خەمی ژیان یان کێشەکانی ژیانیەتی، کێشەکان زۆر بە قوڵتر دەریاندەخات و دەیکاتە بەڵگە لەسەر خراپی چارەنووسی مرۆڤ . پاڵەوانی چیرۆکی (الرجل السعيد) لەکۆمەڵەچیرۆکی-

---

١- دراسات في القصة القصيرة المصرية المعاصرة ، عبدالرحمن أبوعوف ، الهيئة المصرية العامة للكاتب ، ٢٠١١، ص ٢٢

٢- القصة القصيرة ، د.طاهر احمد المكي ، ص ٧٣

٣- دراسات في القصة القصيرة المصرية المعاصرة ، عبدالرحمن أبوعوف ، ص ٧ ، ٢٠

٤- سەرچاوەی پێشوو ، ص ٧٧

[*] نجیب محفوز لە ساڵی ۱۹۱۱ لە میصر لە دایك بووە و لە ساڵی ۲۰۰٦ کۆچی دوایی کردووە .

- (خمارة القط الأسود) به رۆژێکی نامۆ دەست پێدەکات . هەست بە خۆشییەکی سەرتاسەری دەکات بەڵام وردەوردە بەختەوەرییەکە تێ دەپەڕێت بەسەر هەموو ئەگەرێك لەجیاتی چێژ دەبێتە هۆیەك لە تێکدانی بارودۆخی، بەبێ سوود دەگەڕێ بەدوای پزیشکدا،کە دەگەینە کۆتایی چیرۆکەکە ئەم پرسیارە دروست دەبێ لەسەر تێگەیشتنی (بەختەوەری) ئەوەش کە بەختەوەری چییە ؟ وە چۆن دەبێتە ئەرکێك لەسەر مرۆڤ وە بە چ واقیعێك ئەو بەختەوەریی و پێکەنینە دەبێتە هۆیەك بۆ دیاردەیەکی ناخۆش.))[1] ، کە ئەمەش تێمی چیرۆکەکەیە. ئەم چیرۆکنووسە وەك دەنگێکی دیار بە نزیکەی (١٥) کۆمەڵە چیرۆکی نووسیووە و یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی( همس الجنون ١٩٣٨) بڵاوکردووەتەوە لەگەڵ چەندانی دیکە، وە دوا کۆمەڵەچیرۆکیشی (النقاهة ٢٠٠٤) ی بڵاوکردووەتەوە ، بێگومان هەر کۆمەڵەچیرۆکێك بە پێی سەردەمەکەی خۆی تێمەکانی گۆڕانیان بەسەردا دێت ، لەکورتە چیرۆکەکانی تێمی وەکو : خەمی مرۆڤ ، گرنگی دان بەگۆڕانکاری ، لەکۆمەڵگەی میصری شاری قاهرە ئامادەییەکی بەردەوامی لەنێو بەرهەمەکانی محفوزدا هەیە . سەرەتا زۆر واقیعیانە دەینووسی ، دواتر گرنگی بە وەسف دەدا ((هەروەها لەسەر کۆسپەکانی داپڵۆسین و کێشەی ئازادی و مەدلوولی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی دەوەستا ئەمە لەچیرۆکی (عنبرلولو)لە کۆمەڵ چیرۆکی (حكاية بلا بداية أو نهاية) کە دوو نەوە لەنێو چیرۆکەکەدا کۆ ئەبێتەوەو ڕەگەزە واقیعییەکان کەناسراوە دەیگۆڕێ بەجۆرێك لەنامۆیی کەدەست دەدا بۆ لێکدانەوە بەهێما بە تایبەت لەو چیرۆکانەی بەستراوەتەوە بەسەردەمی (جمال عبدالناصر) .))[2] بۆ شێوازی کورتە چیرۆکەکانیشی شێوازی مۆباسانی بەکاردەهێنا .

(حسام الخطيب)یش ، سەرهەڵدانی کورتەچیرۆك لە سوریا بەڕەگەزەکانی ژیان لە دورگەی عەرەبی دەبەستێتەوە ، لەماوەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو تێمی چیرۆکەکان ڕەنگدانەوەی ئەو تەقینەوە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیرییە بوو کە لە سوریا ڕوویدابوو.لەم ڕێیەوە نووسەران گوزارشتیان لەخۆیان دەکرد.بە بۆچوونی ناوبراو((کورتەچیرۆك هونەرێکی ئەدەبی هەڵبژێردراو بوو،بۆ زمانی ئەوقۆناغە،ب وە هەڵبژاردنی بەرامبەر شیعری سیاسی وەك ئامرازێکی موژدەدەر وهاندان و هەندێکجار گۆڕانکاریش بوو.))[3] کەواتە تێمی کورتەچیرۆك لەسوریا لەپەنجاکان ڕەنگدانەوەی ئەوبارودۆخە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیرییەی ئەو سەردەم بووە ، هەموو ڕووداوەکان لەو سەردەمە بوونە هەوێنی تێمی کورتە چیرۆك لای چیرۆکنووسان .

خەمی کۆمەڵایەتی ، لەگەورەترین خەمی چیرۆکنووسەکان بوو ((بەوەی ڕەخنەیان لەوە دەگرت کەخەڵکی دەیانکرد لە ،هەندێك داب ونەریت ،ئەو خووەی هۆکاری سەرەکی شوێنەوارە کۆمەڵایەتییە تراژیدیانەی لەنێوان خەڵك دروستدەکرد ، ئاماژەیان پێدەدا.))[4] وە ( محەممەد نەجار )یش یەکێك بوو لەو چیرۆکنووسە سورییانەی لەسییەکانی سەدەی بیست ، کە کۆمەڵە چیرۆکی (في قصور دمشق) ی لەو کاتەدا بڵاوکردەوە ،(( ناوبراو پەیوەندی پیاو بە ئافرەت، دەوڵەمەند بە

---

١-نجيب محفوظ والقصة القصيرة، محمد عبيدالله عبيدالله، http://obaidallah.maktoobblog.com/٧١/%D٩٪٨٦٪D٨٪AC

٢- سەرچاوەی پێشوو .

٣- القصة القصيرة في سورية ، حسام الخطيب ، منشورات دار علاءالدين ، دمشق ، ١٩٩٨ ، ص ١١١ - ١١٢

٤- القصة القصيرة السورية ونقدها في القرن العشرين ، جاسم الحسين ، اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠١، ص ٨٣

هەژار ، دایك بە ڕۆڵەكانی ، باوك بە باپیران ))[١] دەبخستە بەرباس . هەر لەم ڕێیەوە لە ڕێی پەند و قسە گشتییە میللییەكانی نێو پەیامەكەی دەگەیاند . لـە هەوڵی ئەوەدا بووە شێوازی باوی سەردەمەكەی بشكێنێت و بەلاوەی بخات . وە ئەوانەی كە پێشەنگ بوون ( زكريا تامر ، محمد الحاج صالح ، عزت السيد أحمد ، جمانه طه ، ... ) وە ( مزەفەر سلطان ) یەكێكی دیكەیە لە چیرۆكنووسەكانی سوریا چیرۆكەكانی لە سی و چلەكانی سەدەی ڕابردوو بلاوكردەوە ، بەلام لە دوای سالانی شەستەوە بەرهەمی كۆ چیرۆكی بلاو كردەوە وەك(ضمير الذئب) ئەمیش لە هەوڵی ئەوەدا بووە كێشە كۆمەلایەتییەكان بكاتە تێمی چیرۆكەكانی وهەندێجاریش تێمی دلداری بەكارهێناوە. كەواتە بە گشتی تێم لە كورتە چیرۆكەكانی سوریا بریتی بووە لە (ئامادەیی بابەتی نیشتمانی ، خەمە نەتەوەییەكان ، كێشەی ناسنامە )بوون.

وە هەروەها(العروبي) لەكتێبی (الأيديولوجيا العربية المعاصرة)، بەكاریگەری قوتابخانەی كۆمەڵناسی ئەوروپی،پێداگری لەسەر ئەوە دەكات ، كورتەچیرۆك لە ولاتی مەغریب لەدایكبووی چركەساتە كۆمەلایەتییەكانە. (( جووڵەی چیرۆك بە هۆكارە كۆمەلایەتییەكان دەبەستێتەوە بە بواری ئابووری ، ڕۆژنامەگەری ، ڕوونی دەكاتەوە نووسەر هیچ كاتێك جێگر و چەسپاو نییە لەنووسیندا.))[٢] ناوبراو پێداگری لەسەر پەیوەندی ئەدەب بە دەرەوەی خۆی دەكاتەوە،واتە زیاتر گرنگی بەلایەنی تێمی دەق دەدا ، ئەو تێمانە لە چیرۆكی مەغریبی كاریگەری لەسەر دەروونی خوێنەر دروست دەكەن . لەبەر ئەوەی لەسەرەتاكانی سەدەی بیست و تا ناوەڕاستی ئەم سەدەیە ، لە زۆربەی ولاتانی عەرەبی شۆڕش دژی داگیركەران لە ئارادا بوو . بۆیە زیاتر گرنگییان بەو تێمانە دەدا و لەوێدا هەوڵی هۆشیاركردنەوەی خەڵكیان دەدا . پەیوەندی لە نێوان پالنەرە كۆمەلایەتی و ڕامیاری و ئابوورییەكان و پێشكەوتنە ئەدەبییەكان هەمیشە لە پلەیەكی بەرزدا نییە ، بەلام ئەوە ڕێگرنییە ، لەوەی بلێین كورتە چیرۆك لەگەڵ ڕیتمی خێرای سەردەمەكەی دەڕوات . واتە هەموو ڕووداوەكان كاریگەرییان لەسەر تێمی كورتەچیرۆك لەو سەردەمە دەبێت .

ولاتی (مەغریب)یش بەهۆی ئەوەی لەلایەن فەرەنسا داگیركرا لە ڕابردوودا ، ئەمە وای كرد (( بزوتنەوەی نیشتیمانی زۆر دەركەوتن لە بەهرەكان و داهێنانی فیكری و ئەدەبی، ئەوەی بەخشییە مەغریبییەكان ، لە گوڕ وتینێكی تازە و ئاواتێكی گەورەوە بۆ ئاینده ، وە كورتە چیرۆك لە چلەكان لەسەدەی ڕابردوو لە مەغریب دەركەوت ، وە دانرا لە جۆرەكانی ئەدەبی نوێ.))[٣] وە دواكەوتنی ڕۆشنبیری وكپكردنیان لەلایەن داگیركاری فەرەنسا ئەمانە هۆكاربوون لەدواكەوتنی گەشەپێكردنی كورتە چیرۆك لە مەغریب ((لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی سەرنەكەوتوو هەر درا بۆ نووسینی كورتە چیرۆك ))[٤]، سەرەڕای ئەوەش چیرۆكنووسانێك دەركەوتن بۆ دەرخستنی خەمەكانی نەتەوەو بابەتی كۆمەلایەتی و ڕامیارییەكان لەوانە((حسن برطال ، سعيد منتسب ، عبدالله المتقي ، فاطمة بو زيان،...هتد.هەروەها لە(فەلەستین)یش چەند چیرۆكنووسێك دەركەوتن ،كە چیرۆكی كورتیان دەنووسی لەوانە شاعیروچیرۆكنووس( فاروق مواسي )وە لەسەرەتای شەستەكانەوە (محمود شقير)دەستی كرد بە نووسینی كورتەچیرۆك،كە چارەسەری ئەو بابەتە كۆمەلایەتییانەی تیاكرد، ڕێككەوتنە كۆمەلایەتییەكان وە ژیانی مرۆڤە كەم دەرامەتەكان وە لادێییەكان ، ئەوەش لە

---

١- سەرچاوەی پێشوو ، ص ٨٦

٢- الايديولوجيا العربية المعاصرة ، العروبي ، المركز الثقافي العربي ، دار البيضاء ، ١٩٩٥، ص ٢٣٤

٣- http://www.brooonzyah.net/Vb/t٩٢١٩.html

٤- سەرچاوەی پێشوو .

کۆمەڵە چیرۆکەکانی (خبز الآخرین ١٩٧٥) ، هەروەها (الولد الفلسطینی ١٩٧٧) وە چەندانی دیکە ، لەگەڵ کورتیلە چیرۆکیش ، بەهۆی داگیرکاری اسرائیل بۆ سەر فەلەستین لە ١٩٧٦کەوتە نووسینی ئەو چیرۆکانە کەچارەسەری ئەو بابەتە نیشتمانیانە دەکات، وە کاتێك دورخرایەوە چارەسەری ئەو بابەتانەی کردلە نەفی کردن وخەمی نیشتمان ولەیەکتر دابڕانی خێزان.))[1] ، کە تێمی کورتە چیرۆکەکانی لەو پێناوەدا بووە و هەر بۆ ئەوەش دەینووسی .

لە وڵاتی (یەمەن)یش زیاتر لە پەنجاکان و شەستەکان گرنگی بە کورتە چیرۆك درا ، چونکە کۆمەڵگەی یەمەنی بەهۆی دەسەڵاتی ئینگلیز و دەسەڵاتی ئیمام کە حوکمی دەکردن ، لە زۆر ڕووەوە دواکەوتوبوون ، سەرەڕای ئەوە بایەخیان بە چیرۆکدا چونکە بۆ کۆمەڵگەی یەمەنی تێگەیشتنی ئاسان بوو ، چیرۆکەکان زیاتر لە دەوری کۆچکردن و تاراوگە بوو .کە زۆر لە نووسەران کۆچیانکردبوو بۆ وڵاتانی عەرەبی لە میصر و عیراق و سوریا یان بۆ ئەوروپا لەوێ بە جیهانی نوێ ئاشنابوون .((لەوانە (أحمد البراق) کە چیرۆکی(أنا سعید)ی بەیەکەم چیرۆکی یەمەنی دەژمێردرێ ئەوەش لە دوای ئەوەی گەشتێکی کرد بۆ لەندەن و پاشان گەڕایەوە و دواتر بۆ عەدەن . هەروەها سودیان وەرگرت لە کەلەپوری ئەدەبی کە مەقامەیە ، وە لە چیرۆکە گەلییەکان لەوانە (سیف بن ذي یزن و عنترة) وە هەروەها چیرۆکە ئاینییەکان وەك ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە،هەندێکی دیکەش دەڵێن یەکەمین چیرۆك ئەوەیە کە لەدەوری ڕەوشت و هاندان دەخولێتەوە ئەویش چیرۆکی(الصبروالثبت)ی ئەدیب(أحمد بن عبدالله السقاف)ە .وە هەروەها باسی زۆر شتی دیکەیان کردۆتە تێمی چیرۆکەکانیان وەك ئەوەی کێشە بووە لەبەردەم کەرامەتی مرۆڤانەیان یا هەژاری وە دورە پەرێزی پیاوان و ئافرەتان وای کرد چیرۆکی ڕۆمانسی بنووسرێت لەلایەن گەنجەکانەوە . هەموو ئەمانە لای چیرۆکنووسە یەمەنییەکان شۆڕشی دروست —کرد لە چیرۆکەکانیاندا .))[2]

هەروەها سەبارەت بە کورتە چیرۆك لە وڵاتی لیبیا ڕەخنەگران دەڵێن((یەکەم کورتەچیرۆك کە لە(لیبیا) بڵاوبوەوە لەکۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردووبوو، هەروەك ڕەخنەگر (فتحي العریبي) دەڵێت: پەیوەندییەکە دەرکەوت لە(الدکتور وهبی البوري)بە کورتە چیرۆك لەساڵی ١٩٣٦ کەلەگۆڤاری (لیبیا المصورة) بڵاوبوەوە بە ناوی (لیلة الزفاف)، وە مێژوونووسان و ڕەخنەگرانی دی وا دادەنێن کە کورتەچیرۆك لە لیبیا لای : أحمد ابراهیم الفقیة و یوسف الشریف )ە یەکەم چیرۆکی تەواو پێگەیشتووی هونەرییە لە ئەدەبی لیبی سەردەمدا لە ئەنجامی کارایی و پێویستی بۆ بزووتنەوەی دژ بە داگیرکارو بزووتنەوەی نیشتمانی لە مەبەستەکانی زیندووبوونەوەی ڕۆشنبیریی ناوخۆیی و نیشتمانی لەترسی لەناوچوونی بەرامبەر بەداگیرکردنی ڕۆشنبیری وڕامیاری بێگانە.))[3] کۆمەڵە چیرۆکەکەی (ابراهیم الفقیة ) بەنێوی (البحر لاماء فیه) بەشێوەیەکی هونەری و زیرەکانە ناوەڕۆك و تێمی چیرۆکەکەی داڕشتووە و وە لە ڕووی بینای هونەریش زۆر دیارو بەرچاوە .

هەروەها لە خلیجی عەرەبی بەتایبەتی کوێت و بەحرەین((بەڕوونی تێبینی دواکەوتنی دەرکەوتنی کورتەچیرۆك دەکەین لەچاوهونەرەکانی دیکە...ناوەڕۆکی ئەو کۆمەڵگایانە جێگیرو نەگۆڕە وملکەچە بۆ ژیانێکی وەستاوو بێ جوولە ئەوەش

---

١- رسالة جامعیة عن القصة القصیرة جدا /نسرین کاظمزادة / طهران / http://mahmoudshukair.com

٢- القصة القصیرة المعاصرة في الیمن، دراسة فنیة وموضوعیة، علي غانم أسعد حسن، رسالة ماجستیر،معهد البحوث،١٩٩٩ ص٣٣

٣- دراسة عن القصة القصیرة في لیبیا ، الناقد المغربي محمد معتصم ، http://www.ajdabya.com/modules.php?name=News&file=article

بەهۆی پاشماوەی کۆن کەبۆی ماوەتەوە لەڕۆشنبیری سەدەی ناوەند و پاشماوەی سەردەمی عوسمانییەکان لەژێر قورسایی خۆپارێزەران و بانگەوازکەرانی سەلەفی...شانبەشان لەگەڵ بانگەوازی وەهابییەکان،ئەم شتە وایکرد دیوارێکی گەورەی دروستکرد نەیهێشت ئەم کۆمەڵگایانە بکرێنەوە . دواتر پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان دەستی پێکرد ڕاپەڕینی تازە دەنگی دایەوە و کاریگەری هەبوو لەسەر هەمووان.))[1] بەگشتی تێمی نێو چیرۆکەکان باسی لە واقیع وخەمەکانی ڕۆژانەییەکان دەکرد ، لەوێ نووسەری بە توانا هەڵکەوت لەوانە (فاضل خلف)کە باسی لە کۆمەڵگەی کوێتی دەکرد بە گشتی و بەتایبەت خێزان ئەوەش لەحاڵەتی ناخۆشی و بێوچانی ئافرەت وەك دایك و وەك ژن لەکارەکانی ناو ماڵەوەیدا کە هەموو قورساییەکان لە چیرۆکی (فاضل خلف) دا دەکەوێتە سەرشانی ئافرەت ، هەروەها باسی لە دابڕان و لێك دوور کەوتنەوەی خێزانی کردووە بەهۆی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە. (( ئافرەت لە چیرۆکەکانیدا دایکە...هەروەها ژنە،بەڵام ژنێکی عاشق نییە ، مێینە لە چیرۆکەکانیدا نازانن خۆشەویستی چییە ، سەرقاڵن بە ئازار و ناخۆشییەکان ، بەتایبەت لە چیرۆکی (حنان أم) وێنەیەکی واقیعییە بۆ ئەو پەیوەندییە کە ژنی کوڕەکە(بوك) ئەبێتە قوربانییەك لە مامەڵەی توندی کوڕەکە(مێرد) هەروەها مامەڵەی توندی دایکی کوڕ لەگەڵ بووکەکەی.))[2]

لە دیارترین کورتە چیرۆکنووسانی عیراقی (محمود أحمد السيد)هەیە کەلە سەرەتای بیستەکان دەرکەوت، لە(( کۆمەڵە چیرۆکێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی (النكبات) ١٩٢٢ بەڵام سیفەت و خاسیەتی ڕۆمانێکی چڕی تێدایە ، کە دوو پێگەی فراوان دەبینرێت کات و شوێن وە ژمارەی کەسایەتییەکان وە بەش بەشی ڕووداوەکان دەبێتە چەند ڕووداوێك وەگۆشەگیر نابێ لە گۆشەیەکی دیاریکراو سەرەڕای پڕبوونی بەئامۆژگاری و ڕێنمایی ...وشوێنەواری نووسەر لە قۆناغی یەکەمیدا (مصير الضعفاء)لە قۆناغی دووەم شێوازەکەی بەهێزتربوو وەك لە(جلال خالد، الطلائع) کە خاڵی کرد لەئامۆژگاری و لەسەرکارێکی هونەری دامەزرا.))[3]

بابەتی هەستی نیشتمانی و پابەند بوون بە واقیعی ژیان و خەمە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنی ڕامیاری لە تێمە سەرەکی - یەکانی چیرۆکنووسانی عیراقی بووە هەتا ئێستاش ، هیچ کاتێك لە کۆمەڵگەکەی خۆیان دانەبڕاون و هەمیشە وایان کردووە کە خوێنەرەکانیان لە خۆیان دورەپەرێز نەگرن و ئەوەیان بە خوێنەرەکانیان وتووە لە کارەکانیاندا ، کە بەشێکن لەئەوان . لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی وایان نەکردووە کە واقیع وەکو خۆی ڕاستەوخۆ بگوێزنەوە نێو چیرۆکەکانیان بەڵکو هەوڵیانداوە کارێکی هونەری بنووسن واقعێك لەوەی هەیە باشتر پیشان بدەن و((جاربەجاریش ڕۆمانسییەتێکی شەفاف و ڕوونی تێکەڵاو، واقیعیش کە وەریدەگرن لەلایان تەنها(مادده)کەیە لە ژیانی گەل وباسی کێشەکانی کۆمەڵی عیراقی دەکەن و وە دیاردەی هەژاری و نەبوونی کە لەژێر هێڵی هەژارین . ))[4] ، ئەمە لە پێش جەنگی جیهانی دووەم . بەڵام لە دوای جەنگ شێوەیەکی ڕۆژنامەیی وەرگرت هەر ئەمەش وای کردووە کە هیچیان کەمتر نەبووە لە چیرۆکنووسانی میصری و سوریی و وڵاتانی دیکەی عەرەب . بەڵام بەشێوەیەکی هونەری (( لە چیرۆکەکانی (ذنون أيوب)کورتە چیرۆك دەرکەوت لەکۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکان ، وە هەروەها لە چیرۆکەکانی عبدالحق فاضل یشدا ؛ بەڵام لە عیراقدا

---

١- القصيرة في الخليج العربي، نشأتها...وتطورها، دراسة نقدية تحليلية ، ابراهيم عبدالله غلوم حسين،رسالة ماجستير، ١٩٧٨ ، ص٤

٢- سەرچاوەی پێشوو ، ص ٢٢٥ - ٢٢٦

٣- http://www.shakwmakw.com/Vb/showthread.php?t=٢٧٤٢٦٥

٤- سەرچاوەی پێشوو .

- کورتە چیرۆك ئەو شێوازانەی گێڕانەوانەی بەکارنەهێنا کە پالێوراوە بۆی مەگەر لەسەرەتای پەنجاکان لەسەر دەستی عبدالملك النوري و غانم الدباغ و محمد روزنامجي ، وە لەشێوازی (فؤادالتکرلي) شێوازی تازەی بەکارهێنا لەبیناکردنی چیرۆك کەپشت دەبەستێ بە وردەکاری و چڕی و بایەخدان بە دەربڕین ودیمەن وە بە دواکەوتنی گێڕانەوەی وێنەیی خاوەن شێوازێکی ئابووری ، ئەم دیاردەیە بەرجەستەکراوە لەکۆمەڵە چیرۆکی(الوجه الآخر). بەڵام ڕووداوەکانی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ ئالوگۆڕی لەبنیاتی ژێرخان و سەرخانی عیراقدا کردووە لە دەسەڵاتی دەرەبەگی و پاشایی گۆڕا بۆ کۆماری ... هەروەها شتی نوێ لە چیرۆکی عیراقی لەسەر دەستی چوارنووسەر دەرکەوتن لەوانە: عبدالرحمن الربیعي ،محمد خضیر ، سرکون بولص ، محمد عارف دواتر محمد جنداریش چووە پالیان .))[1] ، لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا ڕۆڵی ئافرەت لە دواوە نەبووە ، بەڵکو ئافرەت چیرۆکی بلاوکردۆتەوە لەدوای ١٤ ی تەموز لەموصل لەسەر شێوەیەکی ڕوون هەروەها بلاوکردنەوەی کەمێك لە چیرۆکەکان لە ڕۆژنامەکانی موصل پێش ئەم مێژووە بەشێوەیەکی کەم بلاوکراوەتەوە لەژێر ناوی خوازراو لە ترسی ناسینەوەیان لەسەر نووسینەکانیان ، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای موصلی تەحەموولی ئەوە ناکات ئافرەت چیرۆك بنووسێ بەتایبەت کە چیرۆك لە عیراقدا هێشتا نەببوو بە هونەرێك قبوولٚ بکرێ ، مەگەر بە ماوەیەکی کەم پێش جەنگی دووەمی جیهانی ئەویش بە قەڵەمی پیاوەکان بەتایبەت (ذنون أیوب) ))[2]

نووسەرانی کورتەچیرۆك لە عیراق هەندێکیان ئەو بابەتانەی دەیانکردە تێمی چیرۆکەکانیان بەشێوەیەك بوو کە زیاتر بە تانە لێدان و گالتە پێکردن باسیان لە کێشەکانی کۆمەڵگەیان دەکرد و ڕەخنەیان لێدەگرت ، بەڵام لە قالبێکی هونەری دا لەو چیرۆکنووسانەش: ذنون أیوب لە(رسل الثقافة )و محمد جنداری لە(أعوام الظمأ)دا، ئەمان زیاتر هەوڵی گەیاندنی تێمی چیرۆکەکانیان بوو ، وەك لەوەی خەمی ئەوەیان بێت شێوەیەکی جوانی هونەری پێشکەش بکەن ، بەڵام هەندێکی دیکەیان خۆیان بەدوورگرتبوو لەشێوازی بەکارهێنانی گالتەوگەپ و(تێمی) باسەکانیان لە هەژاری و دەربەدەریدا خۆی دەبینییەوە وەك لە نووسینەکانی: عبدالمجید لطفي دەبینرێ لە (في الطریق)دا ،هەندێك لە نووسەران بەپێچەوانە ئەوانەی پێش خۆیان بوون ، واتە زیاتر ئامانجیان جوانی هونەر بوو پیشانی بدەن لە پلەی یەکەمدا وەك لەوەی گەیاندنی (تێمی) کارەکانیان بێت. زۆر لە توێژەران لەو باوەڕەدان ((پەیوەندییەکی ڕێژەیی لە نێوان کورتە چیرۆك و عەقڵی عەرەبی لەگەڵ شێوە ئەدەبییە کورتەکاندا هەیە.))[3] لەبەرئەوەی ئێستا لە ئەدەبی عەرەبیدا کورتیلە چیرۆك بایەخێکی زۆری پێدەدرێت ،چونکە ئەو شێوە ئەدەبیانە دەتوانن بە شێوەیەکی خێرا (تێم)ەکانیان بگەیەنن ، بەتایبەت ئەو تێمانەی کە باس لە ستەملێکراوان و پەراوێزخراوان دەکەن . چیرۆکنووسە عەرەبەکان توانیویانە سوود لە ژیانی خۆیان و کەسانی دی و ڕووداوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان وەربگرن بە شێوەیەکی هونەری بۆ تێمی چیرۆکەکانیان بەکاریبهێنن .

لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی و بازرگانی لە دەوڵەتانی عەرەبی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم ، چینێکی بۆرژوازی پەیدابوون. ئەمانە لە ژیانی کۆمەڵایەتییان لاسایی کۆمەڵگەی ئەوروپییان دەکردەوە . هەر بۆیە خێزانەکانیان دابەش دەبوو بۆ بچوك و بچوکتر وسەربەخۆ، پێشتر چەند برایەك بەخۆیان و خێزانیان لەخانوویەکدا ژیانیان بەسەر دەبرد، بەڵام

---

١- رکائز القصة القصیرة في الموصل ، بقلم الأستاذ الدکتور عمر محمد الطالب ، http://www.omaraltaleb.com/maqalat/٠٨raqaiz/index.htm

٢- کاتبات القصة في الموصل ، بقلم الأستاذ الدکتور عمر محمد الطالب ، http://www.omaraltaleb.com/maqalat/katibat/index.htm

٣- القصة القصیرة في سوریة ، حسام الخطیب ، ص ١٢٠

هەرلەگەڵ هاتنی ئەو پێشکەوتنە، ئەم خێزانانە دابەش بوون و سەربەخۆییان بۆ خۆیان دابینکرد. وە بەرگریکردن بەرامبەر دەوڵەتە داگیرکارەکان،ئەم هۆکارە ناوخۆیی ودەرەکییانە کۆمەڵێك ڕووداوی(کۆمەڵایەتی و ئایینی ومەسەلەی ئافرەت و شێوەی لەبەرکردنی جلوبەرگ)ی هێنایەکایەوە، چیرۆکنووسانیش ئەمانەیان کرد بە (تێم)ی چیرۆکەکانیان .

## پاری دووەم / سێیەم /

## تێم لە کورتە چیرۆکی کوردیدا :

هەوڵی نووسەرەکوردەکان لە نووسینی کورتە چیرۆك کەمتر نییە لەهەموو ئەو هەوڵانەی لای پێشەنگەکان و لای گەشەپێدەرانی کورتەچیرۆك لای نووسەرە عیراقییەکان بەدیمانکرد ، بێگومان هەستی نیشتمانی کە جۆش و خرۆشی هەبوو لە دەروونی نووسەران ئەوەیان بۆ دەرکەوت ،کە بۆیان بووە بە شوێنێك تا هەناسەیەکی تیادا بدەن و ئەوەی دەیانەوێت بیلێن وبیگەیەنن .چیرۆکنووسانی کورد ڕاستگۆیی خۆیان لەلای خوێنەرەکانیان بە دەست هێناوە و چیرۆکەکانیان جێی بایەخی خوێنەران بووە ؛ لەبەرئەوەی ڕاستگۆیی تێدابووە لەگواستنەوەی بارودۆخ و واقیعی سەردەمەکە و خراپی ئەو کەشە سیاسییەی تێیدا ژیاون و واقیعە کۆمەڵایەتییە ناهەموارەکان و بوونی دەسەڵاتی دەرەبەگ ، واتە چیرۆکەکان بابەتییانە بوون لە پێشدا، وەك لەوەی کە خودی بن. هەرئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەو نزیکییەی نێوان خوێنەرو چیرۆکنووسان، بە تایبەت لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی کورتە چیرۆکی کوردی تێمەکانیان بە دەوری ململانێی جوتیار و دەرەبەگ و هەژاری و نەخوێندەواری دەسوڕایەوە ،( تێم)ی چیرۆکەکانیش لەنێو کۆمەڵگەکەوە لەدایك ووبوون. هەروەها گرنگیان بەلایەنی سۆزداریش دەدا کە هەڵقوڵاوی خەیاڵێکی باڵا بوو، بەڵام لە سنوورە واقیعی وکۆمەڵایەتییەکە دەرنەدەچوو. (( لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٨ کە پاڵنەرێکی شۆڕشگێڕانە بوو بۆ ئەدەبی عیراقی سروشتی ئەو شەڕەی دوای (جەنگی جیهانی دووەم) و ڕاستەوخۆ بە بەشداربوونی جەماوەر کە هاوبەشە بۆ عەرەب و کورد ئەوەش کاریگەرییەکی تایبەتی هەبوو لەسەر ئەدەبی کوردی ، هێڵی واقیعیەت بەهێز بوو ، گڕی سەرکەوتنی دا بە هەستی ئەدیبان،... سیفەتە ڕۆمانتیکییە تاکەکان بەرەو نەمان ڕۆیشتن .ئەو وەرچەرخانە لای پیرەمێرد لەدوای ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی١٩٤٨ ڕاستەوخۆ دەرکەوت ،هەروەها (ئەخۆل)یش لایەنگری خەباتی گەل بوو دواتر لە مەیدانی ئەدەب دورکەوتەوە ، پاشان (ع.ح.ب) و (بەختیار) ڕێگایان لە پێناو گوزارشتکردن لە کێشەکانی گەلدا گرتەبەر .))[1] لەگەڵ ئەوەی کە شاعیریش بوون ، بەڵام لەم لایەنەوە ڕۆڵی بەرچاویشیان هەبووە وە دواکەوتنی ئاستی ڕۆشنبیری بوو بە هۆکارێك بۆ دواکەوتنی ئەدیبەکان و لاوازی تەکنیکی چیرۆکەکان ، و بەشێوەیەکی باش شارەزاییان لەسەر کەلەپوری جیهانی و لەسەر چیرۆك بەشێوەیەکی تایبەت نەبووە. لێرەدا دەبینین لەنێوان ئەدیبە دیارەکان ژمارەیەکی کەم توانای ئەوەیان هەبووە سوود لە زمانی ئەورووپی وەربگرن.))[2]

هەرچییەك بێت سەرەتای کورتە چیرۆکی هونەری کوردی لەسەدەی بیستەوە سەری هەڵداوە ، هەرخۆی کورتە چیرۆك لەسەرەتاکانی پەیدابوونییەوە لەئەدەبی جیهانی (ڕوسیا لای گۆگۆل و ئەمریکا لای ئادگار ئالان پۆ ) لە کۆتاییەکانی

---

١- الواقعية في الأدب الكردي، الدكتور عزالدين مصطفى رسول، دار المكتبة العصرية منشورات، صيدا،بيروت، ١٩٦٦ ، ص١٠٦

٢- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠٥

سەدەی نۆزدە سەری هەڵداوە. سەرەڕای ئەوە چیرۆکنووسان گەڕاونەتەوە بۆ ئەوەی کە لەحیکایەتە فۆلکلۆری و ئەفسانەکانیشدا هەیە، ئەمە نەك هەر چیرۆکنووسانی کورد ، بەڵکو چیرۆکنووسە عەرەبەکانیش سوودیان لە مێژووی ئەدەبی خۆیان وەرگرتووە ، وەك هونەری (مەقامە) ، وە لە چیرۆکنووسانی جیهانیش وەك (گۆگۆل ) سوودی لە فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی وەرگرتووە و بۆ لایەنە پەراوێز خراوەکانی ژیان بە شێوەیەکی هونەری بەکاری هێناوە . دیـارە نووسەرانی کورتە چیرۆك بە گشتی سوودیان لە فۆلکلۆر و کەلتوری میللەتی خۆیان وەرگرتووە ، وە (( ڕەنگدانەوەی ستوونە سەرەکییەکانی(حیکایەتی میللی کوردی) لەنێو خودی گاڤە سەرەتاییەکانی چیرۆکنووسانی دەستپێکی ئەم ئەزموونە نوێیەی ئەدەبی کوردیـمان لە بەرهەمەکانی هەردوو دەیەی بیست و سییەکانی سەدەی پێشوو بەڕوونی دیارە، هەروەك چۆن ئەم کاریگەرییەش لەسەر خودی ئەدەبە جیهانییەکە بەگشتیی و لای (تۆلستۆی) چیرۆکنووسی ئەدەبی ڕووسی بەتایبەت دەبینرێت.))[١] ،کاتێك باس لەدەیەی بیست دەکەین بێگومان دەبێت بچینە لای کورتە چیرۆکی( لەخەومای جەمیل صائب ١٩٢٥ )، کورتە چیرۆکێکی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەیە ، تێیدا بەهۆی ئەو ڕووداوانەی کردوویەتییە( تێم )ی کارەکەی لێرەو لەوێ بۆمان دەردەکەوێ  باس لە دەسەڵاتی ئەو کاتەی شێخ مەحموودی نەمر دەکات ، وە ئەو( تێم )انەی خراونەتە ڕوو بریتین لـە: ڕەخنەگرتن لەدەسەڵاتی شێخی نەمرو دارودەستەکەی کەچۆن وبەچ شێوەیەك خەڵکیان ڕووتاندۆتەوە لە  ڕێی ئەو بەناو سەرانە وباج وەرگرتنەوە ،بێ ئاگایی و ناهۆشیاری خەڵکی ئەو سەردەمەی دەسەڵاتی شێخ حوکمی دەکردن.) ، ئەمە تەواو نزیکە لەو گوتەیەی (ئارنست - فیشەر) کە دەڵێت: (( هەموو هونەرێك لەدایکبووی سەردەمی خۆیەتی.))[٢] چیرۆکی لەخەوماش لەدایك بووی ئەو واقیع و سەردەمەیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوداوەو هەڵقوڵاوی بارودۆخی ئەوکاتەی میللەتی کوردە و هەموو ئەوانەی کە وتراون ئەوە بووەکە لەوکاتەدا هەستی چیرۆکنووسی جوڵاندووە وکردویەتییە نێو قاڵبێکی هونەرییەوە .(( هەرچەندە پێشتر لە گۆڤاری ( ڕۆژی کورد) کورتە چیرۆکی (شویش) ی فوئاد تەمۆ بە دوو ئەڵقە لەساڵی ١٩١٣ بڵاو- کراوەتەوە. وە گۆڤاری گەلاوێژ لەساڵانی(١٩٣٩-١٩٤٩) کە قۆناغێکی دەوڵەمەند بوو لەوکاتەی هونەری کورتە چیرۆکی کوردیدا ،پاشان گۆڤاری (شەفەق)لەساڵانی پەنجاکاندا بایەخی تایبەتی بەبڵاوکردنەوەی دەقی چیرۆکی کورتی کوردیدا.))[٣]

د. عزەدین مستەفا ڕەسول دەڵێت: (( گەشەکردنی ڕاستەقینە بۆ کورتەچیرۆك لەماوەی جەنگی جیهانی دووەم و دوای ئەوە لەسەر لاپەڕەکانی(گەلاوێژ)و لای نووسەرانی چیرۆك بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەوتن کەلەسەر ژیانی گەل دەیاننووسی ودیارترینیان بلەو شاکرفەتاح و علاءالدین سجادی بوون، زۆر لەو چیرۆکە وەرگێڕدراوانە کە بلەو کەسانی دیکە لەسەرلاپەڕەکانی گۆڤارەکە پێشکەشیاندەکرد لەبەرهەمی گەورەچیرۆکنووسانی جیهانی بوون و کاریگەرییەکی گەورەشیان هەبوو بۆ گەشەکردنی بەهرە هونەرییەکانیان لە لای نەوەیەك لە چیرۆکنووسان کە دەرکەوتن بەشێوەیەکی دیار لەدوای دەرچوونی گەلاوێژ وردە وردە لەڕێگای زمانی عەرەبییەوە ڕێبازێکیان گرتەبەر کەوەرگرتنی تەکنیکی چیرۆکی جیهانی بوو.))[٤] لەگۆڤاری گەلاوێژدا، بلە(ابراهیم احمد) بە(کوێرەوەری)و(خازێ)و چەندانی دیکە لە نووسینی-

---

١-سیماو خەسڵەتی کارەکتەر لەکورتەچیرۆکی کوردیی نێوان(١٩٢٥-١٩٥٠)دا، د.مەریوانی عومەر دەوڵەت،سلێمانی،٢٠١١، ل٢٧

٢- دە روازە یە ك بۆ ڕەخنەی ئە دە بی نوێی کوردی ، د.هیمداد حوسین ، ل ١٠٥

٣- سەرچاوەی پێشوو  ، ل ١٨٩ - ١٩٠

٤ - الواقعية في الأدب الكردي ، الدكتور عزالدين مصطفى رسول ، ص ٢٠٦

خۆی ،هەروەها شاكرفەتاح بە(مدیربەگ) و چەندان چیرۆكی كورتی دیكە . وە زۆر لە نووسەرانی دیكە كە (تێم) ی نێو چیرۆكەكانیان باسی لە ناهەمواریيەكانی ژیان و بارودۆخی كۆمەلآیەتی ئەو سەردەمانەیان دەكرد كە میللەتی كوردمان پێیانەوەی نالآندووە بە هۆی دەسەلآتی خراپی ئەو قۆناغەی ژیانی كوردەواری ، هەر بۆ نموونە ئەگەر باس لە چیرۆكی – (كوێرەوەری)[1] أبراهیم احمد بكەین ، دەبینین كە باس لە دەسەلآتی دەرەبەگایەتی وئاغای گوندێك وە مەینەتییەكانی ژیانی هەژار و كەم دەرامەتەكان دەكات كە بەدەست برسێتی دەنالێنن زۆر بەجوانی وێنەی ئەو ژیانەمان بۆ دەكێشێ . هەروەها لە (خازێ)[2] شدا ، (تێمی) چیرۆكەكەی لەسەر بنەمای بە زۆر كچ بەشوودانە كە باس لە خێزانێكی هەژار دەكات كە كچێكی تەمەن چواردە سالّی لەبری پارە بە پیاوێكی پیری دەولّەمەند دەدەن و لەوێوە ژیانی ئەو كچە پڕەبێت لە ناخۆشی و ڕاكردن لە دەست مێرد و جارێكی دی هەلآتن ، و دواجار هەڕەشەلێكردنی كوشتن لەلایەن خێزان و شێت بوون ، هەموو ئەمانە مۆتیڤی ئەو چیرۆكە داگیر دەكەن . هەروەها ( شاكرفەتاح )یش لە كورتە چیرۆكی (مدیربەگ)[3] دا دێت لە ڕێی كاربەدەستێكی میری بەرتیل خۆرو چەواشەكاری خەلّكی هەژار ڕەخنە لەدەسەلآتی میری دەگرێت كە چۆن بەرژەوەندی خۆی دەخاتە پێش خەلّك و بگرە دەشیان ڕووتێنێتەوەو هۆیەكە بۆ پەیدابوونی دزی و خراپەكاری ، كە تێمی چیرۆكەكەی ( بەرتیل خواردن)ە . وە هەروەها لە گۆڤاری (هاوار) و (دەنگی گێتی تازە) و ڕۆژنامەی (ژین)و(ژیان) وزۆری دیكە ژمارەیەكی بەرچاو كورتە چیرۆك لای چیرۆكنووسان دەبینین ، كە (تێم)ەكانیان گوزارشت دەكەن لە قۆناغەكەی تیایدا ڕووداوەكان لەژیانی ڕۆژانەیاندا ڕوویان داوە لە قۆناغەكانی دوای خۆشیان تێمەكان بەشێوە خوێندنەوەی سەردەم دەخوێنرێتەوە و جێی خۆی دەكاتەوە .

تاڕادەیەك تاسالآنی سییەكانیش چیرۆك بە شێوازێكی سادە و كەمتر هونەری نووسراوە ، وە زیاتر (( شێوازی ئامۆژگاری باو بوە بە ناوەرۆك دەولّەمەند و بەتەكنیك سەرەتایی ، دوای دەركەوتنی چیرۆك نوسانی گۆڤارەكانی (یادگاری لاوان )(دیاری لاوان) ، (گەلاوێژ)، لەوێنەی (ئیبراهیم ئەحمەد و ڕەشید نەجیب و حامد فەرەج )، كورتە چیرۆكی نوێ ی كوردی سەری هەلّدا بە تەكنیكی ڕۆژئاوا لەڕێگەی ئەو تێكەلآوییەی ئەدەبی ڕۆژئاوا و وەرگێڕانەوە وەك بەرهەمەكانی( ئۆسكار وایلدمان)،(چیخۆف)،(مەكسیم گۆركی)وگەلێكی تر... كە ڕۆلّیان هەبووە لەكاریگەری لەسەر ئەدەبی كوردی یان چیرۆكنوسانمان . بۆ یەكەم جاربوو كە چیرۆكنوسی كورد بكەوێتە ئەوەی كە ڕووداوی بچكۆلە هەلّبژێرێ و بیكاتە كەرەستەی چیرۆك كە لە ماوەیەكی كەم دەست پێدەكاو دەبڕێتەوە.))[4]

و دەتوانین بلّێین زۆربەی تێمەكان لەژێر پەردەی بارودۆخ و سەردەمەكان خۆیان حەشارداوە وهەندێ لەو بابەتانە دەتوانین لەنێو چیرۆكەكان بناسینەوە ئەوەش لە ڕێی نهێنییەكانەوە ؛ كە (سەردەمەكەیە كە چیرۆكەكەی تێدا نووسراوە ، یاخود زانینی سالّی چاپكردنی بەرهەمەكە ) كە ئەمانە لە هەندێ بەدواگەڕانەكان دا یارمەتیت دەدات، ڕەنگە (كلیلی تێمی) چیرۆكەكەت لەگەلّ بدۆزێتەوە ، دەبێتە چرایەك لە ڕێیەكی تاریك تا بە مەبەستەكەت بگەیت . وە دەشزانین بابەتەكانی لەنێو چیرۆكدا هەن ، شتانێكی نامۆ نین ، بەلّكو پێشتر مرۆڤەكان لە واقیعی ژیاندا (تماس) بەركەوتنیان هەبووە لەگەلّ

---

١- بڕوانە : كوێرەوەری ، ه.ل.ب (ئیبراهیم ئەحمەد) ، گۆڤاری گەلاوێژ ، ژ (٤) ، سالّی(٦)، نیسانی ١٩٤٥

٢- بڕوانە : خازێ ، ب (ئیبراهیم ئەحمەد) ، گۆڤاری گەلاوێژ ، ژ(٨) ، سالّی (٥) ئاب ١٩٤٤

٣- بڕوانە : مدیربەگ ، محمد شاكرفەتاح ، گۆڤاری گەلاوێژ ، ژ(١٠) ، سالّی(٤) تشرینی یەكەم ١٩٤٣

٤- شێواز لە كورتە چیرۆكی نوێ ی كوردی دا سالآنی نێوان (١٩٨٠ – ١٩٩٠) ، سەلیم ڕەشید سالّح ، ل ٧٩

- ئەو بابەتانەی لە چیرۆکدا بوونیان هەیە کە لە ژیاندا ڕوودەدەن ؛ وە لە چیرۆکدا بە دوای چارەسەر و بەرچاو ڕوونی بۆ ژیان دەگەڕێن. و لەنێو کورتە چیرۆکی کوردیدا  (( لەبەر ئەوەی چیرۆکی کوردی لە ئەنجامی بارودۆخێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی دیاری کراوەوە سەری هەلّدا ، بۆیە تێمی زۆربەی زۆری چیرۆکەکان بەسترابوەوە بە دەربڕینی ئەو مەبەستە سیاسی وکۆمەلآیەتیی یانە.هەرچەندە جۆری ئەو مەبەستانەی تێمی چیرۆك پێك دەهێنن بەگوێرەی ناوەرۆکی چیرۆك گرنگترین شت بن ، بەلآم لە ڕووی شێوەی هونەری یەوە ئەوەی لەمە گرنگترین چۆنیەتی دەربڕین و بەکارهێنانی ئەو تیمانەیە .))[1] ، کە ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەلّنەگرە ،  هەروەها ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دەلّێت: (( خۆ چیرۆکی شەستەکان و پەنجاکان هەر بەو تەرز و شێوەیە دەنووسران ، کە پەیڕەوی سەرەتا و پۆپە و کۆتایی تیا دەکرا ، کات و شوێن تیایاندا نا دیاربوون بابەتەکان لـە هەژاری ونەخوێندەواری ودلّداری تێنەدەپەڕین هەرچەندە شۆرشی ئەیلوول بابەتگەلێکی نوێی هێنایە ناوچیرۆکی کوردی یەوە.کاتێك چیرۆکنووسێك،باس لەبارێکی سیاسی دەکات بەشێوەیەکی هونەری دێیەك دەسووتێ،کانییەك پڕدەکرێتەوە ، دارێك وشك دەکرێت ، دێ یەك دەگوازرێتەوە، کە دەبنە بابەتی دەقێکی ئەدەبی .))[2]

دیارە ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری سالّی ١٩٧٠ زۆر گۆڕانکاری لەدوای خۆی هێنا ، بە تایبەت کە گۆڕانێکی سیاسی بوولە کوردستاندا ، وە ئەو گۆڕانکارییە چیرۆکیشی گرتەوە ئەوەش لە کاتێکدا کە ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیری دەرچوون. هەروەها کۆمەلّەی ڕوانگەی بەدوادا هات وگۆڤارێکیان دەرکرد هەر بەنێوی( ڕوانگە) کە جیاواز لەوانەی پێش خۆیان دەیاننووسی و شێوازی تازەیان داهێنا ، لە باسکردن لە خودی نووسەر واتە ئیدی ناوەوەی خود لە بەرهەمەکان دەبینرا باسی دەروون وە هەروەها مەنەلۆگ و جەفەنگی تێدابوو لەگەلّ دیالۆگ بەشێوەیەکی هونەری ، وە لە حەفتاکاندا تێمی بابەتەکان وەك پێشتر تەنها باسی لە چەوسانەوەی جوتیار و دەرەبەگایەتی و ئاغاو کێشەی ئافرەت نەبوو ، بەلّکو لەپالّ  ئەوانەشدا باسی ڕۆلّ و بایەخی ئافرەت و لایەنی کۆمەلآیەتی و ئابووریش دەکرا . هۆکاریش ئەوە بوو کەنووسەرانی ڕوانگە لەژێر کاریگەریدا بوون، کە((زیاتر کاریگەربوون بە نووسینەکانی گی دی مۆباسانی فەڕەنسی و تشیخۆفی ڕوسی لە دوای حەفتاکان بەناوبانگترین  چیرۆك نوسانی وەك حسێن عارف و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و محەمەد مەولود مەم ومحەمەد موکری ، رەووف بێگەرد ، دلّشاد مەریوانی ، کاکە مەم بۆتانی ، محەمەد ڕەشید فەتاح و حمە کەریم عارف و تاهیر سالح سەعید .... زۆری تر هاتنە پێشەوە ئەسپی خۆیان تاودا لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە تەکانیان بە چیرۆکی کوردی دا هەروەها لە ڕووی ئایدۆلۆجیاوە بیری نوێ و ڕۆحی نەتەوایەتی بەدی دەکرا .))[3]

قۆناغی دوای حەفتاکانیش واتە هەشتا تا نەوەدەکان هونەری چیرۆکی کوردی هەر لە برەو پێدان و گەشەسەندنی بەردەوامدا بووە ، کەواتە هەرلەو مێژووەی چیرۆکی کوردی نووسراوە چیرۆکنووسان هەولّیانداوە ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی میللەتی کورد وخەمە نیشتمانییەکانەوە هەیەو ئەوەی بووەتە هۆی ناڕەحەتییەکانی وهەمیشە بەدەستییەوە نالآندویەتی،لە قۆناغێکی دواتریشدا ئەوەی کە لەناوەوە ئازاری داوە هەولّیانداوە هەموو ئەمانە بکەنە(تێم)ی بابەتی چیرۆکەکانیان ولەم لایەنەوە پەرە بە ناوەڕۆکی چیرۆك بدەن ، دیارە ( تێم )یش هەر لەنێو ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا نییە -

---

١- بینای هونە ری چیرۆکی کوردی ، لە سە رە تاوە تا کۆتایی جە نگی دووەمی جیهانی ، پە رێز سابیر , ل ١٠٠

٢- لەناو دۆزەخ و بەهەشتی نووسیندا ، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، گۆڤاری گزنگ ، ژ٩٢ ، ٢٠١١ ، ل ٨٧ ، ٨٩

٣- کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٠-١٩٧٩) ، ئازاد محە مە د سە عید ، ل ٣٥

به تەنیا، بەڵكو لەخودی ژیانیشدا هەیە ژیان كردن لەلایەن مرۆڤەوە لە ژیاندا (تێمی ژیانە) ، واتە لە واقیع و خودی ژیاندا ( ڕووداوەكان و چۆنێتی ژیان كردن هەرلە لەدایك بوون و ژیانكردن و تەنیایی وهاوسەرێتی و مردن )، ئەمانە تێمی (بوون)ن و هەستیان پێدەكەین .

بێگومان دەكرا باسی كورتە چیرۆكی دیكەش بە نموونە بهێنرایەتەوە ، بەڵام توێژەر پێی وایە ئەو كارە تەنیا زۆركردنی قەبارەی توێژینەوەكەی لێ دەكەوێتەوە ، لەگەڵ ژماردنی كورتە چیرۆكی قۆناغێك ، كە دەكەوێتە پێش كاركردنی ئەكادیمیانەی توێژینەوەكەوە ، ئەوەش كە باس لە ئەدەبی ئەوروپی كراوە ، هۆكار ئەوە بووە كە لەوێوە كورتە چیرۆكی هونەری سەریهەڵداوە و چەكەرەی كردووە ، وە باسكردنیش لە ئەدەبی عەرەبی ئەوەیە كە تاڕادەیەك ئەدەبی كوردی هاوسەردەم و هاوكاتی ئەدەبی عەرەبییە و لەو نێوەندەشدا ، ئەدەبی (عیراقی) لە ساڵانی كۆتایی سییەكان (**١٩٣٩** ) ، و لە ئەدەبی كوردیشدا بەرهەمێكی  بە نرخ هەیە كە كورتە چیرۆكی (لە خەوما)ی ( **جەمیل صائب**) ە .

لێرەدا نموونەی تێمی كورتە چیرۆك ناخەینەڕوو ، بەو هۆیەی لە بەشی دووهەم و سێهەمی توێژینەوەكەدا ، بە نموونەی پراكتیكی زیاتر تیشك خراوەتە سەر ( تێم ) لە كورتە چیرۆكی كوردی قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕین .

# بەشی دووهەم

# پەیوەندی تێم بەشێوازو ڕەگەزەکانی کورتە چیرۆکی کوردی

## پەیوەندی تێم بەشێوازو ڕەگەزەکانی کورتە چیرۆکی کوردی:

شێوازو ڕەگەزەکانی چیرۆك ئەولایانە گرنگانەن کەلە بنیادی هەر چیرۆکێکدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن وپەیوەندییەکی بەناویەکداچووی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکتردا هەیە و یەکەیەکی واتادار پێك دەهێنن کە ڕەگەزی گێڕانەوەیە ؛ گێڕانەوەش هەرلە نێو حکایەت وقسەی گوێ بەرئاگردان و ئەفسانەکان وچیرۆك بە (درێژوماناوەند وکورت )ورۆمانەوە هەیە، بەڵام جگە لە چیرۆك ورۆمان ئەوانی دی شێوازی هونەرییان تێدا ڕەچاوناکریت ئەگەربشکرێت ئەوە شتێکی ئاساییە وئەگەر نەشکرێت نەنگی نییە بۆی ، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە کورتەچیرۆکی هونەری نوسراوە کە ئەو بەشە دەگرێتەوە کەوا هونەرێتی تێدا بێت هەوڵدەدرێت کاری لە سەربکرێت ، کە ئەوەش (کورتە چیرۆك)ە.

ئەو ڕەگەزانەش هەرچەندە پەیوەندیەکی گرێدراویان بە یەکەوە هەیە ،لەگەڵ ئەوەش دا وادەکەن لە دروست کردنی چیرۆکەکەدا کە دوولایەنی گرنگیان پێویستە ئەوانیش ناوەڕۆك و ڕوخسارن ، ئیدی کە خوێنەر عەوداڵی خوێندنەوەی چیرۆکێك دەبێت لەم ڕەگەزانەوە گوزەردەکات و هەوڵدەدات بزانێت تەکنیکی ئەوچیرۆکە چییەو چۆن کاری لەسەر کراوە ؟! وە ئەوەش کەلە هەمووی گرنگترە ، ئەوە یە کە هەر لە سەرەتای خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا خوێنەر هەوڵدەدات بزانێت ( واتا و مە بەست)ە کەی چییە ؛ بەکورتی هەوڵدەدات مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکدا بکات بەوردی تاوەکو بگاتە (تێم)ی چیرۆکەکە کەدواجار خاڵی دۆزینەوەیە ،بەڵام ئەم خاڵی دۆزینەوەیە هەروا بە ئاسانی ئاشکرا ناکرێت مەگەر بە دەگمەن نە بێت ، لە کاتێکیشدا خۆی دەدات بە دەستەوە کەتەواوی چیرۆکەکە بخوێنرێتەوە .

هەموو چیرۆکێکیش پێویستە چەند جارێك بخوێنرێتەوە ، وە ئەم چەندجاری خوێندنەوەیەش وا ناکات کە دەقەکە (دەقێکی داخراو) بێت بەڵکو خوێنەر لەبەردەم دەقێکی کراوەدا دەوەستێت ، چونکە لە دەقی داخراودا چیرۆکنووس بە دەستی خۆی هەوڵی خنکاندنی دەقەکەی دەدات .

پەیوەندی (تێم) و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کورتە چیرۆکیش پەیوەندییەکی پتەو و دانەبڕاوە ، ئەوەش بەو سیفەتەی دەبنە هۆی دروست بوون و تەواوکەری یەکدی ، وا بووە کە (تێم) یێك لە سەرەتاوە کەبیرۆکەیەکی سەرەکی بووە لە لای چیرۆکنووس کە لەوانەیە لە واقیع وەریگرتبێت یان لە کارخانەی خەیاڵیدا دروستی کردووە وا دەکات ( کات و شوێن و ناونیشان و دەستپێك و کارەکتەر و شێواز و ڕووداو )ی بۆ دروست دەکات و چیرۆکێکی لەسەر بنیاد دەنێت بەو واتایەی تێم دروستکەری ڕەگەزەکانە و جاریش هەیە ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە هەروەك لە لاپەڕە (٢٩) لە دوو وێنەدا هەردوو مەبەستەکە ڕوونکراوەتەوە .

ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە ڕەگەزەکانی کورتە چیرۆك بەهۆی کەمی قەبارەکەیەوە زیاتر تەواوکەر و یارمەتیدەری یەکترن . ئەم پەیوەندییە لێکدانەبڕاوەش بەرچاوە ، مەگەر لە هەندێ حاڵەتدا کە لە یەکێك لە ڕەگەزەکان دادەبڕێت ، ئەوەش یان لە کەمتەرخەمی و تێنەگەیشتنی چیرۆکنووسە یان ئەوەتا ئیدی لە ڕەگەزێکەوە دوردەکەوێتەوە کە پێدەچێت کاریگەرییەکی وای نەبێت کە کار لە لاسەنگی چیرۆکەکە بکات .

دیارە ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە بزانین پەیوەندییەکەی نێوان تێم و ڕەگەزەکانی کورتە چیرۆك چۆن ڕێکدەخرێت ؟! بۆ ئەمەش پێویستیمان بە پراکتیککردنی ئاخاوتنەکانمانە ؛ بۆ جێبەجێکردنیش ئەو کورتە چیرۆکانە وەردەگرین کە نموونە و مۆدێلی سەردەم و قۆناغەکەن کە لە ساڵی (١٩٩١-٢٠٠٠) دەخیەنێت .

## ١. پەیوەندی تێم و (شێواز و زمان) لە کورتە چیرۆکی کوردیدا :

تێم کە واتای سەرەکییە بۆ چیرۆکێك مەبەستمان لەوەیە بیرۆکەیەك سەراپای چیرۆکێك داگیر دەکات ، ئەمەش وا دەکەوێتەوە کە بیرۆکەیەکی زاڵ وا بکات کە نووسەر لەبەردەم بەکارهێنانی شێوازێك بۆ دارشتنی چیرۆکەکەی لە گینگلّ دا بێت تاوەکو شێوازێکی وەها بدۆزێتەوە دڵی سرەوت بگرێت .

شێوازیش بنەمای سەرەکی چیرۆکە لە ( یەکە ، چرِی ، دارِشتن ) پێك دێت ، لە ڕێی شێوازەوە سنوورێك بۆخۆی دادەنێت هەروەها دەبینین چیرۆکەکان جیاوازی دەکەوێتە نێوانیان بەوەی چیرۆکنووسێك شێوازی چیرۆکنووسێکی دیکە بەکاردەهێنێت یاخود شێوازێکی تایبەت بە خۆی دەدۆزێتەوە و بەردەوام دەبێت ئەوەش دەبێت کە چیرۆك هەیە تەنها بۆ ئەوە دەنووسرێت، تا سەبارەت بە چیرۆکنووسەکەی بووترێت زۆرترین بەرهەم وکتێبی لە بەردەستدا هەیە . بێگومان ئەم جۆرەیان ناچێتە خانەی توێژینەوەکەی ئێمەوە ، بەڵکو ئەو چیرۆکنووسانەی لە کاتێکدا کە جۆری تێمەی کارەکانیان وایان لێدەکات کە هەر ئەمرِۆ و سبەی دەکەن تا دەست بە نووسین بکەن ، بۆ نموونە چیرۆکنووس ئەوەندە هۆشیاری هەبێت کە کاتێك تێمێکی (ئایینی) بۆ ئەوە هەڵدەبژێرێت کە کاری لەسەر بکات بیری لای ئەوە بێت کە شێوازی دارِشتنی وشەکانی و ئاستی زمانی کارەکەی چۆن بەکاربهێنێت ؟! بزانێت کامە شێوازی دەربرِین ، کامە وشەی هەست بزوێن بەکاربهێنێتت ؛ کە جیاواز بێت لەو وشە و دەربرِینانەی بۆ نموونە کە هەستی نەتەوە پەرستی چ لەلای تاك یان کۆمەڵگە دە بـزوێنێ یان هەر جۆرە تێمێکی دیکەی نێو چیرۆك کە بێگومان هەموویان گرێدراوی هەستەکانی مرۆڤن بەڵام هەریەکەیان شارەزایی و لێزانی چیرۆکنووسی پێویستە ، چونکە دەبینین وشە بەبێ مەبەست لە چیرۆکدا هیچ کاریگەرییەك جێ ناهێڵێت لە دوای خوێندنەوە ، چیرۆکنووس دەبێت مامۆستای وشە بێت بزانێت چۆن دەیلێت وە لە هەمان کاتدا ئەندازیاری وشە بێت بزانێت چۆن وشەکانی ڕێکدەخات وە بە هەرِەمەکی هیچ کارێك نەخاتە بەر دید و هزر و هەستی خوێنەرەکانی ؛هەروەها ڕووی دەربرِینیشەوە هەر لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەشدا پێویستیمان بە جوان بێژی و ناسکوێژی دەبێت ، بە نموونە دەکرێت ئاخاوتنێك کە هەر یەك مەبەستی تێدایە ، بە دوو شێوە دەربرِێت و کاریگەری لای گوێگرەکە جێبهێڵێت ، کاتێك بە کەسێك بڵێین ( هەموو کەس و کارت پێش تۆ بمرن) ئەم دەربرِینە ناخۆشە و قسە ڕەقی پێوە دیارە ، بەڵام ئەگەر وتمان (تەمەنت لە هەموان درێژتر بێت ) یان (هەموویان قوربانی تۆ بن) ئەم دەربرِینانە هەمان مەبەست دەگەیەنن، بەڵام بە شێوە دەربرِینێکی دیکە کە جوانبێژی و ناسکوێژی تێدایە ناسکوێژیش ((لە بنەرِەتدا بۆ ئەوەیە ، تا ئەندازەیەك لە کاری قسە ، بە تایبەت کاری قسەیەکی لە شان گران و ناخۆش و پیس و نالەبار کەم کرێتەوە و ئەو بارە ناهەنجارە ڕەوانی (ڕۆحی)یەی بە بۆنەی قسە ڕەقی و کرچ و کاڵییەوە دێتە گۆرِێ ، سووك و لە بەر دڵ خۆش کرێ .))[١]

چیرۆکنووسیش لەبەر ئەوەی وەك هەر مرۆڤێکی دیکە هەمان ئەرکی ئاخاوتن و کاری گەیاندنی لەسەرە ، بۆ ئەمە -

---

١ - ناسکوێژی ، شوکور مستەفا ،چ١ ، ٢٠١٠ ، ل ٦٣

پێویستە و دەبێت بزانێت چۆن چیرۆکێك وە یان چ جۆرە چیرۆکـێك بەرهەم دەهێنێت ؛ لەمەوە تێدەگەین کە مەبەست لەدارشتنی هەر کورتە چیرۆکێکە ، کە چیرۆکنووس موکورِ بێت لەسەر جەخت کردنەوە بۆ بنەماکانی (یەکە ، چرِی ، دارِشتن) ی کورتە چیرۆکەکەی . بـەو واتایەی جگە لە (یەکە) لە کورتە چیرۆکدا ، چیرۆکنووس پێویستە ئاگاداری ئەوە بێت لە کاتی پێویست بوون بـە رِوونکردنەوە لە دارِشتندا ،(چرِی) لەیاد نەکات و ئاگاداری بێت ، کە ئەم لایەنانە مەرجی گرنگن بۆ نووسینی کورتە چیرۆك ، وە بە تایبەت یەکێك لە تایبەتییەکانی کورتە چیرۆك (چرِی)یە ؛ چرِیش التکثیف(مەبەستی ئەوەیە ئارِاستە کردنێکی رِاستەوخۆیە بەرەو ئامانجێك لە چیرۆکدا لەگەڵ یەکەمین وشە لە چیرۆکدا ، هەروەك کە یوسف أدریس دەڵێت ((: کورتە چیرۆك گوللەیەکە ، خێراتر لە هەر رِۆمانێك مەبەست ئەپێکێت.)) )[1] ، واتا چیرۆکنووس دەبێت بە بەردەوامی هەر لەسەرەتای نووسینەکەیەوە هەتا کۆتایی دەبێت چاودێرێکی باش بێت بۆ جێبەجێکردنی چرِی لە بەکارهێنانی یەکە بەیەکەی رِەگەزەکان، تاوەکو هونەرێتی لە دەست نەدات، ئەم چرِکردنەوەیەش بەشێوەیەك نییە کە هیچ وردەکاری و رِوونکردنەوەی تێدا نەبێت و لەهەموو شتێك دەست بگرێتەوە ، نەخێر لەهەندێ کاتی پێویست پێدەچێت درێژە پێدان پێویست بێت و دەبێت هەبێت بەشێوەیەکی سنوردار ؛ وە کە باس لە چرِی دەکرێت ، مەبەست لە چرِکردنەوەی زمانە بەشێوەیەکی دروست ؛ ئەوەش بە رِەچاوکردنی کات و شوێن و ئابووری کردن لە زماندا و کورتکردنەوە و لێکردنەوە لە هەر رِەگەزێك لە رِەگەزەکان ، بەوەی رِێگە بە درێژدادرِی و دووبارەکردنەوەی بەبێ هۆ نەدرێت، بەنموونە (نەجیبە ئەحمەد) لە کورتە چیرۆکی (شەوێك)دا نەیتوانیووە پەیرِەوی چرِی دارِشتنی کورتی چیرۆکەکەی بکات بەو هۆیەی لە قاڵبێکی نامەییدا جێی کردووەتەوە ، تەنانەت ئەمە وای کردووە نەتوانێت سنورێك بۆ ئاخاوتنی کارەکتەر دابنێت کە (لەیلا)یە ، کە کارەکتەر لەو دۆخە ناهەموارەی تیایدابووە هەموو شتێك کە لە ناخیدا بووە بە گوتنیش گوتوویەتی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا شێوازی دارِشتنی چیرۆکەکەی شێوەیەکی هەست بزوێنی هەیە و گوزارشتەکانی رِوونە و تەمومژاوی نییە وخوێنەر بۆ خۆی رِادەکێشێت ، سەرباری ئەوانەش هەر بۆخۆی خوێندنەوەی نامەکان جۆرە تەکنیکێکی جوانە کە چیرۆکنووس لە چیرۆکەکەیدا سوودی لێوەرگرتووە و لەو رِێیەوە لەگەڵ کردنەوەی هەر نامەیەك و خوێندنەوەیدا، بەبێ ئەوەی چیرۆکنووس ئاماژە بەوە بکات کە ئێستا نامەیەکی دیکەی تازە هەیە بۆ خوێندنەوە ، خوێنەر دەزانێت ئەوە نامەیەکی دیکەیە" ئەوەش لەرِێی دەستپێکی هەر نامەیەکدا دەبێت ، کە چوار نامەی لەیلای زیندانییە بۆ دایك و خوشکی کە هەر یەکێك لەو نامانە چیرۆکێك لەخۆ هەڵدەگرێت (( گەلە گیان ، گەلاوێژ گیان ، گەلە گیان ، گەلە گیان ))[2] ئەمەش بەو هۆیەی کورتە چیرۆك هونەرێکی ئەدەبی بەرزە لە کورتکردنەوە و چرِیدا و زۆر بە توندی ئەوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە ، چونکە کورتە چیرۆك وەك رِۆمان و چیرۆکی درێژ نییە لە هەوڵی دەرخستن و چارەسەرکردنی چەندین بابەت و تێمدا بێت ؛ بەڵکو تەنها لەگەڵ یەك رِووداو و یەك بابەتدا مامەڵە دەکات ، وە یەك رِووداوی چیرۆکیش یەکسانە بە بـەشێك لـە بەشەکانی ژیانی مرۆڤـێك نەوەك تەواوی ژیانی کەسێك یان کـەسانێك یان کـارەکتەرێك کە لە کورتە چیرۆکێکدا ،وە یەك بیرۆکەی سەرەکی کە( تێم )ە

---

١- القصة القصيرة : تعريفها و خصائصها و عناصرها
http://laghtiri١٩٦٥.jeeran.com/archive/٢٠٠٨/٨/٦٥٢٥٢٠.htm

٢- شەوێك ، کۆمەڵە چیرۆکی ( پەپوولەکانی مەرگ )، نەجیبە ئەحمەد ،چ١ ، هەولێر ، ١٩٩٨ ، ل٢٦

کورتە چیرۆکێکدا وە یەك بیرۆکەی سەرەکی کە (تێم)ە دەردەخات هەروەها وا باشە یەك مەبەست و یەك شێواز بەکاربهێنێ ، بەڵام لە ڕۆمان و چیرۆکی درێژدا بەو شێوەیە نییە چیرۆکنووس لەو مەودا زۆرەی لەبەر دەستیدایە دەتوانێت چەند شێوازێك بەکاربهێنێ بۆ باشتر نیشاندان و نمایشکردنی کارەکەی .

ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی چوارچێوەیەکی سنووورداری تایبەت بەخۆی هەیە لە شێوازی نووسیندا ؛ هەر ئەمەشە وا دەکات کارێکی ئەدەبی جیاواز بێت لە کارێکی ئەدەبی دیکە ،وە ئەوەی مەبەستمانە کورتە چیرۆکەکە و پێویستی بەوەیە لە ڕووی شێوازەوە چڕ و کورت بێت و لە ڕووی زمانەوە وشەکان وشەی هەڵبژێردراوبن . دیارە (( ل سەردەمێ نوی دا شێواز ژ قالبێ کلاسیکی دەرکەفت و "هەمی تشتێن گرێدای ب زمانیڤە ژ دەنگ و شێوەو پەیڤ و پێکهینان و چوونە ناڤ ئێك دزانستێن دەنگسازی و ووشە سازی داو دەلالەت و پێکهینانان ب خوڤە گرت و دامەزرانـدنا بنەما و رێبازێن وێ درێکا باشتر روونکرنا بیرهاتن و هەلچوون و وێنە و پێگەهاندنان بەرزترین رێژا کارتێکرنا هونەری یە . " )) [1]

بەگشتی هەرکاتێك باس لە شێواز(ستایل) دەکەین ڕاستەوخۆ دەچینە نێو زمانەوە ، چونکە نووسەر لەڕێێ شێوازی زمانی تایبەت بە خۆیەوە دەناسرێتەوە ، جا ئەم زمان بەکارهێنانە یان لە دەربڕینی وشە و دەستەواژەکاندا یان لە دروستکردنی وێنەدا دەردەکەوێت . باشترین پێناسەش بۆ تێگەیشتن لە (شێواز) ئەوەیە کە زانای ئەدەبناسی فەرەنسی(بۆفۆن) لە سەدەی هەژدەدا بۆ شێواز کردوویەتی دەڵێت :((ستایل - واتە مرۆڤ ) ،ئەمەش جەخت کردنە لەسەر ئەوەی کە ستایل سرووشتێکی شەخسیی تایبەتی هەیە. ئەوەشی کە پەیوەندیی بە زمانی گەلێکەوە هەیە، ئەوە چونیەتیی سنووردارکردنی پەیوەندی مرۆڤەکانە، لەچوارچێوەی زمانی نەتەوەییدا، لەبەر ئەوە ستایلێ مۆرکی تاکە کەسی پێوە دیارە .)) [2] جگە لەوەش کە مۆرکی تاکەکەسی پێوە دەردەکەوێت جاری واش هەیە دەبێتە تایبەتمەندی بۆ کۆمەڵێکیش لە شوێنیکی دیاریکراو کە زۆرجار ئەم کومەڵییە لە خانەی لاسایکردنەوەییدا سەرهەڵدەدات ، کاتێك چیرۆکنوسێك دەبینێت شێوازێك کە چیرۆکنووسیکی دیکە بەکاری دەهێنێت و شێوازیکی سەرکەوتووە و زوو دەچێتە نێوخەڵك ، ئەویش ئامادەیی ئەوەی هە یە هەمان شێواز بەکاربهێنێت ؛ لەوکاتەدا (مۆرکی تاکە کەسی) لەشێواز لێدەکرێتەوە و دەبێتە مۆرکی گروپێك یان کومەڵێك ، ئەمەش بەو مەرجە دەبێت کە مەبەستە کە بۆ گەیاندنی تێمی کورتە چیرۆکەکە ، مەبەستێکی ئەدەبی بێت .

چیرۆکنوسانی کورد تاڕادەیەك بە تایبەت لە قۆناغی( دەیەی دوای ڕاپەرین ) لەوە نزیك دەبنەوە کەزۆرجار ئەگەر نـاوی چیرۆکنووسەکە لەسەرکورتە چیرۆکەکە نەبێت، زۆر بەکەمی دەتوانین لەڕێی شێوازەوە کاری چیرۆکنوسێك بناسینەوە. جا شێوازی سەرکەوتوو ڕێگایەکی تایبەتە کە هەر چیرۆکنوسێك بۆ خوی بیگرێتەبەر وە واباشە لاسایی چیرۆکنوسێکی دیکە نەکاتەوە، چیرۆکنووسی باش ئەوە یە لایەنی ناوەوەی خۆی، وە بیرە پەرشووبڵاوەکانی بە ئاستێکی هونەری لەڕێی شێوازەوە پێکەوەیان ببەستێتەوە؛ بۆ ئەمەش زمان ڕۆڵێکی گرنکی هەیە بۆ بەدەست هێنانی

---

١- جە ڤەنگ دهۆزانا ریالیستیکا کوردی دا دەڤەرا بەهدینان ١٩٧٠-١٩٩١ عیماد وە یسی خالد، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، ٢٠٠٤، ل٨٢ ،هەروەها بروانە المعجم الادبي ، جبور عبدالنور ، دار العلم الملايين ، بيروت ، ١٩٧٩، ص ٢١ .

٢- پرینسیپەکانی ئەدەبناسیی بە راورد ، وەرگێڕانی لە ڕوسییەوە : ئەنوە ر قادر محە مە د ، ل١٠٥

- چەشنە ئەدەبییە جیاوازەکان و شێوازی دەربرینەکان لەو نێوەندەشدا لەکورتە چیرۆك پێویستە بایەخی پێبدرێت . زمانیش ڕەگەزێکی گرنگی کورتە چیرۆکە کەچیرۆکنووس لەچۆنیەتی بیرکردنەوە وهەستکردنی بۆشتەکان نیشانی خوێنەرانی دەدات که ((گوزارشت دەکات وە وێنەی دیدی داهێنەرەکە دەردەخات وە بابەتەکەی ، کە ئەمە بنەمای کارە ئەدەبیەکەیە، بینا کردنی بنەمای زمانەوانی و وێنەکێشانی رووداوەکە دووشتن پشت دەبەستن (زمان) ))[1] زمانیش لە چیرۆکدا ئەو زمانە نییە کە لە ئاخاوتن چۆن بەکاردێت هەرئەوەش لە چیرۆکدا بەکاربێت ، بەڵکو لێرەدا باس لەزمانی هونەرییە، سیفەتی زمانی هونەریش ئەمانەن هەروەك ئەوەی لێکولەر(عبدالعزیز عبدالحمید) بۆ زمان دەست نیشانی کردوون کە ئەمانەن :

١- ڕێزمانی بێت .
٢- وردەکاری تیابێت .
٣- ئابوری کردن(کورتکردنەوە ) و چڕکرابێتەوە .
٤- هەستیاربێت .))[2]

هەموو ئەوانەش ئەوە دەردەخەن کە زمان هێندە گرنگی هەیە ، کە هیچی لە ڕووداو و کارەکتەر و شوێن و کات کەمتر نییە ، چونکە پەیوەندییەکانیان هاوبەشن لە بایەخی هەر کورتە چیرۆکێکدا ، لە بەر نەبوونی زمانی ئەدەبی یەککرتووش کە هۆکارێکی گرنگە لە شێوازی نووسینی چیرۆکدا ، هەر چیرۆکنووسیك شێوازی دارشتنی زمانی چیرۆکەکەی بەشێوەیەك دەردەکەوێت ، هەرچەندە ئەمە لایەنێکی گرنگی دەوڵەمەندی زمانی کوردی دەردەخات ؛ وە تاڕادەیك لەڕووی بەکارهێنانی پیتی عەربی و لاتینی یەکلایی بووەتەوە ، بەکارهێنانی پیتی عەرەبی و لاتینی لە نووسیندا ، نووسین بە پیتی عەرەبی وفارسی وای کردووە وشەی هەردوو زمانەکە بێتە نێو چیرۆکی کوردیەوە ، بەڵام تاڕادە یەك بۆ ئەو خوێنەرانەی بەپیتی لاتینی دەنووسن و دەخوێننەوە کێشەی تێگەیشتن لەو وشانە دروست دەبێت وە لە باشووری کوردستاندا کە سوود لە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی وەرگیراوە و پیتی عەرەبییان بەکارهێناوە ،هەروەك بۆ زمان و شێوازیش (( ریڤاتێر دەڵێت : " زمان گوزارشت دەکات و شێوازیش بەرجستەی دەکات ." ))[3] وە زمانی چیرۆك دە بێت بە شێوازێکی وەهابێت کە پوخت و کاریگەر بێت ، بۆ گوزارشت کردن لە هەست و ئارەزوو و تواناکانی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤەکان پێویستە زمانی چیرۆکەکە وەها بێت (من)ی خوێنەر پەلکێش بکات بۆ نێو چیرۆکەکە لەگەڵ ڕەگەزەکانی وەك کارەکتەر و ڕووداو و شوێن و کات بژێنێت .

شێوازی هەر نووسەرێکیش جیاوازە لە نووسەرێکی تر بەهۆی ئەو زمانەی بەکاریدەهێنێت ،چونکە کە باس لە شێوازی نووسینی چیرۆکنووسیك دەکەین ؛ واتە زمانی چیرۆکەکەیە خوێنەر دەکرێت چیرۆکنووسی پێ بناسێتەوە ، هەر چەندە ئەمە لە چیرۆکی کوردیدا زۆر بەکەمی دەبینرێت ، وە بوونی شێوەزاری زۆر لە زمانەکەماندا زۆری و جەنجالییەکی وای

---

١- القصة القصيرة : تعريفها و خصائصها و عناصرها
http://laghtiri١٩٦٥.jeeran.com/archive/٢٠٠٨/٨/٦٥٢٥٢٠.htm،
٢-سەرچاوەی پێشوو .
٣- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ، نەوزاد ئەحمە د ئەسوەد، چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، چ١، سلێمانی،٢٠١١ ،ل٥٨

دروست نەکردووە ئەوەش بەهۆی ئەوەیە زیاتر پەنابراوە بۆ هەردوو شێوەزارە سەرەکییەکە کەکرمانجی خواروو و سەرووە وە لەچیرۆکدا زمان هۆکاری سەرەکی خەڵقکردنی دیالۆگە لەنێوان کارەکتەرەکاندا یان مۆنۆلۆگ لەگەڵ خوددا کە بەکار دەهێنرێت بۆ خستنەڕووی ڕووداوێك یان بابەتێك کەدواجار ئەو بابەتە تێمی سەرەکی کورتە چیرۆکەکەیە وە یاخود تێمێکی لاوەکی (مۆتیڤ)ە بۆ دروستکردن و هێنانە ناوەوەی ڕووداوی دیکە دێت .

زمان دەبێت لەگەڵ ئاستی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکە بێت، بە تایبەت چیرۆکنووس پێویستە لەسەری ئاگای لە زمانی کارەکتەری سەرەکی بێت لەبەر ئەو ڕۆڵ بینینە زۆرەی کە پێی دەردەکەوێت ئەوەش بە پێی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی لەکاتی دیالۆگدا و لایەنی دەروونی لەکاتی مۆنۆلۆگدا ؛ چونکە گرنگە کەسێکی ڕۆشنبیر جیاواز بئاخڤێ لە کەسێکی بازاڕی ، چونکە ناکرێ ڕۆشنبیرێك وەك کەسێکی بازاڕی گفتوگۆ بکات ، ئەوە ناگونجێ چ لە واقیع و چ لە چیرۆکیشدا ، وە لەسەر چیرۆکنووس قبوڵ ناکرێت بەتایبەت لەلای خوێنەری زیرەك (جدی) ؛ لەگەڵ ئەوەشدا گفتوگۆکان پەیوەندییان بە (کات و شوێن)یشەوە هەیە ، ژینگەش ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەسەر ئاخاوتنەکان و ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کەسایەتییەکان و کارەکتەرەکانیش ، سەرباری ئەمانە دەبێت کورتە چیرۆك بە زمانێکی ساکار بنووسرێت کە بە گشتی خەڵکی لێی تێبگەن جا لە هەر چین و توێژێك بن و یاسای زمانی تێدا بێت بەڵام نەك تەواوی چیرۆکەکە بگرێتەوە ، ئەمەش پێچەوانەی ڕۆمانە کە بۆ نوخبەیەك دەنووسرێت ، بەڵام کورتە چیرۆك بۆ کۆمەڵانی خەڵکە ؛ هەر لەبەر ئەوەیە زمانێکی وا ساکار دەخوازێت ، ئەوەش بەو مەرجەی بنەما هونەرییەکەی خۆی لە دەست نەدات هەموو ئەوانەشن کە لە هەر سەدە و سەردەمێکدا بێت زیندوێتی و بەردەوامی بە مسۆگەری بۆ کورتە چیرۆك دەهێڵێتەوە .

ئاشکرایە یەکێك لە کەرەسە سەرەکی وخۆسەپێنەکان و ئالییەتی کورتە چیرۆك زمانە، زمانیش دەتوانێت بە هەستێکی ناسك و پڕ لە سۆزەوە چیرۆکەکە بدات بە گوێماندا وهەر زمانە دەتوانێت ئەو زمانەی دڵەکان ڕەقتر و بە ئازارتر دەکات و بە شێوازێکی بێ هەست دەربیبڕێت ، ئەوەش کە لێرەدا جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە چیرۆکنووس نابێت زمان تەنها وەك هۆیەکی گەیاندن و گواستنەوەی زانیارییەکان بەکاربهێنێت ؛ بەڵکو دەبێت وا بیر بکاتەوە کەرەسەی ڕازاندنەوەی لەبەر دەستە بۆ جوانکردنی وشەکان و جوانکردنی (تێم)ەکەی، دەکرێت چیرۆکنووس ئەوەندە شارەزا بێت کە بزانێت چۆن بیرۆکە و بابەتی چیرۆکەکەی دەخەملێنێت و ئیشتیهای خوێنەر بۆ خوێندنەوە بۆلای خۆی ڕادەکێشێت و چێژی زیاتر دەئافرێنێت لەنێو داڕشتنی چیرۆکەکەیدا و لە نێو وشە و گوزارشتەکانی و هەموو وەسفەکان و ڕووداوەکان  کە لە ڕێی زمانەوە دەکرێت شتێك بڵێین ، شێواز لە کورتە چیرۆکدا بە بەکارهێنانی زمانێکی ئاسایی یان  زمانێکی ئاماژەکاری دادەڕێژرێ ، بەڵام لە دەرەوەی ئەدەب زمان زمانی هەموو ئەو شتانەیە ، کە بوونیان هەیە واتە زمانی دیاریکراوە  جۆربەجۆرەکانە ، بەڵام ئەوەی جێی باسە سەبارەت بە چیرۆکی کوردی ؛ ئەوەیە تا ڕادەیەك ((  لەجیاتی لێواولێوکردنی زمان و وشە لە سیحر و مانا خەریکی پرۆڤە کردنە بە ڕێکخستنی وشە و سینتاکسی ڕستەکان .))[1]  ئەمە لە کورتە چیرۆکەکانی دەیەی دوای ڕاپەڕین هەستی پێدەکرێت بە بەراود بە ساڵانی سی و چلەکان

---

١- خوێندنەوەی کتێب ، ڕۆمان وچیرۆك ، کوردی-بیانی، جەبار جەمال غەریب ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢، ل ٧٣

دواتر پەنجاو شەستەکان ،پاشان حەفتا و هەشتاکان بەرەوپێشەوە چوونێکی وانـابینین لەم قۆناغـەدا بەڵکو تارادەیەك بە مەنگی دەردەکەوێت و درێژە پێدەری ئەوقۆناغانەی پێش خۆیەتی کە ئەمە لەشێوازی دارشتنی چیرۆکەکاندا دەردەکەوێت .بەنموونە لە کورتە چیرۆکی (دوو منـاڵی باڵدار) کە هەر لە سەرەتاوە شێوازی دارشتنی وشەکانی لە رووی گووزارشتکردنەوە ڕستەی کورت وئاسان و تقلیدین وەك (( کاکە حەمە بە پێچەوانەی هەموانەوە لە ماڵ دەرچووە دەرەوە ، بە شێتەیی ڕوە و ناوشار ملی نا . سەری داخستبوو بە دەم ڕێگەوە مژی لە جگەرەکەی دەدا ، دەتگوت هەنگاوەکانی دەژمێرێت. ))[1] ، هەروەها لە چیرۆکی (مینەش گۆڕا) ئەم شێوازە دارشتنە بەدی دەکەین کە تازەگەری سەردەمە جیاوازەکەی پێوە نابینرێت و هەر لەسەر هەمان شێوازی دارشتنی ساڵانی پێشوو کورتە چیرۆکەکە دەردەکەوێت وەك ئەوەی دەڵێت (( پیاوێکم ئەناسی ناوی مینە بوو ، هەموو ساڵ کاتی تووتن ، توتنی دائەگرت بەوە خۆی ئەژیان . پیاوێکی پاك و لە خوا ترس بوو ، ڕۆژێك لە هەیوانەکە لە تەنیشتمەوە وەستابوو ))[2] وە یاخود کورتە چیرۆکی (کۆچ) وەك دەڵێت : (( (هەر کاتێ بە ڕووخساری مانگ ئاسای ئاشنا دەبووم ، هەرچەند شەرم پێڵوی چاوەکانمی کەلەپچە کردبوون ) یاخود لە بەشێکی دیکەدا دەڵێت :( سەرم گێژی دەخوارد، دیدەکانم بە جۆرێك دەبینران وەکو شتێکی وایان دیووە چاوەڕێ یان نەکردووە ) )) کە تەواو ئەوە دەبینرێت کە تازە گەری لە شێوەی دارشتنەکەدا بەدی ناکرێت و شێوەیەکی تقلیدی هەیە .[3]

دەبێت ئەوەش بزانیـن کە ناکرێت بۆ ( شێواز ) وەها دابنێین ؛ کە ئەوە مرۆڤە بە جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا دئاخڤن و هەڵسووکەوت دەکەن ، بەڵکو ئەوە شـێوازە مرۆڤە جیاوازەکان درووست دەکات ، بە هەمان شێوەش چیرۆکنووسەکان بەجیاوازییان چیرۆکی جیاوازو نوێ ناخەنە نێو دنیای ئەدەبەوە؛ بەڵکو شێواز خۆیەتی کە چیرۆکنووسی جیاواز بەدارشتن و ستایلی نووسینی نوێ دەئافرێنێ .

بەو پێیە بێت زمان لە کورتە چیرۆکدا ، دەبێت وەها مامەڵەی لەگەڵ بکرێت وەك ئەوەی کە چۆن مارۆز و کراژۆ پێیان وایە و گوتوویانە :(( لە چوارچێوەی ئێستیتیکیەتی زمان (جوانیەکانی زمان) لە شێواز دەکۆڵێنەوە .))[4] ئەمە وەڵامێکە بۆ ئەوانەی کە بەجودا لـە شێواز دەکۆڵنەوە وەك ئەوەی بابەتێك بێت پەیوەندی بە زمانەوە نەبێت ، لە کاتێکدا ئەوەندە بە نێو یەکدیدا چوون هەروەك ئەوەی هەرگیز ناتوانرێت لەیەکدی جیا ببنەوە،لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا ئەم گرنگییە زیاتر دەردەکەوێت ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ((ئەدەب نواندنی هونەرە لە ئاخاوتندا نووسراو بێ ، یان زارەکی ، بە زیاتر لە شێوازێك ، بۆیە یەکێك لەرەگەزە بەرهەمهێنەرەکانی ئەدەب شێوازە ، ئەدەب دێت لە ڕێگەی هۆکارەکانی خۆیەوە دەربرینێك بەرهەم دەهێنێ ، دەشێ یەك واتـا بێ و بە چەندین شێوازەوە خـرابێتە ڕوو، یانیش یەك رستە بێ و بەچەندین واتاوە خرابێتە روو.))[5] دۆزینەوەی واتای تازە بۆ وشەکان وادەکات شێوازەکەت

---

١- دوو مناڵی باڵدار ، جلیل محمد شریف ، گوڤاری بەیان ، ژمارە ١٨٤ ، ١٩٩٩، ل١٠

٢- مینەش گۆڕا ، کۆمەڵە چیرۆکی ( ژووری میوان) سلێمانی ، د.کاوس قەفتان ، چ١ ، ٢٠٠٠ ، ل ١٠٨

٣- کۆچ ، هێرش رەسوڵ ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ (١٩٧٤) ساڵی هەشتەم ، ١٩٩٩ ، ل ٦

٤- شێواز و شێوازگەری ، د. ئیدریس عەبدوڵڵا چاپخانەی ڕۆژهەلات ، چ١،هەولێر،٢٠١٠-٢٠١١، ل ١٧

٥- سەرچاوە پێشوو ، ل ١٧

شێوازەکەت بەهێز بێت، ئەمەش هەوڵی نووسەری دەوێت تاوەکو وشەکان لەمانا بنەڕەتییەکانیان جیایان بکاتەوە و مانای دیکە ببەخشن ، هەر ئەم دۆزینەوەی واتای تازەیەیە کە وای کردووە شێوازێکی بەهێز بە چیرۆکێك دەدات کە جیای دەکاتەوە لە چیرۆکی چیرۆکنووسانی دیکە وە ئەو شێوازە زمانەی لە هەندێك چیرۆکدا بەکارهاتوون بەهایەکی بەرزی شێوازی لە ڕووی گوزارشت کردن و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کە هەندێك نارِوونی و لێلی لە مانا دەردەکەوێت کە وشەکان لە مانا بنەڕەتییەکەیان هاتوونەتە دەرەوە و بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێن ، بە نموونە لە چیرۆکی (شەوێك)دا هاتووە کە (( (لەبەر ئەوەی تۆ کچیت و بە پێی شەریعەتی ئیسلام بەر لەوەی ئیعدام بکرێیت ، ئەبێ مێردێکت ببێ . وا ئێمە لێرەدا و بە پێی شەرع ، مارەت ئەکەین .ل ٢٩) هەروەها چیرۆکنووس لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت( - دێیتەوە ...!! هاکا مارەیان کردیت و هاتیتەوە. ل ٣٠ ) هەروەها( بڵێی لە کێم مارە بکەن ؟! ل ٣٤))) [١] ، کە هیچ جارێك لەو کاتانەی باس لە مارەکردن ئەکرێت بۆ پیرۆزییەکەی بەکارنەهێنراوە ، بەڵکو بۆ سوکایەتی کردن بە کارەکتەرەکان هاتووە کە لە پێناو خاك و نیشتمان زیندانی بوون و خۆیان نەدۆڕاندووە لە بەرامبەر ترس و سووکایەتی پێکردنیاندا ، هەروەها لە چیرۆکی (لاڵ)دا هەر لە سەرەتاوە وشەی (لاڵ) لە مانا بنەڕەتییەکەی داکەوتووە و بۆ مانایەکی دیکە بەکارهاتووە کە بەهۆی شێوازی گێڕانەوە و تێمی چیرۆکەکەوە ئەوە ڕووی داوە کە شێوەیەکی ئیستاتیکی جوان لە شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکان پەیڕەو کراوە و وشەی سقف و ئاسان لەسەر زار خۆش و بە نەرمی بەکارهێناوە ، ئەمە لەگەڵ ئەو زبری و ڕەقییەی کە ناوەڕۆکی کورتە چیرۆکەکە لەخۆیدا هەڵیگرتووە وە بەگشتی ڕستەکان ئاسایین و ڕستەی وای تێدا بەکارنەهێناوە کە درێژبڕی تێدا کردبێت ، کە گێڕەرەوە دەڵێت (( لاڵ ، رق لە هەموو جەستەی دەباری بە ( ئا.. ئا.. ئا)ی زمانی و بە دەست پەنجە و لەشی دەیویست رق و یاخی بوونی خۆی دەربڕێ )) [٢] کە لێرەدا لاڵ بۆ ئەو کەسە بەکارهاتووە کە پێویستە بێدەنگ بێت لەبەردەم داب و نەریتێکی هەڵەی خێزانەکەی کە سەرەڕای ئەوەش ئەچەوسێنرێتەوە،هەروەها کورتە چیرۆکی (سەماکەرەکان)یش وشەکان و ڕستەکانیش بە شێوەیەکی دەلالەتی هاتوون و زمانی چیرۆکەکە ئاسانە بۆ تێگەیشتن ، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بۆ نوخبەیەکی تایبەتی نووسراوە کە پێویستە لەسەر خوێنەر خۆی ڕۆشنبیر بکات ، هەروەها چیرۆکنووس توانیوویەتی بە کورتی و بە پوختی مانای چیرۆکەکە لە تەواوی کورتەچیرۆکەکەدا کۆ بکاتەوە ؛ گریماسدا لەسەر مانا دەڵێت : (( لەدایك بوونی مانای نوێ هیچ ماناو چێژی نابێت ، ئەگەر گۆڕان بەسەرمانایە بنەڕەتیەکەدا نەهاتبێ .)) [٣] واتە چیرۆکنووس بۆ پتەوبوونی شێوازی زمانی چیرۆکەکەی بە پێچەوانەی سروشتی زمانەوە دەربڕینی نوێ بە وێنەیەکی خەیاڵی باوەڕپێکراو بخاتە بەر دەست ، کە لێرەدا پێویست بە دەربڕینی جیاواز و داهێنانی وشە بە مانای نوێ دەبێت ، وە شێوازی هەر نووسەرێك ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لـە دەرخستنی تێمە سنورداره لەیەك جیاوازەکان بەو هۆیەی شێوازە جیاوازەکان نەك هەر تەنیا جوانی بە ئاخاوتن و دەربڕینەکان دەدەن ، بەڵکو جۆراوجۆری شێوازەکان بـۆ گەیاندنی ( تێم ) هۆکارێکی

---

١- شەوێك ،پەپوولەکانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد ، ل ٢٩ ، ٣٠ ، ٣٤

٢- لاڵ ، هۆشەنگ شێخ محەمەد ، گۆڤاری پەیڤ ، ژ ١٠ ، ١٩٩٧، ل ١٠٤

٣- کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٠-١٩٧٩) ، ئازاد محە مە د سە عید ، ل ٣٧ ، هەروەها بڕوانە مدخل الی نظریة القصة تحلیلا و تطبیقا ، سمیر المرزوقي و جمیل شاکر ، بغداد، ط دار الشؤون الثقافیة العامة، ١٩٨٦ ، ص ١١٩

- سەرەكییە بۆئەوەی خوێنەر تێمێكی سنوردار لە زۆر لەبەرهەمە نووسراوەكاندا بەیەك شێوە درك پێنەكات لەناسینەوەی دا بە نموونە چیرۆكە (كۆمەڵایەتییەكان) هەموویان هەمان مانا و چێژ نادەنە خوێنەر یان چیرۆكە (دەروونییەكان) یاخود چیرۆكە (نەتەوەییەكان) هەریەكەیان بەهۆی شێوازە جیاوازەكانی نووسەران و شێوازی بیركردنەوەیان لەیەكدی جیا دەبنەوە بە جیاوازی (تێم)ە جیاوازە دەربڕاوەكان ، كە زۆرجار لە ئەنجامی خوێندنەوەی تەواوی كورتە چیرۆكەكە ؛ ئەنجامێكی چاوەڕوان نەكراو لە تێمەكە بە دەست دەهێنین ، كە دەكرێت بەشێوازیكی وەها كورتە چیرۆكەكە نووسرابێت كە خوێنەر توشی سەرسامی بكات لە كاتی ئاشكرابـوونی تێمی ئەوكورتە چیرۆكەی دەیخوێنێتەوە ، كە ئەمەش شارەزایی چیرۆكنوسەكە بەدیاردەخات ، چونكە ئەو ڕەگەزە گرنگییەكی بەرچاوی هەیە لە بەرهەمهێنانی ئەدەبێكی نویٚ لە قۆناغ و سەردەمێكی جیاواز لە پێش خۆی و لەدوای خۆشیدا .

شێوازیش تەكنیكی خۆی هەیە كە چیرۆكنووس لەبەرهەمەكانیدا بتوانیٚ زالٚ بێت بەسەریدا كە چیرۆكنووسانێك كۆپی ئەوانەی پێش خۆیان نەبن كەئەوە ئەركی شێوازە ؛ شێوازیش زۆرجار سەردەمێك دەردەخات گوزارشتە بۆ نەوەیەكی جیاواز بەبیركردنەوەو دەربڕینی جیاواز، گەر بە نموونە ئەوە وەربگرین كە بیركردنەوە لە تێمیك كە واتایەكی (نەتەوەیی) هەیە ، ناكرێت هەمان واتا بەهەمان شێوە دەربڕین و وشە و ڕستە دەربڕینەوە لە جۆرە تێمیكی تردا كە واتایەكی (كومەڵایەتی ، ئاینی، ....هتد)ی هەبێت، زۆرجاریش ڕێك دەكەوێت چیرۆكنووسێك هەموو هەوڵێكی خۆی دەدات تاوەكو شێوازیكی باش بەكاربهێنێت لە چیرۆكێكی نوێدا ، بەڵام ئەوە وا دەكات چیرۆكنووس توانای خۆی ببەستێتەوە ، دەبێت وابكات كە بزانێت كامە شێواز بەئاسانترین شێوە دەگاتە خوێنەرەكانی و چێژی لیٚ وەردەگرن ؛ دواجاریش ئەوە لە بیر نەكرێت ، كە ئەوە شێوازە دەقی نویٚ دەهێنێتە بوون .

بەكارهێنانی شێوازیش لەلای چیرۆكنووسەوە ناتوانین بڵێین كارێكە جێی دەست خۆشییە ، یان ئەوەتا بڵێین ئەم شێوازە ناكرێت بەكاربهێنرێت ، ماریۆ ڤارگاس یوسا بۆ شێواز پێی وایە ((هیچ گرنگ نییە شێواز درووست بێت یان نادرووست، بەڵكو گرنگ ئەوەیە كاریگەر بێت و بۆ ئەركەكەی خۆی گونجاو بێت ، ئەو درووستییە فوویەكی وەهمیە بۆ بەخشینی ژیان - راستی - بەو چیرۆكانەی دەیگێڕێتەوە .))[1] ئەو تایبەتمەندییەی كورتە چیرۆك لە (تێم)ەوە بە دەستی دەهێنێت ، لە كاتێكدا هونەری دەبێت ئەگەر هاتوو (تێم)ی كارێكی لە واقیع وەربگرێت و وا بكات گیانێكی چیرۆكی بكات بە بەریدا و خەیاڵ و ئەندێشەی لەگەڵ ئاوێتە بكات، چونكە ناكرێت كورتە چیرۆك تەواو وێنەگرتنی واقیع بێت وەك خۆی ؛ گەر چیرۆكنوس وەهای كرد ئەوە وەك مێژوونووسێك تەنها واقیعمان بـۆ بەیان دەكات، وە ناشكرێت كاتێك (تێم)ێك بەئەندێشەوخەیاڵی خۆی دروستی دەكات بۆ چیرۆكێك تەواو تەواو دوور لەواقیع بێت ؛ بەڵكو دەبێت بەشێوەیەك بێت نزیك بێت لەواقیع و باوەڕی خوێنەر بەدەست بهێنێت ، یاخود چیرۆكنووس بۆ پتەوبوونی شێوازی زمانی چیرۆكەكەی بە پێچەوانەی سروشتی زمانەوە بێت دەربڕینی نویٚ بە وێنەیەكی خەیاڵی باوەڕپێكراو بخاتە بەردەست. بۆ ئەوەش كە واقیعی چیرۆك واقیعی ژیان نەبێت ، پێویستیمان بەدەربڕینی جیاوازو داهێنانی وشە بەمانای نویٚ هەیە، بە بۆچوونی ڕۆلان بارت بۆ ئەفسانە ، كە بۆ تەواوی گێڕانەوە هونەرییەكانیش دەگونجێت دەڵێت : (( كە

---

[1]- ١٢ نامە بۆ رۆماننوسێكی لاو، ماریۆ ڤارگاس یۆسا ، و. بۆ كوردی/شیرین.ك ، پاشكۆی ڕەخنەی چاودێر، ٢٠٠٨، ل٤٤

خەون و خەياڵ و واقيع لای داهێنەران تێكەڵ ببێ. نووسەر ناتوانێ بەشێوازی كۆن و باو ناوەڕۆكی بابەت و خەون و خەياڵ و واقيعەكە دەرببڕێ. بۆيە سەر لەنوێ دروستكرنەوەی ئەم واقعە پەنا دەباتە بەرشێوە دەربڕينی جياجياو لەشێوازی وادەگەڕێ كە بەكەمترين وشە گەورەترين بەسەرهات وكارەسات بخاتەڕوو.))[1] گرنگترين شت لەبەكارهێنان وگرنگيدانی چيرۆكنووس بەشێواز ئەوەيە كە وابێت باوەڕی تەواو و متمانەيەكی بەهێزی بەخۆی و بەوكارەی دواتر دەيخاتە بەردەستی خوێنەرانی هەبێت و بزانێت كامە وشە بۆ كارەكەی گونجاوە دواتر بەكاريبهێنێت ، چونكە هەڵبژاردنی وشەيەكی نەشياو بۆ شوێنێك لە چيرۆكدا دواتر ڕاستكردنەوەی ئاسان نابێت، وە وا باشە ((شتێكی وانەڵێت. ئەگەر بابەتەكەی دژوار بێت بگەڕێينەوە بۆ فەرهەنگ. ))[2] ئەوەش لەبەرئەوەی لە چيرۆكدا مەرج نييە هەموو كاتێك بۆ واتايەك بەگەڕانەوەمان بۆ فەرهەنگ سودێكمان دەست بكەوێت ، وە يلخود پرسيار لە كەسانی ديكە بكەين بۆ تێگەيشتن لە مانای پەيڤێك لە كورتە چيرۆكێكدا ، بە نموونە لە چيرۆكی (دايكە ويز )دا ، پێويستە بگەڕێينەوە بۆ فەرهەنگ .

ئەم گووتانەش ئەوە دەرناخەن كە چيرۆكنووسان ئيدی هيچ پەنا نەبەنە بەر وشەی دژوار و ئاڵۆز ، بەڵكو دژواريش لە مانای وشەدا لە توانای چيرۆكنووس دەردەخات، بەڵام بە شێوەيەكيش نەبێت كە دژوارييەكە بە نا ئاگايی چيرۆكنووس لە شوێنێكدا دروست بێت بەبێ ئەوەی بگونجێ لەو ڕستەيەی كە دروستی دەكات بۆ گەياندنی مانايەك ؛ كەواتە شێوازی نووسەر (( بريتييە لە هەڵبژاردنی ئەو بۆ وشە و پێكهاتەكانی لە دروستكردنی رستە و بڕگەدا بەشێوەيەكی دياريكراو تاوەكو ئەدەبێك پێشكەشی خوێنەر بكات . شێوازی چيرۆكنووسی باشيش بريتييە لە شێوازی گرێچنی گونجاو و ڕێك لەگەڵ بابەت و بيرۆكەكە و كارەكتەرەكانی نێو چيرۆكەكە واتە چيرۆكنووسەكە كەش و هەوای چيرۆك دروست دەكات و هەست و سۆزەكان نيشان دەدات.))[3] كەواتە تێدەگەين كە شێواز ئەو چوارچێوەيەيە ، كە چيرۆكنووس بۆ دەربڕينی بيرۆكەكانی سودی لێ وەردەگرێت ، كە كارەكتەر و شوێن و كات و ڕووداوی لە نێودا جێ دەكاتەوە كە ئەمە خۆی لەخۆيدا پەيوەندی شێواز و تێم نيشان دەدات ، كە گرێچنی كورتە چيرۆكەكە ئەركی نمايشكردنی ئەو شێواز دەرخستنەی دەكەوێتە ئەستۆ ، هەرچەندە شێوازی گرێچن لەچيرۆكی منداڵان دا نابێت ئەو زمانەی بەكاردەهێنرێت زۆر ئاڵۆزبێت و ببێتە ڕێگر لەبەردەم تێگەيشتنيدا ، وە نابێت بە شێوەيەكيش بێت هەروەك زمانی منداڵان خۆيانبێت و بە شێوەيەكی زۆر سادە و ساكار بێت ؛ چونكە ئەمە وادەكات هەگبەی ڕۆشنبيری و فەرهەنگی وشەكانی منداڵان بەرەو گەشەكردن نەچێت و وەك خۆی بمێنێتەوە ، بەو هۆيەی يەكێك لەهۆكارە سودبەخشەكانی خوێندنەوەی چيرۆك لەلای منداڵان ئەوەيە كە جگە لەوەی ببێت بە وانەيەك بۆژيانی لەڕێی ناوەڕۆك(تێم) ی چيرۆكەكە ، كە بيرۆكەی سەرەكييە لە كورتە چيرۆكەكەدا ؛ و ئەوەيە كە فەرهەنگی زمانەوانی و وشەكانی ئاخاوتنی دەوڵەمەند بێت ، هەروەها شێوازی ديكەش جێی سەرنجە لە كورتە چيرۆكدا ، وە ئەوەش شێوازی

---

١- ڕۆمان لە گۆشە نيگای جياوازە وە ، سە لاح عومە ر ، ل١٩

٢- تقنيات الكتابة في فن القصة والرواية ، مجموعة من المؤلفين ، ترجمة / رعد عبدالجليل جواد ، ص ٢١٥

٣- دە روازە يە ك بۆ ڕەخنەی ئە دە بی نوێی كوردی ، د.هيمداد حوسين ، ل ١٧٠ ، هەروەها بڕوانە الادب و بناء الانسان ، د.علی الحديدی ،مطبعة دار الكتب ، بيروت- لبنان ، ١٩٧٣، ص ١٢٤

دووبارەکردنەوەیە ، کە تەکنیکێکە بەکاردەهێنرێت لە سستی کاتی چیرۆکدا بە تایبەت لە ئەدەبی گەوراندا کە ئەوەش نابێت بەبێ هۆ بەکاربهێنرێت ، بەڵام لەئەدەبی منداڵاندا شێوازی دووبارەکردنەوەی وشە و دەستەواژەی گرنگ بەسودە بۆجێگیرکردنی مەبەستی چیرۆکەکە لەهزری منداڵاندا .

کەواتە سەرەڕای ئەوەی لە ڕێی شێوازی کورتە چیرۆکەکانەوە لە زۆر مەبەست و تێمی کارەکان تێدەگەین ، لە هەمان کاتیشدا پێویستیمان بەوە دەبێت کە شێواز وەك دیاردەیەکی زمانی لە ڕووی بنەما سەرەکییەکانییەوە لێی تێبگەین ، کە بە گشتی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دادەنرێت ئەوانەش : (( رێکخستنەکا تایبەتا بکارهینانا زمانی، ئەوژی ب دوو رێکان : ئیکەم ب پەیرەوکرنا یاساو دەستورێن رێزمانی ، یادوویێ ب لادان ژوان یاساو دەستوران ، بنەمایا دوویێ ب رێکا ترازانا سیمانتیکی کو دراستی دا ئەنجامەکە بۆ جۆرێ بکارهینانا یەکەیێن زمانی .))[1]

ئەم بنەمایانەش بۆ شێواز جێی گرنگی پێدانن لەلایەن چیرۆکنووسەوە هەروەها بۆ خوێنەریش، کە ئەمە خاڵی پەیوەندی دروست دەکات لە نێوانیاندا و هەردوولایان زیاتر پابەند دەکات بە لایەنی زمانەوانییەوە چ بە پەیڕەوەکردنی یاسا و دەستوری ڕێزمانی چ بەلادان لێی ، یاخود بە ترازانی سیمانتیکی کە لایەنە واتاییەکەی دەگرێتەوە بەوەی وشە لە واتا فەرهەنگییەکەی دەردەچێت و لە هەر شوێنێکدا واتایەك دەدات ، وەك ئەوەی ئەو شوێنە دەیخوازێت بۆ واتایەکی تایبەت بە نموونە کورتە چیرۆکەکانی ( سەماکەرەکان ، تاییێ بە ڕوییێ ، لاڵ ، کولە زەرد ، سەربازی شەترەنج ، ...) ، ئەوەشمان لەیاد بێت لەکورتە چیرۆکدا(( بەرزترین وێنەی کورتکراوە و چڕی بریتییە لە کورتکردنەوە لەسەر ئاستی زمان ؛ نووسەرەکە بەپێی توانای خۆی زمانەکەی پاك دەکاتەوە لەوەی خزمەتی مەبەستەکەی ناکات . ))[2]

بەو هۆیەی مەبەست لە چیرۆکدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەوەی چۆن دەگاتە خوێنەر ، کە لە نێو مەبەستیشدا (تێم) ئامانجی سەرەکییە چ بۆ چیرۆکنووس چ بۆ وەرگری دەرەوە، کە(خوێنەر)ە، وە بەهۆی کەمی مەودا کورتی کورتە لەچیرۆکدا پێویست بەوە دەکات شێوازێکی وای بۆ هەڵبژێردرێت کە ( وەسفی زۆر و دیمەنی زۆر و گفتوگۆکردنی زۆر بە (دیالۆگ و مۆنۆلۆگ) و نیشاندانی وێنەی زۆری) تێدا جێ نەکرێتەوە، کە هەموو ئەمانە تەواو بەستراون بە زمان و شێوازەوە ؛ شێوازیش لە کورتە چیرۆکدا پێویستی بە چڕکردنەوە وکورتکردنەوە هەیە لەو زمانەی بۆی بەکاردەهێنرێت،کە هەرچەندە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا وەسف و وێنە و دیالۆگ بە زۆری شوێنی بۆ کراوەتەوە وە((د شێوازێ نوی دا نڤیسەر دەربرینێ ژ ئاشۆپا خۆ دکەت ب رەنگەکێ تەلگرافی یێ کورتکری و ب کارئینانا زمانەکێ تیر وکورت و رووت.))[3] نەك بێت لە هەندێ شوێندا بە بێ ئەوەی پێویست بێت ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات و هەوڵ بدات ئەوەندە وێنە و وەسفی ڕووداو و بەسەرهاتەکان بکات، خوێنەر هیچی بۆ نەمێنێتەوە لە چێژی خوێندنەوە و تەنها وشە بخوێنێتەوە. وە هەموو کارێکیش هەڵگری لایەنێکی گرنگە لە ناوەڕۆکەکەیدا کە تەواوی مەبەستەکە لەوێوە ئاشکرا دەبێت ، ئەویش تێمە سەرەکییەکەیە کە لە کۆتایی کورتە چیرۆکێك پێی دەگەین ، بێگومان ئەوەش

---

١- جە ڤەنگ دهۆزانا ریالیستیکا کوردی دا دە ڤەرا بەهدینان ١٩٧٠-١٩٩١ عیماد وە یسی خالد ، ل ٨٣

٢- http://www.mnab٣.com/vb/showthread.php?t=١٨٦١١

٣- بیاڤێ خواندنێ ، جلال مصطفی ، چاپخانا هاوار ، چ١ ، دهوك ، ٢٠٠٤، ل ٥٩

ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو کورتە چیرۆکتنەی ئەو قۆناغە هەمبوو دەقی (نوێ)ن وە پێویستە بزانین کە ((دەق ژی نە بتنێ ژ هندەك پێکهاتێن زمانی وجوانکاریێ پێك دهێت، بەلکو وەك پارچەك ژ گوتارا هزری(بیرۆکە) دبیتە هێڤێنێ دەقی و پێکهاتێت دی پێڤە دهێنە گرێدان . هەرچەندە د دەقی نویدا خواندەڤان نکاریە ب رەنگەکێ رەها ڤێ بیرۆکێ دەست نیشان بکەن یان ژی بدروستی ناکەڤیتە بەر دەستێ وی ، چونکی دەقێ نوی یەك ژ دیارترین ساخلەتێن وی ئەوە بیرۆکەکا بتنێ نینە بەلکو نڤیسەر دکاریت د یەك دەقدا هژمارەکا بابەت و هزران بئارینیت لێ د ئەنجامێ دوماهیێ دا هەمی پێکڤە دبنە موزاییکێ یەك بابەت . ))[1] کە ئەمە لە هەموو کایە ئەدەبییەکاندا دەگونجێ ژمارەی بابەت و بیرۆکەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دەربکەون ، وە کاتێك لەکورتە چیرۆکی دەیەی دوای ڕاپەڕین وردبینەوە ؛ دەبینین لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بابەت و بیرۆکەی جۆربەجۆریان تێدا بەدی دەکرێت، لەوشێوازە زمانییەشدا دەکرێت بڵێین زمان بە بەرهەمی (بیرۆکە) دادەنرێت و هەر لەوێوە لەدایك دەبێت ، دیسانەوە بۆ خزمەتکردنی (بیرۆکە) لە گەشەکردن و بەرەوپێشچووندا دەبێت ، وە زمان ئەو واتایانەی لەنێو (هزر/بیرۆکە)دا هەیە دەیخاتە ڕوو .

لەم شێوازە زمانییەشدا بەکارهێنانی (زمان) بۆ ناساندنەوەی شێوازێك لە شێوازێکی دیکە گەر بەوردی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت دەکرێ بۆ ڕازاندنەوەی وشەکان بەکاربهێنرێت بە تایبەت کاتێك لە دەستەواژەیەك یان ڕستەیەکدا بەکاردێت ومانایەك دەگەیەنێت. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت سەرەتا (بیرۆکە)کان دروست دەبن و پاشان ڕێگەیەکی بۆ دەدۆزرێتەوە کە دەربڕرێن کە ( زمان )ە ، دواتریش شێوازێکی تایبەت و جیاواز لە جۆرەکانی دیکەی بۆ سازدەکرێت لەو زمانەدا ،هەروەك چۆن چیرۆکنووسان لەڕووی دەربڕین و شێوازی زمانەوە لەیەك ئاستدا نابینرێن شێوازە دەربڕینەکانیشی پێ جیا دەکرێتەوە هی (من) لە (تۆ) ، هی (تۆ) لە (من) ، هەر یەکێك لە یەکێکی دیکە .

شێوازیش نەك هەر تەنیا لە دنیای ئەدەب و ئاخاوتن و نووسیندا هەیە، بەڵکو لە تەواوی ژیانماندا جێی بووەتەوە ، بە نموونە لە ( نان خواردن ، جل پۆشین ، ڕێ کردن ، جوڵەی ئەندامەکانی لەش ، ... ) لە هەریەکێکیاندا ستایلی تایبەت و جۆراو جۆری خۆی هەیە ، ئەوەش بەو مانایەی کە ستایل(( ڕێگای دەربڕینی بیرێك بەهۆی زمانەوە))[2] یە، بۆ ئەوەش نابێت چیرۆکنووس زۆر لە خۆی بکات لە داڕشتنی شێوازی نووسینەکەی ، بەڵکو دەبێت ئەو شێوازەی بەکاریدەهێنێت بە سروشتی لەدایك بێت ، خوێنەریش لە ئاست خۆیەوە هەست بە زۆر لە خۆکردنی چیرۆکنووس وە زبری زمانەکەی نەکات .

شێوازی زمانیش لەو شوێنانەدا بە باشی دەردەکەوێت کە زیاتر ( وەسف و گفتوگۆ )ی تێدایە؛ کاتێك چیرۆکنووس وەسفەکانی دەست پێدەکات جا ئیدی وەسفی ( کەسایەتییەکان یان شوێن یان کات یان ڕووداوەکان)ی بێت ، ئا لەو شوێنانەدا ئاستی زمانی و شێوازی تایبەتی نووسەر دەردەکەوێت ،کە لە کاتێکدا (( لە چیرۆکدا زمانی نووسین بە گشتی زمانی شیکردنەوەی بابەت و ڕووداوەکانە و وەسف تا ڕادەی پێویستی تێیدا کەم کراوەتەوە و کەمتریش بەلای گێڕانەوەدا دەچێت و پتر سوود لە دایەلۆگ و مۆنۆلۆك وەردەگرێ. ))[3] ئەمە بۆ کورتە چیرۆك دەگونجێ ، بەڵام

---

١- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١-٣٢

٢-شێواز لە کورتەچیرۆکی نوێ ی کوردی دا ساڵانی نێوان(١٩٨٠-١٩٩٠)، سەلیم ڕەشید ساڵح ،نامەی ماجستێر،سلێمانی،٢٠٠١،ل٦

٣- جیاوازی نێوان هە قایە ت وچیرۆك ، ئازاد حەمە شە ریف ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە (١٦)، ل ٦١

نابێت دیالۆگەکانیش زۆر بێت و سنووری کـورتە چیرۆك تێپەڕێنێت ، چونکە دەبێت بـەردەوام ئاگاداری لەسەر  چڕی و کورتکردنەوە هەبێت، وە زیاد بەکـارهێنانی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ وا دەکات چیرۆکەکە زیاتر وەك بابەتێکی شانۆیی دەربکەوێت، دیالۆگ و مۆنۆلۆگیش بۆ بەستنەوەی زنجیرەی ڕووداوە بەدوایەکدا هاتووەکانی چیرۆکە، کە لێرەدا زمان کاریگەرییە بەرچاوەکەی دەردەکەوێت و دەبێتە هۆکاری دەربڕین ، هۆکارەکەش هەندێجار وەها دەبێت کە زمان لەناو خۆیدا دەبێت بە کۆد( Code ) ئەو کۆدانەش پێویستییان بە کردنەوە هەیە لەلایەن خوێنەر و لێکۆڵەرانەوە ، وە کە کـۆدەکانی زمان کرانەوە بـەو پێیە کردەی لـەیەکترتێگەیشتن  ڕوودەدات بە نموونە لە کورتە چیرۆکەکانی (کولە زەرد ، پەیژە ، سەماکەرەکان ، خەونەك بو هەمی یا ) کە هەر یەکێك لەوانە هەڵگری کۆدێکە کە چیرۆکنووسان بۆ مەبەستی تایبەتی ئەو جۆرە کۆدانەیان بەکارهێناوە و خوێنەر لە ڕێی تەواوی خوێندنەوەی هەر یەکێك لەو کورتە چیرۆکانە و بە ڕێی کردنەوەی کۆدی تایبەتەوە دەگاتە تێمی سەرەکی و لە مەبەستی چیرۆکنووس نزیك دەبێتەوە ، جا ئەو نزیك بوونەوە پێدەچێت تەواو ڕاست بێت وەیان بە پێچەوانەوە ، بەڵام جاریش هەیە کۆدەکان  بـەشێوەیەك دەردەکەون کە تەنها چیرۆکنووس بۆ خۆی لێی تێدەگات وەك ( بەرواریێکی- تایبەت ، ڕۆژێکی هەفتە ،...هتد) بە تەنها بـۆ چیرۆکنووس مانایەکی هەیە و هەرچۆنێك بێت ئەو کۆدە بە نەکراوەیی دەمێنێتەوە و کردەی  تێگەیشتن بە ئـاسانی ڕوونادات یان دەکرێت هەر ڕوونەدات .

سەرەڕای ئەم بوونی کۆدە زمانییە، لە نێو چیرۆکدا وا باشە سەرەڕای شێواز گوتەیەك هەبێت بۆ گوتن کە پەیامی چیرۆکنووسە و ئاڕاستەی خوێنەر و گوێگری دەکات ، بەوەش پەیوەندییەك دروست بکات ، ئەوەش گرنگە چونکە (( پەیوەندی نـێـوان شێواز و پەیام : ئـەو پەیوەندییە پـەیوەندییەکی جـەوهەرییە و لە نێرەرێکەوە بۆ نێرەرێکی دیکە دەگۆرێت ، چونکە دەق لەدایکبووی شێوازە ، شێوازیش هەڵبژێردراوی نـێرەرە ، بـەپێی ئەو توانا زمانی و ڕۆشنبیرییەی بۆ داهێنان هەیەتی ، بەمەش لەهەر شوێن و کاتێك و لەلای هەریەکە لە داهێنەرەکان ،جۆرێك لە پەیام درووست دەبێت، جیایە لەوەی لای یەکێکی دیکە بەرهەم هاتووە.))[1] هەر دەقێکیش بەهۆی شێوازێکەوە لە دایك بووە و لە دایك دەبێت لەبەر ئەوەی هەر نووسەرێك بە پێی ئەو شێوازەی کاری پێدەکات و پێی دەنووسێت ، کاتێك ئەو پەیامەی کە دەیەوێت بینێرێت جۆری شێوازەکەی گۆڕانکاری دەخاتە شێوازی گەیاندنەکە ، وە لە هەمانکاتیشدا لەبەر ئەوەی خوێنەرەکان لەیەکتر جیاوازن ، گەیاندنی پەیامەکە لای ئەمانیش بە جیاواز دەگاتە لایان ، لەبەر ئەوەی چ نێرەر و چ وەرگر هەریەکە و ئاستێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی جیاوازی تایبەت بە خۆیان هەیە . لێـرەوە بـۆمان دەردەکەوێت کە چـەمکی شـێواز ((  یەکێتی وشـە و وێنە ، وێنە و بنیات ، بنیات  و بیـر دەگرێـتەوە لێـکۆڵینەوە لە شێواز بـێ تێگەیشتن لـە یەکێتی ڕوخسار و ناوەرۆك بە ئـاکام ناگات هەروەها بـێ ئەوەی ببەسترێتەوە بـە هونەری جوانناسی . لێکۆڵینەوە لە هەر بەرهەمێکی زانستی و ئەدەبی تێر و تەسەل نابێت ئەگەر ڕەچاوی لایەنی شێوازی نەکرێت و  بێ بایەخ دەبێت . ))[2] کەواتە شـێواز  یاسایەکی ڕێکخستنییە بـە  یەکێتی هەموو  بـەشەکانی چیرۆك  و

---

١- شێواز و شێوازگەری ، د. ئیدریس عەبدوللا ، ل ٤٢

٢- شێواز لەکورتە چیرۆکی نوێ ی کوردی دا ساڵانی نێوان (١٩٨٠-١٩٩٠) ، سەلیم رەشید سالح ، نامە ی ماجستیر ، ل٨

ڕەگەزەکانی دیکەی وەك فەنتازیا وجوانناسی و شیعرییەت ، وە بەو هۆیەی شیعرییەتیش شتێك نییە کە هەر تـەنها پەیوەست بێت بە شیعر و ڕەگەزەکانی شـیعرەوە ، بەڵکو هەموو کایە ئەدەبییەکانی دیکەش چ بۆ لایەنی جوانناسی و چ بـۆ چێژ و چ بـۆ هونەرێتی دەکـرێ شـیعرییەتی تێدا جێ بکرێتەوە و خوێنەریش خۆی هەڵسەنگێنێت و بزانێت چۆن بەو شیعرییەتە ئاشنا دەبێت ، بە نموونە لە کورتە چیرۆکی (سەماکەرەکان) و ( وەلاتێ نێرگزا) و (خۆتافیرکرن) و (بەیازی گوڵفرۆشێك)دا جوانناسی و شیعرییەت لە وشە و دەربڕینەکانیاندا دەردەکەون ، جگە لەوەش زۆرجار لە ڕێکخستنی وشە و دەربڕینەکاندا بە شێوەی شیعر چیرۆکێك دەربڕینەکانی بەیان دەکات بە نموونە کورتە چیرۆکی (دوو منالّی باڵدار) ، دەبینین کە گێڕەرەوە بەم شێوەیە دەست بە گێڕانەوەکەی دەکات کە لە بڕگەی یەکەمدا دەڵێت (( دەرگای ماڵەکان وەکوو کونی شارە هەنگ خەڵکی قووت دەدا . تەمەنی ڕۆژگاری شارەکە هەندە کورت بوو تەنیا لەگەڵ بوونی هەتاوا هەناسەی دەدا ))[1] ، سەرەتای بڕگەی یەکەم و دووەمیش بە هەمان شێوە ، کە لە بڕگەی یەکەمدا ( کاکە حەمە بە پێچەوانەی هەمووانەوە لە ماڵ دەرچووە دەرەوە ، بە شێنەیی ڕووەو ناوشار ملی نا ) وە لە بڕگەی دووەمدا ( هاوڕێکەی ئەم ڕستەیەی ئاراستە کرد و لە مۆلگاکە بە جووتە دەرچوونە دەرەوە ) هەروەها لە کورتە چیرۆکی (بەیازی گوڵفرۆشێك)دا [2] دەبینین هەر لە سەرەتای گێڕانەوە وا نازانین لەبەردەم چیرۆکێکداین بەڵکو وا هەست دەکەین پارچەیەك هۆنراوە دەخوێنینەوە کە بەم شێوەیەیە گێڕانەوەکە دەست پێدەکات (هاوین بێت یان زستان ...گەرما بێ یان سەرما ... هەتاو بێ ، پادشای زەوی و ئاسمان ... یان بەفر بێت دیاری خواکان ) کە شێوازی سەروای (أ ب أ أ )ی پەیڕەو کردووە و ئاوازی هەر نیوە دێڕێکیش ماناکەی جوانتر و قووڵتر دەکات ، هەر بۆیە گرنگیشە لەوە تێبگەین کە ((" شتەکان نابن بە شیعرییەت، بە هۆی زمانەوە نەبێت ، هەرکاتێ واقیع گۆڕا بوو بە قسە چارەنووسی جوانییەکە لەژێر دەسەڵاتی زمـان ون دەبێت ، شـیعر دەردەچێت ئەگەر شیعر بێت ، و پەخشان دەردەچێت ئەگەر پەخشان بێت" وەك لە هەوڵەکانی(جـان کـۆهن) تـێدەگەین،کـە شیعرییەت لادانی شێوازە لە جوانی زمان هەڵدەقولێت.))[3] کەواتە هیچ هونەرێـك خالّی نییە لە هەستی شیعرییەت ، هەر بۆیە دورکەوتنەوە لە مانا زمانەوانییەکـانی هەرکارێکی ئەدەبی؛ زیاتر نزیك بوونەوەیە لە شیعرییەتی کارە ئەدەبییەکە . جگە لەوانەش ئەوە لە یاد نەکرێت کە چیرۆکنووسانی کورد کەوتوونەتە ژێر کاریگەری چیرۆکنووسانی جیهانی بە تایبەت چـیرۆکنووسانی قـۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕین لە ڕووی شێوازی داڕشتنی چیرۆکەکانیان لاسایی شێوازی (دیستۆفیسکی)یان کردووەتەوە ، لە بەکارهێنانی وێنەی پێچـەوانە و دژ بەیەك ، وەك لە کورتە چیرۆکی ( سەماکەرەکان ) دا دەڵێت : (( ئەم گوزەرە دوو ئاکاری دژ بەیەك لە خۆیاندا کۆ دەکەنەوە ، جا بەم شێوەیە دەناسرێن، (دەبەنگێکی بلیمەت)و(کۆیلەیەکی سەربەست)و(بۆرە پیاوێکی مەزن)و(درۆزنێکی راستگۆ)و(دزێکی دەست پاك)و ))٤ ...هتد

---

١- دوو منالّی باڵدار ، جلیل محمد شریف ، ( گوڤاری بەیان ، ژمارە ١٨٤ ، ل ١٠

٢- بەیازی گوڵفرۆشێك ، کۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح ، ستۆکۆڵم ، ١٩٩٨ ، ل ٦١

٣- السمات الاسلوبية في قصص محمد سهيل أحمد، كريم ناصر، http://shehryar.com/ar/node_٢١١٠/node_٥٢٨٧

٤- سەماکەرەکان ، حسام حەکیم ، گۆڤاری بەیان ، ژ (١٦٨) ساڵی ١٩٩٢ ، ل١٥

هەروەها لە کورتە چیرۆکی (بەیازی گولْفرۆشێك )دا لە دەستپێکدا ، وێنەی دژی وەك (هاوین بێت یان زستان ...گەرما بێ یان سەرما ) ی بەکارهێناوە جگە لەوەش پشتی بەستووە بە دەربڕینی جیاواز کە پەیوەستە بە باری دەروونی کارەکتەرەوە ، وەك ئەوەی کە دەڵێت (( جار بەجارێك گوێم لە ژاوەژاوێکە تێناگەم . شیوەن و گریان و ناڵینە ، یان شادی و پێکەنین ... هاروهاجی منداڵانی کۆڵانە یان تەپڵ و زوڕنای شەڕوشۆڕ... یەکێکە و بە ڕێکەوت پێدەکەنێت یان بووك و زاوایەکە و شەوی یەکەم پرخەیان دێت ...هتد ))[1] ، هەروەها لە وێنە دژ و پێچەوانەکان وەك (گەنج و پیر) ، ( دەوڵەمەند و هەژار) ، (نەوەی کۆن و نوێ) لە کورتە چیرۆکی (مینەش گۆڕا)[2] ، هەروەها کورتە چیرۆکی (سەعەت) [3] کە ململانێی نێوان نەوەکان نیشان دەدات لە ڕووی بیرکردنەوە و شێوازی بەڕێکردنی ژیانەوە ، دواتریش بەپـێی بارودۆخی سیاسی و نەتەوەیی و گۆڕانی ئاستی زمانی ؛ شێوازی تازە هاتووەتە ناوەوە کە لەگەڵ واقیع و سەردەمەکەدا بگونجێت لەوانەش شێوازی هێمایی وشێوە بەکارهێنانی کۆد ...هتد ، ئەو گۆڕانکارییانەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەدەبی جیهانی و دەوروبەرەوە ، تێم و شێوازی چیرۆکی ئەو قۆناغەش بەستراون بە گۆڕانی باری کۆمەڵایـەتی قۆناغەکەوە، ئەوەش هۆیەکی گرنگە لە دروست بـوونی تێمی جیاوازدا ، لەو لایەنەوە ((ئەرنێست فیشر دەڵێت :" ئێمە هەردەم پێویستیمان بە شێوەی نوێ تر دەبێ بۆ دەربڕینی راستی یەکی نوێ." ))[4]

بەو واتایەی کە ئیدی نابێت لاسایی شێوە نووسینی نووسەرێك ، یا شێوە نووسینێکی باڵا بکرێتە پەیڕەو و تەواو ئەو ڕێچکەیە بگیرێتە بەر ، بەڵکو زەمەنە جـیاوازەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و نەتەوەییەکان وادەکەن پێویستی و شێوازی نوێ لەگەڵ خۆیان بهێنن ، هەر بـۆیە نـابێت لە هێنانە ناوەوەی شێوەی نوێ کەمتەرخەمی لە هەر بوار و کایەیەکی ئەدەبیدا بکرێت .

---

١- بەیازی گولْفرۆشێك ، کۆمەڵە چیرۆکی( بەیازی گولْفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح ، ل ٦١

٢- مینەش گۆڕا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د.کاوس قەفتان ، ل ١٠٨

٣- سەعەت ، انور محمد طاهر ، کۆمەڵ چیرۆکی ( پێکۆلەك بو دانانا پانۆرامایەکێ بۆ جارا رۆژ غەیری ) ، پرۆژێ چاپکرنا کتێبا یێ یۆبیلا زێڕینا ، دهوك ، ١٩٩٦ ، ل٣٤

٤- چیرۆکی هونەری ی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠ ،حسین عارف، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،چ١،بەغدا،١٩٧٧ ، ل١٠٩

## ٢- پەیوەندی تێم و ناونیشان لە کورتە چیرۆکی کوردیدا :

زۆرگرنگە هەرخوێنەرێك کاتێك دەست دەکات بەخوێندنەوە بزانێت چی دەخوێنێتەوە بەوهۆیەی ناکرێت و ناتوانرێ تەواوی چیرۆکێك بـخرێتە بەرچاو و هزر ، جا ئایا سەرەتا پەنا دەبەینە بـەر ئەو ناونیشانەی بۆ کورتە چـیرۆکێك یان رۆمـانێك یان شیعرێك دانراوە ، بەو واتایەی لە ناونیشانەوە ڕوودەکەینە نـاوەڕۆکەکەی و ئەگەر هەستمان کرد لـەگـەڵ ئارەزوو و سەلیقەی خوێندنەوەماندا دەگونجێت ، ئـەوا بەردەوامی دەدەین بەخوێندنەوەکەمان و ئەگەر نـاونیشانەکە سەرنجراکیش نەبوو ؛ یان باشتر وایە بڵێین سەرنجی (من)ی خوێنەری بۆ لای خۆی کەمەندکێش نەکرد ئەوە ئیدی خۆمان لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە دوردەخەینەوە ، لێرەشدا باسێکی گرنگ دێتە پێشەوە ئایا ئەوە ڕاستە و کارێکی دروستە کە ناونیشان بکەینە پێوەر بۆ خوێنەر ؟! ئـایا هەر دەقێك ناونیشانەکەی لەگەڵ منی خوێنەر نەگونـجا ئیدی ئـەو دقە فەراموش بکرێت؟! ، بۆ ئەمەش واباشە لە چەمکی ناونیشان بگەین کە زانستێکە پێی دەڵێن (TITROLOGIE ) ، (( کە لێکـوڵەرانی ڕۆژ ئـاوایـی وەك ( جیرار جنیت G.GENETTE و هـنری متـران H.METTERAND و لـوسیان گـولـدمان L.GOLDMANN وشارل گریفل CH.GRIVEL وروجر روفر ROGER ROFER ولیوهویك LEO HOEK ) وەها پێناسەی دەکەن کە: " کۆمەڵە دەلالەتێکی زمانییە (...) دەشێت لەسەرەتای دەق بچەسپێنرێت لە پێناو دیاری کردن و ئاماژەدان بۆ تەواوی ناوەڕۆکەکەی وە لە پێناو سەرنجڕاکێشانی جەماوەر بە مەبەست "))[١] لێرەدا دەکـرێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە مەرج نییە هەموو ناونیشانێك تەواو چڕکراوە و کورتکراوەی ناوەڕۆکی کورتە چیرۆکەکە بێت ، یان مەبەست و (تێم)ی کورتە چیرۆکەکە ئاشکرا بکات ، لەبەر ئەوەی ناونیشان هەیە نە دور و نە نزیك پەیوەندی بـە ناوەڕۆك و تێمەوە نییە ، بە تایبەت لە هەندێ کورتە چیرۆکی نەوەدەکان دەبینرێت، کە لە هەندێ شوێندا تەنانەت نەك هەر ناونیشانێك دانرابێت کە پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە نییە، بەڵکو بە تەنها چەند خاڵێك دانراوە، بەبێ ئەوەی وشەیەك هاتبێت گوزارشت بکات لە (دۆخێك ، یان کارەکتەرێکی چیرۆکەکە ، یان شوێنێك ، یان کاتێك ، .... هتد) .

دیارە خوێنەریش لەکاتی بوونی ناونیشاندا مامەڵە لەگەڵ دوو لایەنـی گرنگ دەکات لـە خوێندنەوەی هەر کورتە چیرۆکێکدا ، ئەوانەش (دەق و ناونیشان)ن ، لێرەدا دوو جۆری خوێنەر دەردەکەوێت :

١- خوێنەر ← دەق ← ناونیشان

٢- خوێنەر ← ناونیشان ← دەق

بەو واتایەی خوێنەر هەیە سەرەتـا دەق دەخوێنێتەوە و پـاشان لە مـانـا و دەلالەتەکانی ناونیشان دەکۆڵێتەوە، واتـە لە سەرەتاوە ناونیشان بۆ ئەو ( خوێنەر )ە جێی گرنگی نییە ، و ڕاستەوخۆ دەست دەکات بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە ، بەڵام جۆرێکیتر لەخوێنەر هەیە بەبێ چەندوچوون هەر لەسەرەتاوە ڕوودەکاتە ناونیشان و پـاشان لە ڕێی ناونیشانـەکەوە مامەڵە لەگەڵ دەقەکەی بەردەستیدا دەکات و بۆ هەموو شتێك دەگەڕێتەوە لای ناونیشانی چیرۆکەکە ،هەر لەبەر ئەوە بۆ ئەم جۆری دووەمە لەخوێنەر((ناڤ ونیشان گرنگی یەکا تایبەت هەیە وەك کلیلەك بۆدەرگەهێ ئاڤاهیێ دەقی،ژ ئالیێ

---

١- صورة العنوان في الرواية العربية ، د. جميل حمداوى ، http://www.doroob.com/archives/?p=١٠٠٣٠

-پێشچاڤ  ڤەژی ئانکو ژ ئالیێ جهیێ ڤە ناڤ و نیشان ل پێشی یا دەقی تێت و ل سەر کاغەزێ ژی ل هنداڤ دەقی دهێتە نڤیسین و ب هەمی رەنگا بەری دەقی تێت، لەو خواندن ژی ژوان دەست پێ دکەت.))[1] هەر لەبەر ئەوە ناونیشان زۆربەی کات بە کۆ کلیلی هەموو کۆدەکانی چیرۆك دادەنرێت و لەوێوە خوێنەر بە رووی دەقەدا دەکرێتەوە ، وە تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە ، کە وەك شوێنی لەنێو دەقدا لە پێش هەموو شوێنێك دێت لە کاتی خوێندنەوەدا کە ڕاستەوخۆ و سەرەتا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر ، بەڵام ئەمە مەرج نییە بۆ چیرۆکنووس سەرەتا بێت و لە پێش هەموو شتێکەوە بێت و بایەخێکی تایبەتی بۆی هەبێت . هەر بەو پێیە چیرۆکنووسانێك هەن ، یان ئەوەتا بایەخێکی وا نادەن بە ناونیشان و بۆ خۆ قوتارکردن لەو ئەرکە گرانەی سەر شانیان ، دێن بە نێوی تەکنیك و جوانکاری دەق ( چەند خاڵێك یان نیشانەی سەرسوڕمان و پرس و یان هەر نیشانەیەکی دیکە...هتد) دادەنێن لە شوێن وپێگەی ناونیشان و یان  دەکرێت چیرۆکنووسێك تەنیا بۆجوانکاری ئەو شێوە ناونیشانە بۆ کورتە چیرۆکێکی دادەنێت ، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەکرێت بگوترێت بوونی ناو بۆ ناونیشان واتە (ناولێنان) تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە ، بە نموونە ئەم شێوە ناونیشانە لە کۆمەڵە چیرۆکی ( پەپوولەکانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد )[2] دا دەبینرێت کە دوو لە کورتە چیرۆکەکانی بەو جۆرە ناونیشانە جێ کردووەتەوە لەوانە ( .....؟! )ل٥  ، (..........؟)ل٨ کە نزیکن لەوەی کورتیلە چیرۆك بن نەوەك کورتە چیرۆك ، پێدەچێت هەر ئەو زۆر کورتی و چڕییە لە داڕشتن هۆکار بێت بۆ ئەوەی کە چیرۆکنووس نەیتوانیبێت ناونیشانیان بۆ دابنێت .

سەرەڕای ئەوەش کە باس لەو جۆرە جیاوازانە لە دەرخستنی ناونیشان دەکەین ، ئەگەرهاتوو ناونیشانەکە ئەمانە نەبوو کە ئاماژەمان پێدا ؛ ئەوا بە وشەیەك یان گرێیەك ناونیشانەکە دەخرێتە ڕوو ، بەڵام خۆ مەرجیش نییە (( ناونیشان ڕاستەوخۆ  هەڵێنجراوی ناو تێکستەکە بێت ، وەکو ناوی پاڵەوان ، یان شوێن ، یان زەمەنی دەقەکە، بەڵام تاڕادەیەك مەرجە ناونیشانەکە پەیوەندی و خزمایەتییەکی هەبێت بە دەقەکەوە و ئاماژەیەك بێت بۆ ناوەرۆك و بابەتی دەقەکە. لانی کەم دەبێت بە ڕوداو و بەسەرهات و ناوەرۆکی تێکستەکە نامۆ نەبێت.))[3] کە لە پێشتردا بەگشتی لە نموونەی چیرۆکەکانی پەنجاکان و هەتا هەشتاکانیش بە نموونە (مدیر بەگ) ی شاکر فەتاح ، زیاتر ناوی پاڵەوان ناسنامەی ناونیشان بوو ؛ و بە گشتی لە سەرەتاکانی نووسینی چیرۆك ناونیشان وابوو ناوی کارەکتەرێك بێت وەك ( کێ تۆڵەی مام برایم دەکاتەوە ) ، (مینەش گۆڕا ) ، (نامۆکە)  وە یان ناوی شوێنێك بووە ، بەڵام دواتر هەر لە نەوەدەکاندا ئەم جۆرە ناونیشانانە کەمتر بەدیدەکرێت. ئەوەش کە هەیە بەو مەبەستە نا کە ناونیشان ئیدی هیچ ئاشنایەتییەکی نەبێت و بە تەواوی لە دەق دابڕێت ، بەڵکو  پەیوەندییەکەی ناونیشان بە شێوەیەك بێت کە ئەگەر لە مانا و دەلالەتەکانیشەوە بێت ، پەیوەندییەکە هەر هەبێت وەك چیرۆکەکانی ( تەڵەی خەون )[4]

---

١- بیاڤێ خواندنێ ، جلال مصطفى ، ل ٩٥

٢- شەوێك ، پەپوولەکانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد .

٣- لەناو بازنەی دەقدا ، سەمەد ئەحمەد ، ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ،چ١، سلێمانی ، ٢٠٠٣، ل ٤٥

٤- تەڵەی خەون ، احلام منصور ، گۆڤاری بەیان ژ ١٧٥ ، ساڵی ١٩٩٥ ، ل٢٠

کورتە چیرۆکی (( دوو مناڵی باڵدار)١ و کورتە چیرۆکی (تایێ بە ڕوییێ)[٢] ، وە ئەگەر هاتوو هیچ نزیکییەك نەبێت ئەوە ناونیشان دوردەکەوێتەوە لەو دەقە و بۆ دەقێکی نوێ دەست دەدات و پەیوەندی نابێت بەو چیرۆکەی دەخوێنرێتەوە ؛ هەروەك لە بۆچوونی ڕەخنەی نوێدا ئەوە دەخەنەڕوو کە ناونیشان (( دەقەکێ جودایە و دشێت هەمی رەنگێن کارتێکرنێ ل خاندەڤانی بکەت ، ژبەر هندێ فەرە نڤێسەر گەلەکێ هویر بین بن دەمێ ناڤ و نیشانەکێ بۆ بابەتێ خۆ هەلدبژێریت و بلا بزانیت هەکو ئەو ناڤ و نیشانەکی ددانیت واتا ئەو بێ دەقەکێ جودا دنڤیسیت و دڤێت ئەو هەلبژارتنە وە ل خواندەڤانی بکەت هزرەکا خەلەت بۆ خو چێ نەکەت بەری بچیتە ددەقی دا . ))[٣] واتە خوێنەر بە وریاییەوە چیرۆکێك بخوێنێتەوە ، وە هەر لە ڕێی ناونیشانەوە بە زوویی نەکەوێتە داوی ناوەڕۆك و تێمی سەرەکی چیرۆکەکەوە ، کە بەبێ ئەوەی دەق بخوێنێتەوە ، تەنها لەڕێی ناونیشان دەق شرۆڤە بکات و تێمەکەی دەربکات . بەو پێیە ناکرێت هەروا و لەخۆوە بەبێ هیچ لێکدانەوەیەك و ماندووبوون چیرۆکنووس بەهەرەمەکی ناونیشانی چیرۆکەکەی دابنێت ، لەبەرئەوەی هەندێك چیرۆك هەڵگری تێمێکە کە مەبەستی بنەڕەتی بابەتی چیرۆکەکەیە و خوێنەریش لەڕێی ئەو بابەتەی دەیخوێنێتەوە، جارجار هەوڵی ئەوە دەدات پەیوەندییەك بدۆزێتەوە لەگەڵ ناونیشانەکە ، کە زۆرجار وابووە بەهۆی هەڵە هەڵبژادنی ناونیشانی چیرۆکێك لەلایەن چیرۆکنوس خۆیەوە وای کردووە دەقێکی باشی کەمتر هەلی خوێندنەوەی هەبێت بە نموونە کورتە چیرۆکی (سیڤاندوك)[٤] ، کە ناونیشان لاوازیی لە ڕووی مانا و جوانناسییەوە پێوە دیارە و ئەمەش بووەتە هۆکارێك بۆ سەرنج ڕانەکێشانی خوێنەر سەرەڕای ئەوەی ناوەڕۆك و تێمێکی گرنگ لە ناوەڕۆکدا بە شاراوەیی دەمێنێتەوە ، کە پێدەچێت بە هۆی ئەو ناونیشانەوە هەلی خوێندنەوەی کەم بێت ، لەگەڵ ئەوەی کە تێمێکی گرنگی ( کاولکاری و کیمیا بارانکردنی گوندەکان دەوروژێنێت ) کە چۆن لە دوای ئەو کارەساتانە گوندەکان ڕەنگی ژیانیان لێ ئەپەڕێت و جوڵە و تامی ژیانی جارانی نادات .وە کورتە چیرۆکێکی دیکە ، کە (درەخت)ی (نەجیبە ئەحمەد )ە ، لە کۆمەڵ چیرۆکی( پەپوولەکانی مەرگ )[٥]، ل ٧٦ ، کە ناونیشانێکی وای نییە جێی سەرنجی خوێنەر بێت ، لەگەڵ ئەوەی کە ناوەڕۆکێکی گرنگی هەیە لەو لایەنەی تێمەکەی (باس لە خۆشەویستی خاك و بەرگری کردن لە خاك و نیشتمانە و دواجار خۆ قوربانیکردنە لەو پێناوەدا .

پەیوەندی (ناونیشان)یش لەگەڵ (تێم)ی چیرۆکدا هەندێ جار پتەو جاریش هەیە پەیوەندییەکە لاوازە ، ئەو کاتانەی کە تێمەکە لەناونیشاندا دەردەکەوێت ئەوە تاڕادەیەك بۆ چیرۆکی درێژ و ڕۆمان گونجاو و ئاساییە ؛ بەڵام لەکورتە چیرۆکدا لەبەر کەمی قەبارە وکەمی ماوەی خوێندنەوەی کورتە چیرۆك، واباشە ناونیشانی کورتە چیرۆکەکە ئاماژە و هێمایەکی زۆر ڕوونی تێدا نەبێت بۆ ( تێم )ەکە، کە کرۆکی بابەتی چیرۆکەکەیە ، تاوەکو خوێنەر بتوانێت وەك دەقێکی کراوە –

---

١- دوو مناڵی باڵدار ،جلیل محمد شریف ، ل ١٠

٢- تایێ بە ڕوییێ ،جلال مصطفی ، گۆڤاری نوسەری کورد ،ژ( ٧) (٨) ، خولی سییەم ،١٩٩١ ، ل ٩٠

٣- چەند رێیەك بۆ دەقی، صبیح محمد حسن ،ڤەکۆلین ،چاپخانا هاوار،دهوك، ژ وەشانێن ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد،چ١، ٢٠٠٤، ل ٤٩

٤-سیڤاندوك ، لە کۆمەڵە چیرۆکی پوستە دا ، جمیل محمد شێلازی ، چ١ ، ٢٠٠٤ ، ل٣١

٥- شەوێك ، پەپوولەکانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد .

مامەڵەی لەگەڵدا بکات و تێمی جیاوازو جۆراوجۆری تێدا بەدی بکات ، وەك باسیش کرا دەشکرێ و بـووە کە لـە ناونیشانەکەوە تێم خـراوەتە ڕوو، بـەڵام ئەمە وا لە خـوێنەردەکات شتێکی وای نەبێت بۆ بـەدواداچـوون لە خـوێندنەوەی کـورتە چیرۆکەکە ، هەموو ئـەمانەش بـەو مانایانە نایەن کە نـاونیشان هیچ پەیوەندیەکی بە تێمەوە نەبێت ، واتە بەو مانایەی ئیدی تەواو (ناونیشان )ەکە بابەتێکی نامۆ بێت ، نا نەخێر بەڵکو لەشوێنێك لەنێو دەقەکەدا یەك دەگرێتەوە ، واتە پەیوەندییەکە گەر ڕاستەخۆش نەبێت ئەوا لەگەڵ یەکێك لەڕەگەزەکانی چیرۆکەکە یەك دەگرێت ، ئەوەش یان (شوێن)ە ، یان (کات)ە ، یان (کارەکتەر)ە ، یاخود (ڕووداو)ە .

نـاونیشانیش نـزیك لە کام یەك لەم ڕەگەزانە بێت گرنگ نییە ، بەڵکـو ئـەوەی کە گرنگە ئەوەیە : نـاونیشان نەبێت بـەو دەرخەرەی (کاشف) کە ئیدی پێش خـوێندنەوە هەموو شتێکت بـۆ ئاشکرا بکات و بێ بـەشت بکات لەگەڕان بـەدوای وردەکاریەکانی چیرۆکەکە و هەروەها چێژی خوێندنەوەش لەدەست خوێنەر بدات ...

بەو مانایەی ناونیشان بە ئاشکرا (تێم)ت نەداتە دەست ، بەڵکو وا باشە ببێتە هۆیەك بۆ یارمەتیدانی خوێنەر لە بەدەست خستنی تێمەکە ، کە ئـەو مەبەستەی هەموو خـوێنەرێك دەیەوێت پێی بگات ، دەکرێت بـوونی هەرکامێك لـەو دوو دۆخەش شیاوبێت لەکـورتە چیرۆکدا ، بەڵام (( مەرج نییە کاتێ نووسەرێ نـاونیشانێ بـۆ دەقەکەی دادەنێ ئیدی ئـەوە بەسەر خوێنەردا فەرز بکات و نـاچاری بکات لە ناونیشانەوە ثیمە ی دەق دیاری بکات ، ڕەنگە یەکێ لە وەزیفەکانی ناونیشان یارمەتیدانی دەرخستنی ثیمە بێت.))[1] کەواتە لە نـاونیشاندا هەمووکات مەبەست بـۆ گەیشتن بە ( تێم ) دەرخستن نییە ، بەڵکو زیاتر هەوڵدان و دۆزینەوەیە ، بە نموونە کورتە چیرۆکەکانی (وڵاتم لەوێ یە! )[2] ، هەروەها کورتە چیرۆکی (زەلامەك ژ رۆژگارەك دی )[3]، لەم جۆرە کورتە چیرۆکانە ناونیشان بە دەست خستنی تێم نییە ، بەڵکو لێی نزیك دەبێتەوە و ناونیشان دەستی خوێنەر دەگرێت و لەگەڵیدا لە هەوڵی دۆزینەوەی تێمدا دەبێت .

زۆرجاریش هەندێك مۆتیڤ دێنە نێو چیرۆکەوە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و هاوکاریکردن بۆ گەیشتن بەتێمی سەرەکی دێن ، وە دەگـونجێ ئەو ( بیر )ەی لەنێو نـاونیشانەکەدایە یەکێك بێت لە مۆتیڤـەکان ، وە ڕوودەدات کە تێمەکە هێندە پەرش و بڵاویش ببێتەوە کە لە تەواوی وشە و ڕستە و دەربـڕینەکاندا ببینرێت و ( تێم ) لـە هزری خوێنەردا چڕببێتەوە ، کە چڕیەتی لـە نێـو هەموو یەکـە و ڕەگـەزەکانی کـورتە چیرۆکدا خاڵی گرنگـە کە دەبێت بـایەخی پێبدرێت وە ئەوەش لە بیر نەکەین کە (( بایەخی ( ناونیشان ) لـە پەیوەندیدا بـە ڕەگەزەکانی ترەوە پتـر دەردەکەوێ .))[4] ، چـونکە هیچ یەکێك لـە ڕەگەزەکان ئـەو تـوانایەی نییە بەتەنها کاری خۆی بکات بـەڵام دەکرێت یەکێك لـە ڕەگەزەکان قـورسایی چیرۆکەکەی بەلادا بکـەوێت ، هەموو ڕەگەزەکان کە دێنە کورتە چیرۆکێکەوە زیاتر بۆ تەواوکردن و بـە جێگەیاندنی ئەرکەکانیانە ، لە تـەواوی لایەنی ڕووخسار و ناوەڕۆکییانەوە .

---

١- ئە زموونی خوێندنە وە ، چەند لاپە ڕە یە کی ڕە خنە یی ، نە وزاد ئە حمە د ئە سوە د ، ل ٧٧

٢- وڵاتم لەوێ یە! ، موەفەق دەرگەلەیی ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ (١٦٨٠) ساڵی حەوتەم ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ساڵی ١٩٩٨ ، ل٦

٣- زەلامەك ژ رۆژگارەك دی ، **عصمت محمد بدل** ، گۆڤاری پەیڤ ، ژ ١٠ ، ١٩٩٧، ل١٠١

٤- سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٤

هەموو ئەوانە دەمانگەیەنێتە ئەوەی ، کە ناونیشان لە نێو چیرۆکدا لە تەنها شێوەیەکدا قەتیس نابێت و هەر ئەوە نییە بۆ ئەوە بەکاربێت کە وەك سەرەتایەك بۆ نووسین لە پێش دەقدا بێت و شوێنێك بگرێت ، بەڵکو ناونیشان لەوە زیاتر هەڵدەگرێت و رۆڵی دیکە لە چیرۆکدا وەردەگرێت کە جێی بایەخی خوێنەر و لێکۆڵەرانە بە پلەی یەك ، وە بایەخێکی پلە دووی پێ دەدرێت لەلایەن چیرۆکنووسەوە ،کە لە رێی خوێندنەوەی چیرۆکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناونیشان (( زۆر چەشنی هەیە و بۆ زۆر مەبەست بەکاردێ و بە مانای جیاجیاش خۆی دەردەخا ، زۆرجار ناونیشان ثیمە ی دەقەکە بەیان دەکات ، یاخود دەبێتە دەروازە ، یان کورتکردنەوەی ناوەرۆکەکە ، یان تەنیا بۆ پێناساندنە .))[1] ، بە نموونە ئەو کاتەی ناونیشان تێمی دەق نیشان دەدات وەك کورتە چیرۆکەکانی ( دەرزا دلی ، جمال برواری )، هەروەها (خۆشەویستی و راستیەك ، ئازاد هیدایەت حەسەن )، هەروەها (وڵاتم لەوێ یە! ، موەفەق دەرگەلەیی ) ، هەروەها (دوانامەی قەیرەیی ، فایەق رەحیم محەمەد )، هەروەها (وەلاتێ نێرگزا ، اسماعیل مصطفی )، هەروەها (مینەش گۆرا ، د. کاوس قەفتان )، وە یان زۆرجار ناونیشان دەبێتە دەروازەیەك بۆ گەیشتن بە (تێم) ، بە نموونە کورتە چیرۆکەکانی ((تایێ بە رویێ) ، جلال مصطفی) ، هەروەها (بەیازی گولفرۆشێك ، ئارام کاکەی فەلاح )، هەروەها کورتە چیرۆکی (شەوێك ، نەجیبە ئەحمەد )، هەروەها کورتە چیرۆکی ( سەعاتی سفر ، ئارام کاکەی فەلاح ) ، هەروەها (( کۆچ ، هێرش رەسوڵ )، هەروەها ( تارماییەکان ، ئەحمەد عارف ) ، وە هەندێك جاریش ناونیشان کورتکراوە و پوختەی ناوەرۆك و تێمی کارە چیرۆکییەکە دەبێت ، بە نموونە کورتە چیرۆکەکانی (زەلامەك ژ رۆژگارەك دی ، عصمت محمد بدل ) ، هەروەها (دیوار و هاوارەکانی خۆم ، سلێمان عەبدوڵڵا یونس ) ، هەروەها (بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من ، شعبان مزیری ) ، هەروەها (پەشیمانی ، ئازاد هیدایەت دەلۆ ) .

هەرکام لەم مەبەستانە لە ناونیشاندا دەربکەوێت ، یارمەتیدەرە بۆ کورتە چیرۆکەکە و هەروەها روویەکی جوانی چیرۆکەکە نیشان دەدات، چونکە یەکەمین شتێك کە چاوی خوێنەر دەچێتە سەری وهەستی خوێنەر بۆی دەجولێ ئەوەیە کە لە سەرەتاوە پێی ئاشنا دەبێت .ئەو بینینەش لە چیرۆکدا ( ناونیشان)ە .

---

١- ئە زموونی خوێندنە وە ، چەند لاپە رە یە کی رە خنە یی ، نە وزاد ئە حمە د ئە سوە د ، ل ٧٣

## جۆرەكانی ناونیشان :

١- ناونیشانی سەرەكی .

٢- ناونیشانی لاوەكی .

٣- زیاد لە ناونیشانێك .

دیارە كە ناونیشان بۆ خۆی چەند چەشنێك لە خۆی دەگرێت بە پێی كرۆكی كارەكە و گرنگی تێمەكەی كە چ جۆرە ناونیشانێك هەڵدەگرێت ، ئەوەش یان (ناوی كەسە وەك كورتە چیرۆكەكانی ( نامۆكە، مینەش گۆڕا) ، یان شوێنە وەك كورتە چیرۆكی (ولاٌتم لەویٌ یە!) ، یان كاتە وەك كورتە چیرۆكەكانی ( سەعەت ، شەوێك) ، یان ژمارە ، خاڵ ، نیشانەیە وەك كورتە چیرۆكی ( .....؟!)ی نەجیبە ئەحمەد ، وە یاخود ڕووداوی مێژوویی ، فكری ، فەلسەفی یە كە ئەمانەیان كەمتر لە كورتە چیرۆكدا شوێنیان دەبێتەوە ).

لە ناونیشانی سەرەكیشدا ، هەندێجار وا ڕێك دەكەوێت كۆمەڵە كورتە چیرۆكێك لە دووتوێی كتێبێكدا جێیان دەكرێتەوە ، وە ئەو ناونیشانەی لەسەر بەرگی كتێبەكە دەنووسرێت ئەوە دەبێتە ناونیشانی سەرەكی ، كە پێدەچێت ئەو ناونیشانە گشتگیر بێت و بۆ سەراپای كورتە چیرۆكەكان دەست بدات؛ وە لەگەڵ ئەوەشدا هەركورتە چیرۆكێك لە ناوەوە ناونیشانی تایبەتی خۆی هەیە . یان لە تەنها چیرۆكێكدا هەر تەنها یەك جۆرە ناونیشانی هەیە ، ئەویش سەرەكییە و تەواو ، وە یاخود لە ڕۆمان و چیرۆكی درێژدا ئەوە ڕوو دەدات كە چەند ناونیشانێك لە نێو ڕۆمانەكە دەردەكەون ، بەلاٌم لە مانا و تێمەكەی بە یەكیٌ لەوانە دەناسرێت و دەچێتە سە زاری خوێنەران .

وە ناونیشانی لاوەكیش ئەوەیە كە لە نێو چیرۆكێكدا بە ئەستێرەیەك دەست پێدەكات ، كە لە ئەنجامی جیاوازی گێڕانەوەی ڕووداوەكان دەردەكەون، كە وا دەكات ناونیشانی لاوەكی دەربكەوێت، وە ئەم جۆرە لە ناونیشان بێگومان لە چیرۆكێكدا بە دیدەكرێت كە ناونیشانی سەرەكی هەیە. ئەمەش پەیوەندی بەگێڕانەوە وئەركی كارەكتەر وڕووداوەكانەوە هەیە كە وا دەكات لە ناونیشانە سەرەكییەكە لا بدات و پێویست بەوە بكات ناونیشانی لاوەكی بێتە نێو چیرۆكەكەوە تاوەكو ڕەوتی ڕوودانی ڕووداوەكان بگۆڕێت و بە چەق بەستوویی لە شوێنی خۆیدا نەیهێڵێتەوە و هەروەها وا دەكات زیندوێتی بە دەقەكە دەدات و جوڵەی تێدەخات ، كە هەندێجار مانای جیاواز لە هەر دەقێك دەردەكەوێت ، بەلاٌم لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆكنووسان هەندیٌ جار ناونیشانیان بۆ چیرۆكەكانیان دانەناوە هەروەك پێشتر گوتمان (نیشانە یان خاڵبەندی ) دادەنێن لەشوێنی ناونیشان بەو مانەیەی خوێنەر بۆ خۆی ناونیشانێك بۆ چیرۆكەكە دابنێت ، بەلاٌم لە ڕاستی دا بەو شێوەیە نییە ، بەڵكو ئەوە دەستەوەستانی چیرۆكنووس دەردەخات لە بەرامبەر ئەو ڕەگەزەدا بۆ دەقەكەی ،سەرەڕای هەموو ئەوانەش لە چیرۆك و ڕۆمانی كوردیدا ئەوە دەبینرێت ،كە زیاد لە ناونیشانێك دابنرێت ، بە بەكارهێنانی خاڵبەندی (،) یان بە ئامرازی پێكەوە بەستنی (یان) دوو وشە لە تەنیشت یەكتر دێن ، یان هەر ئامرازێكی دیكە كە چیرۆكنووس بەكاریدەهێنێت بۆ لەیەك نزیكی ماناكانی ناونیشان، بەو واتایەی لەیەك ناونیشان بۆ یەك مانا زیاتر هاتووەتە چیرۆكی كوردییەوە، كە (فرە ناونیشان)ی بەرهەم دەهێنێت وە ناونیشانەكانیش جیاوازن لە ڕووی مانا و وشەوە ، بەلاٌم لەو لایەنەی كە لە یەكدی نزیك دەبنەوە ، ئەوە بریتییە لە ناوەڕۆك و تێمی چیرۆكەكە ، كە كاتێك خوێنەر تەواوی چیرۆكەكە دەخوێنێتەوە ، ناونیشانەكان دەبینێتەوە ؛ لەم جۆرەی ناونیشاندا ئەوە بە ئاشكرا دەردەكەوێت لە ئەنجامی ڕووداوەكانی چیرۆكەكەوە ، چیرۆكنووس ناونیشانی خوڵقاندووە و ئیدی مانا جیاوازەكان بە یەكدی و بەلای خوێنەریشەوە نامۆ نابن .

، دەكرێت نموونە لـە ئەدەبی جیهانیدا لە كتێبەكەی ( ئاناتۆڵ داروف ) وەربگرین لەلایەنی چەند ناونیشانی ، كە بە چوار بەش نووسیویەتی لەژێر ناوی ( خۆڕاگرتن یان : مردو خۆرەكان )[1] كە دوو ناونیشانی لەخۆی گرتووە، هەردوو نـاونیشانەكەش تەواو تێمی ئـەو نووسراوە دەردەخەن كە لە تەواوی بـەسەرهات و ڕووداوەكانی شاری (لینینگراد) دەخـاتە ڕوو لـە شـەڕی دووەمی جیهانی كە چۆن لە بەرامبەر (نازییەكان) خۆڕاگربوون ، ئەم كتێبە زیاتر گێڕانەوەی بە سەرهاتی خەڵكی شارێكە كە چۆن تووشی نا ئارامی و ئازار و هەست نەكردن بە مرۆڤێتی خۆیان بوون لە بەرامبەر و لە پێناو ژیان بۆ ساتێكیش چۆن كەس و هاوەڵانی خۆیان پارچە پارچە دەكەن و بەردەبنە یەكتر و یەكتر دەخۆن ، بەهۆی ئەو برسێتییەی یەخەی پێگرتوون .

جا ناونیشانەكانیش وەك گوتمان جگە لە ناونیشانی سەرەكی ،( لاوەكی و زیاد لەناونیشانێك )هەن كە ئەمانە بۆ زیاتر ئاشناكردن و ڕوونكرنەوەی ڕووداوەكانی چیرۆكـی درێژ یان ڕۆمان بەكاردێن ، كە دواتر جگە لـە نـاونیشانی سەرەكی كە لـە سەرەتای نووسینی چیرۆكەكە یان ڕۆمانەكە دێت ، نـاونیشانە لاوەكییەكان دواتـر وەك پەردەی شـانۆ لـە ناوەرۆكدا دەردەكـەون ، وە یان هەڵگری تێمی هەر بەشێكن كە لەشێوەی دانانی نیشانەیەك كە لەسەرەتای هەر بەشێكیدا دێت، ئەمە بەنموونە لەڕۆمانی(ئەو باڵندە فڕیوانەی كە زبڵن )[2] لـەلای جەبـار جەمال غـەریب ، زۆر بەجوانـی دەبینین كە جگە لـەنـاونیشانی سەرەكی ڕۆمانەكە ، چەندین ناونیشانی بچوك لەنێو ڕۆمانەكەدا دێن كە ژمارەیان (دە) ناونیشانی لاوەكییە كە بەم ناوانە هاتوون (تسۆنامی) كە مانای ڕووداوێكی سروشتییە لـە واقیع دا ، یان بە نێوی كارەكتەرێك وەك (سەیفەدین دارتاش) ، یەكێكی دیكە لە ناونیشانە لاوەكییە تایبەتەكان كە دەلالەتە لەشتێكی بێ گیان و ئەفسانەیی وەك (دەفری جادوویی) ، ...هتد كە دواجار ناوەڕۆكی هەمـوو ناونیشانەكان پێكەوە مانای ڕۆمانەكە دەدەن ، كە ئەمە زیاتر لەڕۆماندا ئاساییە بەڵام لەكورتە چیرۆكدا ئەمە ناگونجێت ئەوەش بەهۆی ئەو خاسیەتانەی كە كورتە چیرۆك هەیەتی كە نـاكرێت چەنـدین نـاونیشانـی لاوەكی لـەخۆی بكرێت ؛ بگـرە تـەنها نـاونیشانی سەرەكی تێدا جێ دەبێتەوە كـە زیـاتر بـە خاسیەتی تاك دەركەوتەییی ڕەگەزەكـانی دەناسرێتەوە و لـە نـاونیشانیشدا هەڵگـری تاك نـاونیشانییە ، ئیدی ئـەو ناونیشانانەش كە دێن یان ئەوەتا ڕاستەوخۆ پەیوەندییان هەیە بەو( بیر )ە سەرەكییەوە ، یان هەروەك ئەوەی یاسایەك و مەرجێكی كورتە چیرۆكە ئاسایی ناونیشانێك هەڵبگرێت .

بەو پێیەی چیرۆكەكان ڕووداو دەگێڕنەوە ئەوە نـاونیشانەكانیش لەگێڕانەوەی ڕووداوەكان بەشدارن ، بەڵام بـە ڕێگەیەكی دیكە كە خوێنەر لەرێی ئەو وشانەوە خـۆی گێڕانـەوەیەك ساز دەكـات ، وا ڕێك دەكەوێت كە (( هەندێ جار نـاونیشان ڕاستەوخۆ گوزارشت لەڕوداو و بەسەرهاتەكانی دەق دەكات ، ناوەرۆكی تێكستەكە بەڕادەیەك چڕ دەكرێتەوە كـە تەنها وشەیەك ، یان چەند وشەیەكی لە رستە كەمتر گوزارشت لەناوەرۆكی تەواوی دەقەكە دەكات . لەم حاڵەدا كاری خوێنەر ئاسانە و ڕێگەی تێگەیشتنیش لە بەردەمیدا والآیە .))[3] چـونكە ئیدی ناونیشان هەمـوو شتێكی لە خۆیدا بەدیارخستووە كە پێدەچێت فكرەی چیرۆكەكەش ئاشكرا بكات كە ( تێم )ەكەیە و خوێنەر لەوێدا توانای بیركردنەوەی

---

١- بڕوانە : خۆڕاگرتن یان : مردوو خۆرەكان ، برهان قانع ، چ١ ،١٩٨٤

٢- بڕوانە : ئەو باڵندە فڕیوانەی كە زبڵن ، جەبار جەمال غەریب ، ڕۆمان ، ٢٠١١

٣- لەناو بازنەی دەقدا ، سەمەد ئەحمەد ، ل ٤٤

نامێنێت ، چونکە تێمەکەی لـە دەستدا دەبێت بە نـموونە ئەگەر بێت و ناوهێنانی وشەی ( ئەنفال ) وەك ناونیشان بخرێتە ڕوو بـۆ کورتە چیرۆکێك ، لـەوێدا ناوەڕۆکی چیرۆکەکە دەبینین و تێدەگەین کـە بیرۆکەی سەرەکی ئـەو چیرۆکە چییە و ناونیشان ئاماژەیەکی بەهێزی تێدایە بۆ کارەساتێکی مێژوویی نەتەوەیەك ، یان زۆرجار لـەڕێی خوێندنەوەی (ناونیشان) و دواتـر ناوەڕۆکی چـیرۆکەکەوە ، ئەوە بـە ڕوونی دەرنـاکەوێت کە چیرۆکنووس ناونیشانەکەی لە سەرەتاوە هەڵبژاردووە و پاشان نـاوەڕۆکـی دەقەکەی دارشتووە ، یـاخود بیـرۆکـەی چیرۆکەکەی لـە هـزردا بووە و دەقێکی بـۆ دارشتووە و لـە پاشانـدا نـاونیشانەکەی بـە ئاسانی بـۆ هەڵبژاردووە ، ئەمەش بـەو هۆیەی ئەگەر نـاونیشان هەمان مانـای ناوەڕۆکی هەبوو وەك لەکورتە چیرۆکەکانی ( پەشیمانی ، خۆشەویستی و ڕاستیەك ، دەرزا دلی ، زەلامەك ژ ڕۆژگارەك دی ، ولاتم لەویٚ یە! ، پوستە )دا بەدیدەکەین ، بەڵام ئەگەر نـاونیشان تاڕادەیەك پـەیوەندی لـەگەڵ وشە و نـاوەڕۆکی چیرۆکەکە نـەبوو ، ئەوە مانای وایە ناونیشان لە دوای نووسین و دارشتنی دەق دانراوە ، کە چیرۆکنووس بە تێگەیشتنی خۆی لەمانای وشەکانەوە بۆی وەردەگرێت و ناونیشانی چیرۆکەکەی بنیاد دەنێت ، کە ئەمە ئەو چیرۆکنووسانەن کە (( ژ دەقی ب دوماهی دهێن پاشی ل بەر روناهی یا دەقی نـاڤ و نیشانەکی د هەلبـژێرن وەکـی هەلبژارتنا پـەیڤەکیٚ کـو گـەلەك جـارا هاتی یە دوبـارەکـرن دنڤیٚسینیٚ دا یان ژی هەلبژارتنا پەیڤەکیٚ بو نـاڤ و نیشانی کو ئەو پەیڤ کاکلکا نڤیٚسینیٚ ، هوسا نـاڤ و نیشانی گرنگی یەکا مەزنـا هەی بو وەرگری دەمیٚ خو ڕادکێشیتە دەقی.))[1] واتە ئەو کاتەی چیرۆکنووسەکە کۆتایی دەهێنێت بە چیرۆکەکەی و دواتر دەیـخوێنێتەوە ، ئەو کاتە کامە وشە بـەلایەوە جێگەی سەرنج بێت و بـزانێت چەند جـارێك دووبارەی کردووەتەوە دێت ئـەو وشەیە یان ڕستەیە یان مانایە دەکـاتە ناونیشان ، ئیدی خۆی لـەماندووبوون بـەدوای ناونیشانیك دا ڕزگاردەکات ، وەیـاخود هەوڵدەدات بزانێت کـامە وشە یان ڕستە کە لەگەل ناوەڕۆکەکە یدا دەگونجێت یەکێکیان دەکاتە ناونیشان ، وە لەهەمان کاتیشدا هۆیەکە بۆ نزیککردنەوە لە ئاشکراکردنی تێم و(( دانانا ناڤونیشانی لسەریٚ تێکستیٚ -بەرهەمیٚ - ئافراندی ؛ رەهەندەکیٚ ستراتیژی وئازراندکەر پیٚ دبەخشیت ، و بڤیٚ چەندیٚ ناڤونیشان دبیتە ئێکەم رەهەندیٚ ژ ناڤ هەمی پێکهاتەیا تێکستی.))[2] یـەکەم بەش کە لەچیرۆکدا ڕەهەندی بەدیار دەردەکەوێت ناونیشانە ؛ بەڵام ئەمە لە هەمووچیرۆکێکدا بەو شێوەیە نییە، بەڵکو لەوچیرۆکانەی کە چیرۆکنووس زۆر بەهۆشیاری مامەڵەی لەگەڵ ناونیشاندا کردووە و بەبیٚ هۆ ئەو هەڵبژاردنەوەی نەکردووە کـە ئەمە هاندەرێکی باشە بۆ خوێنەر تاوەکو لـە لێکدانەوەی مـاناو دەلالـەتی نـاونیشانەوە هێدی هێدی بـۆ ناواخنە شاردراوەکەی چیرۆکەکە ڕۆبچێت ، کەواتە ناونیشان ڕێیەکە لـەکورتە چیرۆکدا کە خوێنەر لەگەڵیدا پیٚ بە پیٚ دەڕوات بۆ بەدوادا گەڕان لە(تێم )کرۆکی چیرۆکەکە نەوەك بەدەستهێنانی (تێم) ، دەکرێت نـاونیشان وشەی پوخت وجوان بێت و خوێنەر بـەلای خویدا ڕابکێشێت و وابێت کـە خوێنەر هەست بکات ئاماژەیەکی تێدا بێت .

---

١- چەند رێیەك بۆ دەقی ، صبیح محمد حسن ، ل ٧٦

٢- ستراتیژیا ناڤونیشانی دگەهاندنا رامانا تێکستی دا ، نزار ئورمانی ، گۆڤاری پرێز ، ژ١ ، ٢٠٠٨، ل ١٢٢

## ئاستەكانی ناونیشان :

دەكرێت هەر دەقێك لەسەر دوو ئاست شرۆڤە بكرێت ، لەوانە: (( ١- ئاستیَ ئێكیَ : بەرێخۆ ددەتە ناڤ ونیشانا وەك بنەمایەكیَ سەربخۆ و رامانا خۆیا تایبەت هەیە .

٢- ئاستیَ دوویَ : میكانیزما بەرهەمئینانا رامانیَ ژڤی توخیبی دەرباز دبیتە ناڤ دەقی ودگەل رامانێت وی تێكەل دبیت.))[١] ،كەواتە لە ئاستی یەكەم دەردەكەوێت هەندێك بەشێوەیەك كار لەسەر ناونیشان دەكەن وپێیان وایە ناونیشانی چیرۆك دەقێكی سەربەخۆیەو دایدەبڕن لەكرۆكی ئەو دەقەی كەئەو ناونیشانەی بۆ دانراوەو هەر بەتەنیا لەوە دەكۆڵنەوەو كار لەسەر نـاونیشان دەكەن وەك ئـەوەی هیچ پەیوەندی بەناوەڕۆك وكـرۆكی ئەو دەقە نەبیَ،ئەم شێوە كاركردنە جیاوازە لەئاستی دووەم كە ناونیشان تەواو دەبەستنەوە بە ناوەوەو كرۆكی دەقەكە وكار لەسەر ماناو دەلالەتی ناونیشان ودەقەكە پێكەوە دەكرێت،ئەم شێوەی مامەڵەكردنە بۆ شرۆڤەكردنی نـاونیشان دروستە،چونكە ناونیشان ودەق هەر لەكارە سەربەخۆكەدا(كورتە چیرۆكەكە)دا دوو بابەتی جیاواز نین و بەهەردوولایان دەقەكە تەواو دەكەن.

## ئەركەكانی ناونیشان :

سەرەڕای ئەو لایەن و ئاستانەی كە باسكران ، ئەوە هەیە كە ناونیشان چەند ئەركێكیشی هەیە ، ئەركەكانیش لەلایەن ڕەخنەگری فەرەنسی جیرار جینیت (G.Genet ) دەخەینەڕوو ، كە جەخت لەسەر چوار ئەرك دەكاتەوە لەكایە ئەدەبییەكاندا ، ئەوانەش ئەمانەن :

(( ١- سەرنج ڕاكێش بێت .

٢- ئاماژەدانی تێدا بێت .

٣- وەسف كردن تێدابێت .

٤- دەست نیشانكردنی تێدابێت .))[٢] ، بـەو واتایەی دەبێت نـاونیشان گـەر هەر چوار ئـەركەكەشی بـە جیَ نەهێنا ئەوا گرنگە كە لە یەكێك لـەو ئەركـانە دور نـەكەوێتەوە ، چونكە ئەوە جێی بـایەخە و بۆ ناونیشانی چیرۆك وە بەتایبەت لە كورتە چیرۆكدا ، كە سەرنجڕاكیش بێت و وابكات خوێنەر بۆ لای خوی ڕابكێشێت، لەگەل هەموو جیاوازییەك لەئارەزووی خوینەراندا ، وەیان ئاماژە هەبێت ؛ ئـاماژەدانیش بەو مانایە دێت كە ئاماژە بۆ تەواوی چیرۆكەكە بكات یان ئـاماژە بـەناوەڕۆكی چیرۆكەكە كرابێت وە تا لەنێو وشەكانی دا ڕەنگی دابێتەوە و بوونی هەبێت ، وە یان ناونیشان وەهابێت وەسفی ڕووداوێك یان كاروكردەوەكانی كارەكتەر ، یان وەسفی شوێنێك یان كاتێك یان شتێك بـكات ، ئەمەش بۆ ئەوەیە كـە ناونیشان بەشێكە لە داڕشتنی دەقەكە و شتێكی جیاوازنییە لێی ، وەیاخود دەستنیشانی ئەوە دەكات كە چ شتێك ڕوودەدات وە یان تێمی كارەكە دەستنیشان دەكـات پێش ئـەوەی خـوێنەر لە ڕێی خوێندنەوەی چیرۆكـەكە بـەمەبەست وكـرۆكی چیرۆكەكە بگـات كـە (تێم)ەكەیەتی .

هەر لەبەرئەوەی ناونیشان دەروازەیەكی گرنگە تاوەكو دیدی خوێنەری لیَ لەدایك بێت بەرەو ناوەڕۆكی كورتە چیرۆكەكە وە دەكریَ لەڕێی ناونیشانەوە ڕامانێكی گشتی بۆ دەقێك بخرێتەڕوو وە زۆر گرنگە چیرۆكنووس بۆ چیرۆكەكەی ناونیشان

---

١- بیاڤیَ خواندنیَ ، جلال مصطفی ، ل٩٦

٢- السیمیوطیقا و العنونة ، د.جمیل حمداوي ، مجلة عالم الفكر ، المجلد (٢٥) ، العدد (٣) ، ١٩٩٧، ص ١٠٦

- دابنێت ، ئەوەشمان بیرنەچێت دانانی ناونیشانیش هێندەی نووسینی چیرۆکەکە و دانانی تێمەکە گرنگە و چیرۆکنووس پێویستە مـاندووی پێوە ببینێت وهەروا لەکۆڵ خوی نەکاتەوە ، چونکە بەشێك لـە زیرەکی و توانای چیرۆکنووس لە ناونیشاندا دەردەکەوێت، وەگرنگیشە ئەوە بزانین کە ناونیشان بابەتێکی جیاواز نییە لەچیرۆك لەکاتێکدا کە بەجیا لێ دەکۆڵرێتەوە ، بـەڵکو لێکۆڵینەوە بـەجیا لە نـاونیشان بۆ ئـەوەیە بـەباشی ئاگاداری ئـەوەبین کـە بیگەڕێنینەوە شوێنی خـۆی کە نێو چـیرۆکە نەك دەرەوەی چـیرۆك ، کە لـەکاتێکدا دەبینین هەندێك وەك ڕەگەزێك لـەکاتی دەستنیشانکردنی ڕەگەزەکانی دیکەی چیرۆك لێی نـاکۆڵنەوە بۆ ئەمەش پێویستە پەیوەستەکی لـەگەڵ نێو چیرۆکەکە دانەبڕێنین چونکە نـاونیشانیش زیاتر ئـاماژە و نیشانەیە ؛ کە جۆرێکە لە کۆد (Code)، ئـەوکـۆدەش پێویستی بـەکردنەوەو ئاشکراکردنی هەیە ، وە لـە ئاستی دەربڕینیشدا شێوەیەکی زمانەوانییە و چیرۆکنووسان ئـەو مەبەستانەی هەیانە زۆرجار لەڕێی ناونیشانەوە دەیخەنە ڕوو ، بـەو هۆیەی نـاونیشان ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە (تێم)ی چـیرۆك ، بۆ ئەوە نـاونیشان دادەنێن تاوەکو پەیامێك بگەیەنن ، وە دەشکرێ چیرۆکنووسێك هەبێت ناونیشان هەروا بۆ جوانی دەقەکە دابنێن ، لەبەر ئەوە "ڤەکۆلەرهەنە بۆ شیکرنا ناڤونیشانی بەرب مفاوەرگرتن ژ ئەرکێن زمانی ئەوێن( رۆمان یاکوبسون) ی دیارکرین دچن...،دیاردبت کوناڤونیشانی ئـەرکێ هەلچونێ و لێڤەگەرینێ و ئاگەهدارکرنێ و جوانکاریێ و میتازمانی هەنە".))[1] کەواتە ناونیشان بەو هۆیەی لەوشە پێك دێت کەواتە پەیوەندی لەگەڵ (زمان )یش هەیە و دەبێتە هۆی گواستنەوە لە چیرۆکنووسەوە لەڕێی زمانەوە بـۆ خوێنەر ( وەرگر) وە ئەو ئـەرکانەی رۆمـان یـاکوبسون بۆ زمـان خستوویەتییە ڕوو دەشێت لێـکۆڵەری ئـەدەبی بـۆ کارێـکی ئەدەبی سوودیان لێوەربگرێت کە ناونیشانیش مامەڵەی لەگەڵ زمان کـرد واتە دەکرێت ئەرکی هەڵچونی تێدا بێت و وابکات کاریگەری لـەسەر خوێنەر دروست بـکات بەهۆی هەڵچوونەکانیەوە ، یان ئەوەتا ئەرکی گەڕانە بەدوای شتە گرنگەکان چ دەربارەی کارەکتەرەکان یـان شوێنی گرنگی نێو چیرۆکەکە یان هـەرلایەنێکی دیکەی چیرۆك ، یاخود ناونیشان وشیارکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی خوێنەرە دەربارەی شتێك کە لە چیرۆکدا ڕوویداوە پێش ئەوەی لەژیانی واقعیدا بەسەر خوێنەردا بێت وە یاخود دەربارەی تێمی چیرۆکەکە ، یان ئەوەتا بۆ جوانکردنی دەقەکە چیرۆکنووس دەگەڕێت بـەدوای وشەی سەرنج ڕاکێش وەڕەنـگە پەیوەندیشی بـەناوەرۆکـەوە نەبێت وەیـان دەشێت پەیـوەندیەکـە هەبێت ، بـەڵام ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر لەجوانی ناونیشانەکە وا لەخوێنەر دەکـات کە هەستی ئەوەی لەلا دروست بێت کە کرۆك و تێمی چیرۆکەکەی لە هەمان ئاست دابێت وەیاخود ناونیشانەکە ئەرکێکی زمانی وەهای دەبێت کە میتازمانییە واتا لە سەروو زمانەوەیە و خوێنەر بەدوای ماناو دەلالەتەکانی دیکەی دەگەڕێت لە دەرەوەی زمان و گەڕان بە دوای مانا شاراوەکاندا .

لە مانەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەوگرنگییە زۆرەی ناونیشان هەیەتی لەکاتی هەڵبژاردنیدا لەلایەن چیرۆکنووسەوە ، ئەوە بۆ خوێنەریش گرنگە بۆ زانینی دەرخستن و وروژاندنی هەستی بەرامبەر بەو دەقەی دەیخوێنێتەوە لەڕێی ناونیشانەکەوە، بەڵام بەو شێوەش نا کە تەواوی سیما گشتییەکانی کورتە چیرۆکەکە لەخۆ بگرێت ، واتە هەموو شتێك ڕێژەییە لە ناونیشاندا ، نەك سەراپاگیری و بڕیاری تەواوەتی .

---

١- زمانێ رەخنەیا چیرۆکا هونەرییا کوردی ( کتێبێن رەخنەیی وەکو نمونە ١٩٧٣-٢٠٠٦ ) ، نەفیسا ئیسماعیل حاجی، چ١ ، سپیرێز ، ٢٠٠٨ ، ل١٣٩

## ٣. پەیوەندی تێم و دەستپێك لە كورتە چیرۆكی كوردیدا :

دەستپێك ئەو ڕەگەزە گرنگەیە كەلەدوای ناونیشانەوە بەرچاو دەردەكەوێت و لەوێوە ( خوێنەر/ وەرگر ) لـەگەڵ یەكێك یـان زیاتر لـە ڕووداو و كەسایەتییەكان و كات و شوێنی چیرۆكەكە ئاشنا دەبێت ، ئەم ئاشنا بوونەش گرنـگە بۆ خوێنەر ، كە پێویستە چیرۆكنووس وا بكات سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابكێشێ بەوەی بێت لە دەستپێك دا شتێكی گرنگ یان پەیامێكی پێ بێت بۆ ئەو ڕووداوانەی كە دواتر لـە ڕووداوی چیرۆكەكەدا ڕوودەدەن ، یـاخود چیرۆكنوس سیفەتێكی كارەكتەر یان ئـەگەر كەسایەتی گرنگی نێو واقیعی وەرگرت لەدەستپێكدا بیلێت ، وە یان وەسفێكی بچوكی شوێن یان كاتەكە بكات تاوەكو هزر وئارەزووی خوێنەر وا لێ بكات كە نەتوانێت بەئاسانی دەست بەرداری چیرۆكەكە بێت .

خۆ ئەگەر چیرۆك وە بەتایبەت كورتە چیرۆك لەدەستپێكدا شتێكی پێ نەبێت بۆ خوێنەر، ترسی ئەوە هەیە خوێنەرانێك هـەبن هەر زوو دەست لـەخوێندنەوەكە هەڵـگرن و هەناسە كـورت بن ، جـا لێرەدا گرنگە بزانین كار لـەسەر كامە دەستپێك دەكەین ، لەمانەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین دەستپێك دوو جۆری هەیە ، كە ئەمانەن :

**١- دەستپێكی چیرۆكی** : كە ئەمە خۆی مەبەست لەسەرەتاو پێشەكی چیرۆك و ڕەگەزەكانی چیرۆكن لە دەستپێكی كورتە چیرۆكەكەدا .

**٢- دەستپێكی گێڕانەوەیی :** واتە ئەوەی ڕەگەزی گێڕانەوەن و ڕووداو وكەس و شوێن وكاتی گێڕانەوەی چیرۆكەكە لە خۆ دەگـرێت لە دەستپێكی كورتە چیرۆكەكەدا .

جـاریش هـەیە ئەو تێمەی كـەوا بڕیارە لـە چیرۆكەكەدا هەبێت پێدەچێت ئـەوەندە بەلای چیرۆكنووسەوە گرنـگ بێت كـە بـكەوێتە دەستپێكی چیرۆكەكەوە ، یاخود دەبینین لـە تواناو ئەركی دەستپێك كەم دەكرێتەوە و تێم دەخرێتە ناونیشان ، جاری واش هەیە ئەوەی دەكرێت لـەدەستپێكدا بگوترێت ، نە گوتراوەو كشاوە بۆ نێو چیرۆكەكە ، وە دەبینین ئەم هۆكارانە وا دەكەن لـەنگی دەخـەنە دەستپێكەوەو تـوانای دەستپێك نیشان نادرێت ، بـە شێوەیەك خوێنەر وا هەست دەكـات ئەوچیرۆكەی دەیخـوێنێتەوە دەستپێكی نییە و ڕاستەوخۆ ڕۆچووەتە نێـو نـاوەڕۆكەوە ، بە تایبەت لە چیرۆكی درێژدا ئەمە زیاتر بەدی دەكرێت .

دەستپێك لەنێو كورتە چیرۆكدا ڕەنگ بێت كەمتر بواری ئـەوەی هەبێت كە تێمی چیرۆكەكە بخاتەڕوو ، بە هـۆی ئەو كورتی و چڕییەی لـە كورتە چیرۆك دا هەیە ،كە وا دەكات مەودایەكی كـەمیش بەدەستپێك دەبەخشێت كە نـاكرێت لەو ماوە كورتەی دەستپێكدا تێم ئاشكرابكرێت ، بەو هۆیەی چیرۆكنووسان لە بیركردنەوە و خستنەڕووی مەبەستی كارەكانیان جیاواز بیر دەكەنەوە ، هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین كە چیرۆكنووسانێك هەن ((تێمای سەرەكی دەقەكە لە دەسپێكی چیرۆكەكەدا دەخەنەڕوو و كۆی ڕووداوەكانی دواتری چیرۆكەكە لەسەر ئەو تێمایە بنیات دەنێت . بۆیە گرنگی دەسپێك لە دەقی گێڕانەوەییدا ناكرێت لە تەنها خاڵێكدا كورت بكرێتەوە . ))[١] بەڵام ئەم شێوازە بە ڕاست ناكەوێتەوە چونكە (تێم) تاوەكو تەواوی كورتە چیرۆكەكە نەخوێنرێتەوە پێی ناگەین، وە ئەوە دەبێت كە چیرۆكنووس-

---

١- دەستپێك لە چیرۆكی كوردیدا ، حەفتاكان و هەشتاكان وەك نموونە ، ئارام سدیق ،پرۆژەی یانەی قەڵەم ، چ١ ، ٢٠١٢ ، ل ٣٤

قورسایی و مەبەستی کارەکەی لە دەستپێکی چیرۆکێك یان بە تایبەتتر کورتە چیرۆکێك بخاتەڕوو ؛ چونکە هەموو چیرۆکنووسێك ئارەزووی ئەوە دەکات کە چیرۆکەکەی تەواوی ڕووداوەکانی بخوێنرێتەوە ، وە چیرۆکنووسی بە توانا و بە سەلیقە هەوڵ نادات خوێنەر بە جارێکی خوێندنەوە بگاتە تێمی سەرەکی کارەکەی ، بەڵکو دەیەوێت دەقێکی کراوە بخاتە بەر دەستی خوێنەرانی بۆ زیاتر بایەخی چیرۆکەکەی و ماندووبوونی خۆی ، خوێنەریش لە دوای خوێندنەوەیەکی تەواوی کورتە چیرۆکەکە دەگاتە مەبەست و تێمەکەی ، جوڵەی خەیاڵ و بزواندنی هۆش لە ئەرکە هەمیشەییەکانی تێمە کە لە نێو خۆیدا هەڵیگرتووە ، ئەو جوڵە و بزواندنەش زیندوێتی بە دەقەکە دەبەخشێت . خۆ ناشکرێت هەموو جووڵەیەك تەنها لە نێو دەستپێکدا نمایش بکرێت ، بەڵکو ئەوەی گرنگە وریایی چیرۆکنووسە لە دەستپێکدا زۆر گرنگە بتوانێت سەرەتا و دەستپێکێکی وا بە چیرۆکەکەی بدات تاوەکو وا لە خوێنەر بکات تا گەیشتن بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە و گەیشتن بە (تێم)ەکە لەگەڵ چیرۆکەکە بەردەوام بێت ، گەر بە تەواوی تێم لە دەستپێکدا خرایەڕوو ئیدی خوێنەر توانای نابێت بەردەوامی بدات بە بیرکردنەوەکانی بۆ مەودایەکی دورتر .

بەو هۆیەی تانەگەینە کۆتایی چیرۆك ئەوە ئەستەمە کە تێمە سەرەکییەکە ئاشکرابکرێت ؛ بەڵام دەکرێت مۆتیڤێکی دیار یان نادیار لەدەستپێکدا دەربکەوێت ، چونکە دەرخستنی تێم لەدەستپێکەوە کاری چیرۆکنووس ئاڵۆزدەکات ، بەڵام ئەمە لەنێو چیرۆکی درێژ و ڕۆماندا دەکرێت تێم لەدەستپێکدا بخرێتەڕوو لەبەر ئەوەی دەستپێك لەو ڕەگەزە ئەدەبییانەدا مەودایەکی فراوانی هەیە (( زۆر جار دەسپێك پەرەگرافێك یاخود لاپەڕەیەك و تادەگاتە چەندین لاپەرە بگرە فەسلێك ، مەرج نییە لە ڕۆماندا یەك دەسپێك هەبێ بەڵکو چەندین دەسپێك دەبینین ، بەڵام دەبێ دەسپێکی یەکەم ناوك و سەرەکی بێ کە ڕووداوەکان بە ڕاستەوخۆیی یا شاراوەیی خۆیانی تیادا دەبیننەوە.))[1] ، بۆ کورتە چیرۆك بوونی چەند دەستپێکی کەمتر دەبینرێت ،کە دەکرێت لەیەك دەستپێك زیاتر هەڵنەگرێت، بەڵام هەندێ لە کورتەچیرۆکەکان شێوازی دوو دەستپێکی بەدی دەکەین لەوانە (سەعەت ، پەشیمانی ، مینەش گۆڕا، دوو منالّی بالّدار ، شەوێك ، کاتم نیە بۆ شێتی ، خۆتافیرکرن ، بەندەر ) کە دەستپێکی چیرۆکیشیان هەیە بۆ چوونە نێو کورتە چیرۆکەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا دەستپێکی گێڕانەوەیشییان هەیە کە لەگەڵ کرۆك و ناوەڕۆکی کارەکە مانا و دەلالەتەکانی تێم تەواو دەکەن ، جگە لەمانەش لای هەندێك چیرۆکنووس لەدوو دێڕی سەرەتاوە تێم دەردەکەوێ کە لەوانەیە دەستپێکەکەش هەر ئەوەندە بێت ، بەو پێیە دەستپێك گرنگی خۆی هەیە و خوێنەر بەسەرنجەوە دەستپێدەکات لەکاری خوێندنەوەدا ، ئەمەش بەوەی کەدەیەوێت شتێکی دەستبکەوێت ، لەبەر ئەوەی هەر خوێنەرێك لەخوێندنەوەی چیرۆکێکدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێت ، گەڕانەکەش مەبەست و واتای سەرەکی کورتە چیرۆکەکەیە کە (تێم)ە ئەوەش دەبێت لەکۆتایی هەموو کارێکدا خۆی دەربخات ، بەڵام لەدەستپێکدا وەك هەوڵی سەرەتاییی خوێنەر دەیەوێت لەڕێی موتیڤێکیش بێت ڕووبکاتە نێو دەقەکەی ؛ چونکە ئاشکرایە کە مۆتیڤەکان کلیلەکانین و دەمانگەیەننە (تێم) هەر بۆیە واباشە چەند مۆتیڤێك لەلایەن چیرۆکنووسەوە بخرێنە ڕوو لەوەش باشتر ئەوەیە کە یەکێك لە مۆتیڤەکان لەدەستپێکدا بێت ، وە خوێنەر چەندێك لەڕێی کۆتایی هێنان بە خوێندنەوەی دەقەکە دەگاتە ئەنجامێك و مەبەستێك ، وە لە سەرەتاشەوە هەر لەدوای ناونیشان دەست دەکات بە پشکنینەکانی خۆی -

---

١- ئە زموونی خوێندنە وە ، چەند لاپە ڕە یە کی ڕە خنە یی ، نە وزاد ئە حمە د ئە سوە د ، ل ٤٦

- کە بۆ خوێنەر (( پـەڕەی دەستپێك یان دیمەنێك - وە هەتـا ڕستەی کۆتایش دەبێتە کلیلێك بۆ کرانەوە لە نهێنییە کەسایەتییەکان ، ململانێ ، تێم ، جگە لەوانەش... ))[1] ، لـەدەستپێکدا ئەگەر هەندێك لایەن بخرێتەڕوو ئاساییە ، بەڵام خستنە ڕووی ( تێم )کارێـکی ژیرانە نییە ئـەم نەخستنە ڕووەش لایەنی دیکە دەهێنێتە ئاراوە ، کەواتە کاتێك دەستپێك دەستپێکێکی گێڕانەوەیی بێت ئەوە دەکرێت مۆتیڤێك دەربکەوێت، بەڵام نەوەك تێمی سەرەکی ئەمەش بەتایبەت لە کورتە چیرۆکدا بەو شێوەیەیە، کەواتە مەرج نییە دەستپێك وەك ناوەڕۆکی چیرۆك بێت .

هەر سەبارەت بە دەستپێك وا باشە لەڕووی زمان و بەکارهێنانی وشەوە چڕ و کورت بێت لە ڕووی دەربڕینەوە سەرنجڕاکێش بێت ، پێویستە چیرۆکنووس (( لە نوختەی هەرە گرنگ و کاریگەری چیرۆکەکەوە دەست پێ بکات و لەوێوە بچێتە ناو باسەکەوە .))[2] واتە چیرۆکنووس لایەنێکی گرنگی چیرۆکەکەی ئیدی یا بەشێکی گرنگ لە ڕووداوی چیرۆکەکەی بهێنێت ، یاخود سیفەتێکی گرنگی کارەکتەری سەرەکی دەربخات کە پابەند بێت بە ڕووداو و تێمی چیرۆکەکەوە ، یاخود هەر شتێکی دیکە کە دەتوانێت بایەخی دەستپێك نیشان بدات .

دواتر خوێنەر وا هەست بکات کە پێویستە بچێتە نێو باس و مەبەستی چیرۆکەوە ، چونکە (( سەرەتای دروستبوونی کورتە چیرۆك لەگەڵ یەکەم وشەدایە ، وە نووسەرەکە بە ئاراستەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا دەست پێدەکات بەرەو مەبەستەکەی ، ئەم سەرەتایە زۆر شت هەڵئەگرێ لە ڕوانگەی کار و گیانی کارەکەوە ، ئەبێت سەرەتایەکی تامەزرۆی هەبێت و هاندەر بێت بۆ خوێنەرەکە و بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوە لەبەر ئەوە حیکایەتی ئەو چیرۆکەی بۆ دەربکەوێت .))[3] کەواتە هەر لە یەکەم وشەی دوای ناونیشانەوە دەستپێك وەك بوون دەردەکەوێت ، هەربۆیە دەبێت تەنانەت ئاگاداری یەکەم وشە لە دەستپێك بین و بەبایەخەوە لێی بڕوانین ، لەوانەیە ئەو یەکەم وشەیە بێت لە چیرۆکێکدا کە تەواوی چیرۆکەکەی لەسەر بنیاد نرابێت ، یەکەم شتێك کە چیرۆکنووس دەیڵێت زۆر گرنگە ، گرنگ نییە ڕستەیەك بێت یان تەنانەت وشەیەکیش بێت چونکە لە پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر و بڕیاردانی کۆتایی دێت پاشان دەگاتە ئەوەی کە سەرەتا و هەر لە یەکەم وشەدا چی بڵێت ؟! وە چیرۆکنووس دەبێت خەیاڵ و بیری لای ئەوە بێت کە چۆن لە سەرەتاوە دەبێتە هاندەری خوێنەری کورتە چیرۆکەکەی ، چونکە دواجار چیرۆکنووس مەبەستێتی خوێنەر بگاتە مەبەستەکەی واتە هەر ئەو شتەی کە وای لێکردووە قەڵەم بگرێتە دەستی و بنووسێت ، کەواتە دەکرێت بڵێین دەستپێك هەندێ کات نمایشکردنە سەرەتاییەکەی چیرۆکە بۆ نێو جیهانی ئاسایی و ئەندێشەی چیرۆکەکە .

---

١- تقنیات الکتابە فی فن القصە والروایە ، مجموعە من المؤلفین ، ترجمە / رعد عبدالجلیل جواد ، ص ٢٣٧

٢- پەخشانی کوردی ، عەزیز گەردی ، زانکۆی سەلاحەدین ، ١٩٨٧، ل ٤٨

٣- http://www.mnab٣.com/vb/showthread.php?t=١٨٦١١

**لەلایەن ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانیشەوە چەندین جۆری دەستپێك دەستنیشانکراون ، لەوانەش دیارترین جۆرەکان  دەخەینە ڕوو :**

**- هەندێك جۆری دەستپێك لە لایەن (یاسین النصیر )ە وە دەستنیشانکراون کە ئەمانەن :**

١- دەستپێکی گێڕانەوەیی فراوان (کراوە) .

٢- دەستپێکی گێڕانەوەیی چەند دەنگی (فرە دەنگ) .

٣- دەستپێکی گێڕانەوەیی پێکهاتنی تەوەرەیی .

٤- دەستپێکی گێڕانەوەیی تازە .))[١]

دەتوانین بڵێین ئەم چوار جۆرەی کە (یاسین النصیر) دیاریکردوون بۆ دەستپێك  بەزۆری لەگەڵ ڕۆمان یان چیرۆکی درێژ تەواو گونجاون ، زۆر بەکەمی لەکورتە چیرۆکدا ئەو جۆرانە دەردەکەون ، دەبوو سنوری دیاریکردنەکەی هێندە تەسك نەبوایە ، کە هەر بەو هۆیە سنووری دابەشکردنەکەی مەودایەکی فراوانی نییە .

**-  (د. جمیل حمداوی) حەوت جۆری دەستنیشانکردووە لە دەستپێك کە ئەمانەن :**

١- دەستپێکی فەزایی (بۆشایی)، لەڕێی جۆرەکانی دیکە پێدەچێت مەبەست لە تەواوی هەڵگری ڕەگەزەکانی چیرۆکە.

٢- دەستپێکی وەسفی .

٣- دەستپێکی دیـمەنی — ئاخاوتنی  .

٤- دەستپێکی میتا گێڕانەوەیی (دەقی وەسفی ڕەخنەیی) .

٥- دەستپێکی داڕێژراویی  لەسەر پێشکەشکردنی کەسایەتیەکە .

٦- دەستپێکی خاوەن پێکهاتەیی ڕووداوی تەوەرەیی .

٧- دەستپێکی ڕەگەزی ))[٢]

**- هەروەها نووسەر (ئارام سدیق) یش دوازدە جۆری لەدەستپێك خستوتە ڕوو ، کە ئەمانەن :**

١- دەسپێکی ئاسایی ( سادە ) .

٢- دەسپێکی کلاسیکی لەدەقی گێڕانەوەییدا .

٣- وەسف لە دەسپێکدا .

٤- شوێنە دەسپێك لە چیرۆکدا .

---

١-الأستهلال الروائي-دیناميكية البدايات في النص الروائي، ياسين النصير ،مجلة الأقلام العراقية، العددان١١-١٢، ١٩٨٦، ص٣٩-٥٥

٢- الاستهلال الروائي، د. جميل حمداوى ، المغرب http://www.arabicnadwah.com/articles/istihlal-hamadaoui.htm

٥- دەسپێكی گفتوگۆیی لە چیرۆكدا .

٦- دەسپێكی نامەیی لەچیرۆكدا .

٧- زەمەن لەدەسپێكدا .

٨- ژمارە و بەروار لە دەسپێكدا .

٩- ڕەگەزی ڕەنگ لە دەسپێكدا .

١٠- چەند دەسپێكی لە چیرۆكدا .

١١- گومانكردن لەدەسپێكدا .

١٢- ئامادەیی كارەكتەر لەدەسپێكدا .))[١]

دیارە ئەم جۆرانەی دەستپێك بە پێی ئەو شێوە جۆرانەی دەستپێكی سالآنی نەوەدەكان ئێمە كاریان لەسەر دەكەین نەك هەموویان ، هەروەها بەپەیوەستبوونیشیان بە (تێم) یاخود درووستتر بلێین (مۆتیڤ)ێك بۆ كشان بەرەو كرۆك و تێمی كورتە چیرۆكەكە ، هەروەكو( یاسین النصیر ) ڕەخنەگری عیراقی سەبارەت بەدەسپێك و كرۆكی دەقەكە كە تێمەكە مەبەستە دەڵێت : (( هەرشتێك كە دواتر لەدەقدا روودەدات ، پێشتر لەدەسپێكدا گەرایەكی هەبووە ، یاخود هێلكەیەكە دەپیتێ و دەبێ بە كۆرپەلە و دواجاریش دەبێ بە قەوارە ، یان جەستەیەكی سەربەخۆ و كامڵ ئەگەر ئەو كۆرپەلە دەسپێكە جوان هاتبێ و جوانیش گەشەبكات ، ئەوە جەستەی دەق بەگشتی و بەجوانی پێدەگات ، واتە هەرشتێ لەدەقدا ڕوودەدات ، ناوكێكی لەدەسپێكدا هەیە . ))[٢] ئەمە مەرج نییە بەو شێوەیە بێت ، چونكە چیرۆكنووسان بەگشتی ئەمەیان نەكردووەتە پێوەرێك كە پەیڕەوی بكەن ، بەڵكو چیرۆكنووس هەوڵدەدات زیاتر ئازادی بەخۆی بدات و لەهەندێ كۆت وپێوەند خۆی دوربخاتەوە ئەمەش بۆ زیاتر دەرخستنی ستایل و ناساندنی خۆیەتی دیارە لەم شێوەیەدا دەكەوێتەوە سەر چیرۆكنووسەكە تاچەند شارەزایی هەبێت لە بەكارهێنان و گرنگیدانی بەدەستپێكی چیرۆكەكەی ، سەرەڕای ئەوەش وەك گوتمان ئەوە ڕاست نییە كە ئەوەی لەدەستپێك دا هەبێت دواتر هەر ئەوە گەشە بكات لەنێو چیرۆكەكەدا و دواتر هەر ئەوەش بوونێكی سەربەخۆ بداتە كورتە چیرۆكەكە ، ئەمانە لەلایەنی جۆرەوە ، بەڵام وەك ئەوەی ئەگەر چیرۆكنووس مۆتیڤێكی پەیوەست بە تێمی كورتە چیرۆكەكە لە دەستپێكدا نیشان بدات ئەوە كارێكی باشە ، بەڵام ئەمە لای هەموو چیرۆكنووسان پەیڕەو ناكرێت ، چونكە نەبووەتە بنامەیەكی جێگیر و نەگۆڕ بۆ كورتە چیرۆك بە تایبەتی و هونەری گێڕانەوە بە گشتی .

---

١- دەستپێك لە چیرۆكی كوردیدا ، حەفتاكان و هەشتاكان وەك نموونە ، ئارام سدیق ، ل ٤٠-٤١

٢- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥

## جۆرەکانی دەستپێکی کورتە چیرۆکی کوردی قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕین :

١- **دەستپێکی شیعری** : دەستپێکی شیعری بە شێوەیەکە زیاتر نزیك دەبێتەوە لە شیعر و هەست وسۆز نەك چیرۆك کە ئەم جۆرە دەستپێکە بە تەنیا بۆ هەست بزواندن و چێژ بەخشینە وخوێنەر هەست بە بەها شیعرییەکان دەکات ، لەوکاتەدا خوێنەر بۆ ماوەیەك لەوە دەردەچێت کە چیرۆك دەخوێنێتەوە و خۆی لەبەردەم پارچەیەك شیعردا دەبینێتەوە ، کە بێگومان ئەمەش سەد دەر سەد ڕێ لەدەرکەوتنی ( تێم )دەگرێت ، چیرۆکنووس زیاتر سوود لە کێش و ئاواز وەردەگرێت و چیرۆکەکەی پێ دەڕازێنێتەوە و هەوڵدەدات لەو ڕێیەوە سەرنجی خوێنەر بە دەست بهێنێت . بە نموونە کورتە چیرۆکی (بەیازی گوڵفرۆشێك ) ، کە دەستپێکێکی شیعری هەیە ئەوەش لە زاری گێڕەرەوەی کەسی یەکەمەوە دەبیسترێت کە وەك بێزارییەك لەو ژیانەی تێیدایەتی و بەڕێی هێنانی وێنە دژەکانەوە و جۆرە ئاوازێکی پێبەخشیوون کە تێیدا هاتووە : ((هاوین بێت یان زستان ...گەرما بێ یان سەرما ... هەتاو بێ ، پادشای زەوی و ئاسمان... یان بەفر بێت دیاری خواکان ، بۆ من هیچ ناگۆڕێت. من هەر منم ...لەسەر کورسییەکی بێ ڕەنگ دامدەنیشێنن...))[١] کە شێوازی سەروای (أ ب أ أ )ی بۆ بەکارهێناوە، کە ئەم شێوازە دەستپێکە زیاتر بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرە کە وشەکان بەو شێوەیە ڕەنگ دەکرێن و ئاوازێك بە وشەکان دەبەخشێت ، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەکرێت وەك یەکێك لە جۆرەکانی دەستپێك هەژماربکرێت ، کە هەندێکجار لەلایەن چیرۆکنووسانەوە سوودی لێوەرگیراوە و لە هونەری گێڕانەوەدا بەکاریان هێناوە وەك لایەنێکی ئیستاتیکای دەق .

٢- دەستپێکی ئاسایی : لە دەستپێکی ئاساییدا هەموو ئەو شتانەی دەگوترێن ئاسایین و شتی نامۆ نین ، تەنانەت خوێنەریش پێی ئاشنایە وە هەر شتێکی گرنگ لەناو چیرۆك کە هەیە لەگرنگی ڕووداو یان کارەکتەر یان شوێنێك لە چیرۆك یان کاتێکی گرنگ نەخراوەتەڕوو، کە جێگەی سەرسامی خوێنەر بێت ، کە نەیتوانیبێت ئەوانە باس بکات ئەوە بە دەکرێت توانای ئاشکراکردنی تێمی چیرۆکەکەشی نەبێت ، ئەم جۆرە دەستپێکە زۆرجار بە دەستپێکی تەقلیدیش دەناسرێت . ( دەستپێکی یەکەمی مینەش گۆڕا) دەستپێکی چیرۆکەکەیە و لەڕووی گوزارشتەکانییەوە تاڕادەیەك لاوازە و سەرنجی خوێنەر ناتوانێ ڕاکێشێت بەلای خۆیدا و هەروەها دەکرا چیرۆکنووس ئەوە لە یەکدی جیا بکاتەوە کە (پیاو مرۆڤە) وە (مرۆڤیش قەیمی) نییە ، بەڵکو بۆ مرۆڤ (بەتەمەن) و بۆ شت و کەلوپەل (قەیمی) بەکاربهێنایە " هەروەك لە دەستپێکی یەکەمدا کە دەستپێکی چیرۆکەکەیە دەڵێت : (( پیاوێکی قەیمیم لاوە دانیشتبوو ، بە ڕێکەوت تەلەفیزیۆنەکە ئەو ساتە ڕۆشتنی یەکەم مرۆڤی بۆ مانگ پیشان ئەدا . پیاوەکە بە پشمێکەوە ووتی : چ ڕایەی ئەکەوێت! هەر باشە ئاسمانیشمان بەسەردا ناڕووخێت ))[٢] ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی ( کۆچ )دا دەستپێکێکی ئاسایی سادەی لە وەسفدا هەڵگرتووە کە هەرشێوە تەقلیدییەکەی شێوازی دەستپێکی پێوە دەردەکەوێت ،کە لەساڵانی پێش ڕاپەڕین بەدی دەکرا ، بەنموونە کاتێك کە گێڕەرەوەی کەسی یەکەم ڕووداو وبەسەرهات دەگێڕێتەوە

---

١- بەیازی گوڵفرۆشێك ، کۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح ، ل٦١

٢- مینەش گۆڕا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د.کاوس قەفتان ، ل١٠٨

لەوەی کە باسی خۆیمان بۆ دەکات کە چۆن هەستێکی بەرامبەر بە کەسێك هەبووە و دەڵێت: (( هەرکاتێ بە ڕووخساری مانگ ئاسای ئاشنا دەبووم ، هەرچەند شەرم پێڵوی چاوەکانی کەلەپچە کردبوون ، بەڵام هەرچۆنێك با زنجیری کەلەپچەیان دەپچڕاند و تاوەك خەون بەتاڵ دەبووەوە تێی ڕادەمان .))[1] دەبینین کە شتێکی وا سەرنج ڕاکێشی پێشکەش نەکردووین کە بە ئارەزووەوە بە تەواوی چیرۆکەکەمانەوە ببەستێتەوە وە وای نەکردووە بەتاسەوە بمێنینەوە تاوەکو کۆتایی چیرۆکەکە ،هەروەهاله کورتە چیرۆکی (خۆتافیرکرن) سەرەڕای ئەو ناونیشان و ناوەڕۆکە ئیستاتیکی و جوان تەکنیکییەی کورتە چیرۆکەکە ، بەڵام نەیتوانیوە دەستپێکێکی جوانی بۆ دابڕێژێت کە پڕاو پڕی ناوەڕۆك و تێمی کارەکەی بێت بە تایبەت لە دەستپێکی یەکەمیدا کە کە دەستپێکی چیرۆکەکەیە نەك دەستپێکی ڕووداوەکان و گێڕانەوە دەبینین زۆر سادە و ساکارە و ئەگەر نەشهاتایە هیچ کەموکوڕییەك بە کورتە چیرۆکەکەوە دەرنەدەکەوت ، ئەوەش دەستپێکەکەیە کە دەڵێت : (( زارۆکەك دە هسالی گازی دکر : دهۆك ، دهۆك .. دهۆك دو نەفەر . هەکەر چی ئەز پشتراست بوم کو ئەز ب وێ ترمبێلێ ناچم ، لێ ئەز وەك هەر رێڤنگەکێ بڤێت سواربت ، چۆمە بەر دەری و من لێ نێری . دو کرسیك ڤالا بون ، لێ هەردو ب دلێ من نەبون یەك شکەستی بو و یا دی ژنەك قەلەو ل کورسیکا ل رەخ روونشت بو نیڤەك یا ڤالا ژی ڤەگرت بو ، ئەڤ ژ ئاکە کیڤە . ، ژ ئالێ دیڤە ئەز نە ب لەز بوم ، لەو ئەز مامە ل هێڤیا ترمبێلا دی .))[2] ، هەروەها (دەستپێکی یەکەمی( یاقووتی ئازار)کە دەستپێکی چیرۆکە و سادە داڕێژراوە هاتووە کە (( لە ناکاو یاقووتێکی سەیر بازاڕی داگیرکرد ، هەواڵی ئەم یاقووتەش چەند ئەو ئافرەتانە دەستیان لە بڵاوکردنەوەیدا هەبوو کە ئامادەن واز لەخواردن بهێنن لە پێناو ئەو شتە دەگمەنانەی بۆ خۆڕازاندنەوە بەکاردێت . ))[3] ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی ( سەعەت ) لە دەستپێکی یەکەمیدا کە دەستپێکی کورتە چیرۆکەکەیە و باس لە سەعاتێك دەکات لەگەڵ وەسفێکی کورتی ئەو سەعاتە کە تەواوی چیرۆکەکەی بۆ تەرخان کراوە و تێیدا هاتووە کە دەڵێت : (( سەعەتەکا ب دیواری ڤە ب ئاوازەکێ غەمگین رەقاسێ وێ دهێت و دچیت ، ئەو سەعەت هەر وەك وێ سەعەتا مالا وا دهێتە بیرێ سخمەرا وێ سەعەتێ گەلەك شەر و هەڤرکی دگەل بابێ خۆ دکر . ))[4] کە ئەمە لەڕێی زاری گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە دەگێڕدرێتەوە .

**٣- دەستپێکی وەسفی شوێنی :** جۆرێکی تریش لە دەستپێك ، دەستپێکی وەسفی شوێنە ،کە تێیدا چیرۆکنووس هەوڵدەدات وەسفی شوێنی چیرۆکەکە لە دەستپێکدا بخاتەڕوو بەچەند دێڕێك ، کە نیشاندانی شوێن لە دەستپێکدا خوێنەر زیاتر دەبەستێتەوە بە چیرۆکەکەوە ، ئیدی گرنگ نییە ئەو شوێنە شوێنی سەرەکی چیرۆکەکە یان لاوەکی بێت ، هەموو کورتە چیرۆکێکیش پێویستی بە شوێنێکە تاوەکو ڕووداوەکانی لەسەر ڕووبدەن

---

١- کۆچ ، هێرش رەسوڵ ، ل ٦

٢- خۆتافیرکرن ، فاضل عمر ، گۆڤاری نووسەری کورد ،ژ( ٧) (٨) ، خولی سییەم ،١٩٩١ ، ل ٩٣

٣- یاقووتی ئازار ، عەتا محمد ، گۆڤاری ئاینده ، (١)ی تەموزی (١٩٩٩) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ل ١٧١

٤- سەعەت ، کۆمەڵە چیرۆکی ( پێکۆلەك بو دانانا پانۆرامایەکێ بۆ جارا رۆژ غەیری ، انور محمد طاهر ، ل٣٤

له دەستپێکدا ئەوەی لە شوێن باسی لێوە دەکرێت زیاتر وەسفە ، نەوەك تەواوی دەرخستنی شـوێن وەك لە کورتە چیرۆکی (تایێ بە ڕوییێ)دا هاتووە کە هەردوو دەستپێك باس و وەسفی شوێن و ڕووداوەکانە ، لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا هاتووە ، دەڵێت : (( هەروەکی چویچکاژی دزانی دێ تەحلی یەکا دژوار بیتە مێڤانەکێ دارگران و خو ل سەر دلێ ڤی واری پەحن کەت ، لەوا تاییێت نزم و بن سیڤاندە هێلان و هێلینێت خو ل جهێت ئەڤرازتر نژنین ،...)) کە لێرەدا وەسفی ئەو شوێنە دەکات کە پێشبینی دەکرێت تووشی چ ناهەمواریيەك دەبێت " وە لە هەمانکاتدا لە دەستپێکی گێڕانەوەکەشیدا زیاتر جەخت کراوەتە سەر باسی شوێن ، کە تێمی کارەکەش پەیوەندی پێوە هەیە ، کە تێیدا هاتووە (( خەلکێ گوندی ب ژن و مێرڤە وەکی مێشا هنگڤینی تێك دهاتن و تێك دچون ، قویتێ زڤستانەی تەحل و دژوار ڤە دجەماند . بەلگێت زەر بێ ئانەهیا خو ژ تاییێت دارا دڤەڕەستن و ب مەلولی دکەتنە ئەردی .. ترس دارئالینك بو ب دژواری خو دهزار گوندی ئالاندبو ..))[1] ،هەروەها لە کورتە چیرۆکی (وێران کردن)دا بە هەمان شێوە دەستپێکی وەسفی شوێنە کە باس لە یەکێك لەو گوندانە دەکات کە چۆن بەر شاڵاوی کیمیابارانکردن کەوتووە و ، تێیدا هاتووە کە دەڵێت : (( گوند شێوابوو .. وێنەیەکی ئاڵۆز .. سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسی .. هاتوهاواری ژن و پیاوان .. گریانی منداڵی ساواو ... هەتا چۆلەکە و گشت باڵندەکانیش جریوە جریویان دەهات و بە دەنگێکی غەمگین دەیان خوێند و دەنگی خۆیان دەردەبڕی ..))[2] کە هەموو وەسفەکانی دیکەی بۆ پڕکردنەوەی مانا و وەسفی شوێنەکە هێناوە لە دەستپێکدا و لەوێوە کرۆکی کارەکە ڕوەو ناوەوە شۆڕ دەبێتەوە .

بەهەمان شێوە لە کورتە چیرۆکی ( دەلیا لە خەونی تاریکیدا ) بە هەمان شێوە بوون و پێگەی شوێن لە دەستپێکدا دەردەکەوێت و هەموو شتێك ئیدی لەو ژوورەوە ڕەنگی دەپەڕێت و مانای ژیان کاڵ دەبێتەوە ، کە لە دەمی گێڕەرەوەی کەسی یەکەم ڕووداوەکان لەنێو ژوورێکدا دەبیستین ، کە کارەکتەر دەڵێت : (( باوکم لە ژوورەوە مەرگ دایپۆشی وە .. گوڵەکانی باخچەش بۆنێکی ناخۆشیان لێوەدێت .. هەرچەندە ئاسمان روونە و خۆر پرشنگ ئەداتەوە ، گوێم لە گمەگمی کۆترەکانە بەسەر دار سنەوبەرەکانەوە .. لەگەڵ ئەوەشدا تاریکی دەبینم ژوورەکەی پڕ کردووە لە کارەسات .))[3] کە دەبینین چیرۆکنووس زۆر جەختی لەسەر شوێن کردووە لە دەستپێکدا کە باسی ( ژوور ، باخچە ، ئاسمان ، بەسەر دارسنەوبەرەکانەوە ) کە ناوی چوار شوێنی هێناوە بۆ پڕکردنەوەی مانا و دەلالەتەکانی شوێن و وەسفی شوێن لە دەستپێکدا . هەروەها لە کورتە چیرۆکی (دایکە ویز)یشدا بەهەمان شێوە وەسفی شوێن لە دەستپێکدا جێی بۆ کراوەتەوە ، کە دەڵێت : (( کە گوندەکەیان چوار مێخە کێشا .. ئەوەی دەستی چەکی گرت ڕووەو چیا ملی نا .. سوێندی بزور گیان خوارد .. کوردستان یا نەمان ! ))[4]

---

١- تایێ بە ڕوییێ ، جلال مصطفی، ل٩٠

٢- وێران کردن ، صدرالدین خۆشناو ، گۆڤاری ئایندە ، ژ ١٤ ، ت . ١ی ٢٠٠٠ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ل١١١

٣- دەلیا لە خەونی تاریکیدا ، ئاکۆ کەریم مەعروف ، گۆڤاری ئایندە ، ژ ١٠ ، ئایار ، ٢٠٠٠ ، ل١٢٧

٤- دایکە ویز ، جەمال نوری ، گۆڤاری نووسەری کورد ،ژ( ١) (٢) ، خولی سێ یەم ، حوزەیرانی ،١٩٩٢ ، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد ، ل٣٠

**٤- دەستپێکی وەسفی کاتی :** هەروەها لە دەستپێکی وەسفی کاتدا ئەوەندەی لـە هـەوڵی چۆنییەتی دەرخستن و وەسفی کـاتی گێڕانەوەکەیە، نـاکرێت تێم بـە ئاسانی دەربکـەوێت ، ئەگەرچی تێمی چیـرۆکەکەش دەربارەی کات بێت ، ئەمـەش مـەبەست لەوەیە کە کاتی ڕوودانی ڕووداو یان کاتی گێڕانەوە لە دەستپێکدا خراوەتەڕوو ، ئەو کاتەش یان بە دیاری کراوی باسی لێوە کراوە یاخود لـەڕێی وەسـفەوە خـوێنەر دەزانێت زەمەن لـە چ کاتێکدا بـاس دەکـرێت ، وەك لە کورتە چیرۆکی (وەلاتێ نێرگزا ) هاتووە (( بەری تاڤ بهەلێت (( چیاڤان ))ی تێشتا خواری .. کارێ خوییێ کری ، ساکوییێ لبەر ، بەرپێکێن وی د گرێدانە .. نێرگزێن خو هەمی بێن کرینە دەستك ....))[1] کە وەسفی ئەو کاتەی تێدا کراوە کە چیاڤان خۆی ئامادە کردووە بۆ چوونە دەرەوە لە ماڵ بۆ فرۆشتنی نێرگز ، کە لەوێدا وەك ڕەمزێك بۆ نەتەوەی کورد بەکارهاتووە ،هەروەها لە کورتە چیرۆکی ( وڵاتم لەوێ یە! )دا کارەکتەر بە کات و سەردەمێکی مێژوویی دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی کە بەروارێکە لە هزر و بیری هەر تاکێکی کورددا شوێنێکی هەیە و لەیاد ناکرێت ئەوەش کاتی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەیە ، تێیدا دەڵێت : (( ساڵی (١٩٨٨)بوو چەند ڕۆژێك دوای کارەساتی هەڵەبجەی شەهید ، لە وڵاتی (س) بەرە و وڵاتی (ن) ئەفڕیم ، دڵ غەمبار و ئایندەیەکی نادیار و تەماوی .)) ٢ ، هەروەها کورتە چیرۆکی (پەیژە) دا دەستپێکێکی کاتی هەیە دەلالەت لە تەواو بوونی شەو و دەستپێکی ڕۆژێکی نوێ دەکات ، بەڵام بۆ کارەکتەر ڕۆژێکە پێشبینی ناخۆشی تێدایە ، دەستپێکێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە کاتێك کە دەست دەکرێت بە خوێندنەوە ڕاستەوخۆ لە چیرۆکەکە ناگەین ، هەر لە دەستپێکەوە عەودالی ڕووداوەکانی چیرۆك دەبین ، لەگەڵ ئەوەی کە چیرۆك لە دوو پەرەگراف پێکهاتووە ، بەڵام یەك دەستپێکی هەیە و لە ڕووی ماناوە گرێدراو و تەواوکەری یەکترن ، وە دەستپێك کەوتووەتە پەرەگرافی یەکەمییەوە ، دەبینین ئەوەندەی دەستپێك بە تێمی کارە چیرۆکییەکەوە بەستراوە ، ناونیشان نەیتوانییوە ئەو پەیوەندییە دروست بکات، کە تێیدا بەم شێوەیە هاتووە : ((شمشێری کات شەوگاری لە ناوڕاستەوە دوو لەت کرد بوو کەچی من تازە خەم و پەژارە ببووە گەواڵە هەورێکی چڵکن و هەڕەشەی شێلۆکردنی کازیوەی شادی لێدەکردم . بۆیە پرسیارێك لە مێشکم بروسکەی دا .. منیش یەکسەر ئاراستەی کەسەوەی ناوەوەم کرد. ))[3] ،هەروەها کورتە چیرۆکی ( ژووری میوان)یش بە شێوەیەك باس و وەسفی کاتی کردووە ، کە دەڵێت : (( کاتی بەرە بەیان بوو ، شنەی شەماڵێکی ئەو هاوینە گەرمە لقوپۆپی درەختە نیوە مردووەکانی بە ئاستەم ئەجووڵان . چیمەنەکەش کە هەمووی دووسێ ساڵ بوو ڕووانبویان لەتاو کەم ئاوی بەرەو زەرد بوون ئەچوو .))[4] ، لە کورتە چیرۆکی (کولە زەرد) دا ، کە دەستپێکەکەی بۆ کاتی ڕابردووی گێڕانەوەکە دەگەڕێتەوە ، وەك تێیدا هاتووە : (( چەند ساڵێك لەمەوبەر ، بەهارەکەی بە ڕاستی لە بەهاری ساڵانی پێشوو نەدەچوو ، چونکە زستانەکەی پڕ باران و بەفر بوو ، وا هاتبوو بە شێوەیەك کە هەموو شتێك لە ئاستی خۆیەوە ، بە دیمەنێکی سەوزی جوانی ڕەنگاو ڕەنگ ڕازابۆوە ))[5]

---

١- وەلاتێ نێرگزا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هیڤییێن هەلاویستی ) ، اسماعیل مصطفی ، ١٩٩٦ ، ل٧٧

٢- وڵاتم لەوێ یە! ، موەفەق دەرگەلەیی، ل٦

٣- پەیژە ، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی ، گۆڤاری نووسەری کورد ،ژ( ٧) (٨) ، خولی سییەم ،١٩٩١ ، ل٩٦

٤- ژووری میوان ،کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د.کاوس قەفتان ، سلێمانی ، چ١، ٢٠٠٠، ل٩٨

٥- کولە زەرد ، ڕەفیق محەمەد محێدین ، گۆڤاری بەیان ، ژ(١٧٨) ی سالی ١٩٩٦ ، ل٢٧

هەروەها لە کورتە چیرۆکی (سێوەکە) دا گێڕەرەوەی کەسی یەکەم لە دەستپێکی کاتیدا باس لە کاتێك دەکات کە لێی دابڕاوە و تێیدا دەڵێت : (( دوای سیی ساڵ دابڕان ، گەڕامەوە پشووم دا ... بە بیرەوەرییەکانمدا چوومەوە . کیژە نەشمیلانەکانی سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری و لاوێتیم بەسەر کردنەوە ...))[1] ، کە لێرەدا باسی کاتی ( سیی ساڵ دابڕان ، گەڕامەوە ، سەردەمی منداڵی و ...) کردووە کە زیاتر بۆ جەخت کردنی کات بەکارهاتووە و تێیدا چیرۆکنووس وەسفی خۆی لە دەستپێکدا کۆ کردووەتەوە .

**٥- دەستپێکی وەسفی کارەکتەری :** هەروەها دەستپێکی وەسفی کارەکتەریش ئەوەیە چیرۆکنووس سیفەت و ئاکارەکانی کارەکتەری نێو چیرۆکەکەی هەر لە سەرەتا و دەستپێکەوە دەخاتەڕوو کە وەسفی تەواوی کارەکتەر بۆ خوێنەر دەکات تاوەکو باش بیناسێت ، چیرۆکنووس ئەوەندە سەرقاڵی ناساندنەکە دەبێت خۆی وخوێنەریش بواری ئەوەیان نامێنێتەوە لەڕێی چیرۆکەکەوە کارەکتەر بناسن و پێدەچێت نەتوانێت کە مۆتیڤێکیش نیشان بدات ، بەڵام کەسایەتی کارەکتەر لەبەرئەوەی بۆ خوێنەر گرنگە پێش ئەوەی لەگەڵ ڕووداو و شێوازی ئاخاوتنی کارەکتەر ئاشنایەتی پەیدا بکات، لە لایەنی دەستپێکەوە ئەوە گرنگە بۆی کارەکتەر تێیدا دەربکەوێت ، بەڵام وەك کارە سەربەخۆکە کە تەواوی کورتە چیرۆکەکەیە ، گرنگ نییە کە کارەکتەر لە دەستپێکەوە ناسێنرابێت یاخود نا، وەك (لە کورتە چیرۆکی (لاڵ ) دا کە دەستپێکێکی وەسفی کارەکتەری هەیە ، و پێشتریش گێڕەرەوە ئاگاداری دانیشتنەکەی لاڵ بووە ، وە لە هەمانکاتیشدا هێنانی پەیڤی (لاڵ) بۆخۆی هێما و سیفەتە بۆ کارەکتەر ، سەرەڕای ئەوەش وەسفی لاڵ کراوە کە لە چ دۆخێکدایە و دەڵێت : (( لاڵ ، جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند و پێکێکی دیکەی هەڵدا ، بەو دەستەی کە جگەرەکەی پێوە گرتبوو لێوەکانی سڕینەوە .))[2] ، وە لە کورتە چیرۆکی ( زەلامەك ژ رۆژگارەك دی)دا گێڕەرەوەی هەمووشتزان باس و وەسفی کارەکتەرێك دەکات کە سەرەکییە کە دەڵێت : ((پشتی هەموو سالێن گەنجی یا خوە و هەتا سەری خوە ژی سپی کری کرینە قوربانی ڤێ دەزگەها بەرفرەه و مەزن و ژبەر خەمخوری و دلپێڤەمانا وی یا بێ تخووب ب کاری ڤە رۆژەکێ ژی خوەشی ب ژیانا خوە یا تایبەت نەبری یە .))[3] ،کورتە چیرۆکی ( بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من)دا ، ئەمیش بەهەمان شێوە دەستپێك لە وەسفی کارەکتەردایە کە کە بێئومێییمان نیشان دەدات کە ڕووبەڕووی کارەکتەر بووەتەوە بەوەی دەڵێت : (( هندی دەرگەه قوتا کەسێ لێ ڤە نەکر .. کەس لێ نەدەرکەفت بێهنەکا خوش مالبەر دەرگەهی کەس نەهات و کەس نەدچوو))[4] کە دەستپێکی گێڕانەوەییە و و چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ وای کردووە کە گێڕەرەوە ڕووداو و جوڵەکانی دەربخات و هیچ پێشەکییەکی زیادە و هیچ دەستپێکێکی چیرۆکی نەداوە بە کورتە چیرۆکەکە و یەکسەر چووەتە ناو ڕووداوەکانەوە .

---

١- سێوەکە ، حەکیم عەبدوڵڵا (کاکە وەیس) ، گۆڤاری ئایندە ، ژ ٨ — ٩ ، ئازار — نیسان ، ٢٠٠٠ ، ل١٨٩

٢- لاڵ ، هۆشەنگ شێخ محەمەد ، گۆڤاری پەیڤ ، ژ ١٠ ، ١٩٩٧، ل١٠٣

٣- زەلامەك ژ رۆژگارەك دی ، عصمت محمد بدل ، گۆڤاری پەیڤ ، ژ ١٠، ١٩٩٧، ، ل ١٠١

٤- بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من ، شعبان مزیری ، گۆڤاری بەیان ژ(١٧٠) ی سالی ١٩٩٣ ، ل٢٦

لەدەستپێكی دووەمیدا (كاتم نیە بۆ شێتی )وەسفی كارەكتەری تێدا هاتووە كە ئەوەش : (( پێڵاوەكانی داكەند و بە پێی پەتی بەسەر پێپلیكانەكاندا سەركەوت هەر بە دەم سەركەوتنەوە قۆڵێكی لە چاكەتەكەی دەرهێنا .))١ ، دەستپێكی دووەمی (مینەش گۆڕا) كارەكتەری گێڕەرەوە باسی كەسێك دەكات و لە هەمان كاتیشدا وەسفی ئەو كەسە دەكات كە پیاوێكی بەتەمەنە و دەڵێت : (( پیاوێكم ئەناسی ناوی مینە بوو ، هەموو ساڵ كاتی تووتن ، توتنی دائەگرت بەوە خۆی ئەژیان . پیاوێكی پاك و لە خوا ترس بوو .))٢ كە دواتر كارەكتەر و پیاوە بەتەمەنەكە لە ناوەڕۆكی چیرۆكەكە دەكەونە ململانێ و تەواوی كارە چیرۆكییەكە لەو نێوەندەدا دەبێت ، دەستپێكی دووەمی (خۆتافیركرن)یش كە دەستپێكەكە گێڕانەوەی ڕووداوەكانە لە زاری كارەكتەری كەسی یەكەم ، كە دەستپێكێكی وەسفییە و پەیوەستە بە ڕووداوی چیرۆكەكە و كارەكتەر و تێمی چیرۆك ، وە ئەم دەستپێكی دووەمە هۆكاری ناسینی گێڕەرەوە و كارەكتەرە لە ڕێگەی بەكارهێنانی دیالۆگەوە ، كە هەردووكیان بەبێ ئەوەی یەكتر بناسن دیالۆگ دەكەن و ڕووداوەكان دوخەنە بەرچاوی خوێنەر وە ئەم دەستپێكە بۆ زیاتر دیاریكردنی ناخ و دەروونی كارەكتەرە ، كە تێیدا هاتووە و دەڵێت : (( پیرەمێرەك هەفتێ — هەشتێ سالی ل رەخ من سواربو ، شەلوالەك دپێ ی بو ، دو قەمیس و بلۆزەك دبەر بون ، ئێلەكەك دبن شەپكیدا و چاكیتەیەك تاڤێ رەنگێ وی بری دسەردا ل بەربو ، بەندەك كاغزێن پێچای ددەست دابون ، نایلۆنەك شین تێ ئالاندبو و بەنكەك باش لێ گرێ دابو . دورسێ جاران هوور هوور ل من نێڕی ، بەری بێژت :

– ئەرێ بابكۆ تو بەرێ خوە نادی یە ڤان پەڕومەڕان . ئەڤە دە هە رۆژە ئەز پێڤە و خلاس نابن .. هەر ئێك دێ خیچەكێ لێ دكەت و من هنێرن نك یێ دی .

من ژی گۆتێ : مام سۆفی بۆچی بەرێ خوە نادمێ !؟ ))٣

**٦- دەستپێكی دیالۆگی :** جۆرێكی دیكەی دەستپێك، دەستپێكی دیالۆگییە ، ئەم شێوە دەستپێكەی چیرۆك ڕاستەوخۆ بە دیالۆگی كارەكتەرەكان دەست پێدەكات ، كە ئەم جۆرە دەستپێكە لە قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕین بێ بەش نەبووە ، كە هەندێجار دیالۆگ لە شێوەی پرسیاركردن دەست پێدەكات لە نێوان كارەكتەرەكان دەربارەی ڕووداوی چیرۆكەكە پرسیار لەیەكتر دەكەن ، ئەوە گرنگە كە نابێت چیرۆكنووس هەوڵبدات دیالۆگێك لە دەستپێكدا بخاتەڕوو كە دووربێت لە ناوەڕۆكی چیرۆكەكەیەوە ، بەڵكو دەبێت پەیوەست بێت بە تەواوی چیرۆكەكەوە وە لە تێمی كارەكە نزیك ببێتەوە تاوەكو خوێنەر بیری خۆی كۆبكاتەوە ، جا لەو كورتە چیرۆكانەی كە دەستپێكێكی دیالۆگییان هەیە ، لەوانە ( كورتە چیرۆكی ( نامۆكە ) ڕاستەوخۆ دەستپێك بە دیالۆگ دەستی پێكردووە لە نێوان كارەكتەرەكاندا ، بەم شێوەیە:

– (( ئەم كابرایە كێ یە !؟

– نایناسین

---

١- كاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان ، گۆڤاری ئایندە ، (٣)ی ئەیلوولی (١٩٩٩) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ل١٤٨

٢- مینەش گۆڕا ، كۆمەڵە چیرۆكی( ژووری میوان) ، د.كاوس قەفتان ، ل١٠٨

٣- خۆتافیركرن ، فاضل عمر ، ل٩٣

- کاری چی یی ؟

- نازانین

- لە کوێوە هاتوە؟

- مەعلوم نی یە

- بۆ هاتووە ؟

- کەس نازانێت ))[1] ، سەرەڕای ئەوانەش نیشانەی (؟) و (!) ی لە دوای ئاخاوتنەکانەوە دانراوە و پەیڕەوی نیشانەی (-)کراوە بۆ دەستپێکی هەر دیالۆگێك ، وە کورتە چیرۆکی (تارماییەکان) تێیدا بەدیالۆگی ژنی هادی دەستپێك دەستپێدەکات کە ژنەکەی هادی دەڵێت : (( - هادی ، بۆ هەرچیەکمان هەیە نەیفرۆشین و بگەڕێینەوە وولاّتی خۆمان تا لێرە بین زیاتر غەریب دەبین و خەڵکەکەی لێمتن دوورە پەرێز دەبن ....

- ئەمشەو نۆرە ئێشك گرتنمە .. بێزارم ، پێم خۆشە (هدی)ش لەگەڵ خۆمدا بەرم ،.. متمتنەم بە کەس نەماوە ، سبەینێ کە گەڕاینەوە تەگبیرێ لە ماڵی خۆمان دەکەین .))[2] ،هەروەها کورتە چیرۆکی ( دەرزا دلی) دیالۆگ بووەتە دەستپێکی چیرۆکەکە ، بەلاّم لە زاری گێڕەرەوەوە کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتر دەدوێن ، ئەوەش کاتێك رێبەر لەگەڵ باوکی دەدوێت ، بەم شێوەیە : (( رێبەری سەرێ خودانا سەر ڕانی بابێ خو .. و بدەنگەکێ نزم و مەلیل ، کزگریوك ، کەتە حەفکێ و بەری خو دا بابێ خو و گوت :

- باب راستە ئەز دێ مرم ؟!

- کورێ من ، رێبەرێ بابێ خو .. ئەو چ ئاخفتنە ، خودێ نەکەت ، دێ بوچی مری ؟

رێبەری دەستێ خو دانا سەر سینگێ خو ، دەستێ دی کرە دەستێ بابێ خودا و گوتی : باب ئەڤرو بچیکا دگوتە من ، تویێ نەساخی و رەنگێ تەییێ زەربوی ، تو دێ مری

- نە کورێ من خو نەترسینە ، ما هەر کەسێ نەساخ بو دێ مریت ؟! ))[3]

**٧- دەستپێکی مۆنۆلۆگی :** وە جۆرێکی دیکە دەستپێکی مۆنۆلۆگییە کە گێڕەرەوە لە ناخی کارەکتەرەوە هەندێك دیمەنمان نیشان دەدات ، وە یاخود کارەکتەر بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بێت خوێنەر و گێڕەرەوە دەتوانن ناخی ئەو بخوێننەوە ، هێواش هێواش لەگەڵ ناخی خۆی دەدوێت و نهێنییەکانی خۆی بەیان دەکات. وەك (خەونەك بو هەمی یا) کە کۆتایی گێڕانەوە و ڕووداوەکان بووەتە دەستپێکی کارە چیرۆکییەکە ، کە دایکێك دوای لە دەستدانی کوڕەکەی ئاوها لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و دەکەوێتە مۆنۆلۆگ کردن : (( - من دگوتە تە ، کورێ من ڕابە ب رەڤە گەلەك نەمایە دێ گەهیتە تە ، بەلێ تە گوهێ خو نەددا من ... تو و ئەو ب تنێ بون دژورڤە ، دیمەنێت نەوەك ئێك ل بەر چاڤێت تە بون .))[4]

---

١- نامۆکە ، حسین جاف ، گۆڤاری بەیان ، ژ(١٨٥) ی سالی ٢٠٠٠ ، ل٢٥

٢- تارماییەکان ، ئەحمەد عارف ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ(١٧٠٥) ساڵی حەوتەم، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ل ٦

٣- دەرزا دلی ، جمال بروارى ، گۆڤاری بەیان ژ(١٧١) ی سالی ١٩٩٣ ، ل١٨

٤- خەونەك بو هەمی یا، صبیح محمد حسن ،گۆڤاری پەیڤ ، ژ(٤) ، ١٩٩٧، ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد ، ل ٧٥

کورتە چیرۆکی ( شەوێك )یش دەستپێکی یەکەمی ، چیرۆکییە و لەهەمان کاتدا دەستپێکێکی مۆنۆلۆگییە وە بەوە دەستپێدەکات کە یەکێك لە کارەکتەرەکان لە گەڕانەوەی لە دوای سەردانی کردنی کچەکەی لە زیندان بێزاری خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت : (([دەك خوا بیبڕێ ئەم عومر و ژیانەی من بەسەری ئەبەم ؛ ئەم ڕێگا کاول بووە ، هەر نابڕێتەوە . چوار سەعات ئەمسەر و چوار سەعات ئەوسەر ... ئەویش بەم هاوینە . ] ))[1] وە تاڕادەیەك تەمومژاوییە و تاوەکو تەواوی چیرۆکەکە نەخوێنینەوە ناگەینە تێمی کارە چیرۆکییەکە ، چونکە تەواوی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە هۆکاری درووستبوونی ئەم مۆنۆلۆگە پڕ بێزارییەیە ، هەروەها دەستپێکی یەکەمی کورتە چیرۆکی ( کاتم نیە بۆ شێتی ) کارەکتەر بەوە دەست پێدەکات کە بە شێوەیەك هەست دەکەین تەنیا لەگەڵ خۆی دەدوێت ، بەوەی هەر لە دەستپێکەوە دەڵێت : (( " شێتی کاتی زۆر ئەوێ منیش کاتم نیە جێگەی شێتی تیابێتەوە ناچار بە قفڵی عەقڵ دەرگای لەسەر دائەخەم ، نەبا وەك ڕەشەبا ، وەك لافاو ، بڕژێتە ناو کاتە بێ کاتەکەمەوە و بیکاتە هەرا ." ))[2]

٨- **دەستپێکی گومانی :** دەستپێکێکی دیکە دەبینرێت لە کورتە چیرۆکی ئەو قۆناغەدا ، کە دەستپێکی گومانییە ، ئەمەش تێیدا چیرۆکنووس هەوڵدەدات جۆرە گومانێك لە دڵی خوێنەرەکانیدا دروست بکات سەبارەت بە ڕووداو یان کارەکتەر یان هەر شتێکی دیکە کە مەبەستی بێت بیکاتە گومان ، تەنانەت تێمی چیرۆکەکەش ، کە ئەمەی کۆتاییان باشترین شێوەی گومانە لە دەستپێکدا وەك (لە کورتە چیرۆکی (سەماکەرەکان ) دەبینین چیرۆکەکە یەك دەستپێکە و ڕاستەوخۆ تێکەڵی گێڕانەوە و ڕووداوەکان بووە ، سەرەڕای ئەوەی وەسفی کارەکتەر دەکرێت لە شوێنێکدا ، بەڵام گێڕەرەوە وا دەکات خوێنەر بخاتە بەردەم گومانێك و زیاتر بیر لە مانای وشەکان بکرێتەوە ، هەروەك دەگێڕێتەوە ، کە : (( لە بەرامبەر کۆشك و تەلارێکی چەند نهۆم وەستابوو ، لەوە دەچوو سەراسیمە بوو بێت و بڕوا بە چاوەکانی نەکات و گومان لە دروستی مێشك و دەروونی خۆی بکات ، سەرنجی دەدایە ئەو داوولانەی شێوەیان لە مرۆڤ دەچوو ، کە بەهۆی کۆمەڵێ داوەوە دەجوڵانەوە .. سەری داوەکانیش بە دەستی ئەو کەسانەوە بوو کە لە نهۆمی سەرەوە بوون ، بە ئارەزووی خۆیان ئەوانی خوارەوەیان دەجوڵاندەوە .. ))[3] ئەم وەستانە وەستانە بەرامبەر بە ژیان ، وە ئەو قورساییەی کەلەسەر دەستپێکە ، لەسەر ناونیشان نەبوو ، هەربۆیە دەستپێك زیاتر نزیکمان دەکاتەوە لە تێمی کارە چیرۆکییەکە ، هەروەها کورتە چیرۆکی ( دیوار و هاوارەکانی خۆم) بە هەمان شێوە دەستپێکێکی گومانی هەیە ، کە خوێنەر ئەوە بە ئاشکرا درکی پێدەکات کە چۆن گێڕەرەوە وا لە کارەکتەر دەکات بکەوێتە گومان سەبارەت بە ژیانی خۆی ، ئەمەش لە کاتێکدایە کە کارەکتەر تووشی بارودۆخێکی دەروونی بووە و لە دۆخێکی ناجێگیردایە ، هەروەك لە دەستپێکدا هاتووە ، کە گێڕەرەوە دەڵێت : (( ئەوە سەری سەدان جارە شریخەی ئەم هاوارە سامناکەی خۆت فرسەت لە تەنیایت وەردەگرێ و راتدەچڵەکێنێ ، ئەو هاوارانەی تەنیا هەرخۆت بە نهێنییان دەزانیت و رۆژ بە رۆژ زیاتر بیرکردنەوەت هەست و هۆشت داگیر دەکەن ، ئەو هاوارانەی بە ڕاستی تۆیان کردۆتە مرۆڤێکی تەواو -

١- شەوێك ، پەپوولەکانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد، ل ٢٦

٢- کاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان ، ل١٤٨

٣- سەماکەرەکان ، حسام حەکیم ، ل١٤

– گۆشەگیر و دابڕاو ، ئەوەتا هەموو رۆژێ هاورێکانت ، خزم و دۆست و ناسیاوەکانت . کردویانە بە پیشە و سەریان کردۆتە سەرت و ، هەریەکە و پلارێکت تێ دەگرێ. ))[1]

**٩- دەستپێکی نامەیی :** جۆرە دەستپێکێکی دی کە لە چیرۆکی دەیەی دوای ڕاپەڕیندا دەبینرێت دەستپێکی نامەییە ، کە کورتە چیرۆکەکە وا دەخوێنرێتەوە نامەیەکە و ئاراستەی کەسێك کراوە لە ناو چیرۆك یان ئاراستەی خوێنەر/ وەرگر کراوە ، وە یاخود لەلایەن کەسێکی نێو چیرۆکەکە چەند نامەیەك ئاراستەی کەسێکی دیکە کراوە ، کە لای خوێنەر دەبێتە چیرۆکێکی چەند دەستپێکی و پێدەچێت هەر نامەیەك هەڵگری تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی بێت . وەك لە کورتە چیرۆکی ( شەوێك ) [2] دا ئەوە دەبینین کە چەندین نامەی (لەیلا)ی کارەکتەر بۆ گەلاوێژی دایك و خوشکی کە لە زیندانەوە ئاراستەیان دەکات و باسی تاڵی ژیانی خۆی بۆیان دەکات ، ئەوەش لە ڕێی دەستپێکی نامەکانەوە ، کە پەیوەندی هەیە بە دەستپێکی گێڕانەوەی ڕووداوی چیرۆکەکەوە کە دەستپێکی نامەکانیش بە شێوەیەن ، لە دەستپێکی نامەی یەکەم دا:

(( گەلە گیان .

ئاسمانی ئێرە ، هەر یەك شێوەیە و یەك رەنگی هەیە . هەتاو تێیدا نە هەڵدێ و نە ئاوا ئەبێ ، سەعات ئەگوزەرێ ، لە دوانزەوە بۆ دوانزە ، لە دوانزەیەکی ترەوە بۆ دوانزەیەکی تر ... بەڵام کێ دڵی لای ئەم دوانزەیەیە ؟! ... کامیان نیوەڕۆیە و کامیان نیوە شەوە !...))ل ٢٧

لە دەستپێکی نامەی دووەمیشدا هاتووە کە : (( گەلاوێژ گیان

سەعات یانزە بوو ، دەرگا کرایەوە ، یاساوڵ بانگی لێکردم . کە چووم هیچی پێنەبوو . چاومی نەبەستەوە ، شان بە شانی خۆی بردمی . من لەم کارە سەرم سووڕمابوو ))ل٣١

دەستپێکی نامەی سێیەمیش تێیدا هاتووە ، کە (( گەلە گیان

عەسر یاساوڵ هات و پێی وتین : خۆتان بۆ خۆشتن کۆبکەنەوە ... بە پەلە خاولی و سابوون و جلی پاکمان برد .))ل ٣٢

وە هەروەها نامەی چوارەمیش ئەوەی تێدا هاتووە ، کە دەڵێت : (( گەلە گیان

ئێستا کات دە دەقیقەی ماوە بۆ بۆ دوانزە . قرچەیەك هات . کلیل بوو لە دەرگاکەدا چەرخا ، هەرسێکمان سەیری یەکترمان کرد، لە یەکتر ڕاماین ، وامانزانی پێمان ئەڵێن : قریوەتان ببڕن .

یاساوڵکە بوو ، پێی وتم : ئەوە وەرەقە و قەڵەم ، وەسێتنامەکەت بنووسە و لەسەر جێگاکەت داینێ .))ل ٣٣-٣٤

کە تەواوی نامەکان پەیوەندی بە بارودۆخی دەروونی کارەکتەرەوە هەیە و بەستراوەتەوە بەو ڕووداوەی کە کارەکتەر چاوەڕێی چارەنووسی دەکات .

---

١- دیوار و هاوارەکانی خۆم ، سلێمان عەبدوڵڵا یونس ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ (٢٠١٠) ساڵی حەوتەم ، ١٩٩٩ ، ل٦

٢- شەوێك ، پەپوولەکانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد ، ل ( ٢٧ ، ٣١ ، ٣٢ ، ٣٣-٣٤ )

**١٠- دەستپێکی ڕووداوی :** دەستپێکێکی دیکە لەو قۆناغەدا دەرکەوتووە کە ، دەستپێکی ڕووداوییە وەك لە کورتە چیرۆکی (سەعاتی سفردا) هاتووە ، کە ڕاستەوخۆ بە ناوهێنانی ڕووداوێك هاتووە کە دوو بەرە لە کاتی ئامادەبوونداو بۆ شەڕێك کە دواتر تەواوی ڕووداوەکان و ئاماژەی تێمی کارەکەی تێدایە کە دەڵێت : (( هەردوولا ئامادەی شەڕ بوون ... هەموو شتێك لەبەردەستدا بوو ، هەر شتێك کە ئەم شەڕەی پێ بېڕێننەوە . تۆپەڵ تۆپەڵ لەسەر یەکتری هەڵچنرابوون ، لەوەش گرنگتر ... پێویستتر ، باوەڕێکی پتەو بوو بە خود و هاوڕێیانی ئەم ڕێبازە . هەتا بڵێی ڕۆژێکی لەباربوو بۆ بردنەوە و دۆڕاندن . ))[١] ، لە کورتە چیرۆکی ( تەڵەی خەون )یشدا ، کە کۆتایی گێڕانەوەکە بووەتە دەستپێکی چیرۆکەکە ، ئەوەش نادیاری و ناڕوونییەکی پێوە دیارە ، چونکە کە تەواوی چیرۆکەکە دەخوێنینەوە دەبینین کە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای چیرۆکەکە، وە ڕووداوەکانی چیرۆکەکەش تەواو پەیوەندی هەیە بەو سەرەتایەوە ، کە وای کردووە دەستپێکێکی ڕووداویمان بداتێ ، هەروەك هاتووە دەڵێت : (( ئەو ساتە کە پۆلیسی یەکەم ئەو کتێبانەی هەڵگرت — کە لەسەر مێزی بەرێوەبەر دانرابوون - ، پۆلیسی دووەم دەستەکانی نایە ناو کەلەبچەکەی و وتی :- دەی با بڕۆین . ))[٢] وە هەروەها ( دەستپێکی دووەمی کورتە چیرۆکی (سەعەت) کە دەستپێکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانە کە لەوێوە ململانێی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی هێناوە و تەنانەت کردوویەتییە دەستپێکی ڕووداوەکانیش نەك تەنیا هەر دەستپێکی گێڕانەوەی کورتە چیرۆکەکە ، کاتێك لە دوای دەستپێکی یەکەمەوە کە ناوی سەعاتی هێناوە تاوەکو دەستپێکی دووەم ببێتە هۆکار بۆ هێنانی دەستپێکی دووەم کە دەڵێت : (( - بەسە دێ نێ ئەڤ سەعەتە کەڤنار بوو یا دەورێ {دەق نانوسیە} رەق و تەقینا وێ ناهێلیت ئەم بنڤین سەد جارا پێتر ئەم ژ خەوا شیرین راکرین ، بەلێ گەلەك ناڤ چاڤێت وی گرێ دبۆ دەمێ ئێکی بەحسێ ڤێ سەعەتێ کربا چنکی ل دەڤ وی وەکو میراتەکێ بها و ژ بابێ وی بۆ مای ل وەخت بێ وەخت دا جیرۆکا ڤێ سەعەتێ کۆ چەوا باپیرێ بابێ وی سەر دەمێ خۆ کریبوو ب شەوق دا راڤە و شروڤە کەت هەچکو جارا ئێکێ یە دبێژیت ... ))[٣] ، هەروەها لە دەستپێکی دووەمی کورتە چیرۆکی ( یاقووتی ئازار )دا هاتووە ، کە دەستپێکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانە لە گێڕانەوەی هەواڵێکی ڕۆژنامەیەکدا ، کە لێرەوە هێواش هێواش بەسەرهاتی کچێك باس دەکرێت بەهۆی ئەو ڕووداوە سروشتییەی کە تووشی هاتووە و وای کردووە کە لە گشت شوێنێك باس لەو ماددەیە دەکرێت کە لە چاوەکانی دەردەچن کە یاقووتێکی گران بەهایە ، ئەوەش لەم دەستپێکەی دووەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکنووس خۆ تێهەڵقورتاندنێك دەکات و پێمان دەڵێت ئەمە شتێکی ئەفسانەییە و بۆتان دەگێڕمەوە، کە دەڵێت : (( بەسەرهاتی ( یاقووتی ئازار ) دەگەڕایەوە بۆ هەواڵێکی کورتی یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی محلی کە نووسی بووی : ( لە دێیەکی دوور لە شار کچێکی ١٣ساڵ لە پێش دوو ساڵەوە هەموو ڕۆژێك بە بەردەوامی چەند پارچە شوشەیەك لە چاویەوە دێتە دەرێ ) لەگەڵ هەواڵەکەدا دوو وێنە بڵاو کرابوەوە ، یەکێکیان چاوی کچەکە بوو — کە ناوی نور بوو— لەو کاتەی

---

١- سەعاتی سفر ، کۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح ، ١٩٩٨ ، ل ٧٩

٢- تەڵەی خەون ، احلام منصور ، ل ٢٠

٣- سەعەت ، لە کۆمەڵ چیرۆکی ( پێکۆلەك بو دانانا پانۆرامایەکێ بۆ جارا رۆژ غەیری ) ، انور محمد طاهر ، ل ٣٤

پارچە شووشەیەك هێشتا لە برژانگیدا وەستاوە وێنەكەی تریش لەپی دەستێك بوو كە چەند پارچە شووشەیەك لەوانەی چاوی (نور)ەوە هاتبوونە دەرەوە لەسەری دانرابوو . ))[1]

لەلایەكی دیكەوە وەك **(ئەركی)** دەستپێكیش دەكرێت بڵێین تاڕادەیەك لە ئەركەكانی ناونیشان نزیكن ئەوەش لە ڕووی ( سەرنجڕاكێشی و ئاماژەدان و وەسف و دەستنیشانكردنەوە ) ، و هاتنی جوان دەستپێكی گرنگی هەیە لە وروژاندن و سەرنجڕاكێشانی خوێنەر بەلای ناوەڕۆك و تەواوی دەقەكەدا بە تایبەتتر لە ( تێم )ەكەیدا ، كە پێشەكییەكە بۆ چوونە نێو جیهانی چیرۆكەكە ، هەر چیرۆكێكیش كەشی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێت لایەنی زمانەوانی و هونەرێتی باش بێت و بەهێز بێت و چیرۆكیش هەیە كە دەستپێكەكەی هێندە لاوازە خوێنەر ناوروژێنێ و وای لێناكات بە ئارەزووەوە ڕووبكاتە خوێندنەوەی چیرۆكەكە كە ئەوە ئەركی گرنگی دەستپێكە ، گرنگییەكەش ئەوەیە (( ڕێگاكەت بۆ ئاسان دەكات و زەمینەت بۆ خۆش دەكات بۆ ئەوەی بچیتە نێو ناوەڕۆكی كارەكە ، وەك كلیلی دەرگای ماڵێكی گەورە بێت .))[2]، لە دەستتدا ، وە چۆنت بویَ و لەكوێوە ئارەزوو بكەیت لەوێوە بەدوای پێویستییەكانتدا بگەڕێت تاوەكو بگەیتە ( تێم ) .

---

١- یاقووتی ئازار ، عەتا محمد ، ل ١٧٢

٢- الأستهلال الروائي – دیناميكية البدايات في النص الروائي ، ياسين النصير ، مجلة الأقلام العراقية ، ص ٣٩

## ٤- پەیوەندی تێم و کارەکتەر لە کورتە چیرۆکی کوردیدا :

کارەکتەر یەکێکی دیکەیە لە ڕەگەزە گرنگەکانی کورتە چیرۆك ، وە بێگومانین هیچ چیرۆکێك خاڵی نییە لەم ڕەگەزە چیرۆکییە لە هەمان کاتیشدا واقیعیە ، ئاساییە گەر لە چیرۆکێکدا یەکێك لە ڕەگەزەکانی دیکەی وەك (شوێن یان کات ) ناوی نەهاتبێت و جێی گرنگی نەبێت لە چیرۆکێکدا ، بەڵام ئاسایی نییە چیرۆکێك ئەم ڕەگەزەی تێدا نەبێت ، ڕەگەزی کارەکتەر ئەوەیە سیفەتەکانی لە کەسێتی ژیانی کەسێکی نێو واقیع وەردەگیرێت یان چیرۆکنووس خودی خۆیەتی ، یاخود چیرۆکنووس کەسێك لە نێو ئەندێشەی خۆیدا دروست دەکات کە کەسێکی نموونەیی بێت ؛ ئەم نموونەیی بوونەش هەر لە واقیع وەردەگیرێت ، ئەوەش یان ئیتر بە ڕێکەوت کەسی نموونەیی لە ژیاندا هەیە و ئەوە وەردەگیرێت یان لە کۆکراوەی سیفەتە باشەکانی کەسانی نێو کۆمەڵگە وەردەگیرێت و لە چیرۆکدا لە کارەکتەرێکدا کۆدەکرێتەوە. چیرۆکنووسیش دەبێت بزانێت چۆن و بە چ شێوەیەك کارەکتەرەکانی دەجولێنێتەوە ، ئەگەر ئەو کەسایەتییەی کە کارەکتەر هەیەتی لە ژیانی واقیعدا نەبوو ، واتە ئەگەر بەرهەمی ئەندێشە و خەیاڵ بوو ئەوا پێویستە بە شێوەیەك کارەکتەرەکە لە نێو چیرۆکەکەیدا جێ بکاتەوە کە لە ژیاندا بوونی هەبێت واتە بچێتە نێو واقیعی ژیانی مرۆڤەوە وە هەموو ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات ؛ یان ئەو گوتانەی دەریدەبڕێت ، دەبێت بە شێوەیەك بێت خوێنەر بەو شێوازە ئاخاوتنە نامۆ نەبێت وەك کەسی نێو واقیع بێت ، کە پێچەوانەی ئەم گوتانە بۆ ئەفسانە و چیرۆکی خەیاڵی گونجاوە .

لێرەوە چیرۆکنووس لە دروستکردنی کارەکتەرەکانی پێویستی بە دوو ڕێگایە ، لەو دوو ڕێگایەش ڕێگایەکی سەرەکی بدۆزێتەوە بۆ درێژەدان بە هەنگاوەکانی : ئەوەش ( یان ڕێگای واقیعە یان ئەندێشە)یەتی ، ئەو کەسەی لە واقیعدا هەیە و دەبێتە کارەکتەر لە چیرۆك ئەوە تاڕادەیەك خوێنەر دەتوانێت پێشتر بیناسێت وە یاخود لە داهاتوودا بیناسێتەوە وەك کارەکتەری ((زەلامەك ژ رۆژگارەك دی ))[1] کە زۆربەمان لە واقیعدا لەو جۆرە کارەکتەرەمان بینیووە لە ژیانماندا ، کە سەرەڕای دلسۆزی تاکێك لە کۆمەڵگەدا یان لە دەزگایەکدا ، کەچی لە ناکاو و بەبێ هیچ هۆیەك لە پیشەکەی لابراوە ، ئەم جۆرە لە کارەکتەر بینراوە و هەمیشە دووبارەش دەبێتەوە و دەیانبینین ،جا ئەمە بۆ کارەکتەری واقیعی ، بەڵام ئەوەی پێویستە بزانین ئەو کەسەی لە ئەندێشەدا دروست دەبێت کێیە؟! وەك چۆن کەسایەتی واقیع دەناسرێت و دەزانین کێیە؟! دەبێت ئەو جۆرە پرسیارانە لە خۆمان بکەین ، کە پرسیاری بنجی و بنەڕەتییە کە ئایا چیرۆکنووس (( لە نەبوو دروستیان دەکات ؟ یان لە خەڵکانێکی ڕاستەقینە وەریان دەگرێت ؟ ))[2] ئەو کەسانەی لە خەیاڵ و ئەندێشەدا دروست دەبن ناتوانین کە بە تەواوی بڵێین لە نەبوو دروست بوون ، چونکە ئەگەر لەو کاتەشدا کەسایەتییەکی لەو شێوەیە لە واقیعی ئێستادا نەبێت ، ئەوا لە ژیانی ڕابردووی چیرۆکنووس ؛ ئیدی یان سەردەمی

---

١- زەلامەك ژ رۆژگارەك دی ، عصمت محمد بدل .

٢- صنعة كتابة الرواية / دايانا دا وبتفاير / الثيمة / http://www.sulaimanalfahd.bravehost.com/٢٩.html

منداڵی بێت وە یان قۆناغی هەرزەکاری لەو جۆرە کەسایەتییەی بینیوە ، یاخود لە ڕابردوودا باسی کەسێکی نزیك لەو شێوەیەیان بۆ کردووە چ بە باسکردن بێت یان بە گێڕانەوەی پاڵەوانی چیرۆکێك یان ئەفسانەیەك بێت ، دواتریش ئەندێشەی بەکاردەهێنێ وەك یارمەتیدەرێك بۆ زیادکردنی وێنە و تایبەتمەندی نوێ بۆ کەسایەتییەکە ( کەسایەتییە هەبووەکە ) و هەروەها خستنەسەری سیفەتی دیکە و لابردن و دەستکاری کردنی هەندێ سیفەت و ئاکاری کارەکتەر ، ئەمانە دەداتە پاڵ کارەکتەر بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی نوێ لە چیرۆکدا . هەر ئەمەیە زۆرجار خوێنەر وا هەست دەکات و پێی وایە کە کارەکتەرەکە دەناسێت وە یاخود هەندێجار کارەکتەرەکە ناتوانێت ببێت بەو کەسەی کە خوێنەر بتوانێت بڕیاری لەسەر بدات .

ئەم ڕەگەزە بە پێی جوڵە و سیفەت و لایەنی ناوەوەی کار لە بزاوتنی ڕەوتی ڕووداوەکان و تێمی چیرۆك دەکات ، وە تەنانەت زۆرجار ناوی (کارەکتەری سەرەکی) ڕۆڵی هەیە و جێی بایەخە بۆ لێکۆڵەران ، هەندێجار تاڕادەیەك ناوەکە پەیوەندی لەگەڵ تێمەکە هەیە ؛ بەنموونە لە کارەکتەری ((مینەش گۆڕا))[1] ، ناوەڕۆك و کرۆکی چیرۆکەکە باسەکەی نزیکە لەوەی کەسی نێو چیرۆکەکە گۆڕانێك لە ژیانیدا ڕوودەدات ، وە کارەکتەریش تەواو لە نێو واقیعی کۆمەڵگەوە وەرگیراوە ، کە وەك ئەوە وایە هەریەکێك لە ئێمە ڕووبەڕووی کەسێکی لەو شێوەیە دەبێتەوە لە ژیان و واقیعدا .

زۆر گرنگە چیرۆکنووس لە هەڵبژاردنی ناوی کارەکتەرەکانیدا بۆ کورتە چیرۆکەکەی هەرواو لە خۆوە ناوەکان دانەنێت ، بەڵکو بەشێوەیەکی هونەری ناو هەڵبژێرێت ، ئەمەش بە تایبەتی بۆ کارەکتەری زۆر دەرکەوتە کە دەبێتە (کارەکتەری سەرەکی ) و جێی بایەخێکی زۆرە ، بەڵام بۆ کارەکتەری لاوەکی زۆر گرنگ نییە کە چیرۆکنووس خۆی ماندوو بکات بە دانانی ناوەکەی ، دەکرێت بە جێناوێکی لکاو ناوەکەی بێتە نێو چیرۆکێك ، ئەم بەکارهێنانی جێناوە زۆرجار لای چیرۆکنووسان بووەتە شتێکی باو کە بۆ کارەکتەری سەرەکیش بەکاریدەهێنن ؛ ئەم جێناو بەکارهێنانە لە بری ناوی کەسێك لە کارەکتەرە لاوەکییەکاندا بە بێ ئەوەی ناوی ڕاستەقینەی خاوەن جێناو دەربکەوێت دەکرێت نەبێتە ئاریشەیەك ، چونکە گرنگ ئەوەیە ئەو کارەکتەرە ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیەتی جێبەجێیان بکات وەك خودێك ، ئیدی گرنگ ئاشکرابوونی ناوەکەی نییە لە نێو کورتە چیرۆکەکەدا ، لە ژیانی ڕاستەقینەو واقیعیشدا ئەمە ئاساییە ،کە کەسانێك هەن کارێکمان دەکەوێتە لایان ، بەڵام مەرج نییە پێویستمان بە ناوی ڕاستەقینەیان بێت .

بە نموونە لە دامودەزگایەکی فەرمیدا کارێکت هەیە و بۆ بەڕێوە ڕۆیشتنی پێویستیت بەوە هەیە کەسانێك کارەکەت ڕایی بکەن ، بەڵام پێویست بە ناوی ڕاستەقینەیان ناکات کە بیزانین و بیپرسین ؛ ئەمە لە چیرۆکیشدا گونجاوە کە ئەگەر ناوی کارەکتەرەکە نەیەت وە ئەوەندە جێی خۆ سەرقاڵ پێوە کردن نییە . تەنانەت لە هەندێ کورتە چیرۆکدا لەبەر ئەوەی نووسەرەکە ناوی (کارەکتەری سەرەکی ) بۆ مەبەستێك نەهێناوە وە یاخود بە جێناو هێناویەتییە نێو چیرۆکەکە ، ئەوە لەلای خوێنەریش نابێتە جێی سەرنج و نایبەستێتەوە بە ڕووداو و تێمی چیرۆکەکە ، بەڵام دەکرێت ( نازناو)ێك لە چیرۆکێکدا تەواو بابەت تێمی چیرۆکەکە بپێکێت ، وەك کورتە چیرۆکی (( نامۆکە ))[2] کە کارەکتەر کەسێکی نامۆیە و چووەتە گوندێك و لە ڕێی ئەوەوە زۆربەی کەسانی گوندەکە سەرەڕای گلەیی و گازەندەیان لە ئاغاکەیان ، دیوە ناشرینەکەی خۆیان نیشان دەدەن هەریەکە و بەگێڕانەوەی نادادپەروەرییەك کە کردوویانە لەبەرامبەر ئاغادا... وە

---

١- مینەش گۆڕا ، کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د.کاوس قەفتان .

٢- نامۆکە ، حسین جاف .

هەروەها لە کورتە چیرۆکی ((لاڵ))[1] یشدا بە هەمان شێوە کە ناوی کارەکتەر بە نازناوی (لاڵ)هاتووە وە ئەمە بووەتە ئەوەی کە لە کرۆك و ناوەڕۆکی کارە چیرۆکییەکە کارەکتەرێکی لاواز دەبینین کە دەبێت لە ئاست هەموو شتێکدا لاڵ و بیدەنگ بمێنێت و ئازار بچێژێت ، هەندێکجار لەئەنجامی ڕووداوەکانی بەسەر کارەکتەری سەرەکیدا دێت یان ئەو ڕووداوانەی کارەکتەر دەیخولقینێت ؛ کە ئەگەر بێت و تێمەکە بە هۆی کەسایەتییەکەوە کە ناوی نەهاتووە دەربکەوێت ئەوە (تێم)ی چیرۆکەکە بایەخ وگرنگی لەدەست نادات وە پێویست بەوە ناکات پرسیای ئەوە بکەین ، کە (( بۆچی دەبێ بۆ دوزینەوەی ناوی کەسێك لەچیرۆکێکدا لاق بچەقێنین کە خۆی دەیهەوێ ناوەکەی حەشاردات ؟))[2] ، بەلاَم سەرەڕای ئەمە پێویست دەکات کە کارەکتەر بناسین ، هەر کارەکتەرێك کە لەنێو چیرۆکدا دێت مەرج نییە هێندە جێی بایەخ بێت ، بەڵکو زیاتر دەمانەوێت پەیجۆر(تحقیق) لە کارەکتەری سەرەکی بکەین چ لەڕووی لایەنی دەرەوەی وە لایەنی ناوەوە و هەروەها ئەو لایەنەی کە لەدەرەوەی کەسەکەوە لێی دەڕوانرێت کە لایەنی کۆمەڵایەتی ئەو کەسەش دەردەخرێت لە نێو کۆمەڵگەدا. جا لەکتێبی (( پەخشانی کوردی ))[3] (عەزیزگەردی)دا ئەولایەنانەی بۆ کارەکتەر خراوەتە ڕوو لەژێر پۆلێنی کەسێتی (پاڵەوان) لەکورتە چیرۆکدایە ، وە لە(( سیماو خەسڵەتی کارەکتەر لەکورتە چیرۆکی کوردیدا (١٩٢٥-١٩٥٠ ))[4] (د. مەریوانی عومەر دەوڵەت) بەسوود وەرگرتن لە پۆلێنی (مۆرلی کالاهان) دیسان کارەکتەر لە ژێر ناوی (پاڵەوان) لەچیرۆکدایە کە ئەمەش جیاوازە لە کەسایەتی نێو کورتە چیرۆك ، کەهەموو دەزانین چیرۆکی هونەری ئەو کەسەی ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت وە لە نێو کورتە چیرۆکدا بە هۆی ئەوەی کاری سەرسوڕهێنەر و کاری ئەفسانەیی بە جێ ناهێنێت ئەوە ناچێتە ژێر خانە و ناوهێنانی بە (پاڵەوان) بەڵکو (کارەکتەر) یان (کەس)ی پێدەگووترێت ، ئەمە جگە لەوەی هەندێك کات کارەکتەر (شوێن یان کات)ە ، بەلاَم ئەوەی لێرەدا مەبەستە (کارەکتەری کەسی)ە ، نەوەك (کارەکتەری شوێنی) یان (کارەکتەری کاتی) .

## خستنەڕووی کارەکتەری کەسی لە چەند لایەنێکەوە :

**١- لایەنی دەرەوە (ڕووخسار ) :** واتە ئەو بەشە ڕواڵەتییەی کارەکتەر کە دەکەوێتە بەر زەینی خوێنەر لە کورتە چیرۆکدا ، کە ئایا مێینەیە وەك کارەکتەرەکانی کورتە چیرۆکەکانی ( شەوێك ، تەڵەی خەون ، دایکە ویز ، یاقووتی ئازار ، دوانامەی قەیرەیی ، دەلیا لە خەونی تاریکیدا ) ، یاخود نێرینە وەك کورتە چیرۆکەکانی (کۆچ ، خەونەك بو هەمی یا ، خۆتافیرکرن ، ژووری میوان ، بەیازی گوڵفرۆشێك )،وە یاخود کەسێکی بە تەمەنە ، یاخود هەرزەکارە ، یاخود منداڵە ، چالاکە ، یاخود نەخۆش وپەککەوتەیە ، جوان یان ناشرینە ، لاوازە یان کەسێکی بەخۆیە و قەڵەوە ، ئەمانە و هەروەها ڕەنگی پێستی (زەرد هەڵگەڕاوە یان سور هەڵگەڕاوە ، ...) کە ئەمانە هەر یەکە و مانایەك لە خۆ دەگرن و دەلالەتی جیاواز دەدەن بە چیرۆکەکە ، بەلاَم پەیوەندیشیان لەگەڵ تێم ڕەنگە زۆر ڕاستەوخۆ نەبێت ، هەربۆیە کەمتر لایەنی دەرەوە دەبێتە جێی سەرنج لە ڕووی تێمی کارە چیرۆکییەکانەوە .

---

١- لاڵ ، هۆشەنگ شێخ محەمەد .

٢- چیرۆکی نوێ ، ئینسانی ڕێبازی نوێ (تیۆری ڕۆمان) ، ئالان رۆب گرێی ، وەرگێڕانی : حوسێن شێربە گی ، ل ٦٠

٣- پەخشانی کوردی ، عەزیز گەردی ، ل٥٠

٤- سیماو خەسڵەتی کارەکتەر لەکورتە چیرۆکی کوردیی نێوان (١٩٢٥-١٩٥٠)دا ، د.مەریوانی عومەر دەوڵەت ، ل٤٧

**٢- لایەنی ناوەوە (ناوەڕۆك) :** پابەندە بە لایەنی دەروونی کەسەکەوە ، وە هەر گۆڕانێکی دەروونیش پەیوەستە بە دنیابینی ئەو (تاك)ەوە هەروەها بیرکردنەوەکانی سەبارەت بە دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەرییەوە ، جا ئیدی کاریگەرییەکانی دەوروبەر لەسەر ناوەوەی خود و دەروون لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازی هەیە بەرامبەر دیاردەیەکی وەك (هەژاری)کە دەکرێت تێمی چیرۆکێك بێت ، بۆ ئەمە کەسانێك هەن سۆزدارن بەرامبەر بە هەژاری و کەسی هەژار ، بەڵام بۆ هەمان تێم و دیاردە کەسانێکی دیکە هەن ئەو جۆرە هەستەیان نییە و لەوانەیە هەر کاریگەریشی نەبێت لەسەریان و دڵڕەقیش بن بەرامبەر بەوە ، (( بۆیە سایکۆلۆژیەتی کەسایەتیش پتر لە لقەکانی دیکەی دەروونناسی بایەخی بە کەسایەتی مرۆڤ داوە و لە نیگەرانی و ڕاڕایی نەخۆشییەکانی کۆڵیوەتەوە ، دەستنیشانی چەندین خاڵی کردووە کە لە کەسێکەوە دەردەکەون و لەوانی دیکە دەرناکەون . لێرە بەو پێیەی کەسێتی یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگ و پڕ بایەخەکانی چیرۆك ، هەموو یا زۆربەی ڕەگەزەکانی دیکە بە دەوریدا دەسووڕێنەوە ، یا ئەو هەڵسووڕێنەری سەرتاپای چیرۆکە و بایەخی لە ڕادەبەدەری لەلایەن چیرۆکنووسانەوە پێدەدرێ .))[١] کە تێم و کارەکتەر ڕایەڵەیەك لە نێوانیاندا هەیە کە بە تەواوی بە یەکەوە بەستراونەتەوە کە ئەگەر کارەکتەر کێ بێت ، ئەوە تێم هەڵێنجراوی کەسایەتی کارەکتەرە ، هەر بۆیە پێویستە هەموو لایەنەکانی کارەکتەر دیاربخرێت چ لە ڕووی لایەنی دەرەوەی کەسایەتییەکە و چ لە ڕووی لایەنی ناوەوەی واتە بایەخ بە سایکۆلۆژییەتی بدرێت ، چونکە خوێنەریش لەو دوو لایەنە پێهاتووە هەر بۆیە چاوەڕێ دەکات کارەکتەرەکانیش ئەو دوو لایەنانەیان تێدا بەدی بکات لە چیرۆکیشدا .

جا لەبەر ئەوەی زۆرجار کارەکتەر دەبێتە تەوەرەی ڕووداوەکان ، بۆ کارەکتەریش (( دڤێت گرنگی بێتە دان ب هەڵبژارتنا ناڤی و سالۆخدانا سەر و سیمایێت وی و رەوشا وی یا دەروونی ب ئاوایەکێ وەسا کو ل پێش چاڤێت خواندەڤانی ببیتە کەسەکێ زیندی و یەك بیت ژ وان کەسێن د ژیانا رۆژانەدا سەرەدەرییێ دگەل دکەت .))[٢] لە هەموو ئەوانەشدا دەبینین لە ڕەخنەی کۆندا ئەوانەی زیاتر بایەخیان دەدا بە دیوی دەرەوەی کەسایەتییەکان ئەوانە پێیان دەگوترا (واقیعیەکان) وە ئەوانەش کە زیاتر بە دیوی ناوەوەی تاك خۆیان سەرقاڵ دەکرد پێیان دەگووتن (ڕۆمانسییەکان) ، بەڵام لە ئێستادا لە رەخنەی نوێدا بایەخ و گرنگیدان بە دەرەوە و ناوەوەی خود پێکەوە لە شرۆڤە و لێکۆڵینەوەکاندا جێیان دەبێتەوە ، کە تەنانەت واقیعیەکانیش بایەخ بە ناوەوە و لایەنە دەروونی و خودییەکان دەدەن .

وە دەکرێت بڵێین لایەنە دەروونییەکەی تاك ، واتە دیوی ناوەوەی خود زۆر بوار دەگرێتەوە کە پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ تێمی کورتە چیرۆك دروست دەکات ، کە کارەکتەر بۆ نموونە لە ڕووی دەروونییەوە نەخۆشە وەك کورتە چیرۆکەکانی (دیوار و هاوارەکانی خۆم ، کاتم نیە بۆ شێتی)[٣] وە یان ساغ و سەلامەتە ، وە یان کەسێکی گەشبینە وەك کارەکتەری ( دەلیا لە خەونی تاریکیدا )[٤] سەرەڕای ئەو نائومێدییەی تێی کەوتووە بەڵام گەشبینانە بیر دەکاتەوە ،

---

١- ڕۆمان لە گۆشە نیگای جیاوازە وە ، سە لاح عومە ر ، ل ١٠٥ – ١٠٦

٢- بیاڤێ خواندنێ ، جلال مصطفی ، ل ١١٧

٣- دیوار و هاوارەکانی خۆم ، سلێمان عەبدوڵڵا یونس ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ (٢٠١٠) ساڵی حەوتەم ، هەروەها کاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان ، گۆڤاری ئاییندە ، (٣)ی ئەیلوولی (١٩٩٩) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

٤- دەلیا لە خەونی تاریکیدا ، ئاکۆ کەریم مەعروف .

وە یان کارەکتەر هەیە ڕەشبینە وەك کارەکتەری کورتە چیرۆکی ((دوانامەی قەیرەیی ))[1] کە گەورەبوونی تەمەنی کاریگەری خراپی لەسەر دروست کردووە ، وە یاخود کارەکتەر هەیە شەرمنە وەك کارەکتەری کورتە چیرۆکی ((کۆچ))[2] کە ئەو شەرمنییەی بووەتە هۆی لە دەستدانی کەسێك کە ئارەزووی بووە بیکاتە هاوسەری بەڵام ئەو حاڵەتەی وای کردووە ئەو کەسەی لە دەست بچێت ، یاخود کارەکتەر هەیە زۆر کراوە و کۆمەڵایەتییە ، کە ئەمانەش هۆکارن لە دروستبوونی کەسانی (ڕووکراوە و گۆشەگیر) ، وە ململانێی تاك لەگەڵ خودی خۆی یان لەگەڵ دەوروبەر ئەم لایەنانەی ناوەوە کە پەیوەستە بە دەروونەوە هۆکاری دروستبوونی تێمە خودییەکانن .

**٣- لایەنی کۆمەڵایەتی :** لێرەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی کارەکتەرمان بۆ دەردەکەوێت لە ڕێی پەیوەندی بە کەسانی دیکەی نێو ئەو ژینگە و کۆمەڵەی کە تێیدا دەژی و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو کارەکتەرە ،ئەو ( تاك )ەمان بۆ دەردەکەوێت ، پلە و پایەی ڕۆشنبیری و چ کارەیە؟ وەك کارەکتەرەکانی نێو کورتە چیرۆکی ((خۆشەویستی و ڕاستیەك ))[3] کە تەنانەت ئەوە بووەتە بابەت و کرۆکی کارەکە کە بەهۆی پیشەی کچەکەوە کەسوکاری کوڕەکە ناڕازین لەبەردەم ئەو عەشقە گەورەیەی نێوان هەردوو کارەکتەردا ، وە یان ئایا کارەکتەرەکەمان لە کامە چینی کۆمەڵگایە (هەژارە ، دەوڵەمەندە ، مامناوەندە ) ، سودی بۆ کۆمەڵگە چییە ؟ وەك بە نموونە (کاروان) لە کورتە چیرۆکی (پوستە)دا ئەرکێکی پیرۆز و نەتەوەیی بە ئەنجام دەگەیەنێت لە پێناو نیشتیماندا ، ئەم لایەنە کۆمەڵایەتییە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە (تێم)ەوە هەیە ، وەك لایەنە دەروونییەکە پەیوەندییەکی نزیکی بە تێم و ناوەرۆکی چیرۆکەوە هەیە ، بەوەی (خراپەکاری) دەگونجێت ببێتە تێمی کارێکی ئەدەبی ،بە نموونە : کاتێك خراپەکارییەك ڕوودەدات پێویستی بەوە هەیە (کەس) هەبێت ، واتە کەسێك ئەنجامی دابێت وە کەسێکی دیکەش کارەکەی بەرامبەر کرا بێت ، ئەمەش پێویستی بە بوونی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە ، ئەمە لە کورتە چیرۆکێکدا کە بە شێوەی نێو واقیع ئەو کەسەی کە (بکەر)ە واتە ئەنجامدەرە وەك لە واقیعدا لە چارەی نووسراوە ، لە چیرۆکیشدا چیرۆکنووس بۆ کارەکتەرێك چارەنووسێك دروست دەکات ، کەسی نێو چیرۆك کەکارەکتەرە ناچارە و هەر دەبێت کارەکە بە ئەنجام بگەیەنێت تاوەکو لە چیرۆکەکەدا بناسرێتەوە ،لەمەشەوە هەردوولا کە کەسن ، وا دەکەن تێمی (خراپەکاری) وە یان (پاراستنی شەرەف) لە کورتە چیرۆکەکەدا دروست دەکەن ، وە یان دەبینین تێمی (تاوان) لە چیرۆکێکدا هەیە و کارەکتەرێکی (تاوانبار و تاوان لێکراو) دەبینین ، بەڵام دەکرێت ڕەوتی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بگۆڕێت بەهۆی بابەتی ئەوەی (تاوان)ەکە بە (هۆ) یان بە (بێ هۆ) ئەنجامدراوە؟ هەر کام لەمانە بێت ڕووداوەکانی چیرۆك جیاوازتر لەوەی دیکە دەبێت ؛ خوێنەریش خۆی خوێندنەوەی بۆ بەشەکانی دیکەی چیرۆکەکە دەبێت ، ئەمەش هۆکارێکە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە تێمەکان سنووردارن بەڵام دووبارەبووەوەی یەکتریش نین ، هاوکات لەگەڵ ئەوەش کەهەر دەبێت لەکورتە چیرۆکەکەدا ئەو ڕووداوە

---

١- دوانامەی قەیرەیی ، فایەق رەحیم محەمەد ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ (٢٠١٠) ساڵی حەوتەم ، ساڵی ١٩٩٩

٢- کۆچ ، هێرش رەسوڵ ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ (١٩٧٤) ساڵی هەشتەم ، پاشکۆی ئەدەب ، ١٩٩٩

٣- خۆشەویستی و ڕاستیەك ، ئازاد هیدایەت حەسەن ، گۆڤاری بەیان ژ(١٧٦) ی ساڵی ١٩٩٥

ڕووداوە ڕوو بدات خوێنەریش هەمیشە ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوی زیاتر لەلا پەسەندە، چونکە خۆشییەکی زیاتری پێدەبەخشێت ، لەوەی کە چاوەڕوانی ئەوە دەکات بۆچی ڕووداوەکە بەسەر کەسێکدا بە ناهەق (تاوان لێکراو)دا ڕووی داوە ، دواجار (ترس و بەزەیی) لای خوێنەر دەوروژێنێ کە دەکرێت هەمان ڕووداو بەسەر ئەمی خوێنەریشدا بێت ، بە تایبەت ئەگەر کەسە تاوان لێکراوەکە (کارەکتەری سەرەکی) بێت ، بە نموونە لە کورتە چیرۆکی ((دایکە ویز))[1]دا کە بارودۆخ و هۆکارە سیاسییەکە پەیوەست بووە بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکەوە و وای کردووە کە ئەو کارەکتەرەی کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و لە شوێنی ناوی نیشتیمان هاتووە کە (دایکە) لە هەوڵی پاراستنی شەرەفی خۆیدایە لەبەرامبەر داگیرکار لەو کاتەی هێرش دەکەنە سەر شەرەف و مرۆڤایەتی ، وە چارەنووسی (دایکە ویز ) بەهۆی داگیرکردنی ئاو و خاکی نیشتیمانەوەیە ، وەك دەزانین بوونی (ترس و بەزەیی) لای ئەفلاتوون و ئەرەستۆ قسەی لەسەر کراوە کە هەردوو فەیلەسوف بۆ شیعری تراژیدی باسیان لە سۆزی ( ترس و بەزەیی) کردووە لە تیۆری لاساییکردنەوەدا ، وەك دەزانین لەلای (ئەفلاتوون) ئەوە ڕەوشت تێك دەدات ؛ بەڵام لەلای (ئەرەستۆ) کاتێك لاسایی دەکەینەوە (ترس و بەزەیی) کە دوو شێوەی سۆزن ناخی مرۆڤ پاك دەکەنەوە .

کارەکتەریش بەو لایەنانەی لە نێو چیرۆکدا هەیەتی دەتوانین لێی تێبگەین ، بەڵام ئاخۆ خودی کارەکتەر کێیە ، و تەمەنی چەندە ئەوەی کە باسکراوە لە کورتە چیرۆکەکەدا وەك (نور)ی کارەکتەری کورتە چیرۆکی (یاقووتی ئازار) کە گێڕەرەوە پێی ڕاگەیاندووین تەمەنی (١٣)ساڵە و دەڵێت : (( بەسەرهاتی (یاقووتی ئازار) دەگەڕایەوە بۆ هەواڵێکی کورتی یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی محلی کە نووسی بووی : (لە دێیەکی دوور لەشار کچێکی ١٣ ساڵ لە پێش دوو ساڵەوە هەموو ڕۆژێك بە بەردەوامی چەند پارچە شوشەیەك لە چاویەوە دێتە دەرێ) ))[2] ، وە یان کارەکتەری کورتە چیرۆکی (دیوار و هاوارەکانی خۆم) کە لە ڕێی گێڕەرەوەی هەموو شتزانەوە دەزانین کە کارەکتەر تەمەنی (٢٨) ساڵە وە ئەوەی هاتووە ، کە (( هەر هاوارە و دەنگی تەمەنێکی دیاری کراوی خۆتە و بە زمانی تایبەتی خۆی هاوارت لێ دەکات ، دەنگی هاواری تەمەن یەك مانگ دوو مانگ سێ مانگ ... تا دوازدە مانگ و یەك ساڵ و دوو ساڵ سێ ساڵ... هەتا دەنگی هاواری تەمەن ٢٨ ساڵ کە دەنگی ئێستایەتی ))[3] ، ئایا باس لە هەموو ژیانیەتی ؟ بەڵکو (( کارەکتەری سەرەکی کورتە چیرۆك بە قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەنێکدا یان لە نێو سەردەمێکی دیاریکراو یان ڕۆژێك لە ژیان و گرتەیەکدا دەژی .))[4] بێگومان بەهۆی کەمی ماوەی کورتە چیرۆك و کەمی قەوارەکەی جێی ئەوە نابێتەوە کە باس لە هەموو ژیانی کارەکتەرەکانی بکرێت بە (سەرەکی و لاوەکی) کە تەنانەت بۆ کارەکتەری سەرەکیش ناگونجێ کە هەر لە منداڵی و دواتر قۆناغی هەرزەکاری و گەورەبوون و پیربوونی باس بکرێت ، یان تەواوی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی بخرێتەڕوو ، بەڵکو ئەمە لە چیرۆکی درێژ تاڕادەیەك و لە ڕۆماندا دەگونجێ و جێگای ژیانی هەموو کەسێك دەبێتەوە ، بەڵام لە کورتە چیرۆکدا تیشك دەخرێتە سەر لایەنێك لە ژیان و تەمەنێکی دیاریکراوی کارەکتەر وە ڕووداوێك بە تەنها لە ژیانی وەردەگیرێت .

---

١- دایکە ویز ، جەمال نوری .

٢- یاقووتی ئازار ، عەتا محمد ، ل ١٧٢

٣- دیوار و هاوارەکانی خۆم ، سلێمان عەبدوڵلا یونس ، ل٦

٤- سیماو خەسڵەتی کارەکتەر لەکورتە چیرۆکی کوردیی نێوان (١٩٢٥-١٩٥٠)دا ، د.مەریوانی عومەر دەوڵەت ، ل ٤٥

لە بەر ئەوەش کە کورتە چیرۆك زیاتر بواری بڵاوکردنەوە و زیاتر هەلی زۆرترین خوێندنەوەی هەیە ، ئەمەش هۆکارە کە هەرجارێك بەشێکی بچووك لە ڕووداوەکانی ژیان وەربگرێت ، وە (( هیچ چیرۆکێك بەبێ ڕووداو نایەتە کایە ، ڕووداویش بەبێ مەبەستێك لە چیرۆك دا ناگێردرێتەوە .))[1] لێرەدا ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە (مەبەست) ئەو (بیر)ەیە کە کارەکتەر لە ڕێی کار و کردەوەکانییەوە دەیگەیەنێتە خوێنەر (وەرگر) ، واتە کارەکتەر هەڵدەستێت بە گواستنەوەی (هزر و بیر)ی بنەڕەتی چیرۆکەکە ، وە زۆرجار ئەوڕووداوانەی کارەکتەر بەسەریدا دێت وەك کارەکتەرەکانی (شەوێك ، دوانامەی قەیرەیی ، خەونەك بو هەمی یا ، تایێ بە ڕوییێ ) لە ڕێی ئەوەی بەسەر ژیانی کارەکتەرەکاندا هاتووە بە بێ ئاگا و ویستی خۆی بووەتە هۆی دەرخستن و نیشاندانی تێم ، وە یان ئەو ڕووداوانەی کارەکتەر دەیانخولقێنێت وەك کارەکتەرەکانی کورتە چیرۆکەکانی (ژووری میوان ، بەندەر ) کە کارەکتەرەکانی هەردوو کورتە چیرۆکەکە لە ڕێی ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن وا دەکات (تێم)ەکە بۆ خوێنەر بخەنەڕوو ، کەواتە دەبێت چیرۆکنووس لەسەر خۆی پێویستی بکات کە زۆر گرنگی بە (کارەکتەر)ی چیرۆکەکەی بدات و ئاگاداری هەڵسووکەوت و ڕەفتاری ببێت و بەباشی چاودێری جوڵەکانی کارەکتەرەکەی بکات تاوەکو بتوانێت هزر و بیری خۆی بداتە (کارەکتەر) و کارەکتەریش ئەوەندە بە جوانی (تقمص)ی کەسێتییە چیرۆکییەکە بکات کە بتوانێت بە باشی بیگەیەنێتە خوێنەر ؛ چونکە ئەوەی دەیگەیەنێت ئەوە (تێم)ی چیرۆکەکەیە ، گرنگیش نییە ڕاستەوخۆ تێمەکە ئاشکرا بێت ، یاخود بە (هێما و جەفەنگ)یش بێت بەڵام گرنگ ئەوەیە بە باشی کارەکە بگەیەنێت وەك چۆن ئەکتەرێك ، یان شانۆکارێك لە دراما یان لەسەر شانۆ بیرەکانی ( درامانووس یان شانۆنووس) دەگەیەنێتە تەماشاکاران و بینەران .

کەواتە تەواوی کارەکە لەسەر ئەوە دەوەستێت کە لەبەر ئەوەی (تێم) بایەخی هەموو کارێکە ، هەربۆیە هەر کاتێك چیرۆکنووس مەبەستێکی هەبێت و بیەوێت بیگەیەنێت ؛ ئەوە پێویستی بەوە دەبێت بیر لە ڕووداوێك بکاتەوە بۆی و پاشان کارەکتەری بۆ بسازێنێ تاوەکو خوێنەر لە ڕێی کارەکتەرەکانی چیرۆکەکەوە بچێتە نێو ڕووداوەکان و لە ئەنجامی خوێندنەوەی خۆی بۆ ئەو ڕووداوانەی لە نێو چیرۆکەکەدا هاتوون بگاتە (مەبەستی سەرەکی) کە بیرێکە لە نێو چیرۆکەکەدا لە ئەنجامی تەواوی کارەکەوە گەڵاڵە بووە .

هەڵبەتە ئەم مەبەست گەیاندنەش کە خوێنەر یان توێژەر پێی دەگات سەد دەر سەد ئەوە نییە کە سەرەتا لای چیرۆکنووس هەبووە ؛ بەڵام وەك خاڵی قەناعەت پێهێنەر خوێنەر یان توێژەر خوێندنەوەی خۆی دەخاتە ڕوو ، چونکە دواجار مەبەستی ڕاستەقینە لەلای چیرۆکنووسیش نییە ، چونکە تێم ئەو (بیر)ەیە کە لەڕێی خوێندنەوەی تەواوی کارێکی چیرۆکییەوە دەگەیەنرێت نەك ئەوەی بە تەواوی چیرۆکنووس بیری لێ کردووەتەوە ، لەبەر ئەوەی ( بیری سەرەکی) کورتە چیرۆك شتێکە و (بیری سەرەتای) چیرۆکنووس کەوای لێکردووە چیرۆکێك بنوسێت جیاوازن لەیەکتر ، کارەکتەرە کەسییەکە لەکورتە چیرۆکەکەدا ئاوێنەی چیرۆکنووس و هەروەها بەشێك لە ژیانی کەسێکە لەبەر ئەوەی کارەکتەریش بوونە ، بەڵام لە(وشە) لەگەڵ ئەوەش دا هەر خاوەن تایبەتمەندی و سیفەتی خۆی ئەبێت وە هەر ئەم تایبەتمەندی و سیفەتە تایبەتییەشە وای لێدەکات کارێکی هونەری دەربچێت، کە ئەم سیفەتانەی کارەکتەریش لەکاتی مەزراندنی کورتەچیرۆکەکەو لەبیری چیرۆکنووسدا نەبووە ودواتر لەگەل هەندێ لایەنی ئەندێشەوخەیاڵی چیرۆکنووسەکە

---

١- لێکۆڵینەوە ی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا (١٩٧٠-١٩٨٠) ، ئیبراهیم قادر محە مە د ، ل ١٠٦

لەتەواو(بوون )ی مرۆڤێکی واقیعی دەریدەکات ، کارەکتەریش لەبەرئەوەی پەیوەستە بە (تێم) وە پەیوەندییەکەشیان لەڕێی ڕووداوەکانەوەیە هەربۆیە هەردووکیان ناوەڕۆك و جەوهەری کورتە چیرۆك پێکدەهێنن (( کەسایەتییەکە هەڵدەستێت بەکردنی ڕووداوەکە کە چیرۆکەکەی لەسەر دادەمەزرێت ، یەك کەس دەبێت یاخود هێزێکی نادیارە ، بەشێوەیەکە ورد کە هەمووشتێك کاریگەری هەبێت بە ئاراستەی ئەو ڕووداوەی لە هەڵکشاندایە یاخود لە داکشاندایە ، شادی هێنەرە یان بە گیروگرفتە و پڕ کێشەیە .))[1] کەواتە هەموو شتێك لە چیرۆکدا کاریگەری دروست دەکەن لەسەر یەکتری ، بەتایبەت لە کورتە چیرۆکدا ئەم کاریگەربوونە زیاترە ، گەر واش نەبێت ئەوە هەر دەبێت چیرۆکنووس زیارتر هەوڵی خۆی بدات بۆ درووست بوونی ئەو کاریگەرییە ، چونکە بەتەنها وەرگرتنی ڕووداوێکی بچوك ناتوانێ شتێك بکات هەربۆیە پێویستی بە ڕەگەزەکانی دیکەی کورتە چیرۆك هەیە لە (کارەکتەر، شوێن ، کات ، تێم) کە بەبوونی لایەنێکی بچوك لەهەریەکێك لەو ڕەگەزانە کارە چیرۆکییەکە تەواو دەبێت .

تێگەیشتن و لێکوڵینەوەش لەکارەکتەری سەرەکی بەشێکی گرنگە بۆ دۆزینەوەی تێم ، هەروەها (( بایەخدانی خوێنەر دەوروژێنێت لە بەر ئەوەی وێنەی ژیانی کەسە ئاساییەکانە و خوێنەر بەشداری پێدەکات لەبایەخدانەکانیان ، خەمەکانیان ، تەماعییان ، نهێنیەکانیان و شتە نادیار و شاراوەکانیشیان .))[2] هەر کارەکتەریشە کە وا دەکات بە جووڵەکانی ، خوێنەر بوروژێنێ و هەستی بەلای خۆی و چیرۆکەکەدا ڕابکێشێت وە لەبەر ئەوەی کەباس لەکورتە چیرۆکە ، کە لێرەدا زیاتر لەبەر ئەوەی مامەڵەکردنە لەگەڵ واقیع وژیان ، هەربۆیە خوێنەر زیاتر پێی کاریگەر دەبێت و هەوڵدەدات خۆی تێدا ببینێتەوە ، کەواتە کارەکتەر دەتوانێت بزوێنەر بێت و گۆڕان لەڕەوتی ڕووداوەکاندا بکات ، ئەمەش لەو ڕێیەوە دەبێت کە بتوانێت ململانێ چێبکات هەمووکاتیش ململانێ لە بەرامبەر کارەکتەری سەرەکی دەبێت ، جا ئیتر ململانێیەکە لەگەڵ ناخ و دەروونی خۆی بێت وەك کورتە چیرۆکەکانی (دیوار و هاوارەکانی خۆم ، دوانامەی قەیرەیی ) کە تا دوا ساتی گێڕانەوە هەریەك لە دوو کارەکتەری کورتە چیرۆکەکان لەگەڵ دەروون و تەنیایی خۆیاندا لە ململانێ و جەنگدان بەرامبەر بەو دۆخە نا ئاساییەی کە تێیدان ، یاخود لەگەڵ کارەکتەرێکی دیکە بەهۆی کێشەیەکی نێوانیان لە ململانێدا بێت وەك (دایکەویز) کە لەگەڵ ئەو کارەکتەرە لە ململانێدا دەبێت کە دەستدرێژی دەکاتە سەر ، کە لە کاتێکدا کێشەی نێوانیان خودی نییە ، بەڵکو نەتەوەیی و داگیرکارییە ، وە یاخود ململانێ لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەبێت وەك لە کورتە چیرۆکی (خۆشەویستی و ڕاستیەك )دا هەردوو کارەکتەر لە ململانێیەکدان لەگەڵ کەس و کاری کوڕەکە ، لە کاتێکدا کە کێشەکە لەو کاتەدا زیاتر پەیوەستە بە بیرکردنەوەیەکی هەڵەی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ژیان و دەوروبەرەوە ، جا بەمەرجێك کارەکتەر بتوانێت ململانێیەکە ئاڵۆزبکات و وابێت ململانێ بگاتە لوتکە ، بۆ ئەوەی بیری خوێنەر لەسەر ململانێیەکە لە بەردەوامی دابێت تاوەکو کۆتایی کورتە چیرۆکەکە و هەر لەو ڕێیەشەوە دەکرێت خوێنەر بگاتە تێمەکە ؛ کەواتە زۆر گرنگە بزانین (( کارەکتەری سەرەکی لە دژی کێ وە ململانێی چی دەکات لە چیرۆکەکەدا .))[3] پێویستە ئەم پرسیارانە لە چیرۆکەکە خۆیەوە وەڵام بدرێتەوە ،

---

١- القصة القصيرة : تعريفها و خصائصها و عناصرها، عبدالعزيز عبدالحميد
http://laghtiri١٩٦٥.jeeran.com/archive/٢٠٠٨/٨/٦٥٢٥٢٠.htm

٢- النقدالتطبيقي التحليلي ، د.عدنان خالد عبدالله ، ص ٦٦

٣- http://www.eho.com/how_٢٠٦٣٧٤٦_identify-short-story-theme.html

بەڵام نەوەك بە شێوەی راستەوخۆ یاخود ئیدی تێمی چیرۆکەکە بخاتە بەردەست وە تەنها ئەوە لەسەر خوێنەر بێت کە بەدەنگێکی بەرز بخوێنێتەوە ، لێرەدا لەسەر خوێنەر پێویستە دوای کارەکتەرە سەرەکییەکە بکەوێت و بزانێت لەدوای دەرکەوتنی ڕووداوێك چی دەکات ، واتە کاردانەوەی چییە ، وەك کارەکتەری ((دوانامەی قەیرەیی))[1] کە لە کۆتاییدا خۆی دەکوژێت ، لە کاتێکدا ڕێگەیەك نادۆزێتەوە بۆ ژیان لە دوای درکاندنی نهێنییەکانی ژیانی ؟ وە یان کارەکتەر چی دەڵێت؟ دواتر چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکەدا دەکات ؟ وەك کارەکتەری ((زەلامەك ژ رۆژگارەك دی))[2] کە لە کۆتاییدا ناچار دەبێت خۆی بدات بە دەست چارەنووسییەوە کە سەرەڕای دڵسۆزی بۆ کار و ئەو دەزگایەی کاری بۆ کردووە تووشی هاتووە وە یان کارەکتەرێك لە بەرامبەر ڕووداوێکدا چۆن چارەسەرییەك دەدۆزێتەوە؟ وەك کارەکتەری کورتە چیرۆکی ((سەماکەرەکان ))[3] کە چۆن دواجار پێشنیارێك بۆ کارەکتەرەکانی دیکەی نێو کورتە چیرۆکەکە دەکات و ڕزگاریان دەکات لەو دۆخە ناهەموارەی تێیدا بوون ، بەوەی بەبیریان دەهێنێتەوە کە ئەوان مرۆڤن و چیتر هەموو شتێك لەسەر خۆیان قبووڵ نەکەن .

کاتێك کە ئەوانەی لەهزری خۆیدا جێگیر کرد ، دواتر دەتوانێت گشتاندن بکات لەسەر خۆی و خەڵکانی دیکەش بەوەی تێبگەین ، کە جگە لەوەی خوێنەر چی لە کارەکتەر فێربووە ، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانێت (( لەوەی کە کارەکتەرە سەرەکییەکە چی فێربووە لە کورتە چیرۆکەکە ، پاشان ئەوەی کارەکتەرەکە فێربووە گشتاندنی دەکەین بۆ هەموو خەڵك . ئەگەر کارەکتەرە سەرەکییەکە ئەوە فێرببوو کە متمانە بە هاوڕێیەکەی نەکات . مەبەستی ئەو کەسە بێت یانسیبێکی بردبێتەوە ، تێمی کورتە چیرۆکەکە لەوانەیە ئەوەبێت کە پارە چۆن خەڵك دەگۆڕێت .))[4] بەو واتایەی جوڵە و بیرکردنەوەکانی کارەکتەر گرنگییەکی زۆری هەیە و زۆر بە پتەوی بە تێمی چیرۆکەکەوە بەستراونەتەوە هەر بۆیە وا باشە خوێنەر بیری خۆی بەشێوەیەکی زنجیرەیی بە بیری کارەکتەری سەرەکی ببەستێتەوە ، لەبەر ئەوەی کارەکتەریش لە چیرۆکەکەوە فێر بووە بەو واتایەی (تێم)ی چیرۆکەکە لە پێشدا لەنێو چیرۆکدا هەیە و کارەکتەریش کار لەسەر ئەو تێمەیە دەکات و هەڵوێستەکانی دەردەخات بەو هۆیەی تۆوی کورتە چیرۆکەکە بریتییە لە هەڵوێست ، وە ئەو هەڵوێستانەیە وا لە چیرۆکنووس دەکات کەسایەتییەکان بئافرێنێت .

چیرۆکنووس دەبێت بە وردی ئاگای لە ڕێکخستن و هاتنی هەڵوێستەکان بێت ، واتە لە ناکاو کارەکتەر لە هەڵوێستێکەوە نەکات بە کەسێکی دیکە بە هەڵوێستێکی دی ، بەڵکو پێویستە شتێك ڕووبدات کە لە کاری عەقڵ بەدەر نەبێت ، وە پاشان هەڵوێستی کارەکتەر بگۆڕێت ، بە نموونە : لە چیرۆکێکدا کەسێکی لەسەرخۆ و ئارامگر هەیە ، خوێنەریش هەر لە خوێندنەوەی سەرەتای چیرۆکەکە هەست بەوە دەکات ، بەڵام دواجار لە کۆتایی چیرۆکەکەدا خوێنەر ببینێت کارەکتەر خەریکی تۆڵە سەندنەوەیە ، کە ئەمە خوێنەر دەزانێت ئەو کارەکتەرە لەلایەن چیرۆکنووسەوە بە ناهەق کەسایەتییەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە وە وەك کەسێکی خراپیش نیشان دراوە ، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم دوو

---

١- دوانامەی قەیرەیی ، فایەق رەحیم محەمەد .

٢- زەلامەك ژ رۆژگارەك دی ، عصمت محمد بدل .

٣- سەماکەرەکان ، حسام حەکیم .

٤- http://www.eho.com/how_٢٠٦٣٧٤٦_identify-short-story-theme.html

هەڵوێستە لە کەسێکدا ڕوویدا ، ئەوا پێویستە لە گرێچن(پلۆت)ی چیرۆکەکەدا و هەروەها لە نێوەندی ڕووداوی چیرۆکەکە شتێکی وەها بەسەر ئەو کەسێتییە کارەکتەرییەدا بێت کە بە شێوەیەك کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر دروست بکات وابێت ئەو کەسایەتییە بەشێوەیەك کۆنترۆڵی خۆی لە دەست بدات و کارێکی یاخود هەڵوێستێکی جیاواز لە ڕەفتاری ئاسایی خۆی بنوێنێت ، یاخود هەندێجار کەسەکە خۆی کارەکتەرێکە هەڵوێستێکی هەیە سەبارەت بە کەسێك یان پیشەیەك ، بەڵام بە هۆیەك لە هۆیەکان بە کاریگەرییەکی ئەرێنی بە خۆیدا بچێتەوە و هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت ، ئەمەش شتێکی سروشتییە و ڕێی تێدەچێت وەك لە کورتە چیرۆکی (مینەش گۆڕا)[1] دەبینین کە چۆن مینە بیرکردنەوەی دەگۆڕێت سەبارەت بە (فرۆکە) ، وە یان لە کورتە چیرۆکی (خۆشەویستی و ڕاستیەك)[2] دا کارەکتەر مامۆستا ئارام پێشتر بەهۆی ترسی کۆمەڵگە ڕقی لە پیشەی (ژیان) دەبێتەوە کە سستەرە ، بەڵام دواتر بەهۆیەك لە هۆیەکان ئەو ڕقە نامێنێت ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (پەشیمانی)[3] یشدا بەهۆی لە دەستدانی هاوڕێکەی کارەکتەر لە هەڵوێستێکی ڕابردووی پەشیمان دەبێتەوە . وە لە کورتە چیرۆکی (خۆتافیرکرن)[4] کارەکتەر کە پیر بووە ، هەوڵدەدات بگەڕێتەوە لای خودا ، هەروەها کارەکتەرەکانی کورتە چیرۆکی (بەندەر)[5]هەڵوێستی نیشتیمانییان گۆڕا بووبە عەشق و دڵسۆزی بۆخۆشەویستییەکەیان ، وە کورتە چیرۆکی (سەماکەرەکان)[6] بەهۆی وشیارکردنەوە هەڵوێستی کارەکتەرەکان گۆڕانی بەسەردا هات ، وە هەموو ئەمانە کارەکتەری پەرەسەندوو گەشەکردوون بە درێژایی کورتە چیرۆکەکان بە هۆی گۆڕانی هەڵوێستەکانیانەوە .

لەم گۆڕانی هەڵوێستەشەوە خەسڵەتەکانی کارەکتەرمان بۆ دەردەکەوێت ، کە ئەمانەن :

١- کارەکتەرەی گەشەکردوو (بگۆڕ) .

٢- کارەکتەری گەشەنەکردوو (نەگۆڕ) یان ( کەم گەشەکردوو) .

ئەم دوو خەسڵەتەی کارەکتەر لەسەر هەردوو جۆری کارەکتەری (سەرەکی و لاوەکی) جێیان دەبێتەوە لە کورتە چیرۆکدا وە (( دابەشکردنی کەسانی چیرۆك بۆ کەسە سەرەکی و لاوەکی یەکان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کار لەیەك کردنی نێوان کەس و ڕووداوەکان ، واتە بۆ ڕەگەزی کێشە لە چیرۆکدا . چونکە ڕۆڵی هەر کەسێك لەو کەسانە لە پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان و دوورو نزیکیان لەو ڕووداوانە ئەمە جۆری ئەو کەسانە دیار دەکات .))[7]

وە چەندێك کێشە و ململانێیەکان لە کارەکتەرێکەوە نزیك بێت و کێشەکان و ئاڵۆزییەکان ڕووبەڕووی کارەکتەرێك

---

١- مینەش گۆڕا ، کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د.کاوس قەفتان .

٢- خۆشەویستی و ڕاستیەك ، ئازاد هیدایەت حەسەن .

٣- پەشیمانی ، ئازاد هیدایەت دەلۆ ، گۆڤاری بەیان ژ(١٨١) ی سالی ١٩٩٨

٤- خۆتافیرکرن ، فاضل عمر .

٥- بەندەر ، کۆمەڵە چیرۆکی ( سەما ) ، ڕەووف بێگەرد، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیریی گەلاوێژ ، ١٩٩٨.

٦- سەماکەرەکان ، حسام حەکیم .

٧- بینای هونە ری چیرۆکی کوردی ، لە سە رە تاوە تا کۆتایی جە نگی دووەمی جیهانی ، پە رێز سابیر ، ل١٧٣

ببێتەوە ئەوە زیاتر (کارەکتەری سەرەکی)یمان نیشان دەدات ، کەسانێکی دیکە هەن کە وەك پاشکۆیەك دەردەکەون ، کە کەمجار نزیك دەبنەوە لە هاوبەشیکردنی ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی ، ئەوانەش کارەکتەرە لاوەکییەکانن وە کارەکتەرە سەرەکییەکە دەکرێت بەوەدا بیناسینەوە کە کەسێکی گەشەکردوو بێت یان ڕەوتی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بگۆڕێت ، وە ناکرێت کارەکتەرە سەرەکییەکە تەواوی هەموو ڕووداوەکانیشی بکەوێتە ئەستۆ وە نابێت کارەکتەر جێگیر و چەق بەستوو بێت و وەك ئامێرێکی لەکار کەوتوو بێت ، بەڵکو پێویستە لە تەواوی کورتە چیرۆکەکەدا هەر لە دەستپێك و ناوەڕۆك و کۆتاییدا هەست بە جوڵەو ئەو گەشە و گۆڕانکارییانە بکەین کە چۆن مرۆڤێکی ئاسایی لە ژیانیدا گەشە دەکات ، لە نێو چیرۆکیشدا هەست بەوە بکەین و کاتێك دەگەینە کۆتایی ڕووداوەکان و چیرۆکەکە کارەکتەر کت و مت هەر لەو دۆخە نەبێت کە لە سەرەتای چیرۆکەکە تێیدا بووە؛ گەر وا بوو کارەکتەری گەشەنەکردوو دەردەکەوێت ، کە هەر چۆن لە سەرەتای چیرۆکەکەوە هاتووە تا کۆتایی گۆڕانکارییەکی وای بەسەردا نایەت ؛ ئەمەش بەو هۆیەی کە کاتێك چیرۆکنووس هەر لە پێش ئەوەی دەست بکات بە نووسینی چیرۆکەکەی ئەگەرهاتوو هەموو شتێکی لە مێشکی خۆیدا لەسەر کەسایەتییەکە ڕێکخست وەك چۆن لە هزریدا بوو هەر بەو شێوەیە دایبنێت ئەوە کارەکتەرە لاوەکییەکە دەردەکەوێت کە پانتایی جوڵەکانی سنووردار کراوە و ئەو کارەکتەرە بواری سەربەستی نییە ، بەڵام کارەکتەری سەرەکی هەر لە سەرەتاوە خۆی ئاشکرا ناکات ؛ بەڵکو هێواش هێواش لەنێو چیرۆکەکەدا پەرەدەسێنێت و گەشە دەکات و خۆی بە خوێنەر دەناسێنێت ، کارەکتەری گەشەکردوو (( دیارترین خاسیەتیان ئەوەیە کە پەرەستێنن ، واتە دەگۆڕێن و لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە پەرەدەستێنن چونکە کاتێك چیرۆکنووس ئەو کەسە سەرەکی یانە دروست دەکات یەکسەر وێنەیەکی تەواو کامڵ بوویان بۆ ناکێشێت و هەموو لایەنەکانی کەسێتی یان ئاشکرا ناکات لە بەر ئەوە کاتێك لە سەرەتادا دەردەکەون زۆربەی لایەنەکانی کەسێتی یان شاراوە و نادیارە .))[١]
چیرۆکنووسی سەرکەوتوو لەوەدا دەردەکەوێت کە لەڕێی ناساندن و لەڕێی وەسفەوە کارەکتەری سەرەکی نەناسێنێت ، واتە باش نییە بە شێوەی هەواڵ زانیاریمان بداتێ ، مەگەر لە کاتی پێویستدا نەبێت ، بەڵکو هەوڵبدات کارەکتەرەکە بە هۆی کار و کردار و ڕەوشتی و قسەکانی و هەڵوێستەکانی و گفتوگۆکانییەوە بە خوێنەر بناسێنێت ، هەندێجار کارەکتەر هەیە ڕابردووی خۆی دەگێڕێتەوە ، یان باس لە ئێستای خۆی دەکات یان داهاتووی خۆی ، کە ئەمە دروستترە تاوەکو خوێنەر متمانەی زیاتری هەبێت سەبارەت بە زانیارییەکان .
کاتێك کە تیشك دەخرێتە سەر کارەکتەری سەرەکی ئیتر ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هەر بە تەنها هەموو کار و ڕووداوێکی چیرۆکەکە بە تەنها کارەکتەری سەرەکی دەگرێتەوە ، نەخێر بەڵکو کەسانی دیکەی نێو چیرۆك ئەوانیش هەریەکە و ڕۆڵی تایبەتی خۆیان دەگێڕن و پێدەچێت کاریگەری (ئەرێنی)یشیان بۆ سەر کارەکتەری سەرەکی هەبێت و وای لێبکەن ڕۆڵ ببینەکە بە چڕی و بە زەقی بکەوێتە سەر یەکێك لەو کارەکتەرانە و دواجار وا دەبێت یەکێکیان لەسەر هەموویان زاڵتر دەردەکەوێت کە دەبێتە (کارەکتەری سەرەکی) ئەو چیرۆکە ، لەمەوە تێدەگەین کە کارەکتەری لاوەکی ((دناڤ دەقی دا و ژ ئالیێ هونەر ڤە دخزمەتا کەسێ سەرەکیدانە ب پلا دوویێ دهێن لەو نڤیسەر هند گرنگی بیێ

---

١- سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧٥

نادەتە سالۆخدانا وان ئەڤەژی کارەکێ دروستە د کورتە چیرۆکێدا ، چونکی چیرۆکا کورت هژمارەکا زوریا کەسان راناگریت و نڤیسەر نەشێت هەمی یا وەك ئێك بینیت پێش چاڤ بەلکو دێ هند بەحس هێتەکرن هندی د خزمەتا کەسێ سەرەکی دا بن ...))[1] دەزانین کە بوونی کارەکتەر لە کورتە چیرۆکدا سنووورداری هەیە ، هەربۆیە دەبێت یەك کارەکتەری سەرەکی دەربکەوێت ، وە ئەوانەی دیکە کە دێنە نێو چیرۆکەوە بۆ ئەوەیە کە هۆکاربن لە دەرکەوتنی کارەکتەرە سەرەکییەکە و کارەکانی بۆ ئاسان بکەن لە ڕووەوە جوڵە و بزاوتن بە چیرۆکەکە دەبەخشن . وەك لە کورتە چیرۆکی (وەلاتێ نێرگزا)[2] دایك و باوکی کارەکتەری لاوەکین لە هەمانکاتدا هاندەری (چیاڤان)ن و ڕەوتی ڕووداوەکان بەلای ئەو مندالەدا لە جولەدا دەبێت ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (مینەش گۆڕا)[3] گێڕەرەوە کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکە لە هەمان کاتدا هۆکاری گۆڕانی بیر و هزری مینەیە بەرامبەر بە تەکنەلۆجیا ، ئەم هۆکارە وای کردووە مینە ببێتە کارەکتەرێکی گەشەکردوو ، وە لە (تەڵەی خەون)[4]دا هاوڕێیەکی کچە جوتیارەکە لە بەشە ناوخۆیی هاندەری کارەکتەرە بۆ گیانی کوردایەتی و وا دەکات کارەکتەر چالاکی هەبێت و لە دواجاردا دەستگیر دەکرێت ، کە ئەمانە هۆکاری گەشەکردن و پەرەسەندنی کارەکتەرن لە کورتە چیرۆکەکەدا .

لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەرە لاوەکییەکان خاڵی نین لە گرنگی ، لەمەشەوە دەکرێت کارەکتەری لاوەکی کەم گەشەکردووی بە جووڵەمان هەبێت لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە ، بەڵام لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە ناگۆڕێت ، هەروەها لە شوێنێکەوە ناچێتە شوێنێکی دیکە ، کە ئەو جۆرە گۆڕانانە کەم ڕوودەدات ، بەڵام گەشەکردنەکەی ناگاتە پلەی گەشەی کارەکتەری سەرەکی کە چالاکترە ، لەبەر ئەوەی لە کورتە چیرۆکدا دەبێت زۆر بە کەمی فلاشباك (گەڕانەوە) بۆ ڕابردوو یان ڕوانین بۆ داهاتوو ڕووبدات ؛ چونکە ماوەی زەمەن کەم و کورتە و کات کەم دەجولێتەوە کە لە چوارچێوەیەکی تەسکدایە ، هەروەها بۆ شوێنیش بە هەمان شێوە کارەکتەر پانتاییەکی فراوانی وای لەبەر دەستدا نییە تا بە ئاسانی و بە ئارەزووی خۆی شوێن بگۆڕێت ، واتە جووڵە و گۆڕان کەمە ، بەڵام بوونی هەیە .

بە گشتیش کەسایەتییەکان زۆر بە جووڵە نین ، بە تایبەت ناکرێت لە تەمەندا زۆر گەورە بن ، بەڵکو هەر لەو ساتەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی تێدا دەگێڕدرێتەوە ، هەر ئەو ساتەی تەمەنی کارەکتەر جێی دەبێتەوە لە کورتە چیرۆکدا ، واتە مەنگییەکی وەهای پێوە دەرناکەوێت کە خوێنەر هەست بکات وەستاو و بێ جووڵەیە ، چونکە کارەکتەرە سەرەکییەکە (( کەسایەتییەکە چیرۆکنووس زۆر خۆی پێوە ماندوو دەکات و هەموو هەوڵی دەخاتە پێناوی بۆ وێنەگرتنی و دەرخستنی شتە شاراوەکانی و دەرخستنی سیفەتەکانی و خەسڵەتە جۆراوجۆرەکانی کە دەگۆڕێت ، وە ئەو سیفەتانەی تێدایە بە ڕەهەندەکانی و سیفەتە سۆزدارییەکانی و بە هەڵچوونەکانی و بیرکردنەوە جۆراوجۆرەکانی ... واتە کەسایەتییەکی جولاو و دینامیکییە .))[5]

---

١- بیاڤێ خواندنێ ، جلال مصطفی ، ل ١١٩

٢- وەلاتێ نێرگزا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هیڤییێن هەلاویستی ) ، اسماعیل مصطفی .

٣- مینەش گۆڕا ، کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د.کاوس قەفتان .

٤- تەڵەی خەون ، احلام منصور .

٥- النقدالتطبيقي التحليلي ، د.عدنان خالد عبدالله ، ص ٦٨

## سیفەتە جیاکەرەوەکانی کەسایەتی کارەکتەر:

(د.عدنان خالد عبدالله) لەکتێبەکەی خۆیدا بۆ وێنەگرتنی یان سیفەتە جیاکەرەوەکانی کەسایەتی چەند ڕێیەکی خستووەتە ڕوو کە ئەمانەن :

(( ١- **دەستنیشانکردن بە پشت بەستن لەسەر ڕووخسارە دەرەکییەکان :** هەندێك لە چیرۆکنووسەکان پەنا دەبەنە بەر وەسفکردنی ڕووخسارە دەرەکییەکان بۆ کەسایەتییە چیرۆکییەکانیان (لە ڕووخسار و پۆشاکیان) و ئەو وەسفە بەڵگەیە لەسەر دەروونی کەسایەتییەکان . لەبەر ئەم هۆیە پێویستە لەسەر خوێنەر ئەمە بە شتێکی ڕاستەقینە وەربگرێت لە وەسفی دەرەکی بۆ کەسایەتییەکان کە چیرۆکنووس پێشکەشمانی دەکات . وەسفیش پۆشاك دەگرێتەوە وە هەیکەلی دەرەوە یان پێکهاتەی جەستەیی کە بەڵگەن لەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتی یان کردار وە یان بارودۆخی کۆمەڵایەتی وە یان بنیاتی جەستەیی کە بەڵگەیەکە لەسەر تەمەن وە پێدانی هەندێ شتی دیکە لە هێزی جەستەیی یان جوانی یان لیاقەی ئەوەی کە بەکاردەهێنرێت

٢- **دەستنیشانکردن بە پشت بەستن لەسەر وەسفکردنی چیرۆکنووس** : ئەمە شێوازێکی کۆنە لە هونەری چیرۆکیدا کە چیرۆکنووس هەڵدەستێت بە پچڕاندنی و بڕینی ڕۆیشتنی ڕووداوەکان یان گێڕانەوەکە لەبەر ئەوە بڕیارێکی دروستمان لەسەر کەسایەتییەکە و هەڵچوونەکانی پێشکەش بکات . لەم حاڵەتەدا چیرۆکنووس خەیاڵی خوێنەر دەبەستێتەوە وە بێ بەشی دەکات لە چێژی بەرهەم هێنان وە بەشداریکردنێکی هزری لە گەشەکردنی کاری چیرۆکی وە لەجیاتی ئەوە لە قاڵبێکی ئامادەکراودا ڕاستەوخۆ ئەو شتانە دەداتە خوێنەرەکە بۆ ناولێنان و بەڵگە...و لە چیرۆکی هونەری هاوچەرخدا زۆربەی نووسەران دوور دەکەونەوە لەم جۆرە دەستنیشانکردنە... کە خوێنەری بێ بەشکرد لە چێژی بەرهەمهێنان وبەشداربوونی هەڵچوونەکانی وهزری کە بچێتە ناواخنی کەسایەتییەکان کە لەبەرامبەریدا پێشکەشکراوە .

٣- **دەستنیشانکردن بە نمایشکردنی بیرۆکەکانی کەسایەتییەکان** : هەندێجار چیرۆکنووس بۆ گەیشتنی هەواڵەکان پەنا دەبات بۆ شێوازێکی دیکە لەسەر دەروون و عەقڵییەتی یەکێك لە کەسایەتییەکان لە کاری چیرۆکی ، ئەوەش کە چیرۆکنووسەکە کەسایەتییەك دەکات بە نوێنەری خۆی بۆ قسەکردن لە جیاتی خۆی کە ئەو کەسایەتییە دەبێتە زمانحاڵی دانەرەکە . وە شێوازێکی دیکە هەیە بۆ هەواڵەکان کە یەکێك لەو کەسایەتییانە قسەدەکات لەسەر کەسایەتییەکی دیکە وە بڕیارێکی دروستمان لەسەر ئەو کەسایەتییە پێشکەش دەکات . ئەم شێوازانە فەزڵیان هەیە لەسەر ڕێی (٢) کە چیرۆکنووس دەچێتە نێو هەموو ڕێیە بچووکەکانی ڕۆیشتنی ڕووداوە چیرۆکییەکان ئەو کاتە بڕیارە تایبەتییەکانی پێشکەش دەکات و داوامان لێدەکات پابەند بین بەوەی چیرۆکنووس دەیڵێت ... لە پێشدا (ڕابردوو) باوەڕ وابوو کە چیرۆکنووس دڵخۆشمان دەکات بە هەواڵە بچووك و گەورەکان لە کارە هونەرییەکەی ، بەڵام لە ئێستادا چیرۆکنووس لەو بڕوایەدایە کە خوێنەر بەرپرسە بە بەشداریکردن و کارلێککردنی لەگەڵ کارە چیرۆکییەکە ...وە لە شێوازی هەواڵی ڕاستەوخۆدا لە کاری چیرۆکیدا وەسفێکی کتوپڕ و بڕیارێکی ناتەواو لەسەر کەسایەتییە چیرۆکییەکە بە خوێنەر دەدرێت ، بەڵام لە شێوازی ڕێگای ناڕاستەوخۆدا خوێنەر خۆی یەك لە دوای یەك لەسەر کەسایەتییە چیرۆکییەکە ئەوە دەردەخات بە هەموو بیروباوەڕی و زیندوێتی و ڕەسەنایەتی ، وەك کورتە چیرۆکی ( خۆتافیرکرن ) [١]

---

١- خۆتافیرکرن ، فاضل عمر .

که کەسێکی دیکە کە کارەکتەرێکە لەنێو کورتە چیرۆکەکە زانیاری و بڕیاری دروستمان لەسەر کەسایەتی یەك پێشکەش دەکات و تەنیا بە بینینی پیاوە پیرەکە ئەو ژیانیمان بۆ دەگێڕێتەوە .

**٤- دەستنیشانکردن بە بەکارهێنانی گفتوگۆ :** مرۆڤ زمان بەکاردەهێنێت وەك هۆیەك بۆ قسەکردن و بەیەکگەیشتنی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ، و ڕێگای زمانی ڕۆژانە گفتوگۆیە ...و زۆربەی خەڵکی وا ئەکەن گفتوگۆ دەکەن بە پەردەیەك بۆ شاردنەوەی کەسایەتییەکانیان لەجیاتی دەرخستنی ، ئەو کەسایەتییە لە ژیانی ڕۆژانە قسەی ئەوانی دیکە وەردەگرێت بەبێ لێکدانەوە و بە هەموو پیتێك باوەڕ دەکات ... چیرۆکنووسی سەرکەوتوو وامان لێ دەکات کە مامەڵمان لەگەڵ کەسایەتییە چیرۆکییەکانی بە وریایی و نەرمی و هێمنی بێت لەبەر ئەوەی بڕیارێکی عاقڵانە دەربکەین لەسەر کەسایەتییەك لەو کەسایەتییانە ، و پێویستە لەسەرمان قسەی کەسایەتییەکە بخەینە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ڕووداوەکان ، هەندێ کەسایەتی ڕاستگۆیە و ڕوونە ، وە هەندێك ناڕوون و نادیارن سێیەمیش مەبەستی ئەوەیە توشی واهمە و خەڵەتاندنت بکات ، چوارەمیش بە پێچەوانەی ئەو شتەی دەیزانیت سەبارەت بە کاری چیرۆکی.

**٥- دەستنیشانکردن بە وێنەگرتنی کردارەکان :** ئەمە بە یەکێك لە باشترین و سەرکەوتوترین ڕێ دەژمێردرێت بۆ دەرخستنی کەسایەتییە چیرۆکییەکە وە ناواخنی . لەوەی کەسایەتییە چیرۆکییەکە دەیکات وە یان سەرکەوتوو نابێت لە کارەکەی یان ئەوەی هەڵیدەبژێرێت کە بیکات ، ئەمانە هەمووی بەڵگەی ڕوونن لەسەر نەفسییەتی ئەو کەسایەتییە و پێکهاتە عەقڵی و سۆزدارییەکەی . مانای ئەوەیە کە ڕووداوە دەرەکییەکان و وەڵامدانەوەی دیاردەکان دەکرێت بەکاربهێنرێت و پێوانە بکرێت یەکسان بکرێت بە واقیعی ناوەوە بۆ دەروونی کەسایەتییە چیرۆکییەکە . و ڕووداوە دەرەکییەکان بنیاتی ناوەوە دەردەخات بۆ کەسایەتییەکە ... زۆربەی نووسەرە هاوچەرخەکان پەنا دەبەن بۆ ڕووداو یان بۆ کارێکی بچووك بەڵام بە واتایەکی گەورە ، لەبەر ئەوەی بیرۆکەیەکی گشتیمان پێببەخشێت لەسەر ئەو کەسایەتییە. ڕووداو وەکو خۆی بایەخێکی گەورەی هەیە و مانایەکی دژواری هەیە ، بەڵام پێویستە ئاگاداربین لەسەر بایەخی ڕووداوەکە لە نێو کارە چیرۆکییەکە وە لە میانی شێوازێکی گشتی بۆ هەڵسووکەوتی ئەو کەسایەتییە وامان لێدەکات زۆربەی کارەکان و هەڵسووکەوتی ئەو کەسایەتییە وەربگرین و بیخەینە چوارچێوەی کۆمەڵە ڕووداوەکان. )) [١]

کەسێتی گەشەکردووش دەتوانێت لە چیرۆکدا گۆڕانکاری لە خودی خۆیدا بکات هەروەها لە واقیعیشدا گۆڕانکاری و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەبێت ، ئەوەش بەوەی کارەکتەر لە نێو کورتە چیرۆکدا چەند ڕۆڵ و ئەرکێك وەردەگرێت .

## ڕۆڵ و ئەرکی کارەکتەر :

**١- کارەکتەری هەواڵی :** کە ڕۆڵی چیرۆکنووس دەبینێت لە دەرەوەی چیرۆکەکەوە بابەتەکان دەگەیەنێت ، کە زیاتر زانیاری و هەواڵمان پێڕادەگەیەنێت وەیان وەك گێڕەرەوەیە و شتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و بۆمان باس دەکات و خوێنەریش گوێی لێ دەگرێت ، ئەم جۆرەی کارەکتەر بە گشتی لە نێو چیرۆکدا جێی خۆی دەکاتەوە و ئاسانتر دەبینرێت و خوێنەر بەرکەوتنی لەگەڵیدا دەبێت .

---

١- النقدالتطبيقي التحليلي ، د.عدنان خالد عبدالله ، ل ٦٩-٧٤

٢- **کارەکتەری پرسیارکەر** : بە بەردەوامی هەر لەسەرەتای چیرۆکەوە تا کۆتایی پرسیار دەکات ، پرسیارەکانیش هەموو شێوازێك دەگرێتەوە کە هەندێجار دەپرسێت ، من کێم؟ کە پرسیاری فەلسەفی و ئاسایی ئاراستەی خۆی و دەوروبەریش دەکات ، یان پرسیاری چۆن وا گەورەبووم؟ بە درێژایی تەمەنم چیم کردووە؟ کە پرسیارە خودییەکان دەچێتە ئاستی مۆنۆلۆگ لەگەڵ ناخ و دەروونی خۆی و پرسیارەکانی دیکەش کە ئاراستەی کەسێکی دەکات دەبێتە دیالۆگ ، وە چەندان پرسیاری دیکە ، ئەم شێوە کارەکتەرە زیاتر بیر و هزری وەك فەیلەسوفی هەیە لە بەدوا گەڕان ناوەستێ و بەردەوامە . وەك کارەکتەری کورتە چیرۆکەکانی (بەیازی گوڵفرۆشێك ، نامۆکە ، دەرزا دلی)

٣- کارەکتەری هزرکەر : ئەم کارەکتەرە بەردەوام بیر دەکاتەوە لە ژیان و ئەو ڕووداوانەی خەریکە بەسەریدا دێن ، یان بیر دەکاتەوە چۆن کێشەکان چارەسەر بکات ، بەوەش لە کارەکتەری (پرسیارکەر) جیا دەکرێتەوە کە هەر بیر دەکاتەوە بەبێ ئەوەی پرسیار بکات ، لە خودی خۆی و لە کەسی بەرامبەر . وەك کارەکتەری (دیوار و هاوارەکانی خۆم ، کاتم نیە بۆ شێتی) وە کارەکتەری (بەیازی گوڵفرۆشێك) سەرەتا کارەکتەرێکی پرسیارکەرە ، بەڵام دواتر دەگاتە پرسیاری فەلسەفی و دەپرسێت (( نازانم من کێم ؟ من چی بووم جار بەجارێك لە کون و کەلەبەر و لۆچی خەونەکانمدا بۆ وەڵامێك دەگەڕێم ، بەڵام ئەفسووس ، تەنانەت خەونەکانیشم گاڵتەم پێ دەکەن ...))[١] ٦٤-٦٥ کە هەمیشە بە دوای وەڵامدا دەگەڕێت لەنێو خەونەکانیدا .

٤- کارەکتەری ڕووداو دروستکەر : ئەم کارەکتەرە یان باس لە بوونی ڕووداوێك دەکات و بە شێوەی هەواڵ دەیگوازێتەوە بۆ خوێنەر یان دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕووداو لە چیرۆکدا ، یاخود لە ئەنجامی ڕووداوێکەوە دروست دەبێت ، هەر بۆیە دەکرێت پێی بڵێین (کارەکتەری ڕووداوی) ، کە کارەکتەر دەبێتە جێی باوەڕی خوێنەرەکانی کە هەندێجار گێڕەرەوەیە . وەك کارەکتەری کورتە چیرۆکی (شەوێك ) لەیلا ڕووداو دروست دەکات ، کە دەیتوانی اعتراف بکات و لەوە خراپتری بەسەر نەیەت ، و یان دەیتوانی هەر لەسەرەتاوە بە هیچ شێوەیەك خۆی تێکەڵی ئەو بابەتانە نەکردایە و یان لە (خەونەك بو هەمی یا) دا کوڕەکە خۆی هۆکارە لە دروستبوونی ڕووداوی گرتن و مردنیدا ، وە یان لە کورتە چیرۆکی (خۆتافیرکرن)دا کارەکتەر لە ڕابردوودا ئەوەندە ڕووداوی خولڤاندووە کە لە کۆتایدا پێویستە ڕێی خۆپاککردنەوە بگرێتەبەر .

٥- کارەکتەری ئەندێشەیی : ئەم شێوە کارەکتەرە لە کورتە چیرۆکدا جێی نابێتەوە ، ئەگەر چیرۆکنووس هەوڵی بوونی بدات ئەوە لە هونەرێتییەکەی کەم دەکاتەوە ، مەگەر لە حاڵەتێکی پێویستی کورتە چیرۆکەکە لە ئەنجامی گێڕانەوە بێتە ناوەوە دەنا ئەوە نامۆیە بە کورتە چیرۆك ئەوەش زۆر بە کەمی دەبینرێت .

٦- کارەکتەری شوێنی : ئەم شێوەیە هەوڵی ئەوە دەدات شوێنمان نیشان بدات کە تەواوی چیرۆکەکەی لەسەر بونیاد نراوە ، واتە شوێن تاڕادەیەك ڕۆڵی کارەکتەر دەبینێت ، بەوەی تەواوی قورسایی چیرۆکەکەی دەکەوێتەسەر و ڕووداوەکان لە دەوری شوێندا دەسوڕێنەوە ، واتە زیاتر تیشك دەخرێتە سەر شوێن لە چیرۆکدا . وەك کورتە چیرۆکەکانی (وەلاتێ نێرگزا ، بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من ) کە شوێن ئەوەندە بە زەقی دەردەکەوێت وا هەست دەکەیت شوێن بووەتە کارەکتەری چیرۆکەکان .

---

١- بەیازی گوڵفرۆشێك ، کۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح ، ل ٦٤-٦٥

٧- **کارەکتەری کاتی** : لێرەدا زیاتر باس لە کات دەکرێت و یان کاتی ڕووداوەکان نیشان دەدرێت ، بە گشتی چیرۆکەکە لە دەوری کاتدا ڕووداوەکانی دەبینرێت و کات هەموو شتێك دەگەیەنێت لەو شێوە کارەکتەرەدا .

کارەکتەریش بە گشتی بۆ ئەوە دێتە نێو چیرۆکەوە ، تاوەکو ڕووداوەکان هەڵبسوڕێنێت ؛ ڕووداوەکانیش مەبەست لەخۆ دەگرن وە خوێنەریش لە ڕێی کارەکتەر و گەیشتن بە مەبەستی چیرۆکەکە دەتوانێت بگاتە (تێم) ، جا کە کارەکتەر ڕاستەوخۆ و بە ڕوونی دەربکەوێت یان بە نامۆیی و نادیاری یان هەندێجار شێوەی (مەتەڵ)ی تێدا دەردەکەوێت ، کە بە شێوەیەك لە کارەکتەر دەڕوانین بەڵام دواتر هەست دەکەین کارەکتەرێکی هەڵخەڵتێنەرە و ئەو کردەوانەی ئەنجامی داوە تەنها بۆ فریودانی خوێنەر بووە  بۆ ئەوەی بە هەڵەیدا ببات و بیری پەرش و بڵاو بکاتەوە لە گەڕان بە دوای تێمی کارەکەدا ، کارەکتەری چیرۆکیش لەگەڵ تێمەکەیدا هێندە بە نێو یەکدا دەچن کە دەکرێت (هەژارێك) هۆکاری دروست بوونی تێمی (هەژاری) بێت ، بەڵام ئەمە بۆ هەموو چیرۆکێك دەست نادات کە کارەکتەری (هەژار) تێمی (هەژاری) هەڵبگرێت بۆ کورتە چیرۆکەکە ، پێدەچێت بۆ چیرۆکێکی دیکە مۆتیڤێك بێت لە چیرۆکەکە . وەك لە کورتە چیرۆکی (**وڵاتم لەوێ یە!**)تێمەکەش باس لە دوورە وڵاتی و گەڕانەوەی تێدایە ، بەڵام لە کورتە چیرۆکی (کۆچ) کە زیاتر بیرمان بۆ وڵات و جێهێشتنی ئەچێت ، کەچی لە کۆتایی چیرۆکەکە باس لەبارکردنی ماڵی کچێك دەکات و تێمەکەش کۆچ نییە ، بەڵکو (دەروونییە) و پەیوەستە بە شەرم و ترس لەلای کارەکتەرێك .

هەر بۆ کارەکتەر ڕێگای وێنە گرتنی کەسایەتییەکانیشمان هەیە کە چیرۆکنووس پشتی پێدەبەستێت و کاری خۆی لەسەر بونیاد دەنێت ، کە ئەوانەش ڕێگای (هەواڵی) ڕاگەیاندنە ، یان دەرخستن و خستنە ڕووە ، کە ئەمەش واتە چیرۆکنووس هەر شتێکی لەسەر کارەکتەر دەیزانێت لە شێوەی هەواڵ هەموویمان پێ ڕادەگەیەنێت یان ئەوەتا شتێك دەکات کە خوێنەر دواتر بگەڕێ بە دوای کەسایەتی کارەکتەردا و بەهۆی ڕووداوەکان و تێم و شوێن و کات زانیاری بە دەست بخات لەسەر کارەکتەر ، کە ئەم ڕێگایە گونجاوتر و دەستکەوتی زانیاری و شارەزایی بوونی لەسەر کارەکتەری زیاتر تێدایە ، وە باشتریش وایە ڕێگای یەکەمیش (هەواڵی) پشتگوێ نەخرێت  هەرچەندە ڕێگای دووەم زیاتر جێی کار لەسەر کردن و گرنگی پێدانە .

## ٥- پەیوەندی تێم و ( شوێن و کات ) لە کورتە چیرۆکی کوردیدا :

کورتە چیرۆك هەڵگری کۆمەڵێك ڕەگەزی گرنگە لەگەڵ کرۆك(تێم)ی کارەکەدا، لەو ڕەگەزە گرنگانەش (شوێن وکات )ن کە هەردوو ڕەگەزەکە بۆ کاری گێڕانەوەیی جێی بایەخی چیرۆکنووس و خوێنەریشن ، سەرەڕای ئەوەش ئەو دوو ڕەگەزە نەك هەر بۆ تێم بەڵکو بۆ ڕەگەزی ( کارەکتەر ) یش زیاتر جێی بایەخە بەو هۆیەی کارەکتەر پێویستی بەوەیە ( شوێن)ێکی هەبێت تاوەکو کار و ڕووداوەکانی ژیانی لەسەر ئەنجام بدات و هەروەها پێویستی بە (کات)یش هەیە بەڵکو لەو ڕێیەوە بزانێت لە چ کاتێکدا ژیانی دەگوزەرێت و بزانێت چۆن مامەڵە دەکات ، وە بە هەرەمەکی و لە خۆوە کارەکان بە شێوەیەك نەکات کە لەگەڵ کاتدا تەبا نەبێت وە بزانێت ( ڕابردوو ، ئیستا ، داهاتوو ) کەیە ، دیارە بەم تێکەڵاویی و بە نێودا چوونی کات و شوێن لە چیرۆکدا دەمانەوێ پێکەوە لەسەر هەردوولایان بدوێن و وەك دوو بابەتی زۆر دوور و لەیەك جیا تەماشایان نەکەین هەرچەندە وەك ڕەگەز دوو ڕەگەزی جیاواز لە یەکدین ، بەڵام لە بابەتی لێکۆڵینەوەدا بەهۆی پەیوەندییەکەیان لە چیرۆکدا لە یەکدی نزیك دەبنەوە ، کە بە شێوەیەك بوونی هەریەکێکیان ئەوی دیکە لەگەڵ خۆی پەلکێش دەکات .

بە نموونە کاتێك بە زەمەن باس لە سەردەمی منداڵی بکەین وەك (کات) ، ئەوە بێگومان وامان لێدەکات بگەڕێینەوە بۆ (شوێن) ، بۆ ئەو خانوو گەڕەکانەی لێی ژیاوین و ژیانمان تێیدا بەسەر بردووە لەگەڵ کەسەکانی دەوروبەرمان ، بێگومان لە نێو کاری چیرۆکیشدا بوونی (کات) بە بێ هۆ نییە کاتێك باس دەکرێت ، بەو هۆیەی چیرۆکنووس زۆرجار بۆ ئەوەی بمانباتە (شوێنێك)بەبێ چەندو چوون پێویستی بە کاتێك هەیە ، تاوەکو لەگەڵ خۆی بمانبات بۆ ئەو شوێنەی مەبەستییەتی بە نموونە گەڕەکێك لە منداڵیدا کە کارەکتەر تێیدا ژیاوە ، یان شوێنێك کە نزیکە لە خەیاڵ ، بۆ ئەمەش بۆ ئەوەی کارەکتەر لەم شوێن و کاتەی ئێستا تێیدایە و لە نێویدا دەژی ، چیرۆکنووس دەتوانێت بە فلاشباك بمانباتەوە بۆ ڕابردووی ژیان ، ڕابردووی بووی پڕ لە جووڵە ، وە جیاواز لە کاتی ئێستا ، وە هەروەها چیرۆکنووس دەتوانێت لە ڕێی پێشبینییەوە لە ئێستادا لەگەڵ کارەکتەر لە شوێنی خۆمان بمانگوازێتەوە بۆ شوێنێك کە لە داهاتوودا پێشبینی دەکات کە بوونی هەبێت ، واتە لەڕێی ئەو پێشبینییەوە جگە لەوەی کە (شوێن)مان پێدەگۆڕێت ؛ ئەوا بەبێ ئەوەی خوێنەر هەستی پێبکات ڕاستەوخۆ گوازراوەتەوە بۆ (کات)ێك کە هێشتا بوونی نییە بەڵام ڕووداو و کارەسات و جووڵەی تێدا ڕوودەدات ، بەم شێوەیە دەتوانرێت خوێنەر ببرێتە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو لەڕێی تەنیا ناوهێنانی زەمەنێکی مێژوویی کە تێیدا نەژیاوە ، واتە خوێنەر لە جیهانێکەوە دەگوێزرێتەوە جیهانێك بەدەر لەو جیهانەی ئەو تێیدا دەژی ، واتە (( ئەوەی تایبەتە بە کات گەر بمانەوێت سەردەمێکی مێژوویی و دیاریکراو دیاری بکەین بۆ نموونە سەرەتای سەدەی(١٩) — ئەوە بەسە کە باسی گواستنەوەی خوێنەر بکەین بۆ جیهانێکی دیکە لە چیرۆکدا ... کەواتە کات یەکە یەکە ڕەهەندەکان زیاد دەکات کە لە چیرۆکدا کۆتایی نایەت وە نموونە کاتێك نووسەرێك قسە دەکات لە سێی دوای نیوە شەو ئەوە خوێنەر دەگوێزرێتەوە و دەبرێتە شوێنێکی ترسناك و کارە نارەواکان و سۆزدارێتی و دزی ، یان ئیمانداران و سوپاسگوزارییەکان و ، یان دایکێك کە لە دڵە خورپەی کۆرپە نەخۆشەکەیەتی یان هاوسەرێکی پەشۆکاو کە هاوسەرەکەی دوا کەوتووە .)) [١] شوێن و کات لە چیرۆکە مێژووییەکان

---

١- الزمان والمكان في القصة القصيرة http://www.mnab٣.com/vb/showthread.php?t=١٨٦١١

لای نووسەران زۆر گرنگن ، چونکە لەوێدا وێنەی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری و پۆشاکی و ڕێگەی ژیانیان وێنە گیراوە و هەر بۆیە خوێنەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو لایەنانەدا زوو یەکدەگرێت و زووتر کاریگەری لەسەر دروست دەبێت و دەگوێزرێتەوە بۆ ئەو جیهانە مێژووییە .

وەك ئەوەی ( د. شجاع مسلم العانی) باسی لە شوێنی مێژوویی ( المكان التأريخي ) كردووە ، پێی وایە كە (( شوێنی مێژوویی شوێنێكە ، هەرگیز لە كات دانابڕێت ، پێدەچێت ئەمە وا بگەیەنێت ، كە ئێمە پێمان وایە شوێن هەیە پەیوەستە بە كاتەوە ، ، شوێنیش هەیە لێی دابڕاوە . لە ڕاستیدا كارەكە بە پێچەوانەی ئەمەیە ، بە بۆچوونی ئێمە ناشێت هیچ شوێنێك بەهەر شێوەیەك لە شێوەكان لە كات جیا ببێتەوە ، چۆن ناشتوانێت لە جوولە جیا ببێتەوە .))[1]

لێرەدا بایەخی (كات) لەوەدا دەردەكەوێت ، كە وا لە خوێنەر دەكات لە چەند ڕەهەندێكەوە بڕوانێتە تێم و ڕووداوی كارە چیرۆكییەكە ، ئەمەش بەوەی چۆن لە كاتی ڕوودانی ڕووداوەكان دەڕوانێت وە یاخود چۆن لێكدانەوەكانی دەخاتە جوولە ، وە لە خوێنەرێكەوە بۆ خوێنەرێكی دیكە ڕەهەندەكان جیاواز دەبێت وە تێڕوانینەكانیش گۆڕانكارییان بەسەر دێت ، ئەم حاڵەتە لە زۆر لەو كاتانەدا دێت كە نووسەر بە مەبەست نایەوێت ( شوێن ) ئاشكرا بكات ، بەڵام بەهۆی بارودۆخەكە و یەكگرتنی لەگەڵ كاتدا خوێنەر شوێنی چیرۆكەكە دەزانێت ، جا ئەمەش هەر لە توانای چیرۆكنووسی زیرەك دەوەشێتەوە ، لەوانەیە بە ئەنقەست ئەو كاری شاردنەوەیەی ئەنجام دابێت ، وە دەشكرێت بە ڕێكەوت لە دەستی نووسەرێك خوڵقابێت كە هیچ ئەو مەبەستەی نەبووبێت ، بەڵام ئەوەی كە گرنگە ئەوەیە خوێنەر بۆ خۆی دەگەڕێت بە دوای (شوێن)دا و هیچ باكی بە بوونی ڕاستەوخۆی شوێن نییە لەو كاتەدا ، ئەوەش بەو مەرجەی ڕەگەزەكانی دیكەی چیرۆكەكە بە تایبەتی كات و تێمەكە بە شێوەیەكی زیرەكانە مامەڵەی لەگەڵدا كرا بێت و لە تواناییاندا هەبێت ئەو قورسایی نادیاری و نا ئاشكراییە لە خۆیاندا هەڵبگرن ، ، بۆ ئەمەش بیر و زەینی چیرۆكنووس و خوێنەریش ڕۆڵی كاریگەریان هەیە لەم بینینی كات و شوێنە پێكەوە و لە كورتە چیرۆكەكەشدا پەیوەندییە ئۆرگانییەكەیان لەیاد نەكەن بۆ هەر كارێكی چیرۆكی ، جا ئیدی (شوێن و كات) لەگەڵ هەر سیما و تایبەتمەندییەكی جیا لەوەی دیكە ، كە هەیەتی ، هەردووكیشیان پێكەوە كاریگەرییەكانیان لەسەر ڕەگەزەكانی دیكە دەردەخەن بەو واتایە (( ئەگەرچی لە شیكردنەوەی دەقە چیرۆكەكاندا هەردووكیان بە جیا كاریگەریی خۆیان لەسەر ڕووداو و هەڵسوكەوت و سیما و خەسڵەت و تەنانەت چارەنووسی كەسەكان بینیوە ، هەریەك لەو دووانە بە ڕێژەی جیاواز بەشدارییان لە ڕێڕەوی چیرۆك و سەرهەڵدان و كپكردنی جوڵە و ڕووداوەكاندا هەبوو . ))[2] كەواتە بە تەنیا باسكردنی (شوێن) لە كورتە چیرۆكێكدا ، تەواو بوونی چیرۆكەكە ناپێكێت ئەگەر باس لە (كات) نەكەین ، هەروەها زۆر لە لێكۆڵەرانیش ( شوێن و كات)یان پێكەوە گرێداوە و لە یەك زاراوەدا شوێنیان كردونەتەوە و زاراوەی ( شوێنكات ) یان ( جێكات )یان داهێناوە و لە لێكۆڵینەوەكانیاندا بەكاریان هێناوە ، پێدەچێت ئەمە لەو بۆچوونەی هیگل هاتبێت كە بۆ (شوێنی مێژوویی ) پێی وایە كە(( " كۆی یەكگرتنی كات و شوێنە. " ))[3] ئەمەش بۆ ئەوەیە تاوەكو بایەخی شوێن و كات لەیەكدی دانەبڕێن-

---

١- البناء الفني في الرواية العربية في العراق ، د. شجاع مسلم العاني، دار الشؤون الثقافية العامة ، ط٢،بغداد، ٢٠٠٠ ، ص ٥٩

٢- سیماو خەسڵەتی كارەكتەر لەكورتە چیرۆكی كوردیی نێوان (١٩٢٥-١٩٥٠)دا ، د.مەریوانی عومەر دەوڵەت ، ل ١٥٣

٣- البناء الفني في الرواية العربية في العراق ، سەرچاوەی پێشووتر ، ص ٥٩ .

- زیاتر لە جەستەیەکدا کۆیان بکەینەوە ، هەر بۆ ئەوەی وەك دوو بابەتی لەیەکدی جیاواز دەرنەکەون ؛ لەهەمووو ئەم حاڵەتانەشدا ئەوە ناگەیەنێت کە بڵێین ( شوێن = کات ) نا نەخێر بەڵکو هەر یەك بۆخۆی سیفەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە ، بەڵام وەك گوتمان بە جیا و دور لەیەکتر لەناو بەرهەمێکدا ناکرێت بەبێ یەکدی باسیان لێوە بکرێت بەهۆی پەیوەندییە زۆر نزیکەکەیانەوە ، هەروەك چۆن لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەی نێو کورتە چیرۆك بە گشتی تەواوکەری یەکدین . بە نموونە (شوێن) بەپێی زەمەنێکی دیاریکراو جۆرە شوێنێك دەخولێنێت ، وە ئەو زەمەنە و پێویستی ئەو زەمەنە وا دەکات کە پێویستمان بە شوێنێکی لەو شێوەیە بێت ، بە هەمان شێوە (کات )یش لەنێو شوێندا دەتوێتەوە وە دەبێت کات لە شوێنێکدا لە دایك بێت و گەشە بکات و کامڵ بێت ، هەروەها کات بەپێی کاتی نێو چیرۆکەکەش ( ڕابردوو ، ڕانەبردوو، ئێستا، داهاتوو)ی هەیە وڕووداوەکانیش پێویستییان بەوە هەیە لە کاتێکی گونجاوی گێڕانەوەدا ڕووبدەن و کەسانی دیکە و شوێنی نوێ و ڕووداوی نوێ بخولقێنن . جا لێرەدا بۆ خاتری شیکاری و توێژینەوە لەو کورتە چیرۆکانەی قۆناغی دوای ڕاپەڕین تاوەکو باس لە (شوێن وکات ) بکەین بە وردەکارییەکانیانەوە بە پەیوەندییان لەگەڵ یەکدی و هەروەها بە تایبەت لە هەریەکێکیان دەدوێین .

ئەگەر لە **شوێن** بدوێین لە چیرۆکدا ئەوە پێویستە لە سەرەتاوە ئەوە لە یەکدی جیا بکەینەوە کە زۆرجار وشەی (فەزا) بە هەڵە بەکاردێت و بە تەنها بۆ شوێن دادەنرێت و ئیدی مافی ڕەگەزەکانی دیکە فەرامۆش دەکرێت کە لە ڕاستیدا ئەمە بەو شێوەیە نییە وە پێویستە وشەی (فەزا) وەك خۆی لێکدانەوەی بۆ بکرێت ، کە دەبینین وشەی شوێن دەدرێتە پاڵ فەزا وە یان بە پێچەوانەوە ، کە لە بری ناوی ڕەگەزی شوێن لە چیرۆکێکدا دەوترێت فەزا بریتییە لە شوێنی نێو چیرۆك ، بە نموونە ( تانیا ئەسعەد محەممەد ) لە کتێبەکەی خۆیدا ( بینای شوێن لە دوو نموونەی رۆمانی کوردیدا ) لە پێناسەیەکدا کە دوو ڕستەی پێچەوانەی بەکارهێناوە بۆ شوێن و فەزا ، دەڵێت : (( شوێن بەشێکە لە فەزای رۆمان و فەزا لە کۆمەڵە شوێنێك پێکدێت . ))[1] دەبوو پێش هەموو شتێك وشەی (فەزا)ی دەستنیشان بکردایە ، ڕاستە ئەوە دروستە کە شوێن بەشێکە لە فەزای ڕۆمان ، بەڵام فەزا لە کۆمەڵە شوێنێك پێك نایەت ، دەکرێت بڵێین کە شوێنە جیاوازەکانی چیرۆك و هەموو ڕەگەزەکانی دیکە دەچنە نێو فەزای چیرۆکەکەوە ، گەر بێت و بڵێین فەزای دەق ئەو بۆشاییە جوگرافییەیە کە لە نەخشەیەکدا تەواوی ڕەگەزەکان لەخۆ دەگرێت ، واتە تەواوی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی تێدا جێ دەبێتەوە ، وە فەزای ڕووداوەکان ئەو بۆشاییەیە کە لە چیرۆکەکەدا هەیە و ڕووداوەکانی لەنێودا ڕوودەدات .

لەمەوە تێدەگەین کە ( فەزای دەق و فەزای ڕووداو )مان هەیە و هەریەکەیان ئەو بۆشاییەیە کە گشت و تاك لەخۆ دەگرن لە ڕەگەزەکان ، فەزای دەق گشت لەخۆ دەگرێت کە ئەو بۆشاییەیە تێکڕای ( تێم و کارەکتەر و ڕووداو و کات و شوێن ) دەچنە نێو ئەو چوارچێوەیەی پێی دەڵێن فەزا یاخود( کەش ، ئەتمۆسفێر ) ، کە تێمی کارە چیرۆکیەکەش واتە بیرۆکەی سەرەکی پێویستی بەوە هەیە شوێنی کرابێتەوە لەو جیهانەی پێی دەڵێن فەزای کورتە چیرۆك ، هەروەها فەزای ڕووداویش گشت لەخۆ دەگرێت ، بەڵام تەنیا لەو کاتەی کە باس لە شوێنی ڕوودانی ڕووداو بکەین ئەوە ؛ بەو واتایە دێت کە باس لە ڕەگەزی شوێن دەکەین لەو کاتەدا لە گشتێتی دەردەچین وفەزای ڕووداو تاك دەبێت ، ئەو شوێنەی ڕووداوەکانی چیرۆکی لەسەر ڕوودەدات وەك ئەوەی کارەکتەر و خوێنەریش لەگەڵ ئەو شوێنە ( شوێنانە ) دا

---

١- بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا(هێلانە ، ئەژدیها) ، تانیا ئەسعەد محەممەد ساڵح ،چ١، سلێمانی ،٢٠١١ ، ل ٨

مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و ڕەنگ بێت شوێنێکی واقیعی بێت و پێشتر بینیبێتیان یاخود لە ئێستا و داهاتوودا بیبینین ، کەواتە دەڵێین فەزای دەق (چیرۆك) هەموو ڕەگەزەکان لەنێویدا جێیان دەبێتەوە بە ڕەگەزی (شوێن)یشەوە .

هەروەها هەر لەو ڕووەی پەیوەندییە نزیکەکەی نێوان ( شوێن و کات) دەربکەوێت باشترین شوێن بۆ لێکدانەبڕانیان بوونیماڵێکە کە (فەزا)یە ؛ فەزاش (( ڕووداو کە لە (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی) پێك دێت ڕووداو لە بۆشاییدا ڕوو نادات پێویستی بە ژینگەیەکی گونجاو هەیە کە یارمەتی گەشەکردنی ڕووداو بدات فەزا لە کات و شوێن پێك دێت و بە چاودێری کردنی پانتایی و قەبارەی چیرۆکەکە . وا پێویستە پارێزگاری لە یەکەکانی کات و شوێندا بکرێت . ))[1] لەم پێناسەیەشدا دەبینین کە هەوڵدراوە (شوێن و کات)وەك دوو ڕەگەزی نزیك لەیەکتر ببینرێن ، نزیکییەکەش هێندە زۆرە بە ڕادەیەکە کە دەوترێت فەزا لە کات و شوێن پێك دێت ، لە کاتێکیشدا پێشتر ئاماژە بۆ ڕووداو کراوە کە مەبەست لە فەزای ڕووداوە ، بەڵام هێنانی ڕەگەزی کات بۆ فەزای ڕووداو ئەوە دەردەخات کە ڕووداو بەو هۆیەی سەرەتا لە شوێنێك و لە کاتێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت لەبەر ئەوەش کە کورتە چیرۆك مەودای کەم و سنوردارە هەربۆیە دەکرێت تا کۆتایی کورتەچیرۆکەکە هەرهەمان شوێن بێت بۆ ڕووداوەکەی ڕوویداوە یان ڕوودەدات لە داهاتوودا ، ڕووداوەکە کە دەگاتە ناوەڕاست و گرێچنی کارەکە تێیدا ئاڵۆز دەبێت و دواتر کە دەگاتە کۆتایی هەمووی هەر لەهەمان شوێنی پێشووە و گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە ، لەگەڵ ئەوەی کە شوێن نەگۆڕە بەڵام پێویستە بە شێوەیەك گۆڕان لە پێکهاتە و گۆڕان لە کارەکتەرەکاندا ڕووبدات کە بەشێوەیەك بێت شوێن وەك شوێنێکی گەشەکردوو دەربکەوێت ، خوێنەر ئەو هەستەی لەلا دروست ببێت کە ئەمە شوێنی ڕووداوی چیرۆکە ، چونکە بۆشاییەك کە چیرۆك ڕووداوەکانی تێدا جێ دەکاتەوە ، بۆشاییەك نییە بە مانای هیچ ، هەڵگری ڕەگەزەکانیش لە فەزادا شارەزایی و سەلیقەی چیرۆکنووسی دەوێت ، چونکە ئەو چوارچێوەیەی لەبەردەستیدایە بە تواناکانی خۆی دەتوانێت مامەڵەیەکی ژیرانەی لەگەڵدا بکات هەروەها جگە لەوەش کەش وهەوای چیرۆك بەو کاریگەرییانەی کە چۆن کار لەسەر کۆمەڵگە دەکەن ، ئاوەهاش بتوانێت کار لەسەر خودی کارەکتەر و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کارەکتەری چیرۆکەکە بکات. بۆ ئەمەش کەش و هەوا ( دەوروبەر )ی کورتە چیرۆك مەبەست لێی (( ئەو چوارچێوە جوگرافییەو ئەو کەش و هەوایەیە کە هەقایەت یان چیرۆکەکەی تێدا ڕوودەدات...دەوروبەریش بەتەنیا ئەو پێشینە جوگرافییە ( Geographical Background) ناگرێتەوە کە پاڵەوانەکانی تێدا دەژین ، تەنانەت ئەو هێزانەی ناو کۆمەڵگەش دەگرێتەوە کە کار لەو پێشینە جوگرافییە دەکەن .))[2] کە لێرەدا مەبەست فەزای دەقە و باس لە بوونی هەموو ڕەگەزەکانی چیرۆکە و ڕەگەزی شوێنیش لە نێو چیرۆکدا هەر دەکەوێتە ئەو نێوەندە فەزاییەوە لەگەڵ کات لە چیرۆکێکدا و هەروەها کارەکتەر و ڕووداوەکانیش ، هەر لەبەر ئەوەشە (شوێنکات) دەبێتە دووانەیەك لە ڕووداودا کە بە جۆرێك ناکرێت لە یەکدی جیا بکرێنەوە ، هەرچەندە ڕووداو لە نێو کورتە چیرۆکدا لە ڕووی ژمارەوە کەمتر ڕوودەدەن ، بەو هۆیەی ئەوەندە ئاڵۆزی و ناتەبایی ناکەوێتە نێو ڕووداوی کورتە چیرۆك ، تاوەکو کێشە و ئاڵۆزییەکان چڕببنەوە و بواری چارەسەرکردنیان نەبێت

---

١- کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٠-١٩٧٩) ، ئازاد محە مە د سە عید ، ل ١١٩

٢- جیاوازی نێوان هە قایە ت وچیرۆك ، ئازاد حەمە شە ریف ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە (١٦) ، ل ٥٩

له بەرئەوەش کە (( جه و دەم ژ رەگەزێت سەرەکی بیێت چیرۆکێنە ب ڤەگێرانەکا کلاسیکی ، ئانکو جه و دەم دهێنە دیارکرن و پویتە پێ دهێتە دان و رۆلەکێ مەزن دگێرن د رویدانێت چیرۆکێدا.))[1] بەلآم ڕووداو وەك بوونی خۆی زیاتر لە شوێنەکان و کاتە جیاوازەکاندا ڕوودەدات و هەستیان پێدەکرێت هەر لەبەر ئەوەیە کە شوێن و کات هێندە جێی بایەخن لە هونەری گێڕانەوەدا.

## ١) پەیوەندی تێم و شوێن لە کورتە چیرۆکی کوردیدا:-

چیرۆکنووس کاتێك شوێنێکی هونەری لە نێو کورتە چیرۆکدا دروست دەکات لە پێش هەموو شتێك پێویستە جیهانێکی بۆ دروست بکات ، بەو پێیەی داهێنان ماددەی ئەدەبە ، وە شوێنی هونەری پانتاییەکی بچووکە وەك شوێنی واقیعی نییە کە پانتاییەکی زۆر و فراوانی هەیە وە بە تایبەت کە باس لە کورتە چیرۆك دەکەین ، شوێن مەودایەکی کەمی هەیە و کەسایەتی (کارەکتەر)ی نێو کورتە چیرۆکەکە بەهۆی سنووورداری شوێنەوە جولە و بزاوتن و بواری کەمە و کارەکتەر گەر جولەشی هەبێت زیاتر نزیکە لە جێگیرییەوە .

شوێن پەیوەندییەکی گرێدراوی بە مرۆڤەوە هەیە، پەیوەندییەکەش ئەوەیە کە کاتێ گەورە دەبێت بیری شوێنی منداڵی دەکات وە یان بیر لە شوێنی منداڵی دەکاتەوە ، ئەوەش لە ڕێی دورکەوتنەوە بە هۆی ( ڕاگواستن ، دەرکردنی زۆرەملێ ،...) کە کەسێك بەزۆر ببرێت بۆ شوێنێکی دیکە یان بگەڕێنرێتەوە یاخود بە بینینی بەشێك لە شوێنێك کە لە هەمان زێدی خۆی دەچێت و شوێنی ڕاستەقینە بۆ ئەو کارەکتەرە دێتەوە یادی ، وە لەبەرئەوەش ڕووداوەکان پێویستیان بەوەیە شوێنێکیان هەبێت بۆ ئەوەی ڕووداوەکە لە شوێنێکدا بوونی هەبێت ، گومانیش لەوەدا نییە کە شوێن ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا و مامەڵەکردن لەگەڵ شوێنی واقیعیش دەبێت وەها بێت ئەگەر چیرۆکنووسەکە لە واقیعدا شوێنێکی وەرگرت کە بوونی هەیە پێویستە بزانێت چۆن بە هونەری دەکات ، کە هەندێجار شوێن هێندە گرنگی پێدەدرێت کە دەبێتە ناونیشان بۆ چیرۆکێك ، کە دەکرێت لە واقیعی ژیاندا ئەو شوێنە ( پانتاییە) هەیە ، ئەوە گرنگە چیرۆکنووس وەك شوێنی هونەری کاری تێدا بکات نەك وەك ئەوەی چۆن لە واقیعدا هەیە . ناوهێنانی شوێن بە نموونە ( وەلاتێ نێرگزا ) جا ئەگەر ناوی شارێکی یان دێهاتێکی بێت کە کوردستانە ، ئەو ڕووداوانەی لە کاتێکدا ڕوودەدەن یان بەسەر کەسێکدا دێن لەوێدا ، جیاواز دەبن بە جیاوازی شوێنێکی دیکەی سەر زەمین( وڵاتێکی دیکە) یاخود لە کورتە چیرۆکی (خۆتافیرکرن)دا ناوی شوێنی (دهوك ، مالا خودێ ، گەلی بێ کواشێ ، چەلەبەشی ، گەلی دوبانکی ) کە ئەم شوێنانە لە کاتی وەرگێڕانی چیرۆکەکانیشدا پێگە و ناوەکە لە دەست نادەن و وەك خۆیان دەمێننەوە کە شوێنی تایبەتین، ئەم ناوهێنانەش یارمەتیدەرێکی باش دەبێت لە (تێم)ی چیرۆکەکە ، کە وەك ڕەگەزەکانی دیکە نییە وە لە کاتی وەرگێڕانی چیرۆکەکەشدا (شوێن) ناو و ناسنامەی خۆی لە دەست نادات و هەموو تایبەتمەندییەکانی چیرۆکەکە دەپارێزێت ، کە ناوهێنانی شوێنی ڕاستەقینە مەبەستە ، بەلآم ئەمەش بە پێی سەردەمەکان جیاوازی دەکەوێتە نێوانیان ، دەبینین لە ساڵانی پێش ڕاپەڕین ناوهێنانی شوێن سانسۆری لەسەر بووە وە

١- بیاڤێ خواندنێ ، جلال مصطفی ، ل ١١٦

یان هەندێك لە نووسەرانی چیرۆكی كوردی ناوهێنانی شوێنی تایبەتییان بە شتێكی كەم زانیووە ، هەر بۆیە پتر ناوی شوێنی گشتییان بەكارهێناوە ، وەك ( شەقام ، كۆلاّن ، بازار ، چایخانە ، مالّ ، ...) هەروەها چیرۆكنووسێك بۆ ئەوەی (تێم)ی چیرۆكەكەی بەو ئاڕاستەیەدا بڕوات كە خۆی مەبەستییەتی ؛ دێت ڕووداوی دیكە دەخولقێنێت تاوەكو كارەكتەرەكان شوێنی خۆیان بگۆڕن كە ئەمە زیاتر بۆ چیرۆكی درێژ و ڕۆمان گونجاوترە ئەم زۆری شوێن گۆڕینە ، بۆ كورتە چیرۆك ئەو ئازادییە لەبەر دەستی چیرۆكنووسدا كەمترە ، بۆ ئەمەش لە كاتی ڕوودانی ڕووداوێك نووسەری كورتە چیرۆك بەرپرسیارێتییەكی زۆرتری دەكەوێتە ئەستۆ ، چونكە پێویستە شوێن گۆڕینەكە بە هۆیەك لە هۆیەك بەشێوەیەك بێت خوێنەر زۆر بە زەقی هەستی پێنەكات ، سەرەڕای ئەو هەستیارییەش هەردەبێت جولّەی شوێن هەبێت گەر سەیری كورتە چیرۆكی (كولە زەرد) بكەین دەبینین كارەكتەر لە شار بووە و دەگەڕێتەوە بۆ لادێ ، هەروەها لە (دەرزا دلی)شدا باوك و كوڕ لە كوردستانەوە دەچنە بەغدا ، هەروەها كورتە چیرۆكی (ولاّتم لەوێ یە!)دا لە ولاّتی (س) دەچێتە ولاّتی (ن) بە فڕۆكە ، هەروەها لە (تایێ بە ڕوییێ)دا خەلّكی گوندەكە دەچنە ئەشكەوت ، وە لە (خۆتافیركرن)دا كارەكتەر لە دهوكەوە بەڕێ دەكەوێت بۆ مالّی خودا ، هەروەها لە (پەیژە)دا كارەكتەر لە مالّی خۆیان دەچێتە مالّی حاجی برای ، وە هەروەها لە (ژووری میوان)دا منداڵەكە بەهۆی هەلّەیەك دەكرێتە ژووری میوان لە نهۆمی دووەم ، جا چیرۆكنووسان توانیویانە بە شێوەیەكی هونەری گۆڕانی شوێنی كارەكتەرەكان لەگەلّ خەسلّەتی كورتە چیرۆكدا بگونجێنن .

ئەدەب وە بە تایبەت چیرۆك كاریگەرییەكی بەرچاوی هەبووە لە هۆشیاركردنەوەی مرۆڤدا وە زۆر بە تایبەتتر وای كرد كە مرۆڤ لەو تەنیا شوێنەی تێیدا دەژی ، بزانێت جگە لەو شوێنە شوێنی دیكەش هەیە ، كە فراوانی ئەدەب و بلاّوبوونەوەی بە شێوەیەكی گشتی وە ڕێخۆشكەری ئەوەش پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا كە لە سەردەمی پێشكەوتن دەركەوت ، توانرا لەو ڕێیەوە ئاشنای ئەدەبی جیهانی ببین ئەمەش وای كرد كە مرۆڤ وا نەزانێت كە جیهان و شوێنی نیشتەجێبوون تەنها بریتییە لەو شوێنەی كە ئەو تێیدا دەژی ، بەمەش زیاتر هۆشیاری دەستكەوت سەبارەت بە شوێنی ژیانكردن جا لە چیرۆكدا ناوهێنانی شوێن كارێكی گرنگی دەكەوێتە سەر كە هێمایەكە بۆ نیشاندانی زێد و خاكی نەتەوەیەك ، وە شوێن هەر تەنها ئەوە نەبێت وەك چوارچێوەیەك ڕووداوەكانی لە نێودا ڕووبدات و ئیدی هیچ پەیوەندی بە ناوەڕۆك و تێمی چیرۆكەكەوە نەبێت ، بە پێچەوانەوە دەبێت شوێن هێندە بە بایەخەوە بەكاربێت كە چیرۆكنووس چاوی لە كاریگەرییەكانیش بێت بەوەی (( هەر لە ڕێگەی باسكردنی وردەكارییەكانی (شوێن)ەوە دەتوانێت وەك ڕێبازێك ئەوە دەربخات كە چۆن كەسایەتییەكان (ژیان و زمان و شێوازی بیركردنەوەیان) بە گۆڕانی پێگە جوگرافییەكان كرۆكی كەسایەتییەكانیش دەگۆڕێت .))[1] ئەمەش ئەوە دەردەخات ژینگەی ڕووداو زۆر گرنگە ، چونكە كەسایەتی هەرچەندە گرنگی خۆی هەیە ، بەلاّم دەبێت بە پێی ژینگەكە بجولّێتەوە و ڕەفتاربكات هەروەك لە كورتە چیرۆكی (كۆچ)كارەكتەر بەهۆی ئەو خێزان وشوێن و سەردەمەی كە تێیدا دەژی كاریگەری ئەو شەرم و ترسەی لەسەرە كە ناتوانێ ئازادانە بۆ كچێك خۆشەویستی دەربڕێت ، هەر بۆخۆی خودی ژینگە دروستكەری كەسایەتییەكانە ،هەروەك لایەنە جوگرافییە سروشتییەكە لە دەرەوەی چیرۆك بە نموونە ژینگەی گەرم كەس و مرۆڤی كەم چالاك بەرهەم

---

١- ڕوانین لە دە ق ، لێكۆلّینە وە ی ئە دە بی ، د.تاهیر محە مە د عە لی و د.قومری سە عید عە زیز ، ل١١٥

دەهێنێت وە پێچەوانەشەوە ژینگەی سارد کەسی چالاك دروست دەکات هەروەك ئەوەی لە واقیعدا دەیبینین ، ئەم واقیعە کە هەیە ڕەنگ دەداتەوە لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان ، چونکە کاتێك چیرۆکنووسێك کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکەی دادەڕێژێت هەر لەو واقیعە دروستی دەکات کە تێیدا دەژی و نەوەی ژینگە و سروشت و کۆمەڵگەیە ، هەر بۆیە ڕەفتار و قسەکردن و جوڵەی کەسی نێو چیرۆك تارادەیەك بەستراوەتەوە بەو ژینگەیەی کە شوێنی کەسەکانە ، پەیوەندیشان بە تێم دانەبڕاوە کە زۆرجار (تێم) یەکێك لەو هۆکارانەی پەنای بۆ دەبات لە دەرخستندا (شوێن)ە لە چیرۆکدا ، وە زۆرجار دەبینین چیرۆکنووسان شوێنێك کە لە واقیعدا هەیە و سەرچاوەی ئازاری نەتەوەیەکە ، هەر بەو شێوەیە دەیکەنە تێمی کارەکانیان ، کە دەکرێت ئەو شوێنەی لە واقیعدا مانای ئازار دەدات بکرێتە بەهەشتی چیرۆکەکەکان و مانای ژیان و نوێبوونەوە لەخۆی بگرێت ، بە نموونە ناکرێت ناوهێنانی هەڵەبجە هەموو کات بۆ تراژیدیا و نارەحەتی نەتەوەیەك بەکاربێت و ببێتە (تێم)ی کارێك ، بەڵکو دەتوانرێت مانای دیکە و ژیان بە هەڵەبجە بدرێت ، کە ئەم بەکارهێنانی تێمانە پێویستە گۆڕانیان بەسەردا بێت و وا نەبێت لەگەڵ ئەوەی خوێنەر وشە ناسراوەکەی لە چیرۆکێکدا بینی ڕاستەوخۆ تێمەکە لەلای خۆی دەستنیشان بکات ، کە بەشێوەیەك ڕەنگ بێت لە چیرۆکێکدا ناوهێنانی ( هەڵەبجە ، ئەنفال ، کۆڕەو ، گەرمیان ، ...) بەس بێت تا بە هاوارەکانیان تێمی چیرۆکەکە نیشان بدەن ، کە دەتوانین بڵێین بە گشتی چیرۆکنووسان لەمەدا سەرکەوتووبوون و لە ڕێی ناوەڕۆکی کورتە چیرۆکەکانیان ئەو جۆرە تێمانەیان دەرخستووە کە باس لە ئازاری نەتەوە و خاك دەکات وەك (تایێ بە ڕوییێ ، وەلاتێ نێرگزا ، کولە زەرد ، بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من ، ولاّتم لەوێ یە! ، دایکە ویز ) ، کەواتە شوێن چۆن لەسەر زەوی پانتاییەکی پێویستە " لە ئەدەبیشدا بە هەمان شێوەیە و ئەو شوێنەی لە نێو چیرۆکدا ناوی دێت دەبێت (شوێن)ەکە وەها بێت شانۆی ڕووداوەکان بێت ، چونکە (( هونەریش وەك ژیان پێویستی بە شوێنی دیاری کراو هەیە ، تا ببێتە گۆڕەپانی ڕووداوەکان ، ئەو شوێنەی بشێ شانۆی وردەکارییەکان و ڕووداوەکان و وێنەی کارەکتەر تیایدا ، بشێ ببێتە نواندنی واقیع ، یان دووبارە بونیاتنانەوەی بە شێوەیەکی هونەری .))[1] کەواتە شوێن لە چیرۆکدا دەبێت سیفەتی هونەرێتی هەڵبگرێت ، نەك وەك ئەوەی تەنها چوارچێوەیەك بێت کارەکتەرەکان بە ئارەزووی خۆیان بێن و بچن و هیچ پەیوەندییەك لەگەڵ شوێنەکە دروست نەکەن ، بە پێچەوانەوە دەبێت وابێت کە کارەکتەر جوڵە و کەسایەتی و بیرکردنەوەی مانا دروست بکات لەگەڵ جۆری شوێنەکە ، کە ئەمەش پێویستە گێڕەرەوە ئەوانەمان بە وردی نیشان بدات ، گرنگیش نییە گێڕەرەوە (هەمووشتزان) بێت یان(هەمانشتزان) ئەوەش بەهۆی تواناکانی چیرۆکنووسەوە دەبێت.

**شوێنیش** دەبێت لەنێو چیرۆکدا بەشێوەیەکی وا دەربکەوێت مەبەستێکی لەخۆیدا هەڵگرتبێت و بەرپرسیارێتی لەسەر بێت وابێت ، کە کارەکتەر ئەگەر هاتوو شوێنی گۆڕی و لە بزاوتندا بوو بۆ ئەوەی گەشەی کارەکتەر ببینین بەشێوەیەك بێت لەگەڵ هەنگاونانی بۆ شوێنێکی دیکە گۆڕان و ڕووداوی دیکە و کارەکتەری ڕەفتار جیاواز دەربکەوێت و نیشانمان بدات وە بەو هۆیەی لە نێو دەقی گێڕانەوەییدا کاتێك ڕووداو و کارەکتەر هەبن و زەمەنێکیش هەبێت کە ڕووداوی چیرۆکەکەی تێدا ڕوو بدات ، کە کارەکتەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ڕووداوێك یان بەسەرهاتنی ڕووداو بەسەر کارەکتەردا ، ئەوە شوێنێکیش بۆ ڕوودانی ئەو ڕووداوانە پێویستە هەبێت .

---

١- بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا(هێلانە ، ئەژدیها) ، تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح ، ل ٧

(د. سیزا قاسم )پێی وایە کە : (( شوێن ئەو چوارچێوەیەیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن .))[1] ڕووداوەکانیش تێم و مەبەستی چیرۆکەکەی لە خۆ گرتووە کە لە پەیوەندی لەگەڵ شوێندا بەیەکەوە بەستراونەتەوە و هۆکارن لەسەر بوونی یەکدی لە هەندێ حاڵەتدا ، هەروەها شوێن ئەرکیشی هەیە کە یەکێك لەو ئەرکانە ئەوەیە کە کارەکتەرەکان لەگەڵ ڕووداوەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە ئەمە بۆ هەموو ڕەگەزە گێڕانەوەییەکان دەگونجێت ،بەڵام لە ڕۆماندا زیاتر ئەوەش بە هۆی فراوانی شوێن و گەورەیی قەبارەکەی وە لە چیرۆکی کورتیشدا ئەمە جێی دەکرێتەوە ، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر چونکە سەلیقە و زیرەکی چیرۆکنووسی پێویستە ، کە دەبێت ((  گواستنەوەکان خێرا و زۆر کورت بن و لە چەند وشەیەك  تێپەڕ نەکەن ، واتە گواستنەوەکان  زۆر سرکن و هەستیان پێناکرێ . بۆ نمونە لەهەموو دیالۆگێکی نێوان کەسێتییەکاندا کە قسەکەر دەسنیشان نەکراوە ، گواستنەوەی شوێن و گۆڕانی راوی هەیە .))[2] لەو کاتانەدا بە هەل دەزانرێت کە شوێن بگۆڕدرێت ، بەبێ ئەوەی پێویست بکات چیرۆکنووس بێت و بە وشە ئەو جوڵە و گواستنەوەیەمان پێ بڵێت ، ئەگەر هاتوو چیرۆکنووس بە شێوەیەك گفتوگۆی لە چیرۆکەکەیدا ڕێکخستبێ جا ئەوە ئاشکرایە لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە ئاسانتر دەتوانرێت شوێن بگوێزرێتەوە ، بەڵام تا ڕادەیەك لە گواستنەوەی شوێن لە کاتی دیالۆگ دا زیاتر وریایی چیرۆکنووسی پێویستە کە لەوێدا توانای زمانی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت کە بتوانێ شوێنێك بخولقێنێ کە لەسیفەتی ئەندازەیی زیاتر بێت و سەنتەری چێبوونی ڕووداوەکان بێت چ بۆ کارەکتەر و چ بۆ خوێنەر (وەرگر)یش .

بەو هۆیەی بە گشتی هەموو ڕەگەزێکی گێڕانەوەیی چ کورتە چیرۆك بێت یان چیرۆکی درێژ یان ڕۆمان  یان ... بەبێ ڕەگەزی شوێن نەیانتوانیووە کاری گێڕانەوەی و بوونی ڕووداوەکانیان لە بۆشاییدا بخۆلقێنن ، شوێن دەتوانێت بە کاریگەرییەکانی ڕووداو و تێمی کارەکەی چیرۆکی بە جوڵەو بزاوتی جیاواز بەڕەگەزەکانی دیکەی چیرۆك ببەخشێت ، بەڵام ئەوە هەیە کە (( هەندێ جار شوێن دەچێتە کرۆکی ڕووداوەکانەوەو لەناوەوە کار لە هەڵسوکەوتی کەسەکان و هەڵوێستیان دەکات وە هەندێ جاریش شتێکە هەر ئەوەتا ڕووداوەکەی تێدا ڕوودەدات ، یا کەسەکانی لەسەر دێن ودەچن و ئیتر ئەرکی دیکەی ناکەوێتە سەر. ))[3] هەر چیرۆکنوسێکیش کاتێك وێنەیەك لە مێشکی خۆیدا دەکێشێت بۆ ئەو جیهانە چیرۆکییەی بە نیازە بونیادی بنێت هەروەك چۆن دێت کارەکتەرەکان و باری دەروونییان و لایەنی دەرەوەیان بە خۆی دەناسێنێت و کات دیاری دەکات و ڕووداوێکیش دەخولقێنێت هەر لەسەر ئەو بیرکردنەوە و بنەمایەش دێت نەخشەی (شوێن)ێك دەکێشێت تاوەکو هەموو ئەوانەی لەسەر جێ بکاتەوە ، بەڵام دەبێت پرسیاری گرنگیش لە خۆی بکات کە ئایا ئەم شوێنەی بونیادی ناوە لە چیرۆکەکەیدا هەربۆ ئەوەیە کە کارەکتەر و ڕووداوەکان لە شوێنێکەوە بچنە شوێنێکی دیکە ؟ یاخود دەیەوێت ڕەفتارێکی هونەرییانە لەگەڵ شوێندا بکات بە کارتێکردن و کاریگەرییەکانی لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەی چیرۆکدا . لە هەموو ئەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە  شوێن  دوو ئەرکی گرنگ لەخۆ دەگرێت.

---

١- بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکانی) بەختیار عەلی دا ، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی ، دەزگای موکریانی ، چ١ ، ٢٠٠٩ ، ل١٣٣

٢- ١٢ نامە بۆ ڕۆماننوسێکی لاو ، ماریۆ ڤارگاس یۆسا ، و.بۆ عەرەبی/صالح علمانی ، و.بۆ کوردی/شیرین.ك ، ل٧١

٣- چیرۆکی هونەریی کوردی/شێوە و شێواز و بونیاد ، زاهیر ڕۆژبەیانی ،دەزگای موکریانی، چ٢ ،هەولێر ، ٢٠٠٨، ل٢٦٣

## ئەركەكانی شوێن :

**یەكەمیان :- شوێن** تەنها ئەركی ئەوەیە كارەكتەرەكان لەخۆی بگرێت و شوێنی ڕووداوەكان بكاتەوە ، واتە شوێن لێرەدا ئەركی لە خۆگرتنی دەكەوێتە ئەستۆ و ئیدی هیچ ڕۆڵێكی دیكە و بایەخێكی وای نابێت لەسەر چیرۆكەكە مەگەر بە كەمی نەبێت . بەنموونە لە هەندێك چیرۆكدا ئەوە بەدی دەكەین ، كە شوێن نەبووەتە ئەوەی جێی گرنگییەكی زۆر بێت و ڕووداوەكان لە دەوری شوێندا بسوڕێنەوە ، بە نموونە هەندێك لەوانە : لە كورتە چیرۆكی (**پەیژە**)[١] دا بە پێی باسكردنی ڕووداوەكانی چیرۆكەكە و باسكردنی كات كە هەردوو ڕەگەز نزیكییەكی زۆر لە نێوانیاندا هەیە كە بوونی كات وای كردووە شوێن دەربكەوێت وەك ئەوەی كات بەشێوەیەكی وەسفی و گوزارشتی هاتووە كە بۆمان دەردەكەوێت كات لە نیوە شەودایە و ژنەكەی شوێنەكەی جێ هێشتووە ئەوە شوێن (ماڵ)ە و كارەكتەر لەنێو جێگاكەیەتی ، وە لە كورتە چیرۆكی ( ژووری میوان )[٢] دا شوێن نەبووەتە هۆی گۆڕان یان دروستبوونی ڕووداوێكی گرنگ ، تەنیا ئەوە هەیە منداڵێك كەتنی ناوەتەوە و سزا دەدرێت لە ژوورێك كە (ژووری میوان)ە . هەروەها لە كورتە چیرۆكی ( یاقووتی ئازار )[٣] دا كە لە دێیەكی دوور لەشار كچێك بە ناوی نور چاوی جۆرە شوشەیەك دەردەدات كە وەك ئەڵماس گران بەهایە و سەرەڕای ئەو هەموو ئازارەی پارەی پێ پەیدا دەكەن ، وە بوونی شوێنی ( دێ ) كە هاتووە كاریگەری لەسەر ڕووداوەكان جێ نەهێشتووە تەنیا بۆ خاتری ئەوەی شوێنێك هەبێت كە ڕووداوەكانی لەسەر ڕووبدات ، هەروەها لە كورتە چیرۆكی ( سەعەت )[٤] دا دیسان شوێن نەبووەتە جێی بایەخ بۆ چیرۆكنووس ، تەنیا گرنگ ئەوەیە بابەت و تێمی كارەكەی لە شوێنێكدا جێ بكاتەوە ، وە لە كورتە چیرۆكی ( دوانامەی قەیرەیی )[٥] یشدا بەهەمان شێوە هەست بەوە ناكرێت شوێن بووبێتە بابەتێكی گرنگ لە كورتە چیرۆكەكەدا ، وە لە كورتە چیرۆكی ( پەشیمانی )[٦] یشدا پەشیمانی كارەكتەر پەیوەست نییە بەو شوێنەی لێی دانیشتووە كە پرسەی هاوڕێكەیەتی ، بەڵكو مردنەكە وای كردوو لەو پرسەیەدا ئامادەبێت و بیر لە هاوڕێیەتییەكە بكاتەوە . وە هەروەها لە كورتە چیرۆكی ( خۆشەویستی و ڕاستیەك )[٧] لێرەدا ئەو خۆشەویستییە مەحاڵەی نێوان كارەكتەرەكان بەهۆی پیشەی كچەكەوەیە و پەیوەندییەكە نەبەستراوەتەوە بە كۆمەڵگەی كوردەوارییەوە وشوێن نەبووتە شتێكی گرنگ لەو نێوەندەدا ، هەروەها لە كورتە چیرۆكی ( دیوار و هاوارەكانی خۆم )[٨] دا دەبینین كارەكتەر و ڕووداوەكانیش پەیوەست نین بە شوێنی دەرەوە تەنیا شوێنی ناوەوەی تێدا بەكارهاتووە ، بەهۆی كاتی دەروونی لە-

١- پەیژە ، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی .

٢- ژووری میوان ،كۆمەڵە چیرۆكی( ژووری میوان) ، د. كاوس قەفتان .

٣- یاقووتی ئازار ، عەتا محمد .

٤- سەعەت ، انور محمد طاهر .

٥- دوانامەی قەیرەیی ، فایەق رەحیم محەمەد .

٦- پەشیمانی ، ئازاد هیدایەت دەلۆ .

٧- خۆشەویستی و ڕاستیەك ، ئازاد هیدایەت حەسەن .

٨- دیوار و هاوارەكانی خۆم ، سلێمان عەبدوڵڵا یونس .

-کورتە چیرۆکەکەدا ، وە هەروەها کورتە چیرۆکی (دوو کۆتر)[1] دا شوێن تەنیا بۆ ئەوەیە کە ڕووداوەکان و ئاخاوتنەکان لەوێدا ڕوودەدەن کە هەردوو کارەکتەر بە شەقامێکدا دەڕۆن و هیچیتر ، و لە کورتە چیرۆکی (بەیازی گوڵفرۆشێك)[2] تەواوی چیرۆکەکە لە خۆ بەستنەوە بە شوێنێکی تایبەتییەوە دورکەوتووەتەوە و شوێن نەبووەتە مەنزڵی تێم و ناوەڕۆك ، وە لە (کاتم نیە بۆ شێتی)[3] دا لەبەر ئەوەی چیرۆکێکی دەروونییە دەکرێت بڵێین شوێن ڕۆڵێکی گرنگی نەبینیووە لە بارودۆخە دەروونییە نا ئارامەکەی کارەکتەر ، بەڵکو بەهۆی ناجێگیری بارودۆخییەوە ناتوانێت لە شوێنێکدا ئارام بگرێت ، وە کورتە چیرۆکی (دەرزا دلی)[4] یش بە هەمان شێوە شوێن ئەوەندەیە کە کارەکتەری باوك و کوڕە نەخۆشەکە بە ئۆتۆمبێل دەچنە بەغدا و لەوێ کەسێکی کورد دەبینن کە هاوکارییان دەکات لەڕووی ناوەڕۆکەوە شوێن پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە تێمەکەوە بەڵام وەك ئەوەی لە چیرۆکەکەدا هاتووە پەیوەندییەکە لاوازە .

**دووهەمیان :- شوێن** لە دروستکردنی بینای هونەرێتی چیرۆکەکەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و خوێنەر لێرەدا دەتوانێت کاریگەرییەکانی لەسەر تێم و کرۆکی کارەکە ببینێت هەروەها خوێنەر دەزانێت کە شوێن لێرەدا مانا بەخشە و هەوڵی دۆزینەوە و کەشفکردنی بوونی شوێن دەدات وە ئەو پەیوەست بوونەی لەگەڵ کارەکتەر و ڕووداوەکان و کات لەبەرچاو دەگرێت ، واتە شوێن هەر تەنیا چوارچێوەیەك نییە بۆ چیرۆکەکە ، بەڵکو شوێن پێگەیەکی گرنگی هەیە لە چیرۆکدا کە مانا بۆ چیرۆکەکان دەستەبەر دەکات ،هەندێك لەوانە : لە کورتە چیرۆکی (وەلاتێ نێرگزا ) لە تەواوی کورتە چیرۆکەکەدا مەبەست لە پاراستنی ئاو و خاکی نیشتیمان کە (کوردستان)ە سەرەڕای ئەوەی کە ناوی کورد و کوردستان نەهاتووە ، بەڵام شوێن پەیوەندییەکی دانەبڕاوی هەیە لەگەڵ تێمی کارە چیرۆکییەکە ، ئەوەش بەتایبەت لە کۆتایی کورتە چیرۆکەکە دەردەکەوێت کە گێڕەرەوە دەیەوێت پێمان بڵێت ( چیاڤان ) ویستوویەتی چی بـە دوژمنانی وڵاتەکەی بڵێت ، کە دەڵێت : (( لێ دیارە دڤیا بێژتە دوژمنا « ئەڤ ئاخا نێرگزێن وێ بـخوینێ شین دبن جهێ وا لـسەر نینە دێ هەر مینت وەلاتێ نێرگزا » . ))[5] ل٨٠ ، وە هەروەها لـەکورتە چیرۆکی ( نامۆکە )[6] دەبینین ڕووداوەکان لـە نێو دێیەکدا ڕوودەدەن نەوەك شار کە ئەمەش لـە تەواوی چیرۆکەکەدا تێمەکە بە شوێن و و کێشەی نێو دێ یەکەوە بەستراوەتەوە ، کە ئەوەش کێشەی زەوی و زار و دەرەبەگە ، لەگەڵ خەڵکی دێیەکـە بـە تێکڕایی ، وە لە کورتە چیرۆکی ( سەماکەرەکان )[7] دا ئەوە بەدی دەکەین کە کارەکتەر لەو کاتەی لە شەقامێکەوە لەبەرامبەر کۆشك و تەلارێکی چەند نهۆمی وەستاوە، ئەم نهۆمانە وەك شوێن تەنیا بۆ کارەکتەر شوێنن ، دەنا بۆ منی خوێنەر تێگەیشتنە

١- دوو کۆتر ، محمد سلێم سواری ، گۆڤاری بەیان ، ژ(١٦٩) ی سالی ١٩٩٢

٢- بەیازی گوڵفرۆشێك ، کۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح .

٣- کاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان .

٤- دەرزا دلی ، جمال بروارى .

٥- وەلاتێ نێرگزا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هیڤییێن هەلاویستی ) ، اسماعيل مصطفى .

٦- نامۆکە ، حسین جاف .

٧- سەماکەرەکان ، حسام حەکیم .

-له تێمی کارەکە کە مانا و مەبەستی شوێن ناگەیەنێت بەڵکو شوێن لە چیرۆکەکە واقیعی ژیانە و بۆ خاتری تێگەیشتن لە مرۆڤەکان بەو شێوە شوێنە وەسف دەکرێت ، و لە کورتە چیرۆکی (وڵاتم لەوێ یە!)[1] بەهۆی ئاخاوتنەکانی کارەکتەرەوە لەکاتی گەشتکردنیدا لەگەڵ کچێکی بە ڕەگەز ئیسرائیلی باسی کوردستان و گەڕانەوە بۆ نیشتیمان دەکات ، کە ڕەگەزی شوێن تەواو پەیوەست بووەتەوە بە تێمی کارە چیرۆکییەکە ، کورتە چیرۆکی (پوستە )[2] شوێنی نێو چیرۆکەکە گوندە بەڵام ناوی گوندەکە بە شێوەی خاڵبەندی هاتووە لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەستە بە کرۆکی کارەکەوە کە لە پێناو خۆشەویستی نیشتیمان بە بەفر و باران کارەکتەر دەچێتە گوندێکی دیکە بۆ گەیاندنی پۆستەیەك ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی ( شەوێك )[3] یشدا شوێن کە ( زیندانە ) و کارەکتەری سەرەکی کە (لەیلا)یە بەهۆی قوربانیدان لە پێناو خاکی کوردستان کە تێم و کرۆکی چیرۆکەکەیە هەتا کۆتایی تەمەنی لە زیندان دەمێنێتەوە و لەوێوە چەندین نامە ئاڕاستەی کەس و کاری دەکات ، واتە شوێن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تەواوی کورتە چیرۆکەکەدا ، کورتە چیرۆکی (تەڵەی خەون )[4] یش شوێن کە (بەشە ناوخۆییە) و لەوێوە کارەکتەر گیانی نیشتیمان پەروەری تێدا چەکەرە دەکات ، ئەوەش بەهۆی هاوڕێیەکییەوە کە لە بەشە ناوخۆیی ناسیویەتی و دواتر وای لێدێت ئەمیش دەبێتە هاندەری چەندین کچی دیکە و بە هۆیە دەستگیر دەکرێت ، واتە شوێن هۆکار بووە بزواندنی بیری کارەکتەر ، لە کورتە چیرۆکی (خۆتافیرکرن)[5] یشدا ڕۆیشتن بۆ شوێنێك وا دەکات کارەکتەر ڕزگاری بێت لەو ڕابردووە خراپەی کە هەیبووە ئەویش ڕۆیشتن بۆ ماڵی خودایە ، کە پێشتر بە بیرکردنەوەی لەو شوێنانەی کە تاوان و خراپەکاری تێدا ئەنجام داوە هەست بە تاوان دەکات ، وە کورتە چیرۆکی (تایێ بە ڕوییێ) ئەمیش شوێن ڕۆڵێکی گرنگی تێدا هەیە و پەیوەستە بە تێمی کارەکەوە ئەوەش بەوەی کە گوندێك لە ترسی شاڵاوی ئەنفال ترسیان لێنیشتووە و خەریکی چۆڵکردنی گوندەکەیانن ، وە ئەو ترسە نەك هەر بۆ یەك گوند بەڵکو (( ترس دارئالینك بو ب دژواری خو د هزار گوندی ئالاندبو ..)) [6] ، ئەبینین هەموو گوندێکی کوردستان لەبەر دەم ترسی گەورەبوون ، هەر بەو هۆیە شوێن بە تەواوی کورتە چیرۆکەکەوە بەستراوەتەوە و ناکرێت بەبێ ڕەگەزی شوێن چیرۆکەکە بگێڕدرێتەوە ، وە کورتە چیرۆکەکانی دیکەی وەك : ( دایکە ویز ) ، ( بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من ) ، ( کولە زەرد ) هاوشێوەی ( تایێ بە ڕوییێ) بە نەبوونی ڕەگەزی شوێن لاسەنگی کورتە چیرۆکەکە دەردەکەوێت چونکە تەواوی ماناکانیان بە شوێنی چیرۆکەکەوە بەندە .

---

١- وڵاتم لەوێ یە! ، موەفەق دەرگەلەیی .

٢- پوستە ، لە کۆمەڵە چیرۆکی (پوستە) دا ، جمیل محمد شێلازی ، کە لە ساڵی١٩٩٠ نوسراوە ،٢٠٠٤،چ١

٣- شەوێك ، پەپوولەکانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد .

٤- تەڵەی خەون ، احلام منصور .

٥- خۆتافیرکرن ، فاضل عمر .

٦- تایێ بە ڕوییێ ، جلال مصطفى ، ل٩٠

لێرەدا **ئەرکی دووەم** بۆ خوێنەر زیاتر جێی بایەخە کە دەبینێت ڕووداوەکان و کارەکتەر چۆن بە شوێنەوە بەستراونەتەوە بە شێوەیەك گەر ناوی (شوێن) بگۆڕرێت ، ئەوا نە کارەکتەر و نە شێوازی ئاخاوتن و نە جوڵە و جل و بەرگ و تەنانەت شێوەی بوونی ڕووداوەکانیش لەگەڵ شوێنەکە یەك ناگرنەوە ، وە چیرۆکیش هەیە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی شوێن تێیدا ناگۆڕرێت و هەر لەیەك شوێندا ڕوودەدەن و کارەکتەریش لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە .
ناکرێت هیچ کارێکی ئەدەبی شوێنی لێ دەربکەین ، چونکە نارێکی دەکەوێتە سەنگی چیرۆکەکەوە ، (غالب هلسا) لە پێشەکی کتێبی ( جماليات المكان) ی گاستۆن باشلار پێی وایە کە : (( هەر کارێکی ئەدەبی شوێنی فەرامۆشکرد ئەوە تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات ، وە لەلای من شوێن تایبەتمەندی نەتەوەیی لەخۆی دەگرێت و گوزارشت لە ڕوانین دەکات .))[1] شوێنیش چەند جۆرێکی هەیە ، کە لە چیرۆکێکەوە بۆ چیرۆکێکی دیکە دەگۆڕرێت بە تایبەت لە کورتە چیرۆکدا وا باشە لایەنێك وە یان جۆرێك لە شوێن لەخۆی بگرێت ، بەڵام دەکرێت لە ڕۆماندا جۆرەکانی شوێن تێکڕا هەموو جۆرەکانی تێدا جێ بکرێتەوە بەهۆی زۆری ڕەگەزەکانی ، ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە .

## جۆرەکانی شوێن :

لە کورتە چیرۆکی قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕین کە بە گشتی ئەم جۆرانەی شوێن بەدی دەکرێن :

**١- شوێنی واقیعی ( ڕاستەقینە):** لێرەدا ناوی شار و گەڕەك وکۆڵان و ماڵ دێت ، هەندێك لەوانە لە کورتە چیرۆکی (خۆتافیرکرن)دا ناوی شاری (دهوك) هاتووە هەروەها ناوی (گەلی بێ کواشێ ، چەلەبەشی ، گەلی دوبانکی )هاتووە لە لاپەڕە (٩٤)دا کە هەموو ئەم شوێنانەی لە نێو کورتە چیرۆکەکە هاتووە لە واقیعی ژیاندا بوونیان هەیە ، وە هەروەها لە کورتە چیرۆکی (وڵاتم لەوێ یە!) ناوی چەند شار و وڵات هاتووە لەوانە ( هەڵەبجەی شەهید ، ئیسرائیل ، سوێد ، کوردستان ) وە لە کورتە چیرۆکی (دایکە ویز)دا ناوی (کوردستان) ی پیرۆز هاتووە ، وە لە کورتە چیرۆکی (مینەش گۆڕا) گێڕەرەوە ناوی هەردوو شاری (کەرکووك و بەغدا )ی هێناوە ، وە لە کورتە چیرۆکی ( وێران کردن ) دا ناوی ( سۆرکە ، دۆڵی بالیسان ، گرد جاسووسانی ، شێخ وەسانان ) هاتووە ... ، دیارە هەموو ئەمانە بۆمان دەردەخەن چیرۆکنووسان بۆ کرۆکی کارەکانیان توانیویانە لە واقیعی کۆمەڵگەکەوە کارەکانیان هەڵهێنجن .

**٢- شوێنی گریێ :** لێرە ناوی تایبەتی شوێن نەهاتووە ، بەڵکو گشتییەکە هاتووە وەك ( شارێك ، گەڕەکێك ، ...) ، بە نموونە کورتە چیرۆکی (بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من) ناوی شارەکە نەهاتووە ، بەڵکو گشتییەکەی لە شوێن هاتووە وەك (ئەڤ باژێرە) ، ئیتر نازانین چ شارێکە، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (بەندەر)دا هاتووە دەڵێت:(( ئەو ڕۆژەی شەقامەکانی شاریان هێنایە سەرپێ و ، ویستیان بتە دارینەکانی سیاسەت بکەنە تۆپە پەڕۆینەی دەستی مناڵ.))[2] کە تێیدا شوێنە گریێ گشتییەکە هاتووە (شەقامەکانی شار) ، هەروەها لە کورتە چیرۆکەکانی (نامۆکە) و (وەلاتێ نێرگزا) دا بەهەمان شێوە ناوی شوێنی گریێ لە هەردووکیان (خەڵکی گوند) و (خانییێن گوندی) هاتووە کە ئیتر نازانین

١- جماليات المكان ، جاستون باشلار ، ترجمة/غالب هلسا ،كتاب الآقلام ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٠، ص ٨

٢- بەندەر ، کۆمەڵە چیرۆکی ( سەما ) ، ڕەووف بێگەرد ، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیریی گەلاوێژ ، ١٩٩٨ ، ل١١٦

-کامە گوندی کوردستانە ، یاخود وە لە کورتە چیرۆکی (وێران کردن) دا ناوی ( ناوچەی خۆشناوەتی و هەروەها دەڵێت : (( زۆر بە هەڵەدا چوونە بتوانن چیاش تەخت و وێرانکەن !.. توانیتان گوندەکان وێران کەن .. ئەی چیا !.. ناتوانن ناتوانن توخنی کەون ..))ل١١٤ ) ، ... .

**٣- شوێنی خەیاڵی** : چیرۆکنووس بە ئەندێشەی خۆی شوێنێك دروست دەکات کە لە واقیع بوونی نییە ، بەڵام ئەمە کەمتر بۆ کورتە چیرۆك دەست دەدات ، وە لە قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕینیش لەو شێوەیە بەدی نەکراوە .

**٤- شوێنی هۆگر** : ئەم شوێنە بۆ کارەکتەر ئەو شوێنەیە کە تێیدا ئارام دەگرێت و ئاسوودەیە و هیچ گرفتێکی نییە بەرامبەر بەو شوێنەی تێیدا دەژی ، پەیوەندی بە لایەنی دەروونی تاك هەیە کە دەکرێت (شوێنێك) بۆ کەسێك شوێنێکی هۆگر بێت ، بەڵام بۆ کەسێکی دیکە هەر هەمان شوێن ناهۆگر بێت ، یاخود شوێنێك لەسەرەتاوە بۆ کەسێك هۆگرە بەڵام بەهۆی بارودۆخێك دواتر هەر بۆ هەمان کەس دەبێتە شوێنێکی ناهۆگر ، شوێنی هۆگریش زیاتر داخراو و تایبەتە ، وەك کورتە چیرۆکی (بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من) کارەکتەر لە دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە کە شوێنێکی هۆگرە لەوەی کە پێشتر تێیدا ژیاوە ، بەڵام لە ئێستای چیرۆکدا بەهۆی لە دەستدانی کەسە ئازیزەکانی هۆگری خۆی لە دەست دەدات ، بەڵام ناهۆگریش نابێت لەبەرامبەر ئەو شوێنەدا ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (پوستە) دا شوێن هەرچەندە پڕ ترسە و ڕێگا گیراوە بەهۆی بەفر و بارانەوە بەڵام کارەکتەر بەهۆی گیانی نیشتیمان پەروەرییەوە ئەو گوندەی بۆی دەچێت دەبێتە شوێنێکی هۆگر لەلای ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (وەلاتێ نێرگزا) کارەکتەر هۆگری و خۆشەویستییەکی زۆری بۆ گوند و ماڵەکەیان هەیە ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (زەلامەك ژ رۆژگارەك دی) دا کارەکتەر بەو هەموو دلسۆزی و هۆگرییەی بۆ (فەرمانگەکەی ) کە شوێنێکی هۆگرە بۆی بەڵام دواجار دەستبەرداری دلسۆزی و هۆگرییەکەی دەبێت و فەرمانگەکەی دەبێتە شوێنێکی ناهۆگر .

**٥- شوێنی ناهۆگر** : ئەم شوێنە زۆرجار پێشتر بۆ کارەکتەر هۆگر بووە و دواتر بەهۆیەك لە هۆیەکان دەبێتە شوێنێکی ناهۆگر وەك (زەلامەك ژ رۆژگارەك دی) ، وە یان ئیدی تەواو پێچەوانەی شوێنی هۆگرە بە لای کارەکتەرەوە ، وەك لە نموونەی کورتە چیرۆکەکانی (دوانامەی قەیرەیی) کە کارەکتەر بەهۆی ئەو بارە دەروونییە خراپەی کە هەیەتی بەهۆی گەرەبوونی تەمەن و ئەو نائومێدییەی توشی هاتووە هۆگر نییە چ لەو کاتەی دەچێتە دائیرەی پۆستە ، وە چ لەو کاتەی دەگەڕێتەوە ماڵ ، چونکە لە ماڵەوە دایکی لێیە کە هۆکاری ئەوەبووە ئاوا بە تەنیا بمێنێتەوە لە ژیان ، وە یان کورتە چیرۆکی (خەونەك بو هەمی یا) دەبینین شوێن بۆ کارەکتەر ناهۆگرە کە وڵاتەکەی خۆیەتی ، هەربۆیە بە نیازە وڵات جێبهێڵێت و بچێتە ئەمریکا ، بەڵام دواجار خەونەکەشی بەدی نایەت . هەروەها کورتە چیرۆکی (شەوێك) لەیلای کارەکتەر لەگەڵ ئەوەی کە لە زیندانە بەڵام ئەو تێکدانی باری دەروونییەی کە زوو زوو یاساوڵەکە دەی ترسێنێ وا دەکات ناهۆگرییەکە زیاتر بێت سەرەڕای ئەو هەموو ورە بەرزییەی کارەکتەر ، هەروەها بە هەمان شێوە کورتە چیرۆکی (ژووری میوان) لەگەڵ ئەوەی ژووری میوان لە ماڵدا شوێنێکی هۆگرە کە خێزان و میوانی تێدا کۆدەبنەوە بەڵام لەم چیرۆکەدا بۆ کارەکتەر بەهۆی ئەو کەتنەی کە ناویەتییەوە دەبێتە شوێنی لێدان و زیندانی کردنی بۆ چەند

ڕۆژێك لەگەڵ ئەوەی خۆی شوێنەکە نا ئارامی پێوە دیاربووە و هیچ شێوەیەکی ژووری میوانی نەبووە . هەروەها کارەکتەری (لاڵ) ماڵ بۆ ئەو شوێنێکی نائارام و ناهۆگر بووە ، بەو هۆیەی هیچ کەس لە ماڵەوە تەنانەت دایکیشی چارەی نەویستووە و هەمیشە لە ماڵی خۆیاندا سەرزەنشت کراوە .

**٦- شوێنی کراوە :** گشتییە و هەموو کەس دەکرێت بۆی بچێت و تایبەت نییە بە کەسانێکی دیاریکراو . وەك لە کورتە چیرۆکی (مینەش گۆڕا) ناوی شاری کەرکوك و بەغدا هاتووە کە شوێنی کراوەن و هەموو کەس دەتوانێت بۆی بچێت ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی(پەیژە) ناوی گەرمیان هاتووە ، کە هەر تایبەت نییە بەوانەی گەرمیانین بەڵکو هەموو کەس دەتوانێت بچێتە گەرمیان جا هەر شوێنێکی بێت . وە یان لە (خۆتافیرکرن) دا ناوی شاری دهۆك هاتووە کە شوێنێکی گشتییە ، هەروەها کورتە چیرۆکی (سەعەت)یش بە پێی ئەو شوێنەی کارەکتەر لێی دانیشتووە پێدەچێت چایخانە بێت کە کەسانی دیکەشی لێیە ، واتە شوێنێکی کراوەیە و هەموو کەس دەکرێت بۆی بچێت ، وە ناوی مۆزەخانەش هاتووە کە ئەویش شوێنێکی کراوەیە .

**٧- شوێنی داخراو :** ئەم شوێنە تایبەتە بە کەسێك یان چەند کەسانێك ، ناکرێت هەر کەسێك بیەوێت بچێتە ئەو شوێنە ، وەك کورتە چیرۆکی ( ژووری میوان) شوێنێکی داخراوە و کەس ناچێت بۆی چونکە بەکارناهێنرێت لەلایەن خێزانەکەوە ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (بەندەر)دا ماڵە چۆڵکراوەکەی ماڵی خوشکی (شێرۆ) بووەتە شوێنێکی داخراو بۆ هەردوو کارەکتەر .

**٨- شوێنی نێوان (داخراو و کراوە) :** واتە نیوە کراوە و نیوە داخراوە ، هەروەك گاستۆن باشلار دەڵێت : (( مرۆڤ هەبوویەکی نیوە کراوەیە .)) [١] لە کورتە چیرۆکی (شەوێك) دا ژووری زیندان ، هەم شوێنێکی داخراوە وە هەم شوێنێکی کراوەیە کە کەسانی دیکەش جگە لە لەیلای کارەکتەر دەکرێت بۆی بچن .

**٩- شوێنی بێ کاریگەر (بێ لایەن) :** ئەم شوێنە هەر تەنها ئەوەیە کارەکتەر بەسەریدا ڕێدەکات بەبێ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر کارەکتەر و خودی چیرۆکەکەش ، لێرەدا شوێن تەنها چوارچێوەیەکە ڕووداوەکانی لەسەر ڕوودەدات ، یاخود لە ناخی خۆیدا داخراوە بەڵام بە ڕووی جیهاندا کراوەیە . وەك هەمان ئەو کورتە چیرۆکانەی لە یەکەمین ئەرکەکانی شوێندا باسمان لێوە کردوون .

لێرەدا خاڵی گرنگ ئەوەیە ئەو پەیوەندییەی لەنێوان هەریەك لەم جۆرانە لەگەڵ (تێم)دا کە هەیە جگە لەجۆری نۆیەم (ئەمەش بەو هۆیەی کارەکتەر لە شوێنی بێ کاریگەر(بێ لایەن )دا بەشێوەکی هونەری بەشوێنەوە نابەسترێتەوە )، هەموو جۆرەکانی دیکە تەواو پەیوەندییان بە کارەکتەری کورتە چیرۆکەوە هەیە و هەر جوڵە و گۆڕانکارییەکیش لە شوێنی کارەکتەر ڕوودات ، شتێکی تازە دێنێتە ناوەوە بەمەش ڕێ بۆ ئەوە خۆش دەکات تاڕادەیەك لە (تێم)ی کارە چیرۆکییەکە نزیك ببینەوە ، بەوەی کە کارەکتەر گرێدراوە بەو شوێن و ژینگەیەی تێیدا دەژێت و جوڵەو ڕەفتارەکانیشی بەپێی ژینگەکەیەتی و ( تێم )یش لەو شوێنانەدا بۆی هەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بوونی هەبێت .

---

١- بینای هونە ری چیرۆکی کوردی ، لە سە رە تاوە تا کۆتایی جە نگی دووەمی جیهانی ، پە رێز سابیر ، ل ٣٣٦ ، هەروەها بڕوانە : جماليات المكان، جاستون باشلار ، ترجمة/غالب هلسا ، ص ٢٤٥

### ٢) پەیوەندی تێم و (کات) لە کورتە چیرۆکی کوردیدا :-

بوونی کات وەك ڕەگەزێکی سەرەکی هیچ کات نەبووە لە چیرۆك دابڕێت ، بەڵام ئەوەندە هەیە کە (کات) تەنیا شتێکی فیزیکی نەبێت و هەر ئەوەندە نەبێت کە دەمەکانی کاری تێدا ببینین ، وەك زنجیرەیەك بە دوای یەکدا بێن بە شێوەیەکی (کرۆنۆلۆژی) کە لە( ڕابردوو ←ئێستا ← داهاتوو ) دەربکەوێت ، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش پێویستە بە شێوەیەکی هونەریش بەکاربهێنرێت وە دەکرێت کە سیما و سیفەتی فەلسەفی و هێمایی هەڵبگرێت ، دەتوانین بڵێین (کات) لە چیرۆکدا کاریگەر و کارتێکراویشە ؛ واتە بە بارێکدا کاریگەری هەبێت لەسەر ڕووداو و کارەکتەر و شوێن وە بە تایبەتیش لەنێو گێڕانەوەدا کە هەستی پێبکرێت ، وە یاخود کاریگەرییەکە بە پێچەوانەوە دەبێت بەو واتایەی کات هەر ئەوەندە نەبێت کە ڕووداوەکانی چیرۆك بە شێوەیەك بێن و بچن لە نێویدا کە ڕووداو بە دوای ڕووداودا بێت بە پێی کاتی ڕوودانیان ، چونکە کات تەنها (٢٤)کاتژمێر نییە بە مانا زمانییەکەی ، بەڵکو کات ئاماژەیە بۆ بارودۆخە جیاوازەکانیش ، وەك دەبینین کە لە نێو کورتە چیرۆك و چیرۆکی درێژ و ڕۆمانیشدا ململانێی (کات) هەیە کە پەیوەستە بە جوڵە و فراوانی و بەرتەسکی (شوێن) ، کە لەو ڕەگەزە ئەدەبیانەدا چەندێك گۆڕان و جوڵەی شوێن هەبێت ، ئەو کات جوڵە لە کاتیشدا درووست دەبێت ، هەروەها دەکرێت (کات) بەهۆی (شوێن)ەوە دەستنیشان بکرێت ، بە نموونە (خوێندنگە ، کاری دامودەزگاکان ) ئەمانە دەمانباتە ئەوەی (کات)ەکە لە ڕۆژدایە یاخود دەربڕین بۆ شوێنێك وەك( دانیشتنی بەر مانگە شەو ، مەیخانە ئێشکگری ) ئەمانەش دەمانباتە شوێنێك کە هەستی پێ بکەین (کات) گوزارشتە لە کاتی شەو نەوەك ڕۆژ ، وە یاخود دەتوانین لەڕێی کەسایەتییەکی گەشەنەکردوو کەم جوڵە کە ماوەیەکی کەم لە ژیانی کارەکتەر دەگرێت و زیاتر هەوڵدەدات دیمەنێکی کەم لە ژیانی نیشان بدرێت دەتوانین کەمی ماوەی کات دەستنیشان بکەین کە ئەمە لە کورتە چیرۆکدا شتێکی ئاساییە و دەکرێت قبوڵ بکرێت ، تەنانەت (کات) بە هەموو شتێکەوە بەستراوەتەوە کە لە ژیانی واقیعیدا بێت یاخود لە جیهانی چیرۆك و گێڕانەوەکانیشدا بێت ، ئەمەش ئەوە دەردەخات هیچ بارودۆخێك نییە (کات)ی تێدا نەبێت و لە کات دابڕابێت ، کات بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان لە نێو چیرۆکدا ببینرێت ئەوە جێی بایەخ و گرنگی پێدانە هەروەك چۆن ئیلیەت دەڵێت : (( بۆ هەموو شتێك کاتێك هەیە ، بۆ هەموو کارێك لەژێر ئاسماندا کاتێك هەیە ، بۆ لەدایکبوون کاتێك هەیە ، بۆ مردن کاتێك هەیە .))[١] بەو واتایەی هیچ شتێك نییە کاتێکی نەبێت هەر بە نموونە لە باخچەیەکدا لەگەڵ هاوڕێیەکت دانیشتوویت بەبێ ئەوەی هەست بە کات بکەیت ، تۆ باس لە ئێستا دەکەیت و لە ئێستادا دەژیت ، دواتر هەر بەبێ ئاگایی باس لە ڕووداو و بەسەرهاتێك دەکەیت کە لە ڕابردوودا بوونی هەبووە و پێیدا گوزەرت کردووە ، وە لەوانەیە بەبێ ئەوەی باس لە کات بکەیت دەبینیت لەنێو داهاتوودایت و لەوێ دەژیت بەوەی کاتێك باس لە خەونەکانت دەکەیت و بەوەش لە کاتی ئێستا تێپەڕبوویت وە یاخود هەموو ئەو بەروارانەی لە ژیانماندا لەسەر ڕۆژمێرێك هێڵمان لەسەرداوە یان هێڵی لەسەر دەدەین ، ئەمانە هەموو گوزارشتن لە (کات) کەواتە هیچ شتێك نییە کات تێیداماڵێکی بۆ خۆی دروست نەکردبێت .

---

١- فانتازیای گەڕانەوە ، عەتا قەرەداخی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، ل٥٧

هەر کاتێکیش باس لە بوونی (کات) دەکەین مانای ژیان دەگەیەنێت ؛ ژیانیش واتە جوڵە چ لە واقیع بێت یان چیرۆك ، وە یان کاتێك باس لە مێژوو دەکەین واتە گەڕانەوە بۆ کات و بایەخدان بە کات یاخود بینینی هەر شتێکی کەلەپوری و دێرین دەمانگەڕێنێتەوە بـۆ زەمەن ، گەڕانەوەش واتە ژیانکردن لە کات و سەردەمێك هەموو ئەوانەش بەستنەوەی مرۆڤە بە ( بابەتەکانی ) بـوون ، بابەتەکانیش تێیدا مەبەست و بـیرێکی سەرەکییان لەخۆیاندا هەڵگرتووە ، هەروەها کات ڕەگەزێك نییە هەر تەنیا لەلایەنی دەرەوە بتوانرێت هەستی پێبکرێت لـە شوێندا ، بەڵکو ( کاتی ناوەوە)ش هەیە ، کە خوێنەر دەتوانێت لە ئەنجامی توێژینەوە لە دیوی ناوەوەی کارەکتەر ئەو جۆرە ( کات )ە ببینێتەوە ، وە هەر کاتێکیش باس لە کات نەکرێت مانای وایە لە بەهای (کات) کەم کراوەتەوە ، ئەوەش هەیە کە چیرۆکنووسی وا هەیە نایەت تیشك بخاتە سەر کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان ؛ بەڵام بـەشێوەیەك ڕووداو نیشان دەدات و شـوێنی ڕووداوەکان بە باشی بونیاد دەنێت کە لەو ڕێیەوە دەتوانین (کات)ی ڕوودانی ڕووداوی چیرۆکەکە ئاشکرا بکەین .

چیرۆکنووسیش هەیە کە خۆی (کات) دەستنیشان دەکات و ئاماژە بە هەر کاتێك دەکات وەك (وەلاتیێ نێرگزا) و (ژووری میوان) وە تەنانەت جاری وا هەیە چیرۆکنووس ساڵ و بەروار دادەنێت لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و پاشان بۆ داهاتوو ئەمەش بەوەی زنجیرەی ڕووداوەکان لە یەکدی نەپچڕێن وەك لە کورتە چیرۆکی (وڵاتم لەویێ یە!) لە دەستپێکدا بەروارێکی ناسراو هاتووە کە دەڵێت : (( ساڵی (١٩٨٨) بوو چەند ڕۆژێك دوای کارەساتی هەڵەبجەی شەهید ))[١] ، وە یان لە کورتە چیرۆکی (پەشیمانی)دا کارەکتەر دەگەڕێتەوە بۆ سی ساڵ پێشتر لە دوای مردنی هاوڕێکەی کە زۆر هاوڕێیەتییەکی باشیان هەبووە ، وە یان بیست ساڵ پێشتر کە ژنی هێناوە ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (سێوەکە)دا هەر لە سەرەتاوە بە هێنانی بەروارێك دەست پێدەکات کە تێیدا هاتووە و دەڵێت : (( دوای سیی ساڵ دابڕان ، گەڕامەوە پشووم دا ... بە بیرەوەرییەکانمدا چوومەوە . ))[٢] ، هەروەك ئەوەی چۆن ڕووداوێك لە ژیانی واقیعدا هاتووە بەو شێوەیەش کاتی چیرۆکەکەی بونیاد دەنرێت ، بەڵام نووسەری کورتە چیرۆك پێویستی بەوەیە هەمووکات بابەتی (کورتکردنەوە و چڕی) لەبەرچاو بگرێت ، تاوەکو بتوانێت ڕەگەزی (کات و شوێن و کارەکتەر ، ...) هەموویان لە یەکەیەکدا ببینێتەوە و لاسەنگی و ناڕێکی نەکەوێتە کورتە چیرۆکەکەی بەهۆی بایەخدان و تیشك خستنەسەری زیاتری یەکێك لە ڕەگەزەکان وە بە باشی بتوانێت ئەو کەرەستانەی لەبەر دەستیدایە بیگوێزێتەوە بۆ ئاستی گێڕانەوەیەکی هونەری .

**کات** بە شێوەیەك لە شێوەکان گەر هاتوو گۆڕانی بەسەردا هات مانای وایە جوڵە هەیە ، ئەم جوڵە و کاتەش هەروەك نووسەر و ڕەخنەگر ( نجاح سراج ) دەڵێت : (( ئەم کاتانە ئازادییەکی جوڵانەوەیی بە چیرۆکنووس دەبەخشێت لە بیناکردن و دروستبوونی دەقەکەیدا ، وە توانایەکی پیێ دەبەخشێت بۆ شکاندنی ئەو ڕێچکەیە .))[٣] کە تێیدا مەبەست لە شکاندنی ئەو ڕێچکەیە ( لایەنە فیزیکییە ) یەك لە دوا یەکەکەیە کە ( ڕابردوو ، ئێستا ، داهاتوو)ە ، لە چیرۆکدا

---

١- وڵاتم لەویێ یە! ، موەفەق دەرگەلەیی، ل٦

٢- سێوەکە ، حەکیم عەبدوڵڵا (کاکە وەیس) ، ل١٨٩

٣- القصة القصيرة / الأزمنة ، نجاح سراج ، مجلة القصب ، العدد (١٢) ،

http://www.ikhwan.net/wiki/index.php/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩

ئیدی چیرۆکنووس ئازادە و داهێنەر و خالقی کاتە هەرچۆنێکی بوێت ، هیچ پێویست ناکات خۆی ببەستێتەوە بە واقیع ، چۆن بیەوێت بەو شێوەیە خەیاڵ و ئەندێشەی دەخاتەکار ، بە نموونە دەتوانێت لە زەمەنێکدا بوەستێت و تەنها یاری و گۆڕانکاری لە شوێندا یاخود لە گفتوگۆی کەسەکان و جوڵەکانیان بکات وە یاخود دەتوانێت (کات) هیچ نیشان نەدات ، بەڵام لەوێشدا کات بوونی هەر هەیە چونکە هیچ کار و ڕووداوێك نییە کاتی ڕوودانی نەبێت ، بەو واتایەی چیرۆکنووس ئازادە لە هەر جوڵانەوەیەکدا ، وە لەوێدا دەردەکەوێت نووسەر پابەندی ڕێچکە زنجیرەییەکەی کات نییە، کە کاتە دەروونییەکەیە .

## جۆرەکانی کات :

به گشتی دوو جۆر (کات) لە نێو چیرۆکدا دەردەکەون ، کە ئەمانەن :-

**١- کاتی دەرەکی (فیزیکی) :** ئەم جۆرە کاتە گشتییە و هەموو مرۆڤەکان وەك یەك هەست بە بوونی ئەو کاتە دەکەن ، کە لە ڕێڕەوە مێژووییەکەوە پێشدەکەوێت ، واتە (ڕابردوو ، ئێستا ، داهاتوو) یان (بەیانی ، نیوەڕۆ ، پاش نیوەڕۆ ، ئێوارە ، شەو) یاخود بە پێی وەرزەکان ( زستان ، بەهار ، هاوین ، پایز) کە شێوەیەکی زنجیرەییان هەیە هەمووشیان لە ڕێی جوڵەی ڕۆژ و شەو دەزانین کە چ کاتێك بە دوای کاتەکەی دیکەدا دێت ، کەواتە کاتێکی فیزیکی ماددییە کە سەرەتا و کۆتایی لێرەدا مانای دەبێت وە ئەم جۆرە کاتە لە (( دەرەوەی دەسەڵات و ویستی مرۆڤدایە .))[1] کە ناکرێت مرۆڤەکان لەلای خۆیانەوە کۆنترۆڵی کاتەکە بکەن و بە ئارەزووی خۆیان هەڵیسوڕێنن . بە نموونە وەك لە کورتە چیرۆکی (وەلاتێ نێرگزا) [2] لە پێش خۆر هەڵاتنەوە دەست پێدەکات و دواتر باسی کاتی ئێوارە دەکات و پاشان ڕۆژیدواتریش باس دەکرێت ، کە کات بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژی هاتووە ، وە هەروەها ناوی کات دەهێنرێت وەك لە کورتە چیرۆکی (ژووری میوان) [3] کە باسی بەرە بەیان دەکات وە دواتر کارەکتەر شەو و ڕۆژێك لە ژوورەکە زیندانی دەکەن و هەتا نیوەڕۆ وە پاشان باسی پاش نیوەڕۆ و ئێوارەش دێت و دواتر هاتنی شەو و لە کۆتاییدا دەستپێکردنی ڕۆژێکی نوێ هاتووە ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من) [4] دا کاتی ڕووداوی چیرۆك لە ڕابردوو و ئێستادا ڕووی داوە ، بەڵام گێڕەرەوە لە ئێستادا باس و تێم دەردەخات و دەگێڕێتەوە کە کارەکتەر لەگەڵ سەرەتای دەستپێکی چیرۆك دەردەکەوێت ، بە پەیوەندی بە ڕابردووی ژیانییەوە ڕووداوەکان لە ئێستای چیرۆکدا باس دەکرێت، ڕووداوی چیرۆکەکە لەپێش گێڕانەوەدا دەستی پێکردووە، کاتی چیرۆك لە گێڕانەوەدا لە ئێستا و ڕابردوودایە .

**٢- کاتی ناوەوە (دەروونی) :** ئەم جۆرە کاتە خودی و تایبەتییە ،تایبەتییەکەشی لەوەدایە کە پەیوەستە بە دەروونەوە کە لەلای توێژەران ئەم کاتەی ناوەوە بە کاتی (دەروونی) دەناسرێت ، کە بە دەروونی (تاك)ەوە گرێدراوە لەو کاتەی هەست بە خۆشی دەکات یان ناخۆشی ، یان ئەوەتا کاتێك لە بەرواریێکدا هەیە بەردەوام ڕووداوێکی خۆش یان نائارامی

---

١- کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٠-١٩٧٩) ، ئازاد محە مە د سە عید ، ل ١٣٢

٢- وەلاتێ نێرگزا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هیڤییێن هەلاویستی ) ، اسماعیل مصطفی .

٣- ژووری میوان ،کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د. کاوس قەفتان سلێمانی .

٤- بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من ، شعبان مزیری .

– بەبیر دەخاتەوە ، بەم پێیە ئەم جۆرە کاتە پەیوەستە بە بیرکردنەوە و هەستی تاکەوە ، ڕوانینیش بۆ شتەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە و هەندێجار پەیوەندی هەیە بە شوێنێك کە کاتێك لە شوێنێکدایە کاریگەرییەکانی خۆی دەردەخات ؛ واتە دەبێت کاریگەر بێت ، ئەمەش گرێدراوی ڕووداو بە (تاك) یان (گشت)ەوەیە لەبەرئەوەی کاتی دەروونی تێکهەڵکێشی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانە . لە نێو چیرۆکدا بوونی کاتی دەروونی زۆر گرنگە ، بەو هۆیەی (( ڕەگەزی چڕی بۆ چیرۆکەکە دەستەبەر دەکات ، لەبەر ئەوەی ئەو شتەی کۆتایی ساتە دەروونییەکان بە قوڵایی غەم و دڵەڕاوکێیەکی زۆر وێنە دەگرێت لەوەی کە تووشی دەبێت لە پەرت پەرت بوون ، دواتر بۆ پێکهێنانی کۆی هەمووی ، چیرۆکێکی تەواو دروست دەکات .))[١] لەبەرئەوەی بوونی یەکگرتوویی و ڕێکوپێکی و نەهێشتنی پەرت پەرت بوون گرنگە لە کورتە چیرۆکێکدا کە لە ساتەکاندا هەست بە دابڕان نەکەین لە ڕووداوێك بۆ ڕووداوێکی دیکە ، ئەمەش بە پەیوەندی لەگەڵ شوێن و زمانی کورتە چیرۆکەکە ، کە بەر تەسك بکرێتەوە و نیشانەکانی کات لە شوێندا دەربکەوێت و شوێنیش بەهۆی کاتەوە هەستی پێبکرێت و بپێورێت . وەك لە کورتە چیرۆکی (دوانامەی قەیرەیی)[٢] کات بە شێوەیەك بەرتەسك کراوەتەوە کە لە دائیرەی پۆستەوە کارەکتەر بە خێرایی دەچێتەوە ماڵەوە و نامەکەی دەنووسێت کە هەمووی لە کاتێکی دەروونیدا ڕێدەکات ، هەمووشی لە ژوورێکدا بە نائومێدی نامەکەی دەنووسێت ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (بەیازی گوڵفرۆشێك)دا ئەوەی بەلای کارەکتەرەوە گرنگ نەبێت کاتە ، هەروەك دەڵێت : (( هاوین بێت یان زستان ...گەرما بێ یان سەرما ... هەتاو بێ ، پادشای زەوی و ئاسمان ... یان بەفر بێت دیاری خواکان ، بۆ من هیچ ناگۆڕێت . من هەر منم ...))[٣] ل٦١ وە کارەکتەر لە حاڵەتێکی دەروونی شڵەژاودایە ، کە ئەوەش بەشێکە لە هۆکاری دروستبوونی کاتی دەروونی هەرچەندە کاتی فیزیکیشی تێدا بەکارهاتووە ، وەك سپێدە تاکو خۆرنشین و هەروەها ئێوارەو دواتر شەو . هەروەها لە کورتە چیرۆکی (سەعەت)[٤] دا بەهۆی ئەوەی کە کارەکتەر لەو شوێنە گشتییەی لێی دانیشتووە و بە بینینی سەعاتێك دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان و ململانێی لەگەڵ باوکیدا بەهۆی سەعاتێکی کۆنەوە ، هەربەو هۆیەش پەیوەست نەبووە بە کاتەوە و گرنگی پێنەدراوە تەنیا ئەوە نەبێت کە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە ، لە ( کاتم نیە بۆ شێتی )[٥] دا دەبینین وێنەکان یەك بە دوای یەکدا دێن و بوار بۆ ئەوە نامێنێتەوە کە هەست بە کات بکەین و کاتیش لەناو دەروونی کارەکتەردا دەسوڕێتەوە نەوەك لە دەرەوەی ، وە کاتی فیزیکیش ئاماژەی بۆ نەکراوە و ئەوەش بە تەواوی بەستراوەتەوە بە تێمی کارەکەوە کە تێمێکی دەروونییە، لە کورتە چیرۆکی ( خۆتافیرکرن )[٦] یشدا کاتی چیرۆك کاتێکی دەروونییە ، بە شێوە فیزییکییەکە تێپەڕ نابێت وەك چۆن کە لە سروشتدا هەیە و کاتە دەروونییەکەش

---

١- القصة القصيرة / الأزمنة ، نجاح سراج ، مجلة القصب ، العدد (١٢) ،
http://www.ikhwan.net/wiki/index.php/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩

٢- دوانامەی قەیرەیی ، فایەق ڕەحیم محەمەد .

٣- بەیازی گوڵفرۆشێك ، کۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح .

٤- سەعەت ، کۆمەڵ چیرۆکی (پێکۆلەك بو دانانا پانۆرامایەکێ بۆ جارا ڕۆژ غەیری ) ، انور محمد طاهر .

٥- کاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان .

٦- خۆتافیرکرن ، فاضل عمر .

پەیوەندی بەناوەوەی کارەکتەر هەیە کە گێڕەرەوە لە ڕێی بینینەکانی خۆیەوە دەروونی کارەکتەر دەخوێنێتەوە ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی ( دیوار و هاوارەکانی خۆم )[1] دا کارەکتەر بەهۆی ئەو هاوارە سامناکەی ناخی خۆی ئاگاداری کات نییە و هەروەها گێڕەرەوەش بەو هۆیەی زۆر بە توندی چووەتە ناخی کارەکتەر ، ئەویش تێکەڵ بەو کاتە دەروونییە بووە و هەست بە کاتە فیزییکییەکە ناکرێت .

**٣- کاتی بێ لایەن :** کارەکتەر لەم کاتەدا هەست و بیرکردنەوەی ناجوڵێت و هیچ کاریگەرییەك لەسەری دروست نابێت ، لەم کاتەدا نازانرێت کات بۆ کارەکتەر چی دەگەیەنێت ، چونکە کارەکتەر خۆی نەبەستۆتەوە بە کاتەوە و چیرۆکنووسیش هەوڵی نەداوە کارەکتەر بە (شوێن و کات)ی چیرۆك بەیەکەوە ببەستێتەوە ، وەك لە کورتە چیرۆکەکانی (دایکە ویز ، تایێ بە ڕوییێ ، کۆچ ، سەعاتی سفر ، کولە زەرد ، نامۆکە ) هەستی پێدەکرێت .

## پەیوەندی کات لەگەڵ کورتە چیرۆك :

١- کاتی نووسینی چیرۆك (کاتی گێڕانەوە) : نەگۆڕە و لەلایەن خوێنەرەوە ئاشکرا نییە چەندێکی خایاندووە تا چیرۆکنووس چیرۆکەکەی نووسیووە و تەواوی کردووە .

٢- کاتی چیرۆك (کاتی فیزیکی) : لە ڕووی مێژووییەوە کە ئەگەر چیرۆکنووس ڕووداوێکی مێژوویی بگێڕێتەوە چەندی خایاندووە و کاتی ڕوودانی ڕووداوە ، ئەم کاتە بەهۆی گەڕانەوە بۆ پاش و چوون بەرەو داهاتوو لە جوڵە و گۆڕاندایە ، لێرەدا باس لە کاتی نووسینی چیرۆك نییە بەڵکو باس لە کاتی خایاندنی ڕوودانی ڕووداوەکانە هەر لە سەرەتای دروستبوونی ڕووداو تا کۆتایی و گەیشتنە لوتکەی ڕووداوە .

وە ئەم دوو چەشنە دەبنە هۆی دەرخستنی (کات)ی جوڵاو و نەگۆڕ کە (( کاتی گێڕانەوە نەگۆڕە لەبەر ئەوەی کاتی نووسینی چیرۆکە ، بەڵام کاتی چیرۆك زیاتر دەکشێت و دەجوڵێتەوە ، ئەوەش کاتی دەستپێکردنی ڕووداوەکەیە وە ئەوە دروست دەبێت لە بەشدار بوونیان لە چەند تەکنیکێك کە یارمەتی چیرۆکنووس دەدات لەسەر بیناکردنی دەقەکەی بەشێوەیەکی پتەو ، وە دەتوانێت پشت ببەستێت لەسەر ڕووداوێکی ڕابردوو لەسەر دروستکردنی (تێم)ی چیرۆکەکەی بە پێی حاڵەتەکانی بیرکردنەوە و گەڕانەوە(فلاشباك) ، ئەو کاتە کاتی چیرۆك( ڕوودانی ڕووداو) پێش کاتی گێڕانەوە دەکەوێت ، وە دەکرێت پێشبینی بکرێت بۆ ڕووداوێك کە لە داهاتوودا ڕوودەدات و ببێتە (تێم)ی چیرۆکەکە بە بەکارهێنانی تەکنیکی پێشوەخت وە دەکرێت کاتی گێڕانەوە پێش کاتی چیرۆك(ڕوودانی ڕووداو) بکەوێت ، وە دەتوانرێت هەردوو کاتەکە تێکەڵاو بکرێت وای لێبێت کاتی گێڕانەوە دەبێتە کاتی چیرۆك بە پێی تەکنیکی هاوسەنگی وە زۆرجاریش کاتی دەروونی هاوتەریبە لەگەڵ هەردوو حاڵەتە سەرەتاییەکە .))[2] کەواتە ئەم چەشنانەی

---

١- دیوار و هاوارەکانی خۆم ، سلێمان عەبدوڵڵا یونس .

٢- القصة القصيرة / الأزمنة ، نجاح سراج ، مجلة القصب ، العدد (١٢) ، http://www.ikhwan.net/wiki/index.php/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩

- كات ( ڕابردوو ، ئێستا ، داهاتوو) كه كاتی ماددین و زیاتریش وەك واقیع بوون تەماشا دەكرێن له نێوان كاتێك كه تەواو بووه وه لەنێوان كاتێك كه هێشتا نەبووه . وا دیاره بوونی فلاشباك (گەڕانەوه) له نێو چیرۆكدا ، ئەو سووده به كورته چیرۆك دەگەیەنێت كه ئەگەر لەنێو چیرۆكێكدا ( كات ) كاتێكی دیاریكراو بێت ، به نموونه له باسی ئێستادا بێت ئەوا دەتوانین به بەكارهێنانی فـلاشباك كاتی ڕابردووش بهێنینه نێو چیرۆكەكه ، بەو واتایەی دەمەكانی كار لەنێو كاتدا دەتوێنەوه كه ئەگەر (ڕابردوو ، ئێستا ، داهاتوو) جێگایان ببێتەوه ئەوا بەمه له (چەق بەستوویی كات) ڕزگارمان دەبێت و كارەكتەری سەرەكیش دەتوانێت له بیركردنەوەكانیدا بۆ ڕابردوو به فلاشباك هەروەها بۆ داهاتوو به پێشبینییەكانی و ئێستاش بەوەی تێیدا دەژی و جوڵەی تێدا دەكات به پێی ئەو ڕووداوانەی لەوكاتەدا هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكات به كارەكتەرەكانی دەوروبەریشەوه .

جا ئەوەی كه گرنگه گێڕەرەوه له كوێوه ڕووداوەكان دەگێڕێتەوه و كامه (كات) دەكاته دەستپێكی گێڕانەوه ، كه ئەگەر هاتوو ، گێڕانەوەكه كاتی ئێستا بوو واته گێڕەرەوه (( كاتی ئێستا هەڵدەبژێرێت و ئەم كاتەش ناوەڕاستی ڕووداوەكان دەگرێتەوه ، پێویستی بەوه دەبێت بۆ ڕوون كردنەوەی لایەنه نادیار و شاراوەكانی ئەم ڕووداوه كه له سەرەتادا ڕوویان داوه ، بگەڕێتەوه دواوه بۆ ڕابردوو ، بۆ سەرەتای ڕووداوەكان . ))[1] لێرەوه سەربەستی جوڵانەوه لای چیرۆكنووس دەست پێدەكات كه هەرچۆنێك ڕووداوەكان و تێمی كارەكه بیخوازێت له هەر دەمێكی كار بێت كاتی چیرۆكەكه دەست پێدەكات ، به شێوەیەك جاری وا هەیه كه كات له كۆتاییدا دەگەڕێتەوه سەرەتای كاتی ڕوودانی ڕووداوەكانی نێو چیرۆك ، جا گێڕانەوەی كاتی ئێستا كه (( لەم جۆرەدا گێڕانەوه به شێوەی ئێستایه ، واته گێڕانەوه و ئەو ڕووداوانەی ڕوویان داوه پێكەوه ڕوودەدەن ، پێویسته گێڕەرەوه له گێڕانەوەی پاشكۆیی بەرەو گێڕانەوەی ئێستایی بچێت .))[2] وه كاتی گێڕانەوەی پاشكۆیی هەیه ،كه گێڕەرەوه هەندێك ڕووداو دەگێڕێتەوه كه پێش كاتی گێڕانەوه ڕوویانداوه و گێڕانەوه بەكاتی ڕابردوو ئەنجام دەدرێت هەروەها گێڕانەوەی پێشوەخت به شێوەی داهاتوو دەگێڕدرێتەوه و زیاتر بۆ لایەنی داهێنانی و زانستی و شتی مەحاڵ یان جیهانه ئەفلاتونییەكه بەكاردێت له ڕەگەزه گێڕانەوەییەكاندا .

---

١- بینای هونه ری چیرۆكی كوردی ، له سه ره تاوه تا كۆتایی جه نگی دووەمی جیهانی ، پەرێز سابیر ، ل ٢٩١

٢- مدخل الى نظرية القصة تحليلا و تطبيقا ، سمير المرزوقي و جميل شاكر ، ص٩٨

## جوڵەكانی كات و چەند تەكنیكێك :

جوڵەكانی (كات) بەشێوەیەكی هونەری چەند تەكنیكێك لەخۆدەگرن ، لەوانە:

**یەكەم** : بۆ بە دەستخستنی سستی چیرۆكەكات(كاتی چیرۆك) و خێرایی تێكستە كات ، كە ڕووداو كەم دەخایەنێت ئەم تەكنیكانە بەكاردەهێنرێت (گەڕانەوە ، پێشخەری ، دووبارەكردنەوە ، دیمەن) .

**١- گەڕانەوە بۆ دواوە ( Flash Back )** : لێرەدا گێڕانەوەی ژیانی ڕابردووە بۆ كەسانێك یاخود هەرئەوەندە لە كاتی گێڕانەوەدا باسی ڕابردوو دەهێنرێتە پێشەوە و لە ئێستادا دەیگێڕدرێتەوە ، لێرەدا پێشتر ڕووداوێك لە كاتێكدا ڕووی داوە كە لە ئێستادا نییە ، گێڕەرەوە باس لە ڕووداوێك دەكات یان دەڵێت (ماڵێكی بێدەنگ) دواتر دەڵێت بەهۆی ئەوەی كە كەسێك لە ماڵەكە ڕۆیشتووە و هەموو بێتاقەتی ئەو كەسەن ، لەوەوە ڕووداوەكانی دەگێڕێتەوە ، واتە كاتی ڕوودانی ڕووداوە كە پێش كاتی گێڕانەوە دەكەوێت ، خوێنەر لەم كاتەدا زۆرجار توشی ئەوە دەبێت دەزانێت ئەوەی ئێستا دەیخوێنێتەوە ڕووداوی چیرۆكەكەیە ، بەڵام كاتێك كارەكتەرێك بە گێڕانەوەی ڕابردوو ڕووداوێك دەگێڕێتەوە ، خوێنەر هەست بەوە دەكات كە ئەمە ڕووداوی ئێستای چیرۆك نییە و ڕاستەقینەی ڕووداوی ڕابردووی واقیع یان گێڕانەوەیە هەر بۆیە زوو پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوەكەدا دروست دەكات ؛ كەواتە لێرەدا كاتی ڕووداو پێش كاتی گێڕانەوەیە لە بەكارهێنانی (گەڕانەوەدا) ، بەو واتایەی كە (( ڕوودان د خالەكێدا ل دەمێ نوكەییێ چیرۆكێ ڕادوەستت ، و ڤەگێڕان بۆ پاشڤە ڤەدگەرت - ڕابردوو- كو ژ دەرڤەی چیرۆكێ یە .))[1] بەم شێوەیە كاتی گێڕانەوەی ئێستای چیرۆك دەوەستێت و گەڕانەوە و خاوبوونەوە لە گێڕانەوەدا ڕوودەدات و سستی دەكەوێتە (كاتی ڕوودانی ڕووداو) واتە گێڕانەوەكە بەو هۆیەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو ، كە ئەم شێوە تەكنیكە باشترە كەمتر لە كورتە چیرۆكدا ڕووبدات ، بە هۆی كەمی ماوەی چیرۆكەوە ؛ گەر گەڕانەوە و گێڕانەوەی ڕابردووش هاتە نێو چیرۆك پێویستە كەم و پوخت بێت و هەر ئەوەندەی پێویستە بۆ كورتە چیرۆكەكە (فلاشباك) بەكاربهێنرێت . نەوەك چیرۆكنووس بێت بەشێكی زۆری ئەو گەڕانەوەیە بە وەسف و درێژدادڕی پڕ بكاتەوە ، هەروەها لەم شێوەیەدا گێڕەرەوە هەندێك زانیاریمان دەداتێ لە ڕابردووی كەسێك یان ڕووداوێك یان سەبارەت بە شوێنێك كە پێشتر لە بارەیەوە شتێكمان نەزانیووە ، كەواتە كە ئەم هەموو تایبەتمەندییە لە (گەڕانەوە)دا هەبێت بێگومان ئەركیشی دەبێت ، كە دەكرێت بڵێین ئەركی گەڕانەوە بۆ دواوە (( پڕكردنەوەی ئەو كەلێنەیە كە لە تێكستە چیرۆكدا دروست دەبێت .))[2] بەڵام ئەم پڕكردنەوەی كەلێنە بۆ ئەو شوێنانەیە كە پێویستە بۆی زیاد بكرێت ، بە تایبەت لە كورتە چیرۆكدا پێویستە بە وریاییەوە چیرۆكنووس لەگەڵیدا هەڵسوكەوت بكات ، بە گشتی چەند دەستەواژەیەك بۆ گەڕانەوە بەكاردێت لەوانە وەك ( لەبیرم دێت ، ئێستا هاتەوە بیرم ، تۆ لە بیرتە ڕۆژانی پار ، بە مناڵی ... هتد) كە گوزارشتن بۆ ڕووداو و كاتێك كە ڕابردوو خاوەنییەتی . نموونە لە چەند كورتە چیرۆكێك وەردەگرین : لە كورتە چیرۆكی ( كاتم نیە بۆ شێتی ) دا دەبینین كارەكتەر بەو هۆ دەروونییەی

---

١- تەكنیكا ڤەگێرانێ د كورتە چیرۆكێن فازل عومەری دا ، نەفیسا ئیسماعیل ،چ١ ، دهوك ، ٢٠٠٥ ، ل ٩٤

٢- مدخل الى نظرية القصة تحليلا و تطبيقا ، سمير المرزوقي و جميل شاكر ، ص ٧٩

تێیدایەتی دەگەڕێتەوە سەردەمی منالّی و دەڵێت : (( بە منالّی ڕام ئەکرد زۆر ڕام ئەکرد ، ئەکەوتم بە دەما ، دەمم ئەچەقیە سەوزە گیا تەرەکە بۆنی زۆر خۆش بوو . داپیرەم ئەهات هەڵی ئەستاندمەوە و جلەکانی ئەتەکاندم و دەموچاوی بۆ ئەشتم .))[1] ، چونکە ئیدی هەست دەکات گەورەبوونی هیچ شتێکی تێدا نییە و هەر بۆیە پەنا دەبات بۆ ئەو کاتەی ئارامی و چێژی تێدایە کە منداڵییە ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (سەمفۆنیای شارێکی کپ)دا لە دەمی گێڕەرەوە وا دەکات کە کارەکتەر بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو بە پشت بەستن بە تەکنیکی فلاشباك هەروەك هاتووە گێڕەرەوە دەڵێت: ((ئەو شەوە تاریکەت هاتەوە یاد کە ئەو کارەت تیا ئەنجام دا. (شەوێکی درەنگ وەختیێ باراناوی بوو، دەبوو ئەو شەوە کارەکە ئەنجام بدەیت ، دڵنیانەبووی لە سەرکەوتنی کارەکەت ، بەڵام تۆ کەسێکی لەخۆبردووبووی ، ئامادەبووی لەو ڕێگەیەدا سەری یەکجاری بنێیتەوە . ))[2] ، وە لە کورتە چیرۆکی (بەیازی گوڵفرۆشێك)دا کارەکتەر دەیەوێت ئەوەمان نیشان بدات کە شەڕو کوشتار هەرگیز لێمان دورناکەوێتەوە ، بەوەی کە بۆ سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە و دەڵێت : (( لە دوای شەڕێك لە شەڕەکان ... کام شەڕ؟ نازانم . بەڵام سەیرە ، ئەوەم هەرگیز لەیاد ناچێت کە لۆکەیەکی گەورەیان هانی و لە خوێنی هەموو کوژراوەکانیان وەردا ، بە کەیف و پێکەنین و گۆرانی و سەماوە ، لۆکەی خوێناوییان دا بە لووتماندا . ئێمەی منداڵ ئەوسا لەو خوێنە ... لەو تۆپەڵە هەورە سوورە سڵمان کردەوە . من بیرمە بۆ یەکەمجار بوو لە ژیانمدا گریام .))[3] ، وە لە کورتە چیرۆکی (سەعەت)کارەکتەر بەهۆی سەعاتێکەوە کە دەیبینێ دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوانەی بەهۆی سەعاتێکەوە لە ماڵی خۆیاندا چ ڕووداوێك ڕووی داوە کە لە دەستپێکی دووەمەوە تەواوی چیرۆکەکە بە فلاشباکە ، کە تێیدا هاتووە : (( بەسە دێ نێ ئەڤ سەعەتە کەڤناربوو یا دەورێ {دەق نانوسیە} رەق و تەقینا وێ ناهێلیت ئەم بنڤین سەدجاراپێتر ئەم ژ خەوا شیرین راکرین .))[4] بەڵام لە کاتێکدا خوێنەر دەیحوێنێتەوە وا هەست دەکات لە ئێستای چیرۆکدایە ، وە لە کورتە چیرۆکی ( لاڵ )یشدا کارەکتەر لە هۆڵێك دانیشتووە و بە بینینی وێنەیەك لە بەرامبەریدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجێتییەکی تاڵ ، کە گێڕەرەوە باس لەوە دەکات : (( لەگەڵ بە باچوونی دووکەڵەکە ..سیمای خۆی لەو وێنەیەی کە لە دیواری بەرامبەریدا هەڵواسیبوو بەدی کرد ... وێنەکەی ..چاکەتێکی سپی ڕێك و کراسێکی رەش ، قژێکی رەشی نەرم سەرە رووتاوەکەی ئێستای داپۆشیبوو .. نیگایەکی سپی و ساف و سمبێلێکی باریك.. قاقای دایکی .. مێشکی کاس دەکرد.. بەبێ ئەوەی رووخساری دایکی لێ دیاربێ دەیتوانی لە مێشکیدا.. وێنەی ناشرین و رەزا قورسەکەی دایکی بکێشێ ..))[5] کە لێرەوە لەرێی فلاشباکەوە ،کە هۆکاری سستی چیرۆکەکاتە دەچێتە ڕووداوەکانی ڕابردوو ،کە تەواوی تێمی کارەکە لەوێدایە، وە کورتە چیرۆکی(خۆتافیرکرن)تەواوی چیرۆکەکە بە فلاشباك دارێژراوە کە گێڕەرەوە لەرێگای خوێندنەوەی مێشکی کارەکتەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی ژیانی، کە لە زاری خۆیەوە دەڵێت:((چاڤێن وی چۆنە سەرێك ، کەڤنە وێنە وەکی

---

١- کاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان ، ل ١٤٩

٢- سەمفۆنیای شارێکی کپ، ١٩٩٣ نووسراوە، صەمەد ئەحمەد ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ(١٦٥١) ساڵی حەوتەم ،ل٦

٣- بەیازی گوڵفرۆشێك ، کۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح ، ل ٦٢

٤- سەعەت ، کۆمەڵ چیرۆکی (پێکۆلەك بو دانانا پانۆرامایەکێ بۆ جارا رۆژ غەیری ) ، انور محمد طاهر، ل٣٤

٥- لاڵ ، هۆشەنگ شێخ محەمەد ، ل١٠٣

ستێران رشتن. چەتۆ هاتە بیرێ ، رێ گرتن ، کوشتن ، شەلاندن نامووسی شکاندن....بەس ل (گەلی یێ کواشێ) ب کێماتی ، سەد کەس شەلاندنە و کوشتنە . یەکو یەکو دهاتن بەر چاڤان .))[1] کە سەرەڕای ئەمە هەموو دیمەنەکانی دیکە گێڕەرەوە دەیهێنێتە پێش چاو ، کە پێشتر ڕوویانداوە ، کورتە چیرۆکی ( پەیژە )ش کارەکتەر لە باسی حاجی برایدا دەڵێت : ((  لەبیرتە جارەکە لێت پرسی : « حاجی بزانم تەزبیحەکەت لە سەد یەك تێپەڕیوە ؟ »  ئەو لە وەڵام گوتی : ( - لەگەڵ هەموو ڕووداوێك دا دەنکێکی بۆ زیاد دەکەم .

( - لەوانەیە پاشکۆی بۆ دابنێی ؟)

( - دەم خۆش خۆمیش هەمان بیرم لێ کردۆتەوە ) ))[2]

هەروەها لە کورتە چیرۆکی (بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من)دا کارەکتەر چەند جارێك بە فلاشباك دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ڕابردوو ، لەوانە : (( - مامێ ئوەسمان بیرا تە تێت رۆژا هەوە ئەز دڤی خانی ڤە کریمە زاڤا..؟ « بۆ نك ئودا زاڤانی یا خوو چوو » ئو دەهواتا من دڤی حەوشا بچویك دا هەوە کری .. — چەوا بیرا من ناهێت ما هەر ئەز نەبووم یێ بووەتە رەقسیم دەمێ مە توو بویك برینە دەهواتێ ))ل٢٦  ، هەروەها لە شوێنێکی دیکەی چیرۆکەکەدا کارەکتەر پشت بە فلاشباك دەبەستێت و دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی لە دەستچووی لەو کاتەی دەچێتە سەربانی خانووەکە (( رۆژێت زاروکینی یا وی هاتنە بیراوی دەمێ دگەل زارۆکێت کولانێ یاری دکرن « هەڤال هەڤالۆشکێ و سابینا رەقی و پێنجوکانێ ....» ))[3] ل٢٧  ، هەروەها لە (مینەش گۆڕا) گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یەکێکە لەو تەکنیکانەی بۆ سستی چیرۆکەکات هاتووە ، لە کاتێکدا مینەی کارەکتەر کە لە نەوەی کۆنە بیرکردنەوەی هەڵەی هەیە بەرامبەر بە پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا ، ئەمە لە ڕابردوودا کارەکتەر ئەمی ناسیوە و ئێستا بەهۆی ڕووداوێ ئەوی هاتۆتەوە یاد و دەڵێت : (( ڕووداوێکی چەند ساڵ لەوە پێشم هاتەوە یاد وای لێ کردم دەم نەکەمەوە چونکە دڵنیابووم لەوەی لە ئاسنی سارد ئەدەم . ڕووداوەکەش ئەمەیە کە ئەیگێڕمەوە ))[4]

**٢- پێشخستن (پێشخەری)** : ئەم پێشخەرییە پێچەوانەی گەڕانەوەیە ، ئەوەی دەیبینین گێڕانەوە پێش کاتی ڕووداوەکەیە ، ئەمە ئەگەر باسی ڕووداو لە داهاتوو بێت ، واتە بە گێڕانەوەی پێشوەخت پرۆسەکە ئەنجام دەدرێت . لێرەدا گێڕەرەوە دەستی بە گێڕانەوە کردووە بەڵام هێشتا تەنیا لە وەسفکردن و گێڕانەوەدایە ، دواتر ڕووداو هێواش هێواش دەست بە جوڵە و ڕوودان دەکات ، هەر لەوێوە دەکشێتە نێو داهاتوو بە خۆزگە و هیوا خواستن ، یان کارێك کە لە داهاتوودا بە نیازە ئەنجامی بدات ، جا ئیتر ئەنجام دیارە یان نادیارە ، چیرۆکنووسیش ئازادە ئەگەر لە کاتێکدا هەست بە ئەنجامێکی خراپ بکات لەو بڕیاردانە پەشیمان ببێتەوە و چیرۆك بباتەوە گێڕانەوە لە دەمی ڕابردوو یان ئێستای کاتی چیرۆك و ئێستای ڕووداو (( ئەڤەژی وەکی تەکنیکەکا ڤەگێڕانێ مفا ژێ هاتیە دیتن بۆ ڤەگێڕانا روودانان

---

١- خۆتافیرکرن ، فاضل عمر ، ل ٩٤

٢- پەیژە ، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی ، ل ٩٧

٣-  بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من ، شعبان مزیری  ، ل ٢٦-٢٧

٤-  مینەش گۆڕا ، کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د.کاوس قەفتان ، ل ١٠٨

، بۆ سەرنجکێشان و ئازراندنا بیرا خویندەڤانی ، ڤەگێران ژ نهو بەرەڤ داهاتی ، پێنگاڤان بەرەڤ پێش دهاڤێژت و دەربازی وێ خالێ دبت یا گەهەشتییێ ، پێش ڕوودانان دکەڤت .))[1] لەم کاتەدا چیرۆکەکات دەوەستێنرێت لە کاتی ئێستادا ، بەڵام تێکستەکات لە ڕووی بەردەوامی ڕووداوەوە بەردەوامی هەیە کە چیرۆکەکات سست دەبێت و تێکستەکات بە بەردەوامی لە خێرایی جوڵانەوەدایە ، لێرەدا بۆ خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا بە نسبەت ڕووداوی چیرۆکەکەوە جیاوازی نییە لەگەڵ فلاشباك ، چونکە لە هەردووکیاندا خوێنەر تا نەگاتە کۆتایی کورتە چیرۆکەکە نازانێت چی ڕوویداوە لە ڕابردوودا ، وە یاخود نازانێت چی ڕوودەدات لە داهاتوودا ، تەنها لەو وشە و دەستەواژانەی بەکاردێت لە کاتی ڕابردوو بۆ گەڕانەوە (فلاشباك) و کاتی داهاتوو بۆ پێشخەری جیاوازن دەستەواژەکانیش بۆ کاتی داهاتوو وەك (لەوانەیە ، ئەگەر بێتو ، تۆ بڵێی وابێت ، وا چاوەڕوان دەکەم ، ... هتد ) لێرەدا ڕووداوەکان دەکەونە پاش کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە یاخود دەکرێت بڵێین گێڕانەوە دەکەوێتە پێش ئەوەی ڕووداوەکە بە ڕوودانێکی باش یان خراپ ڕووبدات ، جا بۆیە چیرۆکەکات دەوەستێت ؛ لەبەر ئەوەیە کە لەکاتی ئێستای ڕووداوەکاندا نییە و ڕووبەری چیرۆکیش درێژ دەبێت ، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان لە داهاتوودا ڕوودەدەن ، واتە ڕووداو هێشتا ڕووی نەداوە لە پێشخەریدا ، سستی چیرۆکەکات بۆ ئەوەیە کە (( ئاماژە بۆ ڕوودانی شتێك وە یان باسی ڕوودانی شتێك لە داهاتوودا دەکات و پێش ڕووداو دەکەوێت ، بۆیە بەهۆی بەردەوام بوونی لەسەر ئاستی تێکست و داگیرکردنی ڕووبەرێکی دیاری کراوی تێکستی چیرۆکەکە ، چیرۆکەکات دەوەستێت و تێکستەکات بەردەوام دەبێت .))[2] هەوڵدەدەین لە نموونەی چەند چیرۆکێك کاتی پێشخەری بخەینەڕوو ، لەوانە : کورتە چیرۆکی (کاتم نیە بۆ شێتی) ، کارەکتەر دوای ئەوەی باسی کرد کە منداڵ بووە چۆن لە کەوتنەکانیدا داپیرەی هەڵیگرتووەتەوە و یارمەتی داوە ، بەڵام ترسی لە ئێستای وای لێدەکات لە داهاتووی بێزار بێت و بە بۆچوونی خۆی پێی وایە کەسێك نابێت یارمەتی بدات و دەڵێت : (( ئەگەر کەوتم کێ هەڵم ئەستێنێتەوە ، پێ ناچێ کەس سەری بەوەی بپەرژێ کەوتنەکەشم ببینێ . ))[3] کە هەموو ئەوەش بەهۆی خراپی باری دەروونیەوەیەتی ، هەروەها کورتە چیرۆکی (زەلامەك ژ ڕۆژگارەك دی) کارەکتەر لەو کاتەی کە تێدەگات ئەم ناتوانێ بە دلسۆزی خۆی کار لەو دەزگایەدا بکات و لە هەموو شتێك تێدەگات کە بۆچی لەسەر کار لای دەبەن (( دناڤ ڕێزکێن کاغەزێ دا تێگەهشت کو چونکو ئەو بو خوە چو مفای ژڤی جهی نابینیت و ڕێ نادەت کەسەك دی ژی ژبو بەرژەوەندی یەکا تایبەت هندی می یەکی دەستدرێژیێ بکەتە سەر سیستەمێ دەزگەهێ لەورا ئەو ب کێر ڤی جهی نائێت و پێدڤی یە ڕێ بدەت کەسەك دی یێ شارەزا ل گورەی سیستەمێن نووترێن کاری بگونجت د سەرەدەری یا خوە دا دگەل شیرەت و ڕاسپاردان یێ نەرم و لاستیکی بیت . ))[4]، کورتە چیرۆکی (تایێ بە ڕوییێ) لەو کاتەی منداڵەکان برسێتییەکی زۆریان بۆ دێت و بەدەم گریانەوە خەویان لێ دەکەوێت کە لێرەدا زیاتر مەبەست خەوبینینە بۆ داهاتوو و-

---

١- تەکنیکا ڤەگێرانێ د کورتە چیرۆکێن فازل عومەری دا ، نەفیسا ئیسماعیل ، ل ٩٧

٢- بینای هونە ری چیرۆکی کوردی ، لە سە رە تاوە تا کۆتایی جە نگی دووەمی جیهانی ، پە رێز سابیر ، ل ٣١٤

٣- کاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان ، ل ١٤٩

٤- زەلامەك ژ رۆژگارەك دی ، عصمت محمد بدل ، ل ١٠١

ئازاد بوونی کوردستان ، لەوێدا (( نان دیتن .. باپیرێ خو دیتن .. روناهی یێت سورو کەسك و زەر دیتن .. گورگ دیتن .. کوتر دیتن))[1] ، هەروەها کورتە چیرۆکی (وەلاتێ نێرگزا) گێڕەرەوە جگە لەوەی لە ئێستادا ڕووداو دەگێڕێتەوە ، لەوێوە باس لە رۆژی دواتریش دەکات کە بۆ داهاتوو بڕیارێك دەدرێت کە تایبەت بە کاتی ئێستای ڕووداوی چیرۆکەکە نییە بۆیە دەبێتە سستی چیرۆکە کات ، وەك ئەوەی هاتووە کە ((خونە ئەم باب سێوینە ... ئەڤرۆ ئێڤاری دێ بێهنا خو ڤەدەین دێ چینە یاری یا ل مخەلێ پشتا گوندی- براني، دار و ترانێ ، گیخێ ... پاش سوباهی دێ چینە ((لاتا نێرگزا )) دبێژن گەلەك یێ لوێرێ هەین .)) وە لە شوێنێکی دیکەش کە کۆتایی چیرۆکەکەیە، بەڵام کۆتایی ڕووداوەکان نییە لە زاری گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە کە لە دواساتی سەرەمەرگی منداڵەکەدا، کە پێی وایە منداڵەکە دەیەوێت بۆ داهاتوو شتێك بڵێت کە (( ئەڤ ئاخا نێرگزێن وێ بخوینێ شین دبن جهێ وا لسەر نینە دێ هەر مینت وەلاتێ نێرگزا ))[2]، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (سەماکەرەکان) دا سوود لە تەکنیکی پێشخستن وەرگیراوە ، کە ئەو کەسەی ڕووداوەکانی کۆشك و تەلارە چەند نهۆمییەکە دەبینێت و ئارامی نامێنێت ، هەوڵ دەدات لەو کەسانەی کە بوونەتە ژێر دەستە تێیان بگەیەنێت ، وە بۆچی وادەکەن دەڵێت : (( باشە ئەگەر گوێ رایەڵی نهۆمی سەرەوە نەبن و چی دی ئاوڕیان لێ ی نەدەنەوە و هەموو داوەکان بپچڕێنن .. چی ڕوودەدات ؟ ... ))[3] ، هەروەها کورتە چیرۆکی (دەرزا دلی) ئەو منداڵەی کە نەخۆشی دڵی هەیە بە دەنگێکی پڕ لە خەم کە ئومێدی ژیانی نەماوە ، دەڵێت : (( - باب راستە ئەز دێ مرم ؟! ))[4] ، هەروەها لە ( وێران کردن ) دا لە دوای ئەوەی کارەکتەر بێزارە لەو کەسانەی خاك و خەڵکی وڵاتەکەیان داگیرکردووە ، بەڵام لە هەمانکاتدا ورەی بەرزە و بۆ داهاتوویەکی ڕۆشن دەڕوانێ و بە دوژمنانی خاك دەڵێت : (( توانیتان گوندەکان وێران کەن .. ئەی چیا ! .. ناتوانن ناتوانن توخنی کەون .. جارێکی دی دەبێت گوندەکانمان ئاوەدان بکەینەوە .. دەبێ ئێوە بڕوخێن و رژێمتان لەنێو بچێت .. ناتوانن چیا لە کورد دابڕن .)) [5]

**٣- دووبارەکردنەوە** : ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لە سستی چیرۆکەکات کە بەکاردێت و تێکستەکات خێرا دەکات ، واتە ڕووداو یان وشەیەك یاخود بڕگەیەك وە یان ڕستەیەك دووبارە دەبێتەوە لێرەدا ڕۆڵی لە درێژکردنەوەی گێڕانەوەدا هەیە و ڕووبەرێکی فراوانتر داگیر دەکات ، جا ئەم دووبارەکردنەوەیە یان بە مەبەستە یان بەبێ مەبەست ئەنجام دەدرێت ، مەبەستەکە وەك تەکنیکێك بەکاردێت لە هۆی سست کردنەوە بۆ ئەوەی هەندێ بۆشایی و کەلێنی نێو چیرۆکی پێ پڕبکرێتەوە ، وەجاریش هەیە مەبەست تێیدا ئەوەیە کە وشەیەك پتر جێی بایەخ پێدانە و چیرۆکنووس مەبەست و تێمی چیرۆکەکەی لەوێدا چڕدەکاتەوە ،لە هەمانکاتدا دەیەوێت لەو ڕێیەوە تێمی کارەکەی نیشانی خوێنەر بدات، هەندێ کاتیش تەنها بۆ بزواندن و وروژاندنی هەستی خوێنەر بەکاردێت بە وشەیەکی کاریگەر لە نێو کورتە چیرۆکەکەدا .

---

١- تایێ بە ڕوییێ ، جلال مصطفى ، ل ٩٢

٢- وەلاتێ نێرگزا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هیڤیێن هەلاویستی ) ، اسماعیل مصطفى ، ل ٧٩-٨٠

٣- سەماکەرەکان ، حسام حەکیم ، ل ١٥

٤- دەرزا دلی ، جمال بروارى ، ل ١٨

٥- وێران کردن ، صدرالدين خۆشناو ، ل ١١٤

چیرۆكنووسیش هەیە بە بێ ئاگایی و بە بێ شارەزایی لە ناسینی ئەو تەكنیكە چەندجارێك لەژێر قەڵەمەكەیدا وشە و دەستەواژە دووبارە دەبنەوە ، ئەم تەكنیكی دووبارەكردنەوەیە وا باشە بەبێ هۆ نەچێتە نێو چیرۆكەوە  بە تایبەت كورتە چیرۆك بەو هۆیەی دووبارەكردنەوە دەبێتە هۆی درێژكردنی ڕووبەری كورتە چیرۆك ، چونكە (( هەر درێژكرنەكا دی دێ بیتە زێدەگاڤی ل سەر ئاڤاهیێ دەقی و دێ كارتێكرنەكا خراب هەبیت ل سەر چیرۆكێ وەك كارەكێ هونەری كو ئابۆریكرن د زمانیدا یەك ژ سەرەكیترین بنەماییێن وێ یە .))[1] چونكە ئەمە پەیوەندی بە چڕی و درێژكردنەوەی ڕووبەر و خەسڵەتی كورتە چیرۆكەوە هەیە ، گەر وانەبێت ئەوە لە كورتە چیرۆكدا دووبارەكردنەوە نیوەی دێڕێك دەگرێت یان زیاتریش  بەڵام ناگاتە پەڕەیەك یان چەند پەڕە و پەرەگرافێك ئەوەندە هەیە كە تێكستەكات خێرا دەكات و درێژدەبێتەوە ، وە ئەو دووبارەبوونەوانەی لە كورتە چیرۆكی كوردیدا بەدی دەكرێت زیاتر دووبارەبوونەوەی وشەو دەستەواژەیە و كەمتر ڕووداو و بەسەرهات دووبارە دەبێتەوە لە تێكستەكەدا ، لەگەڵ ئەوەی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەكان چوار شێوەی هەیە ، ئەوانەش (( یەكجار گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی جارێك ڕوودەدات . گێڕانەوەی چەند جارێكی ئەو ڕووداوەی چەند جارێك ڕوویداوە  . گێڕانەوەی چەند جارێكی ئەو ڕووداوەی جارێك ڕوودەدات . یەكجار گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی چەند جارێك ڕوویداوە . ))[2]  بەڵام ئەمە لە چیرۆكی كوردیدا گێڕانەوە بە دووبارەكردنەوە لەسەر ئاستی ڕووداودا بە گشتی كەمتر دەبینرێت .  هەربۆیە ئەو جۆرە دووبارەكردنەوانەی لە كورتە چیرۆكەكاندا دەركەوتوون بۆ سستی چیرۆكەكات ، بەنموونە لە چەند كورتە چیرۆكێكدا دەیانخەینەڕوو ، لەوانە : لە كورتە چیرۆكی(كاتم نیە بۆ شێتی) تەكنیكی دووبارەكردنەوەی تێدا بەكارهاتووە بۆ زیاتر جەخت كردنە سەر ناونیشان ، سەرەتا ناونیشان كاتم نیە بۆشێتی ، دواتر لە دەستپێك دیسان دووبارە بووەتەوە ((" شێتی كاتی زۆر ئەوێ منیش كاتم نیە جێگەی شێتی تیاببێتەوە ..." ، هەروەها لە كۆتایی كورتە چیرۆكەكەشدا كارەكتەر جارێكی دیكەش دەڵێت "" ئۆی خۆ من ووتم كاتم نیە بۆ شێتی ئەوە ئەڵێم چی " ))[3]، هەروەها كورتە چیرۆكی (وێران  كردن) دا گێڕەرەوە وەك بۆ زیاتر ئاماژەدان بە تێمی كارەكە دەستەواژەی (تێك دەن ) چەند جارێك  دووبارەی دەكاتەوە و دەڵێت (تێكی دەن؟!  ))[4] كە ئەمە بۆ زیاتر جەخت كردنەسەر ئەوەیە كە گوندەكانمان چۆن ئەنفال كران و دواتر سووتێنران و تێكدران ، وە لە كورتە چیرۆكی  (سەعاتی سفر)دا كە لە ناوەڕۆكدا ئاماژە بۆ شەڕی دەسەڵاتی دوو حیزبەكە دەكات ، هەربۆیە وشەی (شەڕ) چەندین جار دووبارە بووەتەوە نەك وەك پڕكردنەوەی بۆشاییەك لە چیرۆكەكەدا بەڵكو ئەو وشەیە زیاتر جێی مەبەست و بایەخی چیرۆكنووس ، وەك لە دەستپێكدا هاتووە ((  (هەردوولا ئامادەی شەڕ بوون... هەموو شتێك لەبەردەستدا بوو ، هەر شتێك كە ئەم شەڕەی پێ ببڕێننەوە )ل٧٩ وە لە باسی ئاخاوتنی پیاوانی گەڕەك دەڵێت (نەیاندەزانی چۆن كۆتایی بەم شەڕە نەگریسە بهێنن .) ل٨٢ وە دەڵێت :( دوو سێ جار هەوڵێكی زۆر درا بۆ ڕاگرتنی-

---

١- بیاڤێ خواندنێ ، جلال مصطفی ، ل ١٢٤

٢- مدخل الی نظریة القصة تحلیلا و تطبیقا ، سمیر المرزوقي و جمیل شاكر ، ص ٨٢ ، هەروەها بڕوانە  بینای هونە ری چیرۆكی كوردی ، لە سە رە تاوە تا كۆتایی جە نگی دووەمی جیهانی ، پە رێز سابیر ، ل ٣١٥

٣- كاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان ، ل ١٤٩

٤- وێران  كردن ، صدرالدین خۆشناو .

- ئەم شەڕە)ل٨٣ لە کۆتاییدا هاتووە (نابێت لەم کۆڵانەدا شەڕەبەفر بکرێت .) جگە لەوەش وشەی پێچەوانەی شەڕی هێناوە بەڵام بە دەربڕینی جیاواز وەك ( جا لەبەر ئەم مەبەستە هەرکەسێ دەبێت کۆترێکی سپی لە گیرفانی شەڕواڵەکەیدا قایم بکات )ل٨٠ وە لە ل٨٢ دەڵێت( دەستی گۆی نەدەکرد ، تا کۆترەکەی گیرفانی دەربهێنێت ) وە ( کەسیش کۆتری خۆی بە قەرز نەدەدا بەوی تر)وە لە ل٨٣ هاتووە کە( کەس نەیدەزانی ئەم شتە سپییە بەفرە یان کۆتری ئاشتی؟) ))[1] کە هەر یەك لەو مانایانەی وشەی شەڕ و کۆتری ئاشتی دەلالاتی زۆر لە خۆی هەڵدەگرێت و چیرۆکنووسیش دەیەوێت لەو ڕێیەوە تێمی کارەکە نیشان بدات ، وە کە دوو جارلە دەستپێکدا هاتووە ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (سەعەت) دا تەکنیکی دووبارەکردنەوە بەکارهاتووە بەڵام تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و کەلێنی چیرۆکەکە بەکارهاتووە نەك وەك مەبەستێکی گرنگ لە سەلماندنی شتێکدا ، ((سێ پشتە ئەڤ سەعەتە بۆ مە هاتی هەتا نهو قەت خراب نەبویە.))ل٣٤ وە بۆ جارێکی دیکەش هەمان دەستەواژە هاتووە (( ئەها سەحکێ وەختێ ئەز دبینم دیروکا درێژ دهێتە بیرا من وەك شەریتێ سینەمایێ ژ سێ پشتا هەتا نهو.))ل٣٦ هەر لە هەمان پەڕە هاتووە ((کۆ وەك بابێ وی دبێژیت ئەڤە سێ پشتە بۆ مە مای ))[2] ، لە کورتە چیرۆکی (سەربازی شەترەنج)یشدا سەرەڕای ناونیشان بۆ جارێکی دیکەش لە نێو کورتەچیرۆکەکە ئەوە دووبارە بووەتەوە کە ، کارەکتەر لە کاتێکی پێویست پەنا بۆ برای هاوڕێیەکی دەبات و ئەویش دەست دەنێت بەڕوویەوە ئەوە لە کاتێکدایە (( کە دەرگاکەی کردەوە ئەم کە لە شەرمدا بە قەد سەربازێکی شەترەنجی مابۆوە بە لێوە لەرزەوە پێ ی وت : " خەجاڵەت خۆم کاك (ن) بەم نیوە شەوە خەبەرم کردیتەوە " ))[3] ، هەروەها کورتە چیرۆکی (سیڤاندوك)یش کە چیرۆکنووس تەواو مەبەستی بووە تێمی کارەکە چەند جارێك دووبارە بکاتەوە ، بەوەی چۆن خاك و گوندەکانی کوردستان کاولکراون ، لەم شوێنانەدا دەردەکەون (( بەلێ ئەڤ سالە وێ ژی قەستا ڤێرە نەکرە ، دیارە مالا وێ ژی دگەل یا گوندی یا کاڤل بووی.. ))ل٣٢ وە جارێکی دیکەش هاتووە کە ((ئەو بو ل وی دەمێ دیتی ، سیڤاندوك ژناڤ کەلەکێن خانیێن کاڤلکری ، دەردکەتن و دچوونە دناڤراڤە )) وە ئەم مانای کاولکارییە زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە ، بەوەی هاتووە (( بەس سیڤاندوك دگەل مرۆڤان دەربەدەر نەبووینە ! ل شوینا ناڤ سیڤاندارا هێلینێن خو دناڤ کاڤلە گوندی ڕا ئاڤاکرنە...!! ))[4] ل٣٣ ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (**دارشەق**)دا وەك حاڵەتێکی نا ئارام کە هۆکارەکەی جەنگە کارەکتەر لە دوای کەمێك دڵنیایی دەڵێت : (( بەڵام لەپڕ دەنگی ناسازی مەلێك لەنێو دارکاژەکانەوە بەرزبووەوە جەستە و ڕۆحم دووبارە گەڕانەوە بۆ نێو جەنگەڵەکە ..))وە بەهەمان شێوە جارێکی دیکەش (( هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبوومەلای دەنگی مەلە شومەکە دیسان بەرزبووەوە ))ل ٨١ ، وە لە کۆتایی گێڕانەوەدا جارێکی دیکە گێڕەرەوە ئەو دەنگە شومەمان بەبیر دەهێنێتەوە ، کە (( دەنگی مەلە شومەکە دیسانەوە هێنامیەوە بەردەمی کابرا ..))[5] ل٨٣ .

---

١- سەعاتی سفر ، کۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح، ل ٧٩ — ٨٣

٢- سەعەت ، کۆمەڵە چیرۆکی (پێکۆلەك بو دانانا پانۆرامایەکێ بۆ جارا رۆژ غەیری) ، انور محمد طاهر، ل ٣٤-٣٦

٣- سەربازی شەترەنج ، محەمەد کەریم ، گۆڤاری ئایندە ، ژ ١٥ ، ت . ٢ی ٢٠٠٠ ، ل ٨٨

٤- سیڤاندوك ، لە کۆمەڵە چیرۆکی (پوستە) دا ، جميل محمد شێلازی ، ل٣٢-٣٣

٥- دارشەق ، یاسین عومەر ، گۆڤاری ئایندە ،(١٢)ی تەمووزی (٢٠٠٠) ، ل٨١-٨٣

٤- **دیمەن** : بۆ سستی چیرۆکەکات تەکنیکێکی دیکە بەکاردێت ئەویش دیمەنە ، کە وێنەگرتنی کاتێکی کورتە ، بەشێوەیەك کات چڕ دەکرێتەوە کە ڕووداو هەموو لایەنەکانی باس دەکرێت واتە بەشێوەیەکی دوورودرێژ باس لەو لایەنی ڕووداوانە دەکرێت ، چیرۆکنووسیش پێویستە بەشێوەیەك دیمەن بۆ چیرۆکەکەی بهێنێت کە گونجاو بێت و هەروا و لەخۆوە دیمەن نەخاتە سەر کاری گێڕانەوەکەی و ئەگەر هێنایە نێو کورتە چیرۆکەکەی ئەوە بزانێت کە دەبێ سنور بۆ دارشتنی دابنێت ، چونکە دیمەن ڕووبەرێکی زۆر داگیر دەکات و کورتە چیرۆکیش ئەوە قبولٚ ناکات ، واتە لە شوێنی پێویست نەبێت ؛ پێویست بە بوونی دیمەن ناکات بەهۆی هەولٚدانی کاتی چیرۆك بە چڕکردنەوە و کورتکردنەوە ، بوونی دیمەنیش لە چیرۆکێکدا و (( گرتنی وێنەی ئەو ساتانە هەستی بەشداری کردن لای خوێنەر دروست دەکات ، چونکە رۆلٚی خوێنەر لێرەدا تەنها خوێندنەوە یا بیستنی چیرۆکەکە نابێت ، بەلٚکو خوێنەر وەك بینەری لێ دێت و شتەکان لە حالٚەتی جولاٚنەوە و کەسەکان بە زیندوویی لەبەرچاویدا هاتوچۆ دەکەن و پێ دەکەنن و دەگرێن و خەون دەبینن . ))[١] بەلاٚم وا باشە لە کورتە چیرۆکدا دیمەنەکان کورت بن و چڕکرابێتنەوە بەشێوەیەك بتوانێ لەو ماوە کورتەدا ئەوەی گرنگە تێیدا بگوترێت ، جا دیمەن لەبەر ئەوەی هەستی ڕاستەقینەی بینراو و بیستراو لای خوێنەر دروست دەکات ، دەتوانرێت ئەوە لە کاتی دیالۆگ و مۆنۆلۆگیشدا بەدی بکرێت . بە نموونەی چەند کورتە چیرۆکێك لەوانە : لە کورتە چیرۆکی (کاتم نیە بۆ شێتی) کارەکتەر وێنەی دیمەنێکمان نیشاندەدات ئەویش ئەوەیە : ((دەستەکە هاتەوە و .. وێنەی جوان و جوانتری پیشان دا . وێنەیەکیان دوو منالٚ خۆیان دابوو بەسەر مەلٚۆیەك سەوزە گیادا . ))[٢] ، هەروەها کورتە چیرۆکی (دایکە ویز) دیمەنی دایکێکی دلسۆز دەبینین ك تا دواسات لە پێناو خۆی و ندالٚەکەی دەجەنگێت ، وەك هاتووە (( دایکە بەر لەوەی گیانی دەرچێ توانی بۆ دواجار مەمکی بنێتەوە دەم ساواکەی و جا بەسەر خۆی و بێشکەیا ..))[٣] ، وە کورتە چیرۆکی (وێران کردن) گێڕەرەوە لە باسی (ئەو) دا کە ناوی نەهاتووە دەلٚێت: (( گەیشتن ئاستی (ئەو)..(ئەو)یش دەیویست سوار نەبێت و ، لاقەکانی توند لە عاردەکە گیرکرد و ، دوو سەرباز هەردوو شانیان گرت و دەواودەم بە عاردیان دادا و لەنێو خۆلٚەکەیان گەوزاند..ئەوانەی نێو ئیڤاکان هەموو لە تاو و حەژمەتان خۆیان وێك هێنا بووەوە.. ئەوجا بلٚندیان کرد بۆ نێو ئیڤایەکە و.. هەموو سەر و چاوو لەشی شین و مۆر بووبوو..)) [٤]، لە کورتە چیرۆکی(سەعەت) دا گێڕەرەوە لە سەرەتاوە دیمەنی سەعاتێکی هەلٚواسراومان نیشان دەدات و دەبێتە هۆی بیرخستنەوەی دیمەن و وێنەگرتنی ئەو ساتانەی چیرۆکەکە کە خوێنەر هەستی پێدەکات وەهەستی ئەوەی لادروست دەبێت کە ئەویش رۆلٚی تێدا دەبینێت و دیمەنەکە دەبینێت((دایکا من دا لێ زڤریت ئۆ سەح کەتە مە ئەم هەمی ل ناڤ چاڤێت وی نێرین. ))[٥] ئەو دیمەنە وەك ئەوە وایە لەبەر چاومان بێت کە چۆن دایکەکە سەیری ئەمانی کردووە و ئەمانیش هەموویان سەیری ناو چاوی ئەویان کردووە ، لە کورتە چیرۆکی ( سەربازی شەترەنج )دا دیمەنی تێکدانی چا

---

١- بینای هونە ری چیرۆکی کوردی ، لە سە رە تاوە تا کۆتایی جە نگی دووەمی جیهانی ، پە رێز سابیر ، ل ٣١٧

٢- کاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان ، ل ١٤٨

٣- دایکە ویز ، جەمال نوری ، ل ٣٠

٤- وێران کردن ، صدرالدین خۆشناو ، ل ١١٣

٥- سەعەت ، کۆمەلٚە چیرۆکی (پێکۆلەك بو دانانا پانۆرامایەکێ بۆ جارا رۆژ غەیری) ، انور محمد طاهر ، ل ٣٤

- وسەیرکردنی کەسانی دەوروبەری کە چۆن سەیریان کردووە دەبینین ئەوەش (( بە کاوەخۆ دەستی کرد بە شێواندنی چا کەی و بە دزەنیگا سەرنجی ئەوانەی ناو چایخانەکەی دەدا ، دەرکی بەوەکرد زۆر بە وردی چاودێری هەڵس و کەوتی دەکەن.))[1] ، هەروەها کورتە چیرۆکی (دارشەق) یش بە هەمان شێوە دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی تێدایە لەوەی هاتووە کە (( هێشتا زۆر لە پردەکە دورنەکەوتبوومەوە ئاورێکم دایەوە ، وێنەی خۆر لە نێو ئاوەکەدا سەرنجی راکێشام ، ویستم بیربکەمەوە بزانم خۆر دەکەوێتە کوێی ماڵی ئێمەوە . تیشکی بەتینی خۆر چاوانی پێ داخستم .))[2] ، هەروەها کورتە چیرۆکی (وەلاتێ نێرگزا) گێڕەرەوە لە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشدا وێنەی ساتی شەهیدبوونی ئەو منداڵەمان نیشان دەدات (( کەتە سەر دەڤێ خو ، لێ هێش نێرگز بەرنەدابنە لەشێ ساڤا و نازك سار بو لێ نێرگزێن وی هەر د دەستی دا بون بەرێ وی کەتبو راستا دوژمنا یێ ددیت دا بێژیت یێ نێرگزا دچنیت..))[3]

**دووهەم :** بۆ بە دەستخستنی خێرایی چیرۆکەکات(کاتی چیرۆك) و سستی تێکستە کات ، دوو تەکنیك هەیە ئەوانەش ( کورتکردنەوە و لێکردنەوە )ن .

**١- کورتکردنەوە** : لێرەدا کات لەسەر ئاست و مەودای تێکستەکات بە هێواشی و لەسەرخۆ ڕێدەکات و چیرۆکەکات خێرا تێپەر دەبێت بە هۆی ئەوەی ماوەیەکی ژیان و تەمەنی کەسێك یان ڕووداوێکی درێژخایەن لەماوەیەکی کەمدا دەردەخات ، بەمەش دەبینین چیرۆکەکات خێراتر لە ڕەوتی خۆی تێدەپەرێت و تێکستەکات ماوەیەکی وادەردەخات کە بەسستی ژیان و بەسەرهاتی چەند ساڵەوە چەندین مانگ لەماوەیەکی کەم دەردەخات و هەروەها کاتی ڕوودانی ڕووداویش بە خێرایی گوزەردەکات ، یاخود جاری واهەیە چیرۆکنووس خۆی ئەو زانیارییە بە خوێنەر دەدات کە لە چیرۆکەکەدا ئەم دەستەواژانە دەدات لەوانە (لەماوەیەکی کەمدا بۆتان باس دەکەم) ، یاخود لەباسی بەسەرهاتێك دا دەڵێت (لەو ماوە زۆرەدا ڕووداوەکان ...ڕۆژی خایاند) واتە ئەو ماوە زۆرەی چیرۆکەکات لە ڕۆمان و چیرۆکی درێژدا بە چەند لاپەڕەیەك باس دەکرێت لە کورتە چیرۆکدا بەدێرێك یان دەستەواژەیەك باسی لێ دەکرێت ، ڕووداوەکان و ژیانی کەسەکان باس دەکرێن ، بەڵام هەمووی کورت کراوەتەوە واتە ڕووداوەکان کورت دەکرێنەوە بە چەند دەربڕینێکی کەم ئاماژەی پێدەکرێت وە(( مەبەست ژڤێ تەکنیکێ ئەوە کو چەند رۆژەك یان هەیڤ وسال ژ ژیانا کەسان ب چەند رێزەکا بهێنە ڤەگێران ، هەروەها دەمێ چیرۆکنڤیس ب رێکا ئاماژەیێن کورت ماوەیەکی دەستنیشانکری ژ ڕوودانان و ژیانا کەسان ڤەدگێرت.))[4] واتە لێرەدا ڕووداو بە وردەکارییەکانی و درێژدادڕی ناگێڕدرێتەوە ، بەڵکو بە کورتی دەخرێتەڕوو

١- سەربازی شەترەنج ، محەمەد کەریم ، ل ٨٧

٢- دارشەق ، یاسین عومەر ، ل ٨١

٣- وەلاتێ نێرگزا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هیڤییێن هەلاویستی ) ، اسماعیل مصطفی ، ل ٨٠

٤- تەکنیکا ڤەگێرانێ د کورتە چیرۆکێن فازل عومەری دا ، نەفیسا ئیسماعیل ، ل١٠٠

، له ڕووی تێکستیشەوە بە کورتی دادەڕێژرێ ، وە لەو ماوەیەی لە نێوان چیرۆکەکات و تێکستەکات دروست دەبێت (( ئەوە دەردەخات کە چەند دێڕێکی کورت کە لەوانەیە کاتی خوێندنەوەکەی چەند خولەکێك ئەخایەنێت بەسەر چەندەها رۆژ یان مانگ یان ساڵدا دەڕوات ، یانی کاتی ڕووداوەکان هەمیشە بە خێرایی لەبەرەوپێشچوون دا دەبێت ، کەچی تێکستەکات سست و لەسەرخۆ دەبێت . ))[1] بە نموونەی چەند کورتە چیرۆکێك لەوانە : لە کورتە چیرۆکی (شەوێك)دا کە تێیدا هاتووە (( {دەك خوا بیبڕێ ئەم عومر و ژیانەی من بەسەری ئەبەم ؛ ئەم رێگا کاول بووە ، هەر نابڕێتەوە . چوار سەعات ئەمسەر و چوار سەعات ئەوسەر ... ئەویش بەم هاوینە . } ئەوە ئەو خورتە و بۆڵەیە بوو ، کە هەر پانزە رۆژ جارێك ئەندامانی خێزانەکە ، بە زیادەوە ، یان بە کەمەوە لە دایکیان ئەبیست و هیچیان نەئەوت. ) لێرەدا دەبینین کات لەو ماوانەدا کورت کراوەتەوە بۆ خاتری کورتبڕی لە کاتدا ، یاخود لە شوێنێکی دیکەدا خۆی ئاماژەی ئەوەمان دەداتێ لە زاری کارەکتەرەوە کە لە نامەیەکدا بۆ ماڵەوەی نووسیووە دەڵێت : (( بە کورتی نەمزانی لە کوێوە ئەمبات و لە کوێدا پێمی وت پێڵاوەکانت لەبەر پێتدایە ؛ لە پێی بکە ))[2] ، وە لە کورتە چیرۆکی (یاقووتی ئازار)دا هاتووە (( بەسەرهاتی ( یاقووتی ئازار ) دەگەڕایەوە بۆ هەواڵێکی کورتی یەکەم لاپەڕەی رۆژنامەیەکی محلی کە نووسی بووی : ( لە دێیەکی دوور لە شار کچێکی ١٣ ساڵ لە پێش دوو ساڵەوە هەموو رۆژێك بە بەردەوامی چەند پارچە شوشەیەك لە چاویەوە دێتە دەرێ ) )) ، وە جارێکی دیکەش پشت بە تەکنیکی کورتکردنەوە بەستراوە بەوەی هاتووە کە (( رۆژێك (نور) بە گریانەوە پێ ی وتن کە هەست بە کزبوونێکی خێرا دەکات لە چاوەکانیدا ، ئەم قسەیەی نور چەند مانگێکی خایاند و بە تەواوی کوێر بوو .))[3] کە دەبینین ڕووداوەکان هەمووی باسکراوە بەڵام پەیڕەوی لە کات کراوە و هەوڵی کورتکردنەوەی ڕووداو دراوە بۆ چیرۆکەکات بە خێرایی تێپەڕ بێت ، کورتە چیرۆکی (دەلیا لە خەونی تاریکیدا) تێیدا کارەکتەر لە ساتی نزیك لە ماڵئاوایی مەرگی باوکی هەستێکی نامۆی لەلا دروست دەبێت بەوەی دەڵێت : (( چەند ڕۆژێکە بۆنێکی ناخۆشم لێوە دێت .. هەتاوەکو رستە و وشەکانی ناو دەمیشم تامی تاڵییان گرتووە ، وەك ئەو رۆژانە نی یە کە بێ دەربەستانە لە کۆڵانە پێچاوپێچەکاندا یاریم دەکرد و شەوانەش پڕ بە دڵ بۆنم بە ئەستێرەکانی ئاسمانەوە دەکرد. ))[4] دەبینین لێرەدا وەسف و ڕووداوەکانی ژیانی لەو ماوەیەدا زۆر بە کورتی دەخاتە ڕوو . ، وە لە کورتە چیرۆکی (سەعاتی سفر) یشدا بۆ ماوەیەکی کورت سوودی لە تەکنیکی کورتکردنەوە وەرگرتووە و ماوەیەکی کەممان نیشان دەدات لەوەی (( خوێنێکی زۆر ڕژابووە سەر بەفرەکە . تا ئێوارەی درەنگ چەند جارێك ، ئەمبولانس هات و بریندارەکانیبە پەلە گەیاندە خەستەخانە ... پەنجەرەی ماڵەکان بە پێوە نەمابوون ...))[5] ، هەروەها لەکورتە چیرۆکی (وێران کردن) هاتووە کەچۆن دەنگی پیرەمێردێك لە ئاست ئەو زوڵم و زۆربیەی بەرامبەرییان

---

١- بینای هونه ری چیرۆکی کوردی ، له سه ره تاوه تا کۆتایی جه نگی دووەمی جیهانی ، پە رێز سابیر ، ل ٣٠٣ — ٣٠٤

٢- شەوێك ، پەپوولەکانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد ، ل ٢٦ - ٣٠

٣- یاقووتی ئازار ، عەتا محمد ، ل ١٧٢-١٧٣

٤- دەلیا لە خەونی تاریکیدا ، ئاکۆ کەریم مەعروف ، ل ١٢٧

٥- سەعاتی سفر ، کۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح ، ل ٨٣

- كراوه كه گوندييان شێواوەو و خاپوور ، لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە ئەوەی بە دەنگێکی کزو مەلوول بڵێت : (( - ئێ هێ ...بیست و سێ ساڵی رەبەقە ئەم زەوی یە رووت و بەیارەمان کردووەتە باخچە .. دەیانەوێت بە سووك و سانایی تێکی بدەن .. ناحەقیان ناگرم .. ئارەقەیان پێوە نەکردووە .. ئارەقەی چی ! ئەمانە دڕندەن .. خوێن مژن !! ))[1] ، هەروەها کورتە چیرۆکی (زەلامەك ژ رۆژگارەك دی) گێڕەرەوە بۆ گێڕانەوەی دەستپێکەکەی پشتی بە تەکنیکی کورتکردنەوە بەستووە کە باسی تەمەنی کارەکتەر دەکات (( پشتی هەموو سالێن گەنجی یا خوە و هەتا سەرێ خوە ژی سپی کری کرینە قوربانی ڤێ دەزگەها بەرفرەه و مەزن و ژبەر خەمخوری و دلپێڤەمانا وی یا بێ تخووب ب کاری ڤە روژەکێ ژی خوەشی ب ژیانا خوە یا تایبەت نەبری یە ...))[2]

**٢- لێکردنەوە** : ئەم شێوە تەکنیکە کە تایبەتە بە خێرایی چیرۆکەکات و سستی تێکستەکات ، واتە لە رووی ڕووبەرەوە ڕووبەرێکی کەم داگیر دەکات کە ماوەکە بەکاردێت بەڵام بەو هۆیەی چیرۆکنووس بە پێویستی نازانێت باسی لێ بکات بۆ نموونە لە کورتە چیرۆکدا چۆن بوونی کارەکتەری لاوەکی پێویستە ، بەڵام زانینی تەواوی ژیان و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی بۆ چیرۆکنووس و خوێنەریش کەمتر گرنگی هەیە تاوەکو لە نێو چیرۆکەکە باس بکرێت ، هەربۆیە چیرۆکنووس لەم کاتانەدا بازدەدات بەسەر شتێکدا کە باسکردنی یان باس نەکردنی هیچ شتێك زیاد ناکاتە سەر ڕەوتی چیرۆکەکە و هیچ شتێکیش لە بایەخی کورتە چیرۆکەکە کەم ناکاتەوە بە باس نەکردن و ناو نەهێنانی ، لێرەدا هەندێجار باس لە داهاتووە یان لە ڕابردووە ، بەڵام ئەم ناوهێنانی (داهاتوو ، ڕابردوو)ە بەوە جیا دەکرێتەوە کە لە (گەڕانەوە و پێشخەری) کە تەنها بە دەستەواژە دەوترێت ، وەك ( پێش چەند ڕۆژێك ، پێش چەند ساڵێك ، دوای ماوەیەك ، پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێك ) کە ئەم جۆرە دەستەواژانە بەکاردێت بەبێ ئەوەی باس لە ڕووداوێکی ئەو کاتە بکرێت ، واتە (( ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە تایبەتە بە ڕووداوێك لە تێکستی چیرۆکەکە کراوەتەوە ، لەبەر ئەوە لەسەر ئاستی تێکستدا وەك قەبارەیەك هیچ ڕووبەرێك داگیر ناکات . ))[3] واتە ڕووداوەکە خۆی باس ناکرێت بەڵکو شتێك تەنها وەك ئاماژە دێت کە لەو ماوەیەدا ڕووداو هەبووە ، بەڵام ڕووداو نە باس دەکرێت وە نە پێویستە بە بیرکردنەوەش بچینە نێو ئەو ماوانەی کە لێکراوەتەوە ، وە لە ئەنجامی هیچ ڕووداوێکی دیکەش پێویست ناکات بیر لەوە بکەینەوە بزانین ڕووداوەکانی ئەو ماوە لێکراوەیە چییە و کامانەن ؟! هەر ئەمەشە وا دەکات کە پێویست نییە هیچ قەبارەیەك لە چیرۆکەکەدا بگرێتەوە چونکە چیرۆك ئەوەی پێویست بێت کە تێیدا بگوترێت ، هەر دەگوترێت جا بەهەر ڕێگەیەك بێت (ئاشکرا یان شاراوە) ئەوەش کە هاتووە بۆ ئەوەیە کەلێن و بۆشایی بە چیرۆکەکە و ڕەوتی ڕووداوەکان و لایەنی کات و شوێن دیار نەبێت جا بۆ ئەمە (( ڕووداوەکە خۆی لادراوە و ئەوەی ماوەتەوە تەنها ئەو ماوەیەیە کە ڕوودانی ڕووداوەکە خایاندوویەتی و لێرەدا تەنها ئاماژەی بۆ دەکرێت بێ ئەوەی باسی لێوە بکرێت. ))[4]

---

١- وێران کردن ، صدرالدین خۆشناو ، ل ١١١

٢- زەلامەك ژ رۆژگارەك دی ، عصمت محمد بدل ، ل ١٠١

٣- بینای هونە ری چیرۆکی کوردی ، لە سە رە تاوە تا کۆتایی جە نگی دووەمی جیهانی ، پە رێز سابیر ، ل ٣٠٥

٤- سەرچاوەی پێشوو .

هەروەها زۆرجار چیرۆکنووسی شارەزا دەتوانێت ئەو لێکردنەوانە ، یاخود پڕکردنەوەی کەلێنەکان بە ڕێگای دیکە بەکاربهێنێت ، ئیدی خوێنەر (توێژەر) دەتوانێت لەو ڕێیەوە باشتر لە لێکردنەوەکان تێبگات ئەویش بە دانانی (سێ خاڵ) لە خاڵبەندیدا ، کە یەکێك لە جۆرەکانی ئەم خاڵبەندییە بۆ پیشاندانی وشە و ڕستەی سڕاوەیە لە نووسیندا ، وە لە گێڕانەوە و چیرۆکیشدا زۆرجار لە شوێنی ڕووداوە لێکراوەکاندا بەکاردێت ، بە تایبەت لەو کاتانەی چیرۆکنووس چەند مۆتیڤێك بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی سنورێك بۆ ئەوە دابنێت یان ڕووداوەکان سنوردار بکات لە کورتە چیرۆکەکەیدا وە لەبەر پێویست نەبوونیشی ، چیرۆکنووس دێت سێ خاڵ دادەنێت بەم شێوەیە (( (...) دناڤبەرا رستان دا ، وەکی ئەم دزانین د بوارێ خالبەندیێ دا ، ئەڤە هێمایا لابرنێ یە . ))[1] سەرەڕای هەموو ئەوانەش هەندێجار وا ڕێکدەکەوێت کە کاتی ڕووداو لەگەڵ کاتی گێڕانەوە دەست پێدەکات و پێکیشەوە کۆتاییان دێت ، واتە هەر کاتی ڕووداوەکە کۆتایی هات گێڕانەوەش کۆتایی دێت . وە دەکرێت ئەوەش بڵێین کە زەمەنی واقیعی یەك بە دوای یەکدا دێت چونکە فیزیکییە ، بەڵام زەمەنی چیرۆك ئەو یاسا باوە تێك دەشکێنێت و تێکشکاندنی زەمەن و دروستکردنی شوێنی چیرۆکی و وشەیی دروست دەبێت . بە نموونەی چەند کورتە چیرۆکێك لەوانە : لە کورتە چیرۆکی (بەیازی گوڵفرۆشێك)دا چەند جارێك سوود لە تەکنیکی لێکردنەوە وەرگیراوە لەسەر ئاستی وەسفی کارەکتەر ئەوەش (( لە بەیانی زووەوە تاکو ئێوارەی درەنگ ... ڕۆژێ ...دوان ... دە ، مانگێك ... دوان ...دە ڕۆژگار باڵ دەگرێ و منیش بێ باڵ لەسەر کورسییە ڕەنگ پەڕیووەکەم دانیشتووم ))ل٦١ وە لەو کاتەی لە تەمەنی منداڵییدا بووە کە چۆن بەبیری دێت کە جەنگ و خوێن هەبووە لەوێوە ڕاستەوخۆ دێتە باسی ئێستای تەمەن (( ئیدی لەو ڕۆژەوە هەموو بۆنێك لەلام بۆتە بۆنی خوێن .))ل٦٢ ، وە لە سوود وەرگرتن لەم تەکنیکە چیرۆکنووس کەمتەرخەم نەبووە و لە شوێنێکی دیکەش مامەڵەی لەگەڵ کات کردووە بە شێوەی لێکردنەوە و تێیدا هاتووە (( ئیدی بەو شێوەیە ... ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ... ساڵ لە دوای ساڵ ... شەڕ لە دوای شەڕ تاکو ئێستا ڕامکێشا ...))[2] ، هەروەها کورتە چیرۆکی (شەوێك)دا تەکنیکی کاتی لێکردنەوە بەکارهاتووە بۆ خێرایی چیرۆکە کات ، کە لە دوای ئەوەی چەند جارێك دەیانبەن بۆ ئەشکەنجەدان ، لە دوای جارێك لە گەڕانەوەیان لەیلا دەڵێت (( ئەو شەوە تا بەیانی بەو شانۆیە پێکەنین ))٣ ، وە کورتە چیرۆکی (وڵاتم لەوێ یە!) هەر لە سەرەتاو دەستپێکەوە هەوڵدراوە کات کورت بکرێتەوە ئەوەش کە هاتووە (( ساڵی (١٩٨٨)بوو ، چەند ڕۆژێك دوای کارەساتی هەڵەبجەی شەهید . لە وولاتی (س) بەرەو وولاتی (ن) ئەفڕیم ، دڵ غەمبار و ئایندەیەکی نادیار و تەماوی. ))[4] ، کورتە چیرۆکی (خەونەك بو هەمی یا) وەك زۆر لە کورتە چیرۆکەکانی دیکە سودی لە تەکنیکی لێکردنەوە وەرگرتووە ، لەو کاتەی دایکی کارەکتەر لەگەڵ کوڕەکەی دەدوێت هەرچەندە کارەکتەر لە ژیاندا نەماوە (( پشتی بیست سالا ژ خاندنێ ، سەرێ تە نەکەنە سەر چ بـالگەها ، خەونێت جوان و نازك هاتنە دزین )) [5] لە کورتە چیرۆکی ( دوو کۆتر )دا دەستپێکێکی کاتی لێکردنەوەیی هەیە چونکە ئیتر لە پێش ئەوەوە ئاگاداری هیچ -

---

١- تەکنیکا ڤەگێرانێ د کورتە چیرۆکێن فازل عومەری دا ، نەفیسا ئیسماعیل ، ل١٠٢

٢- بەیازی گوڵفرۆشێك ، کۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح ، ل ٦٤

٣- شەوێك ، پەپوولەکانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد ، ل ٣٠

٤- وڵاتم لەوێ یە! ، موەفەق دەرگەلەیی ، ل٦

٥- خەونەك بو هەمی یا ، صبیح محمد حسن ، ل ٧٦

- شتێك نین، (( وەك گەلەك رۆژا هەردوكا ملیت خو دانە ئێك و ل جالدێ دا چونە خار دا بێژی ئەڤە دوو كۆترێت سپی نە .. چاڤێت خەلكی هەمیا ل وان بون ))[1] ، هەروەها كورتە چیرۆكی (سێوەكە)ش لە دوای سی ساڵ دابڕانی هەرزەكارێكی بەگوڕ لەو كەسەی هەمیشە بە هزر و خەیاڵیش لەگەڵیدا بووە ، لەو كاتەی دەشگەڕێتەوە یەكەم پرسیاری (( سێوە ؟!. سام گرتمی . ئاخر پیرەمێردێكی شەست ساڵەی كەنەفتی وەك من چۆن دەشێ لە بەردەم یادێكی وەها دێرین و بیرەوەرییەكی وەها دووردا سام بیگرێ؟! ))[2] كە ڕاستەوخۆ لە دوای تەمەنی سی ساڵی بۆ ماوەی سی ساڵ دابڕاوە بەبێ ئەوەی بزانین كارەكتەر لەو ماوەیەی تەمەنیدا چی كردووە و بە چییەوە سەرقاڵ بووە . وە لە كورتە چیرۆكی (دارشەق) دا هاتووە كە (( لەو ساتەوەی باوكم پێی گوتبووم كە نیوەڕۆ بەهۆی سەرقاڵ بوونی یەوە بە مەسەلەی رۆشتنی بۆ بەرەی شەڕ لەگەڵ دوژمندا نایەت بە شوێنما و دەبێت خۆم بگەڕێمەوە بۆ ماڵی ترسێك سواری كۆڵم ببوو .))[3] ئیدی ئەو ساتە دیار نییە كەی بوو وە و كارەكتەریش و گێڕەرەوەش هیچ باسیان نەكردووە و كات لێكراوەتەوە . وە لە كورتە چیرۆكی (سەعاتی سفر) یشدا كات بە شێوەیەكی بروسكەیی لێكراوەتەوە (( ئیدی بوو بە شەو ...))[4] كە ماوەكە ئەوەندە بە خشپەیی لێكراوەتەوە هەستی پێناكرێت . وە لە كورتە چیرۆكی (دایكە ویز) یشدا كات زۆر بە خێرایی لە ڕووداوەكان كراوەتەوە ، كە لە دوای ئەوەی دایكەكە بە دەستی چەپەڵێك شەهید دەبێت ، بەڵام ساواكەی باوەشی بە زیندوویی دەمێنێتەوە و پاشان باوكی ڕزگاری دەكات ، (( شەو بابی هات و گەیاندییە سەر چیا .. ئێستا هەڵۆ .. پێشمەرگەیەكی هەڵۆ ئاسایە و .. لە تۆڵەی دایكە و ویز و كوردستانی شەهیدیا .. ))[5] كە دەبینین ڕاستەوخۆ لە دوای ئەوەی كە هەڵۆ ساوایەك بووە كات لێكراوەتەوە هەتاوەكو ئەوەی دەڵێت ئێستا پێشمەرگەیە ، كە زۆر بە جوانی ئەو تەكنیكەی بەكارهێناوە بەبێ ئەوەی ناڕێكییەك بكەوێتە ئەو بەشەی لە كورتە چیرۆكەكە نەهاتووە .

---

١- دوو كۆتر ، محمد سلێم سواری ، ل ٢٤

٢- سێوەكە ، حەكیم عەبدوڵلا (كاكە وەیس) ، ل ١٨٩

٣- دارشەق ، یاسین عومەر ، ل ٨٠

٤- سەعاتی سفر ، كۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام كاكەی فەلاح ، ل ٨٣

٥- دایكە ویز ، جەمال نوری ، ل٣١

# بەشی سێهەم

## هونەری گێڕانەوە و جۆرەکانی تێم

هونەری گێڕانەوە، ڕۆڵێکی بنەڕەتی و پتەوی هەیە لە بنیاتنانی کورتە چیرۆکدا، گێڕانەوەش لەدەقە گێڕانەوەییەکاندا دەردەکەوێت واتە لەو ڕەگەزە ئەدەبییانەدا کە لە نێویاندا کاری گێڕانەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت ، ئەوەش پێویستە لە چیرۆك بە گشتی واتە کورتە چیرۆك و چیرۆکی درێژ و نۆڤلێت و ڕۆمان بە شێوەیەکی هونەری بێت ؛ چونکە جگە لەوانەش لە ئەفسانە و چیرۆکی گەلی و لەدەرەوەی ئەدەبدا گێڕانەوە پرۆسەیەکە بەردەوام لە زاری مرۆڤەکانەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا قسەکەر یاخود (گێڕەرەوە) لە زاری دەردەچێت و گوێگریش ( بۆ گێڕەوە) ئەو قسە گێڕاوەیە یان ئەو گووتە گوتراوە وەردەگرێت کە (گێڕانەوە)یە ، جا ئەم پرۆسەیە بە ڕێی سیستمی زمانی و ئاخاوتنی و ئاماژە دەنگی و ئاماژە جەستەییەکانەوە خۆی دەردەخات ، چونکە گێڕانەوە هەر تەنیا لە ڕێی گوتنەوە ئەنجام نادرێ بەڵکو بە ئاماژەی جەستەیش ئەنجام دەدرێت وە ئەوەی کە گرنگە نابێت لە هیچ چیرۆکێکدا گێڕانەوە لە پێویست بوون یان مەبەست زیاتربێت ، چونکە ئەگەر وانەبوو ئەوە نارێکی دەکەوێتە کارە گێڕانەوەییەکە ، گێڕانەوەش سەرەتا و بەردەوامی هەیە بە جۆرێك کە هەر لە سەرەتاوە گێڕانەوە دەستپێدەکات مەرج نییە بەو ڕەوتەدا تێپەڕ ببێت تا کۆتایی ؛ بەڵکو دەکرێت گێڕانەوەکە لەڕووداوێکەوە تێپەرێت و بچێتە سەر گێڕانەوەی ڕووداوێکی دیکە ، کەواتە گێڕانەوە پرۆسەیەکە کە گێڕانەوەی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت هەروەك چۆن لە کاتی ئاخاوتنیشدا دەڵێین ( قسە ، قسە ڕادەکێشێ ) ، لەبەرئەوەی قسەکردنیش گێڕانەوەی تێدایە بەڵام مەرج نییە هونەرێتی تێدا بێت بەم پێیە چیرۆکنووس دەبێت تەنیا ئەوە بگێڕێتەوە کە پێویستە بیڵێت .

زانستی گێڕانەوەش (( Narratology ) لقێکە لە لقەکانی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیزم و بونیادگەریی زمانەوانی ، لەسیستمەکانی گێڕانەوە دەکۆڵێتەوە بە فۆرم و دەرکەوتە جیاجیاکانی ، هەروەها لەو بنەمایانەش ورد دەبێتەوە کە گێڕانەوەی لەسەر دادەمەزرێت . ناراتۆلۆجی بریتییە لە تیۆری گێڕانەوە کە لە بونیادگەرییەوە وەرگیراوە ، واتە بریتییە لە بونیادی گێڕانەوە. ))[1] وە زانستی گێڕانەوە تەنیا خۆی نەبەستووەتەوە بەدەرەوەی کاری گێڕانەوەیی یاخود بەکارکردن لەنێو خودی پرۆسەی گێڕانەوە ، بەڵکو ئەم زانستە کار لەگێڕانەوەدا دەکات بەلایەنی دەرەوە و ناوەوەی .

هەروەها گێڕانەوە بە سێ ئامرازی گرنگ جێبەجێ دەکرێت ، کە ئەوانەش بریتین لە ( گێڕەرەوە ، کاری گێڕانەوەیی (تێم) ، بۆ گێڕەوە ) کە گێڕەرەوە کرۆکی بابەتی چیرۆکەکەی (تێم)ەکە ئاراستە دەکات بە ئاشکرا یان نا ئاشکرا بۆ ئەو کەسەی لە بەرامبەریدایە ، تاوەکو پرۆسەکە تەواو بێت ئەویش بەم شێوەیە دەبێت :

گێڕەرەوە* ⟵ کاری گێڕانەوەیی(تێم) ⟵
- بۆ گێڕەوەی ناوەوە (بۆ گێڕەوەی یەکەم)
- بۆ گێڕەوەی دەرەوە (بۆ گێڕەوەی دووهەم)
- خوێنەری دەرەوە (مەرج نییە بۆ گێڕەوە)بێت

---

١- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ، نە وزاد ئە حمە د ئە سوە د ، ل ٢٢٠

* کاری توێژەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە .

جا گێڕەرەوە لە نێو چیرۆکەکە ئەوەی دەیگێڕێتەوە ئاڕاستەی (بۆ گێڕەوەی ناوەوە)ی دەکات ، پاشان ئاڕاستەکە لەلایەن بۆ گێڕەوەی دەرەوە وەردەگیرێت کە (خوێنەرە) ئەمەش لە کاتێکدا کە خوێنەر دەست دەکات بە خوێندنەوە تەنیا بۆ کات بەسەر بردن نەبێت ، واتە هەموو گێڕەرەوەیەك دەبێت بزانێت دوو بۆ گێڕەوە لە بەرامبەردا هەیە و جاریش هەیە خوێنەرێکیشی لەبەرامبەرە بەڵام بۆ گێڕەوە نییە ، هەربۆیە گێڕەرەوە پێویستە بە باشی مامەڵە بکات لە کاتی پرۆسەی گێڕانەوەکەدا، وا بێت کە بتوانێت لایەنەکان ڕازی بکات بە تایبەت بۆگێڕەوەکان ، کە یەکەمیان گوێگری نێو چیرۆکەکەیە و ئەوی دیکەیان گوێگری دەرەوەیە کە خوێنەرێکە بۆ ئەوە دەخوێنێتەوە کە بزانێت گێڕەرەوە چی بۆ باس دەکات لە چیرۆکێکدا .

لێرەدا پێویستە چیرۆکنووس ئاگاداری توانا و شارەزایی گێڕەرەوەکەی بێت کە هەندێجاریش کارەکتەرێك دەکاتە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەی ، وە هەر لەبەر ئەوەی کە گێڕانەوە پێش هەموو شتێك زمانە ، کەواتە ئەوەی لەسەر چیرۆکنووس پێویستە ئەوەیە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەی لایەنی زمانەوانی و توانای گێڕانەوەی بە شێوەیەك بێت کە گوێگر و خوێنەر بۆ خۆی کەمەندکێش بکات و ئارەزووی گوێگرتنیان لەلا دروست بکات بۆ کارە چیرۆکییەکەی ، وە لە کورتە چیرۆکدا بەهۆی ئەو ماوە کەمەی کە هەیە بۆ گەیاندنی (تێم)ەکەی ، ئەمە وا دەکات کە پێویستی بوون بە توانای زمانیی زیاتر و چڕکردنەوەی مانا بێت لەسەر گێڕەرەوە هەروەها ئاگاداری ئابووریکردن بێت لەوەی کە پێویستە بیڵێت ، بەو واتایەی چۆنییەتی گێڕانەوە لە پێش هەموو شتێکە نەك چەندێتی لە گێڕانەوەدا ؛ وە ئەمە نەك هەر لە کورتە چیرۆکدا بەڵکو لە هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی وەك ڕۆمان و چیرۆکی درێژیش پێویستی بە زیرەکی نووسەر هەیە ، ئەمەش توانای هەموو چیرۆکنووسێکی بەسەردا ناشکێت کە ئەمە بکات ، مەگەر لەلای چیرۆکنووسی پێگەیشتوو و بە ئەزموون ئەو توانایە دەربکەوێت لە چۆنییەتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا ، چونکە چیرۆکنووسی (( پێگەیشتوو دەزانێت چی لادەبات و چی دەهێڵێتەوە ، وە ئەو شتانە دەنووسێت کە پێویستە بگوترێن ، نەك هەموو شتێك کە بگوترێت یان( بتوانێت بیڵێت) . ))[1] ئەم لابردن و هێشتنەوەیەش بێگومان بۆ خزمەتکردنی کاری گێڕانەوەکەیە ، چونکە چیرۆکنووسی وا هەیە هەر شتێك بە هزریدا تێپەڕێت یەکسەر و ڕاستەوخۆ دەیخاتە سەر چیرۆکەکەی بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە و ئەو پرسیارە لە خۆی بکات ،کە ئایا ئەمە سودی بۆ کارە گێڕانەوەییەکە هەیە لە چیرۆکەکەیدا یاخود بە پێچەوانەوە زیان بە کارەکەی دەگەیەنێت ، کەواتە پێداچوونەوە کارێکی گرنگە بۆ چیرۆکنووس ئەوەی کە سوودی نییە با لای ببات و ئەوەی جێی بایەخە و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کارە گێڕدراوەکەدا ئەوە بهێڵێتەوە ، یاخود لە دوای نووسین ئەگەرچیرۆکنووس زانی شتێك کە پێویست بێت بیڵێت پێویستە بۆ چیرۆکەکەی زیاد بکات ، وە هەندێ وشە و ڕووداو کە پەیوەستییان بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکەوە نەبێت ، بوونیان بە پێویست نازانرێت کە ئەمەش بە هەموو چیرۆکنووسێك ناکرێت .

گێڕانەوەش دەبێت وا بێت کە پەیوەندی لە نێوان ڕووداوەکاندا هەبێت و بۆشایی و بڕین نەکەوێتە نێوان ڕووداوەکان ، چونکە گێڕەرەوە لە کاتێکدا کە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە ، ئەوە بێگومان بۆگێڕەوە بوونی بە پێویست دەزانرێت ، کە

---

١- مجلة الجيب ، للحقيقة.. والفن والحياة ، العدد الرابع ، ص ٢٨

- ڕووداوەکانی بۆ دەگێڕێتەوە ، واتە مەبەست لەوەیە ، کە پچڕان و لێکدابڕان نەکەوێتە پرۆسەی گێڕانەوەکە ، پرۆسەکەش ئەوە دەردەخات کە جگە لە (گێڕەرەوە) کە بابەت و ڕووداوی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە ، لە نێو چیرۆکەکەدا (بۆگێڕەوە)ش هەیە، بۆگێڕەوەش (( لە چیرۆك و ڕۆماندا ئەوکەسە نادیار و بێدەنگەیە کە چیرۆکەکەی بۆدەگێڕدرێتەوە کە دەکاتە گوێگر یان خوێنەر یان خوێنەری ناوەکی . ))[1] لێرەدا ڕاستە کە بۆگێڕەوە کەسێکی نادیار و بێدەنگە و چیرۆکەکە بۆ ئەو دەگێڕدرێتەوە بەڵام ئەوەی لەم پێناسەیەدا بۆ (بۆگێڕەوە) خراوەتە ڕوو تەواو ڕاست نییە کە خوێنەری ناوەکی بوونی هەبێت وەك سیفەتی بۆگێڕەوە ، بەڵکو پێشتر باسمان لێوەکرد بۆگێڕەوەی( ناوەوە و دەرەوە ) هەیە ، بەڵام وەك خوێنەر تەنها خوێنەری دەرەوە هەیە نەك خوێنەری ناوەوە ، خۆ لە نێو چیرۆکدا کەس دانەنیشتووە چیرۆکەکە بخوێنێتەوە تاوەکو بە گێڕەرەوەیەك لە نێو چیرۆکدا بڵێین خوێنەری ناوەوە ، واباشە بە باشی لەم پرۆسەی گەیاندنە بگەین وە نابێت هەروا قسەی لەبارەوە بکرێت بەڵکو دەبێت هەموو شتێك لە شوێنی گونجاوی خۆیدا باس بکرێت ، دەکرێت بڵێین ئەوە بابەتێکی جیاوازە کە لە هەندێ چیرۆکدا ؛ چیرۆکێك لە نێو چیرۆکێکی دیکەدا هەبێت و لەلایەن کەسێکی چیرۆکەکەوە چیرۆکێك بخوێنرێتەوە ، ئەو کاتە گوێگری ناوەوە دەبێتە خوێنەری ناوەوە ، سەرباری ئەوانەش لەدەرەوە خوێنەرێکمان هەیە،لەگەڵ هەموو ئەوانەی دەگوترێت بابەتێکی گرنگ مەبەستە کە( گێڕانەوە)کەیە ، هەروەك پێشتریش باسمان لێوە کرد کە گێڕانەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ هەموو کایە هونەری و ناهونەرییەکانیش کە وەك ئاشکرایە لەڕێی گێڕانەوەی زارەکی و نووسراوەوە توانراوە مێژوو وە ڕووداوەکانی مێژوو بپارێزرێت بە جۆرێك گێڕانەوە ڕۆڵی خۆی بینیووە لە دەستکەوتنی زانیارییە مێژووییەکان کە کەسانێك لە ڕێی گێڕانەوەوە توانیویانە بۆ ئێستا بیخەنە بەردەست چونکە (( بێ گێڕانەوە مێژوویەك (ڕووداوێك) بوونی نییە ، ئەمەش هەیە چونکە یەکێك ڕووداوێك دەگێڕێتەوە ، لەم حاڵەتەدا ، بێ بوونی یەکێك گێڕانەوە وەك خۆی (لەناوخۆی)بوونی نییە . گێڕانەوە وەك ڕایەڵەکە لە هەموو فۆڕمێکی گێڕانەوە هەیە . ))[2] ، گێڕانەوەش لەبەر ئەوەی تەنیا نەبەستراوەتەوە بەوەی کە دەبێت شتێك ڕوویدا بێت لە ڕابردوو وە لە مێژوودا و ئێستا دەگێڕدرێتەوە ، بۆ ئەمە دەکرێت بچێتە جیهانی داهاتوو وە لەوێدا گێڕەرەوە بیرۆکە و بابەتێك بگێڕێتەوە ، ئەوەی کە گرنگە (پرۆسەی گێڕانەوە)یە نەوەك گێڕانەوەی (ڕابردوو یان ئێستا یان داهاتوو) لەبەرئەوەی گێڕانەوە بە تەنیا بە هیچ یەکێك لەمانە نەبەستراوەتەوە و نەبووە بە یاسایەك بۆ یەکێکیان تاوەکو لێی جیا نەبێتەوە ، واتە ئەگەر لە پێشتردا وازانرابێت کە گێڕانەوە گیرۆدەو وابەستەی ڕابردووە و مێژوو دەگێڕێتەوە ئەوا لە ئێستادا پرۆسەکە فراوانترە ، بەو واتایەی وابەستەی (کات) نییە .

جا بەو هۆیەی کە گێڕانەوە هێندە جێی بایەخە ، ئەوە گرنگە کە چیرۆکنووس بزانێت کێ چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕێتەوە چونکە ئەو کەسەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە ، مەرج نییە چیرۆکنووس خۆی بێت یان مەرج نییە کارەکتەرێکی چیرۆکەکەی بێت ، بەڵکو ئەوەی کە گرنگە تەنها ئەوەی لە بیر بێت کە گێڕەرەوە (( گەیەنەرە لە نێوان ڕووداو و وەرگرەکەیدا . ))[3] چیرۆکنووسیش واباشە کەمتر خۆی بدات لە کاری گێڕانەوەکە و ئەوە بسپێرێت بەو گێڕەرەوەی کە

---

١- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ، نە وزاد ئه حمه د ئه سوه د ، ل ٢٥٢

٢- فه رهه نگی ئه ده بی ، د.موحسین ئه حمه د عومه ر ، ل ٢٤٦

٣- معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة ، د. سعيد علوش ،ط١ ، دار الكتاب اللبناني / بيروت ،١٩٨٥ ، ص ١١١

پێویستە کاری خۆی بکات واتە هەرکەسە و کاری خۆی ئەنجام بدات بەوەی چیرۆکنووس چیرۆکەکەی بنووسێتەوە و ڕووداوەکان ڕێك بخات وە گێڕەرەوەش پرۆسەی گێڕانەوەکەی ئەنجام بدات ؛ گێڕەرەوەش جیاواز لەو ئەرکەی کە هەیەتی لەو کاتەی دەست بە گێڕانەوە دەکات دەبێت ئامانجی گەیاندنی (تێم)ی چیرۆکەکە بێت بۆ وەرگری ناوەوە ( بۆ گێڕەوەی ناوەوە) و پاشان بۆ وەرگری دەرەوە (بۆگێڕەوەی دەرەوە) .

زۆرجار نا تێگەیشتن ڕوودەدات کە چیرۆکنووس و گێڕەرەوە هەر هەمان کەسن ، ئەوەش لەو کاتەدایە کە گێڕەرەوە بە جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك و کۆ قسە دەکات ، واتە کەسی یەکەم قسەکەرە ، قسەکەریش لە چیرۆکدا لە چیرۆکنووس دەچێت ، بۆ ئەمەش پێویستە چیرۆکنووس بە باشی گێڕەرەوەکەی بناسێت .

گێڕەرەوە لە چیرۆك و ڕۆمانیشدا لە سێ شێوەدا دەبینرێت ، ئەوانیش (( راوییەك — کە کەسێتییەکی ناو چیرۆکەکەیە ، راوییەك — کە هەموو شتێ دەزانێ (هەموو شتزان) واتە کەسێکە لە دەرەوەی چیرۆکەکەیە و هیچ پەیوەندییەکی بەو چیرۆکەوە نییە کە دەیگێڕێتەوە ، یان راوییەکی نادیار — کە نازانێ ئاخۆ ئەوەی دەیگێڕێتەوە لە ناو جیهانی گێڕدراوەدایە یان لە دەرەوەی ئەو جیهانەدایە . ))[١] کەواتە ڕاوییەك کە کەسێتی نێو چیرۆکەکەیە(کارەکتەر)ێکە (هەمان شت زان )ە ، واتە گێڕەرەوە لەگەڵ کەسێتییەکانی نێو چیرۆکەکە دەژی لەو کاتەی پرۆسەی گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات ، هەروەها ئەو گێڕەرەوەش کە هەموو شتێکی نێو چیرۆکەکە دەزانێت (هەموو شت زان)ە بەبێ ئەوەی بەشێك بێت لە کارەکتەر و کەسێتی نێو چیرۆکەکە و بەبێ ئەوەی لە ڕووداوەکاندا بەشدار بێت و کاریگەری لەسەری هەبێت لە گێڕانەوەدا تەنها ئەوەی بینیویەتی و بیستویەتی و لێی ئاگادارە ؛ ئەوە دەگێڕێتەوە و خوێنەریش بە وردی هەست بەوە دەکات کە ئەم گێڕەرەوەیە پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ ڕووداوی چیرۆکەکە نییە و لە دەرەوە کاری گێڕانەوەی خۆی ئەنجام دەدات ، وە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا بە گشتی گێڕەرەوەی کەسی یەکەمی تاك و کەسی سێیەم (تاك و کۆ) دەبینرێت وە بەکەمیش گێڕەرەوەی کەسی دووەم دەردەکەوێت ، وە زۆرجار لەو چیرۆکانەش کە گێڕەرەوەی کەسی یەکەمی قسەکەر دەبێتە گێڕەرەوە ، پرۆسەکە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسی سێیەم وە بە پێچەوانەشەوە ، وە زۆر بە گشتیتر (( ئەم جۆرە گێڕانەوەیە کە پتر ڕاناوی کەسی غائیب ، کەسی سێیەمی تاك و کۆ و فەرمانی رابردووی تێدا بەکاردەبرێت ڕووبەرێکی زۆرتر لە ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی داگیر دەکات ، ئیتر لە کولتووری نووسراو و سەر زارەکی ، لە بەیت و لاوك و حیکایەتەوە پێیدا وەرە تا دەگەیتە ئەدەبی گێڕانەوەی هاوچاخیش وەك : چیرۆك و ڕۆمان . ))[٢] ئەمەش تا ڕادەیەك چیرۆکنووس دەتوانێت لە ڕێی ئەو گێڕەرەوە لە ئاوێتە بوونی ژیاننامە و تایبەتمەندی کەسی و خودی خۆی و هەروەها گەڕانەوە بۆ بارە دەروونییەکەی خۆی دووربکەوێتەوە ، کە یاریدەدەرێکی باشە بۆ چیرۆکنووس لەو لایەنەوە ، ئیدی چیرۆکنووس وابەستە نابێت بە خودەوە و بۆ هەموو شتێك وا ناکات بگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی ، بەڵکو دەرچوون لە خۆی کە چ شتێکی بووێت ئەوە دەنووسێت و گێڕەرەوەش لە هەموو گۆشەنیگایەکەوە درك بە هەموو جوڵەیەك و ڕووداوێکی چیرۆکەکە دەکات و تیشکیان دەخاتەسەر ، هەروەها گێڕەرەوەیەکی دیکەش هەیە کە –

---

١- ١٢ نامە بۆ رۆماننوسێکی لاو ، ماریۆ ڤارگاس یۆسا ، و.بۆ عەرەبی/صالح علمانی ، و.بۆ کوردی/شیرین.ك ، ل ٥٦

٢- کاروباری گێڕانەوە ، زاهیر رۆژبەیانی ، ل ٧٨

بە دەنگی کەسی دووەم (تۆ) تاك و كۆ ( قسە لەگەڵکراو ) چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە ، جا ئەم جۆرەی گێڕەرەوە جاری وا هەیە خود لەگەڵ ناخی خۆیدا مۆنۆلۆگ دەکات ، یاخود هەر لە شوێن و بە جێناوی نادیاری کەسی هەموو شت زان ڕووداو ئاڕاستە دەکات ، کە ئەمە بەگشتی کەمتر لە چیرۆکی کوردیدا بەدی دەکرێت ، بەڵکو چیرۆکنووسان زیاتر بە کەسی یەکەم و سێیەمەوە چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە .

چیرۆکنووس کە گێڕەرەوە بۆ کورتە چیرۆکەکەی هەڵدەبژێرێت و دایدەنێت ، مانای ئەوە نییە کە هەروا گێڕەرەوەیەك بهێنێتە نێو چیرۆکەکەی ، بەڵکو وا باشە پێشتر بە باشی بیناسێت و گفتوگۆی لەگەڵدا کردبێت و نهێنییەکانی نێو چیرۆکەکەی لێوەربگرێت ، وە خوێنەریش هەر لە ڕێی گێڕەرەوە هەوڵدەدات باشتر کەسایەتییەکان و کارەکتەری سەرەکی بناسێت وەك چۆن ئەوەی باسیان دەکات و هەر لەوێوە دێت هەموو ڕووداوەکان دەخوێنێتەوە ، وە بەو هۆیەی گێڕەرەوە ئاگای لە هەموو زەمەنەکانە لە چیرۆکەکەدا ، بۆیە بەبێ دوودڵی و ترس لەهەر زەمەنێك بیەوێت لەسەر کارەکتەر و ڕووداوەکان و شوێنەکان قسەیان لەسەر دەکات ، (( لێرەدا گێڕەرەوە جۆرێك لە بەنێو یەکداچوونی زەمەنەکان دروست دەکات کاتێك ڕووداوە تازەکان دەبەستێتەوە بە یادکردنەوەی کەسایەتییەکانەوە ، وە ئەو هەموو کەسایەتییەکان دەناسێت لە کاتی لە دایك بوونیان یان پێش ئەوە لەگەڵ مێژووی ژیانیان ، وە دەزانێت چۆن داوای ڕووداو دەکات بە ڕووداوی دیکە لەنێو هزری ئەو کەسایەتییانە . ))[1] کەواتە ئەمە ئەوە دەردەخات کە گێڕەرەوە لە هەموو کەس و تەنانەت لە دانەر(چیرۆکنووس) زیرەکتر و خاوەن ئەزموونترە ، لە ناسینی هەموو کارەکتەرێك و زانینی هەموو ڕووداوێکی چیرۆك وە بە تایبەت لەو کاتەی بە جێناوی کەسی سێیەم (نادیار) قسە دەکات و ئیدی خوێنەر خۆی گێڕەرەوە دەناسێت لە ڕێی خوێندنەوەی کورتە چیرۆکەکەوە .

دەبینین بۆ ئەمە ( فلۆبێر ) بە تەواوی ڕای لەسەر ئەوە بووە ، کە گێڕەرەوە بە نەبینراوی و لە دەرەوە بمێنێتەوە لە نێو ڕۆمان و چیرۆکدا بەگشتی ، هەربۆیە لە ئەنجامی ئەو بۆچوونەی (( چەند تەکنیکێکی دۆزیەوە و ڕێکیشی خست ، یەکەم تەکنیك ، بێلایەنیی راوی و نەکەوتنە ژێر هیچ کاریگەرییەکەوە ، ئەو راوییە دەبێ هەر بە تەنیا شتەکە بگێڕێتەوە و رای خۆی لەسەر ئەوە نەدا کە دەیگێڕێتەوە . ))[2] واتە هەموو توانا و هەوڵی خۆی بۆ ئەوە خستبووەگەڕ تاوەکو گێڕەرەوە نەبینراو بێت و دووربێت لە دەست تێوەردان و بەشداریکردنی وەك کارەکتەرێك لە نێو چیرۆکەکە .

ئەویش بەو واتایەی گێڕەرەوە تەنیا ئەوەندە بە پێویست بزانێت کە زانیاری ببەخشێت بەبێ ئەوەی زانیاری لەسەر خۆی بدات ، واتە دەکرێت گێڕەرەوە لە چیرۆکدا شوێنی تایبەت بەخۆی هەبێت و جیاواز بێت لە پێگە و شوێنی کارەکتەر و هەروەها لەو ڕووداوانەی بەسەر کارەکتەردا دێت ، لێرەدا ئەم گێڕەرەوەیە هیچ شتێك دەربارەی خۆی ناڵێت ، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە گێڕەرەوە بە جێناوی لکاوی کەسی یەکەم (قسەکەر) ڕووداوەکان بگێڕێتەوە لەبەر ئەوەی لە نێو بەرگ و ڕوخساری کەسایەتییەکی نێو چیرۆکەکە دەردەکەوێت ، لێرەدا ئەوە کەسێتی کارەکتەرەکەیە کە گێڕەرەوە لە ڕێی ئەو کارەکتەرەوە دەئاخڤێ نەك خودی خۆی .

---

١- الراوي و تقنيات القص الفني ١٩٣٣-١٩٩٧ ، عزة عبداللطيف عامر ،الهيئة المصرية العامة للكتاب ،٢٠١٠ ، ص ٣١

٢- ١٢ نامە بۆ ڕۆماننوسێکی لاو ، ماریۆ ڤارگاس یۆسا ، و.بۆ عەرەبی/صالح علمانی ، و.بۆ کوردی/شیرین.ك ، ل ٦٥

## شوێنی گێڕەرەوە لە نێو کورتە چیرۆکی کوردیدا :

**١- گێڕەرەوەی کەسی یەکەم :** ئەو شوێنەی گێڕەرەوە تێیدا دەژی هەر ئەو شوێنەیە کە کارەکتەر و ڕووداوەکانی تێدایە.

**٢- گێڕەرەوەی کەسی دووەم :** شوێنی ئەم جۆرە گێڕەرەوەیە جێگیر نییە و دەتوانین بڵێین دەکەوێتە نێوانی جۆری یەکەم و سێیەم .

**٣ - گێڕەرەوەی کەسی سێیەم :** ئەو شوێنەی گێڕەرەوە تێیدا دەژی و کاری گێڕانەوەی تێدا بە ئەنجام دەگەیەنێت ، ئەو شوێنە نییە کە کارەکتەری تێدایە و ڕووداوەکان ڕوودەدەن ، چونکە لێرەدا گێڕەرەوە لە دەرەوە شتەکان دەبینێت و دەبیستێت و دواتر دەیگێڕێتەوە .

لە هەر کام لەم گێڕەرەوانە بڕوانین ، دەبینین لە بارەی کارەکتەرەکانەوە بە وردی شارەزاییان هەیە و دەیانناسن ، کە جگە لەوەی ئاگاداری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانیانن ، بە باشی لە نهێنییەکانیشیان ئاگادارن ، بەڵام دەبێت گێڕەرەوە لەگەڵ ئەو هەموو زانیارییانەی کە دەیزانێت هەمووی نەڵێت ، بەڵکو هەندێکی بڵێت بە تایبەت لە کورتە چیرۆکدا ، واتە ئابووریکردن دەکەوێتە ئەستۆی گێڕەرەوەش ، وە گرنگە کە گێڕەرەوە هێندە وردبین بێت بیری نەچێت ئەو پێگەیەی گێڕانەوەی تێدا ئەنجام دەدات چ شوێنێکە ؟! ئایا چیرۆکی درێژە یان ڕۆمانە یان کورتە چیرۆکە ؟ ، وە دەکرێت کە گێڕەرەوە هەر یەك گێڕەرەوە نەبێت لە ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا بە گشتی لە چیرۆك و ڕۆماندا ، مەگەر بە دەگمەن نەبێت لە کورتە چیرۆکدا کە (( ئەوەی دەگێڕێتەوە لە کورتە چیرۆکدا ڕووداوەکە چڕ دەکاتەوە بە بەکارهێنانی زمانێکی توندی پڕ ئاماژە . ))[١] ، کە ئەمە بۆ ڕەگەزە ئەدەبییەکانی دیکە بەو شێوەیە نییە کە گێڕەرەوە خۆی سەرقاڵ بکات بە لایەنی ئابووریکردن بە مەبەستی چڕ کردنەوە ، بەڵکو ئەمە بە پێچەوانەشەوەیە بە تایبەت لە ڕۆماندا کە گێڕەرەوە سنوور بۆ خۆی دانانێت لە گێڕانەوەکەیدا و خۆی نابەستێتەوە بەوەی ئاگاداری دەربڕینەکان و ئاماژەدانەکانی بێت ، کە هەرچۆنێکی بووێت و هەرچەندی بووێت دەیڵێت .

هەروەها لە ڕووی تەمەنیشەوە (تەمەن)ی گێڕەرەوە ، ڕەگەزە ئەدەبییەکە پێی دەدات وە بە تایبەتتر لە هەر چیرۆکێکدا هەر ئەوەندە دەژی تاوەکو پرۆسەی گێڕانەوەکە تەواو دەکات ، دواتر ئەم گێڕەرەوە هەمان گێڕەرەوە نییە کە لە چیرۆکێکی دیکەدایە ، واتە ئەم گێڕەرەوەیە لە چیرۆکێکی دیکەدا ناژی ، چونکە لەهەر چیرۆکێکدا ژیانی گێڕەرەوە لەوێدا دەبینین و زیاتر نییە وە ڕەنگە هەر نەشیبینینەوە بێگومان ئەمە بۆ (بۆگێڕەوە)ش هەر بە هەمان شێوەیە ، کە بۆگێڕەوە هەیە نایبینین یان بێدەنگە ئەمە مەبەست لە بۆگێڕەوەی دەرەوە نییە ، چونکە وەك دەزانین کە (( بۆگێڕەوە بە بێ خوێنەریش لەناو تێکستەکەدا بوونی هەیە ، هەندێ جار بۆگێڕەوە نادیارە، واتە قسە ناکات و تەنها گوێ دەگرێت ، هەندێ جاری دیش بەشدارە لە پێکهاتەی گێڕانەوەکەدا . ))[٢] ، واتە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا سەرەتا گێڕەرەوە

---

١- الراوي و تقنيات القص الفني ١٩٣٣-١٩٩٧ ، عزة عبداللطيف عامر ، ص ٦

٢- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ، نە وزاد ئە حمە د ئە سوە د ، ل ٢٥٣

- ڕووداو و بەسەرهات بۆ (بۆگێڕەوە)ی ناوەوە دەگێڕێتەوە کە دڵنیایی ئەوەی هەیە کە گوێی بۆ دەگیرێت ، بەڵام دڵنیایی گوێگرتن بۆ (بۆگێڕەوە)ی دەرەوە نییە ، جا لێرەدا پێویستە ئێمەش خۆمان بناسین کە ئایا ئێمە (خوێنەرێکی ئاسایی) چیرۆکەکەین ؟ یاخود (بۆگێڕەوە)ین و وەك ئەوە وابێت کەسێك بین لەنێو چیرۆکەکەدا ، کە گێڕەرەوە ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە بۆ کەسێك دەگێڕێتەوە کە ئێمە بین .

وە ئەو بۆگێڕەوەی کە نادیارە و نازانرێ کێیە لە کورتە چیرۆکێکدا ، مەرج نییە هەموو کات مرۆڤێك بێت لە نێو چیرۆکەکەدا ، ئەمە جگە لە بۆگێڕەوەی دەرەوە ، چونکە ئەوەندە هەیە کە دەکرێت بۆگێڕەوەکەی نێو چیرۆك مرۆڤێکی کەم عەقڵ بێت و توانای تێگەیشتنی کەم بێت یان هەر نەبیێت ، وە یان منداڵێکی کۆرپە بێت و هێشتا لە زمانی ئاخاوتن تێنەگات ، وەك لە کورتە چیرۆکی (دایکە ویز) دا کە گێڕەرەوە باسی دایکەکە دەکات دەڵێت : (( دایکە مەمکی لە دەمی ساواکەیا و بە ئاوازێ خەمگینەوە سروودی جوامێری و میرخاسیی کوڕانی ئازای چیاییانی ئەدا بە گوێیا .. تا کە گەورەبوو ڕێیان ون نەکا و جێیان کوێر نەکاتەوە . ))[1] ، چونکە دایکە دەزانێت کە ساواکەی گوێی لێیەتی وە هەر ئەوەش لە کۆتایی کورتە چیرۆکەکە دەردەکەوێت کە هەڵۆ دەبێتە پێشمەرگە و تۆڵەی خۆی لە دوژمنانی گەل دەکاتەوە ، ئەمەی دەیڵێین بەدەر لەلایەنە زانستی و دەروونییەکەیە کە دەگوترێت کۆرپە هەر لە منداڵدانی دایکیدا لە ئاخاوتنەکانی دایکی دەگات ، وە یان دەکرێت بۆگێڕەوە شت و کەل و پەل بێت کە زۆرجار ئەوە هەیە گێڕەرەوە بۆ درەختێك یان وێنەیەك یان ڕووبارێك ؛ ڕووداوێك یان بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە کە تەواو لەوەش تێدەگات کە (بۆگێڕەوە)ەکە هیچ کاردانەوە و وەڵامێکی بۆی نابێت. گێڕانەوەش ئەگەر هونەری بوو ئەوە دەتوانێت بەرهەمێکی ئەدەبی دروست بکات ، بێگومان ئەوەش لە یەکگرتوویی لەکارە گێڕانەوەییەکەدا و چڕی و نەبوونی گێڕانەوەیەك کە بوونی بە پێویست نەزانرێت دەردەکەوێت ، واتە وا نەبێت بەهۆی درێژدادری لە گێڕانەوەدا کارە چیرۆکییەکە لاواز دەربکەوێت .

بابەتێکی دیکەی گرنگ کە زۆر جێی بایەخە ئەویش (شێوازی گێڕانەوە) یە کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر (تێم)ی چیرۆکێك ، کە هەر (تێم)ێك دەکرێت بەهۆی شێوازە جیاوازەکانی گێڕانەوە کە لە لایەن چیرۆکنووسانەوە پەیڕەو دەکرێت لە نووسینی چیرۆکەکانیاندا بە چەندین شێوە بگێڕدرێتەوە ، چونکە ((هەر بابەتێك یان ناوەرۆکێك دەشێ بە زۆر شێواز بگێڕدرێتەوە ، هەڵبەت ئێمە لێرەوە ڕاستەوخۆ تووشی بابەتێکی دیکە دەبینەوە کە پێی دەوترێ شێواز یان - style - یان هونەری گێڕانەوە . بەهای ئەدەبی و بەهای جوانی لە هەر کارێکی ئەدەبی لێرەوە دەردەکەوێ.))[2] شێوازی دروست بوونی شێوازیش بیرۆکەیەکە پاڵ بە چیرۆکنووسەوە دەنێت کە جۆرە شێوازێکی بۆ بخوازێت وە بەردەوام جیاوازی لە شێوازی هەموو کارێك و هەموو پۆشینێك و هەموو خواردنێك و لە هەموو گوتنەکاندا دەبینین ، وە ئەوە بێشك جیاوازی لە دەربڕینی ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانە و دەربڕینە ئەدەبییەکانیشدا هەیە ، کە ئەوە کاری شێوازە وا بکات هەست بەو جیاوازی کردنە و ناسینەوانە بکەین ، وە جگە لە جیاوازی شێوازی گێڕانەوە ، گێڕانەوە چەند ئاستێکی هەیە ، هەروەك پێشتر باسمان لەوەکرد مەرج نییە پرۆسەی گێڕانەوە هەر بەیەك ڕەوتدا تێپەڕ بێت .

---

١- دایکە ویز ، جەمال نوری ، ل ٣٠

٢- فه رهه نگی ئه ده بی ، د.موحسین ئه حمه د عومه ر ، ل٢٤٢

## ئاستەکانی گێڕانەوە :

بە گشتی دوو ئاستی گێڕانەوە لە کورتە چیرۆکدا هەیە ، ئەوانەش :

((١- ڤەگێڕانا پلە ئێك : ئەو ژی ڤەگێڕانا چیرۆکێ یە ل سەر زارێ گۆتۆی ، ئەڤجا ئەڤ گۆتۆیە ژ دەرڤەی دەقی بیت یان یەك بیت ژ کەسێت چیرۆکێ ، ئانکو د ناڤ دەقی دا بیت .

٢- ڤەگێڕانا پلە دو : دەمێ گۆتۆیەکێ دی، یان کەسەك ژ ناڤ دەقی ئاخفتنێ ژ گۆتۆیێ سەرەکی وەردگریت و پارچەکێ ژ دەقی ڤەدگێڕیت یان چیرۆکەکا دی دناڤ چیرۆکێ دا دبێژیت . ئەڤجا چ ب مەبەستا رونکرنەکێ یان ڤەگێرانا سەربۆر و سەرهاتی یا کەسەکێ چیرۆکێ ، ئەڤ ژی دهێتە هژمارتن ڤەگێرانا پلە دو . ))[١]

ئەم ئاستانەی گێڕانەوە ، لە کاتی گێڕانەوەدا گەر بە گشتی لە هەندێك چیرۆك وردبینەوە ئەوە دەبینین کە گێڕانەوەکە جاری وا هەیە زیاد لە گێڕەرەوەیەکی هەیە و لەوانەیە هەر یەك کەس بێت بەڵام بە دوو دەنگی جیاواز کە گێڕەرەوەکەی بە شێوەیەك دەگۆڕێت کە بە نموونە ، گێڕەرەوە سەرەتا لە نێو چیرۆکەکەدا بە جێناوی کەسی یەکەمی تاك (م) قسە دەکات و ڕووداو دەگێڕێتەوە و دواتر گێڕەرەوە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕووداوەکانەوە نامێنێت و لە دەرەوە چیرۆك دەگێڕێتەوە ئەوەش بەو هۆیەی کە گێڕەرەوە دەبێتە کەسی سێیەم وە یاخود ئاڵوگۆڕی شێوازی گێڕانەوەکە بە پێچەوانەوە دەبێت ، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کە گێڕانەوە لە دەستی دوو گێڕەرەوە دایە ، ئەوانەش :

١- یەکێکیان ڕۆڵی زیاتری هەیە و دەبێتە گێڕەرەوەی (سەرەکی) .

٢- ئەوەش کە کەمتر کاری گێڕانەوەی دەکەوێتە ئەستۆ دەبێتە گێڕەرەوەی (لاوەکی) .

وە یاخود ئەوە هەیە کە هەر لە سەرەتاوە بە یەك گێڕەرەوە چیرۆکەکە دەگێڕدرێتەوە تا کۆتایی ، جا لە ئاڵوگۆڕکردنی ئەرکی گێڕەرەوە جاری وا هەیە کە گێڕەرەوەی سەرەکی بۆ ماوەیەك لە کاری گێڕانەوە دەوەستێت و ئەرکەکەی دەدات بە گێڕەرەوەی لاوەکی ، پاشان ئەویش دێت چیرۆکێك لەنێو چیرۆکەکەدا دەگێڕێتەوە کە گێڕەرەوەی سەرەکی ڕووداوەکانی تێدا گێڕابووەوە ، دواتر جارێکی دیکە گێڕەرەوەی سەرەکی بە پێی پێویستی دەردەکەوێتەوە .

هەروەك پێشتریش باسمان لەوەکرد کە کورتە چیرۆك بە زمانێکی ئاسایی دەگێڕدرێتەوە کە بە شێوەیەك زۆر هێما و ئاماژەی تێدا نەبێت ، وە لە گێڕانەوەشدا زۆرجار دووبارە کردنەوە هەیە ، بەڵام ئەمە پێویستە دووبارە کردنەوەکە وا بێت کە مەبەست و شوێنی خۆی بگرێت ، وا نەبێت تەکنیکی دووبارە کردنەوەکە هەر تەنیا بۆ پڕکردنەوە هاتبێت ، وە لە لایەنی ئەوەی لە بەرامبەر گێڕەرەوەدایە ، واتە ئەو کەسەی گێڕانەوەکەی بۆ دەکرێت و ئاڕاستەی دەکرێت کە (بۆ گێڕەوە) یە ئەگەر هاتوو نادیار بێت ئەوە ڕۆڵی هەیە لەوەی پەیوەندی گێڕەرەوە و خوێنەری کورتە چیرۆکەکە بەهێز و پتەو بکات .

---

١- بیاڤێ خواندنێ ، جلال مصطفی ، ل ٨٩ - ٩٠، هەروەها بڕوانە مدخل الی نظریة القصة تحلیلا و تطبیقا ، سمیر المرزوقي و جمیل شاكر .

## تەكنیكەكانی شێوازی هونەری گێڕانەوە :

**١- وەسف** : وەسف لە گێڕانەوەدا ، یان گێڕانەوە لە وەسفدا جێی بایەخ و گرنگییە ، جا وەسفیش یان واقیعیە یان خەیاڵییە و ئەندێشە دروستكەریەتی ، وە وەسفیش یان وەستاوە یان جوڵاوە، وەسفی نزیكە یان دوورە ، وە یان لەوانەیە هەموو جۆرەكان پێكەوە بێن ، وەسف بەو سیفەتەی كە هەیەتی هیچ كات لە كورتە چیرۆكی هونەری دانابڕێت و پانتاییەك لەنێو كورتە چیرۆكدا دەگرێت ، هەندێك چیرۆكنووس هەن كە دەكەونە هەڵەوە لەوەی كە پێیان وایە كورتە چیرۆك لەبەر كورتی ماوەكەی ، وا پێویستە دەست لە وەسف كردن هەڵبگیرێت ، بەڵام ئەوەی كە گرنگە بگوترێت ئەوەیە كە وەسف لە كورتە چیرۆكدا دەكرێت شوێنێك بگرێت ، بەڵام بەو مەرجەی چڕ و كورت بێت ، وە زۆر بە وردی (كەس و شت و ڕووداو وشوێن و كات ) وەسف نەكات ، بەڵكو هەر ئەوەندە بێت كە مەبەستی خۆی بپێكێت لە گێڕانەوەدا ، چونكە گێڕانەوە خۆی (( وەسف یان وێنەگرتنە ، كە بەشێكە لە ڕووداو و كەسایەتی لە هەموو ڕەگەزەكانی چیرۆكدا ، چیرۆكێك بەبێ گێڕانەوە و بەبێ وەسف بە چیرۆك دانانرێت . وە پێویستە لە كانگای كارەكەوە هەڵقوڵێت و پێی نامۆ نەبێت ، پێویستە هەردووكیان كاریگەر بن ، نەك تەنها بۆ ڕازاندنەوە بێت . ))[١] لەبەر ئەوەی لە كاتی گێڕانەوەدا زۆرجار وا ڕێك دەكەوێت كە هەندێ لە كارەكتەرەكان یان هەندێ شت یان ڕووداو دەبێ وەسف بكرێت تا لەبەرچاوی خوێنەر بە نامۆیی دەرنەكەون ، كە دەكرێت لە پاڵ ئەوەدا گێڕانەوەكە بە شێوەیەك بێت كە دیمەنەكان بخرێتە بەرچاو وەك ئەوە وا بێت كە وێنە گیرابن .

ئەمانە وا دەكەن كە چیرۆكێك بەشێوەیەكی هونەری دەربكەوێت ، بەڵام وەسفەكە بۆ هەر شتێك بێت ، وا نەبێت كە لەگەڵ ناوەڕۆك و تێمی كارەكە نامۆبێت ، بەڵكو وابێت تەواو بەسەر كارە گێڕانەوەییەكەدا بێتەوە ، وا نەبێت تەنیا بۆ نیشاندان و زەقكردنەوەی كارەكە و ڕازاندنەوە بەكارهاتبێت ، چونكە ئەركی وەسف هەر ئەوە نییە دەق برازێنێتەوە ؛ ڕاستە وەسف بەشێكی گرنگە بۆ ڕازاندنەوە لەكاری چیرۆكیدا بە نموونە لە كورتە چیرۆكی (سەربازی شەترەنج) دا كارەكتەر لەو كاتەی كە بە قاچاغ لە وڵاتێكدایە لە ترسی ئەوەی كە ناتوانێت بە ئارامی لە شوێنێك بمێنێتەوە هەربۆیە خۆزگە بە كەسێك دەخوازێت كە ترسی لە پۆلیس نییە ، ئەوەش (شێت)ێكە ، بەڵام گێڕەرەوە وەسفی ئەو شێتە دەكات كە پێویست نییە و تەنیا بۆ كاری ڕازاندنەوەیی ئەو وەسفەی هێناوە و بەم شێوەیە وەسفی دیمەنی ژنەكە دەكا((ئەمجارە لەوبەری شەقامەكەوە ژنێكی كەتەی شێتی بەدی كرد كە بەدیار ئاگرێكەوە بەتەنیا ڕوەستابوو، لەپڕ تەنوورەكەی هەتا پشتێنەی هەڵماڵی بۆ ئەوەی رانەكانی و ناولنگی بە ئاگرەكەدا بدات .))[٢] ، كە لێرەدا ئەم وەسفە شوێنێك ناگرێت لە كورتە چیرۆكەكەدا و تەنیا بۆ ڕازاندنەوە هاتووە . هەروەها لە كورتە چیرۆكی (وەڵاتێ نێرگزا)وەسفی سروشتی بەهاری كوردستان دەبینین ، كە تەنیا بۆ ڕازاندنەوە و جوانكاری هاتووەتە نێو دەقەكەوە ، دەنا

---

١- القصة القصيرة : تعريفها و خصائصها و عناصرها ، عبدالعزيز عبدالحميد
http://laghtiri١٩٦٥.jeeran.com/archive/٢٠٠٨/٨/٦٥٢٥٢٠.htm

٢- سەربازی شەترەنج ، محەمەد كەریم ، ل ٨٧

- هیچ پێویستییەکی دیکە هۆکار نەبووە لەوەی کە ئەو وەسفە بێتە نێو دەقەکە ئەوەش ((رەنگ و بێنێن ئاخێ و کەسکاتی یا بهارێ ، هەمی بێ دەنگێ ئازا رادهێلن بو ژیانێ و سروشتی ، دەنگێ کەنی و سترانێن چیاڤانی و زاروکا بێ دگەهیتە ئەسمانا . ))[1] ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەرکی وەسف تەنیا لە ڕازاندنەوەی کورتە چیرۆکەکەدا کۆببێتەوە ، لەبەر ئەوەی وەسف ئەرکی دیکەشی هەیە وەك شرۆڤەکردن ، جا لەم ڕێیەوە هەوڵدەدرێت وەسفەکە بە شێوەیەك بێت کە شرۆڤەی هەندێ لایەن بکات ، شرۆڤەکەش یان کەسایەتی کارەکتەرەکان دەگرێتەوە و هەندێ لایەنی ژیان و ناخی (تاك)ەکان شیدەکاتەوە ، یان ئەوەتا شرۆڤەی ڕووداوەکان یان شتەکانی دەوروبەر و جوڵەکان دەکات وەك لە کورتە چیرۆکی (دایکە ویز)دا کە دەستپێك بۆ زیاتر ئاماژەدان بە کرۆکی کارەکە کە تێمەکەیەتی ، هەر بۆیە لە دەستپێکدا وەسفی گوندەکە و خەڵکی گوندەکە دەکات (( کە گوندەکەیان چوارمێخەکێشا .. ئەوەی دەستی چەکی گرت ڕووە و چیا ملی نا .. سوێندی بزورگیان خوارد .. کوردستان یا نەمان ! ))[2] دەبینین زۆر بە جوانی وەسفەکەی هێناوە و تەواو گونجاندوویەتی لەگەڵ کرۆکی کورتە چیرۆکەکەدا کە وەسفێکی ڕاڤەکارییە و لەوێوە باشتر چووەتە نێو چیرۆکەکەوە ، هەروەها کورتە چیرۆکی (شەوێك) لەیلای کارەکتەر لە ڕێی وەسفی شوێنەوە زیندان نیشان دەدات و هەرچەندە هەر ئەوە چاوەڕێ دەکرێت کە زیندان هەر بەو شێوەیە بێت بەڵام زیاتر بۆ ڕاڤەکاری و نیشاندانی دۆخی زیندان ئەو وەسفە دەکات و لە نامەیەکدا کە بۆ ماڵەوەی نووسیبوو ((ئاسمانی ئێرە ، هەر یەك شێوەیە و یەك رەنگی هەیە . هەتاو تێیدا نە هەڵدێ و نە ئاوا ئەبێ .. سەعات ئەگوزەرێ ، لە دوانزەوە بۆ دوانزە ، لە دوانزەیەکی ترەوە بۆ دوانزەیەکی تر ... بەڵام کێ دڵی لای ئەم دوانزەیەیە؟! ... کامیان نیوەڕۆیە و کامیان نیوە شەوە !...))[3]، هەروەها کورتە چیرۆکی (تایێ بە ڕوییێ) گێڕەرەوە زۆر بە جوانی بە شێوەیەکی ئیستاتیکی ئەو وێنەیە دەگرێت کە تەواو پەیوەندی بە تێمی کارەکەوە هەیە کە وێرانکاری گوندەکانی کوردستان نیشان دەدات (( خەلکێ گوندی ب ژن و مێرڤە وەکی مێشا هنگڤینی تێك دهاتن و تێك دچون ، قویتێ زڤستانەی تەحل و دژوار ڤەدچەماند . بەلگێت زەر بێ ئانەهیا خو ژ تاییێت دارا دڤەڕەستن و ب مەلولی دکەتنە ئەردی .. ترس دارئالینك بو ب دژواری خو دهزار گوندی ئالاندبو .. ))[4]، هەروەها کورتە چیرۆکی ( سەمفۆنیای شارێکی کپ ) گێڕەرەوە وەسفی کارەکتەر دەکات کە چۆن لەخۆبردووانە لە شەوێکدا کارێکی لە پێناو نیشتیمانەکەیدا ئەنجام داوە ، بەم شێوەیە وەسفی کارەکتەر و کاتی ئەنجامدانی کارەکەمان نیشان دەدات ((شەوێکی درەنگ وەختێ باراناوی بوو ، دەبوو ئەو شەوە کارەکە ئەنجام بدەیت ، دڵنیانەبووی لە سەرکەوتنی کارەکەت ، بەڵام تۆ کەسێکی لەخۆ بردووبووی ، ئامادەبووی لەو ڕێگەیەدا سەری یەکجاری بنێیتەوە ، چاو و دڵـی دەیان ڕێبواری شارت شاد کرد. )) [5]، هەروەها کورتە چیرۆکی ( وێران کردن ) دەبینین وەسفی حاڵـەتە دەروونییەکـەی کارەکتەر کـراوە کـە چۆن بـۆ گـوندەکەی بـەداخە لـەدوای ئەوەی کیمیا بـاران کراوە و

---

١- وەلاتێ نێرگزا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هیڤییێن هەلاویستی ) ، اسماعیل مصطفی ، ل ٧٨

٢- دایکە ویز ، جەمال نوری ، ل ٣٠

٣- شەوێك ، پەپوولەکانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد ، ل ٢٧

٤- تایێ بە ڕوییێ ، جلال مصطفی ، ل ٩٠

٥- سەمفۆنیای شارێکی کپ، ١٩٩٣ نووسراوە، صەمەد ئەحمەد ، ل ٦

دار ودرەخت و گوڵی جوانی گوندەکەی سووتاوە وە ناچارە جێی بهێڵێت کە تەواو وا بەستەیە بە تێمی کارە چیرۆکییەکەوە (( بەڵێ ئازیزەکەم .. گوندەکەم .. دار و درەختەکانم ، گوڵەکانم ، بەرد و خاکەکەم ، چۆن دڵم بێت جێتان بهێڵم !! ناکرێت .. ئەگینا پیرەمێردێکی وەك من .. تەنها توانای رۆیشتنم هەبوایە .. خۆم دەمزانی چیم دەکرد!! بەڵێ ئەی گوندەکەم .. ))[1] ، هەروەها ئەرکی دیکەش دەکەوێتە سەر وەسف ئەویش خستنە نێو گومانە " بەو واتایەی کە وەسف دەتوانێت ئەرکی ئەوە بێت لە هەندێ دەربڕین و حاڵەتدا وا لە خوێنەر بکات بیخاتە گومانەوە سەبارەت بەو ڕوانینانەی بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسەکان یان ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن ، هەروەها وەسف وا دەکات گەر شتێك لە مەزەندەی عەقڵدا نەبێت ئەوە وەسف وا لە خوێنەر دەکات کە هەست بکات ئەوەی دەوترێت و ڕوودەدات لە واقیعدا بوونی هەیە و هەستی پێنەکراوە بە نموونە لە کورتە چیرۆکی (سەماکەرەکان) لەگەڵ ئەوەی لە تەواوی گێڕانەوەکەدا کارەکتەر گومانی هەیە لەو کەسانەی وەك داوڵن و هەموو زوڵمێك قبووڵ دەکەن ، دواجار بە وەسفێکی گوماناوی سەرنجڕاکێش بۆ کارەکتەر و تەنانەت بۆ خوێنەریش لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە (( لەپڕا دەنگ و هاوارێکی نائاسایی سەرنجی راکێشا ، لەگەڵ خرۆشان و بگرەو بەردەیەکی زۆر .. ، سەرەئەنجام دەرکەوت کە داووڵە سەماکەرەکان بڕیاریان داوە چی دی بە زۆر سەما نەکەن و داوەکان بپچڕێنن .)) [2] ، بە نموونە لە کورتە چیرۆکی (خۆتافیرکرن) دا کاتێك گێڕەرەوە لە تەماشاکردنی ڕووخساری کارەکتەر وەسفی واقیعی ژیانیمان بۆ دەکات ، کە تەنانەت منی خوێنەر دەکەومە گومان لەوەی ئایا خوێندنەوەی گێڕەرەوە بۆ کارەکتەر درووستە یاخود نا (( سالان رویێ وی د خەو هێلابو دەما بێ دەنگ بوی من هزرکر نڤستی یە لێ وە نەبو ، مەژێ وی بێ ی وی ل کاربو . سەرهاتی و بیرانینێن کەڤن ، هەمی ، ببون کاسێتەکا دوورودرێژ و مەشتۆخێ وی ببو ڤیدیۆ و گێلەشۆکا سالان وەکی شلخا مێشان لێ هات بو ...)) [3] ، جا ئەگەر چیرۆکنووسێکی بە توانا ، دەستی دابێتە ئەوەی وەسف بکات ئەوا دەتوانێت کە هەموو ئەرکەکان یان هەندێکیان پێکەوە لە چیرۆکێکدا کۆبکاتەوە ، هەروەها وەسف لە گێڕانەوەدا پێویستە سیفەتی ئیستاتیکی ،کە لایەنی جوانییە بە چیرۆکەکە ببەخشێت ، وە لە بەر ئەوەی وەسف هەڵگری ئەرکە و جێی بایەخە، ئەوا پێویستە وەك شتێکی زیادە لەنێو چیرۆکدا بەکار نەهاتبێت و تاڕادەیەك بە تێمی کارە چیرۆکییەکەوە بەسترابێتەوە وە یان هۆکار بێت بۆ نزیکبوونەوە .

---

١- وێران کردن ، صدرالدین خۆشناو ، ل ١١٢

٢- سەماکەرەکان ، حسام حەکیم ، ل ١٥

٣- خۆتافیرکرن ، فاضل عمر ، ل ٩٤

## ئەرکەکانی وەسف :

(( ١- ئەرکی ڕازاندنەوەیی : ئەمە تەنیا بۆ تێرکردنی مەبەستە جوانکارییەکەیە و ، هیچ کار لە بینای هونەریی چیرۆکەکە ناکات ، تەنیا جوانیی پێدەبەخشێت ، دەرخستنی هەردوو لایەنی جوانی و ناشرینی . هەروەها وێنەگرتنی شتەکانە بە شێوەیەکی وا کە خوێنەر بە ئاسانی ڕووداوەکە ، یان دیمەنەکە بێتە بەرچاوی و چێژی زۆرتر بە خوێنەر دەدات .

٢- ئەرکی ڕاڤەکاری (تەفسیری) : ئەرکی شرۆڤەکردن و دەرخستنی جۆری کەسێتییەکەیە ، کۆکردنەوەی زانیاری زۆری ورد و شاراوە و کاریگەر و لە ڕستە و دەستەواژەی کورت و چڕ و خێرادا بە دەقەکە تاکو کەسێتی ناو دەقەکە بە جۆرێك بخرێتە پێش دیدی خوێنەر کە بتوانێت زۆر لایەنی پرۆسەی گێڕانەوە دەرك بکات و بدۆزێتەوە و وێڵ نەبێت و کەسێتییەکە لە گشت لایەنەکانی ژیانییەوە بە خوێنەر بناسێنێت ، بە تایبەتی بە زمانێکی ڕەوانبێژییانەی شیعری و خواستن (میتافۆر) و وشەی دەلالەتدار .

٣- ئەرکی خستنە گومانەوە : ئامانجی ئەوەیە کە خوێنەر بخاتە ئەو گومانەوە کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە واقیعییە ، و ڕاستەقینەیە ، ئەمەش بە ڕێگای بایەخدان بە وردەکاریی ڕواڵەتی دەرەوە ، و ڕەنگە پتر لە ئەرکێك لە برگەیەکدا کۆببێتەوە ، بە تایبەتی هەردوو ئەرکی ڕاڤەکاری و خستنە گومانەوە ، چونکە بە زۆری پێکەوە دێن بە تایبەتی لە ئەدەبی واقیعیدا . ))[١]

هەر ئەرکێك لەم ئەرکانەش لە نێو گێڕانەوەدا جێگایان دەبێتەوە ، بەو مەرجەی ڕەچاوی وردەکاری و چڕی بکرێت بە ئاستێکی باش لەسەر دەرخستنی سەرەتا و کۆتایی ڕووداوەکان ، وەسفیش وەك یەکەیەکی ئۆرگانی توند بە کورتە چیرۆکەکەوە بەسترابێتەوە و لەگەڵ تەواوی پرۆسەی گێڕانەوەکەدا بگونجێت ، ئەوە گرنگە کە بزانین کورتە چیرۆك تەحەمولی وەسفی زور ناکات بەڵکو لاسەنگیشی دەکات ، وەسفی بابەتێك جێی نابێتەوە لە نێو کورتە چیرۆکدا بەڵکو مەودای بابەتەکەی واقیع ئەوەندە دەهێنێ بخرێتە نێو چیرۆکێکی درێژ یان ڕۆمان چونکە بە زۆر خستنە نێو قاڵبێکی بەرتەسکی کورتە چیرۆکەوە گونجاو نییە ، دەبێت چیرۆکنووس سەیری قورسایی بابەت و ڕوخسارو قەبارەکەی بکات بزانێت کە تێم بیرۆکەی سەرەکییە لە کورتە چیرۆکەکەیدا کە پێویستە بیگەیەنێت ، وە خوێنەریش بۆ دەست نیشانکردنی تێم سەرەتا بزانێت بابەتەکە چییە وە پاشان هەڵوێستی چیرۆکنووس سەبارەت بەو بابەتەی کە نووسیویەتی وە دەیەوێت چی بڵێت ، (تێم) ی چیرۆك کە تەواو پەیوەندی بە ناوەرۆکی چیرۆکەوە هەیە پێویستی بە ڕێگایك هەیە تاوەکو بگاتە خوێنەر ، ئەوەش ڕێگای گێڕانەوەیە لە دەمی گێڕەرەوە کە بۆ ( بۆگێڕەوە)ی دەگێڕێتەوە .

---

١- کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٠-١٩٧٩) ، ئازاد محە مە د سە عید ل ١٠٠ - ١٠١ ، هەروەها بڕوانە البناء الفني في الرواية العربية في العراق ، د. شجاع مسلم العاني ، ص ٢٢

**٢- دیالۆگ :-** دیالۆگ ڕێگەیەکە بۆ گفتوگۆکردن لە نێوان کارەکتەرەکانی نێو کورتە چیرۆك ، ئەم شێوازی گفتوگۆکردنەش بە بێ هۆ نایەتە نێو چیرۆکەوە ، بەڵکو دەکرێت لەو نێوەندە دا باس لە بیرۆکە و بابەتی کارە چیرۆکییەکە بکرێت ، یاخود لە نێو کارەکتەرەکان خۆیاندا هەندێ بابەتی پەیوەست بە بیرۆکەو (تێم)ی کارەکە بخرێتەڕوو ، بەڵام لەوکاتەدا کە دیالۆگ دەکرێت پێویست ناکات دیالۆگ ببێت بە هۆکارێك کە ڕاستەوخۆ تێمی کارەکە دەربخات بەڵکو دەکرێت تەنیا وەك ئاماژە بۆ کرۆك و تێمی کورتە چیرۆکەکە بێت .

کورتە چیرۆکیش وەك گێڕانەوە ئەدەبییەکانی دیکە (دیالۆگ) لە ناواخنی خۆیدا هەڵدەگرێت و شوێنی بۆ دەکاتەوە ، بەڵام دەبێت دیالۆگی کارەکتەرەکان زۆر درێژە نەکێشێت بەهۆی پاراستنی پێگەی کورتە چیرۆك لە یەکەی داڕشتن و چڕی چونکە گەر لەوە زیاتر درێژەی کێشا نزیك دەبێتەوە لە بابەتی هونەری شانۆیی ، جا لە نێو کورتە چیرۆکدا دیالۆگ ڕۆڵی دیکەشی هەیە لەوەی زۆر جار ڕەهەندە کەسیەکانی کارەکتەرەکان دەردەکەون لە کاتی گەشەکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی کورتە چیرۆکەکە یان ئەوەمان بۆ دەردەخات کارەکتەرەکان کەسایەتی ڕوون وئاشکران یان کەسێکە دەروونێکی شێواو و نادیارو نامۆی هەیە ، ئەمەش هەمووی لە ڕێی ئەو ئاخاوتن و گوزارشتانەی کە لە دیالۆگ دا دەکرێت ، هەروەك دەزانین (( دیالۆگ ئەو قسەیەیە کە دەکرێت لە نێوان کەسایەتییەکانی کارەکە ، وە یەکێکیشە لە گرنگترین تەکنیکە هونەریەکان کە بەشداری دەکات لە دروستکردنی کارەکە (کارە ئەدەبییەکە) ))[١]

خودی دیالۆگ دەکرێت پێشتر پێشبینی بکرێت ئەگەر زانرا کارەکتەرەکانی نێو کورتە چیرۆك لە کەسێك زیاتری تێدا بێت ، بمانەوێت و نەمانەوێت لە واقعیشدا ئەگەر دووکەس یەکتریش نەناسن لە شوێنێکدا بن ئەوە یەکێکیان دەرگای گفتوگۆ دەکاتەوە ئەوەش یان بە هۆی نارەزایی دەربڕینی یەکێکیان کە بزانێت خۆی و کەسی بەرامبەر لە هەمان شت دا نارەزان و لەیەك دۆخدان ، یاخود بەڕێگەی پرسیارکردن لە کات یا هەر هۆیەکی دیکەبێت ، بە هەمان شێوەش کاتێ لە کورتە چیرۆکێك دا دوو کارەکتەر یان زیاتر هەبێت گەر بە هیچ هۆیەکی دیاریش نەبێت ، ئەوە بەو هۆیەی کە هەردوو کارەکتەرەکە لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی چیرۆکەکەدا بەشدارن ئەوە دیالۆگ ڕوودەدات ، ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە دیالۆگ (( هەربەوە ناوەستێت ، بەڵکو بیروکەکە قوڵ دەکاتەوە بەگفتوگۆکردن لەسەر هەموو لایەنەکانی ، بە گۆشەنیگای جیاواز ، کە گفتوگۆکەران دەریدەبڕن و موکوڕن لەسەر ڕێك و پێکی زمان و لێهاتویی شێوازو بەهێزی بەڵگەکانیان .))[٢]

کەواتە دیالۆگ دەبێت وابێت قورسایی بکەوێتە سەر بە تایبەت کە خوێنەر دەگاتە دیالۆگی کورتە چیرۆکێك هەست بکات شتێك کە گرنگە لەوانەیە لە وێدا بگوترێت ، جا بە ڕاستەخۆیی یان بەشێوەی ئاماژەدان کە دەکرێت بگوترێت و زۆر لایەن و مۆتیڤ ئاشکرابکرێن ، بەڵام بە شێوە و دیدی جیاوازی کارەکتەرەکان کە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ، کە لەدیالۆگدا کارەکتەر بۆی هەیە یان بە دڵنیایی وەیان بەگومانەوە ڕای خۆی دەرببڕێت، وە کە دیالۆگ لە کورتە چیرۆکدا

---

١ - القصة القصيرة : تعريفها و خصائصها و عناصرها ، عبدالعزيز عبدالحميد
http://laghtiri١٩٦٥.jeeran.com/archive/٢٠٠٨/٨/٦٥٢٥٢٠.htm

٢ - ملامح الادب الفلسفي في النثر ، فائز طه عمر ، مجلة اداب المستنصرية ، عدد ٣ ، ١٩٨٦، ص ٢١٦

بەتایبەت زیاتر بۆ ئەوە دێتە ناوەوە کە خوێنەریش لەوکاتانەدا بیر و هزری خۆی بخاتە گەڕ کە پێشتر بەهۆی خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ کورتە چیرۆکەکە بە بێ پشوودان بەردەوامی داوە بەگەیشتن بۆ تێمە سەرەکییەکە لەکاتێکدا کە دەزانین ئەوکارەکتەرانە کە دیالۆگ لەگەڵ یەکتر دەکەن زیاتر بیر و بۆجوونەکانیان دەگۆڕنەوە بۆ گەیشتن بە پنتی گرنگ هەربۆیە زۆرجار هاتنە ناوەوەی دیالۆگ گرنگە چونکە (( گفتوگۆ بۆ کورتکردنەوەی کات بەکاردێت و یاریدەی نووسەر دەدات کە لە وەسف و گێڕانەوەی زۆر ڕزگاری بێت .))[1]

ئەوە زۆر باشە ئەگەر پێشتر چیرۆکنووس بڕیاری دابێت کە دیالۆگ بەشێك بێت لە بنەمای پێکهێنانی کورتە چیرۆکەکەی ، بەوەی لەهەر کات لە کاتەکانی گێڕانەوە و وەسف دا جڵەو شل نەکات و بتوانێت دەست بگرێت بەسەر پرۆسەی گێڕانەوەکەدا و ئەوەی لەبیر بێت کە کورتە چیرۆك زۆر گووتن هەڵناگرێت و بەردەوام دەبێت لە هەوڵی چڕکردنەوەو ئابووریکردنی زماندا بێت ، لەمەشەوە ئەوە لە یاد نەکات کە دیالۆگەکانی کورت و پوخت بن لە نێوان بیروڕا گۆڕینەوەی کارەکتەرەکانی دا .

## تەکنیکی دیالۆگ :

پێویستە چیرۆکنووس چەند خاڵێك ڕەچاو بکات لە تەکنیکی( دیالۆگ )دا ، لەوانەش :-

(( ١- دان وستاندن دڤێت گەلەکا تیر بیت رستێت وێ دکورت بن و پرێژی تێدا نەبیت .

٢- دەورێ خۆ هەبیت د وەرار و بلندبوونا روودانێت چیروکێدا .

٣- ئاخفتنا کەسانێت چیرۆکێ ژ لۆکا روشنبیریا وان بلندتر نەبیت .

٤- ئاخفتنێت دئێنەکرن گەلەك د رون و ئاشکرا و سەرڤە سەرڤە نەبن .

٥- دان وستاندنێ پەیوەندی یەکا ب هێز ب ناڤەرۆکا چیرۆکێ ڤە هەبیت .))[2]

ئەم خالآنە هۆکاری باشن بۆ چیرۆکنووسێك کە ڕەچاویان بکات لە مەزراندنی کورتە چیرۆکەکەیدا ، چ ئاگابوون لە جۆری ڕستەکانی ، هەروەها ئەوەش لەیاد نەکات کە دیالۆگەکانی دەبێت وابن کە گەشەبدەن بە ڕووداو و کێشەکانی نێو کورتە چیرۆکەکە و بیرکردنەوەی تازە لای خوێنەر دروستبکات وەچیرۆکنووس پێویستە لە بیری بێت گفتوگۆکەرانی چیرۆکەکەی لە چ ئاست وپلەیەکی رۆشنبیریدان ، بزانێت گێڕەرەوەکانی ئەو توانا ئاخاوتنییەیان هەیە ، وەیان بەزۆر لە ئاست و توانستی خۆیەوە سەیری کارەکتەرەکانی دەکات و ئەو جۆرە ئاخاوتنانەیان لەزارەوە دەردەکات ، وەنابێت کارەکتەرەکانیش هەرشتێکیان ویست بیڵێن ، بەڵکو دەبێت سنورێکی بۆ دابنرێت بەوەی کە دیالۆگ پەیوەندیەکی نە پچڕاوەی لەگەڵ( تێم )هەیە کە پنتی سەرەکی کورتەچیرۆکێك دەبێت ، بەم شێوەیە دیالۆگ :-

(( أ- پەنجەرەیەکە خوێنەر لێی دەڕوانێتە سەر ڕووداوەکانی چیرۆکەکە .

ب- هۆیەکی هونەریشە بۆ پێشکەش کردنی کەسایەتیەکان و ڕووداوەکان و زانینەکان لە ناوەوە .))[3]

---

١- کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٠-١٩٧٩) ، ئازاد محە مە د سە عید ، نامە ی ماجستیر ، ل ١٣٨

٢ - بیاڤێ خواندنێ ، جلال مصطفی، ل ٦٤-٦٥

٣- القصة القصیرة : تعریفها و خصائصها و عناصرها ، عبدالعزیز عبدالحمید
http://laghtiri١٩٦٥.jeeran.com/archive/٢٠٠٨/٨/٦٥٢٥٢٠.htm

هەر بەم هۆیانە دەبینین خوێنەرو توێژەر لەکاتی خوێندنەوەی کورتە چیرۆکێکدا کە دیالۆگی تێدا بێت هەست بە بێ زاری خوێندنەوە ناکات و ڕزگاری دەبێت لەوەی کە وا بزانێت ناچار کراوە ڕاپۆرتێك بخوێنێتەوە ، جا بوونی دیالۆگیش لەگەڵ ئەوەی ، کە مەرجی پێویست نییە لە هونەری گێڕانەوەدا لە گەڵ ئەوەش دا هۆکارێکی هونەری باشە کە پەیڕەو بکرێت بە تایبەت ، کە دەکرێت لە تێمی چیرۆکێك تێبگەین ئەوەش بە جوڵەو ڕەفتار و شێوازی ئاخاوتنی کارەکتەرەکانی (( چونکی ب رێکا دان وستاندنێ ئەم ڤی کەسی پتر دنیاسین ، بیرو بوچونێت وی دزانین ، ب سەر نهێنی بێن کەساتی یا وی هەلدبین .))[1]

کەواتە لە کاتی گفتوگۆکردن بەڕێی دیالۆگ واباشە بزانین ئەو کارەکتەرەی کە دئاخفیت وە ئەوەش کە وەڵام دەداتەوە بەڕێی دیالۆگ کێیە ؟ دایکە ، مێردە ، هاوڕێیە ؟! وەیان بزانین کارەکتەر لە ئاخاوتنەکەی دا توڕەیە ، هێورە ، چۆنە ؟! دەنگی بەرزە یان نزم ولەسەرخۆیە ، هەروەها زاراوەکانی و وشەکانی چۆنن ؟ هەروەها کارەکتەر شەرم دەکات ، ئەگەر وابێت دەنگی نزمە، نەك هەر ئەوەش تەواو بێدەنگە وەك کارەکتەری کورتە چیرۆکی (کۆچ)[2] لەو کاتەی کە ویستوویەتی بە تەلەفۆن بە کچەکە بڵێت خۆشم دەوێیت ، بەڵام دواجار هەر نەیتوانییوە ، بەڵام ئەگەر کەسێکی کراوەبێت ئەوە نەبرەی دەنگی بەرزە وەك لە کاتی توڕەبوون یان لە کاتێکدا هەست بە باوەڕ بوون بە خودی خۆی دەکات وەك ئەوەی لە ئەنجامی توڕەبوونی براکەی( لاڵ ) ، دایکی کارەکتەر بەسەر لاڵدا هاوار دەکات وەك ئەوەی کە گێڕەرەوە ئەو زانیارییەی پێداوین کە لە کاتی دیالۆگی نێوان لاڵ و دایکیدایە، کە (( دایکی بە سەریدا نەڕاندی ((ئەوە بەم نیوە شەوە بۆ نە تۆپیوی .. سەر خۆشی؟! )) لاڵ، رق لە هەموو جەستەی دەباری بە (ئا .. ئا .. ئا)ی زمانی و بە دەست پەنجە و لەشی دەیویست رق و یاخی بوونی خۆی دەربڕێ .. ))[3] ، وە هەروەها چیرۆکنووس ئەوەی لەیاد نەچێت کە دەبێت تەنها ئەو کاتە (( پەنا بباتە بەر گفتوگۆ وەکو هۆیەکی هونەری ، کە شوێنەکە پێویستی پێ بێ و گفتوگۆ لە هەموو تەکنیك و هونەرێکی تر بۆ ئەو شوێنە گونجاوتر بێ .))[4]

ولەگەڵ ناوەڕۆك و ناواخنی گێڕانەوەکەدا تەواوکەربێت و لە ڕووی ناوەڕۆك ماناوە لەیەك دابڕان هەست پێنەکرێت و خوێنەر باشتر کارەکتەرەکان بناسێت و بەهۆی ئاخاوتنەکانییەوە کەسایەتییانی تێدا وێنەکرابێت بەشێوەیەك کە خوێنەر بتوانێت وێنای زۆر بارودۆخی تایبەتی ڕووداوی ناو چیرۆکەکە بکات . زۆر جار بەهۆی هاتنە ناوەوەی کارەکتەری دیکە لە کاتی دیالۆگ دا کە پێشتر ئەو کارەکتەرە پێگەیەکی گرنگی لە نێو کورتە چیرۆکەکەدا نەبووە ، وا دەبێت ئەو هاتنە ناوەوەیە شتی دیکەی تازە دێنێتە بەر دەست کە پێشتر ماناو دەلالەتەکان ئەوەندە ڕوون و ئاشکرا نە بوون نە بۆ کارەکتەری سەرەکی کورتە چیرۆکەکە و نە بۆ (بۆگێڕەوە)ی چیرۆك وە نە بۆ خوێنەریش کە بە شێوەیەك وا دەبێت ئەو تێڕوانینانەی لە سەرەتاوە بۆ دۆخی کورتە چیرۆکەکە دروست دەبێت ، تەواو پێچەوانە دەبێتەوە ، بەنمونە لە چیرۆکی-

---

١- بیاڤێ خواندنێ ، جلال مصطفی ، ل ١٢٠

٢- کۆچ ، هێرش ڕەسوڵ .

٣- لاڵ ، هۆشەنگ شێخ محەمەد ، ل ١٠٤

٤- پەخشانی کوردی ، عەزیز گەردی ، زانکۆی سەلاحەددین ، ل ٥٢

-(نامۆکه)[1] دا  خەڵکی گوندەکە سەرەتا بە خراپ لە کوێخاکەیان تێدەگەن ، بەڵام دواتر دەردەکەوێت خەڵکی گوندەکە لە کوێخا خراپتر دەسەڵاتی خۆیان بەکار هێناوە کە هەموو ئەوانەش بەهۆی دیالۆگی خەڵکەکەوە دەردەکەوێت کە لەگەڵ مەلای گوندەکە دەئاخڤن ، هەروەها لە چیرۆکی (بەندەر) [2] یشدا هەردوو کارەکتەری سەرەکی بیرو باوەڕی نەتەوەیی خۆیان قۆستەوە بۆ حەزوو ئارەزووە ڕەگەزییەکەی خۆیان کە لە دیالۆگی هەردوو کارەکتەر ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت .

هەرچەندە کورتە چیرۆك هەیە کە بە هیچ شێوەیەك خۆی لە تەکنیکی دیالۆگ نەداوە کە ئەوەش پێویستە بە تێڕوانینی چیرۆکنووس بۆ کورتە چیرۆکەکەی کە پێیوایە بەو ڕێگایە دەکرێت مەبەست و تێمی کارەکەی بداتە دەست خوێنەر ، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین گرنگە کە کارێکی هونەری بێبەش نەکەین لە بوونی دیالۆگ ، چونکە دیالۆگ (( لە چیرۆکدا پێویستە لە بەر ئەوەی هۆکاری داڕشتنێکی نمونەییە کە دەتخاتە ڕووبەڕوبوونەوە لە گەڵ کارەکتەردا ، وە ڕووبەڕوو  لەگەڵ وێنە ئاخاوتنییەکاندا (وێنە دوێنەرەکاندا) ، وە چیرۆکنوس وێنەی ئاخاوتنەکە لە سەر زمانیان بەکار دەهێنێت ، لە گەڵ هەر ڕستەیەکیش بێت وات لێدەکات توشی دالغە بیت لە هۆکارە زیندووەکان ، ئەوان لێرە لە بەرامبەرتدان و دیالۆگ دەکەن و وات لێدەکەن باوەڕیان پێبکەیت ، باوەڕدەکەیت بە بوونیان وە بلیمەتی هونەرە سەرەتاییەکەش .))[3]

دیالۆگیش لە کورتە چیرۆکدا خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە لە کورت دەربڕین دا ، کە نابێت دیالۆگی یەکێك لە کارەکتەرەکان ئەوەندە درێژە بکێشێت کە لە سیفەتی دیالۆگ کردن لە گەڵ بەرامبەرەکەی دەربچێت و وەك ئامۆژگاری لێبێت و دواتر کارەکتەری گوێگر لە بری ئەوەی ئەویش دیالۆگ بکات ، بڵێت " چیتر ؟! " وە یاخود گوتەی دیکەی لەو شیوەیە بڵێت کە وەك ئەوە وا بێت حیکایەتی بۆ بگێڕنەوە .

## جۆرەکانی دیالۆگ :-

**أ- دیالۆگی ڕاستەوخۆ:** لەم جۆرە دیالۆگەدا کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتردا دەدوێن بەبێ ئەوەی هیچ دەستێوەردانێکی گێڕەرەوەیەکی دەرەکی هەبێت کە گوتەی کارەکتەرەکان بگوێزێتەوە ، وەك دەبینین لە کورتە چیرۆکی (**تارماییەکان**)دا هاوسەرەکەی هادی ڕاستەوخۆ دەرگای دیالۆگ کردن دەکاتەوە (( - هادی ، بۆ هەرچییەکمان هەیە نەیفرۆشین و بگەڕێینەوە وولاتی خۆمان .. تا لێرە بین زیاتر غەریب دەبین و خەڵکەکەی لێمان دوورە پەرێز دەبن ، ...
- ئەمشەو نۆرە ئێشك گرتنمە .. بێزارم پێم خۆشە (هدی)ش لەگەڵ خۆمدا بەرم .. متمانەم بە کەس نەماوە ، سبەینێ کە گەڕاینەوە تەگبیرێ لە ماڵی خۆمان دەکەین ، منیش ئەم غەریبییەم پێ هەزم ناکرێت )) [4] .

---

١- نامۆکە ، حسین جاف .

٢- بەندەر ، کۆمەڵە چیرۆکی ( سەما ) ، ڕەووف بێگەرد .

٣- موسوعة العلوم و المعارف المطورة ( الآداب والفنون) ، مركز الشرق الأوسط الثقافي ، ب ، ت ، ص١٥

٤- تارماییەکان ، ئەحمەد عارف ، ل ٦

هەروەها کورتە چیرۆکی (نامۆکە) ڕاستەوخۆ بە دیالۆگی کارەکتەرەکان چیرۆکەکە داڕێژراوە بەبێ دەستێوەردانی گێڕەرەوە ، بەم شێوەیە (( - ئەم کابرایە کێ یە !؟

- نایناسین

- کاری چی یە ؟

- نازانین

- لە کوێوە هاتوە ؟

- مەعلوم نی یە

- بۆ هاتووە ؟

- کەس نازانێت ))[1] دیالۆگ زیاتر شێوەی پرسیار و وەڵامی وەرگرتووە کە لە بارەی کەسێك قسە دەکەن کە هاتووەتە گوندەکەیان ، لە کورتە چیرۆکی (وەلاتێ نێرگزا)شدا دیالۆگی ڕاستەوخۆی نێوان منداڵەکان هاتووە ، لەو کاتەی چوون نێرگز بفرۆشن (( - ئەرێ ئەڤرۆ ژی هەکە زوی زڤرین دێ چینە چیای نێرگزا .. ؟!

- خونە ئەم باب سێوینە ... ئەڤرۆ ئێڤاری دێ بێهنا خو ڤەدەین دێ چینە یاری یا ل مخەلێ پشتا گوندی — بڕانێ ، دار و ترانێ ، گیخێ ... پاش سوباهی دێ چینە « لاتا نێرگزا» دبێژن گەلەك یێ لوێرێ هەین . ))[2] ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (وڵاتم لەوێ یە!) ئەو دوو کەسەی کە دیالۆگ دەکەن ، کە یەکێیان کوردە و ئەوی دیکەشیان ئیسرائیلییە ، و هەردووکیان لەناو فڕۆکەدان و لە تەنیشت یەکەوە دانیشتوون ، ئەم شوێنە وا دەکات دەرگای پرسیار و ئاخاوتن بکرێتەوە ،بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کچە ئیسرائیلییەکە پرسیاری کات دەکات بەم شێوەیە : (( ئەو- کاتژمێر چەندە ؟

من — چارەکە سەعاتێکی تر فڕۆکەکەمان دەفڕێت ، یەکەم جارە لە وڵاتی (س) دەردەچی؟

ئەو — بەڵێ بەڵام ئەم کۆچەم یەکجاریە .

من — دوا مەنزڵتان کوێ یە ؟

ئەو — دوو ڕۆژێك لە وڵاتی (ن) ئەمێنینەوە دوایش بەرەو (ئیسرائیل) بەڕێ دەکەوین .))ل٦ هەروەها دواتر کچە ئیسرائیلییەکە پرسیار لە کوڕەکە دەکات (( ئەی تۆ خەڵکی کوێ ی ؟

من — خەڵکی کوردستانم .

ئەو — کوردستان کەوتۆتە کوێ ؟

من — کەمێك باسی شوێنی جوگرافیا و مێژووی نیشتمانەکەی خۆمم بۆ کرد . ))[3] کە تێیدا دەبینین دیالۆگ بووە بەهۆی دەرخستن ڕەهەندە کەسییەکانی هەردوو کارەکتەر ، هەردوو کارەکتەریش لەڕێی دیالۆگەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کە کەسێتی کراوەیان هەیە کە بەبێ ئەوەی یەکتر بناسن لەگەڵ یەکتر ئاخاوتنیان کردووە، هەروەها لە کورتە چیرۆکی

---

١- نامۆکە ، حسین جاف ، ل ٢٥

٢- وەلاتێ نێرگزا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هیڤییێن هەلاویستی ) ، اسماعیل مصطفی ، ، ل ٧٩

٣- وڵاتم لەوێ یە! ، موەفەق دەرگەلەیی ، ل ٦

- (مینەش گۆڕا) کوڕێکی گەنج کە پیاوێکی پیری ناسیووە باسی فرۆکەیان کردووە وز پیاوە پیرەکەش کە ناوی (مینە)یە ئەو جۆرە شتانەی پیێ کفرە ، بەڵام لە دوای ماوەیەك کە نەخۆش دەبێت و بە فڕۆکە دەیبەنە بەغداد ، کوڕە گەنجەکە دەیەوێت جارێکی تر ڕای مینە بزانێت و پرسیاری لێدەکات (( ووتم : ها مینە چۆنی ئەبینی

ووتی : بە لەوە ئەکا سواری قالیچەکەی حەزرەتی سلێمانی بوبین . گیانم بەساقەی بێت .))[1] ، وە لە (ژووری میوان)یشدا ، لەو کاتەی منداڵەکە باس و وەسفی باوکی بۆ هاوڕێکەی دەکات ، دەڵێت : (( - باوك نی یە غەزەبی خووایە ! ئەزانی لەسەر چی؟

- چوزانم

- لەسەر ئەوەی شارە زەردەواڵەکەم لە سۆفی کەریم ورووژان

- کوڕە مەڵێ ! گویێ مەدەرێ ، بەو کاك ئەحمەدی شێخە دیمەنی سۆفی کەریم کە دەرزەنێك زەردەواڵە راویان نابوو دە تێلا ئەهێنێ . ))[2] ، وە لە کورتە چیرۆکی (دەرزا دلی) بەبێ دەستێوەردانی گێڕەرەوەی هەمووشتزان ، ڕاستەوخۆ باوك و کوڕ دیالۆگ دەکەن لەوەی منداڵەکە بە باوکی دەڵێت منداڵەکانی هاوڕێی پێیان گوتووە ڕەنگت زەرد بووە و دەمریت ، باوکیشی پێی دەڵێت : (( - نە کوڕێ من خو نەترسینە ، ما هەر کەسێ نەساخ بو دێ مریت ؟!

- باب من ببە دختوری

- کورێ من ما ئەڤە چەند جارا من تو بری .

- پا بوچی ئەز چێنابم؟

- دێ چێ بی بئانەهیا خودێ دێ چێ بی ))[3] ، هەروەها کورتە چیرۆکی (سەعاتی سفر) ڕاستەوخۆ کارەکتەرەکان دیالۆگ دەکەن و ڕای خۆیان دەربارەی ئەو شەڕە دەردەبڕن و پێیان وایە گەنجەکان گوێیان بۆ ناگرن و واز لە شەڕی برا کوژی ناهێنن (( - کەس گوێمان لێناگرێت .

- خۆیان حەزیان لەشەڕە و چاوەڕێی ڕۆژێکی لەباری وا بوون .

- ڕۆژی لەباری چی ؟ بەم سەرمایە ، هەردوولایان هەر دەیدۆڕێنن .

- ئێ خۆ بە هاوینیش ناکرێت ! ))[4]

**ب- دیالۆگی ناڕاستەوخۆ:** لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا ڕاستەوخۆ کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتر نادوێن ، بەڵکو لە ڕێی گێڕەرەوەیەك تەواوی هەموو باسکردنێکمان پێدەگات کە باسی لێوە دەکەن ، بە نموونە لە کورتە چیرۆکی(لاڵ )دا ، کە ئاگاداری دیالۆگی کارەکتەر و دایکی دەبین ، کە لەڕێی گێڕەرەوەوە کە گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزانە (کەسی سێیەمە)

---

١- مینەش گۆڕا ، کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د.کاوس قەفتان ، ل ١٠٩

٢- ژووری میوان ،کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د. کاوس قەفتان ، ل ٩٩

٣- دەرزا دلی ، جمال بروارى ، ل ١٨

٤- سەعاتی سفر ، کۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح ، ل ٨٢

تەواوی دیالۆگ ئاگادار دەبین بەم شێوەیە: (( دایکی بە سەریدا نەڕاندی (( ئەوە بەم نیوە شەوە بۆ نە تۆپیوی .. سەر خۆشی؟! )) لالۆ، رق لە هەمور جەستەی دەباری بە (ئا .. ئا .. ئا)ی زمانی و بە دەست پەنجە و لەشی دەیویست رق و یاخی بوونی خۆی دەربڕێ .. ))[1] هەروەها کورتە چیرۆکی (بەندەر) کە لە دەمی گێڕەرەوە دیالۆگی نێوان هەردوو کارەکتەر دەبیستین کە چۆن خۆشەویستی نیشتیمانیان فرۆشتەوە لە پێناو حەز و خۆشەویستییان بۆ یەکتر (( شێرۆ وەك لە بەردەم مەسیحدا بە چۆکدا بێت و داوای پەشیمان بوونەوە لە تاوانێکی بکات بە تەواوی ئارەزووەوە بە شەوبۆی ووت : ( من کەشتیەوانم و تۆ دوا بەندەری منی ، لە کەنارتا ڕادەکشێم تا ماندوویەتی ڕێگای دوورم دەحەسێتەوە ، ئەی نەمان وت : ( ئەوەی دەڵێن نایەتە دی دەبێت بەدی بهێنین ، تۆ و هیچی تر ) شەوبۆش زیاتر ئامێزی بۆ واڵا کردەوە و وتی : ( بێجگە لەم کەشتیەوانە ماندووە هەموو شتەکانی تر بۆ دۆزەخ ) . ))[2] ، لە کورتە چیرۆکی (بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من)دا هەرچەندە هەردوو کارەکتەر بەشێوەیەك دیالۆگ دەکەن وا دەزانین کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەك دەدوێن ، بەڵام هەر لە سەرەتاوە گێڕەرەوەی هەموو شتزان ڕووداوەکانی لە دەستیدا گرتووە و هەموو شتێکمان پێدەڵێت لە دوای ئەوەی کەسێك گەڕاوەتەوە ماڵی خۆیان و دوای لە دەرگادانێکی زۆر کە کەس نیە بێت بەلایەوە ،مام ئوسمانی هاوسێ دێت بۆ لای و پێش ئەوەی هەموو شتێکی پێبڵێت گێڕەرەوە پێمان دەڵێت : (( کەیف خوشی و سلامەتی لگەل کر .

- تە خێرە

- مالا مە کیڤە چووینە ؟

- هەمی ژ بەر جەنگا رەش رەڤین و دەرکەڤتینە

- تو نەشێ دەرگەهی ڤەکەی ..؟

- یێ ڤەکری یە .. هەما پالدە ))[3]

دیارە تا کۆتایی هەردوو کارەکتەر لەسەر هەموو شتێك لە ژیانی ڕابردوو دیالۆگ دەکەن ، هەروەها کورتە چیرۆکی (نامۆکە) جگە لەوەی سەرەتا بە دیالۆگی ڕاستەوخۆ کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتر دەدوان ، ئەوا لە شوێنێکی دیکەدا گێڕەرەوە ئاگای لە دیالۆگی خەڵکەکەیە لەگەڵ مەلای گوندەکە ، و بۆمان دەگێڕێتەوە (( یەکسەر پاش ئەوە حاجی حەمە علی بازرگان خۆی کرد بە مزگەوتەکەوە بۆ لای مامۆستا پێ ی گوت :

- باشە قوربان شتێك لە بارەی ئەم کابرایە حاڵی بوویت؟

مەلاکە : نەخێر

بازرگانەکە : تۆ بڵێ ی ئەم کابرا نامۆیە شتێکی بە دەمەوە نەبێ

مەلاکە : باوەڕ ناکەم ))[4]

---

١- لالۆ ، هۆشەنگ شێخ محەمەد ، ل ١٠٤

٢- بەندەر ، کۆمەڵە چیرۆکی (سەما) ، رەووف بێگەرد ، ل ١١٩

٣- بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من ، شعبان مزیری ، ل ٢٦

٤- نامۆکە ، حسین جاف ، ل ٢٥

هەروەها لە کورتەچیرۆکی (پوستە)دا لەدەمی گێڕەرەوە دیالۆگی نێوان کاروان ومام ئویسف دەبیستین(( (کاروان) گەهشتە بەر دەری خانیێ مامێ ئویسف ، گۆتێ :

- مامو کاروان ئەڤە ل سەر خێرێ بیت دێ کویڤەچی؟

- مام باوەربکە ، دێ چم هەتا گوندێ (....) ب کارەکێ فەر..!

- مامو ئەڤە نە ڕۆژا دەرکەفتنا ب تنێ یە و بێ چەك ، هو بەفرێ رێ و رێبار ئاسێکرین ، دێ دبەفرێ را خەندقی ، دێ گورك تەخون !! . ))[1] ، وە کورتە چیرۆکی (وەلاتێ نێرگزا) گێڕەرەوە پێمان ڕادەگەیەنێت لە دوای ئەوەی چیاڤان لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەچێتە دەرەوە ، (( دایکا وی گازی کرێ :

- چیاڤان ژ هەڤالێن خو بدویر نەکەڤە بەرخێ من ..

- باشە دادێ ))[2] ، هەروەها کورتە چیرۆکی (یاقووتی ئازار) یش دیالۆگی ناڕاستەوخۆی تێدا بەکارهاتووە ، کە گێڕەرەوەی هەمووشتزان دیالۆگی نور و دایك و باوکیمان بۆ دەگێڕێتەوە (( هەر جارێك دەچوونە لای (نور) بە دەنگێکی گریاناوییەوە پێ ی دەوتن :

- وا خەریکە پشتم شەق دەبات .. هەست دەکەم گۆشتەکەی رزیبێت !!

ئەوانیش وەك هەموو جارێکی تر دەیان وت :

- ئارام بگرە .. هیچ نەبێت لەبەر ئێمە ! ))[3]

## شێوەکانی دیالۆگ :-

**أ- دیالۆگی تاك :** واتە تەنیا دوو کەس لە پرۆسەی دیالۆگ کردنەکەدا بەشدارن و کەسی سێیەمی تێدا نییە کە دەستوەربداتە نێو دیالۆگەکە و بەشداری بکات ، بە نموونە (تارماییەکان)دا هاوسەرەکەی هادی ڕاستەوخۆ دەرگای دیالۆگ کردن دەکاتەوە و تەنیا (هادی) وەڵامی دەداتەوە (( - هادی ، بۆ هەرچییەکمان هەیە نەیفرۆشین و بگەڕێینەوە وولاتی خۆمان .. تا لێرە بین زیاتر غەریب دەبین و خەڵکەکەی لێمان دوورە پەرێز دەبن ، ...

- ئەمشەو نۆرە ئێشك گرتنمە .. بێزارم پێم خۆشە (هدی)ش لەگەڵ خۆمدا بەرم .. متمانەم بە کەس نەماوە ، سبەینێ کە گەڕاینەوە تەگبیرێ لە ماڵی خۆمان دەکەین ، منیش ئەم غەریبییەم پێ هەزم ناکرێت ))[4]

**ب- دیالۆگی بە کۆمەڵ :** لەم شێوە دیالۆگەدا زیاتر لە دوو کارەکتەر دیالۆگ دەکەن لەیەك کاتدا سەبارەت بەیەك بابەت و ڕووداوی دیاری کراو ، وەك لە کورتە چیرۆکی (نامۆکە)

(( - ئەم کابرایە کێ یە !؟

- نایناسین

---

١- پوستە ، جمیل محمد شێلازی ، کە لە ساڵی١٩٩٠ نووسراوە ، لە کۆمەڵە چیرۆکی (پوستە) ، ل ٤٠

٢- وەلاتێ نێرگزا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هیڤییێن هەلاویستی ) ، اسماعیل مصطفی ، ل ٧٧

٣- یاقووتی ئازار ، عەتا محمد ، ل ١٧٤

٤- تارماییەکان ، ئەحمەد عارف ، ل ٦

- کاری چی یه ؟
- نازانین ))[١] ئەم دیالۆگە بە کۆمەڵە ئەوەی تێدا دەردەکەوێت کە زیاتر باس لە (نامۆیی) بکات بە نەناسینی کەسێك کە دەچێتە گوندێك و خەڵکەکەی لەسەرەتاوە نایناسن کە (تێم)ەکەی لەوێدا زیاتر خۆی دەبینێتەوە ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (وەلاتێ نێرگزا)دا دیالۆگی ڕاستەوخۆی نێوان منداڵەکان هاتووە ، لەو کاتەی چوون نێرگز بفرۆشن ، کە دیالۆگێکی بە کۆمەڵە و زیاتر لە دوو کەس تێیدا بەشدارن (( - ئەرێ ئەڤرۆ ژی هەکە زوی زڤرین دێ چینە چیای نێرگزا .. ؟!

- خونە ئەم باب سێوینە ... ئەڤرۆ ئێڤاری دێ بێهنا خو ڤەدەین دێ چینە یاری یا ل مخەلێ پشتا گوندی — برانێ ، دار و ترانێ ، گیخێ ... پاش سوباهی دێ چینە « لاتا نێرگزا» دبێژن گەلەك یێ لوێرێ هەین . ))[٢]
لێرەشدا هەموو منداڵەکان پێکەوە دەئاخفن و نزیکن لەوەی کە شتێك بە ئێمەی خوێنەر و توێژەر بڵێن کە دەیانەوێت بژین و بەردەوام بن ، بەڵام دیارە ئەوە شتێکی ئەستەمە لەو ڕۆژگارەدا کە بە ئازادی بژین و لەسەر هەمان بیروباوەڕی باوك و باپیرانیان بڕۆن ، کە پاراستنی ئاو و خاکی کوردستانە و بەرگریکردنە لێی ، کە وەك ئەوەیە تاڕادەیەکئاماژە بە ( تێم)ی کارەکە بکرێت ، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ .

**٣- مۆنۆلۆگ :-** مۆنۆلۆگ یان (خۆدواندن) پرۆسەیەکی تاکەکەسییە کە مرۆڤ بە تەنیا ئەزمونی دەکات ، لێرەدا تاك تەنیایە و دەدوێت ، بەڵام بۆ کێ ؟! بێگومان تاك بە هۆی ژیانکردنەوە ڕۆژانە گفتوگۆ دەکات ، گفتوگۆیەکانیشی یان لەگەڵ کەسێك یان چەندان کەسی دیکە دا دەبێت کە دەچێتە خانەی (دیالۆگ) ، بەدەر لەمەش مرۆڤەکان لە تەنیایی و لە تاك بیرکردنەوەیی دانابڕێن بۆ گفتوگۆکردن ، بەڵام بەداخراوی و بە بێ ئەوەی پێویست بە وەبکات ڕازەکان بدرکێنێت ، بۆیە لێرەدا گوتەکانی ئاراستەی ناوەوەی خۆی دەکات ، ئازادیشە کە چۆن بیر بکاتەوە و پرسیار بکات و وەڵامیش وەر بگرێت ، واتە پرۆسەی گفتوگۆ لە نێوان کەسێتی و خۆیدا ئەنجام دەدرێت ئەوەش (مۆنۆلۆگ)ە ، کە هەڵگری ئەو خاسیەتەیە ، واتە بگۆ ( تاکگوتار)ە . مۆنۆلۆگیش ( **Monologue** ) : (("زاراوەیەکە بۆ ئەو کەسەی کە بەتەنیا دەبێت و چەند هەستێکی بەکار دەهێنرێت بۆ پێشکەشکردنی کاری ئەدەبی یان هونەری دەگوترێت چ ب ئامادەبوونی کەسانی دیکە یان ئامادەنەبوونیان .")) [٣] هاوارەکانی مرۆڤیش هەرگیز تەواونابن و لە بن نایەن ، بڵندترین هاوار ئەوانەن کە لەناخی مرۆڤەکاندان ، ڕاستە کەلەوانەیە بەرامبەرەکانمان نەتوانن بیبیستن بەڵام دەتوانن بیلێن ، بڵندترین دەنگی هاوار ئەو (مۆنۆلۆگ)انەن کە ڕۆژانە لە هەرمرۆڤێکەوە بەرزدەبنەوە و گوێیەکانی لاشەو گیان کەڕ دەبن لەتاو ئەو ناڵەو هاوارانە . مرۆڤ کاتێك ئەزموونی مۆنۆلۆگ لە ژیانیدا دەکات دواجار دەیەوێت بیلێت و کەسانی دیکەش بیبیستن بەڵام ناتوانێ ، یاخود ڕاستتر بڵێین ناکرێت بیانڵێت ، جا بەهۆیەك لە هۆیەکان کە (کۆمەڵگە ، شەرم ،نابێ بگوترێت ، وە هەروەها باس نەکردن لە ئارەزووە شاراوەکانی ناخی تاك...هتد ) .

---

١- نامۆکە ، حسین جاف ، ل ٢٥

٢- وەلاتێ نێرگزا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هیڤییێن هەلاویستی ) ، اسماعیل مصطفی ، ل ٧٩

٣- A Dictionary of Literary Terms revised edition Great Britain by Andre Deutsch Ltd J.A.Cuddon. ,١٩٧٩. p. ٤٠٠

مۆنۆلۆگیش سنوور بۆ کات دانانێت ، دێت و بە ڕابردوو دا گوزەر دەکاتەوە و لە ئێستادا دەوەستێت و لە داهاتووشدا دەژێت ، هەرکاتێك بیەوێت بە فلاشباك دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو وە ئەوە بە ئاسانی لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە بۆی دەچێت ، بۆ داهاتووش دەست بە پرۆسەی پێشخەرییەوە دەگرێت ، لە مۆنۆلۆگدا هیچ ڕێکخستنێك بۆ ڕووداوەکان بە گرنگ دانانرێت ، چونکە کارەکتەر لە بارودۆخێکی نائاسایی دەروون دەگاتە مۆنۆلۆگ کردن لەگەڵ خودی خۆی وەهەر بەتەنیا ڕووبەڕووی ناخی خۆی دەبێتەوە ، خاڵی زەق و دیاریش ئەوەیە (( خۆدواندن جۆرە دابڕانێکە لە ڕەوتی ئاسایی گێڕانەوەی نێو چیرۆکەکە ، هەرچەندە خۆدواندنیش جۆرێکی گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆی هاوتەریبی گێڕانەوە سەرەکییەکە دەبێت .)) [1]

بەڵام بەو هۆیەی کە زۆر جار (مۆنۆلۆگ) ڕەوتی ڕوودانی ڕووداوەکانی کورتە چیرۆك دەوەستێنێت بەوەی کە بیرو هزری تاك لەوە دەردەچێت کە ئایا ڕووداوی چیرۆك و پرۆسەی گێڕانەوە گەیشتووەتە کوێ ؟! ، جا کاتێك باس لە مۆنۆلۆگ دەکرێت بە واتای ئەو دەربڕین و بیرو هزرانەیە کە مرۆڤی تاك لەگەڵ خودی خۆیدا تاووتوێی بابەتیك دەکات یان زۆر جار داوا لەوەی دیکەی نێو خودی خۆی دەکات کە دوا بڕیاری خۆی پێ بڵێت بۆ بە ئەجام گەیاندنی کارێك ، ئەوەش کە پێویستی بە یەکلایکردنەوە و تاووتوێکردن هەیە بابەتێك یان ڕووداوێکە کەلەدەرەوەی ئەو( خود)ەیە یاخود لەناوەوەیە ، کە پێدەچێت هزرو بیری کەسەکە درووستی کردبێت وە دواجار لەگەڵ پرۆسەی گێڕانەوەدا دەگێڕدرێتەوە ، بێگومان گێڕانەوەش بە جێناوی کەسی قسەکەری (من) دەگێڕدرێتەوە ، هەروەها (( ئەم هونەرەش بە مەبەستی خستنەڕووی دیوی ناوەوەی کەسانی چیرۆکەکە ، واتە دیوی نەستی — لاشعور — ی کەسەکە بەکاردێت . )) [2]

نەك وەك ئەوەی کەلەژیانی واقیعدا هەیە کە پەیوەندی هەیە بە هەست (ئاگایی ) مرۆڤەوە ، جا بەو هۆیە ئەو شێوازە تازەیەی کە بۆ گفتوگۆی ناوەکی هاتەکایەوە کە (تەوژمی هۆش ) ((کە بەشە ئاگاییەکە لە عەقڵ زمان بەکاردەهێنێت وە ئەو قسانە بەکار دەهێنێت وەکو هۆکارێك کەکاریگەری هەبێت لە گەڵ ژیان و واقیعدا . لە کاتێکدا کە نائاگایی (اللاوعی ) مامەڵە لەگەڵ وێنەو هێماکان دەکات . نووسەرانی تەوژمی هۆش پەنادەبەنەبەر ئەو هێمایانە " کە زمانی نین" وەکو بەڵگەیەکە کە دەسوڕێتەوە لە نا ئاگایی دا ... لە ناودارترین نووسەرانی کە بەستراونەتەوە بە قوتابخانەی (تیار الوعی)( جیمس جویس ، ولیم فولکنر ، فرجینیا ولف )ن . )) [3]

چونکە هەموو ئەوانەی پەیڕەوی لەو تەوژمە دەکەن و بۆ کاری چیرۆکی سودی لێوەردەگرن ئەوە هێندە قووڵ دەبنەوە لە ناوەوە و خود هێندەش دووردەکەونەوە لە واقیع و ژیان و بەدوای وێنە هێماییەکان دەگەڕێن کەلەواقیع دا بە ئاسانی دەورووبەر و کۆمەڵگا بۆ تاکێك درکی پێناکات .

**مۆنۆلۆگ لەلایەنی دەنگەوە ، دابەش دەبێت بۆ :**

١- مۆنۆلۆگی بێ دەنگ .

٢- مۆنۆلۆگی دەنگدار (بەدەنگ) .

---

١- دە روازە یە ك بۆ ڕەخنەی ئە دە بی نوێی کوردی ، د.هیمداد حوسین ، ل ٢١٢

٢- چیرۆکی نوێی کوردی ، حسن جاف ، مکتبة الوطنیة ، ١٩٨٥، ل ٨٧

٣- النقد التطبیقي التحلیلي ، د.عدنان خالد عبدالله ، ص ٧٣

، چونکه مۆنۆلۆگ وەك خۆ دواندنێك کە تاك لە گەڵ خۆی دئاخڤیێ ئەوە لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوانەن و ئەو ڕووداوانەی کە لە هزری دا هەن دروست دەبێت و دواجار دەگوترێت جا ئیتر گوتنەکە یان بە تەواوی لە ناخی تاك دەردەبڕێت و بە بێدەنگییە بێ ئەوەی کەس گوێ لێبێت ، یاخود گوتنەکە بە دەنگەوە دەبێت ، ئیتر گوێگری لێبێت یان لێی نەبێت ئەوە گرنگ نییە ، بەو هۆیە (( ژ سەخلەتێن ڤێ تەکنیکێ مەرج نینە د چیرۆکیدا کو ئەو کەسێ دگەل خۆدا ئاخڤیت بێ بتنێ بیت ئان کو دبیت چەند کەسێت دی ل نك وی هەبن دەمێ دگەل خۆ دئاخڤیت ، چونکی ئاخڤتنەکا بێدەنگە ژ هزرا وی کەسی دەرناکەڤیت .))[1] ، بە نموونە کارەکتەری کورتە چیرۆکی (سەعەت) ، کە لە دەمی گێڕەرەوە دەیبیستین ، کە کارەکتەر چۆن لەو شوێنەی لێی دانیشتووە لە هزری خۆیدا بیردەکاتەوە بەبێ ئەوەی کەس گوێی لە ڕاز و ئاخاوتنەکانی بێت ، ئەوەش بەو شێوەیەیە کە (( ئەو هەر ژ سوحبەتا دیوانێ بێ هش و بار بوو هەر چاڤێ وی ل وێ سەعەتێ یە ئۆ بەراوردێ دگەل یا مالا خۆ دکەت ، کۆ وەك بابێ وی دبێژیت ئەڤە سێ پشتە بۆ مە مای کۆ دێ سەد سویندا خۆی هەر ئەو سەعەتە نە کێم نە زێدە هەر چنگ و دەنگێ وێ یە هەر چ نەما بێژیت ئەڤ سەعەتا مە کێ هینا یە ڤێرێ ؟! ))[2] ل٣٦

واتە تاك نە بەستراوەتەوە بە لایەنی دەورووبەرەوە ، بەڵكو تەنیاییەکە پەیوەندی بەناخ و دەروونییەوە هەیە و لەوکاتەدا کە کارەکتەر هەڵدەستێت بە مۆنۆلۆگ کردن لە گەڵ خۆیدا ، ئیدی هەستی هەستکردن بە دەورووبەروو واقیعەوەی نامێنێت و دەچێتە نێو بیرکردنەوەکانی ، ئازارەکانی ، چارەسەری کێشەکانی ، ...هتد ئەم ئاخاوتنەش لەگەڵ خودی خۆیدا دەبێتە دوو بەش ، کە ئەوەش جۆرەکانی مۆنۆلۆگە .

## جۆرەکانی مۆنۆلۆگ :

(( رەنگێ ئێکێ : مۆنۆلۆگا ڕاستەخۆ: ئەوە یا کو بێ مایتێکرنا نڤیسەری دهێتن گوتن.. چو گوهدار نینن ئانکو کەسێ دگەل خۆ دئاخڤیت ڤێ ئاخڤتنێ ئاراستەی خواندەڤانی ناکەت ، ب کورتی مۆنۆلۆگ ب شێوەکی نە ڕێك و پێك دهێتە پێشکێشکرن .

رەنگێ دوێ :مۆنۆلۆگا نەڕاستەخۆ: ئەوە یا نڤیسەرەکێ شارەزا تشتەکی پێشکێشی مە بکەت ژهەستێ کەسەکی چیرۆك نڤێس مایێ خۆ دڤێ ئاخڤتنێ دکەت و وەکی هاریکارەك دکەڤیتە دناڤبەرا کەسێ چیرۆکێ وخواندەڤانی دا .))[3]

**لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا :** لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا کارەکتەر لەگەڵ ناخی خۆی دەدوێت و ئێمەی خوێنەریش بەبێ هیچ ڕێگری و بەبەستێك هەموو شتێکی ئاشکرا و پەنهان دەبیستین ، و تەنانەت کارەکتەر لەو باوەڕەدا نییە کەسێك کە خوێنەرە هەموو نهێنییەکانی بزانێت ، کە لەم نموونانەدا دەردەکەون ، لەوانە لە کورتە چیرۆکی ( دوانامەی قەیرەیی ) دا لەو کاتەی ئیدی کارەکتەر هەست بە تاوان دەکات بەرامبەر بەو کەسەی هاوڕێ و خوشك بوو بۆ ئەو ، هەربۆیە لە

---

١ - بیاڤێ خواندنێ ، جلال مصطفی ، ل ٦٦

٢- سەعەت ، کۆمەڵە چیرۆکی (پێکۆلەك بو دانانا پانۆرامایەکێ بۆ جارا رۆژ غەیری) ، انور محمد طاهر ، ل ٣٦

٣- بیاڤێ خواندنێ ، جلال مصطفی ، ل ٦٦- ٦٧

نامەیەكدا بە مۆنۆلۆگی ناخی خۆی دەست پێدەكات (( نەكەی و ئەیرۆكانی دایكم لە هەموو كورێك پەشیمانیان كردمەوە و دواجار تووشی ئەم بێوەری بوونە پرسوێیەشیان كردم و سەرەنجام لە خۆم پەشیمان بوومەوە .)) [1] ، لە كورتە چیرۆكی (بەیازی گولفرۆشێك)یشدا كارەكتەر ڕاستەوخۆ لەو دۆخەی كە تێیدایەتی مۆنۆلۆگ لەگەڵ ناخ و بێزاری خۆیدا دەكات و دەڵێت : ((هاوین بێت یان زستان ...گەرما بێ یان سەرما ... هەتاو بێ ، پادشای زەوی و ئاسمان ... یان بەفر بێت دیاری خواكان ، بۆ من هیچ ناگۆڕێت . من هەر منم ... لەسەر كورسییەكی بێ ڕەنگ دامدەنیشێنن... لە بەیانی زووەوە تاكو ئێوارەی درەنگ ...)) وە جارێكی دیكەش كارەكتەر ڕاستەوخۆ باسی باری دەروونی خۆی دەكات بە ڕێگەی مۆنۆلۆگ كە باس لە ڕابردووی ژیانییەتی (( هیچ بۆنێك ناكەم ... دەڵێ ی لووتم بۆ هەمیشە گیراوە ...بەقووڕەسوورە سواخ دراوە . تەنها بۆنێك كە لووتی من پێ ی ئاشنایە ، بۆنی خوێنە . )) [2] ، وە هەروەها لە كورتە چیرۆكی (شەوێك)دا كارەكتەر كە قسەی نێو ناخی خۆی بەیان دەكات كە بە شێوەی مۆنۆلۆگە و زیاتر پەیوەندی هەیە بە دۆخی ئەو دایكەی كچەكەی لە زیندانە و لە دیدەنی هاتووەتەوە و دەڵێت : (( [دەك خوا بیبڕێ ئەم عومر و ژیانەی من بەسەری ئەبەم ؟ ئەم ڕێگا كاول بووە ، هەر نابڕێتەوە . چوار سەعات ئەمسەر و چوار سەعات ئەوسەر ... ئەویش بەم هاوینە . ] )) ، هەرچەندە مۆنۆلۆگ ڕاستەوخۆیە ، بەڵام لە دوای ئەوە گێڕەرەوە دەیەوێت دەستێوەردان بكات كە ئەو مۆنۆلۆگەكەی بۆ گواستووینەتەوە ، بەوەی لەدوای مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆی كارەكتەر ، پاشان هاتووە دەڵێت (( ئەوە ئەو خوتە و بۆڵەیە بوو ، كە هەر پانزە ڕۆژ جارێك ئەندامانی خێزانەكە ، بە زیادەوە ، یان بە كەنەوە لە دایكیان ئەبیست و هیچیان نە ئەوت. ))[3]، هەروەها لە كورتە چیرۆكی (كۆچ)دا كارەكتەر زۆر بە ڕاشكاوی مۆنۆلۆگی نێو ناخی خۆیمان بۆ دەگوێزێتەوە و باسی ئەو شەرم و بێ دەسەڵاتییەی خۆیمان بۆ دەكات كە ناتوانێت بە كچێك بڵێت خۆشم دەوێیت ، بەم شێوەیە كارەكتەر لە خۆی دەدوێت : (( چەند ڕۆژێك بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی ، لەبەر خۆمەوە زۆر سەركۆنەی خۆمم كرد ، گلەییم لە خۆم كرد :( زۆر نەنگە .. شورەیی یە ، دوو قسەت لەسەر تەلەفۆنیش پێناكرێ، ئەی باشە چۆن باسی ئەو مەسەلانە دەكەی! ). )) [4] ، لە دەستپێكی یەكەمی كورتە چیرۆكی (كاتم نیە بۆ شێتی ) ، كارەكتەر بەوە دەست پێدەكات كە بە شێوەیەك هەست دەكەین تەنیا لەگەڵ خۆی دەدوێت ، واتە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناخی خۆی مۆنۆلۆگ دەكات ، بەوەی دەڵێت:(( "شێتی كاتی زۆر ئەوێ منیش كاتم نیە جێگەی شێتی تیابیبێتەوە ناچار بە قفڵی عەقڵ دەرگای لەسەر دائەخەم ، نەبا وەك ڕەشەبا ، وەك لافاو ، بڕژێتە ناو كاتە بێ كاتەكەمەوە و بیكاتە هەرا ." )) [5] كە ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە زیاتر پەیوەستە بە باری دەروونی تاكەكەسەوە بە تایبەت لەو كاتانەی بە تەنیایە مرۆڤ بۆی هەڵدەكەوێت لەو جۆرە مۆنۆلۆگە لەگەڵ خۆیدا بكات . ، هەروەها كورتە چیرۆكی (پەیژە) ش بەهەمان شێوە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆی تێدا بەكارهاتووە بەئاشكرا كردنی لەلایەن كارەكتەر خۆیەوە

---

١- دوانامەی قەیرەیی ، فایەق ڕەحیم محەمەد ، ل ٦

٢- بەیازی گولفرۆشێك ، كۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گولفرۆشێك) ، ئارام كاكەی فەلاح ، ل ٦١-٦٢

٣- شەوێك ، پەپوولەكانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد ، ل ٢٦

٤- كۆچ ، هێرش ڕەسوڵ ، ل ٦

٥- كاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان ، ل ١٤٨

، ئەمە لە کاتێکدا لەگەڵ ناوەوەی خۆی لە ئاخاوتندا دەبێت دەڵێت (( پرسیارێك لە مێشکم بروسکەی دا .. منیش یەکسەر ئاراستەی کەسەوەی ناوەوەم کرد .
- تۆ بڵێی بتوانێ هەرەشەکەی بخاتە چوارچێوەی کردارەوە ؟ ))[1]

**لە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا** : لێرەدا لەو کاتەی کارەکتەر لەگەڵ ناخی خۆیاندا دەئاخڤێت وە یاخود جاری وا هەیە کارەکتەر لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە ململانێ ، جا هەرچەندە ئەمە پەیوەندی بە ناخ و دەروونی تاکەوە هەیە ، کەچی گێڕەرەوە ئەوەمان پێدەڵێت ، بە نموونە هەروەك لە (زەلامەك ژ رۆژگارەك دی)دا کارەکتەر هەوڵ دەدات لەو بیرکردنەوانەی لە ڕابردوودا هەیبووە ،کە وەك خەوێك وایە لێی دەرباز بێت ، کە گێڕەرەوە ئەوە بە کارەکتەر دەڵێت : (( سەرێ خوە هەژاند ، هەروەکو ژ خەوەکا کوور هشیار بووی ، پێ حەسیا کو هەمو ژیێ خوە ب سەر راستی یا ژیانێ هەلنەبیوو و دهاتە سەردابرن و بێ شاش بوو دەمێ ل وان دبوری ئەوێن خەفك درێ یا وی دا ڤەددان دا لێ بهنگڤیت و ژ رێ یا وان رابیت . ))[2] ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (تارماییەکان)دا دەبینین گێڕەرەوە دەستوەردەداتە پرۆسەی مۆنۆلۆگی ناخی کارەکتەر و ئاگاداری هەموو شتێکە و لە باسی (هادی)دا پێمان دەڵێت (( هەرچی دەکرد نەیدەتوانی تاوانەکانی خۆی وەشێرێ ... جاروبارێ دەیگوت : بە ئەمر کردوومە و ئەمە گوناهی منی تێدا نی یە!! نا نا هەمووی تاوانی خۆمە چۆن دەکرێت خەڵکێکی بێ گوناه لەسەر ئاو و خاکی خۆیان بەبێ هۆ بە دەستی ئێمە بکوژرێن !! ))[3] ، ئەمە لە کاتێکدایە هادی تەنیا لەگەڵ خۆی دەدوێت . هەروەها لە کورتە چیرۆکی (پوستە) دا هاتووە ، لەو کاتەی کاروان لە ڕۆژێکی سەرما و بەفردا لە ماڵ دێتە دەرەوە (مام ئویسف) دەبێتە شتێك لە مێشکیدا و پرسیار لە دوای پرسیار لە خۆی دەکات لە ناخی خۆیدا ، کە لە زاری گێڕەرەوەی هەموو شتزتنەوە ئەوە دەبیستین (( هندەك پسیاران دەرگەهێ مێژکێ مامێ ئویسف قوتا و بوونە مێهڤان :
- ئەڤ مرۆڤە دێ ڤێ سحارێ کویڤە چیت هوسایێ راپێچایی؟!.
- دێ چیتە سەرا دەرێێن خو ، ئەوێ ل بەر کەوان ڤەداین ؟! ما چ توڤ دەرینە بەفرا شڤێدی بەرزە نەکرین ؟!.
- یان دێ چیتە سەرا جەلکێن خو ئەوێن ل ناڤ گورستانا گوندی ڤەداین ؟!. ))[4] هەروەها کورتە چیرۆکی (سەمفۆنیای شارێکی کپ) تێیدا گێڕەرەوە دەچێتە ناخی کارەکتەر وە لەو کاتەی کارەکتەر لەگەڵ خۆی دەدوێت گێڕەرەوەبە وردی هەموویمان بۆ دەگێڕێتەوە (( لەبەر خۆتەوە گوتت : - (مرۆڤ بۆ پەیدا کردنی پاروەنانێك بۆ دەبێت هەمیشە وەکو ئامێر لەکاردابێت؟)
- ( نا نا هەرگیز مرۆڤ ئامێر نیە)

---

١- پەیژە ، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی ، ل ٩٦
٢- زەلامەك ژ رۆژگارەك دی ، عصمت محمد بدل ، ل ١٠٢
٣- تارماییەکان ، ئەحمەد عارف ، ل ٦
٤- پوستە ، جمیل محمد شێلازی ، لە کۆمەڵە چیرۆکی (پوستە) دا ، ل ٣٩

- ( خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی ئەرکی سەرەکی مرۆڤە )
- ( بەڵام ئەمرۆ مرۆڤایەتی وونە ) ))[1] ، وە لە کورتە چیرۆکی (ژووری میوان)یشدا ، گێڕەرەوە دیمەنی ئەو کاتەمان نیشان دەدات کە پێش ئەوەی منداڵەکە خەو ببیاتەوە و چی گووتووە ، گێڕەرەوەش بەم شێوەیە بۆمان باس دەکات :
(( پێش ئەوەی خەو ببیاتەوە سۆفی کەریمی بیرکەوتەوە .
خاوەنی چوار منالّی وردە . شەرمەزاری دای گرت . دەستی بەرزکردەوە وەکو بیەوێ سوێند بخوا بە ورتەوە وتی :
- خوایە هەر ئەمجارە هیچی لیّ نەیەت ئیتر تۆبە! کە ئەمەی وت وێنەی دەم و لووتی حەمە سەعی هاتەوە بەرچاو .
- چاوێکیشت لەو بیّ من نەبوومایە بریندار نە ئەبوو . ))[2] ، هەروەها لە کورتە چیرۆکی (سەماکەرەکان) گێڕەرەوە لە باسی کارەکتەردا کە چۆن بیری لەو دیمەنانە کردووەتەوە کە پێشتر بینیویەتی و شتێکی نامۆ بووە بەلایەوە و دەڵێت: (( هەرچەند زیاتر ورد دەبۆوە ئەوەندەی تر کێشەکەی لەبەر چاو دەشێوا و ئالۆزتر دەبوو ( تۆ بڵێ ی ئەمانە بەو بەزمە قایل بن ؟ ! خۆیان کۆیلەن و بە زۆر سەمای سەربەستیان پیّ دەکەن ! .. لەپەڕی داماویی دان و سەمای بەختەوەری دەکەن !.. ژەهری ماریان دەرخوارد دەدەن و سەمای ستایشیان پیّ دەکەن .) ))[3] ، لە کورتە چیرۆکی (وێران کردن)دا گێڕەرەوە لە ناخی کارەکتەری پیرەوە مۆنۆلۆگی ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت : (( پیرەمێردەکە کەوتە نێو دەریای بیرکردنەوەی خۆی ..
- ئۆخەی کوڕەکانم ، خۆ ئێوە تووش نەبوون لە قسەم دەرنەچوون و .. ئۆخەی خۆ چوونە ریزی پێشمەرگەوە .. چوون بەرگری لە بوونی خۆتان بکەن.. چوون گوللە بە فاشستەکانەوە وەنێن. ئۆغرتان خێر بێت .. سەرکەوتووبن ...))[4] هەروەها لە کورتە چیرۆکی ( خۆتافیرکرن ) دا گێڕەرەوە پێمان ڕادەگەیەنێت ، کە چۆن کارەکتەری پیاو کوژ و دز و جەردە لە دواساتەکانی تەمەنی و ڕۆیشتن بەرەو ماڵی خوا بۆ خودی خۆی دەڵێت : (( ئەڤ پەڕانە دەسپێکا خوە تافیرکرنێنە .))[5] کە ئیدی دەیەوێت خۆی لە هەموو تاوانەکانی ڕابردوو پاك بکاتەوە .

جا لە جۆری یەکەم دا مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ گێڕەرەوە هیچ دەست تێوەردانێك ناکات ، بەڵکو کارەکتەر بەتەنیا خۆی مۆنۆلۆگ لەگەڵ ناخی خۆی دەکات ، بەڵام لە جۆری دووەم مۆنۆلۆگی ناڕاستەخۆ کارەکتەر ڕاستەخۆ مۆنۆلۆگ ئەنجام نادات بەڵکو گێڕەرەوە پێمان ڕادەگەیێنێت کە کارەکتەری نێو چیرۆك لە چ باروودوخێك دایە وە بە چەندان دەستەواژە کە گێڕەرەوە بەکاری دەهێنێت مۆنۆلۆگەکەمان بۆ دەگوێزێتەوە لەوانەش (لە بەرخۆیە وە گوتی ، بیری کردەوەو دوا جار بریاری خویدا کە .... ،... هتد ) ، هەروەها خۆدواندن کە لەژێر مۆنۆلۆگ دا جیّ دەکرێتەوە ئەوە جۆرێکیانە کە کەسێتی لە گەڵ ناخی خۆی دەدوێت ، بەڵام جۆرێکی دیکە لە مۆنۆلۆگ خۆدواندنی تێدا نیە هەر تەنیا بیرکردنەوەی تاك خۆیەتی ، واتە پرس و ڕاوێژ کردن و پرسیار لە خۆشی ناکات ، بەڵکو ئەوە تایبەتە بە جۆری یەکەم .

---

١- سەمفۆنیای شارێکی کپ ، ١٩٩٣ نووسراوە ، صەمەد ئەحمەد ، ل ٦
٢- ژووری میوان ، کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د. کاوس قەفتان ، ل ١٠١
٣- سەماکەرەکان ، حسام حەکیم ، ل ١٥
٤- وێران کردن ، صدرالدین خۆشناو ، ل ١١٤
٥- خۆتافیرکرن ، فاضل عمر، ل ٩٥

## شێوەکانی مۆنۆلۆگ:

دوو شێوە مۆنۆلۆگ لە کورتە چیرۆك بە دی دەکرێت ، کە ئەمانەن :

١- مۆنۆلۆگی تاك : ئەم شێوە مۆنۆلۆگە ئەوەیە کە کارەکتەرێك لە ناخی خۆیدا هەر بە تەنیا بیردەکاتەوە ، وە یان ئەوەتا لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و پرس و ڕاوێژ دەکات بە بێ دەستێوەردانی کەس ، وە بەبێ ئەوەی کارەکتەر بگاتە حاڵەتێك کە کەسانێکی دیکەش لە هەمانکاتدا وەك ئەو بیربکەنەوە و وەك ئەو بڵێن ، واتە کارەکتەر تەنیایە لە بیرکردنەوەیدا ، بە گشتی لە نێو کورتە چیرۆکەکاندا مۆنۆلۆگی تاك بەکارهاتوون وەك کورتە چیرۆکەکانی (کاتم نیە بۆ شێتی ، سەمفۆنیای شارێکی کپ ، کۆچ ، ....)

٢- مۆنۆلۆگی بە کۆمەڵ : ئەم شێوەیەی دیکە لە مۆنۆلۆگ ئەوەیە کە چەندین کارەکتەر لە ناخی خۆیاندا دەربارەی شتێك مۆنۆلۆگ دەکەن و پرس و ڕاوێژ لە بیر و هزری هەر یەکێکیاندا دروست دەبێت . دەکرێت بڵێین لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ئەم شێوەیە بەدی نەکراوە ، وە دەکرێت بڵێین ئەم شێوازەی مۆنۆلۆگی بە کۆمەڵ لە چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆزدا هاتووە بۆ گەیاندنی ناوەڕۆك و تێمی بابەتەکان ، کە تەواوی دەروون و بیری چەندین کەس نیشان دەدات بەبێ ئەوەی هەر تاکێك لەوانە ئاگاداری دەروونی ئەوی دیکە بێت ، کە هەر یەك لە هەراسانی و بێدەسەڵاتی خۆی لە ناخیدا نارەزاییەك دەردەبرێت ، وەك لە سورەتی القلم ، رقمها ٦٨ ، ص ٥٦٤ دا هاتووە (( ( فلما رأوها قالوا إنا لضالون ) واتە کاتێك گەیشتنە باخە وێرانەکە و بینیان وتیان : بێگومان ئێمە ون بووین و ڕێمان هەڵە کردووە ... ))[١]

**٤- مۆنتاژ :-** مۆنتاژ یەکێکی دیکەیە لەو تەکنیکانەی چیرۆکنووس پشتی پێدەبەستێت ، لە یەکخستن و ڕێکخستنی ڕووداو و کات و شوێنی چیرۆکەکەی کە تێیدا پێویستی بەوە دەبێت بۆ ئەوەی بزانێت کارەکتەری چیرۆکەکەی چۆن هەڵدەسوڕێنێت و گوتە و کردارەکانی چین ؟! هەموو ئەمانەش کە یەکەیەکی تەواو لە چڕی وداڕشتن بە کورتە چیرۆکەکە بدات و ئاگاداری کاتی چیرۆك و کاتی ڕووداوی چیرۆکەکەشی بێت ، هەروەك دەزانین کە ڕەگەزە ئەدەبییەکان بۆ جوان نیشاندان و بەرزی بەرهەمە ئەدەبییەکە زۆر جار پشت بەڕەگەزەکانی دیکەش دەبەستن ، لە ناو ئەوانەشدا چیرۆك بەگشتی و کورتە چیرۆك بەتایبەتی هەروەك چۆن دەکرێت سوودمەند بێت بۆ ڕازاندنەوەو جوانی دەق هەندێکجار پشت بە هونەری شیعر دەبەستێت و شعرییەت دەدات بە بەرهەمەکەی ، ئاواش چیرۆك سوودی لە هونەری (سینەما)یش وەرگرتووە لە لایەنی مۆنتاژەوە ، کە ئەمە وا دەکات چیرۆکنووس بیرو خەیاڵی کۆبکاتەوە و بیان بەستێت بە یەکەوە و ڤالاهی نەکەوێتە نێو ڕووداو و داڕشتنی چیرۆکەکە ، نووسەری کورتە چیرۆك لەم ڕێیەوە لە درێژدادڕی ڕزگاری دەبێت بەتایبەت لە کاتی دیالۆگ کردنی کەسانی نێو چیرۆك یاخود لە کاتی مۆنۆلۆگ کردنی کارەکتەر لە گەڵ خودی خۆیدا ، لێرەدا تەکنیکی (مۆنتاژ) سنور بۆ درێژدادڕییەکە دادەنێت و لە هەوڵی کورت کردنەوەدا دەبێت .

بە گشتی مۆنتاژ پەیوەندی لە نێوان کات و شوێن ڕێك دەخات بۆ ڕووداوی نێو چیرۆکێك ، بەمەش مۆنتاژ بریتییە

---

١- تەفسیری ئاسان ، نووسینی : بورهان محمد امین ، نوبت چاپ : ششم

لەو ((کۆمەڵە هۆیانەی بەکاردێن بۆ روون کردنەوەی تێکچڕانی بیروڕاکان و پێکداهاتنیان . وەك بەدوایەکداهاتنێکی خێرای وێنەکان یان وێنە خستنە سەر وێنە ، یان دانانی وێنەیەك لە دەوری وێنەیەکی ناوەندی دا بەمەرجێ لە هەمان ڕەگەزی وێنە ناوەندیەکەبێت .)) [1]

واتە ئەگەر چەند مۆتیڤێك بە دی کران ئەوە بەشێوەیەك بێت کە مۆتیڤە جیاوازەکان لە پێناو خزمەتکردن بە بیرۆکەی سەرەکی هاتبێتنە نێو کورتە چیرۆکەکە ، کە (تێم) ی کارەکەیە ئەو کات مۆنتاژ تەنیا لە هەوڵی ڕێکخستنیاندا دەبێت و وێنە ڕووداوییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ڕێکیان دەخات .

## جۆرەکانی مۆنتاژ :

((١- مۆنتاجی کات : کە تیایدا هۆشی مرۆڤ دەبزوێ لە زەماندا لەکاتێکدا خۆی هەر لەجێ ی خۆیایەتی واتە( دانانی وێنە و بیروڕاکانی کاتێکی تایبەتی لەسەر وێنە و بیروڕاکانی کاتێکی دیکە .

٢- مۆنتاجی **شوێن :** یاخود مۆنتاجی جێ یە کە تیایدا کات نابزوێ بەڵکو شوێن دەگۆڕێ ، لەم چەشنەدا ( مەرج نیە هۆش – وعی – پێشکەش بکرێ.)) [2]

لێرەدا بۆ هەردوو جۆرەکەی مۆنتاژ هەوڵدەدەین لە چەند نموونەیەکدا بیانخەینەڕوو ، بە نموونە لە کورتە چیرۆکی (دارشەق)[3] دا لە تەواوی چیرۆکەکەدا مۆنتاژی شوێنی تێدا بەکارهێنراوە ، وێنەکانی ڕێکخراوە کە ئەمەش لەوەدا دەبینین بەردەوام شوێن دەگۆڕێت ، لە قوتابخانەوە ، پاشان گەڕان بە دوای ماڵی خۆیان ، دواتر گەڕان لە کوچە و کۆڵان و چوونە نێو شەقام دەرەوەی شار و دواتر لە ئاوڕدانەوە لە ژیانی ڕابردوو بە فلاشباك دەچێتەوە بۆ حەوشەی ماڵی خۆیان ، واتە کارەکتەر لەیەك شوێندا نەوەستاوە وە لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە بوونی کات ناکرێت و وا هەست دەکەین کات وەستاوە وە ڕووداوەکانیش هێندەی لە شوێندا ڕوودەدەن ، ئەوەندە پەیوەندییان نییە بە کاتی ڕووداو و کاتی چیرۆکەکە .

هەروەها لە کورتە چیرۆکی (پەیژە) [4] دا مۆنتاژی (کات)ی تێدا بەکارهاتووە ، کە هەموو ڕووداوەکان لە پەرەگرافی یەکەمدا تەنیا لەیەك شوێن ڕوودەدەن ، کە بە پێی کاتی ڕووداوەکە کاتی خەوتنە و کۆتایی شەوە و دەستپێکی ڕۆژە وە شوێنەکەش ماڵە ، هەربۆیە لێرەدا تەنیا کاتی ڕووداو هزر دەبزوێ و ڕووداوی دیکە ڕوودەدەن لە ڕێی هزری کارەکتەرەوە ، بەڵام هەر لە هەمان شوێنی خۆیدایە و تەنانەت هەر لە ڕێی هزر و خەیاڵەوە دەچێتە داهاتوو کە بۆ بەیانییەکەی زوو بچێتە لای(حاجی) برای ،بەڵام دواتر هەر بەڕێی سوود وەرگرتن لە هونەری سینەما کە چۆن مۆنتاژی

---

١ - چیرۆکی نوێی کوردی ، حسن جاف ، ل١٠٧

٢ - سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٧

٣- دارشەق ، یاسین عومەر .

٤- پەیژە ، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی .

- کات بەکارهاتبوو ، چیرۆکنووس هەوڵی داوە مۆنتاژی شوێنیش بەکاربهێنێت لە پەرەگرافی دووەمدا ، بەڵام بە تەکنیکێکی باش بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکرێت کە کارەکتەر شوێنی گۆڕیوە ، ئەوەش لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چووەتە لای حاجی برای ، کە کاتێك حاجی چاوی بە کارەکتەر کەوتووە و بە گلەییەوە پێی گووتووە : (( - باش بوو هاتی ))ل٩٧ ، وە شێوەیەکی تەوس ئامێزیشی پێوە دیارە ، ئەمەش زیرەکی چیرۆکنووس نیشان دەدات ، کە بەبێ ئەوەی ئاگاداری ڕۆیشتنی کارەکتەر بین لەلای حاجی دەیبینینەوە .

هەروەها لە کورتە چیرۆکی (خۆتافیرکرن)[1] دا مۆنتاژی کاتی تێدا بەکارهێنراوە کە کەسێك مێشکی کەسێکی بەرامبەری دەخوێنێتەوە بەوەی چۆن بیر لە ڕابردوو دەکاتەوە و لە ڕابردوودا ئەو وێنانە دەهێنێتەوە پێش چاوی خۆی کە چۆن تالانی خەڵکی کردووە و دەستدرێژی کردووەتە سەر نامووسی خەڵکی و خەڵکی کوشتووە ، ئەوەش لەو کاتەیە کە هۆشی دەبزوێت ، بەبێ ئەوەی شوێن گۆڕانکاری بەسەر بێت کە لە نێو ئۆتۆمبێلێکدا ڕووداوەکان لە نێو هۆشدا ڕوودەدات و دەگێڕدرێتەوە

لە کورتە چیرۆکی (کاتم نیە بۆ شێتی) [2] دا دەبینین لەو کاتەی کە هەر لەسەرەتاوە کارەکتەر بەهۆی نا ئارامی باری دەروونییەوە ، کە لە ماڵەکەدا نازانێت بچێتە کامە ژوور و دواتر لە ژوورێك دەمێنێتەوە و تەواوی ڕووداوە دەروونییەکانی نێو ناخی لەوێوە بەیان دەکات ، بە بیرکردنەوە لە ئێستای ژیانی و دواتر گەڕانەوە بۆ ژیانی ڕابردووی لەگەڵ نەنکی و یاریکردن لە حەوشەی ماڵی نەنکی و پاشان بیرکردنەوە لە داهاتووو وە بیرکردنەوە لەوەی کە گەورەبوون بە دەستی مرۆڤ خۆی بووایە ، هەموو ئەوانە مۆنتاژی کات نیشان دەدەن کە هۆش و بیرکردنەوەی کارەکتەر دەجوڵێت لە کاتدا و هەر لەهەمان شوێنی خۆیدایەتی و ، دەبینین وێنەکان یەك بەدوای یەکدا دێن بەشێوەیەکی خێرا ، وە کاتی چیرۆکیش کاتێکی دەروونییە .

هەروەها لە کورتە چیرۆکی (وەلاتێ نێرگزا) [3] زیاتر سوود لە مۆنتاژی شوێن وەرگیراوە کە سەرەتا چیاڤان لە ماڵەوە بووە و پاشان چووەتە دەرەوە و دواتر لەسەر بەرزاییەکەوە سەیری ماڵی خۆیان دەکات و پاشان دەچێتە نزیکی جادەیەك لەلای دۆڵێکەوە ، وە بە نیازە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بۆ ڕۆژی دواتر بچنە گوندی براێ دواتر دەچێتە جادەکە ، واتە هەست بە جووڵەی کات ناکەین و تەنیا شوێن بەبەردەوامی و بەشێوەیەکی یەك بە دوا یەکی ڕووداوەکان لە گۆڕان و بزووتندایە و وێنە لەسەر وێنە لە ڕووداوەکاندا دەبینین . وە لە کورتە چیرۆکی (زەلامەك ژ ڕۆژگارەك دی)[4] دا هەر لەو کاتەی گێڕەرەوە باسی کارەکتەرمان بۆ دەکات کە چۆن ژیانی گەنجی لەپێناو خزمەتکردن و دڵسۆزی بۆ ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکات هەتا ئەو ڕۆژەی کە چۆن فەرمانی لابردنی هاتووە و وە هەموو ئەو کاتانەش کە کارەکتەر بیری لە ڕابردوو کردووەتەوە و دواتر کە خۆی ناچارە ڕازی بێت بەو دۆخەی تێی کەوتووە ، هەمووو ئەمانە مۆنتاژی کات نیشان دەدەن ، و شوێن وەك خۆی وەستاوە کە ناو فەرمانگەکەیەتی .

---

١- خۆتافیرکرن ، فاضل عمر .

٢- کاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان .

٣- وەلاتێ نێرگزا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هیڤییێن هەلاویستی ) ، اسماعیل مصطفی .

٤- زەلامەك ژ ڕۆژگارەك دی ، عصمت محمد بدل .

هەروەها لە کورتە چیرۆکی (سەعەت)[1] دا یەکێك لە کارەکتەرەکان لە شوێنێکی گشتیدا دانیشتووە و سەعاتێك دەبینێت و بە بینینی ئەم دیمەنە دیمەنێکی دیکەی دەکەوێتە سەر کە سەعاتەکەی ماڵی خۆیانی بەبیردێتەوە و ئەمە وا دەکات هەموو ئەو ئاخاوتنانەشی بێتەوە بیر کە سەبارەت بەو سەعاتەی ماڵەوەیان کراوە ، بەمەش شوێن هەروەك خۆیەتی و بەڵام کات بەشێوەیەکی ڕێکخراو وێنە و کات و شوێن کۆدەکاتەوە و بۆشایی لە کورتە چیرۆکەکەدا هەست پێناکرێت ، وە وێنە و دیمەنێکی دیکەش لە دەوری وێنە ناوەندییەکەدا هەیە ، کە لەو ساتەی باوکەکە وەستاوە لەبەرامبەر سەعاتەکەدا و تەماشای دەکات ، و دەڵێت (( ئەها سەحکێ وەختێ ئەز دبینم دیروکا درێژ دهێتە بیرا من وەك شەریتێ سینەمایێ ژ سێ پشتا هەتا نهو .))ل٣٦ کە لێرەدا دەبینین گێڕەرەوە زیاتر لە مۆنتاژی کاتدا قووڵ دەبێتەوە و هەموو شتێکی ڕابردوو بە وردەکارییەوە دەهێنێتەوە نێو بابەتەکە .

هەروەها کورتە چیرۆکی (بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من) [2] ، تێیدا مۆنتاژی کات بەکارهاتووە کە لەیەك شوێندا چەند ڕووداو و بەسەرهات دێتە یاد کە لەم ڕێیەوە هزری کارەکتەر جوڵاوە بە بینینی ماڵەکەیان و یادگارییەکانی لەگەڵ کەسە نزیکەکانی کە بە فلاشباك گەڕاوەتەوە بۆ ڕابردوو هەروەها لە ئێستای چیرۆکەکەشدا کارەکتەر بیر لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دەکاتەوە و سەرەڕای ئەوەش گێڕەرەوە هەوڵی داوە هاوسەنگی کات و شوێن بپارێزێت بەوەی مۆنتاژی شوێنیشی تێدا بەکارهێناوە لە گێڕانەوەکەیدا ، کە کارەکتەر چەندین شوێن دەگۆڕێت بەڵام هەر تەنیا لەنێو ماڵەکە و ژوورەکانیدایە لە حەوشەوە بۆ ژوورەوە و لەوێوە بۆ سەربان و هەروەها ماڵی مام ئوسمان ، کە دەبینین گێڕەرەوە یەکێك لەو دوو تەکنیکەی پشتگوێ نەخستووە و سوودی لەهەردوو جۆرەکە وەرگرتووە .

هەروەها لە کورتە چیرۆکی (پەشیمانی) [3] دا مۆنتاژی کاتی تێدا بەکارهاتووە کە وێنە لەسەر وێنە لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو خراوەتە سەر یەکتر ، بەوەی کارەکتەر لە شوێنی خۆی نابزوێ تەنیا بیر و خەیاڵە دوورەکانی لە نێو کاتدا دەجووڵێ ، بەوەی کارەکتەر هەموو ڕووداوەکانی ڕابردوو دەهێنێتە پێش چاوی خۆی کە لە نێو پرسەی هاوڕێیەکەی دانیشتووە لەچێر دەوارێکدا کە تەواوی ژیانی گەنجێتی و هاوڕێیەتی و هاوسێیەتی لەیەك شوێندا وەك دیمەنێك دێتەوە یادی .

هەروەها لە کورتە چیرۆکی (سەربازی شەترەنج) [4] دا مۆنتاژی شوێنی تێدا بەکارهێنراوە ، کە کارەکتەر شوێنەو شوێن دەکات ، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە بوون و جووڵەی کات ناکەین ، لەو شوێنانەی کە باس دەکرێت وەك شار و نێو جیهانی تایبەتی و پاشان ڕۆیشتن بەرەو تەرمیناڵ و هەروەها ناو پاس و دەروازەی شار و دوا مەنزل و هەروەها گەیشتنە ئوتێل و چایخانە و چەندین شوێنی دیکە کە لە نێو کورتە چیرۆکەکە باسکراوە ، واتە کارەکتەر بەبەردەوامی لە چیرۆکەکەدا دەجووڵێت و لە شوێکدا نامێنێتەوە هەر بۆیە کەمتر هزر و بیری لە جووڵەدایە .

---

١- سەعەت ، کۆمەڵە چیرۆکی (پێکۆڵەك بو دانانا پانۆرامایەکێ بۆ جارا رۆژ غەیری) ، انور محمد طاهر .

٢- بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من ، شعبان مزیری .

٣- پەشیمانی ، ئازاد هیدایەت دەلۆ .

٤- سەربازی شەترەنج ، محەمەد کەریم .

هەروەها لە کورتە چیرۆکی (دایکە ویز)[1] دا دەبینین زۆر بە کەمی سوود لە مۆنتاژ وەرگیراوە ، بەوەی شوێن جەخت کراوەتە سەر گوند ، وە کاتیش بەشێوەیەکی دیار هەست پێناکرێت مەگەر زۆر بە کەمی نەبێت ، کە لە دوای ئەو دەستدرێژییەی نامەردێك دەیکاتە سەر دایك و منداڵێکی ساوا دوای بەرگریکردنێکی زۆری دایکەکە و مردنی ، لەدواییدا زۆر بەخێرایی باس لەوە دەکات باوکی ساواکە هاتووە و منداڵەکەی ڕزگارکردووە و ئێستا پێشمەرگەیە و بەرگری لە خاکی نیشتمان دەکات .

هەروەها لە کورتە چیرۆکی (مینەش گۆڕا)[2] دا هەردوو مۆنتاژی کات و شوێنی تێدا بەکارهێنراوە ، بەڵام بەشێوەیەکی بەنێویەکداچوو ، ئەوەش بەوەی لەسەرەتاوە کارەکتەر لە شوێنێکی گشتیدا دانیشتووە و بیرو هزری دەچێت بۆ ڕابردوو بەمەش مۆنتاژی کات دەردەکەوێت ، بەڵام ئەوەی مۆنتاجی شوێنە تەواو دەکەوێتە نێو مۆنتاژی کاتەوە کە لەنێو هزری کارەکتەردا لە باسی نەخۆش کەوتنی مینەدا لە ماڵەوە دەچنە سەفەری کەرکوك و پاشان بە فڕۆکە دەچنە بەغدا ، وەك دەبینین کارەکتەر لەگەڵ مینەدا بۆ چەند شوێنێکی جیاواز دەچن و لە جووڵەدان و بەمەش مۆنتاژی شوێن دەردەکەوێت .

لەمەوە دەردەکەوێت بە گشتی چیرۆکنووسان سوودیان لەو تەکنیکە سینەماییە بینیوە ، چ مۆنتاژی کات بێت وە یاخود مۆنتاژی شوێن بێت ، بەڵام هەندێکیان بەشێوەیەکی زۆر بەرچا و هەندێکی دیکەشیان بەشێوەیەکی کەم جا بەهەر هۆیەك بێت ، وە یاخود لەوانەیە شارەزا یان ئاگاداری ئەو هونەرە نەبوون لە کاری چیرۆکیدا .

---

١- دایکە ویز ، جەمال نوری .

٢- مینەش گۆڕا ، کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د.کاوس قەفتان .

**پاری دووهەم / (تێم) لە کورتە چیرۆکی کوردی قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕین(١٩٩١-٢٠٠٠)لەڕووی ناوەڕۆکەوە :**

ئاشکرایە (تێم) لە ئەدەبی جیهانی و لە ئەدەبی کوردیشدا ، جۆراوجۆرە و تەنیا لایەنێکی ژیان و بارودۆخی مرۆڤەکانی نەگرتووەتەوە ، بەڵکو تەواوی هەموو شتێك دەگرێتەوە و دەیخاتە بەرباس وە چووەتە نێو چیرۆك و ڕۆمانی سەردەمەکانەوە ، لەگەڵ ئەوەی (تێم)ەکان لە هەموو جیهاندا هەر هەمان (تێم)ن و سنووردارن ؛ بەڵام بە بەکارهێنانی شێوازی نوێ و جیاوازی نووسەران و هەروەها گرنگیدان بە لایەنە ئیستاتیکییەکە و ڕازاندنەوەی وشە و هەوڵدان بۆ تیشك خستنەسەر (دال) و (مدلول)ەکان وای کردووە تێمەکان چەندایەتی و چۆنایەتی لەخۆ بگرن ، هەروەك چۆن (تێم) هۆکارە بۆ دەرخستنی ئەو لایەنانە، بەو پێیە بێت(تێم) کاریگەری هەیەو کارتێکراویشە لەجۆراو جۆرێتییەکەیدا .

ئەوەندەی کە هەیە ئەوەیە کە جۆری تێمەکان لە قۆناغ و سەردەمەکاندا جیاوازی بە خۆیانەوە دەبینن بەهۆی ئەو بارودۆخەی گوزەرانی ژیانکردنی کۆمەڵگایەك دەگرێتەوە، هەر ئەمەش دەبێت بە هۆکاری ئەوەی کار لە چیرۆکنووسان دەکات کە لە نێو کۆمەڵگە و خەڵکی کۆمەڵگەکەیانەوە بیریان دەخەنە جوڵە و تێمی بابەتەکانیانی لێ وەردەگرن ، ئەو جۆرە تێمانە یاریدەدەرێکی باشن بۆ ئەوەی قۆناغ و سەردەمی نەتەوەیەك و وڵاتێکی پێ بناسرێتەوە ، بەڵام لە چیرۆکی کوردیدا ئەمە کەمتر دەبینرێت لە چاو ئەو دیاردە و ڕووداوانەی بەسەر ئەم گەلە زوڵم لێکراوەدا هاتووە ، کەمتر توانراوە تێمە ڕاستەقینەکانی قۆناغی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بە باشی بخرێتە ڕوو لە چیرۆکەکانیاندا .

چیرۆکنووسیش لە نێو بنیات و پێکهاتەی چیرۆکەکەیدا بۆ « تێم » ، بابەت و ناوەڕۆکی جیاواز وەردەگرێت و واباشە هەرجارێك لە شێوازێکی هونەری جیادا بەرهەمەکەی پێشکەش بکات ، وە چیرۆکنووس نابێت ئەوەی لەبیر بچێت کە ئەو تەنیا لە جیهانی خودی و دەروونی ناژی ، بەڵکو پێویستە لە نێو خەڵك و مرۆڤایەتیدا بژی و هەمیشە وا بزانێت کە بەشدارە و یەکێکە لەوانەی لەنێو ڕووداو و کێشەکانی کۆمەڵگەدا دەژی و بوونی هەیە ، نابێت ئەوە لەیاد بکات کە ئەو بۆ خەڵك دەنووسێت نەوەك بە تەنیا بۆ خودی خۆی ، وە هەڵبژاردنی بابەت لەلای چیرۆکنووس دەبێت بە وریاییەوە بێت بە تایبەت بۆ کاری کورتە چیرۆك . هەڵبەتە ئەم وریایی و وردەکارییە بۆ چیرۆکنووسان بە گشتییە ، بەوەی کە دەبێت ئەو (بابەت)ە گشتییەی لە نێو کۆمەڵگە و لەنێو ژیاندا هەیە ؛ دەبێت جیاوازی هەبێت لەو بابەتانەی دەیخاتە نێو چیرۆکەکەی ، بە نموونە گەر (تێم)ێك کە لەنێو کۆمەڵگە وەربگیرێت کە بابەتی ژیانە وەك (خۆشەویستی) ، خۆشەویستی لە ژیاندا گشتییە و تێمێکی جیهانییە لە ژیاندا و لە ئەدەبیشدا ، بەڵام کاتێك چیرۆکنووسێك دێت ئەم (خۆشەویستی)یە دەکات بە بابەتی چیرۆکەکەی ؛ وا پێویستە ئەو گشتێتییەی لێبکاتەوە و لایەنێکی وەربگرێت کە ئایا ئەو خۆشەویستییە بووە بە هۆی هێنانی (خەم) یان (خۆشبەختی) هێناوە بۆ کەسەکان یان دوو خۆشەویستەکە ، یاخود هێمایە بۆ شتێکی دیکە نەوەك تەنیاخۆشەویستییەکە ، بە نموونە لە کورتە چیرۆکی (خۆشەویستی و ڕاستیەك)دا ڕاستە لەوەی دەیخوێنینەوە دوو کەس یەکتریان خۆشدەوێت ، بەڵام مەبەستی چیرۆکەکە زیاتر باس لە هەڵە نەریتییە باوەکانی کۆمەڵگەیە کە لە بەرامبەر خۆشەویستییە ڕاستەقینەکان دەوەستنەوە ، وە یان کورتە چیرۆکی (بەندەر) ئەو دوو لاوەی کە بۆ نیشتیمان خۆشەویستییەکی گەورەیان هەبوو ، بەڵام دواجار ئەوە بووە هۆکارێك کە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان ئەو بارودۆخەیان قۆستەوە ، سەرەڕای هەموو ئەمەش ئەوە هێمایە بۆ ئەو دوو حیزبە باڵا دەستەی ، کە هەموو بارودۆخێکیان بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان-

بەکارهێنا ، وە لەبەر ئەوەش کە کورتە چیرۆك بەهۆی کەمی قەبارە و ناوەڕۆکەکەی ناتوانێت بابەتێك بە گشتێتی و بە فراوانی وەربگرێت ، بەڵکو پێویستە چیرۆکنووس یەك لایەنی وەربگرێت ، وە لەلایەنی خوێنەریشەوە ، خوێنەر لە سەرەتاوە هیچ زانیارییەکی ڕاستی نییە سەبارەت بەو خۆشەویستییە . بەڵکو کە دەگاتە کۆتایی کورتە چیرۆکەکە تێدەگات چ ئامانجێك مەبەست بووە و چ ئەنجامێکی هەبووە ، یاخود ڕاستەقینە بووە یاخود نا ، هەر بۆیە لەمەوە زۆرجار بابەت و ناوەڕۆکی چیرۆکێك لە (پەیوەندی)دا دروست دەبێت بە تایبەت هەندێك چیرۆکنووس کە باس لە گیروگرفتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان ژن و مێرد ، یان دوو خۆشەویست یان دوو هاوڕێ ... دەکەن .

لە کورتە چیرۆکێکدا بۆ ئەوەی بەرهەمێکی یەکگرتوو هەبێت پێویستە خۆی لە چەند مۆتیڤی و زۆری مۆتیڤەکان بەدور بگرێت ، پێویستە یەك تێم و بابەت لەخۆ بگرێت و جۆرێکی دیاریکراو بێت ، بەڵام چیرۆکنووسان زۆربەیان لەو بایەخ پێدانە شارەزاییەکی باشیان نییە بە تایبەت لە نووسینی چیرۆکی کورتدا کە ئەمە بە گرنگییەوە ڕەچاو ناکرێت ، بۆ ئەمەش دەکرێت بەرهەمێکی یەککگرتوو هاوتا بکرێتەوە لەگەڵ جۆری تێم لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا . کەواتە بنیاتی چیرۆك کاتێك تەواو دەبێت کە ڕەگەزەکان بە تەواوی پۆلێن کرابن و دانرابن و ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان بە باشی گێڕا بێت لەو بنیاتە پێگەیشتووەدا ، وە پێویستە لە کورتە چیرۆکدا ڕووداو و بەسەرهاتەکانی کە (تێم)ی چیرۆکەکان دەگرێتەوە کێشەی مرۆڤی هاوچەرخ بن ، وە ئەگەرهاتوو چەند مۆتیڤێکی کەمی لەخۆ گرت وا باشە لە دەوری یەك تەوەرەدا بسوڕێنەوە و وا نەبێت کە بابەتی جیاواز بخەنەوە ، بەڵکو ئەو مۆتیڤانە بۆ ئەوە هاتبێتنە چیرۆکەکە کە یەك یەکتری تەواو بکەن و بیرۆکەی سەرەکی بدەن بە دەستەوە بە شێوەیەك کە تێم و مەبەستی چیرۆکەکە پەرش و بڵاو نەبێتەوە و وا بێت کە خوێنەر بیری خۆی تێدا کۆ بکاتەوە و وا هەست نەکات کە مۆتیڤەکان یەك ناگرنەوە و پەیوەندی لە نێوياندا نییە ، بە نموونە کورتە چیرۆکی (یاقووتی ئازار)[1] چەندین مۆتیڤ لەنێویدا حەشاردراوە کە لە هەڵسوکەوتی دایك و باوکەکەوە ئاماژەیان پێدەکرێت ،لەوانە ( پارەپەرستی ، نا دلسۆزی دایك و باوکێك ، بە کەم سەیرکردنی مێینە ، ...) هەموو ئەوانەش گەر یەککگرتوویی تێدا بەدی نەکرا ئەوە خوێنەر تەنیا چیرۆکە نووسراوەکە دەخوێنێتەوە لەگەڵ چەند بابەتێك کە خوێنەر نابەستێتەوە بە چیرۆکەکەوە ، بە بێ ئەوەی مەبەست لە خوێندنەوە تێگەیشتن بێت لە پرۆسەی خوێندنەوەکەدا ، لێرەدا ئەگەر مەبەست لەوە بێت جۆری تێمەکە کاربکاتە سەر خوێنەر ، ئەمە نزیك دەبێت لەوەی کە چیرۆك زیاتر هەر تەنیا ئەرکی گەیاندن بێت ، بەڵام نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە چیرۆك پێش ئەوەی هەر ئەرکێکی لەو شێوەیە ببینێت ، چیرۆك چیرۆکە و پێویستی بە شێوازە نووسینێك هەیە ، کە هونەرێتی و لایەنی ئیستاتیکی و وشەی مانادار و دەلالەتداری تێدا بێت .

دیارە کاتێك چیرۆکنووسێك بیر لە بابەتێك دەکاتەوە بۆ نووسین ، ئەوە ئەو بابەتە جۆرێکە لە جۆرەکانی (تێم) بیرکردنەوەشی هەر لە سەرەتاوە مانای وایە ئەو (تێم)ە هۆکارە بۆ دروستبوونی بابەتی چیرۆکەکەی ، بەڵام مەرج نییە ببێتە تێمی کارەکەی ، دەتوانین بڵێین دەکرێت مۆتیڤێك بێت لەنێو کورتە چیرۆکەکەدا ، وە ئەوە ڕوونادات کە ئەگەر –

---

١- یاقووتی ئازار ، عەتا محمد .

- پێشتر چیرۆکنووس بیری لەوە نەکردبێتەوە کە دەیەوێت چی بنووسێت و هەر ڕاستەوخۆ قەڵەمی خستبێتە سەر کاغەز ، چونکە ئەمە بۆ کاری چیرۆکی ناشێت و ناکرێت هەروا بێتە بوون ، بەڵام ئەمە بۆ (شاعیر)ێك دەشێت بڵێین لە ڕێی ئیلهامەوە گەیشتووە و دەگەین بە (تێم)ی شیعرەکەی .

لەلایەنی بەرهەمی چیرۆکنووسانەوە زۆرجار دەوترێت بابەتی چیرۆکەکانیان هەمان بابەتن ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ڕاست نییە ، بەڵکو ئەوە لەبەر سنوورداری (تێم)ەکانە کە وا دەبێت لەیەك نزیکی و لێکچوون لە نێوان بەرهەمی چیرۆکنووسانی وڵاتانی جیهان هەبێت ، بەبێ بوونی (دزی ئەدەبی و دەق ئاوێزان) ، بەڵام هەموو کات دەکرێت چیرۆکی نوێ بخوێنینەوە ، گەر هزری خۆمان هەر لە سەرەتای کورتە چیرۆکێکەوە بە گوزارشتێکەوە بە بێ بنەما بەناونیشان یان وشەیەك یان ڕستەیەکەوە گرێ نەدەین ، بە نموونە کورتە چیرۆکی (زەلامەك ژ رۆژگارەك دی)[1] کە ئەگەرهاتوو بەڕێی خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بە تەنیا بۆ ناونیشان وا دەزانین کە باس لە کەسێك دەکات لەم سەردەم و قۆناغەی ژیانی ئێمەدا کەسێکی لەو شێوەیە بوونی نییە وە یان پێشتریش بوونی کەسێکی وا نەبینراوە لە کۆمەڵگەدا بە شێوەیەك کە بیناسینەوە ، وە کورتە چیرۆکی (سەماکەرەکان)[2] لە ناونیشانەکەی وا تێدەگەین باس لە سەماکردنی مرۆڤەکانە لە بۆنەیەکی شادیدا، بەڵام گەر هەر لە سەرەتاوە خۆمان لەو تێگەیشتنە دور بخەینەوە و پشت ببەستین بەوەی تا کۆتایی لەگەڵ چیرۆکەکەدا بڕۆین ، ئەوە تێمی چیرۆکەکە بە تەواوی و جیاواز لەوە بە دەست دەهێنین. لەم ڕووەوە ئەو لایەنانە فەرامۆش دەکرێت کە باس لە دەق ئاوێزان و دزی ئەدەبی دەکرێت و تەنیا لەو ڕووەوە سەیری نزیکی بەرهەمی چیرۆکنووسان دەکرێت کە ژمارەی تێمەکان سنووردارن ، بەڵام ئەو سنووردارییە سنووری بۆ ئەوە دانەناوە کە هەر بە مانای خۆی و بەیەك شێوە دەربکەون ، بەڵکو هەر جارە و بەشێوەیەك و بە مانای تازەوە دەردەکەون .

دەکرێت بوونی چەند هۆیەك لەنێو کورتە چیرۆکدا تێمی بابەتەکە درووست بکەن ، لەوانەیە پێشتر هۆیەك لە هۆیەکان کاریگەر بووبێت بۆ دروستکردنی جۆری تێمەکە ، یاخود چیرۆکنووس بیرۆکەیەکی لەلا درووست دەبێت و دەیەوێت ئەو بیرۆکەیە سەرەکی و زاڵ بێت و ئەوە بێت کە مەبەستێتی ، بۆ ئەمە دێت چەند هۆیەکی بۆ دەهێنێت وە جگە لەوەش (( هەندێ بەڵگەی پاڵپشتیکەری توێژینەوەی بابەتیش هەیە ، کە بە گوێرەی ڕاڤەکردنی بابەت دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە بەرهەمەکە . ))[3] واتە بابەت ئەو هۆیەیە وا دەکات خوێنەر لە ڕێی بابەتەوە لە چیرۆکێك تێبگات ، بابەتەکەش هەڵگری جۆری تێمەکەیە ، جا ئیتر لەو ڕێیەوە لە تەواوی کارەکە و مەبەستی سەرەکی چیرۆکنووس تێدەگەین ، باشترین ڕێگەش بۆ چوونە نێو چیرۆکەوە ، تەنانەت بۆ توێژینەوە لە دەرەوە و لایەنی تەکنیکی چیرۆکەکەش هەر پێویستمان بەوە دەبێت کە لە (دال)ەکانی چیرۆکەکەوە دەست پێبکەین و لە ناوەڕۆك دانەبڕێین ، وە (تێم)یش وەك هەوێن وایە لە نێو چیرۆکدا کە هەرجارێك بەرهەمێکی جیاوازتر لەوەی پێشووت دەداتێ ، ڕاستە دواجار هەر چیرۆك یان شیعر یان ڕۆمانت بە دەست دەکەوێت ، بەڵام بۆ کارە هەمان چەشنەکانیش بە ڕووی جیاوازەوە دەردەکەوێت .

---

١- زەلامەك ژ رۆژگارەك دی ، عصمت محمد بدل.

٢- سەماکەرەکان ، حسام حەکیم .

٣- پرینسیپەکانی ئەدەبناسیی بە راورد ، وەرگێڕانی لە روسییەوە : ئەنوە ر قادر محە مە د ، ل ٨٩

جۆری تێمەکەش دەچێتە نێو قولایی ڕووداو لە کورتە چیرۆکەکەدا وە هەر لەوێوە خۆی دەردەخات ، بەو هۆیەی خوێنەر لەو ڕەگەزەدا زوو پێی دەگات و لێی تێدەگات ڕووداو و ململانێ و کێشە و ئالۆزی چیرۆکەکە و هەمووی لەسەر لوتکەی ڕووداوەکە دەوەستن و ڕووداویش (( تاکە فاکتەری بەهێزی وە جوولە خستنی ناوەرۆکی چیرۆکە و هەر ڕووداوە ئەو ڕۆڵە کاریگەرە دەبینێت کە هەر چیرۆکێك بینا هونەرییەکەی لەسەری پێك دەهێنێ هەڵبەتە چەندین سەرچاوە و لایەنی جیاجیا هەیە کە ڕووداوەکان پشتی پێ دەبەستن لەوانە سود وەرگرتن لە واقیعی ژیانی ڕۆژانە یاخود گرنگی دان بە خەیاڵ و دنیای فەنتازیا . ))[1] لێرەوە دەبینین ئەوەی کە ڕووداو لەسەری بنیات دەنرێت ، هەر هەمان شتە لەگەڵ ئەوەی (تێم)ی چیرۆکی لەسەر بنیات دەنرێت و لەیەك نزیکی لە نێوانیاندا هەیە ، کە هەردووکیان سوود لە واقیع یان خەیاڵ وەردەگرن بۆ دەرکەوتن و دروستبوونیان لە پێکهاتەی بنیاتیاندا ، وە تەواوی کارێکی چیرۆکی ڕاستە هەموو ڕەگەزەکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە تێیدا چ شوێن یان کات یان کارەکتەر ...هتد ، بەڵام ئەوەی لەلای خوێنەر دەمێنێتەوە (( تێم )) و (( ڕووداو )) ی چیرۆکەکەیە کە تا ماوەیەکی زۆر دەکرێت لە زەینی خوێنەر بە زیندوویی بمێنێتەوە ، لەمەوە بۆ جۆری تێمەکە دەبێت لە نێو ڕووداوەکاندا بەدوایدا بگەڕێین ، چونکە تێم ئەو ڕووداو یان ڕووداوانەی بەرجەستەی دەکات لەو ماوەیەی کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە ، پێویستییان بەوە هەیە کە لە کات و شوێنێك ڕووبدەن و بۆ مەبەستێك ڕووبدەن کە مەبەستە بنەڕەتییەکەیە لە نێو جۆری تێمەکە ئاشکرا دەبێت و بابەتی چیرۆکەکە شتێکی بنەڕەتییە بۆ چوونە نێو بنیاتی گێڕانەوە لە کورتە چیرۆکدا .

لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە بزانین سروشتی ئەو بابەتە چییە ، کە ئەمەمان زانی دواتر بزانین جۆری (تێم)ەکە چییە وە پاشان ئەوە بزانین چۆن و بۆچی هاتووەتە نێو چیرۆکەکە ، لەگەڵ ئەوەشدا جۆری تێمی چیرۆك پەیوەندی هەیە بە قۆناغ و سەردەمەکەی چیرۆکنووس تێیدا دەژی ، وە ئەو چیرۆکەش کە دێتە بوون وا دەبێت کە لەگەڵ گیانی سەردەمەکە بگونجێت و جێی بایەخ بێت ، ئەم گوتەیەش ناکاتە ئەوەی کە هەر لەو کات و قۆناغەدا کە چیرۆکەکە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە هەڵگر و خاوەنی خاسییەتی ئەو قۆناغە بێت ، بەڵکو زۆرجار تەنانەت سەدەیەکیش یان زیاتر بەسەر بڵاوکردنەوەی چیرۆکێکدا تێدەپەڕێت ؛ بەڵام بارودۆخی سەردەمە نوێیەکە لەگەڵ هەمان سەردەمی نووسینی چیرۆکەکە دەگونجێت ، هەر لەبەر ئەوەیە ناوەڕۆك بایەخێکی تایبەتی هەیە و هەڵگری زەمەنە لەنێو باوەشی وشەدا ، جا جۆری (تێم)ەکە هەر تەنها ئەوە نییە هەڵگری مانایەك بێت و دەلالەت بێت لە شتێك ، بەڵکو لە ڕێیەوە خۆت تەرخان دەکەیت ؛ بەوەی لە ڕێی ئەو وشانەوە بگەیتە چی؟ ئایا مەبەست چییە لەم چیرۆکەدا؟ هەروەها چۆن کارەکتەرەکان و شوێن و کات و ڕووداو و گێڕانەوە ، لەنێو چیرۆکەکەدا جێگایان بووەتەوە؟ ئەمانە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدان بە جۆری تێمەی ئەو چیرۆکەی دەیخوێنیتەوە ، واتە تێم لە بینا کردنی چیرۆکەکەدا کار دەکات ، تێمیش پارچەیەکە کە پێشکەش دەکرێت دەربارەی ژیان و خەڵك ، کە چۆن هەڵسوکەوت دەکەن .

هەر لەبەر ئەوەیە هەڵبژاردنی چیرۆکنووس سەبارەت بە تێمی بابەتی چیرۆکەکەی جێی گرنگی پێدانە ، بەتایبەت کاتێك لە واقیعەوە هەوێنی کارەکەی دەکات ناکرێت دەست بکات بە کۆپی کردن و تەنیا کاری گواستنەوە بێت ئەوەش

---

١- نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٧٠ – ٢٠٠٠) ، حەیات سەعید عەبدولکەریم ، نامەی ماجستێر ،هەولێر ، ٢٠٠٥، ل ١٠٨

– له واقیعەوە بۆ نێو چیرۆك ، بەڵكو دەبێت لە نێو واقیعدا بوونە شاراوەكان بدۆزێتەوە و جارێكی دیكە هەڵیانهێنجێتەوە و لە بەرهەمێكی ئەدەبیدا بیانخاتە ڕوو ، بە هۆی لێكدانەوە و بە هونەریكردنی واقیع لە ڕێی بیركردنەوەی چیرۆكنووسەوە ، وە وا بێت چیرۆكنووس وەسفی بیرۆكەكەی بكات .

بەو هۆیەی كە باسمان كرد بەوەی كە چۆن بارودۆخی سەردەمێك ڕەنگدانەوەی هەیە بۆ ئەزموونی بابەت و مۆتیڤەكانی چیرۆكێك كە دیاردە باوە باشەكان بێت وە یاخود دیاردە ناشرینەكانی كۆمەڵگە بێت كە ئاسان نییە بەرامبەری بوەستینەوە ، ئەوا ئەدەب بە گشتی وە چیرۆك بە تایبەت باشترین سەرەتایە بۆ هەنگاونان ، چونكە كاتێك بۆ خەڵكی دەدوێیت بە تایبەت ئەوانەی خاوەن ڕۆشنبیرییەك نین ؛ كەمتر گوێ دەگرن ئەوەش لەبەر ئەوەیە كە ئەوان ڕەوشت و نەریتی لەمێژینەی باو و باپیرانیان بە ئاسانی نابەخشن ، بەڵام چیرۆكە هەست بزوێنەكان كە دەتوانن ببنە جێگای وروژاندنی هەزاران ئازاری ڕاستەقینە ، زووتر و زیاتر بە باشی دەگەنە دڵ و گوێیەكان و دەتوانین بڵێین كاریگەری بە جێدەهێڵن ، وەك دەزانین زۆر داب و نەریت كە لەلای میللەتی كورد هەبووە و دەتوانین بڵێین تا ئێستاش لە نێو لادێكان و هەندێك خێزاندا بوونی هەر ماوە ، كە هەندێك لەوانە هیچ بەهایەكی مرۆیی لە هەناویدا بەدی ناكرێت ، بە نموونە ( بەزۆر كچ بە شوودان ، گەورە بە بچووك ، شیربایی ، ...هتد ) كە ئەم بابەتانەی نێو واقیع لە قۆناغ و سەردەمێكی نووسینی چیرۆكدا بە تایبەت حەفتاكان و هەشتاكان بووبوونە هەوێن (تێم)ی بابەتی چەندان چیرۆك ، بەڵام لە دوای ئەوە لە قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕین ، ئەو سەردەمە هەر تەنیا پێویستی بە ڕاپەڕینی جەماوەری نەبوو ؛ بەڵكو لە هەمووی گرنگتر زیاتر پێویستی بە ڕاپەڕینی ( وشە) هەبوو ، بە شێوەیەك كە چیرۆكنووسان ئازاد بن لە دەربڕینەكانیان و ئازاد بن لە نووسینی ئەو وشانەی دەیاننووسی لە چیرۆكەكانیاندا بە ئازادی بنووسن .

وە یەكێك لەو تێمە دیارانەی كە لەو دەیەیەی دوای ڕاپەڕین باوە و هەتا ژیان بەردەوامی هەبێت مرۆڤ باسی دەكات و لە دوای وێڵە (ئازادی)یە ، وە گرنگیش بووە ئەو وێڵ بوونە ببێتە هەوێن و تێمی كورتە چیرۆكی ئەو قۆناغە و پێویستیش بووە ، وە كاتێكیش گەلی كورد ڕاپەڕی تینوی ئازادییەك بوو كە نەیبوو هەر بۆیە بەرەو ڕاپەڕین ڕاپەڕی و داوای ژیان و مافی كوردبوونی خۆی كرد ، تاوەكو ئابڕووی مرۆیی و زمان و نەتەوەكەی بەدەست بهێنێتەوە .

جۆری (تێم)ەكانیش بۆ ئەوەی قۆناغێك ببڕن و لێی تێپەڕبن پێویستە گوزارشتەكان و ستایلەكان و چۆنییەتی بیركردنەوەكان و دنیا بینییەكان گۆڕانیان بەسەردا بێت و لەو چوارچێوە شێوەییەی تێیدا چەقیان بەستووە و لەو بەرگە كۆنەی تێیدان دەربچن ، بە شێوەیەكی دیكە و بە بیركردنەوەی نوێوە دەربكەون ، وە جۆری تێمەكان هەر لە دەقە سەرەتاییەكانەوە تا ئاڤێستا و لە داهاتووش دووبارە بووەوە نین ، بەڵكو دووبارە و چەندان بارە بەرهەمهێنانەوەی تێم و بیرۆكە سەرەكییەكانن . ئەو كاتەش كە ( تێم ) لە كورتە چیرۆكێكدا ئاشكرا دەبێت ؛ وا باشە بە شێوەیەك بێت تا كۆتایی ئەنجام ڕوون و ئاشكرا نەبێت ، كورتە چیرۆكەكەش وەها بێت گرێی تێدا بێت كە بە ئاسانی نەتگەیەنێتە تێمەكەی چونكە ئەگەر كورتە چیرۆك هەر لە سەرەتاوە بە زوویی وەك حیكایەت تێمی بابەتەكە بدات بە دەستەوە مانای وایە تا ئێستا ئێمە حیكایەت دەگێڕینەوە ؛ چونكە حیكایەت سەرەتایەكی والای هەیە بە بێ هیچ پێچ و پەنا و گرێیەك زوو دەچێتە ناو تێمی سەرەكی و ئاشكرای دەكات ، كە بابەتی كورتە چیرۆكەكەیە وە یەكسەر چوونە نێو بابەتەوە و دەرخستنی بیرۆكەی بنەڕەتی كورتە چیرۆك مانای وایە ئەنجام دراوە بە دەستەوە ، لێرەدا ڕاستە كە مەودای

کورتە چیرۆك کەمە بەڵام بە مانای هەموو شت دان بە دەستەوە لە سەرەتاوە بە بیٚ چێژی خوێندنەوە و هزر کردنەوە نایەت ، بەڵکو دەکرێت دەقەکە بە والآیی جێبهێڵرێت .

کارکردنیش لەو دەیەیەی دوای ڕاپەڕین ، لەلایەن چیرۆکنووسانەوە لە جۆری تێمەکاندا وا باش بوو زیاتر بە بایەخەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرایە و کە هەندێك لە تێمەکان چوونەتە قاڵبی دووبارە کردنەوە ، نەوەك بەرهەمهێنانەوە ، کە پێویست وا بوو چیرۆکنووسانمان باشتر خۆیان تەرخانبکردایە بۆ (تێم)ی کورتە چیرۆکەکانیان کە زەرورەتێکی زەمەنی بارودۆخی ئەو سەردەمەی نووسەرانی باشووری کوردستان بووە ، بە تایبەت چیرۆکنووسان لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمێکی زێڕیندا بوون بۆ بە دەستخستنی جۆری تێمی کورتە چیرۆکەکانیان ؛ کە هەر لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و کۆڕە و ئەو نەهامەتییە زۆرانەی بەسەرماندا هاتن ، چیرۆکنووسان کەمتر توانیویانە وەك پێویست ئەو ڕووداو و کارەساتانە لە چیرۆکەکانیاندا ڕەنگ پێبدەنەوە ، چونکە ئازارەکانی ئەم نەتەوەیە پێویستییان بە بوونی نووسینی چیرۆکی لەوە زیاتر بووە لەوەی کە نووسراون ، دیارە (( پێناسەکردنی تێم یان تێمە زۆرەکان بە شێوەیەکی بابەتییانە ، پرۆسەیەکی تاکە کەسیی تایبەتییە . خوێنەرەکانیش هەمیشە ناتەبا و ناکۆکن دەربارەی گرێچن لە ڕۆمان و (چیرۆك بە گشتی )* کە چ شتێك تێیدا ڕوودەدات ، بەڵام زۆرکاتیش ناکۆکن لەگەڵ ئەوەی دەربارەی تێم کە بەکاربێت لە ڕۆمان و (لە چیرۆکدا)* ، واتە خاڵی سەرەکی چییە کە ڕوودەدات لە کۆتاییدا . ئەمە بەشێکە لە ڕای تاکەکەسی خوێنەرەکان . ))[1] سەبارەت بەو کورتە چیرۆکەی دەیخوێنێتەوە ، چونکە هەر خوێنەرێك لە ڕای تایبەتی و دنیابینی خۆیەوە دەڕوانێتە هەر دەقێکی ئەدەبی ، بە تایبەت ئەو دەقەی کە لەلایەن چیرۆکنووسەوە بە شێوەیەك داڕێژراوە کە کۆتاییەکی کراوەی هەیە ، بۆ ئەمەش چیرۆکنووس گرێی نێو ڕووداوەکان چارەسەر ناکات و مەبەست ڕوون ناکاتەوە و وا دەکات هەر خوێنەرێك تێڕوانینی جیاوازی هەبێت و تێمی جیاوازی لیٚ دەربکات ، کە ئەمە دەبێتە ئەو هۆیەی خوێنەرەکان بە ئاسانی واتا و مەبەستێکی دیاریکراو بۆ کورتە چیرۆکەکە دەست نیشان نەکەن ، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە (( چیرۆکنووسی داهێنەر شێوازێکی ئامادە و قاڵبێکی ئاکاری چەق بەستوو پێشکەش ناکات ، بەڵکو لە کارەکەیدا ئاوێنەیەك دروست دەکات چەند گۆشەیەکی تێدا بێت کە هەرجارێك خوێنەر سەیری دەکات (تێی دەڕوانێت) لە لایەکەوە بیرۆکەیەکی جیاوازی لەلا درووست دەبێت . ))[2] بەمەش تێم زیندوویێتی و مانەوە دەخاتە سەر تەمەنی کورتە چیرۆکەکە وە ئەگەر هاتوو تێمەکەی زۆر ساکار بوو ئەوە تێم ماناو دەلالەتێکی دیاریکراو دەدات ، بە گشتی بۆ هەموو خوێنەران ، بۆ هەر خوێنەرێك و بۆ چەندین جار هەر تەنیا یەك خوێندنەوە هەڵدەگرێت جا گرنگە ئەوە بزانین کە کاتێك خوێندنەوە بۆ دەقێك دەکرێت ، نابێت تەنیا لە دەرەوە سەیری دەق بکەین سەبارەت بە جۆری تێمەکە ؛ بەڵکو پێویستە سەیری نێو دەق بکەین ، بەو هۆیەی ئێمە پەیوەندیمان نییە لە دەرەوە واتە (لە دەرەوەی کورتە چیرۆك) کە مانای تێمی کارێکی چیرۆکی (کفرە ، تاوانە ، خراپەکارییە، بەد ڕەوشتییە ، ...هتد)ە بەڵکو دەبێت وەك دەقێکی ئەدەبی مامەڵەی لەگەڵ بکەین و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین ، نەك وەك ئەوەی لەنێو کۆمەڵگەدا

* ئاماژەدانی توێژەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لەو شوێنانەدا ، کە گونجاون لەگەڵ ناوەڕۆکی پێناسەکەدا .

١- Modern Novels , Alex and Robert Hill , p ٣٠

٢- النقدالتطبيقي التحليلي ، د.عدنان خالد عبدالله ، ص ٩٢

شتێکی قێزەون و ناشرینە ، کە دەتوانین بڵێین ئەمە وای کردووە زۆرجار بەرهەمی نووسەران و شاعیران پشتگوێ بخرێت بەو هۆیەی کە بەرهەمەکە دەبێتە قوربانیی ( مانا ) و وا دەبێت لەلایەن بیرکردنەوە و تێڕوانینی کۆمەڵگەوە ئیدانە دەکرێت و ڕەت دەکرێتەوە بە نموونە کورتە چیرۆکی (دایکە ویز) [1] دەست بردن بۆ شەرەفی دایکەکە ، چیرۆکنووس وای نەکردووە ماناکەی دیوێکی ناشرینی ئەو دایکە دەربخات ، بەڵکو ئەو کارە هونەرییە بەو باسە زیاتر دڕندەیی و بێڕەوشتی دوژمنی ئەم گەلەی دەرخستووە و ئەو جۆرە دەربڕینە بۆ ئەو شوێنە تەواو گونجاو بووە ، واتە لەمەوە تێدەگەین تەواوی بڕیاردان پێویستە بکەوێتە سەر کارە ئەدەبییەکە (( نەوەك لەلایەنی بیرۆکەکانی و واتاکانی و تێمەکانی بەڵکو بە مەودای یەکگرتن و بەستنەوەی یەکەی ڕەگەزەکانی کە پێکهاتەیەکە بۆی : دەبێت بڕیار بدەین لەسەر ئەدەبەکە لە "نێو" دەقەکەوە لەلایەنی کاملی و تەواوی نەك لە "دەرەوە" لەلایەنی هەڵسەنگاندنی تاکی بۆ بیرۆکەکانی و مەودای جیاوازیمان یان ڕێککەوتنمان لەگەڵ ئەو بیرۆکانە . )) [2] ئەوە زۆر گرنگە کە بۆ مەبەستی چیرۆك لە لایەنی (تێم)ی کارەکەوە لە ڕوانینی تاك و بیرکردنەوەی تاکەکەسی و خودی (باشی و خراپی) هەڵنەسەنگێنرێت بە شێوەیەك کە تەواو پشتگیری لێ بکرێت و قبوڵ بکرێت یان بە پێچەوانەوە ئیدی کارێك لەبەر ئەوەی تێمەکەی باس لە دیاردە یان شتێکی خراپ دەکات تەواو تەواو ڕەت بکرێتەوە ، وە خوێنەر (توێژەر) مافی ئەوەی نەبێت لەسەر جۆری تێمەکە قسەی لە بارەوە بکات کە بۆچی لەو چیرۆکەدا بەو شێوەیەیە ، وە توێژەریش کار لە جۆری تێمەکاندا دەکات وەك توێژینەوە هەروەها دەکرێت بۆچوونی خۆی بدات سەبارەت بە تێم و ڕەگەزە پێکهێنەر و بنیاتنەرەکانی کورتە چیرۆکەکە ، چونکە ئاشکرایە چیرۆکنووس لەو کاتەی کە دەنووسێت ئەو تێم و مۆتیڤانەی کە دەیەوێت لە بەرهەمەکەیدا دەربکەون ، مەرج نییە بەو شێوەیە بێت ، بەڵکو دەکرێت لە کاتی نووسیندا مۆتیڤەکان یاخود تەنانەت تێمە سەرەکییەکەی هزری چیرۆکنووس گۆڕانیان بەسەردا بێت و بەمەش کرۆك و هەوێنی کارەکە شتێکی دیکەی نوێ دەخولقێنێت ، بەو هۆیەی هەر چیرۆکنووسێك ئاست و توانستی ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژی و فەلسەفەی بۆ ڕوانین لە ژیان و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی سەبارەت بە ڕووداوەکانی چیرۆکێك پەیوەندی هەیە بە جیاوازی ژیانی تاك(چیرۆکنووس) خۆیەوە چ لەو ڕووداوانەی بەسەر ژیانی خۆیدا هاتووە ، یان کەسێکی نزیکی ، یان دەوروبەر ، یاخود لە ڕێی بیستن و بینینەوە ، جا ئیدی کەسەکان هەر کەسێك بن جیاوازن لە یەکتر ، وە دەتوانین بڵێین تێگەیشتنی (بابەتی) تایبەتی پەیوەندی هەیە بە تێگەیشتنی (خودی) بۆ تێمێك ، چونکە جیهانی تایبەتی تاك وەك جۆرێك لە کۆد وەهایە پەیوەندی هەیە بە کردنەوەی کۆدی جۆری تێم بۆ هەر دەقێکی ئەدەبی ، کە تەواو پەیوەندی بە (واتا)وە هەیە ، چونکە جۆری تێمەکە لە یەکێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کورتە چیرۆکەکەدایە کە بنیاتەکەیەتی ، ئەو ڕەگەزەش گەر لە وشەیەکدا بێت و لە چەندەها چیرۆکدا دووبارە ببێتەوە یان هەر لە هەمان چیرۆکدا دووبارە ببێتەوە ئەوە ئەو ڕەگەزە لەنێو بنیاتی هەر چیرۆکێکدا لەو شوێنەی تێیدا دەردەکەوێت مانایەك لەخۆ دەگرێت ، ئیدی بە جیاوازی ڕەگەزەکانی دیکە تێمیش دەگۆڕێت بە پێی ڕستە و جۆری داڕشتن و ستایلی تایبەتی هەر چیرۆکنووسێك ،

---

١- دایکە ویز ، جەمال نوری .

٢- النقدالتطبيقي التحليلي ، د.عدنان خالد عبدالله ، ص ٩٣

- به نمونه وەك باسكردن له شەڕی ناوخۆ له كورته چیرۆكەكانی ( سەعاتی سفر ) و( دارشەق ) و ( بەیازی گولفرۆشێك ) هەروەها تەنانەت شێوازی بیركردنەوە و جوڵەی كارەكتەریش له نێو كورته چیرۆكێكدا زۆر ڕۆڵێكی گرنگی هەیه له گەیاندنی جۆری (تێم) ، وەك له كورته چیرۆكەكانی (وەلاتیّ نێرگزا)، (مینەش گۆڕا) ، (خۆتافیركرن) ،( لالْ) وە پێویسته ئاگاداری ئەوەش بین كه دۆزینەوەی جۆری تێم له هەر چیرۆكێكدا پێویستی به گەڕان و دۆزینەوە هەیه ، به هۆی بوونی تێمه بچووكەكانیش كه مۆتیڤەكانن هەروەك تۆماشێفسكی پێی وایه كه جگه له تێمه گشتییەكه تێمی بچووكتریش هەیه كه به (( مۆتیڤ ناویان دەبات ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەر دەقێكی چیرۆك به كۆی ڕەگەزەكانی كه چیرۆكبوونی ئەویان پێكهێناوە ، بریتییه له تێمێكی گشتگیر ئەم تێمەیەش له ئەنجامی یەكگرتن یان كۆبونەوەی چەندان تێمەی بچوكترەوە پێكهاتوون ، دواجار ئەوانیش له بچوك و بچوكتر ، تا دەگەنه ئاستێك كه ناكرێت لەوە زیاتر له سنوری ماناداریدا بچوك ببنەوە . ))[1] كەواته (تێم) له نێو كورته چیرۆك و چیرۆك به گشتی له ئەنجامی بەیەكەوە بەستنەوەی جومگەكانی چیرۆكەكه درووست دەبێت و سەرەڕای ئەوەش پەیوەندی توندی نێوان (تێم)ه لاوەكییەكان (مۆتیڤەكان) بەشدارن له ناوەڕۆك و بنیاتی چیرۆكەكه ،لەمەشەوە دوو شێوەی تێم دەردەكەون .

## شێوەكانی تێم

( **١- تێمی بەنێو یەكداچوو** : ئەم شێوەیەیان تێمه لاوەكییەكان(مۆتیڤ)ەكان دەگرێتەوە ، كه پەیوەندییەكەیان ئەوەندە زۆرە وا هەست دەكرێت ، هەر یەكێك له مۆتیڤەكان ، ئەوە تێمه سەرەكییەكەیه ، خوێنەر لەگەڵ خۆیاندا دەهێڵنەوە تا یەكێكیان بۆ چیرۆكەكه ئاشكرا دەبێت كه تێمی سەرەكییه .

**٢- تێمی دەركەوته** : ئەم شێوە تێمه ئەوەیه كه لەنێو هەموو مۆتیڤەكاندایه ، بەلاّم به شێوەیەك تەواوی چیرۆكەكه دەگرێتەوە كه خوێنەر گومانی نامێنێت ؛ ئەوەش بەو هۆیەی لەگەڵ مۆتیڤەكاندا بەنێو یەكدا نەچوون ، بەڵكو خوێنەر دوای چەندجار له خوێندنەوە بۆی دەردەكەوێت كه ئەم مۆتیڤه تێمی سەرەكییه و ناكرێت به مۆتیڤەكانی دیكەوە ببەسترێتەوە و سەربەخۆ و ماندار دەردەكەوێت . )[*]

ئەوەش گونجاوە كه له هەر كارێكی ئەدەبیدا زیاتر له یەك بابەت ببینرێت ، بەلاّم مەرج نییه هەموو بابەتەكان خۆیان ئاشكرا بكەن ، یاخود به ئاشكرا له كورته چیرۆكەكەدا ڕاستەوخۆ دەربڕێن ، خوێنەریش بۆ خۆی له مۆتیڤەكان و بابەتەكانەوە دەتوانێت بگاته تێمی سەرەكی ؛ كه ئەنجام و مەبەستی هەر چیرۆكێك له (تێم)ەكەیدا دەردەكەوێت ، وە زۆر گرنگیشه چیرۆكنووس كارێكی وای خوڵقاندبێت كه توێژەر یان خوێنەر له ڕێی خوێندنەوەی خۆیەوە بۆ چیرۆكەكه بتوانێت خوێندنەوە ( ڕامیاری و كۆمەلاّیەتی و ئابووری و ئایینی و مێژووییەكان ، ...) بدۆزێتەوە و مەبەستەكه ئاشكرا بكات . جا ئەگەر چیرۆكنووس و خوێنەر و توێژەر لەیەك كۆمەڵگەدا بژین ئەوە وەك ڕێیەكی به ئەنجام گەیشتوو لەبەردەم خوێندنەوەی چیرۆكەكه بۆ خوێنەر زیاتر دەڕەخسێت و ئاسانتر دەگاته باسی و مەبەستی چیرۆكەكه .

---

١- پلۆت له چیرۆكی كوردیدا ساڵی (١٩٩٥-٢٠٠٥) ، بوشرا قادر كاكه محه مه د ، ل ٣٦

[*] كاری توێژەر ، بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی شێوەكانی تێم .

لە هەڵبژاردنی باسدا ((حسین عارف)) پێی وایە کە چەند سەرنجێك جێی بایەخە تاوەکو لایان لێبکرێتەوە کە ئەمانەن:
(( ١- نواندنی باسەکە بە باری هەرە گونجاو و کاریگەری خۆیدا... دەتوانرێ هەر باسێك بە سەد ویەك باردا بنوێنرێ. بەڵام هونەر لەوەدایە نووسەر زەفەر بە گونجاوترین و کاریگەرترینیان بەرێ و بەو بارەیاندا باسەکەی بنوێنێ .
٢- قووڵ بوونەوە بە بنج و بێخ و رەچەڵەکی ئەو باسەدا و تەقەلادانی یەکالاکردنەوە و لە رووخستنی زۆربەی جەمسەرەکانی و بەگیرهێنانیان لە ساتی بەیەکادان و زۆرانبازی یاندا لەگەڵ یەکترا .
٣- چاودێری کردنێکی وردی سەر ئەنجامی ئەو بەیەکادان و زۆرانبازی یە و بردنی خوێنەر بەرە و ئامانج بە شێوەیەك کە ماوەی گومان لێ کردنی پێ نەدرێ و هەست و هۆشی لەگەڵ سەراپای باسەکە و ئەنجامیدا جووت بن .
٤- ئاگاداری لە کات و شوێنی هەر رووداو و کارەساتێکی باسەکە و وریایی لە پەیوەندی نێوانیان بە جۆرێك کە هەریەکە خۆی و یا یەك ئەوی تر بە درۆ نەخاتەوە .
٥- خۆپاراستن لە لاسایی کردنەوەی دەقا و دەقی نووسەری تر و تەقەلادانی دۆزینەوەی شێوەی تایبەتی لە جۆری هەڵبژاردن و نواندنی باسدا . ))[١] کەواتە زۆر گرنگە لە دانانی تێمی کارێکدا چیرۆکنووس بە وریاییەوە مامەڵە بکات و بزانێت چۆن و بە چ شێوەیەك تێمەکە بۆ کارەکەی بە باشی دەکاتە هەوێن ، چونکە چیرۆکنووس ئازادە کامە لایەن هەڵدەبژێرێت بۆ خستنە ڕووی ناوەڕۆکی جۆری تێمی کورتە چیرۆکەکەی و هەروەها دەبێت ئەو باسە یان (تێم)ەکە چیرۆکنووس بە تەواوی بچێتە نێو ئەو ڕووداو و وردەکارییانەی کە تێمەکە بۆ چیرۆکەکە لەنێو خۆیدا هەڵیگرتووە ، نابێت هەرواو بەبێ زانیاری و نەزانینی وردەکارییەکان یەکسەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی لەسەر بنیات بنێت ، هەروەها پەیوەندی بە سەلیقەی چیرۆکنووسەوە هەیە کە چۆن باسەکەی دەخاتەڕوو ، بەڵام وەك ئەوەی (حسین عارف) بۆ باس پێی وایە کە دەبێت خوێنەر بەرەو ئامانجەکە ببرێت و بواری گومان نەهێڵرێتەوە ؛ لە ڕاستیدا ئەمە بیرۆکەیەکی هەڵەیە ، کە وا دەکات دەقێکی داخراو دەخاتە بەر دەست نەوەك دەقێکی کراوەی والا ، ئیدی خوێنەر ئەو وشانە چۆن و بۆ چ مەبەستێك خراونەتەڕوو هەر ئەو مەبەستە و هەر ئەو یەك جار خوێندنەوەیە هەڵدەگرێت و زیندوێتی لە دەقەکە وەردەگرێتەوە .
هەروەها دەبێت تێمەکە لە ڕووی کات و شوێنەوە وابێت تەریبی لەنێوانیاندا هەبێت و وابێت کە خوێنەر (توێژەر) نەکەوێتە ململانێی کات و شوێنەوە بە جۆرێك نارێکی و دوودڵی لەبەرامبەر کورتە چیرۆکەکەدا بۆ درووست ببێت ، وە یان زۆرجار وا دەبێت چیرۆکنووسێك دێت باسێك دەکاتە (تێم) بۆ کورتە چیرۆکەکەی و بەهۆی ئەوەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت ، لێرەدا چیرۆکنووسەکە دێت بۆ کارێکی دیکە هەمان باس دێنێتەوە واتە لاسایی کارێکی ڕابردووی خۆی دەکاتەوە ، بەڵام ڕەنگ بێت جاری داهاتووی شکست بهێنێت ، وە یاخود چیرۆکنووسێکی دیکە دێت کتومت باسی چیرۆکنووسێکی دیکە بەکاردەهێنێتەوە بۆ کارێکی خۆی بە تەواوی لاساییکردنەوەوە کە ئەمە مەرج نییە بۆ ئەمیش بەختی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ، هەر بۆیە دەکرێت هەر چیرۆکنووسێك بە دوای ستایلێکدا بگەڕێت تاوەکو کاری خۆی لەسەر بنیات بنێت و پێی بناسرێتەوە، بەو هۆیەش کە ناوەڕۆکی جۆری تێم ناتوانێت چیرۆکنووسێك

---

١- چیرۆکی هونەری ی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٠) ، حسین عارف ، ، ل ١١٢- ١١٣

– سەرکەوتوو بکات یان سەرکەوتوی نەکات ، بەڵکو سەلیقە و وردەکاری و زیرەکی چیرۆکنووسەکە زیاتر ڕۆڵ دەبینێت لە بەکارهێنانی جۆری تێمدا تاوەکو کارێکی سەرکەوتوو پێشکەش بکات. دیارە کورتە چیرۆکی ئەو دەیەی دوای ڕاپەڕین ، چەندین تێمی جۆراو جۆریان لە ناواخن و ناوەڕۆکیاندا هەڵگرتووە وە لە بنیاتەکەشیاندا کە بریتین لە ( بیر ، بابەت ، واقیع ، خەیاڵ ،...هتد) لە هەر یەکێك لەمانە سوودی وەرگرتووە وە یان هەموویان ، بە شێوەیەکی ئاسایی و بەبێ هیچ نارێکییەك دەچنە نێو بنیات و پێکهاتەی چیرۆك ، جا ئیتر لە کەسایەتی کارەکتەردا بێت ، یاخود شوێن یان کات ، و فەزای چیرۆکەکە بێت وە یاخود لە نێو ململانێ و ڕووداوی ڕووداوەکاندا بێت .

ئاشکرایە کە ناوەڕۆکی جۆری تێمەکانیش لە کورتە چیرۆکەکاندا کە دەردەخرێت و دەستنیشان دەکرێن ، ئەوەش لەو کاتەدا دەبێت کە خوێنەر (توێژەر) دەگاتە ئەو دەمەی چارەسەری کێشە و ململانێی نێو چیرۆکەکە دەکرێت کە پێی دەوترێت ساتی ڕۆشنایی (لحظة التنویر) وە یاخود سات و دەمی چارەسەر وە یان ساتی گەیشتن بە مەبەست و تێمی کورتە چیرۆك ، کە ئیدی ئەوەی پێویست بووە ڕووبدات ڕووی داوە ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە مەبەستی چیرۆکنووس چی بوو بێت ؛ خوێنەر (توێژەر) بگاتە ئەو مەبەست و ئامانجە ، بەڵکو لێرەدا مەبەست لە مەبەستی ئەو کورتە چیرۆکەیە کە توێژەر هەست دەکات تروسکاییەکی بەدی کردووە سەبارەت بە ڕووداو ومەبەستەکە ،ئەوە دەکرێت بە ساتی ڕۆشنایی هەژمار بکرێت ، چونکە ئیدی لەوێدا توێژەر یەکلایی دەبێتەوە لە بەرامبەر تێڕوانینەکانیدا ، ئەم یەکلایی بوونەوەیە و ئەم گەیشتن بە مەبەستە واتە گەیشتن بە (بیرۆکەی سەرەکی) کە (تێم)ەکەیە بۆ کورتە چیرۆکەکە ، ئەمەش لە ئەنجامی خوێندنەوە و لێوردبوونەوەیە بۆ گەیشتن بەو پنتە گرنگە ، بایەخی زیاتریش لەو کاتەدا دەبێت کە تێمەکە بە شاراوەیی هاتبێت وەك لەوەی بە ئاشکرا دەرکەوتبێت ، هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەوەیە کە چیرۆکنووسان بابەتەکان دەنووسن و کێشەکان ئاڵۆز دەکەن و چارەسەریان دەکەن یاخود نا ، خوێنەر (توێژەر)یش بە دوای بیرۆکە ونبووەکاندا دەگەڕێت و دەیاندۆزێتەوە و دواتر دەگاتە بیرۆکەی سەرەکی کە ناوەڕۆکی جۆری تێمەکەیە ، کەواتە ساتی گەیشتن بە ناوەڕۆکی (تێم) ساتی گەیشتن بە ڕۆشناییە و ئەو کاتەیە کە ئاڵۆزییەکان دەدۆزرێنەوە و چارەسەر دەکرێن لە کاتێکی گونجاوی ڕووداوی ڕووداوەکان .

بایەخی چیرۆکی (باش)یش لە کاتێکدا دەردەکەوێت کە هەست بکرێت چیرۆکنووس شارەزایی چەندە ، بەوەی (تێم)ی چیرۆکەکەی لە چیرۆکەکەدا باس کردبێت ؛ بەڵام دەرینەبڕیبێت واتە بە (وشە) بوونی نەبێت لەنێو کورتە چیرۆکەکەدا ، تەنها لە ئەنجامی خوێندنەوەدا خوێنەر (توێژەر) هەست بکات و بزانێت چیرۆکنووس ویستوویەتی باس لە چی بکات ، وە یاخود بۆ گەیشتن بە ناوەڕۆکی جۆری تێمەکە بزانێت چیرۆکەکە باس لە چی دەکات .

**بابەت وتێمی کورتە چیرۆکی کوردی  قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەرین لە ڕووی ناوەڕۆکەوە :**

**أ-  لایەنی کۆمەڵایەتی :** گەر سەیری چیرۆکەکانی ساڵانی نەوەدەکان بکەین دەبینین ناوەڕۆکی چیرۆکەکان جگە لە تێمە سیاسی ونەتەوایەتییەکان گرنگیش دراوە بە بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکانیش ، وەئەم لایەنانە تەوەرەیەکی گرنگی چیرۆکەکانی گرتووەتەوە چ لە ململانێی نەوەکان و داب ونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگە وە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان کە بوونەتە ناوەڕۆکێکی باش لە کورتە چیرۆکەکانی ئەو قۆناغەدا ، ئەدەب بەگشتی و کورتە چیرۆك بەتایبەتی لەگەڵ کۆمەڵگەدا پەیوەندیەکی لێکدانەبڕاویان هەیە .

وە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانیش لە نێو کورتە چیرۆکی کوردیدا بەرچاودەکەون بە تایبەت ئەو جۆرە چیرۆکانەی تێمە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرن ، چیرۆکنووسانیش هەوڵدەدەن هەندێك دیاردەو کێشە کۆمەڵایەتییەکان بخەنە ڕوو لەڕێی چیرۆکەکانیەوە وەك  هەژاری و کێشەی ئافرەت و چەوساندنەوەی و چەندین دیاردەی دیکە لە کۆمەڵگەدا کە پەیوەندی بەهەرتاکێکەوە لەکۆمەڵگەدا هەیە ، چونکە (( وا دەبینین کە دەقە ئەدەبییەکان بەردەوام دەفرن بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەڕێی ئەو دەقانەوە دەتوانین ئەو پەیوەندییانە دەربخەین و ببینین و ڕاڤەی چۆنێتی پێکهاتن و ئاراستەکانی گورانی بکەین .))[1] ، چ بۆ مەبەستێکی دیاری کراو ، چ بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە یاخود ئاشناکردنی خوێنەرانی چیرۆك بەو دیاردانەی کۆمەڵگە لەڕێی بەرهەمە ئەدەبیەکانەوە چ ئەودیاردانەی دەبنە کۆسپ و ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتن و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە بۆ ژیانێکی ئاسودەو خوشگوزەرانی یاخود باسکردنی ئەو دیاردانە بەڕێگەی ڕەخنەلێگرتن لەهەندێ داب ونەریت و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی و دەست خستنە سەرهەندێ لەزامەکانی کۆمەڵگە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەش کە کۆمەڵگەی کوردی تائێستاش بەدەستیانەوە دەناڵێنێت کە ڕەگ و ڕیشاڵەکانی بەقوڵی پەلیان هاویشتووە و بەردەوامن ، لەهەر سەردەمێکیشدا بەشێوە فۆرمێکی جیاواز دەردەکەون کە تاکەکەس ئازاد نییە و لەژێر چەپۆکی کۆمەڵگەدا دەجولێتەوە و ناتوانێت وەك تاکێکی سەربەخۆ بڕیار لەسەر ژیان و بوونی خۆی بدات .

زۆرجار نووسەری کورتە چیرۆك بۆ دیاری کردنی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی لە وێنەیەکی ئەدەبی دا ، داهێنانی هونەریی چیرۆکنووس ڕۆڵێکی جڤاکی دەبینێت و زیاتر هزری خۆی دەخاتە خزمەتی داڕشتنی چیرۆکەکەی کە (تێم) ە کەیە ، وە بۆ ئەفراندنی کاری هونەری و بەردەوامی ڕووداوەکان درووست بوون لەنێوان هزرو بیری جیاوازدا وە هەندێك جاریش خوێنەر یان کۆمەڵگە دەبێتە هاندەر بۆ بەردەوامی  ئەو جۆرە کورتە چیرۆکانە ، ئەوەش لە ڕێگەی قبوڵکردنی چیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان کە خواست و ئارەزووەکانی خوێنەران پڕ دەکاتەوە ، (( ئەدەبیش وەك زانراوە ، ئەرك و ڕۆڵی خۆی هەیە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا لەڕێی کاریگەری خستنە سەر ویژدان و زەینی خەڵك وراستکردنەوەی هەندێك لە ئاڕاستە و بەهاکانیان ، بگرە گۆڕینیشیان لە هەندێك باردا .))[2]

---

١- لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیی بۆ ئەدەب وەك ڕەگەزێك لەڕەگەزەکانی کەلتوور ، د .سەمیر ئیبراهیم حەسەن ، و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە ، گۆڤاری هەنار، ژ٥٩ ساڵی پێنجەم ، ٢٠١٢، ل ١٢٩

٢- سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٨

چیرۆکنووسی بەرهەم هێنەر ئەو تێکستە ئەدەبییە (کەرەستە)ی ناوەرۆك یاخود تێمی کورتە چیرۆکەکانی خۆی لەو ژینگەو کومەڵگەیەی تێیدا دەژی وەردەگرێت و بەشێوەیەکی ڕەمەکی دەینووسێت وە ئەو ماناو تێگەیشتنانەی کە چیرۆکەکە هەڵدەگرێ بۆ شروڤەکردنی ئەو ڕووداوانە سادە نین ، چونکە(( ئەدەب بە ئامرازو بۆتەکانی داهێنانی هونەریی و ستاتیکییەوە ئەرکانێك بە جێدەگەیێنێت پەیوەندن بە مرۆڤ و کۆمەڵەوە ، دواجاریش دەکرێت بابەتێك پێکبێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵناسی ، چونکە ئەدەب هەر تەنها بە پێوەرە ستاتیکیەکان ناژی ، بەڵکو بە بوونی مەتەریالی کۆمەڵایەتی و فیکر و کەلتووری سەردەمیش. ))[1]

لەبەر ئەوە ناوەڕۆکی کورتە چیرۆکی کوردی هەڵگری ڕاستیەکی واقعییە لە ڕووی بیرەوە وەك چیرۆکنووس هەستی پێدەکات کە بۆ هەردیاردەیەك لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا ، هەروەك کاتێك چیرۆکنووس باس لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات . وە بەتایبەت هۆکار و لایەنی سیاسی ئەو قۆناغە وای کرد کاریگەری لەسەر ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکەش دروست بکات ، کە ئەمەش هۆکار بوو بۆ دەرکەوتنی هەندێك ڕووداو و دیاردە کە زۆر بابەتی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا .

چیرۆك بەگشتی و کورتە چیرۆك بەتایبەتی جگە لە تێمە سەرەکییەکە چەندین مۆتیڤی دیکەش لە نێویدا دەردەکەوێت لە باسکردنی دیاردەو ئاریشە کۆمەڵایەتییەکاندا ، چیرۆکنووس هەوڵ دەدات ببێتە پێشەنگ و ڕابەری کۆمەڵگەکەی ، هەر بۆیە دێت و هەموو دیاردە نامۆ و نەشیاوەکانی نێو کۆمەڵگەکەی لە (کێشەو چەوساندنەوەی ئافرەت و لایەنەکانی دیکەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لە خۆشەویستی و ئاین دۆستی و هەژاری و نە خوێندواری و بارە سیاسی و ڕۆشنبیریەکان کە پەیوەستن بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە وە هەر لایەنێکی دیکەی ژیان کە پەیوەستن بەژیانی مرۆڤ و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەموو ئەو جۆرە تێمانەش بۆ مەبەستی هۆشیارکردنەوە و بەئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگەکەیەتی لەو دیاردانە کە هەیەتی مرۆڤەکان بێ ئاگان لە ناشرینی هەندێك لە و کێشە و دیاردانە ، کە چیرۆکنووس هەوڵ دەدات بۆ خستنە بەرچاو و ڕاستکردنەوەی ئەو دیاردانەی کە کۆسپ و تەگەرەن لە بەردەم پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵگەی کوردی ، دەشکرێت بەرێگەی ڕەخنە لێگرتنێکی ئەدەبییانە ئەو دیاردانە بخاتەڕوو وە وابکات کۆمەڵگە بەرەو هۆشیاری و تێگەیشتن لەژیانە کۆمەڵایەتییەکان ببات ، چونکە وەك دەزانین (( ئەدەب لە کۆمەڵگادا ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی واقعە کۆمەڵایەتییەکەیە ، بەم پێیەش ئەدەب ئەرك و دەلالەتە کۆمەڵایەتییەکەی لەوەدایە کە دەبێ ببێتە پێناوێك لەو ململانێیە لە ڕێی وشیاریی کۆمەڵایەتییەوە بەخزانە ناو جەماوەر .))[2]

کورتە چیرۆك تێمەو مۆتیڤە کۆمەڵایەتیەکانی لەو واقعە وەردەگرێت کە تێدایەتی ، ئەوە بەو مانایە دێت کە هەوێن و تێمی کارەکانی(واقعە کۆمەڵایەتییەکەیە) لە هیچ کاتێك و سەردەمێك دا چیرۆك لە کۆمەڵگە دانەبراوەو لێی دانابڕێت ئەمە بە تایبەتتر لە کورتە چیرۆکدا زۆر بەدی دەکرێت، کە ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگە هەن وە ڕوو دەدەن چیرۆکنووس لە ڕێی گێڕەرەوە دەیگێڕێتەوە لە چوارچێوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ، بەڵام کێشە کۆمەڵایەتییەکان تەواو تەواو -

---

١ - لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیی بۆ ئەدەب وەك ڕەگەزێك لەڕەگەزەکانی کەلتوور ، د .سەمیر ئیبراهیم حەسەن ، و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە ، ل١٣٠

٢- ڕەخنە وئایدیۆلۆژیا ،حەیدەری حاجی خدر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما ، چ١ ، هەولێر ، ٢٠٠٥، ل ٣٢

ناگوێزرێتەوە بۆ نێو کارە ئەدەبییەکە ، بەڵکو بەشێوەیەکی هونەری ئەندێشەی ئاوێتە دەکات بۆ بەهونەریکردنی، ئاشکراشە کە ئەو جۆرە کورتە چیرۆکانە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان بەرهەمی هێناوە وە ئەو پەیوەندیەش کە کورتە چیرۆك و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە دەبەستێت مرۆڤە ، مرۆڤیش هەموو ئەمانە لەڕێی زمانەوە بە جێ دەگەیەنێت .چیرۆکنووسان سەلیقەو توانای خۆیان بەڕوانین بۆ دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەریەك لە لای خۆیەوە تێمێکی لەواقیعە کۆمەڵایەتییەکە وەرگرتووە و لە کورتە چیرۆکێکدا بەشێوەیەکی هونەری نیشانمانی دەدەن .

بە نموونە (حسام حەکیم) لەکورتە چیرۆکی (سەماکەرەکان) دا کە یەکێکە لەو کورتە چیرۆکانەی لەنێو قۆناغەکەدا بەشێوەیەکی ئەدەبی بەرز دەردەکەوێت و جیاواز لە بەرهەمی چیرۆکنووسانی دیکە کە شێوازێکی تایبەت بەخۆی و شێوازێکی بەرزی لە داڕشتن و چڕی و وشە بەکارهێناوە ، لەم چیرۆکەدا (یاسای دارستان) بەدی دەکرێت لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدا ، بەوەی کە زۆرجار ئەو مرۆڤانەی دەکەونە ژێر دەسەڵاتی کەسانێکی دیکەوە ، یان ناچاری و خراپی بارودۆخ ئەوەیان بەسەر دەهێنێت ، یاخود کەسانێك هەن خۆیان ئەو جۆرە ژیانە هەڵدەبژێرن بۆ بەڕێوە بردن و بەردەوامی ژیانیان ،واتە ئەم جۆرە کەسانە خۆیان دەبنە بچووکی کەسانێکی دیکە کە جۆری دووەم لە مرۆڤایەتی و سیفەتی مرۆڤێتی دەردەچن و کەسانێکی خراپن بۆ کۆمەڵگە ،و پێویستییان بە وشیارکردنەوە هەیە ، چونکە ئیدی لەو بارودۆخەدا مەست بوون و ناتوانن بچوکێتی وەك ئەوەی لە نێو ئاخاوتنی کارەکتەرەکاندا دەردەکەوێت کە کەسێکی یاخی لە نێویاندا دەردەکەوێت بۆ دۆزینەوەی ئەو خودانەی مردوون و بوون بە داووڵ بە دەست یەکترییەوە ، وە ناوهێنانی سێ بابەتی گرنگ کە کەسەکانی چیرۆك ناتوانن بە دەستی بهێنن ئەوانەش ( بەختەوەری ، سەربەستی ، ستایش)ە تێمی کارەکەش سەردەم و چەرخێك نیشان دەدات ، کە بەزەیی و سۆز و مرۆڤایەتی لە نێوان مرۆڤەکاندا نەماوە و ڕووە دڕندە و شاراوەکەی مرۆڤ لەوێدا دەردەکەوێت ، وە هەروەها بەکارهێنانی مرۆڤەکانە وەك ئالەتێك بۆ بەڕێوە بردنی ژیانی کەسە بەرزەکان وە ئەوە دەردەکەوێت کە هەمیشە و هەموو کات بەهێزەکان لاوازەکان بەکاردەهێنن و دەیانکەنە هۆکارێك و بەسەریاندا دەپەڕنەوە ، ئەمەش لەهەموو سەردەمەکاندا دەبینرێت بەڵام بە فۆرمی جیاواز . هەروەك ئەوەی دەزانین کە دەکرێت لە (دال)ەکانی چیرۆکەوە لە ناوەڕۆك دانەبڕێین بە نموونە گەر کێڵگە واتاییەکانی (سەما) وەربگرین ، ئەوە دەبینین :

سەما ↓

جوڵە ↓

خۆشی ↓

چێژوەرگرتن ، بەڵام لە کورتە چیرۆکی (سەماکەرەکان)دا، چیرۆکنووس سەمای بۆ مەبەستێکی دیکە بەکاریهێناوە:

سەما ↓

بە زۆر جوڵە پێکردن ↓

ناخۆشی و نائارامی ↓

چێژوەرنەگرتن ))[1]

---

١- سەماکەرەکان ، حسام حەکیم .

هەروەها چیرۆکنووس ( د.کاوس قەفتان ) لەکورتە چیرۆکی ( مینەش گۆڕا )[1] وەك بابەتێکی کۆمەڵایەتی هەوڵی داوە چەند مۆتیڤێك نیشان بدات بەشێوەیەك کە لەیەك نزیکییەك لە نێوانیاندا هەیە و لەگەڵ جۆری تێمەکە بە نێو یەکدا چوون ، ئەوانەش ( بیروباوەڕی ئایینی ، ناڕۆشنبیری تاك ، جیاوازی نەوەی کۆن و نوێ ، گۆڕانی نەوەی کۆن و کاریگەرییەکانی نەوەی نوێ ) کە ئەمەی دوواییان تێمی کارەکە نیشان دەدات ، کە دەبینین بوونی ناونیشانیش ڕۆڵێکی یارمەتیدەری هەیە ، کە گۆڕان لە ڕەوتی ژیان و بیرکردنەوەی کەسێك ڕوودەدات ، کە بەهۆی قبوولْ نەکردنی واقیعی سەردەم کە بۆ هەبوونی هەندێك بیروباوەڕی ئایینی کە لەسەری پابەندبووە وای کردووە کە نەوەی کۆن نەتوانێت هەموو شتێك لەسەر خۆی قبوولْ بکات ، بە تەنیا ئەوە نەبێت کە لە ڕابردوودا پێی گوتراوە ، وە هەبوونی جۆرە نەریتێك لەنێو ئایین کە وای لە کارەکتەر کردووە ، کە دواجار مینە پێشکەوتنی زانست و ئامێری پێشکەوتوو ئەگەرهاتوو ناچارکرا لە بەکارهێنانیدا ئەوە بیبەستێتەوە بە (چارەنووس)ەوە .

هەروەها کورتە چیرۆکی ( ژووری میوان )[2] ی ( د.کاوس قەفتان ) لەگەڵ ئەوەی بابەتەکە پەیوەندی هەیە بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەك نێوان هاوسێکان ، لەگەڵ ئەوەشدا کرۆك(تێم)ی کارەکە زیاتر هەڵە پەروەردەکردنی منالْ و سزادانی هەڵەیە ، ئەوەش منداڵێکی تاقانەیە کەتنێکی کردووە ، کەتنەکەش وروژاندنی شارە زەردەواڵەیە بەسەر سۆفی کەریمی دراوسێیان و لەسەر ئەوە باوکی لێدانی زۆر و زیندانی کردنی لە ژوورێکی چەپەکدا کە بەناو ژووری میوانە لەگەڵ منداڵەکە بەکاردەهێنێت .

کورتە چیرۆکی (زەلامەك ژ رۆژگارەك دی)[3] ی (عصمت محمد بدل) باس لە (نەبوونی دادپەروەرییە و دڵسۆزی و غەدرلێکردن وگەندەڵی )ە کە کەسێك فەرمانبەری حوکمەتە و خەمخۆری هەموو شتێکە بۆ خودی خۆی و کاری خۆی ، بەڵام ڕۆژێك کە دەچێتە دەوام دەبینێت وەرەقەیەك لەسەر مێزەکەیەتی ، کە بڕیاری لابردنی دراوە بەبێ ئەوەی هەڵەیەك لە خۆیدا بەدی بکات ، هەرچەندە ئەو ببووە بەشێك لە مێزەکەی و وەرەقەکان ، ئەو جۆرە بابەتە بۆ قۆناغێك دەگەڕێتەوە کە واستە و واستەکاری بوو بە بەشێك لە کەلتووری ئێمە ، کە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو جێی نەبێتەوە ، بەڵکو بەرژەوەندییە تایبەتییەکان لە هەموو شتێك گرنگتری لێهات ، ئەم جۆرە تێمە کۆمەڵایەتییە واقیعییە تەواو بۆ کورتە چیرۆك لەو قۆناغە گونجاوە وە تەنانەت بۆ ئێستاش و دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە تێمە کە (نادادپەروەری )یە لەگەڵ گیانی هەموو سەردەمەکان دەگونجێت و بە درێژایی ڕۆژگار دەمێنێتەوە ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە چیرۆکنووس لە کۆمەڵگەکەی دانەبڕاوە و توانیویەتی خۆی تەرخان بکات بۆ ئەو بابەتانەی لەگەڵ ڕۆژگار بە پێویستی دێنە نێو بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە .

کورتە چیرۆکی (لالْ)[4] ی (هۆشەنگ شێخ محەمەد) بەهەمان شێوە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو خێزان نزیك دەبێتەوە و هەرچەندە زیاتر بابەتەکە لە دەروونی نزیك دەبێتەوە ، بەڵام هۆکارەکە کۆمەڵایەتییە ، کارەکتەر مرۆڤێکی

---

١- مینەش گۆڕا ، کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د.کاوس قەفتان .

٢- ژووری میوان ،کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) ، د. کاوس قەفتان .

٣- زەلامەك ژ رۆژگارەك دی ، عصمت محمد بدل.

٤- لالْ ، هۆشەنگ شێخ محەمەد .

- بێ دەنگ و بێ دەسەڵات و بەستەزمانە لە نێو خێزانەکەیدا کە گیرۆدەی نەریتی خێزانەکەیەتی ، بەوەی ناچار نییە خۆی بدات بە دەست ئـەو نەریتە خێزانییەوە هەربۆیە هەوڵی یاخی بوونی داوە ، کـە لـە چیرۆکەکەشدا دەردەکەوێت (( دایکی بە سەریدا نەڕاندی « ئەوە بەم نیوە شەوە بۆ نەتۆپیوی .. سەر خۆشی؟!» لاڵ ، رق لەهەموو جەستەی دەباری بە ( ئا.. ئا.. ئا)ی زمانی و بە دەست پەنجە و لەشی دەیویست رق و یاخی بوونی خۆی دەربڕێ .. )) ل١٠٤ ، وە ئەوەی لەم چیرۆکەدا کە جێی سەرنجە دایك ڕۆڵێکی ناشرینی پێدراوە ، جیاواز لەوەی دایك هێمای پاکی و بێگەردییە ، جا هۆکارەکە هەرچییەك بێت بۆ ئەو دڵڕەقییەی دایکەکە ، ئەوە گرنگ نییە ، بەڵکو ئەوەی جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە بێ دەسەڵاتی کارەکتەرە کە نەیتوانیووە خۆی لەو واقیعە دەرباز بکات و نەیتوانیووە کەسێك بێت دەسەڵاتی خۆی دەربخات ، لەبەر ئەوە لە کۆتایی کورتە چیرۆکەکەش دەردەکەوێت کە چەند لاوازە و ناچار تفێك دەکاتە ڕووی خۆی ، کە ئەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دواجار کارەکتەر خۆی داوە بە دەست ئەو چارەنووسەی دایك و خوشك و براکەشی تێیدابوون . هەروەها چیرۆکنووس(انور محمد طاهر) لە کورتە چیرۆکی (سەعەت)[1] دا دیمەنی سەعاتێکی کۆنی هەڵواسراو نیشان دەدات و بە باشی بە سەعاتێکی دیکەی بەستووەتەوە ، وە کاتژمێریش تەنیا سیمبولـی ژیانی مرۆڤێك نییە ، وە لـە ڕێی ئـەو چەند مۆتیڤەی لـە نێو کـورتـە چیرۆکەکەدا خـراوەتە ڕوو لـەوانـە (پابەندبوونی نەوەی کۆن بە ڕابردووەوە کە ڕێ لە نوێخوازی دەگرێت ، ململانێی نەوەکان ، بەهای شتی دێرین لای کەسانی نەوەی کۆن )کە هەڤرکێیەکی ڕاستەقینەیە کە نەوەی کۆن زیاتر لە هەوڵی پاراستنی کەلتوور و کەلەپوری نەتەوەکەیدایە ،ترسی لە گۆڕان هەیە و دەیەوێت ڕابردوو بپارێزێت ، واتە بەردەوام لە هەوڵی ( پیرۆزکردنی ڕابردووە) وەکو داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی کە خاوەنی مێژووی خۆیەتی و پاراستنی شتانێك بە ئەرکی شانی خۆیانی دەزانن و زۆر رکمان (عیناد) و توندن لەو مەسەلانەدا ، بەڵام نەوەی نوێ بەو شێوە و بایەخەوە ناڕوانێتە شتەکان ، دەکرێت وەك ئاماژە تێمی بابەتە کۆمەڵایەتییەکە ببینین ، کە (ململانێی نەوەکانە) . چیرۆکنووس (عەتا محمد ) لە کورتە چیرۆکی (یاقووتی ئازار )[2] دا قوربانی دانی کەسێك بە ژیانی خۆیمان نیشان دەدات لە پێناو خۆشبەختی کەسانێکی دیکەدا وە لە هەمان کاتدا باس لە پارەپەرستی و چاوچنۆکی دایك و باوکێك دەخاتە بەر ڕۆشنایی کورتە چیرۆکەکەی کە هەڵگری تێمەکەی بابەتێکی کۆمەڵایەتی واقیعی کچی وڵاتەکەمە ، چیرۆکنووس هەوڵی داوە ئەو چاوچنۆکییەی دایك و باوکەمان نیشان بدات کە چەند بێ بەزەیین لە ئاست ئازارەکانی کچەکەیاندا ،ئەمە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خراوەتە ڕوو ، کە نارۆشنبیری و هەژاری هۆکارن لە درووست بوونی ئەو پارەپەرستی و بێ بەزەییەیاندا کە خێزانێك کچەکەیان کردووەتە قوربانی بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان ، کە قوربانیدانی مێینە بەشتێکی کەم وبێ نرخ دەبینرێت ، کە تەنانەت لە دواییەکانی ژیانیدا بەردەوام باس لەوە دەکات کە ئازارەکانی چەندە زۆرن (( وا خەریکە پشتم شەق دەبات .. هەست دەکەم گۆشتەکەی رزیبێت !! ))ل١٧٤ کە تا ئەو کاتەش خێزانەکەی هەر داوای یاقووتی زیاتری لێدەکەن ، هەروەها وەك مۆتیڤێکیش دڵسۆزی کچەکە نیشان دەدات ، کە پاشەڕۆژی ئەو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو مەرگەساتی تر دەچێت ، بەڵام هەموو کات بێدەنگی کچی کورد وای کردووە کە کردوویەتییە قوربانی ، کە بە نموونە لەم چیرۆکەدا کچەکە کراوەتە سەرچاوەی بژێوی ژیانیان .

---

١- سەعەت، کۆمەڵە چیرۆکی (پێکۆڵەك بو دانانا پانۆرامایەکێ بۆ جارا رۆژ غەیری) ، انور محمد طاهر .

٢- یاقووتی ئازار ، عەتا محمد .

چیرۆکنووس (ئازاد هیدایەت حەسەن) لە کورتە چیرۆکی (خۆشەویستی و ڕاستیەك)[1] باسی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە دەکات ، کە قسە و قسەلۆکی خەڵکی بووەتە ڕێگر لەبەردەمیاندا ، بەڵام پێویستە دواجار کارەکتەرەکان بڕیاری ڕاستەقینە بدەن ، کاتێك خۆیان ڕاستییەکان دەبینن ، ئەوەش هەڵە تێگەیشتنی هەندێك دیاردەیە کە بەبێ هۆ مامۆستا ئارام لە دەرەوەی پیشەکەی خۆی ناتوانێ پیشەی سستەری ژیان قبوڵ بکات ، هەتاوەکو خۆی پیرۆزیی کارەکەی ژیان دەبینێت لەو کاتەی کە خۆی و هاوپیشەکانی بە هانای باوکییەوە دێن و لە مردن ڕزگاری دەکەن ، تێمەکەی وەك لە ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت ( هەڵە نەریتییە باوەکانی کۆمەڵگە ) نیشان دەدات ، بە شێوەیەك نەریت دەستی گرتووە بەسەر ئەقلییەتە ڕۆشنبیـرییەکانیشدا .

## ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەم شێوانەدا دەردەکەون :

١- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دەستکرد : لێرەدا مەبەست لە وشەی دەستکرد بۆ ئەوەیە کە دۆخێکی کۆمەڵایەتی خۆکردانە نەهاتبێتە بوون ، ئەوەش گەر بەنموونە کەسێك لەنێو کۆمەڵگەدا وەربگرین ، کە شەرم دەکات ئەوا ئەو شەرمەی شتێکی نەگۆڕ نییە لە مرۆڤایەتیدا ، بەڵکو ئەمە دەستکردی مرۆڤە و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت ، تەنانەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەش لە هەمان کۆمەڵگە گۆڕانی بەسەردا دێت ، وە یاخود بە کەم زانینی پیشەی کەسانێکی دیکە ، کە کۆمەڵگەیەك خۆی بووە بە هۆکاری ئەو شێوە بینینە .

٢- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی سروشتی : ئەم شێوەیەی دووەم لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ، تەواو پێچەوانەی شێوەی یەکەمە ئەوەش بەنموونەی ئەوەی کە بە گشتی مرۆڤەکان لە شتێکدا هاوبەشن ئەوەش ئەوەیە کە لە هەموو سەردەمەکاندا ڕۆژانە کاردەکەن بۆ ئەوەی نان پەیدا بکەن و لە برسان نەمرن و خۆش بژین ، بەو ڕێیە دەتوانن هەوڵبدەن بۆ بەردەوامی ژیانیان ، وە یان بەو شتانەی بە دەستیان دەکەوێت و بەخت یاوەریان دەبێت دڵخۆش دەبن وە بەو کەس و شتە گرنگانەی لە دەستی دەدەن خەم دەیانگرێت و بێزار دەبن .

---

١- خۆشەویستی و ڕاستیەك ، ئازاد هیدایەت حەسەن .

**ب- لایەنی واقیعی ونەتەوەیی :** زۆر لە کورتە چیرۆکەکانی قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕین بە تایبەت کە باس لە کورتە چیرۆکی کوردی دەکەین دەبینین زۆر لە چیرۆکنووسان (تێم) و بابەتی کارەکانیان هەڵگری تێمە واقعیی و نەتەوەیی و سیاسیەکان بوون ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەوسەردەمە و ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەکەدا دروست بوون لەوانەش ڕاپەرینی گەلی کورد دژی ستەم و زوڵمی بەعسییە فاشستەکان لە ساڵی ١٩٩١ و ئازادکردنی چەندین شارو شارۆچکەی کوردستان ، چیرۆکنووسانیش هەموو ئەوانەیان کردە تێم لە کورتە چیرۆکەکانیاندا تاوەکو بیانخەنە بەرچاو و دڵی خوێنەرانیان لە قاڵبێکی هونەریدا ، وە دەکرێت بڵێین بە شێوەیەکی بەرچاو خراونەتەڕوو وە ئەم مێژووە بوو بە بابەت بۆ نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئێمە و وشەکانی (ئازادی و سەرهەڵدان) بوون بە سمبولی بابەتە جیاوازەکان و تۆمارکران ، هەر لەوکاتەدا چیرۆکنووسان زیاتر بایەخیاندا بەلایەنی شوێن وە وەك پێناسەیەك بۆ مۆرکی نەتەوایەتی و کێشە و بارودۆخی سەختی نەتەوە و دەرخستنی ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد و ناساندن و ناسینەوە و پابەند بوون و شانازیکردنی چیرۆکنووسان بەنیشتمان و نەتەوەیان . کە کاریگەریەکی بنەڕەتی لە گەشەسەندن و بەرەو پێشەوە بردنی هزر و بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیری تاکی کورد هەبوو کە ببوو بە بەشێکی هەرە زیندوو و پیرۆزی خاك و نەتەوە ، کورتە چیرۆکی دەیەی دوای ڕاپەرین سودێکی زۆری لە و بارودۆخ وسەردەمە وەرگرتووە ، لەگەڵ ئەوەش دا هەندێك چیرۆکنووس خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەیین و توانیویانە زۆرێك لە سنوورەکان ببەزێنن و ببنە داکۆکیکەر لە سەر ئارێشە نەتەوەییەکان کە ئەمە لەهەموو ئایدۆلۆژیایەکی دیکە و هزری دیکە گرنگتر بووە و توانیویانە دەقی خۆیان لەسەر ئەم ناوەڕۆکانە بنیات بنێن ، هەموو تێمەکانی بابەتە نەتەواتییەکەی ژیانی واقعی و نەتەوەیی و بە چاوی ناسیونالستێك وێنە بگرن ، سەرەڕای ئەوانەش چیرۆکنووسانێك هەن بۆ ئاشکرانەکردنی تێمەی کارەکانیان چ بە مەبەست وە یان بە بێ مەبەست ( هێما ) یان بەکارهێناوە ، کە ئەوەش پەیوەندی هەبووە بەو بارودۆخەی چیرۆکنووس تێیدا ژیاوە ، یاخوود بۆ بزواندنی خوێنەر وە یان بۆ جوانی ئیستاتیکای دەق وە یان بۆ هەر مەبەستێکی دیکەی بێت . دەگوترێت کاری چیرۆك ئەوە نییە وێنەی واقعیی وەکو خۆی بگرێت ، بەڵام ئەگەر دابڕاویش بێت ئەوا لە واقیع سنور دەبەزێنێ و دەچێتە نێو چیرۆکە ئەندێشەییەکان ، جا دەبێت ئەوە بزانین کە واقیع لە ڕوانگەی چیرۆکنووس واقعێکی جیاوازترە لەو واقعەی مرۆڤێکی ئاسایی تێیدا دەژی و هەستی پێدەکات . ئەم لایەنە نەتەوەییانە لە کورتە چیرۆکی قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەرین دەخەینەڕوو وە هەوڵ دەدەین تێمە جاوازەکان ئاشکرا بکەین بەوەی هەموو ئەو ڕووداو و نەهامەتی و ئازارانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتوون چ لە ( داگیرکاری و تاڵانی خاك و خۆڵی نیشتمان و بەرگریکردن و قوربانی دان و ناوهێنانی نیشتمان و دەردەسەرییەکان چ لە باسکردنی ڕووداوە مێژووی و واقعیی و نەتەوەییەکان لە شانۆی بەرهەمەکاندا نمایشکراون و پەردە لە سەر هەندێ لایەن هەڵدراوەتەوە) . هەندێك لەو بابەتانە لەدوای ڕاپەرین دەبوونە کرۆکی ناوەڕۆکی ئەدەب و گۆڕانکاری بەسەردا هات و وەك پێشوو نەمان لە بەرئەوەی تەواو ناوچەکانی کوردستان ئازاد بوون لە ژێر دەستەڵاتی داگیرکاری ، ئازادی و دیموکراتی جێی خۆیان گرت وە دەیان ڕۆژنامە دەرکەوتن لاپەڕەکانیان بۆ هەموو نووسەران خرانە سەرپشت ، ئەم وەرچەرخانە دیرۆکییەش ڕۆڵێکی مەزنی بینی لە پێگەیاندنی ژمارەیەك ئەدیب و نووسەر و هێنانەکایەی چەندین بەهرەی نوێ کە بەداهێنانەکانیان جێ پەنجەیان بە سەر خەرمانی ئەدەبی دوای ڕاپەڕینەوە دیارە ، چیرۆکنووسانی ئێمە هەوڵیان داوە ئەو دیمەنانەی کە ڕوویانداوە بیانکەنە بابەت و بیخەنە پێش چاوی خوێنەران و گەلی خۆیان ، بەوەی کە بیریان لەوە کردووەتەوە کە بپرسن وڵات چییە ،

- نیشتیمان پەروەری چییە ، خۆ قوربانی کردن بۆ وڵات چییە ؟! وە ئەوە دەربخەن کە دوژمنانی ئێمە چەند دڕندە بوون لە کوشتن و لە ناوبردنمان هەرگیز تەواو نەبوون تەنانەت لە ژن و گەنج و پیرەمێرد و منداڵی ساواش سڵیان کردووەتەوناچار لە ناویان بردووین ، کە ئەم واقیعە بوو بە ڕەنگدانەوەی باری ڕیالیزمی ئەو سەردەمەی کوردستان کە تێیدا بوو ، کورتە چیرۆکیش تێمە واقیعی و نیشتیمانییەکانی بە تێمی چیرۆکەکانەوە هەڵواسی .

نموونەی ئەوانەش کورتە چیرۆکی ( وەلاتێ نێرگزا )[1] ی چیرۆکنووس ( اسماعیل مصطفی )یە بەشێوەیەکی هونەری ڕووداوێکی واقیعی و بە هەستێکی نیشتیمان پەروەری باس لە کوشتنی منداڵێکی کورد دەکات بە دەستی ڕژێمی بەعس ، کە بە شەهیدبوونی چیرۆکنووس ئەوەی دەرخستووە کە دەیەوێت بە دوژمنانی بڵێت (( ئەڤ ئاخا نێرگزێن وێ بخوینێ شین دبن جهێ وا لسەر نینە دێ هەر مینت وەلاتێ نێرگزا ))ل٨٠ کە چیرۆکنووس دەیەوێت بە دوژمن بڵێت (کورد خۆڕاگرە ، ئەم میللەتە هەرگیز نامرێت ، میللەتی کورد بەرگری لە ئاو و خاکی خۆی دەکات ، بە هیوایە بۆ داهاتوو ) کە ئەمانە چەندین مۆتیڤی دیارن لەنێو چیرۆکەکەدا کە دەکرێت بڵێین لە جۆری ( تێمی بەنێو یەکدا چوو )ی بەکارهێناوە و پەیوەندییەکی پتەو بەدی دەکرێت لەنێو مۆتیڤەکاندا ، وە دەیەوێت ئەوە نیشان بدات دوژمنی مللەتی ئێمە دوژمنی خاکمانە ، دوژمنی ناومانە ، دوژمنی ناسنامەمانە چیرۆکنووس هەوڵی داوە شێوە و بەرگێکی شۆڕش گێڕانەی خێزانێکی کورد بەڕەنگدانەوە لە ڕەفتاری منداڵێکدا نیشانمانی بدات کە مژدەی دڵسۆزی دەدات بە گوێی نیشتیمان ، منداڵەکە لە ئاستی تێمی چیرۆکەکەدا نوێنەری ڕاستەقینەی بیرو هزری تاکی کوردە .

هەروەها چیرۆکنووس (جەمال نوری) لەکورتە چیرۆکی (دایکە ویز)[2] دا هەوڵی داوە واقعێکی تاڵی میللەتی کورد نیشان بدات لەو قۆناغانەی کە تووشی داگیرکاری و تالآنی و دەستدرێژی کردنە سەر نامووسی دایکان و خوشکان هاتووینەتەوە بەهۆی ئەنفال و ڕاوەدونانی خەڵکی گوندەکان و دەرکردنی خەڵك لەسەر زێدی باو و باپیرانیان ، نموونەی دایکێکێکی خۆڕاگر و شەرەف پارێز دەکاتە کارێکی چیرۆکی و کە چۆن تا دوا هەناسەی بەرگری لە خۆیی و جگەرگۆشەکەی دەکات و تا لە توانیدایە پەلاماری ئەو نامەردە دەدات کە دەیەوێت شەرەفی بریندار بکات و دەستدرێژی دەکاتە سەر لەو کاتەی شیر دەداتە کۆرپەکەی ، وە وەك ئەوەی گێڕەرەوەش پێمان ڕادەگەیەنێت کە چۆن دایکەکە ڕووبەڕووی ئەو نامەردە بووەتەوە و پێی دەڵێت :(( - هەی نامەردی سەد پشت نامەرد ؟
چی یاسایەکی زەوی و ئاسمانیی ڕێ بەم کارە چەپەڵەتان ئەدات ! تا توانیی تفێکی خەستی نا بە تەوێڵ و ڕووی شەیتان ئاسایەوە

- ڕێم کە با ساواکەم تێر شیرکەم ..

کە ئەمەی لە زار دەرچوو بەددان و چڕنووکیش کەوتە سەر و گوێلاکی تا پێستی ڕووی داماڵی و لە خوێنا وا شەڵاڵی کرد ! ))ل٣٠ ئەوەش دایکێکی نموونەیی نیشان دەدات و هەموو ئەو ڕووداو و دیمەنانەش بۆ ئەوە هاتوونەتە ئاراوە تاوەکو یارمەتیدەری تێمی کارە چیرۆکییەکە بن و لەوەی هاتووە کە (( هەڵۆ .. نەمرد! شەو بابی هات و گەیاندییە-

---

١- وەلاتێ نێرگزا ، لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هیڤییێن هەلاویستی ) ، اسماعیل مصطفی .

٢- دایکە ویز ، جەمال نوری .

- سەر چیا .. ئێستا هەڵۆ .. پێشمەرگەیەکی هەڵۆ ئاسایە و .. لە تۆڵەی دایکە و وێز و کوردستانی شەهیدیا .. ڕۆژی دەیان جار ئاگر لە گەرووی داگیرکەران وەرئەدا و بەر نەفرەت و .. لەعنەتی تاهەتایی و هەمیشەیی خواو .. ئینسانەتییان ئەخات؟! )) واتە کورد هەر هەبووە و هەر دەمێنێت و هەرگیز لەناو ناچێت و لە پێناو پاراستنی خاکەکەیدا نەوە دوای نەوە قوربانی بدات.

چیرۆکنووس ( حەکیم عەبدوڵڵا (کاکە وەیس) ) لە کورتە چیرۆکی (سێوەکە)[1] دا زیاتر تیشکی خستۆتە سەر دوولایەن کە یەکێکیان بابەتی ڕەگەزی (جنس)ە وە هەروەها بابەتی دووەم (مەسەلەی ئەنفالە) ، کە تەواوی هەردوو بابەتەکە تێکچرژاونەتە نێو یەك و چەند مۆتیڤێك لەخۆ دەگرن لەوانە ( گەڕان لە کەسێك کە لە ڕابردوو بوونی هەبووە ، حەز و چێژی ڕەگەزەکان ، پرسیار کردن لە خود ، ئەنفال و کردنی کاری نامرۆڤانە ) خوێنەر ئەوەی لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەوە بە دەستی دەکەوێت هەست بەوە دەکات چیرۆکنووس زیاتر مەبەستی سەرەکی لە چێژ و خرۆشانی پیرەمێردێکە ، کە تامەزرۆی کەسێکە ناوی (سێوە)یە ، وە لە کۆتایی چیرۆکەکە دەردەکەوێت کە کەسێکی منداڵکار لە خێزانی سێوە ماوەتەوە کە لە پاشماوەی ئەنفالەکانە ، وە پیرەمێردەکە بەهەمان چاو لە جەستە و لەش و لاری ئەو کچە منداڵکارە دەڕوانێ ، لێرەدا دەبینین بابەتێکی واقیعی مێژوویی هاتووە کە (ئەنفال)ە بەڵام لەم کورتە چیرۆکەدا شتێکی زیادەیە و بە ڕەقی هاتووە و بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ تەواوی چیرۆکەکە یەك ناگرێتەوە ، چونکە هەرچەندە لەم چیرۆکەدا باسی ئەنفال و چۆنییەتی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتانی ئەو پرۆسەیە کراوە ، بەڵام چیرۆکنووس ناتوانێت نزیکمان بکاتەوە لە کێشە و ئازاری نەتەوەیەك و ئازاری جەستەیی و دەروونی (سێوە) ، بەڵکو زیاتر گەیاندنی بابەتی سێکس (ڕەگەز)ە لە تەواوی چیرۆکەکە ، دەبینین چیرۆکنووس هەوڵێکی بێ سوودی داوە کە بە نیازە بچێتە سەر باسی ئەنفال و نەتەوە و وا لە خوێنەرەکانی بگەیەنێت کە بۆ مەبەستە نەتەوەییەکە خۆی تەرخان کردووە ، بەڵام ئەوە بە زەقی دەردەکەوێت کە باسی ڕەگەزی لە پێناو بابەتە نەتەوەییەکە بەکارنەهێناوە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵی داوە (ئەنفال) بکاتە هۆکاری زیاتر درێژەدان بە بیر و هۆشی لەسەر لایەنە ڕەگەزییەکە کە (تێم) ی کارەکە لەوێدا بە زەقی دەردەکەوێت ، کە تەواو پێچەوانەی کورتە چیرۆکی (دایکە ویز)ە کە مەبەستەکەی بە پێچەوانەی ئەم چیرۆکەوەیە .

هەروەها چیرۆکنووس (جمیل محمد شێلازی) لە کورتە چیرۆکی (پوستە) [2] دا هەوڵی داوە چەند مۆتیڤێك نیشان بدات ، لەوانە ( خۆشەویستی نیشتیمان ، قوربانی دان لە پێناویدا ، پاراستنی ئەمانەت ) کە لە ساڵی ۱۹۹۰ ئەم کورتە چیرۆکە نووسراوە لە تەواوی واقیعی ڕۆژگارەکە و مێژووی میللەتی کوردەوە وەرگیراوە ، لە ساڵانێکدا پێشمەرگە ڕووبەڕووی دوژمنی داگیرکار دەبووەوە وە کەسانێکی دیکەش زۆر چاو نەترسانە و لەخۆ بردووانە هەواڵ و زانیارییان لە ناو شار و گوندەکانەوە بە ڕێگەی سەخت و جۆراوجۆر دەگەیاندە پێشمەرگە لە شاخەکان ، تەواوی ئەو واقیعە لەنێو ئەم کارە چیرۆکییە دەبینین و بەشێوەیەکی زۆر جوان بە هونەری کراوە و چێژێکی ئەدەبی بەرزی پێبەخشیوە و چیرۆکنووس هەوڵی داوە وێنەکان بەشێوەیەکی بەرز نیشان بدات کە پیاوێکی بەتەمەنی هێناوە(مام ئویسف)لەو کاتەی

---

۱- سێوەکە ، حەکیم عەبدوڵڵا (کاکە وەیس) .

۲- پوستە ، لە کۆمەڵە چیرۆکی (پوستە) دا ، جمیل محمد شێلازی .

ڕۆژێکی سەختی پڕلە بەفر و ڕەهێڵەیە و بە کاروان دەڵێت لەم کاتەدا باش نییە تۆ دەچیتە دەرەوە و ئاگات لە خۆت بێت ، کاروانیش پێی دەڵێت کە پێویستە هەر بچێتە گوندێك بۆ گەیاندنی پۆستەیەك ، لەوەی کە بیری دێتەوە و لە هزری خۆیدا دەڵێت :(( بەلێ چ بکەین ڤیانا مللەتی ، وە ل مرۆڤی دکەت کو مرۆڤ خو گوریکرنێ ب هەر رەنگەکی بیت بدەت !! ... دڤێت ئەز ڤی پوستەی بگەهینمە گوندێ (...) دیارە تشتەکێ گەلەك فەرە ، لەوما شەڤێدی ، پشتی ئەم ژ کومبینێ خلاس بووین ، بەرپرسێ مە گۆت : دڤێت ئەڤ پوستە سوبەهی ب گەهیتە گوندێ (...)!! ))ل٤١ ، تێمی کارەکەش (خەبات و بەرگری کردن و قوربانی دانی گەنجێك نیشان دەدات لە پێناو نیشتیماندا) کە ئەو ئەمانەتەی پێی سپێردراوە لەسەر خۆی کردوویەتییە ماڵ و دەبێت بیگەیەنێت هەرچەندە ڕێگا سەخت و دژوارە بە هۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە و ڕێگاش گیراوە .

چیرۆکنووس(صدرالدین خۆشناو) لە کورتەچیرۆکی (وێران کردن)[1]دا دەتوانین بڵێین ئەوەندەی ڕووداوێکی( واقیعی و مێژوویی ونەتەوەیی) بۆ گێڕاوینەتەوە کە بابەتن و وەك مۆتیڤ دەردەکەون ، ئەوەندە بەرهەمێکی ئەدەبی پێشکەش نەکردووین ، ئەوەش کە وەك تێمی کارەکە دەردەکەوێت باس لە کیمیابارانکردنی هەندێك ناوچەی کوردستان دەکات ، کە تەواو ناوی شوێنە واقیعییەکانی وەکو خۆی بەکارهێناوە ، کە ئەمە بۆ کارێکی هونەری گونجاو نییە و ڕێگە پێدراو نییە ، چونکە کاتێك چیرۆکنووسێك سوود لە واقیع وەردەگرێت دەبێت بە شێوەیەك بێت وا هەست بکەیت کە چیرۆك دەخوێنیتەوە نەك نووسینەوەی واقیع ، وە ناوی شوێنە کیمیابارانکراوەکانی هێناوە کە (سۆرکە، دۆڵی بالیسان ، گشت شارو شارۆچکەکانی کوردستان ، گرد جاسوسانی )یە ، بە تایبەتتر لە کورتە چیرۆکەکە هاتووە (( ئەدی پێتانم نەگوت وا شەماڵ هەواڵی هێناوە و ... کە دۆڵی بالیسان کیمیای پێ وەرکرا !! ئەی نەتان بیستووە کە (شێخ وەسانان) یەکەم جار و یەکەم ئەزموونی کیمیای لەسەر کرا .. بە پلەی یەکەمیش کیمیای پێ وەرکرا .. دار و بەرد و گیا و سەگ و مەڕ و بزن و چێڵ و مریشك و مرۆڤی سووتاند و ، هەناسە بڕبوون ، ئەم گازە چووە نێو سی یەکانیان .. ئەم گازە پێستەیانی سووتاندو .. گشتیان وەکو نەو نەمام هەڵوەرین ..))ل١١٢ کە دەبینین هیچ هونەرێتییەکی تێدا نییە ، بەڵکو هەست دەکەین گوتارێك دەخوێنینەوە لە بارەی کیمیابارانکردنی گوند و ناوچەکانی کوردستان .

چیرۆکنووس (نەجیبە ئەحمەد)یش لە کورتە چیرۆکی ( شەوێك ) [2] دا کە باس لە کچێکی زیندانی دەکات لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا کە تەنیا لەبەر ئەوەی کە کوردن زیندانی کراون و سوکایەتی بە شەرەف و کوردبوون و مرۆڤێتییانەوە دەکرێت ، وە ئەوەی کە بووەتە مۆتیڤی دیار لە کورتە چیرۆکەکەدا ( بەرگری لە شەرەف و خاك و خۆڕاگری و زوڵم)ە ، ڕووداوەکانیش واقیعین و نزیکە لە ژیانی لەیلا قاسمی شەهید ،کە یەکەم ئافرەتە لە مێژووی سیاسی عیراقدا کە سزای لە سێدارەدانی بەسەردا درابێت ، وەك دەزانین لەیلا قاسمی خەباتکار و تێکۆشەر لەسەر دۆزی کورد زیندانی کرابوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ، کە ئەمە لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا دەبینین کە (لەیلا) بە پێی چ بڕیارێك لە سێدارە دەدرێت، کە گێڕەرەوە پێمان ڕادەگەیەنێت (( [ بە پێی بڕیاری ژمارە ١١٧ و بە تاوانی کارکردن دژ

١- وێران کردن ، صدرالدین خۆشناو.

٢- شەوێك ، پەپوولەکانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد .

به رژێم ، دادگا لە دوایین دانیشتنیدا و لە شەوی ١٣ لەسەر ١٤ ی مانگی حوزەیران ، بڕیاری خنکاندنی تاوانبار : لەیلا غەریب غەفووری دا و هەر لە هەمان شەویشدا ئەنجام ئەدرێ ] .))ل٣٥ دیارە ( خۆڕاگری) تێمی کورتە چیرۆکەکەی هەڵگرتووە کە لە تەواوی کورتە چیرۆکەکە ئەوە بەدی دەکەین کە چۆن (لەیلا)ی کارەکتەر خۆڕاگرانە و چاونەترسانە لەبەرامبەر دوژمن دەوەستێتەوە ، ئەوەی جوانییەکی تەواوی بە بەرهەمەکە بەخشیووە ، ئەوەیە چیرۆکنووس تەواو واقیعی ژیانی لەیلا قاسمی نەهێناوە ، بەڵکو تەنیا سوودی لێوەرگرتووە و بە شێوەیەکی هونەری دایڕشتووەتەوە .

چیرۆکنووس (شعبان مزیری) لە کورتە چیرۆکی (بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من )[1] دا باس لە کەسێك دەکات کە دوای ماوەیەکی تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ و زێدی خۆی ، بەڵام هیچ یەك لە خێزانەکەی نابینێتەوە ، وە دەتوانین بڵێین تەنیا شتێك کە کارەکتەر لە نامۆبوون ڕزگار دەکات بینینی مام ئوسمانە، کە پیاوێکی بەتەمەنی دراوسێیانە ، کە بە فلاشباك دەگەڕێنەوە بۆ ژیانی خۆشی ڕابردوو هەروەها مام ئوسمان هەموو شتێکی لەبارەی خێزانەکەیەوە پێدەڵێت ، وە ئەم کورتە چیرۆکە ڕووداوەکانی لە واقیعی ژیان وەرگیراوە و لە قاڵبێکی هونەری بەرزدا داڕێژراوە کە تێمەکەی باس لە (ڕەوەکە)ی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دەکات کە گەلی کورد لەبەر ستەم و زوڵمی ڕژێمی داگیرکاری بەعس لە باشووری کوردستان ڕوومان لە وڵاتانی دراوسێ کرد بوو ، لە کورتە چیرۆکەکەدا کارەکتەر کەسێتییەکی بە نموونە هێناوە لە خێزانێکدا ، کە هەوڵی داوە لەو ڕێیەوە واقیعی ژیانی نەتەوەیەك نیشان بدات ، وە ئەوەش لە چیرۆکەکەدا بە مۆتیڤەکانی (جەنگی ڕەش ، تالانی ، ڕەڤین ) هاتووە . کە لە ئاخاوتنی کارەکتەر و مام ئوسمان دەردەکەوێت ، کاتێك کارەکتەر دەپرسێت ((- مالا مە کیڤە چووینە ؟

- هەمی ژ بەر جەنگا رەش رەڤین و دەرکەڤتینە ))ل٢٦ وە جارێکی دیکە بۆ جەخت کردن ئەوە هاتووە کە ئەم میللەتی کوردە تووشی دەربەدەری و ڕاوەدوونان بووە ، لە ئاخاوتنی مام ئوسماندا دەردەکەوێت : ((- رەحما خودێ گەلەکە چەوا ب (٢٤) بیست و چار دەمژمێرا ئەڤ باژێرە ڤالا بوو هەکە خودێ حەز بکەت دێ وەسا ژی تژی بیتەڤە و خەلکی وێ جارەکا دی زڤریتە ل سەر کارێ خۆ . ))ل٢٧ ، وە بۆ گەیاندنی تێمەکە کە خاڵی هەرە دیار و بەرچاوی چیرۆکەکەیە ، گێڕەرەوەی هەمووشتزان لە دواساتەکانی چیرۆکەکە بە بیرمان دەخاتەوە و هۆکاری هەرە دیاری بێکەسی کارەکتەر پێمان ڕادەگەیەنێت (( مامێ ئوەسمان لدویڤ وی را دەرگەهێ دەرڤە پێڤەدا و پێکڤە چوونە مالا وان دابۆ وی سەرهاتی یا ڕەڤینا خەلکێ باژێری بدوماهیك بینیت . ))ل٢٧

چیرۆکنووس ( موەفەق دەرگەلەیی ) لە کورتە چیرۆکی ( وڵاتم لەوێ یە! )[2] دا هەوڵی داوە چەند بابەتێك بخاتە ڕوو وە چەند مۆتیڤێکیش نیشان بدات و هەر لەوێوە تێمی کارە چیرۆکییەکەش دەردەکەوێت کە بە توندی بە نێو یەکدا چوون ، ئەوانەش ( تاراوگە، پەیوەندی کورد لەگەڵ ئایین و نەتەوەکانی دیکە ، ، هۆگری بۆ خاك و نیشتیمان ، ناساندنی کورد وەك میللەت) ، کە بەمە چیرۆکنووس هەوڵی داوە زۆر بابەتی گرنگی مێژوویی زیندوو بکاتەوە ، لەوانە پەیوەندی نێوان کوردەکان و جولەکەکان کە ساڵانێك پێکەوە بە برایەتی لەگەڵ یەکتر لە کوردستاندا ژیاون و -

---

١- بەرپەرەکێ دی ژ ژیانا من ، شعبان مزیری .

٢- وڵاتم لەوێ یە! ، موەفەق دەرگەلەیی .

پەیوەندییەکی پتەویشیان پێکەوە هەبووە ، هەمموو ئەمانەش لە ڕێی یەکتر ناسینی کوڕێکی کورد و کچێکی جولەکەوەیە کە لە نێو فڕۆکەدا ئەو باسانە دەکەنەوە و یەکتر دەناسن ، دواتر کوڕە کوردەکە هەر لە چاوەڕوانی کچەکەدا دەمێنێت کە پەیوەندی پێوە بکات و لە بارەی ژیانی و قسەکانییەوە شتێکی بۆ بنووسێ ، کە نزیکە لەوەی کورد چۆن هەتا ئێستاش چاوەڕێی دەستی یارمەتی ولاّتانی زل هێزە کە هاوکاری بکەن لە تەواو ناساندنی ئەم نەتەوەیەدا کە ئەمە بووەتە (تێم)ی کارە چیرۆکییەکە ، چونکە کارەکتەر زۆر جەخت لەسەر کوردبوونی خۆی دەکاتەوە ، کە لە دەمی گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە تێبینی ئەوە دەکەین ، کە کارەکتەر دەڵێت: (( من — خەڵکی کوردستانم .

ئەو — کوردستان کەوتۆتە کوێ ؟

من — کەمێك باسی شوێنی جوگرافیا و مێژووی نیشتمانەکەی خۆمم بۆ کرد . ))ل٦

هەروەها چیرۆکنووس (ئارام کاکەی فەلاح) لە کورتە چیرۆکی (سەعاتی سفر)[1] دا کە شێوازی ڕەخنەی ڕیالیزمی تێدا بەکارهێناوە ، بەوەی ڕەخنە لەو دوو حیزبە دەسەلاّتدارە دەگرێت کە هەمموو شتێکی ولاّت لە بەر دەستیاندابوو و هەر یەکەو هێزێکی دەرەکی هێنابوو بۆ یارمەتیدانی خۆی ، وە باسی (شەڕی ناوخۆ) لە هەرێمی کوردستان بووەتە تێمی کارەکە ، کە لە قۆناغێکی سالاّنی نەوەدەکاندا هەردوولا شەڕیان ڕاگەیاند و تۆوی دووبەرەکی و دوژمنایەتی و براکوژییان لە نێوان ڕۆڵەکانی ئەم میللەتەدا چاند و دواتر هەوڵیی ڕێکخستنەوەیاندا و ڕێککەوتن بەوەی لە کورتە چیرۆکەکەشدا دەردەکەوێت (( باسێکی گرنگی تریش کە هاتە پێشەوە ئەوە بوو کە هیچ لایەك نابێت هێزی تر لە دەرەوە بهێنێت ، جا چونکە هەردوولایان ، چەند جارێکی زۆر ئەم کەتنەیان کردبوو ، جا یەکسەر هەردوولا ڕازی بوونی خۆیان دەربڕی و سەعاتی سفر دەستیپێکرد . ))ل ٨٠ وە زۆر کەس لە چیرۆکەکەدا زەرەر مەندبوون هەروەك چۆن لە واقیعی تاڵی ئەو کاتەشدا لە زەرەر و زیانی شەڕ بێبەش نەبوون ، وە بە شێوەیەکی هونەرییانە چیرۆکنووس هەوڵی داوە سوود وەربگرێت لە وێنەی شەڕی دوولایەنەکە بەوەی کە بەردەوامی دەبێت و چیدی خۆشی و ئاسوودەیی نابینرێتەوە لە ناو ماڵی کورددا کە ئەمە لە کۆتایی چیرۆکەکە دەردەکەوێت ، کاتێك گێڕەرەوە دەڵێت (( تاقە شتێك کە بۆ هەمموان زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو ، ئەوەبوو ، کە ئیتر لەمەولا بە هیچ جۆرێك نابێت لەم کۆلاّنەدا شەڕە بەفر بکرێت . ))ل ٨٤ کە ئەمە ئەوە دەردەخات کورد ناتوانێت ماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە و چیدی بە ئاسوودەیی بژی .

هەروەها چیرۆکنووس (جلال مصطفی) لە کورتە چیرۆکی (تایێ بە ڕوییێ) [2] دەبینین بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ واقیع و مێژوودا کردووە ، کە خۆی بە خەمخۆری میللەتی خۆی زانیووە وە بووەتە بارهەڵگری بۆ دیاریکردنی بابەتێکی تراژیدی لە چوارچێوەی بینینەکانی خۆی بۆ ئەو کارەسات و ڕووداوانەی بەسەر میللەتی ئێمەدا هاتوون ، کە چیرۆکنووس بەچاوی خۆی بینیویەتی ، وە توانیویەتی بە شێوەیەکی هونەری و ئەدەبی زۆر بەرز واقیع لە بەرگێکی ئەدەبی ڕەنگ پێبداتەوە و هەمموو ئەو شتانەی بەسەر کارەکتەر (سلۆ) و خێزانەکەیدا هاتووە تەواوی خەڵکی کوردستان دەگرێتەوە وە وای کردووە لەگەڵ دیمەنی ڕووداوەکاندا بڕوات و باسی (ئەنفال) بکات بە تایبەت لە دەستپێکدا کە توانیویەتی ئاماژەی پێبدات بە شێوەی خوازە، وەك دەڵێت (( هەروەکی چویچکا ژی دزانی دێ تەحلی یەکا دژوار بیتە

---

١- سەعاتی سفر ، کۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام کاکەی فەلاح .

٢- تایێ بە ڕوییێ ، جلال مصطفی .

مێڤانەکێ دارگران و خو ل سەر دلێ ڤی واری پەحن کەت ، لەوا تایێت نزم و بن سیڤاندە هێلان و هێلینێت خو ل جهێت ئەڤرازتر نژنین ،...))ل٩٠ ، چیرۆکنووس ئەوە بۆ ئێمە دەردەخات کە نەك هەر تەنیا مرۆڤ بەڵکو گیانەوەرانیش لە وڵاتی ئێمە کە (کوردستانە) هۆڤایەتی و دڕندایەتی دوژمنی ئێمەیان زانیووە و هەستیان پێکردووە ، وە لەبەر ئەوەی کە زانیویانە کەس نییە بیانپارێزێت ، ناچار ڕوویان کردووەتە شاخ و ئەشکەوتەکانی کوردستان ، کە هەموو کات لە هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا بوون بە پارێزەری خەڵکەکەی لە بەرامبەر دوژمن ، وا دەردەکەوێت کە ئەم کورتە چیرۆکە لە ساڵانی پێش ڕاپەڕین نووسراوە کە چیرۆکنووس بە شێوەیەکی زیرەکانە باسی لەو تراژیدیایە کردووە ، وە باسی ئەنفالی کردووە ، بەڵام بە وشە (نا) بەڵکو لە ڕێی مانای چیرۆکەکەوە باسی لەو کارەساتە گەورە مێژووییەی کردووە ، وە لەوەدا نیشانی داوین کە بە لێزمە و بارانێکی سەخت و دژوار باسی لێوە کردووە کە ڕامانی (ئەنفال) دەکات ، چونکە چ جارێك خەڵکی ڕایان نەکردووە لەبەر دیاردەی سروشتی وەك لێزمە و بارانێك کە تووشی برسێتی بن و نەتوانن نانێ پەیدا بکەن ، بەڵام چیرۆکنووس توانیوویەتی ئەو دیمەنە واقیعیە نیشانی ئێمە بدات لە شوێنی (شاڵاوی ئەنفال) وەکو ئەنجامدەرەکەی بە ئێمە نیشان دەدات کە سروشت نییە ، بەڵکو ڕژێمی بەعسی فاشییە کە دەیچوێنێ بەوەی (( مێڤانەکێ دارگران و خو ل سەر دلێ ڤی واری پەحن کەت .))ل٩٠ کە لێرەدا دوژمنی بە میوانێکی ڕەزا قورس چواندووە و لە شوێنێکی دیکەدا بە گورگ ، ئەوەش لەڕێی گێڕەرەوە کە دەڵێت (( هەکو دەنگێ گورگا دگەهشتە گوهێت زاروکا موییێت سورێ وان رادبونەڤە و چەرمێ لەشێت وانێت بچوك تێك دچون .. ))ل٩١ ، بەڵام ئەوەی بووە کرۆکی کارەکە ئەو ئازادییەیە کە گەلی کورد بە دەستی هێنا لە سایەی خەباتی نەپساوەی ، بەوەی گێڕەرەوە باس لەوە دەکات کە دواجار (( ل شەقا شەقا پەرێت کوترێ هشیاربون ژ روناهی یا ئاڤێ نە دشیان چاڤێت خو ڤەکەن .. لەشێت وانێت حەزن جلکێت وانێت بچویك دڕاندبون .. سەر خو بلندکرن چاڤێت وان ب کوترێ کەتن تایەکێ کەسك « بە ڕوییێ ددمێ خوگرتبو .. ))ل٩٢ ، کە چیرۆکنووس لە ڕێگای ( تێم )ەوە دوو قۆناغی ژیانی ژێردەستەیی و ئازادی دەگێڕێتەوە ، کە جگە لە مرۆڤی کورد ، باڵندە و گیانلەبەر و دەشت و چیا و هەموو دیمەنێکی ئەم کوردستانە لە سایەی ئازادیدا بەرگێکی نوێیان پۆشی .

**ج- لایەنی دەروونی :** (تێم)ە دەروونیەکان لە نێو ڕەهەندەکانیدا دەکرێت ببەسترێنەوە بە ژیانی خودی چیرۆکنووس یاخود کەسە نزیکەکان لەچیرۆکنووسەوە وە یان لەگەڵ ئازار و خەم و بێزاری تاك لە ژیان و نائومێدبوون و ڕەشبینی چیرۆکنووسان ، جا ئیدی هۆیەکە تاکە کەسی بێت یاخود پەیوەندی بە بارودۆخی نالەباری کۆمەڵگەکەیەوە بێت چ کۆمەلآیەتی بێت وە یان ڕامیاری یاخود باری ناجێگری نەتەوەیەك وە یان کۆمەڵە مرۆڤێك لە ناوچەیەکی تایبەتی دا ، ئەمە هۆکار بوو بۆ قەلەقی و دڵەڕاوکێی چیرۆکنووس لەژیانەوە گوازرایەوە بۆ کەسایەتی نێو چیرۆکەکان وە بە تایبەتی کورتە چیرۆك .

چیرۆکە دەروونییەکانیش ئاوێنەی ناخی تاك(چیرۆکنووس) ،وەك خواستی چیرۆکنووس کە لە کارەکتەردا دەردەکەوێت و ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژیەتێکی ئالۆز و ناجێگری کەسایەتییە واقعییەکەن لە نێو چیرۆکدا ، کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکیش هەمیشە بە دوای شتێك دەگەڕێن یان ئەوەتا دەیانەوێت تۆڵەیەکی لەمێژینە زیندوو بکەنەوە و بەردەوام بە دوایدا دەگەڕێن تاوەکو مافی خۆیان بسێننەوە ، کەسایەتییەکان لە چیرۆکی ئەو دەیەیەدا بە گشتی نائارام و جێگرن ئەمەش بە هۆی ئەو شڵەژانە دەروونیەی کە واقعی کۆمەڵگەی کوردی تووشی هاتبوو لە سالآنی نەوەتەکاندا لەپێش ڕاپەرین چ ئەنفال و ڕاوەدوونان و کۆچی ملیۆنی لە دوای ساڵی ١٩٩١ و شەڕی ناوخۆ کە کورتە چیرۆکەکان لە ئەزموونەکانی ژیان و ئازار و دەرد و مەینەتییەکانی تاك و مرۆڤایەتی سودمەند بوون وە هەستە بریندارەکان کە ئازاری داون و کاریگەری لەسەر جێ هێشتوون ، چیرۆکنووسان لەناخیاندا دەمێنێتەوە و ئازارەکان لەگەڵیان گەورە دەبن دواجار دەبێت ئەوە لە ناخیاندا هەڵبهێنجنەوە و لە کەسایەتی و ڕووداو و تێمی کارە ئەدەبیەکان دەردەکەون و هەوڵ دەدەن لە هەر سەردەمێك وا لە خوێنەر بکەن هەست بەو دۆخە ناجێگرەی کارەکتەر بکەن . دیارە مرۆڤەکان لە سەردەمی جیهانگیریدا ئەوەندەی زیاتر ڕووبەرووی جیهان دەبنەوە و سەرقاڵی دۆزینەوەو گەڕانی بەردەوامن بە دوای نهێنیەکانی گەردوون ، ئەوەندە لە ناخ و دەروونی خۆیان نزیك نابنەوە کە بە شێوەیەك کەمتر ( خود) خۆی دەناسێت و کەمتر ئاگاداری ناوەوەی خۆمانین هەر لە بەر ئەوە توشی زۆر بارودۆخی ئالۆزاوی دەروونی دەبینەوە . هەوەها ئەمە وا دەکات پەیوەندیە مرۆڤیەکان کالآتر ببێتەوە و تاك بەدرێژایی کاتەکانی لە گەڵ ئامێرەکان و تەکنەلۆجیا سەرقاڵ دەبێت و ئەمەش وادەکات بەهای خۆیان لە دەست بدەن ، بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن کە توشی نەخۆشیە دەروونییەکان دەبن لە ( بێ ئومێدی ، دڵەڕاوکێ ، نامۆبوون بەرامبەر کەسانی دیکە و تەنانەت بەرامبەر بە خودی خۆشیان ، وەترس و گەورەبوونی تەمەن بەنائاگای خود ،...هتد)، بۆ ئەمەش (( سەبارەت بە ڕەهەندی دەروونیی پەیوەند بە کارەکتەرەکانی نێو کورتە جیرۆك باس لە رەوشی دەروونیی کەسەکان و چۆنیەتی دیاریکردنی رەفتارەکانی ناوەکیی و دەرەکیی خودی کەسەکان دەکەین . کەلەبەر ئەنجامی کاردانەوەی خود لە گەل دەوروبەردا و کاریگەری دەوروبەر بەسەر خودی رەفتارەکانی کارەکتەرەکانی ئەو کورتە چیرۆکانەی ، کەزیاتر پانتایی حاڵەتە دەروونییەکانیان پێوە دیارە . ))[1] دەبینین کارەکتەر لە دۆخێکی نالەباردا دەژی و بێزاری لەخۆیدا هەڵگرتووە ، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاگاداری ڕەوش و بارودۆخی کارەکتەر بین و چاوەڕوانی چارەسەربوونی بکەین سەرەرای ئەوە پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە لە کورتە

---

١- سیماو خەسڵەتی کارەکتەر لەکورتە چیرۆکی کوردیی نێوان (١٩٢٥-١٩٥٠) دا ، د.مەریوانی عومەر دەوڵەت ، ل١٠٤

چیرۆکدا زۆر گۆڕانکاری ڕوونەدات و جوڵەو گەڕانی زۆر تێدانەبێت ، لێرەدا تەنیا مەبەست لە گواستنەوە و شوێن گۆڕینی کەسایەتییەکان نییە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەڵکو ئەم پێویستی کەم گۆڕانەش پەیوەندی بە ناوەوە و دەروونی مرۆڤەکانەوە هەیە بە نموونە کەسایەتی کارەکتەر لە حاڵەتێکەوە چەندین جار نەگۆڕێت بۆ حاڵەت و بارە دۆخی دیکە کە ئەگەر کارەکتەر لە بارێکی نالەباردا بێت وانەبێت لە ناکاو بکەوێتە نێو بارێکی ئاساییەوە .

چیرۆکنووس ( هێرش رەسوڵ ) لە کورتە چیرۆکی ( کۆچ )[1] دا ، دەبینین کە کارەکتەرێکی شەرمن و ترسنۆکی هێناوە ، کە کەسێکە حاڵەتێکی وای هەیە کە شەرم لەوە دەکات خۆشەویستی بۆ کچێك دەربڕێت ، هەرئەمە وا دەکات ژیانی تایبەتی خۆی بە پەشیمانی بباتەسەر و ئەو کچە لە دەست بدات ، کارەکتەر خۆشی دان بەو ڕاستییە دەنێت کە چەند شەرم دەکات ، بەڵام هەمووکات ئەم حاڵەتەی تێپەڕاندووە تەنیا ئەوەندەی تەماشای بکات ، چەند جار هەوڵی داوە بە تەلەفۆن لەگەڵی قسەبکات ، بەڵام نەیتوانیووە هەربۆیە دەبینین کارەکتەر لە حاڵەتە دەروونییەی خۆی بێزارە ، کە هەر کاتێك ویستوویەتی ڕازی دڵی خۆی باس بکات نەیتوانیووە ، وەك خۆی دەڵێت (( شەرم بواری نەدام .. ترس نەیهێشت ( ئای شەرم .. ئای ترس .. نازانم بۆ لەو کاتەوە بوون بە مۆتەکە و ، نوستەك ئاسا پێمەوە نووساون ، دەڵێی هەر لەگەڵمدا لەدایك بوون ! ) )) ، وە ئەو کاتەی کارەکتەر بەخۆیدا دێتەوە ئیدی هەموو شتێکی لە دەست داوە ، شەرمیش وەك حاڵەتە سایکۆلۆژییەکە دەتوانین بڵێین (( دیاردەیەکی دەروونی کۆمەڵایەتییە ، هەستێکی ئاساییە بە پلەی چەندێتی و چۆنێتی لای هەر تاکێك هەیە . بە پێی گۆرانکارییەکانی کۆمەڵگە گۆرانی بەسەردا دێت . ))[2] دیارە ئەمە بۆ کارەکتەرێکی کورتە چیرۆکێك تاڕادەیەك شتێکی ئاساییە ، چونکە هەر بە گشتی سایکۆلۆژییەتی کۆمەڵگەی کوردی بۆخۆی سایکۆلۆژییەتێکی شەرمنی هەیە .

چیرۆکنووس (یاسین عومەر )یش لەکورتە چیرۆکی (دارشەق )[3]دا ، حاڵەتێکی دەروونی ناجێگیری کەسێکمان نیشان دەدات، بەڵام حاڵەتە دەروونییەکە بەهۆی جەنگەوە بووە ،کە وای لە کارەکتەر کردووە تووشی ترس و دڵە ڕاوکێ بووە ، بەوەی کاتێك باوکی ناچێت بەدوایدا بۆ خوێندنگە ، هەروەك کارەکتەر خۆی پێمان ڕادەگەیەنێت کە (( لەو ساتەوەی باوکم پێی گوتبووم کە نیوەڕۆ بەهۆی سەرقاڵ بوونی یەوە بە مەسەلەی رۆشتنی بۆ بەرەی شەڕ لەگەڵ دوژمندا نایەت بە شوێنما و دەبێت خۆم بگەڕێمەوە بۆ ماڵێ ، ترس سواری کۆڵم ببوو . ))ل٨٠ لە ڕێگاش ماڵی خۆیانی لێ وون دەبێت ، جا ترس لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت ، لە منداڵەوە بۆ گەورە دەگۆڕێت ، بارێکی خراپی دیکەی کەسێك کاریگەرییەکانی ترس دەگۆڕێت ، وە خێزانیش زۆرجار هۆکارە لە دروست بوونی جۆرە ترسێکی بێ بنەما کە بەزۆر دەچەسپێنرێتە ناخی تاکەکانییەوە ، وە یاخود بارودۆخێکی خراپی وەك (جەنگ) ئەمانە کاریگەرییەکی خراپ لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەجێدەهێڵێت ، هەروەك ئەوەی لە کارەکتەری منداڵ و پیریش

---

١- کۆچ ، هێرش رەسوڵ .

٢- حسێن جەلیل، شەرم- لێکدانەوەیەکی سایکۆلۆژییانە
http://derunnasy.com/babeti_tir/babeti-jimare٣٧٨٠.html

٣- دارشەق ، یاسین عومەر .

ئەوە بەدی دەکەین کە هەموو نا ئارامن و بێزارن ، لەو کاتەی مندالّەکە دەچێتە لای پیاوە پیرەکە تاوەکو دلّی خۆی بداتەوە ، بەلاّم دواتر پیرەمێردەکە لەبەر ئازارەکانی خۆی خۆی پێڕاناگیرێت و بۆ خودی خۆی دەگری ، دیارە چەند مۆتیڤێك لەنێو کورتە چیرۆکەکە دەردەکەوێت لەوانە ( جەنگی درێژخایەن ، بەرگری لە نیشتیمان ، خەم وترسی تاك ، قوربانی دان لە پێناو نیشتیمان ) ، بەلاّم وەك دەردەکەوێت ئەو مندالّەی کە باس دەکرێت هەر هەمان کابرای پیرەیە ، کە لە کۆتایی چیرۆکەکە دەردەکەوێت ، کە بێگومان جەنگ وا دەکات مندالّەکان و گەورەکانیش بە هەمان ئەزموون و تالّیی ژیان تێپەڕن و بە هەمان شێوە ببنە قوربانی ، وەك ئەوەی کە گێڕەرەوە پێمان ڕادەگەیەنێت (( دەیویست لەبەر تریفەی مانگە شەودا خەو بەو ڕۆژانەوە ببینێ کە هێشتا قاچی راستی نەبوو بووە قوربانی خەمەکانی نیشتمان ئەو نیشتمانەی بچوك بۆوە بچوك بۆوە تا هێندەی شەقامێکی لێهات ، بەلاّم لەوێش وازیان لێنەدهێنا و نەیاندەهێشت پشوویەك بدات .. منالاّن راویان دەنا و بەردیان تێ دەگرت و جوێنی سوکیان پێ دەدا .))ل٨٣ ، تێمی کارەکەش وەك بابەتێکی دەروونی دەردەکەوێت لە هۆکار و پاشماوەکانی جەنگ و بەردەوام ژیان کردن لەگەلّ واقیع و ڕابردوو تەنانەت داهاتوویەکی پڕ ئازار و نائارام لە ئەنجامی ڕووداوە تالّەکان .

چیرۆکنووس (ئاکۆ کەریم مەعروف) لە کورتە چیرۆکی (دەلیا لە خەونی تاریکیدا)[1] دا ، هەروەك لە ناونیشانیشدا دەردەکەوێت کە ئاماژەیە بۆ بوونی کەسێك کە لە ناخۆشی و ئازاردا دەژی بەوەی باس لە مردنی کەسێکی ئازیزی دەکات کە باوکێتی ، هەولّی داوە باس لە کچێك بکات کە کەوتووەتە غەم و پەژارە ، لەبەر نەخۆشی باوکی بێ هیوا بووە ، ئەمەش لە تەواوی ژیانیدا ڕەنگی داوەتەوە کە هەست دەکات هەموو شتێك ڕەنگی مردنی لێنیشتووە و وای لێهاتووە توانای هیچ شتێکی نەماوە و بێ ئۆقرە بووە ، وە بەکارهێنان و ناوهێنانی (ئاو) بۆخۆی مانای ژیان و زیندووبوونەوە و بەردەوامی دەدات ، بەلاّم سەرەڕای ئەوەش مەرگ ئاویش دەپۆشێ ، وە هەر شتێك کە بۆنی ژیانی لێبێت ، بەلاّم دواجار بیردەکاتەوە کە نابێت بەو شێوەیە بیربکاتەوە ، کە مردنی باوکی کۆتایی بە هەموو شتێك بهێنێت بۆ ئەمەش پێویستی بەوە دەبێت کە (ڕووبەڕووی خود )ی خۆی ببێتەوە وە لە بەرامبەر خۆی و مەرگیشدا هەولّی یاخی بوون و ڕووبەڕووبوونەوە بدات تاوەکو خۆی ڕزگار بکات ، کە ئەوە تێمی کارە چیرۆکییەکە دەردەخات ، کە بە تایبەت لەوەدا دەردەکەوێت کە کارەکتەر لەگەلّ خۆی دەدوێت (( دەنگێك بەناو تاریکیدا دێت و دەچێ ، دەنگێك کە لە قولاّیی ژیانەوە هەلّدەقولّێ و بانگم دەکات و پێم دەلّێ (ئاو) ))ل١٢٨

چیرۆکنووس (صبیح محمد حسن) لە کورتە چیرۆکی (خەونەك بو هەمی یا )[2] دا ، هەولّی داوە لە ڕێگەی خەونەوە تەواوی ڕووداوەکانی کورتە چیرۆکەکە بگێڕێتەوە ،، دیارە بەکارهێنانی تەکنیکی خەون ئازادی ئاخاوتن بە چیرۆکنووس دەدات وە وشەی (خەون) بەسە تاوەکو دەرگایەك لە فەنتازیا بەسەر خەوندا بکرێتەوە و واقیع بە ئاسانی ڕەت بکاتەوە ، دیارە کە خەون گێڕانەوەی جارێکیتری بینینەوەکانە کە لە ڕابردوودا شوێنێکیان هەبووە لەبەرچاو و لە زەینماندا کە بە زۆری ڕووداو بوون ، وە یاخود تەنیا خەیالاّت و بیرکردنەوەی تاکێکە کە ئەگەر ئەو شتە نەبوایە ئەوا-

١- دەلیا لە خەونی تاریکیدا ، ئاکۆ کەریم مەعروف .

٢- خەونەك بو هەمی یا ، صبیح محمد حسن.

ئێستا شێوەیەکی دیکەی دەبوو ، بە نموونە لەو خەیاڵات و خەون بینینانەی دایکی کارەکتەر هەیەتی ئەوەیە ، کە ئەگەر کوڕەکەی بە قسەی بکردایە و پێش ئەوەی دەستگیری بکەن ، ئەوا ئێستا لە گەڵیدا دەبوو وە هیچیشی لێنەدەهات ، هەموو ئەمەش لە کاتێکدایە کە دایکەکە هەموو شتێکی لەدەست داوە و بە خەون دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەند چرکە ساتەی پێش ئەوەی کوڕەکەی لە دەست بدات کە لەماڵەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دانیشتبوون و قسەی خۆشیان دەکرد ،بەمەش بینینی خەون هەر تەنیا جارێکی دیکەی گێڕانەوەکانە و هیچی دیکە نییە ، چونکە ئەوەی خەونی پێوە دەبینرێت لە دەست چووە ، یاخود هەرگیز بەدی نایەت ، چونکە هەر شتێك کە دەوترێت لە پێش ڕووداوە لە دەست چووەکان ڕێگە چارەی بۆ دانەنراوە و دانانرێت واتە پێشوەخت نەخشەیەکی بۆ ساز نەکراوە ، بەڵکو لە دوای هەموو شتێك خەیاڵ و خەونە سەوزەکان بە بیری ئاقڵانە تێدەپەڕن ، هەموو ئەمەش پەیوەندی بە باری دەروونییەوە هەیە ، وەك ئەوەی کە دایکی کارەکتەر تووشی (نائارامی)یەکی زۆر بووە ، جگە لەوە کارەکتەر بۆخۆشی لەگەڵ هاوڕێکانیدا خەونی چوونە دەرەوەی وڵاتییان هەیە و دەیانەوێت بگەن بە ئاواتەکانیان وەك گەنجێك ، کە لە وڵاتانی خۆیاندا ناتوانن بە ئازادی بژین و خەونەکانیان بۆ داهاتوو بە دەست بهێنن . هەروەها چیرۆکنووس (فاضل عمر) لە کورتە چیرۆکی (خۆتافیرکرن )[1] دا ، هەوڵیداوە لە زاری گێڕەرەوە ناخی کارەکتەر بخوێنێتەوە ، کە ئەمە بۆخۆی نزیکمان دەکاتەوە لەوەی کە چیرۆکێکی دەروونی دەخوێنینەوە ، کە باری شڵەژاوی دەروونی کەسێکمان نیشان دەدات کە بە تاوانکردن لە ڕابردوودا و بەوەی لە ئێستادا هەست بە بەرپرسیارێتی تاکەکەسی خۆی دەکات ، کە تەواوی چیرۆکەکە پەیوەستە بەو بارە دەروونییەوە ، کە ئەوەش (پاککردنەوەی دەروونە) لە ئەنجامی هەستکردن بە هەندێك خەڵەتی لە ژیانیدا و هەوڵی خۆپاککردنەوە دەدات کە بووەتە تێمی دیار لە کارە چیرۆکییەکە ، کە کارەکتەر ڕابردوویەکی تاڵ و دژواری پڕ لە تاوانی هەیە و بۆ ئەو مەبەستە ڕوودەکاتە ماڵی خوا ، چونکە هەوڵ دەدات لەو واقیعەی تێی کەوتووە خۆی ڕزگار بکات کە بووەتە هۆی تێکچوونی دەروونی ، دیارە لە نێو چیرۆکەکەشدا چەند مۆتیڤێك دەردەکەوێت ، لەوانە ( کوشتن ، ڕێگرتن ، شەلاندن ، نامووس شکاندن ) دیارە بوونی ئەم مۆتیڤانە کە ڕووداوی نێو چیرۆکەکەن ، هۆکاریشن بۆ درووست بوونی تێمی کورتە چیرۆکەکە کە ( خۆ پاککردنەوەیە ) ، کە لە کۆتایی کورتە چیرۆکەکە لە زاری گێڕەرەوە دەردەکەوێت ، کە کارەکتەر چۆن لە ناخی خۆیدا دەدوێت (( بۆ خوە گۆت ؛ ئەڤ پەڕانە دەسپێکا خوە تافیرکرنێنە . )) ل٩٥ لەگەڵ ئەوەشدا کورتە چیرۆکەکە کۆتاییەکی کراوەی هەیە ، لەو ڕووەوەی کە ئەو کەسەی ناوەوەی کارەکتەری تاوانبار دەخوێنێتەوە ، ئەمە لەو خاڵەدا دەمانوەستێنێت کە دەکرێت وەها بیربکەینەوە کە لەوانەیە (کارەکتەر) کە دەچێتە ماڵی خوا پەشیمان بێت لە هەموو کردارەکانی ڕابردووی ،بەڵام کاتێك دەڵێت : (( من سەرێ خوە خوارکە سەر ملێ خوە ، ب تی یێ چاڤی لێ ن ێری ... زانی ئەز باوەر ناکەم . ))٩٥ لەوە تێدەگەین کە لەگەڵ ئەوەی دەچێتە ماڵی خوا (حەج) ، دواتر جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەر کارە خراپەکانی . هەروەها چیرۆکنووس (ئەرخەوان) لە کورتە چیرۆکی (کاتم نیە بۆ شێتی )[2] دا ، باس لە کەسێك دەکات کە لە بارێکی دەروونی ناجێگیردایە ، زیاتر کورتە چیرۆکەکە لە شێوەی پرسیار ئاڕاستەکردندایە لەگەڵ نادیار ، بەبێ

---

١- خۆتافیرکرن ، فاضل عمر .

٢- کاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان .

دەستکەوتنی وەڵام ، تەواوی چیرۆکەکەش لە دەوری ئەوەدا دەسوڕێتەوە کە (شێتی چییە؟) لە کاتێکدا کارەکتەر بۆخۆی کاتی نییە بۆ شێتی ، دیارە گێڕەرەوە هەوڵی داوە پرسیارە بنچینەیی و فەلسەفییەکان لەڕێی بارێکی ناجێگیری کارەکتەرێکەوە بکات ، کە پرسیار لە دۆخی گەورەبوون دەکات ، بەوەی (( " باشە ، چی ئەبوو ئەگەر گەورەبوون بە دەست خۆمان بوایە؟ " هەر حەزمان ئەکرد گەورە بین ؟ ئینسان هێندە سەرسەختە حەز ئەکا هەموو شتێ ببینێ . هەر ئەچووین بۆ تاقیکردنەوەی گەورەبوون . ئێ دەبا گەڕانەوە هەبوایە هەر ڕۆیشتن نەبوایە . ))ل١٤٨ ، دیارە ئەم پرسیارانە زۆربەمان ڕۆژانە لە خۆمانی دەکەین ، بەڵام چیرۆکنووس وای نیشانداوە ئەمە جۆرە پرسیارێکن کە مرۆڤێك لە خۆی دەکات ، کە دەروونی ناجێگیر و ئاڵۆزە ، دیارە تێمی چیرۆکەکە باس لە (چارەنووس)ە کە ناتوانین چارەنووسمان بەشێوەیەك بێت کە خۆمان دەمانەوێت ، هەر ئەوەندە دەزانین شتێك لە ژیانماندا ڕوودەدات ، وە ئەو پرسیارانەی کارەکتەریش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە دۆخی وڕێنە کردندایە ، وڕێنەش وەك لایەنێکی سایکۆلۆژی (( بارێکی دەروونیە هەستی تیا تەم و مژاویی ئەبێ لەگەڵ دەربڕینی ئاخاوتنی پڕ و پوچ و نارێك شان بە شانی بێ ئارامی و تاهاتن .))[1] ، کە چەندین بابەت و ئاخاوتنی جیاواز دێتە نێو باسەکەوە ، ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێت دوای ئەو هەموو باس و خواسە ، کە کارەکتەر دەگاتە حاڵەتێك بەهۆش خۆی دێتەوە ، دەڵێت (( " ئۆی خۆ من ووتم کاتم نیە بۆ شێتی ئەوە ئەڵێم چی " ))ل١٤٨

چیرۆکنووس (سلێمان عەبدوڵڵا یونس) لە کورتە چیرۆکی (دیوار و هاوارەکانی خۆم )[2] دا ، هەوڵی داوە سەرنجمان بۆلای باری دەروونی کەسێك ڕابکێشێت ، بەوەی کە کارەکتەر تووشی (گۆشەگیری و دابڕان) بووە لە کەسانی دەوروبەری ، لێرەدا ناوەڕۆکی کورتە چیرۆکەکە (ململانێی) ناخی مرۆڤێك نیشان دەدات کە بووەتە (تێم)ی کارەکە ، ئەمەش بەو هۆیەی کارەکتەر گیرۆدەی کلتوور و نەریتێکە و هەوڵی خۆ ڕزگارکردن دەدات لەو نەریتەی کە بووەتە ژێر دەستەی ، هەموو ئەمەش گێڕەرەوە هۆی وریا کردنەوەی کارەکتەرە کە هەر لە سەرەتاوە پێی دەڵێت (( ئەوە سەری سەدان جارە شریخەی ئەم هاوارە سامناکەی خۆت فرسەت لە تەنیایت وەردەگرێ و ڕاتدەچڵەکێنێ . )) ، وە گێڕەرەوە بۆ کارەکتەر دوو ڕێگای داناوە تاوەکو لە هاوارو ناڵەناڵەکانی ڕزگاری بێت ، یەکێك لەوانە (( دەبێ بە یەکجاری واز لە خۆت بهێنی و بیرکردنەوەت قفڵ بدەیت و هەموو شتێکت بۆ خەڵك بێت ، خواردنت ، نووستنت ، قسەکردنت ، پێکەنینت ، گریانت ، دەبێت هەموو ئەو دەروازانەش داخەیت کە پیایاندا دەگەڕێیتەوە لای خۆت ..... بەڵام زۆر بێگومانیت تۆ لەو جۆرە مرۆڤانە نیت کاری لەم چەشنەت لە دەست بێت .)) دیارە کارەکتەر کەسێکی شاعیر و نووسەرە و ڕای جیاوازی هەیە سەبارەت بە ژیان و ( فەلسەفەی ژیان ، ڕەهەندە دەروونییەکان ، خود پەرستن ، لاواندنەوەی خود ) هاوارەکانیش واتە ئەوەی ناخ و خودی تاکێکی ڕۆشنبیر داوای دەکات ، وە تا دێت بەهۆی ئەو ڕێگرییانەی کۆمەڵگەکەی بارودۆخی دەروونی خراپتر دەبێت و هەموو ئەو هاوارانەش واتە کلتور و نەریتە و هەمیشە لە گوێیدا دەزرنگێتەوە ، ئەمە وا دەکات تا بێت کارەکتەر زیاتر گۆشەگیر دەبێت ، و لە ناخەوە زیاتر هان دەدرێت بۆ

---

١ - فەرهەنگی دەروون ناسی ، ئینگلیزی– عەرەبی– کوردی ، د.عبدالستار طاهر شریف ، چ١ ، مطبعة علاء الوزیریة ، بغداد ، ١٩٨٥ ، ل ٥٦

٢ - دیوار و هاوارەکانی خۆم ، سلێمان عەبدوڵڵا یونس .

– شکاندنی ئەو بێدەنگییەی ، دواجار کارەکتەر خۆی یەکلایی دەکاتەوە کە چ ڕێگەیەك هەڵبژێرێت بەوەی نەك هەرواو لەخۆوە ، بەڵکو بە (قەڵەم)ەکەی و بە ئەقڵانی بتوانێت تەلیسمی هەندێ داب و نەریت بپسێنێ ، بەوەی کەسێکی ڕۆشنبیرە هەربۆیە ناخی کارەکتەرە گۆشەگیرەکە داوای شێوازێکی ئاقڵانەی لێدەکات بۆ گۆڕینی ئەو واقیعەی تێی کەوتووە ، هەربۆیە کارەکتەر لەلای خۆیەوە دەستی کردووە بەو قوربانیدانە ، وەك گێڕەرەوە پێمان ڕادەگەیەنێت لە بارەی کارەکتەرەوە کە دەڵێت (( تۆ هەر خەریکی هەڵکۆڵینی دیوارە بەردینەکەی ژوورەکەت بووی ، دەتویست تا زووە فریای ٣٣٦ هاواری دیلی خۆت بکەویت ، قەڵەمەکەت ورد و خاش بوو بە پەنجەکانت گەرمتر لە جاران کەوتیە هەڵکۆڵین )) وە دواجار گێڕەرەوە بە کارەکتەر دەڵێت (( کونێکی بچوکت لە دیوارەکە کرد ، ئەوەتا یەك بە یەك هاوارەکانی خۆت لەو کونە بچووکەوە سەیرت دەکەن )) واتە دواجار هەوڵەکانی کارەکتەر بێسوود نەبوو بەڵکو توانی لە ئاست خۆیەوە کارێکی گرنگ بکات. چیرۆکنووس (فایەق ڕەحیم محەمەد) لە کورتە چیرۆکی (دوانامەی قەیرەیی )[1] دا ، یەکێك لەو ترسە گەورانەی ئافرەتی کورد تووشی دەبێت قەیرەبوونە ، وە یان پێشوەخت ترسە لەو دۆخەی ڕووبەڕووی بیرکردنەوەکانی هەر مێینەیەك دەبێتەوە کە ئەوەش زیاتر پەیوەستە بە داب و نەریت لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و کەم پێشکەوتووەکاندا ، وە سەرەڕای ئەوەش تووش بوونی کارەکتەر (نەشمیل) بە بارێکی دەروونی ئالۆزی وەك چەپاندن ، ئەمە شتێکی قورس دەکەوێتەوە لەسەر کارەکتەری مێینە ، کە هەردوو حاڵەتەکە ڕوویان تێکردووە و تووشی سەرلێشێوانێکی ئالۆز دەبێت کە ناتوانێت خۆی لە بەرامبەر هەموو ئەوانەدا ڕابگرێت هەر بۆیە دواجار لە نامەیەکدا کارەکتەر هەردوو حاڵەتی ژیانی خۆی بەیان دەکات بۆ ئەو هاوڕێیەی ، کە بە (پەرە خوشك) ناوی دەهێنێت لە زاری کارەکتەرەوە ، کە هۆکاربووە لەو دۆخەی تێی کەوتووە لە چەپاندنی چێژو حەزی ڕەگەزی ، بە تایبەت کارەکتەر زۆر ڕاشکاوانە باس لەوە دەکات حەزە چەپێنراوەکانی خۆی لە هاوسەری هاوڕێکەیدا دامرکاندووەتەوە ، کارەکتەریش جگە لەوەی لە ڕووی جەستەییەوە نەیتوانیووە بە حەز و ئارەزووەکانی بگات ، ئەوەش کە دایکی هۆکار بووە لە گەورە بوونی تەمەنی ، وە دواجار بەرگە نەگرتنی لەو دۆخەی کە ئەنجامێکی نەبووە ، ژیانی خۆی کۆتایی پێدەهێنێت بە سووتاندنی جەستەی ، چونکە لە دواین ساتی نووسینی نامەکە بۆ هاوڕێکەی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناتوانێت لە ناخی خۆیدا بۆ ساتێکیش لە هاوسەرەکەی ئەو جیا ببێتەوە و ناتوانێ بە بێ خەیاڵاتی لەگەڵ ئەودا بژی ، وە هۆکاری خۆ سوتاندنی کارەکتەریش لە ( قەیرەبوونی ) نەترازابوو ، بەوەی (( کاتێك نامەکە گەیشتە شاری (*) باوکی نەشمیل دەستاو دەست کلیلی دەرگای هۆڵی پرسەکەی دایە دەست حاجیبی مزگەوتەکەوە ، کە براکانیشی گەڕانەوە هێشتاکە ماڵ بۆکزی سووتانی لاشەی کچە و سامی قەیرەیی ئەوی لێنەبڕابوو .)) ل٦ ، کە مەبەست سامی داب و نەریت هێشتا لە خێزان و کۆمەڵگەی کوردی دانەبڕاوە وە ئەو هۆکارەکانەش کە مۆتیڤی دیارن لە کورتە چیرۆکەکەدا ( ناپاکی ، بێ ئومێدی لە ژیان ، تێکچوونی باری دەروونی ، زەق کردنەوەی داب و نەریتە هەڵەکان لەسەر ڕۆڵەکانیان ، بێ دەسەڵاتی مێینە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ) ، ڕووداوو و بەسەرهاتی کارەکتەر دەکرێت بڵێین لە واقیعی ژیانەوە سوودی لێوەرگیراوە ، کە ئەمەش هۆکارە لەوەی خوێنەر زوو بچێتە نێو ڕوودا و بەسەرهاتەکان، وە کاتێك ئەو

---

١– دوانامەی قەیرەیی ، فایەق ڕەحیم محەمەد .

کۆتاییە تراژیدییە دەخوێنێتەوە بە بەردەوامی لە بیری واقیعدا دەبێت و ترس دای دەگرێت لەوەی کە ئەمیش بە هەمان دۆخدا تێپەڕ ببێت . هەروەها (مۆنۆلۆگ )یش دەچێتە نێو ئەم ڕەهەندە دەروونییەوە ، کەئەمەش زۆرجار وا لە کارەکتەر دەکات بە (فلاشباك)بگەڕێتەوە بۆ یادگارە خۆشەکان ، وەیان بگەڕێتەوە بۆ (منداڵی) جا بە هەر هۆیەك بێت ، بە نموونە لە چیرۆکی (شەوێك)[1] ی (نەجیبە ئەحمەد) لەگەڵ ئەوەی کە چیرۆکێکی واقیعی نەتەوەییە ، لە هەمانکاتیشدا کارەکتەر (لەیلا) لەو بارودۆخە نالەبارەی تێیدایەتی بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە ناهەموارەی کە تووشی بووە و بارێکی ناجێگیری دەروونی هەیە ، بە فلاشباك دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی منداڵی و بیر لەو ساتە خۆشانە دەکاتەوە کە باوکی یاری لەگەڵ کردووە ، ئەمەش ئەو کاتە هۆکارە کە دەست و چاوەکانی دەبەستنەوە و لەیلاش وەك هەموو جارەکانی دیکە وا دەزانێت ئەم جارەش تەنیا بۆ ترساندنەو گوێیەکانی شل دەکات بۆ ئەوەی ئەو شانۆیەی جارەکانی دیکە ببیستێت کە بە ناو لە کەسێکی مارە دەکەن ، بەڵام لە ناکاو هەست بە ختووکەی ژێر پێیەکانی دەکات و پێکەنینی دێت ، (( ئەو ختووکەیە لەو ختووکانە ئەچوو کە ڕۆژانێك پێنج شەش ساڵانە بوو ، باوکی نیوەڕوان لە دائیرە ئەگەڕایەوە ، کەمێك پاڵ ئەکەوت ، ئەم خێرا هەڵیئەکوتایە سەر سنگی و ئەویش دڵی نە ئەشکان و قەیرێك یاری لەگەڵدا ئەکرد ، چەند جارێك ژێر پێی ئەخوراند . ئەوەندە پێئەکەنی ، تا دایکی ئەهاتە دەنگ و ئەیووت: - بەسە ئیتر ، سکی ئەیەشێ... ئەوسا باوکی هەڵئەسا و بەستەیەك نوقڵی لە گیرفانی دەرئەهێنا و ئەیووت:

- ئەمیش نوقڵ بۆ نوقڵ گیان . خێرا لێی وەرئەگرت و هەڵیئەپچڕی و دانەیەکی ئەخستە دەمی .

- ئای لە تامی ئەو نوقڵە!!

تفێکی قووت دا . تامی نوقڵ و بزەکە هێشتا لەسەر لێوی بوو ، پەنجەکەڵەشی لەسەر جێی خرۆکە بوو )) ل٣٤-٣٥ دواجار کارەکتەری سەرەکی (لەیلا) بە خاك و نیشتیمان و خۆڕاگری گیانی پاکی دەسپێرێت ، و لەیلا لە مێژووی کورد و مرۆڤایەتیدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە ، وەك تێمێکی گرنگ لە (خۆڕاگری) کورتە چیرۆکەکەدا ، وە وەك تێمێکی گرنگ لە واقیعی ژیاندا ، جا لەم جۆرە حاڵەتانەدا (( زانایانی دەروون دەڵێن : مناڵ بوونەوە دوو مەبەستی تێدایە . یەکەمیان : هەڵاتنە لە بارودۆخی ناهەمواری ئێستای کەسەوە بەرەو دواوە بۆ قۆناغێکی بەسەرچووی تەمەن ، کەتیایدا هەستی بەسۆز و ، خۆشەویستی و بایەخی پێویست کردووە .

دووەمیشیان : بژاردنەوە و ، بەسەرکردنەوەو ، دووبارە پێداچوونەوەی قۆناغێکی بەسەرچووی کەسە ، کەلەکاتی خۆی دا وەکو پێویست بەسەری نەبردبێت و لەززەتی خۆی لێ نەدیبێت . ))[2] ، ئەم دوو مەبەستەی مناڵ بوونەوە هۆکاری گرنگن لە شیکارکردنی ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگە ، وە هەر کارەکتەرێك لە چیرۆکێکدا ، چونکە ئەوە ئاشکرایە کە هەر کاتێك مرۆڤێك دەگەڕێتەوە بۆ مناڵی ، ئەوە خۆی هۆکارێکی بەهێز و پاڵنەرە بۆ ئەوە ، لەو ئەزموونە تاڵ و شیرینانەی لە نەستی کارەکتەر و هەر کەسێکی واقیعدا تۆمارکراون و لەگەڵ ژیانی تاکدا دەردەکەون و کاریگەرییان لەسەر لایەنی خۆشەویستی ، ڕق ، شەرم ، بەخشندەیی ، خۆپەرستی ، ڕاستگۆیی ، درۆ ، ئاکاری چاك و خراپ هەیە.

---

١- شەوێك ، پەپوولەکانی مەرگ ، نەجیبە ئەحمەد .

٢- چیرۆکی هونەری کوردیی / شێوەو ، شێوازو ، بونیاد ، زاهیر رۆژبەیانی چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٩٧، ل ١٥

# ئەنجام

# ئەنجامەکان :

**یەکەم :** تێم زۆر زاراوەی لە بەرامبەردا بەکارهێنراوە ، کە کاری ساغکردنەوەی قورستر دەکات ، بە تایبەت لەو کاتانەی بە (بابەت) یان (بیر) دادەنرێت ، بەلاّم ( تێم ) ئەو بابەتە گشتگیر و بیرە سەرەتاییە نییە کە پێش نووسینی کورتە چیرۆکێك لای چیرۆکنووس دروست بووە ، چونکە سەرەتا ئەو بیرە (ئیستاتیکا و هونەرێتی) تێدا نییە ، بەڵکو تێم (بیری سەرەکی)یە لە نێو کارێکی هونەری کە سەرانسەری چیرۆکێك داگیر دەکات ، وە هەر خوێنەرێکیش لە دیدی خۆیەوە بەشێوەیەك دەیخوێنێتەوە .

**دووەم :** ئەوەی لە کۆتایی هەموو چیرۆکێك لەلای خوێنەر جێ دەمێنێت ( تێم و ڕووداو) ی چیرۆکە کە تا ماوەیەکی زۆر دەکرێت لە زەینی خوێنەر بە زیندوویی بمێننەوە و لەوانەشە هەر ئەوانە جارێکی دیکە ببنەوە هەوێنی چەندین کاری دیکە لای چیرۆکنووس خۆی یان چیرۆکنووسانی دیکەش ، چونکە ( تێم )لەو کورتە چیرۆکەی دەیخوێنیتەوە پرسیارە لەوەی دەربارەی چییە !؟

**سێیەم :** گەڕان بەدوای (تێم) ، پێویستی بەوەیە لە نێو ڕووداوەکاندا بۆی بگەڕێین ، تا ئەو کاتەی ڕووداوەکان دەگەنە ئەوەی ببنە پلۆتی کارەکە و لەوێدا بەنێویدا گوزەربکرێ ، تاوەکو (تێم) دەردەکەوێت ئەگەر تەنیا ئاماژەیەکیش بێت ، چونکە (تێم) لە بیناکردنی کورتە چیرۆکدا کاردەکات .

**چوارەم :** زۆرجار تەنانەت سەدەیەکیش یان زیاتر بەسەر بلاّوکردنەوەی چیرۆکێکدا تێدەپەڕێت ، بەلاّم بارودۆخی سەردەمێکی نوێ لەگەڵ هەمان سەردەمی نووسینی چیرۆکی پێشوو دەگونجێت ، ئەوەش بەو هۆیەیە ناوەڕۆك بایەخێکی تایبەتی هەیە و هەڵگری زەمەنە لەنێو باوەشی وشەدا .

**پێنجەم :** جۆری (تێم)ێك هەر تەنها ئەوە نییە هەڵگری مانایەك بێت و دەلالەت بێت لە شتێك ، بەڵکو لە ڕێیەوە خۆت تەرخان دەکەیت بەوەی لە ڕێی ئەو وشانەوە بگەیتە چی؟ ئایا مەبەست چییە لەم چیرۆکەدا؟ هەروەها چۆن کارەکتەرەکان و شوێن و کات و ڕووداو و گێڕانەوە ، لەنێو چیرۆکەکەدا جێگایان بووەتەوە؟ ئەمانە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدان بە جۆری تێمی ئەو کورتە چیرۆکەی دەیخوێنیتەوە .

**شەشەم :** (تێم)ەکانیش بۆ ئەوەی قۆناغێك ببڕن و لێی تێپەڕبن پێویستە گوزارشتەکان و ستایلەکان و چۆنییەتی بیرکردنەوەکان و دنیا بینییەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت و لەو چوارچێوە شێوەییەی تێیدا چەقیان بەستووە و لەو بەرگە کۆنەی تێیدان دەربچن ، بە شێوەیەکی دیکە و بە بیرکردنەوەی نوێوە دەربکەون ، چونکە تێمیش پارچەیەکە کە پێشکەش دەکرێت دەربارەی ژیان و خەڵك ، کە چۆن هەڵسوکەوت دەکەن .

**حەوتەم :** ئەوە دروستە کە جۆری تێمەکان هەر لە دەقە سەرەتاییەکانەوە تا ئاڤێستا و لە داهاتووشدا سنووردارن ، بەڵام ئەوەندەی بەرهەمهێنانەوەی تێمەکانە ئەوەندە دووبارە بوونەوەیان نیە ، بەڵکو دووبارە و چەندان بارە بەرهەمهێنانەوەی تێم و بیرۆکە سەرەکییەکانن ، چونکە تێمەکان بیرۆکەی دانەرەکانیانن .

**هەشتەم :** هەموو چیرۆکێك سەنتەرێکی هەیە ، (تێم)یش لەنێو ئەو سەنتەرە چڕ دەبێتەوە .

**نۆیەم :** چیرۆکنووسانی ئەو قۆناغە بە گشتی دورنەکەوتوونەتەوە لە ڕەهەندە دەروونییەکانیش ، کە شانبەشانی ڕەهەندی واقیعی و کۆمەڵایەتی برەویان پێداوە کە دەکرێت ئەمە ببەسترێتەوە بە ئەزموونی ژیانی چیرۆکنووسانەوە بۆ ئەو قۆناغە سیاسی و ناهەموارەی کە لە پێشتردا تێیدابوون لەوەی ئازادی دەربڕینیان نەبووە .

**دەیەم :** پەیڕەو نەکردنی یەك تێمی سەرەکی لەلایەن نووسەرانی کورتە چیرۆکەوە ، کە بەشێوەیەك لەگەڵ چەندین مۆتیڤ لەو مەودا کورتەی کورتە چیرۆکدا جێی کراوەتەوە و خوێنەر دەبێت بە هەوڵێکی زۆر خۆی یەکلا بکاتەوە .

**یانزەیەم :** کورتە چیرۆکی ساڵانی دوای ڕاپەڕین لە ماوەی دە ساڵی سەرەتای قۆناغەکەدا ، لە ڕووی (تێم )ەوە تاڕادەیەك درێژەپێدەری ساڵانی پێشوو بوو ، لەگەڵ دەرکەوتنی هەندێك ناوی نوێ و هەندێك (تێم)ی نوێ ، ئەوەش لە دوای گۆڕانکاری ڕەوشی سیاسی بۆ دەسەڵاتی خۆماڵی و چۆنێتی ئیدارەکردنی لەلایەنی ئەو دەسەڵاتەوە لە باشووری کوردستاندا ، کە ئەو گۆڕانکارییە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەدەب و هونەر بە شێوەیەکی گشتی ، کە گرنگی زیاتر درا بە لایەنی زمانی و شیعرییەت وە تەکنیکی هونەری گرنگی پێدرا .

**دوانزەیەم :** تێم وەك یەکە و ڕەگەزەکانی دیکە نییە ، هەر بە تەنیا دەربکەوێت و بناسرێتەوە ، بەڵکو لە نێو هەریەك لە ڕەگەزەکانی دیکەدا هەیە وە بەردەوام پەیوەندییەکی نەپچڕاوی هەیە لە نێو ڕەگەزەکانی دیکە کە بونیادی کورتە چیرۆك پێکدەهێنن ، زۆر بە تایبەت لەگەڵ کارەکتەر و ڕووداودا .

**سیانزەیەم :** لە دوای خوێندنەوەی هەر کورتە چیرۆکێك پێویستمان بەوە دەبێت ( تێم )ەکەی بزانین ، بۆ ئەوەی لە چۆنێتی کاردانەوەی خۆمان تێبگەین بەرامبەر بە (بیری سەرەکی) نێو کارە هونەرییەکە ، زۆر گرنگە بزانین چ کاردانەوەیەکمان هەبووە بۆ (تێم)ەکە ، تەنانەت لەو کاتانەش کە نەتوانین بە وشە یاخود بە ڕوونی و ئاشکرایی دەریبهێنین ، دواجار هەر تێم و مەبەستی کورتە چیرۆکەکە وات لێ دەکات گفتوگۆی کارێك بکەیت .

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## * بە زمانی کوردی :

### کتێب


- ئە زموونی خوێندنە وە ، چەند لاپە ڕە یە کی ڕە خنە یی ، نە وزاد ئە حمە د ئە سوە د، چاپ و پە خشی سە ردە م ، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٦

- ئامالّی ڕە خنە و داهێنان ، لێکۆڵینە وەی هونە ری ، ڕزگار سە عید ، چاپ وپە خشی سە ردە م ، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٨

- ئەفسانەی ئەدەبی بالاّ ، د.عەلی وەردی ، و. کامیل مەحموود ، چ٢ ، ٢٠١١

- بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکانی) بەختیار عەلی دا ، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی ، دەزگای موکریانی ، چ ١ ، ٢٠٠٩

- بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا(هێلانە ، ئەژدیها) ، تانیا ئەسعەد محەممەد سالّح ، چاپ و پەخشی سەردەم ، چ١ ، سلێمانی ،٢٠١١

- بینای هونە ری چیرۆکی کوردی ، لە سە رە تاوە تا کۆتایی جە نگی دووەمی جیهانی ، پە رێز سابیر ، دەزگای چاپ و پەخشی سە ردە م ، سلێمانی ، ٢٠٠١

- بەرە و ئاستانە ی ڕۆمان و گۆشە نیگاکان ، عەبدوڵلاّ سە راج ، دە زگای سە ردە م ، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٧

- بیاڤێ خواندنێ ، جلال مصطفی ، چاپخانا هاوار ، چ١ ، دهوك ، ٢٠٠٤

- پەخشانی کوردی ، عەزیز گەردی ، زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٧

- پرینسیپەکانی ئەدەبناسیی بە راورد ، وەرگێڕانی لە روسییەوە : ئەنوە ر قادر محە مە د ، بەرێوە بەرێتی چاپ وبلاّوکردنە وە ی سلێمانی , ٢٠١١

- پە یڤە کان لە گە ڵ نووسەر دە پە یڤن ، ئامادەکردنی : ڕابە ر فاریق , چاپ و بلاّوکردنە وەی سلێمانی ، سلێمانی ، ٢٠١٠

- تەفسیری ئاسان ، نووسینی : بورهان محمد امین ، نوبت چاپ : ششم .

- تەکنیکا ڤەگێرانێ د کورتە چیرۆکێن فازل عومەری دا ، نەفیسا ئیسماعیل ، ژ وەشانێن ئێکەتیا نڤیسکارێن کورد ، چ١ دهوك ، ٢٠٠٥

- جە ڤەنگ دهۆزانا ریالیستیکا کوردی دا دە ڤەرا بەهدینان ١٩٧٠-١٩٩١ عیماد وە یسی خالد ، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ ، ٢٠٠٤

- چیرۆکی هونەری ی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٠) ، حسین عارف ، دەزگای رۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی، چ١ ، بەغدا ، ١٩٧٧

- چیرۆکی هونەری کوردیی /شێوەو ، شێوازو ، بونیاد، زاهیر رۆژبەیانی ، بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری وهونەر ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری / هەولێر ، ١٩٩٧ .

- چیرۆکی نوێی کوردی ، حسن جاف ، مکتبة الوطنية ، ١٩٨٥

- چیرۆکی هونەریی کوردی/شێوە و شێواز و بونیاد ، زاهیر رۆژبەیانی ، دەزگای موکریانی ، چ٢ ، هەولێر ، ٢٠٠٨

- چیرۆکی نوێ ، ئینسانی ڕێبازی نوێ (تیۆری ڕۆمان) ، ئالان رۆب گریی ، وەرگێڕانی : حوسێن شێربە گی ، بلاّوکردنە وە ی موکریانی ، چ١، هە ولێر ، ٢٠١١

- چیرۆکی کوردی ، سابیر ڕە شید ، وە زارە تی ڕۆشنبیری ، هە ولێر ، ٢٠٠٥

- چەند ڕێیەك بۆ دەقی ، صبیح محمد حسن ، ڤەکۆلین ، چاپخانا هاوار /دهوك ، ژ وەشانێن ئێکەتیا نڤیسکارێن کورد، ،چ١ کوردستان ،٢٠٠٤

- خوێندنەوەی کتێب ، ڕۆمان و چیرۆك ، کوردی-بیانی ، جەبار جەمال غەریب ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٢

- دەستپێك لە چیرۆکی کوردیدا ، حەفتاکان و هەشتاکان وەك نموونە ، ئارام سدیق ،چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، چ ١ ، ٢٠١٢

- دە روازە یە ك بۆ ڕەخنەی ئە دە بی نوێی کوردی ، د.هیمداد حوسین ، بڵاوکردنە وە ی موکریانی ، چ٢ ، هە ولێر ، ٢٠١٠

- ڕۆمان وپیشە ی ڕۆمان نوسین ، دایانادا و بتغایر ، ئەژی گۆران ، دە زگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنە وە ی ڕۆمانە وەرگێڕدراوە کان ، بغداد ، ١٩٨٢

- ڕەخنە وئا ید یۆلۆژیا ، حەیدەری حاجی خدر ، لە بڵاوکراوەکانی سە نتە ری لێکۆڵینە وە ی فیکریی وئە دە بی نما ، چ١ ، هەولێر ، ٢٠٠٥

- ڕێبازێن ئە دە بی ، هیڤی بە رواری ، ژ وە شانێن ئێکە تیا نڤیسە رێن کورد ، چ١ ، دهۆك ، ٢٠١٠

- ڕۆمان لە گۆشە نیگای جیاوازە وە ، سە لاح عومە ر ، بڵاوکردنە وە ی مو کریانی ، چ١ ، هەولێر ، ٢٠١٠

- ڕوانین لە دە ق ، لێکۆڵینە وە ی ئە دە بی ، د.تاهیر محە مە د عە لی و د.قومری سە عید عە زیز ، بە ڕێوە بە رێتی چاپ وبڵاوکردنە وە ی سلێمانی ، سلێمانی ، ٢٠١١

- زمانێ رەخنەیا چیرۆکا هونەرییا کوردی ، (کتێبێن رەخنەیی وەکو نمونە ١٩٧٣-٢٠٠٦ ، نەفیسا ئیسماعیل حاجی ،چ ١ ، سپیرێز ، ٢٠٠٨

- سە ودای وتووێژ ، پێکە نین و ئازادی ، میخاییل باختین ، وە ر گێڕانی : د. بە ختیار سە جادی ، بڵاوکردنەوە ی موکریانی ، چ١ ، دهۆك ، ٢٠٠٨

- سیماو خەسڵەتی کارەکتەر لەکورتە چیرۆکی کوردیی نێوان (١٩٢٥-١٩٥٠)دا ، د.مەریوانی عومەر دەوڵەت ، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ، سلێمانی ، ٢٠١١

- شێواز و شێوازگەری ، د. ئیدریس عەبدوللا ، ، چاپخانەی رۆژهەڵات /هەولێر ، لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی زمانناسی کوردستان، چ١ ، هەولێر ، ٢٠١٠-٢٠١١

- فانتازیای گەڕانەوە ، عەتا قەرەداخی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٨

- فە رهە نگی شیکارانە ی زاراوە ی ئە دە بی ، ئەدەب-رەخنە ی ئە دە بی-تیۆری ئە دە بی ، بەختیار سە جادی و محەمەد مەحموودی ، بەرگی ١ ، بڵاوکراوەی ئاراس ، چ١ ، هەولێر ، ٢٠٠٤

- فە رهە نگی زاراوەکانی فە لسە فە وزانستە کۆمە ڵایە تیە کان ، ئینگلیزی-فارسی-کوردی ، فە رشید شە ریفی ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگاوچاپ وپەخشی سە ردە م ، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٧

- فەرهەنگی خنجیلەی جاف ، ئینگلیزی-کوردی ، احسان علی ، بەڕێوە بەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ، چ٣ ، ٢٠٠٧

- فە رهەنگی مەورید(ئینگلیزی-کوردی )، دکتۆر محمد عمر ، کتێبخانەی زانیاری ، چ ١ ، سلێمانی ، ٢٠١٠

- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ، نە وزاد ئە حمە د ئە سوە د ، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ،چ١، سلێمانی ، ٢٠١١

- فە رهە نگی ئە دە بی ، د.موحسین ئە حمە د عومە ر ، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنە ی چاودێر ، سلێمانی ، ٢٠١٢

- فەرهەنگی دەروون ناسی ، ئینگلیزی — عەرەبی — کوردی ، د. عبدالستار طاهر شریف ، مطبعة علاء الوزيرية ، بغداد ، ١٩٨٥

- كورته يه ك له با ره ى ليكۆڵينه وه ى چيرۆكه وه ، لين ئۆلنبيرند- ليزلى لويس ، وەرگێڕانی : سه لاح عومه ر ، چاپ وپەخشی سه رده م ، سلێمانی ، ٢٠٠٣
- کاروباری گێڕانەوه ، زاهیر ڕۆژبەیانی ، دەزگای چاپ وبلاوکردنه وه ی ئاراس ، چ١ ، هه ولێر ، ٢٠١١
- گۆگۆل باوکی پەخشانی ڕووسی ، و: حەمەکەریم عارف ، سلێمانی ، ٢٠١١
- لەناو بازنەی دەقدا ، سەمەد ئەحمەد ، رەخنه و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٣
- مێژووی ئه ده بياتی جيهان ، ئه ده بياتی كۆن وسه ده كانی ناڤين ، بوكنه ر ب.تراويك ,وەرگێڕانی : حەمه كه ريم عارف ، بەرگی يه كه م ، بلاوكردنه وه ى مو كريانى ، چ١ ، دهۆك ، ٢٠٠٨
- ناسکوێژی ، شوکور مستەفا ، چ١ ، ٢٠١٠
- ١٢ نامه بۆ رۆماننوسێکی لاو ، ماریۆ ڤارگاس یۆسا ، و.بۆ عەرەبی/صالح علمانی ، و.بۆ کوردی/شیرین.ك ، له بلاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر ، ٢٠٠٨
- هونه ری شیعر (شیعرناسی) ، ئه ره ستۆ ، وەرگێڕانی له ئینگلیزی وپێشەکی وپه راوێزی :عەزیز گەردی ، چاپ وپه خشی رینما ، چ٢ ، سلێمانی ، ٢٠١١

## گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

- ئێستاشی له گه ڵدا بێت به خۆم نالێم چیرۆکنووس ، ژیان نوری و نه جات نوری ، پاشکۆی ئه ده ب و هونه ر ، ژماره (٢٩٥) ، ٢٠٠٢/٨/١
- جیاوازی نێوان هه قایه ت وچیرۆك ، ئازاد حەمه شه ریف ، گۆڤاری ڕامان ، ژماره (١٦)، مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتی ئازاده ، ساڵی دووەم ، تشرینی یەکه م ، ١٩٩٧
- ستراتیژیا ناڤونیشانی دگەهاندنا رامانا تێکستی دا ، نزار ئورمانی ، گۆڤاری پرێز ، ژ(١) ، سالی ٢٠٠٨
- لەناو دۆزەخ و بەهەشتی نووسیندا ، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ، گۆڤاری گزنگ ، ژ(٩٢) ، ئەیلولی ٢٠١١
- لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیی بۆ ئەدەب وەك ڕەگەزێك لەڕەگەزەکانی کەلتوور ، د .سەمیر ئیبراهیم حەسەن ، و: عەبدوڵلا مەحمود زەنگنه ، گۆڤاری هەنار ، گۆڤارێکی ئەدەبیی ، هونەری ، ڕووناکبیرییه ، ژ٥٩ ، ساڵی پێنجەم ، دیسمبری ٢٠١٢
- میتۆدی تێماتیك ، بابەتگەرا ، ئەحمەدی مه لا ، پاشکۆی ئەدەب و هونه ر ، کورردستانی نوێ ، ژماره (٥٨٥٢) ، ساڵی بیست و یه که م ، پێنجشەمه ٢٠١٢/٨/٩

## نامه ئەکادیمییەکان:


- لێکۆڵینەوە ی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا (١٩٧٠-١٩٨٠) ، ئیبراهیم قادر محە مە د ، تێزی دکتۆرا ، زانکۆی سەلاحە دین /هەولێر , ١٩٩٧
- پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ساڵی(١٩٩٥-٢٠٠٥) ، بوشرا قادر کاکە محە مە د ، نامە ی ماجستیر ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠١١
- شێواز لە کورتە چیرۆکی نوێ ی کوردی دا ساڵانی نێوان (١٩٨٠-١٩٩٠) ، سەلیم رەشید ساڵح ، نامە ی ماجستیر ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠١
- کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٠-١٩٧٩) ، ئازاد محە مە د سە عید ، نامە ی ماجستیر ، زانکۆی کۆیە ، ٢٠٠٨
- نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٧٠ — ٢٠٠٠) ، حەیات سەعید عەبدولکەریم ، نامەی ماجستیر ، هەولێر ، ٢٠٠٥


## * بە زمانی عەرەبی:

### ▪ کتێبەکان


- الادب و بناء الانسان ، د.علي الحديدي ، مطبعة دار الكتب /بيروت — لبنان ، ١٩٧٣
- الأدب عند رولان بارت ، فانسان جوف ، ترجمة : عبدالرحمن بوعلى ، دار الحوار ، اللاذ قية ، ٢٠٠٤
- الايديولوجيا العربية المعاصرة ، العروبي ، المركز الثقافي العربي ، دارالبيضاء ، ١٩٩٥
- البناء الفني في الرواية العربية في العراق ، د. شجاع مسلم العاني ، دار الشؤون الثقافية العامة ، ط٢ ، بغداد ، ٢٠٠٠
- الراوي و تقنيات القص الفني ١٩٣٣-١٩٩٧ ، عزة عبداللطيف عامر ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، ٢٠١٠
- القصة القصيرة ، د.طاهر احمد المكي ، دراسة والمختارات ، دار المعارف ، ط٦ ، ١٩٩٩
- القصة القصيرة السورية ونقدها في القرن العشرين ، جاسم الحسين ، اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠١
- القصة العربية القديمة ، محمد مفيد الشوباشى ، دار القلم بالقاهرة ، أول ابريل ١٩٦٤
- القصة القصيرة، النظرية والتقنية، انريك اندرسون إمبرت ، ترجمة: علي ابراهيم منوفي ، المجلس اللأعلى للثقافة والنشر،مصر،٢٠٠٠
- القصة القصيرة في سورية ، حسام الخطيب ، منشورات دارعلاءالدين ، دمشق ، ١٩٩٨
- المعجم الادبي ، جبور عبدالنور ، دار العلم الملايين ، بيروت ، ١٩٧٩
- الموسوعة العربية العالمية ، مجموعة مؤلفين ، مؤسسة الأعمال الموسوعة للنشر والتوزيع ، ط٢ ، الرياض ، ١٩٩٩
- النقد الأدبي الحديث أصوله واتجاهات روادة ، محمد زغلول سلام ، دار المعارف ، الأسكندرية ، ب. ت
- النقدالتطبيقي التحليلي ، د.عدنان خالد عبدالله ، ط١ ، بغداد ، ١٩٨٦

- الواقعية في الأدب الكردي ، الدكتور عزالدين مصطفى رسول ، دار المكتبة العصرية منشورات ، صيدا ،بيروت ، ١٩٦٦
- تقنيات الكتابة في فن القصة والرواية ، مجموعة من المؤلفين ، ترجمة / رعد عبدالجليل جواد ، ط٣ ، دارالحوار ، ٢٠١١
- جماليات القصة القصيرة المعاصرة ، د.مجاهد عبدالمنعم مجاهد ، دار الثقافة للنشر والتوزيع ، القاهرة ، ب ، ت
- جماليات المكان، جاستون باشلار ، ترجمة/غالب هلسا ، كتاب الاقلام ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٠
- دراسات في القصة القصيرة المصرية المعاصرة ، عبدالرحمن أبوعوف ، الهيئة المصرية العامة للكاتب ، ٢٠١١
- فن القصة القصيرة ، دكتور رشاد رشدي ، ط٣ ، مكتبة الأنجلو المصرية القاهرة ، ١٩٧٠
- فن كتابة القصة ، فؤاد قنديل ، دار المصرية اللبنانية ، ٢٠٠٨
- فن القصص ، الأستاذ محمود تيمور ، مكتبة الآداب ، القاهرة ، ب.ت
- معجم مصطلحات نقد الرواية ، لطيف زيتوني ، مكتبة لبنان ناشرون ، ٢٠٠٢
- مدخل الى نظرية القصة تحليلا و تطبيقا ، سمير المرزوقي و جميل شاكر ، بغداد ، ط دار الشؤون الثقافية العامة ، ١٩٨٦
- معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة ، د. سعيد علوش ، ط ١ ، دار الكتاب اللبناني / بيروت ، ١٩٨٥
- موسوعة العلوم و المعارف المطورة ( الآداب والفنون) ، مركز الشرق الأوسط الثقافي ، ب ، ت .
- معجم المصطلحات الأدبية ، بول آرون-دينيس سان-جاك-آلان فيالا ، ترجمة:الدكتور محمد حمود ، ب ، ت .
- نظرية الأدب ، أوستن وارين ، ترجمة :محى الدين صبحي ، المجلس الأعلى لرعاية الفنون والأدب ، دمشق ، ١٩٧٢

## گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

- الأستهلال الروائي – ديناميكية البدايات في النص الروائي ، ياسين النصير ، مجلة الأقلام العراقية ، العددان ١١- ١٢ ، ١٩٨٦
- السيميوطيقا و العنونة ، د. جميل حمداوي ، مجلة عالم الفكر ، تصدر عن المجلس الوطني الكويتي للثقافة والفنون والاداب ، المجلد (٢٥) ، العدد(٣) ، ١٩٩٧
- حول القصة القصيرة ، موسى كردي ، مجلة الكلمة ، عدد الأول ، ١٩٦٧
- مجلة الجيب ، للحقيقة.. والفن والحياة ، العدد الرابع ، ايلول –سبتمبر ، بيروت ، ١٩٦٨
- ملامح الادب الفلسفي في النثر ، فائز طه عمر ، مجلة اداب المستنصرية ، عدد ٣ ، ١٩٨٦ .

## نامەی ئەکادیمی :

- التكنيك والموضوعات الدالة بين القصة النكليزية والعربية والكردية القصيرة ، نيان نوشيروان فؤاد ، جامعة صلاح الدين ، رسالة ماجستير ، ١٩٩٥
- القصة القصيرة المعاصرة في اليمن ، دراسة فنية وموضوعية ، علي غانم أسعد حسن ، رسالة ماجستير ، معهد البحوث والدراسات العربية ، ١٩٩٩
- القصة القصيرة في الخليج العربي ، نشأتها...وتطورها ، دراسة نقدية تحليلية ، ابراهيم عبدالله غلوم حسين ، رسالة ماجستير ، معهد البحوث والدراسات العربية ، ١٩٧٨
- حركة نقد القصة القصيرة في العراق ١٩٦٨-١٩٨٠ ، حمزة فاضل يوسف ، جامعة صلاح الدين ، رسالة ماجستير ، ١٩٨٨

## * به زمانی ئینگلیزی:

- J.A.Cuddon. A Dictionary of Literary Terms revised edition Great Britain by Andre Deutsch Ltd ،١٩٧٩

- J.A.Cuddon , A Dictionary of Literary Terms , Published Penguin Books , New York , ٢٠٠١

- Modern Novels , Alex and Robert Hill .

## * به زمانی فارسی:

- فرهنط اصطلاحات ادبی ، سیماداد ، چاپ چهارم ، انتشارات مرواريد ، تهران ، ٢٠٠٨

## * ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:

- الاستهلال الروائي، د. جميل حمداوى ، المغرب http://www.arabicnadwah.com/articles/istihlal-hamadaoui.htm

- ادغار ألن بو وإشكالية الزمن ، ساجد محمد رضا http://www.alnoor.se/article.asp?id=١٥١٢٣٦

- http://www.alfaseeh.com/vb/showthread.php?t=٥٥٥٣٣

- http://classiclit.about.com/od/Theme-Elements/g/Theme.htm

- الأدب والفنون / الحوار المتمدن – العدد ٢٢٦٧ http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=١٣٢٩٦٢

- دراسة عن القصة القصيرة في ليبيا ، الناقد المغربي محمد معتصم
http://www.ajdabya.com/modules.php?name=News&file=article

- http://www.brooonzyah.net/Vb/t٩٢١٩.html

- http://classics.mit.edu/Aristotle/poetics.٢,٢html#٣٢١

- http://www٢.cnr.edu/home/bmcmanus/poetics.html

- منبر حر للثقافة والفكر والأدب /الرواية العربية نشأتها وتطورها
http://www.diwanalarab.com/spip.php?anicle٢٢١٤٤

- الرواية العربية نشأتها وتطورها ، ياسر حسينى ، منبر حر للثقافة والفكر والأدب
http://www.diwanalarab.com/spip.php?anicle٢٢١٤٤

- صورة العنوان في الرواية العربية ، د. جميل حمداوى http://www.doroob.com/archives/?p=١٠٠٣٠
- حسێن جەلیل، شەرم- لێکدانەوەیەکی سایکۆلۆژییانە http://derunnasy.com/babeti_tir/babeti-jimare٣٧٨٠.html
- http://www.eho.com/how_٢٠٦٣٧٤٦_identify-short-story-theme.html
- http://en.wikipedia.org/wiki/Theme_%٢٨literature%٢٩
http://en.wikipedia.org/wiki/Theme_(narrative)
- http://www.forgottendelight.com/essay/Annotated%٢٠Art/٠١ Oedipus sphinx.htm
- http://fictionwriting.about.com/od/glossary/g/theme.htm
- http://grammar.about.com/od/tz/g/themeterm.htm
- القصة القصيرة / الأزمنة ، نجاح سراج ، مجلة القصب ، العدد (١٢) ، ١٩٩٨
http://www.ikhwan.net/wiki/index.php/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩
- تعريف القصه وأنواعها وعناصرها http://www.johina.net/Vb/showthread.php?t=٣٨٠٢٦
- القصة القصيرة : تعريفها و خصائصها و عناصرها ، http://laghtiri١٩٦٥.jeeran.com/archive/٢٠٠٨/٨/٦٥٢٥٢٠.htm
عبدالعزيز عبدالحميد
- http://www.learner.org/interactives/literature/read/theme١.html
- رسالة جامعية عن القصة القصيرة جدا /نسرين كاظمزادة / طهران http://mahmoudshukair.com
- الزمان والمكان في القصة القصيرة http://www.mnab٣.com/vb/showthread.php?t=١٨٦١١
- كاتبات القصة في الموصل , بقلم الأستاذ الدكتور عمر محمد http://www.omaraltaleb.com/maqalat/katibat/index.htm
الطالب
- http://www.١٤october.com/news.aspx?newsno=١٤٠٩٨٣
نجيب محفوظ والقصة القصيرة , محمد عبيدالله عبيدالله http://obaidallah.maktoobblog.com/٧١/%D٩%٨٦%D٨%AC
- http://www.omaraltaleb.com/maqalat/٠٨raqaiz/index.htm
ركائز القصة القصيرة في الموصل , بقلم الأستاذ الدكتور عمر محمد الطالب ,موصليات ,عدد٢٨ ,تشرين الثاني , ٢٠٠٩
- http://www.shakwmakw.com/Vb/showthread.php?t=٢٧٤٢٦٥
- السمات الاسلوبية في قصص محمد سهيل أحمد، كريم ناصر http://shehryar.com/ar/node_٢١١٠/node_٥٢٨٧
- صنعة كتابة الرواية / دايانا دا وبتفاير / الثيمة / http://www.sulaimanalfahd.bravehost.com/٢٩.html
- http://translate.Google.iq
- http://Wiki.answers.com/Q/what-is-the-theme-of-a-story
- http://www.wikipedia.org/wiki

# ملخص البحث

تمثل هذه الدراسة محاولة علمية وأكاديمية للتعرف على أهم الجوانب التي تشكل بنية القصة القصيرة، ألا وهي الثيم . وتتم دراسة هذا الجانب من الناحية النظرية والتطبيقية على السواء ، والموضوع يحمل معنى واحدا في المعتاد، ولكننا نتناوله من عدة مناظير مختلفة كما ورد في الأدب العربي والفارسي والكردي. فنحن بصدد استخدام مصطلحات مختلفة أغلبها يستخدم كمرادف لكلمة " موضوع أو فكرة " ، وعلى الرغم من وجود اختلافات فيما بين هذه في تعابيرهم إلا أنها تحتفظ بمعنى واحد، مما يدل على جوهر العمل الذي يحمل الفكرة التي تبدو في القصص القصيرة كلما تعلق الأمر بالأسلوب ، وفي هذه الرسالة فإننا نتطرق الى حصرها ما بين الأعوام ١٩٩١-٢٠٠٠ نرى في الثيمات الشائعة خلال عقد واحد التي تشمل مضامين القصص القصيرة في جنوب كردستان .

علما بأن القصة القصيرة لم تتطور ابدا في المجتمعات التي تعاني من الركود و الجمود ، لأن هذه النوعية من المجتمعات لا تحتوى على موضوعات جادة أو أحداث هامة يمكن عرضها على القارئ والمتلقى من خلال المجلات والصحف ، فبعد الأنتفاضة اصبح مجتمعنا أكثر نشاطاً و حيوية، والأفراد الذين كانوا يعيشون حياة مليئة بالمعاناة والالام اصبحت تستحق انتباه الكاتب و أكثر جذباً لأفكاره واصبحوا هم شخوص القصة القصيرة ، وعلى هذا فإن النصوص يجب أن تكون مفتوحة وأن تكون ذات مدلول عميق لفهم اللغة ، ومن اجل ذلك أن (دلالات) النص تكون لها (مدلولات)مختلفة في مضامينها. وقد نجح كتاب القصة القصيرة الى حد ما في الحفاظ على هذا النوع من الكتابة فحاولوا توفير عدد من الأحتمالات للقارئ ، للوصول الى (الثيم) و سبر غورها .

ولقد واجه الباحث العديد من الصعوبات والمسئوليات عند دراسة النصوص الجديدة لاسيما أنه تناول دراسة القصة القصيرة خاصة في زمن ما بعد الأنتفاضة ، بمعنى أن القصص التي كتبت ما بعد الأنتفاضة كان الشعب هم شخوص القصة القصيرة حين ألفها بعض الكتاب الذين كانوا يتمتعون بقدر كبير من عمق الفكر وسعة الإدراك ، ولم يتم استيعاب القصص القصيرة بسهولة التي وردت بالنصوص الجديدة لأنها لا تقوم على ثيمة واحده ، فهناك العديد من الأفكار الصغيرة الأخرى الموازية لها تسير في فلك الثيمة الرئيسية للقصة القصيرة (Theme). وأخيرا فأن الباحث تكون لديه من المهارة ما يمكنه من التعرف على هذه الثيمات وبالتالي بإمكانه إلقاء الضوء على أهميتها.

وكما ذكرنا سابقاً، فقد كان عمل البحث دراسة عنصر (الثيم)، غير أننا أيضاً قمنا بدراسة العناصر الأخرى لبنية القصة القصيرة وما تؤثر فيه وتتأثر به.

## يتكون البحث من ثلاثة أبواب:

الباب الأول: مقدمة حول مفهوم (الثيم)

وفي هذا الباب قمنا بدراسة مفهوم (الثيم) ومرادفاته باللغة الكردية ثم ذكرنا علاقته بالعديد من الموضوعات الهامة الأخرى مثل (الفكرة- الحبكة ، ...)، ومستويات المواضيع وفقاً لتعدد أنواعه.

كما حاول الباحث من خلال الصورة أن يتحدث عن جانب آخر للثيم ألا وهو دراسة العناصر الأخرى لبنية القصة القصيرة و بما (تؤثر فيه وتتأثر به). ثم يشرح الباحث الجذور التاريخية للمصطلح في مجالي (السرد والقصة) مستشهداً بوجهات نظر كلا من أرسطو وأفلاطون. كما تحدث أيضاً عن (الثيم) في الأدب الأوروبي والعربي والكردي.

الباب الثاني: في هذا الباب ينصب التركيز على الجوانب النظرية والتطبيقية للنصوص التي أطلقنا عليها (علاقات الثيم بأساليب وأجناس القصة القصيرة).

وثمة محاولة لإعطاء مزيد من الأهمية للثيم و تأثيره وابرازه على العناصر الأخرى (العنوان، البداية، الشخصية، المكان، الزمان)، و تحليل كل من هذه العناصر مع الثيم على حدة وعلاقته بها.

الباب الثالث: عنوان هذا الباب هو (فن السرد وأنواع الثيم) هنا حيث يتناول موقع الراوى و وجهة نظره و مستويات السرد ثم يتطرق البحث لأنواع الثيم التي تحتوي عليها القصة الكردية القصيرة في فترة التسعينات وذلك في جنوب كردستان في أعقاب الأنتفاضة.

# ABSTRACT

This study is both a scientific and academic attempt to identify an important aspect in the structure of the short story, which is the (theme). This is studied both (theoretically) and (practically). Theme has generally one meaning, but we have presented different approaches to it in the Arabic, Persian and Kurdish literature. We encounter the use of different terms which are used mostly as a synonym for (object) or (idea). Although there are differences in these expressions, yet they retain one (meaning) which is an evidence of the essence of a work which holds an idea which appears in short stories each time in a style. In this essay we study the popular (theme) in the contains of the short stories of south of Kurdistan in the decade of ١٩٩١-٢٠٠٠.

Short stories never develop in stopped and inactive societies, because in these kind of societies no important events and anecdotes to be presented to the reader through magazines and newspapers. After the uprising the society became active. Individuals who lead a life full of suffering became worthy of the attention of the writer. Therefore (texts) should be open and hold a deep and close attention to the language as it holds different (signifiers) and (signified) in it. The short story writers have succeeded to preserve this and some of them have tried to create a number of possibilities for the reader to reach the (theme).

The researchers have come under much difficulties and responsibilities in studying these new (texts), especially as we have worked of short stories in the time of after the uprising era. That is, the stories written in a time when people have upraised, written by writers of deep thinking and a wide perception. The stories of these new texts are not easily perceived because they have no (principal theme). Many parallel motives run alongside the theme of the short story. A clever researcher can identify these motives and can show their importance. As we mentioned before, we have worked on theme, but we have also worked on practically other aspects of the structure of short stories and their affect and the affected areas.

The research consists of three sections:

Section one: an introduction to theme: In this section we have studied the concept of ( theme) and its synonyms in Kurdish language. then we have mentioned its relations with other important subjects, like( motive, plot, ..) and the levels of theme with its types. Also the researcher tried within an image to talk about the aspect of ( positivity and passivity) of theme. Then the researcher explains the historical roots of the term in narration and story, mentioning Aristotle and Plato views. Also we have talked about theme in European, Arabic and Kurdish literature.

Section two: In this section the focus is on the theoretical and practical aspects of the texts which we titled it ( Theme relations with short story styles and genres ).There is an attempt to give more importance to theme in comparison with other elements ( title, beginning, character, place, time) by explaining all these elements.

Section three: The title of this section is ( The art of narration and types of theme).it deals with the point of view of the narrator and the levels of narration, then the types of themes and topics of the ٩٠s Kurdish short stories in the southern Kurdistan after the uprising.

# پاشکۆ

## پاشكۆی ئەو كورتە چیرۆكانەی لە توێژینەوەكەدا بەكارهاتوون :


١- خۆراگرتن یان : مردوو خۆرەكان ، برهان قانع ، چ١ ،١٩٨٤
٢- ئەو باڵندە فڕیوانەی كە زبڵن ، جەبار جەمال غەریب ، ڕۆمان ، ٢٠١١
٣- مدیربەگ ، محمد شاكرفەتاح ، گۆڤاری گەلاوێژ ، ژ(١٠) ، ساڵی(٤) تشرینی یەكەم ١٩٤٣
٤- خازێ ، ب (ئیبراهیم ئەحمەد) ، گۆڤاری گەلاوێژ ، ژ(٨) ، ساڵی (٥) ئاب ١٩٤٤
٥- كوێرەوەری ، ه.ل.ب (ئیبراهیم ئەحمەد) ، گۆڤاری گەلاوێژ ، ژ (٤) ،ساڵی(٦)، نیسانی ١٩٤٥

٦- تایێ بە ڕوییێ ، جلال مصطفی ، گۆڤاری نووسەری كورد ،ژ( ٧) (٨) ، خولی سییەم ،١٩٩١
٧- خۆتافیركرن ، فاضل عمر ، گۆڤاری نووسەری كورد ،ژ( ٧) (٨) ، خولی سییەم ،١٩٩١
٨- پەیژە ، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی ، گۆڤاری نووسەری كورد ،ژ( ٧) (٨) ، خولی سییەم ،١٩٩١
٩- سەماكەرەكان ، حسام حەكیم ، گۆڤاری بەیان ، ژ (١٦٨) ساڵی ١٩٩٢
١٠- دایكە ویز ، جەمال نوری ،گۆڤاری نووسەری كورد ،ژ(١) (٢) ،خولی سیێ یەم ، حوزەیرانی ،١٩٩٢
١١- دوو كۆتر ، محمد سلێم سواری ، گۆڤاری بەیان ، ژ(١٦٩) ی سالی ١٩٩٢
١٢- دەرزا دلی ، جمال برواری ، گۆڤاری بەیان ژ(١٧١) ی سالی ١٩٩٣
١٣- بەرپەرەكێ دی ژ ژیانا من ، شعبان مزیری ، گۆڤاری بەیان ژ(١٧٠) ی سالی ١٩٩٣
١٤- تەڵەی خەون ، احلام منصور ، گۆڤاری بەیان ژ ١٧٥ ، ساڵی ١٩٩٥
١٥- خۆشەویستی و ڕاستیەك ، ئازاد هیدایەت حەسەن ، گۆڤاری بەیان ژ(١٧٦) ی سالی ١٩٩٥
١٦- سەعەت، انور محمد طاهر، كۆمەڵە چیرۆكی (پێكۆلەك بو دانانا پانۆرامایەكێ بۆ جارا رۆژ غەیری)، دهوك،١٩٩٦
١٧- وەلاتێ نێرگزا ، اسماعیل مصطفی ، لە كۆمەڵە چیرۆكی ( هیڤیێین هەلاویستی ) ، ١٩٩٦
١٨- كولە زەرد ، ڕەفیق محەمەد محێدین ، گۆڤاری بەیان ، ژ(١٧٨) ی سالی ١٩٩٦
١٩- زەلامەك ژ رۆژگارەك دی ، عصمت محمد بدل ، گۆڤاری پەیڤ ، ژ ١٠، ١٩٩٧
٢٠- خەونەك بو هەمی یا ، صبیح محمد حسن ، گۆڤاری پەیڤ ، ژ( ٤) ، ١٩٩٧ ، كۆڤارەكا رەوشەنبیری یە ئێكەتیا نڤیسەرێن كورد / تایێ دهوك دەردئێخیت .
٢١- لاڵ ، هۆشەنگ شێخ محەمەد ، گۆڤاری پەیڤ ، ژ ١٠ ، ١٩٩٧
٢٢- شەوێك ، كۆمەڵە چیرۆكی ( پەپوولەكانی مەرگ )، نەجیبە ئەحمەد ،چ١ ، هەولێر ، ١٩٩٨
٢٣- بەیازی گوڵفرۆشێك ، كۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام كاكەی فەلاح ، ستۆكۆڵم ، ١٩٩٨
٢٤- وڵاتم لەوێ یە! ، موەفەق دەرگەلەیی، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ(١٦٨٠)ساڵی حەوتەم، ١٩٩٨
٢٥- سەعاتی سفر ، كۆمەڵە چیرۆك ( بەیازی گوڵفرۆشێك) ، ئارام كاكەی فەلاح ، ١٩٩٨
٢٦- تارماییەكان ، ئەحمەد عارف ، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژ(١٧٠٥) ساڵی حەوتەم، ١٩٩٨
٢٧- پەشیمانی ، ئازاد هیدایەت دەلۆ ، گۆڤاری بەیان ژ(١٨١) ی سالی ١٩٩٨
٢٨- بەندەر ، رەووف بێگەرد ، كۆمەڵە چیرۆكی ( سەما ) ، ١٩٩٨ ، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ئەدەبی و ڕوناكبیریی گەلاوێژ .
٢٩- سەمفۆنیای شارێكی كپ، ١٩٩٣ نووسراوە، صەمەد ئەحمەد ، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژ(١٦٥١) ساڵی حەوتەم ، ١٩٩٨
٣٠- دیوار و هاوارەكانی خۆم ، سلێمان عەبدوڵڵا یونس ، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژ (٢٠١٠) ساڵی حەوتەم ،١٩٩٩

٣١- كۆچ ، هێرش ڕەسوڵ ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ (١٩٧٤) ساڵی هەشتەم ، ١٩٩٩
٣٢- کاتم نیە بۆ شێتی ، ئەرخەوان ، گۆڤاری ئایندە ، (٣)ی ئەیلوولی ١٩٩٩
٣٣- دوو منالّی بالّدار ، جلیل محمد شریف ، گوڤاری بەیان ، ژمارە ١٨٤ ، ١٩٩٩
٣٤- دوانامەی قەیرەیی ی فایەق ڕەحیم محەمەد ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ (٢٠١٠) ساڵی حەوتەم ، ١٩٩٩
٣٥- یاقووتی ئازار ، عەتا محمد ، گۆڤاری ئایندە ، (١)ی تەموزی ١٩٩٩.
٣٦- نامۆکە ، حسین جاف ، گۆڤاری بەیان ، ژ(١٨٥) ی سالی ٢٠٠٠
٣٧- سەربازی شەترەنج ، محەمەد کەریم ، گۆڤاری ئایندە ، ژ ١٥ ، ت . ٢ی ٢٠٠٠
٣٨- سێوەکە ، حەکیم عەبدوڵلا (کاکە وەیس)، گۆڤاری ئایندە ، ژ ٨ — ٩ ، ئازار — نیسان ، ٢٠٠٠
٣٩- وێران کردن ، صدرالدین خۆشناو ، گۆڤاری ئایندە ، ژ ١٤ ، ت . ١ی ٢٠٠٠
٤٠- دەلیا لە خەونی تاریکیدا ، ئاکۆ کەریم مەعروف ، گۆڤاری ئایندە ، ژ ١٠ ، ئایار ، ٢٠٠٠
٤١- دارشەق ، یاسین عومەر ، گۆڤاری ئایندە ،(١٢)ی تەمووزی ٢٠٠٠
٤٢- مینەش گۆڕا ، د.کاوس قەفتان، کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) سلێمانی ، چ١ ، ٢٠٠٠
٤٣- ژووری میوان ، د. کاوس قەفتان ،کۆمەڵە چیرۆکی( ژووری میوان) سلێمانی ، چ١ ٢٠٠٠
٤٤- پوستە ، جمیل محمد شێلازی ، کە لە ساڵی١٩٩٠ نووسراوە ، لە کۆمەڵە چیرۆکی (پوستە) دا چ١، ٢٠٠٤
٤٥- سیڤاندوك ، جمیل محمد شێلازی ، کە لە ساڵی١٩٩٠ نووسراوە ، لە کۆمەڵە چیرۆکی (پوستە) دا ، چ١ ،٢٠٠٤

# پێشکەشە بە :

- هەردوو مامۆستای یەکەم و دوو گەوهەری بەنرخی ژیانم (دایك و باوك)ی خۆشەویست و هەمیشە ماندوو ، کە بە تەمەنی خۆیان منیان گەیاندە ئەم ڕۆژە .

- ئەو کەسەی ژیان و تەمەنی لەگەڵ بەشکردووم و ماندووبوونەکانمی لە ئەستۆی خۆی گرتووە ( هاوسەرەکەم ).

- خوشك و برا ئازیزەکانم ، کە دڵسۆزانە هاوکارم بوون لەپێناو سەرخستنی نامەکەدا .

- هەر کەسێك کە لە خەمی مانەوەی زمان و وڵاتەکەیدا لە هەوڵدان بەردەوامە.

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس و پێزانینم بۆ :

- مامۆستای سەرپەرشتم پ.د. محەمەد دلێر أمین محمد ، کە دڵسۆزانە بە سەرنجەکانی لە خەمی بە زانستیکردنی نامەکەدا بووە و خۆی لەگەڵدا ماندوو کردووم .
- باوکی بەرێز و خۆشەویستم کە بەردەوام هاوکاری کردووم لە وەرگێڕانی سەرچاوە عەرەبییەکاندا .
- بەرێز کاک ( ئازاد بەرزنجی ) کە لە وەرگێڕانی کورتەی باسەکە بۆ زمانی ئینگلیزی بە وەفاوە هاوکاری کردووم .
- چیرۆکنووسانی بەڕێز ( جلال مصطفی ) و ( انور محمد طاهر )کە هاوکارییان کردم لە پێدانی سەرچاوە و زانیاری پێویست .
- هەموو ئەو کەسە نزیك و هاوڕێ بەڕێزانەم ، کە لە ڕابردوو و ئێستادا بەردەوام هاوکارییان کردووم لە دەستخستنی سەرچاوەدا .

# لیستی هێماکان

**<u>١- لە زمانی کوردیدا</u>**

| | |
|---|---|
| چ | چاپ |
| ژ | ژمارە |
| ل | لاپەڕە |
| و | وەرگێڕان |
| * | تێبینی |

**<u>٢- لە زمانی عەرەبیدا</u>**

| | |
|---|---|
| ب | بدون |
| ت | تأريخ |
| ص | صفحة |
| ط | طبعة |

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ | **پێشەکی** |
| ٥ | **بەشی یەکەم:** سەرەتایەك سەبارەت بە تێم |
| ٦ | پاری یەکەم : |
| | زاراوە و چەمکی تێم |
| ١٢ | تێم و مۆتیڤ |
| ١٣ | پەیوەندی تێم بە هەقایەت و فۆلکلۆرەوە |
| ١٥ | تێم و پلۆت |
| ١٩ | بوونی (تێم) لە ڕووخسار و ناوەڕۆکدا |
| ٢٣ | ئاستەکانی تێم |
| ٢٤ | جۆرەکانی تێم |
| ٢٥ | جۆرەکانی بیر (هزر) لە دەقی گێڕانەوەییدا |
| ٢٩ | تێم وەك کاریگەر و کارتێکراو لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکە لە وێنەدا |
| ٣١ | تەکنیکەکانی تێم |
| ٣٤ | پاری دووهەم : |
| | بنەڕەتی مێژوویی زاراوەکە لە هونەری گێڕانەوە و کورتە چیرۆکدا |
| ٣٦ | یەکەم / تێم لە کورتە چیرۆکی ئەورووپیدا |
| ٤٢ | دووەم / تێم لە کورتە چیرۆکی عەرەبیدا |
| ٥٠ | سێیەم / تێم لە کورتە چیرۆکی کوردیدا |
| | |
| ٥٥ | **بەشی دووهەم** : پەیوەندی تێم بە شێواز و ڕەگەزەکانی کورتە چیرۆکی کوردی |
| ٥٧ | ١- پەیوەندی تێم و (شێواز و زمان) لە کورتە چیرۆکی کوردیدا |
| ٧١ | ٢- پەیوەندی تێم و ناونیشان لە کورتە چیرۆکی کوردیدا |
| ٧٦ | جۆرەکانی ناونیشان |
| ٧٩ | ئاستەکانی ناونیشان |
| ٧٩ | ئەرکەکانی ناونیشان |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ٣- پەیوەندی تێم و دەستپێك لە کورتە چیرۆکی کوردیدا | ٨١ |
| جۆرەکانی دەستپێك | ٨٤ |
| جۆرەکانی دەستپێکی کورتە چیرۆکی کوردی قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕین | ٨٦ |
| ئەرکەکانی دەستپێك | ٩٦ |
| ٤- پەیوەندی تێم و کارەکتەر لە کورتە چیرۆکی کوردیدا | ٩٧ |
| خستنەڕووی کارەکتەر لە چەند لایەنێکەوە | ٩٩ |
| خەسڵەتەکانی کارەکتەر | ١٠٦ |
| سیفەتە جیاکەرەوەکانی کەسایەتی کارەکتەر | ١٠٩ |
| ڕۆڵ و ئەرکی کارەکتەر | ١١٠ |
| ٥- پەیوەندی تێم و (شوێن و کات) لە کورتە چیرۆکی کوردیدا | ١١٣ |
| ١- پەیوەندی تێم و شوێن لە کورتە چیرۆکدا | ١١٧ |
| ئەرکەکانی شوێن | ١٢١ |
| جۆرەکانی شوێن | ١٢٤ |
| ٢- پەیوەندی تێم و کات لە کورتە چیرۆکی کوردیدا | ١٢٧ |
| جۆرەکانی کات | ١٢٩ |
| پەیوەندی کات لەگەڵ کورتە چیرۆك | ١٣١ |
| جوڵەکانی کات و چەند تەکنیکێك | ١٣٣ |
| یەکەم : | |
| ١- گەڕانەوە بۆ دواوە | ١٣٣ |
| ٢- پێشخستن ( پێشخەری ) | ١٣٥ |
| ٣- دووبارەکردنەوە | ١٣٧ |
| ٤- دیمەن | ١٤٠ |
| دووەم : | |
| ١- کورتکردنەوە | ١٤١ |
| ٢- لێکردنەوە | ١٤٣ |
| | |
| **بەشی سێهەم :** هونەری گێڕانەوە و جۆرەکانی تێم | ١٤٦ |
| پاری یەکەم | ١٤٧ |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| شوێنی گێڕەرەوە لە نێو کورتە چیرۆکی کوردیدا : | ١٥٢ |
| ئاستەکانی گێڕانەوە | ١٥٤ |
| تەکنیکەکانی شێوازی هونەری گێڕانەوە : | ١٥٥ |
| ١- وەسف | ١٥٥ |
| ئەرکەکانی وەسف : | ١٥٨ |
| ٢- دیالۆگ | ١٥٩ |
| تەکنیکی دیالۆگ | ١٦٠ |
| جۆرەکانی دیالۆگ | ١٦٢ |
| أ- دیالۆگی ڕاستەوخۆ | ١٦٢ |
| ب- دیالۆگی ناڕاستەوخۆ | ١٦٤ |
| شێوەکانی دیالۆگ | ١٦٦ |
| أ- دیالۆگی تاك | |
| ب- دیالۆگی بە کۆمەڵ | |
| ٣- مۆنۆلۆگ | ١٦٧ |
| مۆنۆلۆگ لەلایەنی دەنگەوە | ١٦٨ |
| جۆرەکانی مۆنۆلۆگ | ١٦٩ |
| أ- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ | |
| ب- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ | |
| شێوەکانی مۆنۆلۆگ | ١٧٣ |
| أ- مۆنۆلۆگی تاك | |
| ب- مۆنۆلۆگی بە کۆمەڵ | |
| ٤- مۆنتاژ | ١٧٣ |
| جۆرەکانی مۆنتاژ | ١٧٤ |
| پاری دووهەم / تێم لە کورتە چیرۆکی کوردی قۆناغی دوای ڕاپەڕین | ١٧٨ |
| شێوەکانی تێم | ١٨٥ |
| ١- تێمی بەنێو یەکداچوو | |
| ٢- تێمی دەرکەوتە | |
| بابەت و تێمی کورتە چیرۆکی کوردی قۆناغی دەیەی دوای ڕاپەڕین لە ڕووی ناوەڕۆکەوە | ١٨٨ |
| أ- لایەنی کۆمەڵایەتی | ١٨٨ |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١٩٤ | ب- لایەنی واقیعی و نەتەوەیی |
| ٢٠١ | ج- لایەنی دەروونی |
| ٢٠٨ | ئەنجام |
| ٢١١ | سەرچاوەکان |
| ٢١٩ | پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی |
| ٢٢١ | پوختەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی |
| ٢٢٢ - ٢٢٤ | پاشکۆی کورتە چیرۆکەکان |